

۱۹۶



# ڕامان

١٩٤

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ دەزگای ڕامان دەری دەکات
خولی سێیەم/ ساڵی هەژدە/ تەمموزی ٢٠١٣

• خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین

• سەرنووسەر
ئازاد عەبدولواحید

• بەڕێوەبەری هونەری
سەرکەوت وەلی

• مۆتیف و پۆرترێت
قەرەنی جەمیل

• بەرگ
باسم ڕەسام

ناوونیشان/ هەولێر ـ ڕێگای کەرکووک ـ تەنیشت قبووڵ مەرکەزی
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 2228506 - 07504494662
(دەرەوە)/ 009647504494662
تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautwali@yahoo.com

چاپخانەی خانی/ دهۆک
نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەرۆکی ڕامان


● دەق

- لە سۆراغی «خۆم»دا/ ئیسماعیل بەرزنجی/ 3
- مەڵەکووتی من/ کەریم دەشتی/ 5
- پارادۆکسی چێژەکان/ گۆران ڕەسووڵ/ 6
- چیکا چیان/ سەرکەفت بۆتان/ 8
- مشتێک تیشکی سارد/ لە فارسییەوە: کەریم حیکمەتی/ 9
- عازیەتباری کوڕێکی بێ ناوونیشان/ تاهیر حامیدی/11
- چارەنووسی تاپۆکان/ سولەیمان عەبدولڕەحیم زادە/ 18
- دارستانی چیرۆکە ئەفسانەییەکان/ غەمگین بۆڵی/ 21
- تەنوور، ب کووڤە چوو؟/ دلۆڤان چەتۆ/ 25
- گۆڕ هەڵکەنەکان/ لە فارسییەوە: قادر عەلیخا/ 27
- مۆنۆدرامای شیوەن/ نیاز لەتیف/ 33

● هەڤپەیڤین

- هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەڵ (جەلال جۆبار)ی شاعیر/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ 37

● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە

- خوێندنەوەی درەنگ وەختی کتێبێکی گرنگ/ عەبدوڵڵا قەرەداغی/ 52
- چەند سەرنجێکی فەرهەنگی/ سەدرەدین نوورەدین ئەبووبەکر/ 64
- ئاسۆی ڕۆمان، پوختەی کتێبی (پیشەی ڕۆمان)ی کۆڵن ویلسن/ فازڵ قەرەداغی/ 72

● وتار

- ڤاسیلی نیکیتینی کوردناس (١٨٨١-١٩٦٠)/ مێهرداد ڕامیدی نیا/ 81
- یادێک لە حەقیقی شاعیر/ ئەمین گەردیگلانی/ 87

● هزر و فەلسەفە

- ئیمانۆییل کانت: چۆن زانستی سروشتی بێگەرد شیاوەکییە؟/ لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز/ 91
- ڕەخنەی بەها ئەخلاقییەکان لە فەلسەفەی نیتشەدا/ سەعید کاکی/ 103

● ئەزموون

- ئەزموونی شانۆم/ ئەحمەد سالار/ 110

● بیرەوەری

- بیرەوەرییەکانی کاروانی ژیانم/ کەریم شارەزا/ 114

● زمانزانی

- زمانی کوردی لە دەستوورەکانی عیراق و دەستووری هەرێمی کوردستاندا/ د. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو/ 120

● مێژوو

- هەولێر تاجی هەرێمی کوردستانە، مەڵبەندی کۆنترین شارستانی جیهانە/ عەباس سلێمان سمایل/ 132

● هونەر

- گەمەی دەسەڵات و دروستکردنی پاڵەوان، لە شانۆی گریکییەوە بۆ شانۆی هاوچەرخی جیهانی «ئەنتیگۆنا بە نموونە»/ ئەنوەر قادر ڕەشید/ 136
- حەیران/ وریا ئەحمەد/ 143

● خوێندنەوەی کتێب

- لەچکەکەی خەیاڵ و گێڕانەوەکانی مەهرووبی مردووشۆر/ هاشم سەڕاج/ 147

● نامە

- نامەیەکی شیعریی مستەفا پاشای یامولکی بۆ شێخ مەحموودی نەمر/ ئا: کاروان عوسمان خەیات/ 153

● نرخاندن

- ڕامان لە هاماج و ئاوازەی ڕۆشنبیریماندا/ د. سەروەر عەبدوڵڵا/ 158

● سووکە لەنگەر

- فۆلکلۆر ئاوێنەی گەلە و با بەجیهانیی بکرێت/ د. عومەر پەتی/ 160

# لە سۆراغی «خۆم»دا

ئیسماعیل بەرزنجی

چێشـتـەنگاوێـک پڕ لـە دڵـتـەنگی
لێواو لێو لـە بێزاری
تژی لـە نائومـێدی
وەکـ جاران
جارانی جوانی و خـەون و ڕاسـتی
جارانی ئومـێد و حـەز و خـۆزگە
«مـن»ی وەڕس
ویسـتم سـەردانی مـاڵە گەورەکەی
«شـیعـر» بکەم
وەکـ پێشـان
پێشـانی «نالی» و «مـەحوی»
سـەری ڕێزم دانـەواند و
دەسـتم بە سـینگی ئاوسـاوەوە گرت و
بە دەنگێکی گڕ و
بەدەم زەردەخـەنـەیەکی تـەڵخـەوە، وتم:
– سـڵاو گەورەم، خواوەندی دێرین
– سـڵاو برادەرە ئەبەدییـەکەم
– دەکرێت وەکـ نۆکەرێک ڕامبگری؟
* * *
شـیعـر
بە عـەزەمـەت و گەورەیی خۆی
لـە شـێوەی – خۆر – ێکـ
– خۆر –ی جاران
کە چەند گەش و زێڕین بوو
لـە شـێوەی – مـانگ –ێکـ
مـانگی بەرایی
کە چەند عیشـقاوی و غـەمگین بوو
لـە شێوەی هێشـووە –ترێ – یەکـ
– ترێ –ی کۆن
کە چەند خۆشـاو.. و شـەراباوی بوو
شـیعـر ئەوها خۆی نواند
قەدی دارخۆخێکی بۆ ڕاخسـتم و
فەرمووی لێکردم
* * *
بە مـاتی



بەوپەڕی حوزنەوە
بە سەری کزۆڵەوە
بەرانبەر «شیعر» دانیشتم
دەمویست پێی بڵێم:
هۆ پەیامبەرە جوانەکە
واهاتوومەتەوە خزمەتت
وەرمگرەوەو بمکە بە بەردەست
سبەینان
چیمەنی گەردەنت ئاودەدەم
نیوەڕوان
پەنجەی دەستت دەشێلم
عەسران
گەڵا وەریوەکانی بن پێت خڕ دەکەمەوە
مەغریبان
ئاشتە و ماشووقەکانت بۆ کۆ دەکەمەوە
پێش خەوتنان
لە ئاوی دەست نوێژەکەت
خۆم بیسمیل دەکەم

* * *

بەر لەوەی بدوێم
پێش ئەوەی حەرفەکان
لە گەروومدا کۆ بکەمەوە
– شیعر – دوا
چۆن دوانێک
دەتوت مووغێکی زەردەشتییە و
لە ئەشکەوتی شانەدەر هاوار دەکات
دەتوت
ماینەکەی – خانی لەپی زێڕین –ە دەحیلێنێ
دەتوت – مارف خەزنەدار –ە و
باسی مێژووی ئەدەبی کوردی دەکات
دەتوت – سەجادی –یە
ڕشتە ڕشتە
جوانییەکان دەکات بە مرواری
دەتوت – مەم –ە
لە – پایزە خەون – بە ئاگا دێت
دەتوت – هێمن –ە
دواقوم فڕ دەکات
دەتوت – کاوێساغا –یە
بۆ ڕەش ئەسمەرێک شەیدا بووە
– شیعر – ئەوها دوا
بە دەنگێک
کە لە هی فریشتان دەچوو
فەرمووی:

– دەبووایە پێشوازیت نەکەم
– دەبووایە شار بەدەرت کەم
– بڕیارم دابوو بە نەعلەتت کەم
– تۆ –
– تۆ – یەک
کە فرچکت بە پەنجەکانی منەوە گرت
– تۆ –یەک
کە مەمکی هەڵووژەکانی منت مژی
– تۆ –یەک
کە بەدەسرازەی گەڵامێوەکانی من پێچرایتەوە
– تۆ –یەک
لە لانکی قەرسیلەکانی من خەوتی
– تۆ –یەک
بە ڕەوڕەوەی ڕێواسەکانی من پێت گرت
بۆ وا سپڵە بووی
تۆ لە کوێ و
مەعاش و وەزیفە لە کوێ
تۆ لە کوێ و
دەجال و مشەخۆرەکان لە کوێ
تۆ لەکوێ و
موکافەئە و گرێبەست لە کوێ
تۆ لە کوێ و
شەوگەرد و داکەمارانەکان لە کوێ
تۆ لە کوێ و
بازرگانی بە حەرف و خیانەت لە کوێ
تۆ لە کوێ و
کورسی و عەرشی سوڵتانەکان لە کوێ

* * *

لەبەردەم گەورەیی شیعردا
سووژدەم برد
پاشە و پاش گەڕامەوە
بڕیارم دا
ببمەوە دێوانەکەی جاران
بەدوای – خۆم – دا بگەڕێم
ئەگەر دۆزیمەوە
قەسیدەیەکی جوان دەنووسم و
بۆ – شیعر –ی دەخوێنمەوە

**٢٠١٣/٥/١٩**
**هەولێر**

# مەلەکووتی من

**کەریم دەشتی**



لە ناو مەلەکووتی مندا، نە فریشتە هەیە نە شەیتان
نە نیشتنەوەی ئاو هەیە نە تۆفان
تەنها ئەوینی ئەبەدییە
کە وەک شیری مەمکی دایک
دەپرژێتە باخی زمان
لەناو مەلەکوتی مندا، ژنێ هەمیشە سەما دەکات
ڕووناکی کۆ دەکاتەوە
درەختی خۆی پێ ئاو دەدات
شەوان گۆزەی دڵم دەدزێ
سپێدان وردوخاشی دەکات
لە ناو مەلەکووتی مندا، ڕێ ڕێ مەلەکانی بادەم
دەچنەوە ماڵی کۆنشێرتۆ
ڕستەکانی ناو کتێبی تەم و فیراق
نەسلی ژەنگاوی خۆیان دەسڕنەوە
جاویدانی لە ڕۆحی مانا دەچێنن
لە ناو مەلەکووتی مندا
گیا خوناوەی بەیان بانگ دەکا
تەنهایی وەک ئاقیقی شین دەدرەوشێتەوە
لە ناومەلەکووتی مندا، یاری نێوان خودا و شەیتان
پڕە لە داشی فریودان
یەقین بۆتە شمشێری ناو دەستی گومان
ڕیئاڵ ئەسپێکی بەزیوە لە ناو ڕایسێزی تەمتوومان
لە مەلەکووتی مندا، هەموو دێڕێ مانیفێستە بۆ دڵشکان
ئەوەی بەردەوام دەبیسترێ هەر سەدایە
سەدای بێ وەڵامی ئینسان
لە ناو مەلەکووتی مندا
ئاگر و ئەوین لە شەبەیخوونی ئەبەدین
وەهەم سەرمەشق و سوارە
وەهمی گەیشتن بە لووتکە و ناخی زەمین
لە ناو مەلەکووتی مندا، میتافۆڕ سوڵتانی کەونە
تابۆ دێڕێکی کەونارە
لەناو گۆزەی سپی شیعر
لە ناو مەلەکووتی مندا
بای وا هەیە دارستانەکان ناناسێ
گەڕەک هەیە یوتوپیایە هەم دیارەو دیار نییە
لە ناو مەلەکووتی مندا
زێ هەیە لە دەریا دەچێ
مرۆڤ هەیە لە نووسینەوەی کەوندا
لە ستوونە نادیارەکانی خوا دەچێ
کچان ئاون لە شەبەقدا
گوڵەکانی مەریەم ساو دەدەن
کتێب لە کوێ دەست پێبکا
ماناکان بۆ وێ تاو دەدەن


# پارادۆکسی چێژەکان

گۆران ڕەسووڵ

بوون لەوە قورسترە
مرۆڤ بەتەنیا بچێتە ژێربارییەوە،
سەدان جار
بەدەم ڕۆیشتنەوە و
لەبەرخۆمەوە،
لەخەودا،
لە قەرەباڵغیدا،
لە توالێتدا،
ئەم قسەیەم دووبارە کردووەتەوە و
هێشتا هەر بە گۆشەگیرییەوە دەژیم.

بە خۆشحاڵییەکی ناچاریانەوە
دەستم خستە سەر شانی بێهوودەیی و
وێنەیەکم لەگەڵ گرت
لە چوارچێوەی تەنیاییدا دامنا و
لە ژوورەکەم هەڵمواسی
ژوورێک کە بۆنی وەڕسیی پیاوێک خنکاندوویەتی
ژوورێک بێزار، لە بێزاری پیاوێک
کە ئێواران
لە باوەشی سۆزانییەک بۆنی ماچی دەگرت
ئێستا
لە کەلێنی کتێبەکاندا بۆنی کاغەزی لێ دەچۆڕێ
لە بێ تاقەتی ژوورەکەم
بەدەست ئەم هەموو پەڕە بڵاوانە، بێ تاقەتترم
دەچمە بالکۆنەکە
ڕەنگە ژوانم لەگەڵ سۆزانییەکدا هەبێ و
لە چاوەڕوانی ئەودا سەیری دوورترین مەودا بکەم
سۆزانییەک
کە هیچ لە زمانی خۆخێک تێناگا
کە ئازاری گەنیوبوون دەگێڕێتەوە،
سۆزانییەک
کە هیچ سەرسام نابێت
بەو کتێبانەی کە بەبێ باڵ لە ژوورەکەمدا دەفڕن،

پێکەنینی دێت کاتێک من بەوپەڕی تاسەوە



شیعرێکی مەحوی بۆ دەخوێنمەوە،
ناوچەوانی دێنێتەوەیەک
کە دەبینێ سەرم دەخەمە ناو دوو پەڕی ڕۆژنامەیەکەوە
سۆزانییەک
لەوکاتەی دێمە سەر
باسی دەستۆیڤسکی، کامو، بیکێت
ئەو خۆی بە بازنەکانی دەستییەوە خەریک دەکا

لەگەڵ ئەم هەموو نەگبەتیانەشەوە
کە دێت
ژوورەکەم گوێی لە زایەڵەی قاقای خۆی دەبێتەوە
دەرگاکان دەکەونە سەر پشت
هەموو شتە بڵاوەکانی ژوورەکەم دەچنەوە جێگای خۆیان
ئەوانیش وەک من دەزانن
کە تۆ
کچێکی لە موزیک
مۆزارت سەراسیمە لە تۆنی دەنگت و
بیتهۆڤنیش دەیەوێ
لە سیمفۆنیای هەناسەکانت پیانۆکەی بژەنێ
تۆ کچی پەلکەزێڕینەی
بیکاسۆ، ڤان کوخ، لیۆناردۆ لەتۆوە ڕەنگ وەردەگرن

گەر زەوی بیەوێ کەمێ پشووبدات
دەبێ نازەکانی تۆ بخوێنێتەوە
گوناهەکان گەر بیانەوێ خۆیان بشۆن
پێویستیان بە فرمێسکی تۆ هەیە
ژوورەکەم گەر بیەوێ لە بۆگەنەکەی ڕزگاری ببێ
دەبێ کەمێ هەناسەی تۆ هەڵمژێ

هێندە سەیری خۆت مەکە
چاوەڕوانی چی لە ئاوێنە دەکەی!
ئاوێنە سەرمەست و واق وڕماوە لە جوانیت
ئەوەندە بزە بەسەر شتەکاندا مەبەشەوە
ژوورەکەم خەریکە بکەوێتە هەڵەکەسەما


شیزۆفرینیا من و کتێبەکانمی گرتۆتەوە
لە قاقای پێکەنیندام قوڕگم پڕدەبێ لە گریان
لەنێوان سێکس و تەنیاییدا
هیچ هەڵدەبژێرم.

ئۆرگازمەکانیشمان تێرمان ناکەن
دەبێ فرۆیدیانە چێژ لە سێکس وەرگرین و
سەرلەنوێ لە کۆتاییەوە دەست پێ بکەینەوە.

بگەڕێینەوە چەقی گۆشەگیری و
لەناوەوەی خۆماندا
ژیان و
مەرگ و
ئەوین و
مرۆڤ و
ئایین و
دۆزەخ دروست بکەین.

# چیکا چیان

**سەرکەفت بۆتان**
**(ستەوریٚ )**



دەلالیٚ
زانم سەدەم سەرساریا سالانە
بەریٚ زاینان ئاوقین
ل بەر بانگا ژیانیٚ
پیچیٚن پیٚڤەژۆیان دزین
شیر ژ عەلبکیٚن گوهانان...
دەم خرفین د هیٚلەکانان دە
هیٚلینیٚن ژ بسکیٚن سپی
بیٚری ل بەیاران عنگرین
نالیٚن هەسپان قورمین
کەن قورفین
ژ قورفاندنا
کا
گەشتیا عەشقیٚ
ل کو ما ..
ویٚ چاوا بە
ژ بوونا خوەدیٚ
لال مانە پتکیٚن دەمیٚ
تەڤ غەیدین
ناکن قغ قغ
نابشرن
ب پیٚسیریٚن دایکیٚن خوە رە..
هەی!
دەلالیٚ
چیکا با هات
گەرما تەباخیٚ وەشاند
هەست د نەوالان دە مشت بوون
لیٚمشتیٚن ستیٚرکیٚن ڕژاندی
د بەستا دلان رە حەرکین...
نایێ بیران چەند پایزن
بیرانین ب خۆشە خۆشن
ب خوە رە برنە لەیلانا
کەزەبا چۆلان دوەشن...

هەر ئیٚڤار گۆڤەند دگرتن
هەست دبوون شتلیٚن گولان
ڕەقسیٚن سەرمەست ڤەدخوارن
تین ددا کوورا دلان
دەست ددان دەستی ستەرکان
سەری چیچکان چک دبوون چیکا چیان..
هەی..!

**ئەڤ هەلبەستە ژ پەرتووکا [زۆ(ما)فەر] ڕووپەلیٚن (١١-١٢) هاتیە وەرگرتن، کو ل سالا (٢٠٠٣)یٚ ل ستەنبۆلیٚ هاتبوو چاپ و بەلاڤکرن. هەژی گۆتنیٚیە کو بیٚژین سەرکەفت بۆتان ل سالا ١٩٥٧ ل گوندیٚ (بارمان)یٚ یا سەر ب (ستەوریٚ)ڤە ژدایکبوویە و زۆربەی شعریٚن خوە ل کۆڤار و ڕۆژنامەیان دە بەلاڤ دکەت.**
**«ڕامان»**

# مشتێک تیشکی سارد


زیا موەحید
لە فارسییەوە: کەریم حیکمەتی
(بۆکان)

ئەی مشتێ لە ڕووناکی سارد،
کازیوە نزیکە
لە کانیاوێ بەرز بەوە
بەیان هەر نەمامێکمان چەند
زەردەپەڕ لە ڕیشەی هەڵکەند
هەمیسانیش
هەر کارە دەمێنێتەوە
وەکو هەموان
وەک هەمیشە، بەرز بەوە
تاوی بە بەزەی کەونارا
فرمێسکی شەو
لە گۆناکان دەسڕێتەوە

### ئەم گەمییە شکاوەی بەستێن

ئەم گەمییە شکاوەی بەستێن،
ڕۆژگارێ بووکی زەریا بوو
سەرخۆشی گوڕەی تلیلیلانی شەپۆلان
ڕازاوە بە خشڵی سەوزی بڵقی سەرئاو
کەوا، هەورە ئاوسەکان
دەفرەکانی ئەویان،
لەئاوی شیرین پڕدەکرد
بای لاساریش
ئەویان بەرەو
گەنجە شاردراوەکان و
دوورگەکانی ئاڵتوون دەبرد

گەرچی لای من
ئەم گەمییە شکاوەی بەستێن
هەرگیز بووکی زەریا نەبووە
بەڵام کاتێ،
گشت گەمییەوانە پیرەکان
لەبن لچیانەوە دەڵێن:
ئەم گەمییە شکاوەی بەستێن
زەمانێ بووکی زەریا بوو
چ ناگوترێ



### سەرەتای ڕۆژ

کەڵەشێر،
دەنگ  دەنگ
ئەستێرەکانی چنییەوە
درەختی توو،
لە نێوان چۆلەکەکانا بزر بوو
لە هێلانەی سەر نووچکی کاژ
بە پارێزەوە،
قاڵاو جووڵەیەکی کرد و
بە سەر بەرزایی شاری نووستوودا فڕی
زەردە پشکووت
شنەبایەک،
لە قووڵایی دنیاوە هەڵیکرد.

### شین

گوڵاڵەسوورە شین ڕوا
گۆرانی سیسرک شینە
مانگی ئەمشەو شین دەدرەوشێ
هەموو شوێنێک خووساو بە شین
ئەتۆ ئەی لە هەرلا، هەر شین،
مەگەر لە زەریاوە هاتووی؟

### لە سەرەتادا وشە بوو

بۆ من، کە ماتی مەرهەمە
وتە چییە
گەر چارشێوی، ڕوونی سەر زامی ڕووت نییە؟
لەم دۆزەخە پڕ وشەدا
درەنگ زانیم
بەهەشتی من بێدەنگییە

### تاسە

تۆ چاوت لەو پشیلە بێ
چلۆن هێدی،
لە سەر ئەو سەکۆیە هەستا و
دیسان ئارام،
لەم سەر سەکۆیە نووستەوە
ئاخ، دڵەڕاوکێ،
هەموو تەمەنی لستەوە

### بزر

عەترە ونبووەکان هەڵدەمژم
لە مندا باڵندەی بێ پەل
هەڵدەفڕن و
بن ئەم دارە،
تەنراوی گەڵای ئەو گوڵانەیە
کە، بایەکان وەراندوونی..

**زیا موەحید شاعیرێکی فارسی بێژی ئێرانییە و ساڵی ١٣٢١ی کوچی هەتاوی لە دایک بووە. لە دەیەی ١٣٤٠وە تا ئێستا لە بوارەکانی شیعر و فەلسەفە و ڕەخنەدا بە شێوەیەکی بەرچاو بەردەوام بووە. شیعرەکانی خاوەن وێنەی ڕێکوپێک و پێکهاتەی یەکگرتوو و تەنزی نەرمونیان و شێوە بەیانێکن کە هەردەم لە خزمەت ناوەڕۆکێکدان و خوێنەر بۆ دووبارە و چەندبارە خوێندنەوەی خۆی بانگێشت دەکەن. زمانی شیعری زیا موەحید زمانی سروشتی سەردەمە و لە گەمەی دەستکرد و ڕواڵەتی خۆ دەبوێرێ. لەکێش بەپێی پێداویستی وتە، بەشێوەی نیمایی و ئازاد، یان تێکەڵێک لەم دووانە سوود وەردەگرێ.**
**شیعرەکانی بە ڕواڵەت ئارام و ساکارن، بەڵام لە ناوەڕۆکدا چەند توێی و یاخین و بە گوتەی خۆی؛ پشکۆی بن خۆڵەمێشن.**
**شیعرەکانی تا ئەمڕۆ بۆ چەند زمانی زیندووی دنیا وەک: ئینگلیزی، ئەڵمانی، سوێدی، هۆڵەندی و عەرەبی تەرجەمە کراون و لە گۆڤارە بەناوبانگەکاندا بڵاوبوونەتەوە. منیش بۆ ناساندنی ئەم شاعیرە فارسە چەند نموونەیەکم لە شیعرەکانی هەڵبژاردووە و کردوومن بە کوردی.**

**سەرچاوە:**
**مشتی نور سرد و نردبان اندر بیابان از ضیا موحد، انتشارات نیلوفر.**



# عازیەتباری کوڕێکی بێ ناوونیشان

**تاهیر حامیدی**
**(سەقز)**

دایکی پێی کوتبوو نابێ هێندە بە نینۆک چێوەخرتێی زیپکەکانی سەروچاوت بدەی ئەینا جێی چنگەکانت هەتا داهاتوویەکی دووریش لەسەر ڕوومەتە بێ خەوشەکانت دەمێنێتەوە و ناحەزت دەکا؛ بەڵام ئەم، سەرەتێکی وەبیر نەدەهاتەوە، تەنانەت بیری لە جوانی و ناشیرینی خۆی کردبێتەوە و گاهەیە بە دەگمەنیش خۆی لە ئاوێنەدا بینیبێ. ئەم زیاتر لە نێو ئەو خشتە کاڵ و نەبرژاوانەی چینی دیوارە سواخ نەدراوەکانی شارۆچکە لاڕێکەی خۆی دەستێکی بە کاکۆڵە سووربا‌وەکانی خۆیدا دێنا و لۆچی پاتۆڵە ناوفەک شۆڕ و دەلنگ کورتەکەی بەسەر ناوقەدە شووش و باریکەکەیدا دابەش دەکرد. هەرەس هێنانی ئەو دیوارە بە خشت هەڵچندراوانەی وا دایکی، خەون و خولیا و ڕواڵەتی ئەمیشی لە نێویاندا لە سیقاڵدراوترین ئاوێنەکانی دنیا گەش و ڕوونتر دەبینی، لەگەڵ کۆچی ئەو بۆ خوێندن لە بەرینترین شاری باوەشی ئەو سنوورەی وا شارۆچکەکەی ئەمیشی لە ئامێز گرتبوو، گرێ درا.

سەرقاڵی مانگەکانی سەرەتای نیشتەجێ بوون لەوێی ببووە چوون و گەڕانەوە و هەنگاوبژێر کردنی شەقامە کورت مەوداکەی نێوان زانکۆ و خەوگە. هاتوچۆ بە نێو چینی ئۆتۆمبیلە سەرلەدووی یەک ناوە مان گرتووەکان چاوە خومار و کزەکانی ئاواڵەتر و پانتایی ڕوانینیانی بەرینتر دەکرد. بە شانەچرکێ خۆی بەنێو چین و لۆی هەناسە قورقوشماوییەکاندا دەکرد و ئەگەر قومێک فێنکایی لە ڕەهەندی نسرمی دالانەکەی زانکۆی وەگیر دەهات، وای دەزانی سەرکەوتنێکی سەربەرزانەی وەگیر کەوتووە. لە سەرەتادا زیاتر لە هەموو شوێنێک خۆی دەکوتا بۆ نهۆمی ژێرەوەی ڕیزە پێپلیکانەکان و هەڵچڕینی کتێبێک، نووسراوەیەک، لەتکە کاغەزێک، یان ورد بوونەوە لە پێنووسێکی کردبووە ئاکاری هاوڕێی تەنیاییەکان. زۆری خایاند هەتا وەک سەرجەمی خوێندکارەکانی دیکە لە بەرەچاودا و بە لێشاو و ئارخەیانی لەوەی کەس نییە بە بۆڵە و ورتەیەک لە بەستە جگەرەکەی هەڵڕوانێ و وردە بۆڵەییەک

دایچڵەکێنێ، سەرکۆنەیەک بکرێ، یان لۆمە و تف و لەحنەتێکی ئاوقە ببێ؛ بە دزییەوە و تاقە خۆی، ساکەکەی شانی بە ڕێکوپێکی لە سەر ڕان دادەنا و بە متمانەی چۆڵوهۆڵی هۆدەکە، جگەرەیەکی دادەگیرساند و بە نیانی دووکەڵە خەستە دەمکێش کراوەکەی ساغ و سەلیم و بێ هەڵەویشتن بۆ قاری سیپەلاکە سوورخونەکانی، حەوا دەدایە دەرەوە. نیگای چاوە دایمە نزمەکانی حەوا کەوتن و زیت و زەقتر لە جاران بەرەو ژوور هەڵدەکشان و پێدەچوو تازە بەینێک بووبێ بە زۆریش بێ شانە لاوازەکانی هەڵبهێنێ و خۆی لە دەقی ڕێکوپێکییەکی ئەوتۆ بدات. جەڕومەنگەنی چۆکە لەرزۆکەکانی توندوتۆڵ دەکردەوە و نەیدەهێشت لە کاتی پیاسە و ڕێ پێواندا وەکو جاران بنووشتێنەوە و بۆ کەسیش دەربکەوێ سەرەتێک لە بەرفراوانی پاتۆڵێکی فشوفۆڵدا بەرەڵڵا کرابێتن و خۆیان بەو چەشنە ویستبێتیان بچەمێنەوە.

به پێچەوانەی هەمووان تێنەدەکۆشا بۆ دەربڕینی ڕستەیەک، تۆ بڵێ تاقە پیتێکی بێ قابیلیەتیش بووبێ دەمی تەنگ و ترشەوە بکات و ئاوی ئەو زنجیرە ڕستانە لە زاری وەربدات، وا دایکی بە جۆرێکی دیکە نەقڵ و بەسەرهاتە خەوئاسا و خەماڵووەکانی بیرەوەری و سەربوردە خۆڵەمێشییەکانی خۆیی پێیان گێڕابێتەوە. شەوانی کپوکڕی سەرما قورسەکانی شارۆچکەکەی سەرەتی منداڵی و مێردمنداڵییەکەی لە گرتووخانەی نێوان ئەو دیوارە پانوبەرینانەی بەربەستی سەرما و تۆف لە ژێر چاوەدێری بەبەزەیی دەلاقە لە عەرز بەرز و چاو نووقاوە سڕ پۆشەکانی ژووری ماڵەکەیان بە سووتەمەنی کۆڵەپووشی دیرۆکە ئەفسووناوییەکانی دایکی دادەگیرسا. تازە تێدەگەیشت دایکی بۆ دەربڕینی هەستە ناسکەکانیشی بووبێ، دەبوایێ دەم باریکەوە نەکات، لێو هەڵنەقورتێنێ، دەنگ نزمەوە نەکات، چاو کز نەخەوێنێ، سنووری پیتە هاودەنگەکان پێکەوە تێکەڵ نەکات و بە گەرمایی هەناسە بە ڕواڵەت بێ بەزەییەکانی، لە خەونی سەرمابردوویی دایانچڵەکێنێ و میراتی زمانە وشک و ڕەقەکەی خۆی بخاتە کۆشی ئەمانیشەوە. بیرەوەری چاولێکنانی ئاسمانە دڵڕەقە هەورپۆشەکەی ساڵانی ڕابوردووی لە بیر نەدەچووەوە. کۆڵانە لیپاولیپ لە بەفرەکانی سبەینانی بریقەداری ئەوسات هەلی بۆ دەڕەخساندن بە بێ چاوەدێری و ئیزنی خانەخوێ لەم سەربانەوە بۆ ئەو سەربان لە پەینجە لەڕولاوازەکانەوە لێژ ببنەوە حەساری دراوسێکان و هاوماڵەکانیان بە چاو هەڵنەبڕین لە هاتوچۆیان ترس و خۆفی خۆ پاراستن نەخەنە دڵیانەوە و ئەمان چەلێک لەم بەر و چەلێک لەوبەر بە دەم هەڵماڵینە ڕزگار لە هەموو ڕێزمانەکان، هەناسە جارێک هەڵمی گەرم، تێکەڵی سەرما بێ سووتەمەنییەکەی ژوور و هۆدەکان بکەن.

ئاسایی بوو شەوانە لە خەوگەی هاوزمانەکانیدا قەرەبووی قوڕوقەپی ڕۆژانی خوێندنگە و سووچ نشینییەکانی سەر پۆلی دەرس بکاتەوە. دواین ڕیزی پۆل هێلانەی هەمیشەیی ئەو، حەشارگەیەکی چاک بوو بۆ کۆترێکی ڕاوەدوونراو. گمەی غەریبی ئەم لە حەشارگە دەری دەپەڕاند و زیاتر لە سی سەری چاوەدڕپەڕیو ملیان وەردەسووڕاند و شانەچرکێی تفە لە گەروو گیراوەکەی بۆ جارێکی دیکەش بوایە ئیزنی دەم هەڵچڕینی پێ نەدەدا، دەیبوغزاند و خۆشی، کەنەفتی و مل کزی لە پشکنینی ئەو هەموو گوێچکە سیخوڕ و پاسەوانە چاوە بێ بەزەییانە وا چاوپۆشییان لە هەڵەی تاقە سەروژێرێکی وتەکانی نەدەکرد هەڵیدەکورماند. بزەیەکی دزێو لە سیلەی چاوە چەتوونەکانیانەوە هورووژمی دەکردە سەری و چۆن دەبێ چاوەڕوانی دڵەخورپێی تەریکی و کەمایەسییەکی بەجێ و ڕێی بۆ نەکرێ؟!

بۆی فێنکی شیلەی دارقەزوانە بریندارەکانی زێدەکەی خۆی بوو، یان بنێشتە خۆشەی پەڕتووکە کۆن کەوتووەکانی کتێبخانەی خوێندنگە؟ بە تازەیی بێ، یان بە جەستە هەولوەریوە پەڕە زەردبووەکانیانەوە ببوونە خانەخوێیەکی دڵاوای هەموو ڕۆژەیی و گڕوگاڵێکی دایمە و دەرهەمەیی دڵخۆشی کردە ئەوێ و چاویان لێ ترووکاند، بزەیان خستە سەر لێوە تەماوییەکانی، ڕایانکێشا، پاشان بەستیانەوە بە سووچی ئارانی سەکۆیەکی پەڕکەوتوو؛ هەموو ڕۆژێک پەلکێشیان کرد، ڕاماڵیان دا و نەیانهێشت لەوە زیاتر هەست بە نامۆییەکی مل شۆڕ بکات. تازە خەریک بوو بەو قەناعەتە دەگەیشت لە هەرکوێ بتەوێ ڕاوە ڕەفیقی خۆت بکەی، قۆڵی کوڕانەی بۆ هەڵدەماڵیت و چاوەڕوانی ڕێکەوت نەبوون چ پەنجەیەک بێ دەست و مشتاق ناهێڵێتەوە!

کۆبوونەوە، چایی وەسەرنان و بادانی یەک لە شوێن یەکی جگەرەی هەوالانی شەوانی خەوگە لە هەموو چەشنە

قسەیەک کەلاوی دەکرد. زیاتر لە هەموو شتێک باس باسی سەربوردەی ڕۆژی ڕابردوو بوو و ئەو بەسەرهاتانەی تاقەتاقەی خوێندکاران لە ماوەی ڕۆژی ڕابردوودا لە ڕوانگەی خۆیانەوە دەیانگێڕایەوە. گەرمای گێڕانەوەی مشتومڕەکانی نێو پۆل، تێکگیرانی قسەیان لەگەڵ ماموٚستا و باقی خوێندکاران، پێدا هوڵخوێندنە ڕقاوییەکان، ئەستوور بوونی شادەماری ملەکانیان، هەڵپەڕینیان لە قسە بەرز و نزمەکانی باقی ئەوانەی وا تەباییان لەگەڵ وتەکانیان دەرنەدەبڕی، دەبووە شەوچەرەی شەوگارە درێژەکانی ئەوێ و تاوە پڕ گرەکانی وەتاغە هەڵماوییەکە هانی کردنەوەی دەلاقەکانی دەدا لەو تۆفە سەیرەدا سینگە ڕووتەکانیان بکەنە لەمپەری فێنکایی. بریقەی چاوەچەتوونەکانی ئەو، لە گۆمی ئەم هەراوهەڵڵامەدا لە چاوی هەمووان بە گەشەونەشەتر دەینواند و کوڕی خۆیی دەویست پێ بزانێ دەنگ نێرییەکەی زیاتر هی ئەوەیە سەرانسەری ئەو ڕۆژە بەو زمانەی دواوە وا ئەگەر ئەم لە سەر لێواری لە ئاورکەوتن، خۆ لە ئاوی کولاتوو خستن، کایە بە کلکی مارێکی چزاوی کردن و تەنانەت وەبەر پیلی عیزراییل کەوتنیش ببوایە، دایکی نەیدەتوانی دەم هەڵپچڕێ و ڕستەیەک چییە تاقە پیتێک بە سەر زاردا بێنێ. هەراوهەڵڵامە وردە وردە بەرەو هێدی بوونەوە دادەبەزی و لەگەڵ داخستنەوەی پەنجەرەکان لە حەیبەتی سەرما، لەرزی دواباسی شەوچەرە دەشکایە نێو کۆڕ، لاقەکان لە چوار مشقی بوون دەترازان، یەکەیەکە تراو دەبوونەوە لە سەر گازەرەی پشت، جگەرەی تازە دادەگیرساند و کەشوهەوا دەگۆڕایە سەر باسی کچانی بە قیزوبێزی هاوپۆل.

خۆ لە نیگای یەک مەلاس دانی ئەو ڕۆژەیان خول و پێچێکی تێیان دەخست. ڕاوەدووی یەکنان و هەنگاو هەڵگرتن بە شوێن حەزە تراوەکاندا لە ڕەهەندی زانکۆ بەرەو لارێترین قوژبنی دەبردن بۆ گۆڕینەوەی نەرم و ئەسپاییترین بەڵێنەکانی بازنەی ژیانیان و هەر بەو هەوایەش گەرمای کۆڕ دادەبەزی و زۆر جار فرمێسکێکی ناموراد بەرەو خوار تێکەڵی ئەو دووکەڵە خەستە دەبوو وا چاوی لە چاو ون دەکرد و ئەویش هێمن و بێ چرپەی هەنگاوێک بێ ئەوەی لە کاتی دەلاقە داخستنەکەوە وتەیەکی بەسەرزاردا هێنابێ؛ تۆزی دووکەڵی دەکردە حەشارگەی دەربازبوون لەوێ و بەرەو وەتاغە چۆڵ و هۆڵەکەی خۆی ڕادەخوشی.

دەستم بۆ دەستەگیرەی دریای ژوورەکەی برد. نەرمەدەنگ و جیرەی دریاکە هانی نەدا ڕوویەک وەرسووڕێنێ و خۆی لە ژێر پێخەفی خۆ گێل کردن ئاشکرا بکات. بێ دەنگییەکی زاڵی ڕاستەقینە هەناسەی ژوورەکەی وەها پشووسوار کردبوو نەموێرا سرتەبانگێکیشی لێ بکەم. خۆ بەژێر نوێنداکردن و چاو گەرم بوون هێندەی نەخایاند کەوتمە بەر تیشکی لەرزۆک و بەسامی شەوخەوەکە و دووکەڵی جگەرەکەی ئەو هەناسەمی سوار کرد. لە درزی پێڵووەکانمەوە بینیم لە سەر گازەرەی پشت چۆکی هەڵدابوو و دەستێک لە ئەنیشکەوە لەسەر چاوو دەستێک پڕ لە پەپکەی دووکەڵ، ئەژنۆی بە هەوای چرکەچرکی باڵەتەپێی کاتژمێرە دیوارییەکە سانەوەی نەبوو. پاشەکشێمان بە شەو دەکرد و هەردوو بە خەبەر و بێ کورتە باسێک وەک دوو گراوی نامۆ و نەناس بێزی گۆڕینەوەی تاقە حەرفێک پێکەوە، دەمانی هێنایە هێڵنجدان.

دوای سەرەتێکی زۆر لە بەسەرچوونی ئەو شەوە و شەوانێکی کوشندەی دیکەی لەو چەشنەش، ڕوومان لێک هەڵماڵدراو و پێم وابێ کەمتر نهێنی هێشتەوە بۆمی نەگێڕێتەوە، بەڵام گێڕانەوەی هیچیان نەبوونە هۆی ڕوونبوونەوەم و زنجیرەی بەسەرهاتەکانم بۆ وەسەریەک نەدەخرانەوە.

زۆری لە مێردمنداڵیش تێپەڕاندبوو لایەلایەی شەوانەی بەر لە خەوتنی ببووە چنگ هەڵپێکانی قورس و قایمی بەهەردوو دەستی لە جووتە کچە شەرمن و سپیکەلانەکانی سەرسنگی دایکی. چ فێنکانێکی پڕ لە بووژ و وزەیە کانییە مەیلەوترشە بە ڕواڵەت و باس شیرینەکەی! هێشتا زۆری دەمێنێ دەستی لە گەرمای ڕەنگی هەموو سوورابییەکان بترسێ، سەر لە بەیانییەک لە ترپەی هەنگاوە نەرم و بە پەلەکەی دایکی دادەچڵەکێ و پرسیار لە دڵۆپ و گوڵە سوورەکانی سەر دەرپێیەکی هومایی، نیگای پڕ لە خۆف و هەڵەداوانی دایکی دەست بە دەستەگیرەی درگاوە بەرەو خۆی وەردەگێڕێ و پێی حاڵی دەکرێ دەرزییەک لە پێخەفیان کەوتووە و لاقە بلوورییەکانی دایەی ئەنجنیوە.

دوای کۆتایی پێ هاتنی قوتابخانە بێ چاو گەڕاندن بە حەسار و حەوش و بانی کەسدا هەڵاتن، چاو نەگەڕاندن بە شوێن ڕەفیقێکی هاوپۆل و دەست لەملانی ڕێگای ئەوێ و ماڵەوە و پاشان ساکی کتێب بە حەواوە و خۆ

هاویشتنە سەر کانیلە بەبەرەکەتەکانی دایە دەبێتە چ باس و نەقڵ و شەوچەرەیەکی سەیروسەمەرە! شەوانی میوانی چوون، دڵیشی دانەدەچڵەکا کوڕی خزم و کەسوکارە هاوتەمەنەکانی لە تەگبیری کامە کایە و گەلاڵەیەکی دزێنین! شان بە شانی دایە چوارمشقی و کارلێکردنی مێردەزمەی خەو، ڕانەکانی دایەی بۆ دەکردە سەرینێکی نەرمونیان!

وەک هەموو شەوێکی تر، شەکەتی ڕۆژانی پڕ لە هاتوچۆی ئەو شارە زەبەللاح و پڕ لە دووکەڵەمان بە کۆبوونەوە لە وەتاغێک لە کوڕی هەوالاندا لە لەش ڕاوەنا. مەودای چەند حەوتوو بوو ئەومان لە هیچ کۆبوونەوەیەکی پڕ لە هەراو وریا بەرچاو نەدەکەوت و من نەبێ بە بۆنەی هاو وەتاغ بوونییەوە لە نیوە شەودا سووکە چاوێکم بە جەستە بە ڕواڵەت خەوتووەکەی دەکەوت، هیچیان بۆشایی ئەویان بە شتێکی گرینگ و نا ئاسایی لێک نەدایەوە و دایشیانی نەچڵەکاند. لەسەرەتادا خۆدزینەوەی شەوانەی ئەو زۆر تووشی دڵەڕاوکێی نەکردم و بە هەستێکی غەوارەی سەرەتی تێپەڕین لە پلەیەکی تەمەنی بۆ پلەیەکی دیکەی لاوی و دەستە و یەخە بوونی بەراستی ئەو لەگەڵ ژیانێکی ڕاستەقینە و بەدەر لە ئامانج خوازییەکانی مێردمنداڵی و سەرەتی تازە گرسانی هەستیارییەکی خەواڵوو لێکم دایەوە؛ هەتا هەواڵی نەچوونە سەر پۆلی دەرس خوێندن وەک هەواڵێکی ناخۆش دایچڵەکاندم. بەرەبەرە هەموو تێگەیشتن بوونەوەرە بەرچاوەکەی جاران وەک شەوەیەکی تەنیا و تەریکی پاش نیوەشەوێکی ئاوس بە باوگژەگژێکی خۆفاوی و هەناسەسواری لێهاتووە و ڕاوەستان لە سووچێکی چۆڵی حەساری زانکۆ بە جگەرەیەک لە نێوان قامکە لەڕ و هەڵکشاوەکانیدا لەگەڵ وەجووڵەجووڵ کەوتنی قەرەوڵی چاوەکانی تێکەڵ دەبوون و بە پەلە لەوێ دوور دەکەوتەوە. گورجوگۆڵی ڕۆیشتنەوە بەرەو ڕێگای خەوگە هیچ لە کرۆماتیبەکانی نیوەشەوانی نەدەکالاوە. خەوتنە قورس و قوولەکانی ئێوارانی هاوکات بوو لەگەڵ جووڵە و گەمە و خواردنی کاتی شێوانی ئێمە و چرپەی هەنگاوەکانی نیوەشەوانی ئەو تێکەڵ بە کرتەی قووتدانی بەشە پێخۆرە کۆن کەوتووەکەی، ئەگەر بە خەمی بێ دەنگییە نائاساییەکەی ئەوەوە نەخەوتبایەم دامی نەدەچڵەکاند.

زۆری پێچوو هەتا وردە وردە و بە شێنەیی، پچڕ پچڕ و هەر جار لە شەوێکی کپ و ماتدا و بەیناوبەین تێم بگەیەنێ بەژنێکی بەرز، هەنگاوێکی قورس، جەستەیەکی بۆشناغ، جووتێک چاوی تۆخی خومار و ترپەی زمانێکی ناسک وەگەڕی خستووە. لە سەرەتای ئەم هەڵوەداییەدا پۆلی دەرس و خوێندن دەبێتە نوێنگەی باسە پڕ لە گڕوگەرماکەی ئەو. چەند بە شیرینی زانیبوو خۆی بۆ ڕاوێژی ڕۆژانەی مەیدانبازی سەر کلاسی دەرس تەیار بکات و کەشوهەوای کوڕی زانیاری لە هەر دەرگایەکەوە هەڵی باس و وتەی بۆ ڕەخساند زمانێکی بە وزە هەڵسووڕێنێ، وەک جاران خۆفی لە هەڵەوپەڵەی وتەکانی خۆی نەبێ، وەک گڕکانێکی بە لرفە، زمان لە دەقوفەقی شەرم و حەیا نەدات و لە کۆتایی کۆڕدا پاش چۆڵ بوونی هۆڵی دەرس پێش بە شۆڕەبی بەژنی بە لەرە و لەنجە خۆشرەوتەکەی بگرێ و چاوترووکاندنێکی بە عیشوەی بە واتەی ئافەرینێک بکاتە باشترین خەڵاتی دەم لێکدان و عارەق ڕژاندنەکەی ڕوحی. ئەمە ڕۆژێک، دوان، سیان و چوار و چەنای چەند ڕۆژ دەبێ درێژەی هەبێ؟ کەی بێ و بتوانێ تەقتەقە بەردی ئەم وشکەبوارە پڕ لە دڵە خورپە تێپەڕێنێ و لە دۆزەخی لە دڵدا هێشتنەوەی ئەم ڕستە لە قوڕگدا گیراوە دەرباز ببێ؟ لە ڕهۆڵەی بێ سریوەی کاتی نان خواردنی خوێندکارانی زانکۆ ئەم داربوزە بێ گرێ و لقە چۆن دارە پڕپیت و بە بەرەکەی بەرانبەری خۆی بکاتە دراوسێیەکی لقوپۆپ تێک هالاو؟ خۆ ئەو لە شارە بەفرئاخنەکەی خۆیدا قەت لە لەرەی شۆڕەبییەکی هەڵوەدای نەڕوانیبوو، بەڵام تازە بە ڕەوت و لەنجەی ئەمدا تێدەگەیشت هەناسە هەڵدان لە ژێر شنەی سەرسووکی شۆڕەبیدا چ بەهەشتێکی بێ وێنەیە!

لەم ماوەشدا بینانابینا بێ دەنگی و ماتییەکەی سەرلەنوێ دەستی پێ دەکردەوە و وەتاغمان لێ دەبووە گۆڕێکی دووکەسی و لە پاش نیوە شەواندا پشتەوقەفار لە پەنا شەوخەوێکی بێتین چۆکێکی هەڵدراو، لاقەکەی دیکە لەسەر ئەژنۆ، مەچەکێک لە سەرچاو و جگەرەیەکی بە تین سووکە درزێکی دەخستە نێوان پێڵوە تێکهالاوەکانم و سیلەی دزێنی چاومی بە شوێن خۆیدا ڕادەکێشا! هەناسە هەڵکێشانە کشوماتەکانی بە جێی خۆی، هەڵداشتنەکەی دوای ئەوەی ببووە ئاور خۆشکەری ژیلەمۆ نهێنییەکەی دەروونم. هەرچەندە هەوالانی دیکەش وردە وردە لە ڕووداوەکە تێگەیشتبوون و نەیاندەدرکاند،

بەڵام بە ڕاوێژێکی گشتی دەمانویست لەم بەرزەکە خۆڵەمێشییە دەرباز ببێ. هێندە بە ڕاستی و خەفەتبارییەوە گەڵاڵەی ئەم چیرۆکە پێچەڵاوپووچەی بۆ خۆی دارشتبوو، هەتا خۆی لە داهاتوودا سیحری ئەو تەلیسمە بەری نەدا و دڵۆپ دڵۆپ ڕووداوەکانی لە نێو هەمووواندا تەنیا بۆ من نەگێڕاوە، هیچمان نەمانوێرا پا بترازێنینە جەغزی سڕی و کەساسییەکەیەوە.

لەنێوان ڕایەڵ و پۆکانی ئەم ڕاخەرە ڕەنگاورەنگ و بە باس و دەنگەدا هەمووومان لە سەر ئەوە ساغ بووینەوە یەکێک لە دۆستە هاوپۆلەکانی خۆی وا زمانی نەک لەگەڵ ئێمەدا، بەڵکو لەگەڵ کچەی جادووباز، هاوشاری و زمان و نیشتەجێی پێتەختی وڵات، یەکێک بوو ببێتە تورنجی بەرچاو و قسەکانی ئێمە ناڕاستەوخۆ بە گوێی ئەو بگەیەنێ، ڕچەی بۆ بشکێنێ، هانی بدات، پاڵی پێوە بنێ و لە ئاکامدا نیانییەکانی زمانەکەی خۆی و دەربڕینی بە سرتە و ورتەی کاتی حەز و ئۆخژنی دڵدارانەی بە سەر زاردا بێنێ. پتر لە مانگێک کوڕەمان کردە کەولییەوە. دوو هەیکەلی ناتەبا و لێک نەچوو. کوڕە بە سووکە ڕیشێکی نووک تیژی بەرچەناگە و تایە قژێکی هاڵۆز و هەڵچوو، بەدەم پیاسەی نێو حەسار و دەرک و بانی زانکۆوە شان بە شانی ئەو دەوری دەگێڕا و بەو زمانە دەرسی ئەمی دادەدا وا قەت دایکی ئەو نەیتوانی تاقە پیتێکیشی بە ڕێکوپێکی بەسەرزاردا بێنێ. هەڵمی ئەو تراویلکەی تێکەڵ ڕوحە غەوارەکەی دەکرد وا نەیدەزانی ئاخری بە تەڕایی ئاو دەسنوێژی ئارخەیانی دەگرێ، یان لە گێژاوی هەڵەبووندا سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە. سووچ و تیژاییەکانی ئەو زمانەی پێ سمی وا پێی فرچک درابوو، ڕووگرژییەکانی دایکی پێ لێک دابووەوە، بەڵام خەمە زەردەکەی ژێر سپێنەی چاوەکانی نەتوانی پێ بسڕێتەوە.

لەژێر دەقی شیعری ڕۆژێکی بارانیدا جیاواز لەگەڵ هەمووی ئەو ڕۆژانەی وا بەرانبەر بە کچە لە ڕەهەندە داپۆشراوە پڕ لە دریاکەی زانکۆدا باسی حەقیقەتە تاڵەکانی نێو پەڕتووکە پەڕەزەردەکانیان کردبوو لە ژێر چەترێکی ساغ و سەلیمی بێ کەلوکوندا وەشوێن جادووی ژوانی شاژنی ئاواتەکانی کەوت. دەستی هیوای سەرکەوتنم بۆ هەڵەهێنا، بزەی سەرکەوتن لەسەر لێوە مەیلە و خومەکانم کەوت و لە تاریک و لێڵەی ژێر ئاسمانی سەرنراوەی ئەو شارە دووکەڵ و قورقوشماوییەدا هەستم بە بۆنی جلە خووساو و قژە داتەپیوەکانی ئەو کرد بە هەیبەتێکی شپڕێو و شانێکی داچۆڕاوەوە لە ژێر نوێندا هەڵدەلەرزێ و بە مرواری ئاونگی سەر ڕوومەتە نادیارەکانی تابلۆیەک لە سەر قوڵی دایمە داخراوی کراسەکەی بۆ بیرەوەرییەکی ناموراد دەهۆنێتەوە. گاهەیە بە سواری چووبێ، بەڵام لەوەیدا بە پێیان گەڕاوە شکی تێدا نەبوو!

بە ئەسپایی و لە سەرەخۆ، خۆم لێ دزییەوە و لەوە بەدواش لەژێر بنمیچی ژوورێکدا سەرمان لەسەر سەرینی شەکەتی نەکرد. ڕۆژانی زۆر دەمانەی وەک هەموو کەسێکی ئاسایی، بەورە و لە سەرەخۆ هەنگاوی هەڵدەگرت. لە کات و شوێنی دیاریکراو و لە جێی خۆی لە ژێرخان و هۆڵ و هۆدەکانی زانکۆ خۆی وەبەر چاو دەخست و لە بازنەی چوار و پێنج کەسی هاوپۆلەکاندا چایەکی گەرم و جگەرەیەکی داگیرساو دەمانی خستە نەرمەباس و ئەم پاو ئەوپا کردن، دە خولەک زیاتری نەدەخایاند و بێ قاقا و چاوەچاوێکی تێکەڵ بە دڵەخورپێ و سەرمای جواناوێکی ناوادە لە سەرەخۆ تەپەی هەنگاوە قورس و قایمەکانی کاتی جودابوونەوەی بە پێچەوانەی جاران داینەدەچڵەکاندین.

ئەوی لێ بەدەر، باسی حەزە بە لەزەتەکانی کۆڕی شەوانمان جلی غەریبی لەبەر داماڵی، مۆری نەناسیاوی لە نێوچاوانی یەکەیەکەمان پاک کردەوە، لە کۆبوونەوەی هەوالانی هاوزمانی شەوانی خەوگە پەرەوازەی نێو شەقامە بێ وچانەکانی کردین. چینی کراسی بۆنە سەرخۆشکەر و جۆراوجۆرەکانی نێو کافەکانمان لادا، بەسەر جیڕەدەنگی پێپلیکانە دارینە بەچرکە و لەرزۆکەکەیدا بەرەو سووچی تاریک و لێڵەی نهۆمە پەڕکەوتووەکاندا سەرکەوتین، بێ دەنگ و سرتە لە سەر دوو کورسی شانمان کردە کۆڵەکەی قورسایی یەکترین و چەنای چەند جووت چاوی ترسەنۆک و چاو لە دریا، دەستمان بە سەر شلکێنەی گەنجی حەزە داخراوەکاندا گەڕاند، دەنگی گیتارێکی ڕەبەن کێشکی بۆ دەنگە حەزاوی و کزەکانمان داشت، لێومان بە پەرداخە نایلۆنەکاندا چزا و پاشماوەی قاوە ساردەوەبووەکانمان ڕووی لالووتیان لێمان هەڵقرچاند. فیشاڵی ئاوەدانی و مەزنی شارۆچکە پەران پەرانەکانی خۆمان بە گوێی دانیشتووە چاو لەدەم بڕیوەکانی پەنا دەستمانەوە چرپاند و لە دوای لێژبوونەوە بەرەو نهۆمی خوارەوە خۆمان بە نێو

سۆما کوێرایی داهاتووەکەی شەوقی شێواندا کرد. شەو لە خەوگە وەک جاران کۆڕمان بۆ نەبەست و هەریەکە و لە سووچی تایبەت بە خۆیدا لە نێو بیری قوولّ و تاریکی بیرەوەرییەکانمان هاویشت.

لە بیرەوەری هەمووماندا جێ ژوانی شارۆچکەکانمان خۆی لە ژێر چەتری تاریکیدا مەڵاس دەدا و ئەویش بە تاکی، هەڵەشەیی و ملەقوتەوە لە ترسی چاوە دەسکیسەکان خۆمان لە ژێر تاولّی کپ و سرپۆشی تاریکایی دەهاویشت و لاڕێیانێکی دڵاوا دەبووە خانەخوێی کۆبوونەوەی بە جووتەمان، بەڵام ئەو ڕۆژە زۆرمان وەک لە داوەتێکی بەکۆمەڵ بانگهێشت کرابێتین. قۆڵ لەنێو قۆڵ و شان بەشان، جووتە جووتە بەرەو گۆڕەپانەکەی ناوەزێڵی شار لێژ دەبووینەوە. هەتا بەرەو خوار دەڕۆیشتین زیاتر لە مەیدانەکە نزیک دەبووینەوە. گەرمای دەمەو هاوین گێژی کردبووین. پەنجەکانم لە سەرسکم هەڵپێکابوو و دراوسێکەی تەنشتم دەستی بە قۆڵمدا کردبوو. زۆر لە من کورتەباڵاتر بوو و بە بۆنەی ئەوەشۆ شانی داچۆڕاندبووم. بە پێچەوانەی ڕۆژانی دیکە و پیاسەی دووبەدووی ئێوارانمان هەستم بە خۆفێکی نائاسایی دەکرد. هەر لە یەکەم پێچەوە سووڕمان دایە نێو مەیدانەکەوە شاڵاوی بەچەپکەی نیگام چووە سەر منداڵێکی بە ڕواڵەت چەتوون وا لە تەنیشتی ڕۆژئاوای مەیدانەکە هەر دوو دەستی لە سەر سینگ هەڵپێکابوو. دەیڕوانی بۆ چوار هەنگاو دوورتر لە بەردەمی خۆی، کەچی ئەگەر جوان و وردی بکەوتبایەتیتە شوێن ڕەهەندی نیگاکەی، هەستت پێ دەکرد لە خاڵێکی زۆر دوورتر دەڕوانێ. زایەڵەی تیشکی هەتاو وەک نیگایەکی تامەزرۆ خۆی بە نێو چاودا دەکرد و لقوپۆپەکانی لە مێشکەوە دەئاڵا. جەماوەرێک خەڵکی لە ئەژمار بەدەر، دووقۆڵی بە تەنیشتماندا تێدەپەڕین و وریایی بۆ ئێمە باشتر بوو هەتا شانمان نەپچڕێن! فەرەنجییە خۆڵەمێش ڕەنگەکەی بەرم لە ئارەقەدا خووسابوو. هاوڕێ پەنا دەستییەکەم درێژەی بە باسی خۆم و خۆی دەدا و لە نێو هەزارەزیلەی دەورووپشتماندا پچڕ پچڕ ئاگام لە قسەکانی بوو؛ دەتکوت شریتێکی کۆنەیە و نمی کێشابێ و بە زۆری زۆرداری گوێی بۆ هەڵبخەیت و لە سەد وشە وشەیەکت بۆ دەر بکەوێ.

گوێم لای ئەو و چاوم لای منداڵەکە بوو. بزەیەکی سارد و سامناک بەسەر لێوە شینباوەکانییەوە هەڵماسیبوو. دەتکوت بە زۆر گوێیان پێ ڕاگرتووە بۆ بیستنی حەقایەتێکی دووپاتە و چەند پات کراوە وا پیرەمێردێکی میوان لە شەوێکی زستاندا لە دەوری قورسی ماڵە ساردوسڕەکەیان کۆیانی کردووەتەوە و ئەگەر چاوەدێری کەم تەمەن بوون و خانەخوێیی و خۆشەویستی دایک و باوک و سەرمای بێ بەزەیی دەرەوە نەبوایە بە قیڕەیەک کۆڕی لێیان دەهاڵۆزاند و تێی دەقووچاند.

زووخورتمێکی لە کەلەکەم دا و ئاگاداری کردمەوە بیرم لای بێ و بێ ئاگاییەکەی منی بە بایەخ نەدان بۆ قسەکانی خۆی لێک دەداوە؛ منیش بە بزەیەکی دەستکرد و تێکەڵ بە ترسەوە سەیرێکیم کرد و ئاگاداری خۆمم بە سەرجەمی باس و قسەکانی لە دەستپێکەوە تا کۆتایی پێ ڕاگەیاند!

تازە گەیشتبووینە نێو مەیدانەکە و بە شێنەیی بامان دایەوە بەرەو لای چەپەوە. لەسەر ڕێگەکەماندا کچ و کوڕێکی لاو قۆڵ لە قۆڵی یەکدا و ئەوانیش وەک هەمووومان بۆ سەیر هاتبوون. هەر چوارمان نیگامان تێک هاڵا. تۆسقاڵێکی مابوو چاوم لە چاوگە دەرپەڕێ! ئەو کوڕە قژهاڵۆزەی وا بە سووکە ڕیشەکەیەوە ویستمان دەرسی ئەوی پێ دابدەین ئێستاکە لێرە شان بە شانی کچەی جادووباز بەرانبەرمان بە نەرمە بزەیەکی کەسیرە کەوتووەوە هەڵیاندەسەنگاندین. هەر گەیشتینە حاستیان، نیگام لێیان دزییەوە و گورجوگۆڵتر لە چەندێک لەوە پێش بە پەنایاندا تێپەڕیم؛ هاوڕێکەم وەستاو دەست و مشتاقی لەگەڵ کچەکە کرد و بە سەرێکی هەڵهێنراوەوە، وەک سرتەیەک، چەند وشەی بە گوێی کوڕەکەدا باراند.

بە قەد چەند هەنگاو دوورتر لەوان وێستابووم و سیلەی چاوم پێ دابوون. ئاگام لێ بوو تەنانەت نەشیان پرسی بۆچی لەگەڵیان نەوێستام و چاک و چۆنییەکی ئاسایی و کورتە باسێکی سەرەکیم لەگەڵیان نەکرد! زیاتر لەوەی بەراوردم کردبوو، پێکەوە وێستان و قاقای پێکەنینیان وەک هاژەی بەیناوبەینی بای ئەنگوستە چاوێکی وەرزی بەهار، پچڕ پچڕ دەهاتە گوێم. ترس لە وەرگەڕانی نیگای ئەو دووانەی دیکە نەیهێشت بانگی لێ بکەم. وەڕزییەکی سەیر ڕووی تێکردبووم. نەمدەزانی چۆن خۆم لەو کەشوهەوایە دەرباز کەم. دەستەکانم وەک کەرەسەیەکی سەربار حەوانەوەیان نەبوو و نەمدەزانی

دەبێ چۆن لە جـــمـــوجـــووڵ و یەک هەڵگلـــۆفێن بیـــانحـــەوێنمـــەوە و ئۆقـــرە بگرن! بۆ دەربازبوون لەو دڵەڕاوکێیە، دەبوایە زەینم بدایەتە شتێکی دیکە. سەرم هەڵهـێنا و هەمـدیسـان چاوم بە منداڵەکـە کـەوتەوە. نیگای لە چاو پێشتر بزێوتر و مەوداکەی درێژخایەنتر لە عـەرز هەڵچـەقـیبـوو. قـورسـایی وەرزی تەنیـایی وەک مۆتەکە سوارسەری شانەکانم ببوو. بە بێ ئیزنی خۆم بەرەو منداڵەکە هەنگاوم هەڵگرت. بە نێـو گرمە و بۆقی ماشینەکاندا لە شەقام پەڕیمەوە و گەیشتمە بەردەمی. بە سەر سوڕمانەوە دیم چاویلکەیەکی ڕەشی لە چاودایە و لەوەیدا توانیومە لە دوورەوە ڕەهەندی نیگا و چاوەکانی ببینم حەپەسام. گابەردێکی هەڵچەقیو لە ڕووبارێکی تووڕە و بە قـەڵبـەز چەندێک خـۆفی هەراو وریای لافـاو دڵی دادەچڵەکێنێ، ئەویش ئەوەندە ئاگـای لەو شەقامە هاروهاجە بوو. هەردوو قەراغی فەرەنجییە شۆڕەکەی بەرم کـەوتنە نێـو چنگم و هەر بەو توندییـەی وا گـرتبـوومن دەســتم بەرەو خــوار ڕاپسکاند. هێــواش دەســتم بردە پێـشەوە و چاویلکەکـانم لە چاوی دامـاڵی و وەک هیچ رووی نەدابێ چاویشی لێم هەڵنەهێنا. لە زیندووبوونی دووشک بووم. ســاتێک زانیم بایەخم پێ نادات سـەرم بردە پێش و لووتم بە لـووتیـیـەوە نا، هەردوو چاوم نـا بە چاوەکـانییـەوە و قـووڵ قـووڵ لێم ڕوانین. زۆر سـەیر بوو! چاوم بە داوەتێک کەوت دەسـتەیەک مەست بە ڕووت و قووتی ڕەشبەڵەکێکیان ساز کردبوو. شاییەکی بەڕاستی ساز کرابوو و هەموویان، بێ ئەوەی بزەیەکیان لەسەر لێو کەوتبێ، بە توندی هەڵدەپەڕین. زرمـەی پێـیـان مـرۆڤی تووشی ترسێکی کوشندە دەکرد. مۆسیقای داوەتەکەیان تەنیــا دەفـێکی دادڕاوبوو، وا دەفـژەنەکـە بە چاوێکی داقڵیشاوەوە بێ ئەوەی نۆتێکیشی لە جێ و ڕێی خۆی دانابێ خۆی لەگەڵ پا بە عەرزدا کـوتانە ترساوییەکـانی کۆڕی هەڵپەڕکێ ڕێک دەخست.

تافی منداڵی خۆمم وەبیر هاتەوە دایکم وەک چیرۆکی پاش نیوە شەوان لە ژێر پێخەفی دووکەسیمان دەیکوت: "لە بیـرەوەری منیـشـدا نییـە، بەڵام وەک باوکم بۆمی گێڕاوەتەوە خەڵکی گوندەکەمان لە بیربانە، ئەوانگەڵ لە ناڵەی نیوەشەودا جاروبار شاییان ساز دەکرد. جارێکیان بۆ گەڕاندنی داوەتەکەیان دەچن بە شوێن شایی گێڕێکی ناودێدا و بە جلوبەرگی خـەوەوە بانگی دەکـەنە دەرێ و ئەویش بێ ئیـزنی خـۆی وەڕێ دەکەوێ و هەتا بەرەبەیان شایی پێ دەگێڕن. وەک خۆی دوایی باسی کردووە هەموو خەڵکی ئاوایی لە گەڕی داوەت، خواردن و خواردنەوەدا بینیـوە و نەیوێراوە لێـیـان نزیک ببێـتـەوە و چاک و چۆنییان لەگەڵ بکات. کە خەڵکی ناو گوند دەمەو بەیان بە شـوێن چاوەشـدا دەگـەڕێن، لە گـەوڕێکدا دەیدۆزنەوە دەستی لە ڕۆچنی گەوڕەکە هەڵپێکراوە و شۆڕ بووەتەوە بۆ خوارێ."

بەڵام ئەمە بە ڕاستی بوو، شکی تێدا نەبوو، هیچ لەو چیـرۆکـە خـەیاڵاوییـەی دایکم ناچێ. لە سـووچێکی حەوشەی داوەتدا، مێرمنداڵێکی شەرمن، واق وڕماو بە نینۆکی دەســتی چەپی کــایەی بە زیبکەیەکی ســەر ڕوومەتی دەکرد. بە بزەی جاروباری سەر لێـویدا دیاربوو ئێشتیای لە تێکەڵ بوونیان هەیە و ئیزنی هەڵپەڕینی پێ نەدراوە.

خـۆمم لە گـەڕی شاییـەکەدا بینی، وەک هەمـوویان دڵ گەش و بە ئەتوارێکی چرووکەوە پێم بە عەرزدا دەکوتا. درێژایی چاوەکـانم لە باتی ئەوەی شان بەشانی ئاسۆ بێ کۆتاییەکان بێ بەرەو خوار داقڵەشابوو. بە تووڕەییەوە، خێراخێرا ڕاسپێری دەفژەنە شێتەکەم دەکرد نەهێڵێ منداڵەکە پا بترازێنێتە بازنەی هەڵپەڕکێکەوە. پاشگەز بوونەوەی لەو سـووکـە هەنگاوە وا بۆ پێـشـەوە هەڵی دەگرت بەژنە شووشەکەیی دەخستە لەرەو زیاتر لە هەموو شوێنێکی جەستەی، پرچە سوورەکانی وەک ئاڵای بەر با دەخستە لەرەلەر.

زیاتر لەوە نەمـتـوانی درێژە بە سـەیرکـردن بدەم. بەدەم زرینگەی مسینەکەی نێو مێشکمەوە لەترێکم دا. بەدەم سەرنگر بوونەوە دەڕۆیشتم و بێ ئاگا لە دەوروبەرم سەرە قورس بووەکـانم ڕادەوەشاند. دنیـام لێ ببووە بلـقی سەر ئاو و کـاتی پەڕینەوە لە تارمـایی ڕووباری بەپەلەی ئەو شەقامە بێ بەزەییە، خۆم وەک تەختەی سەر ئاو دا بەدەم ڕەوتی بێ ئامانی هاتوهاوارەوە.

جیـرەی تەگەری مـاشـێنێک و بە شوێنیدا بۆقی یەک لەسەریەکی سـەدان ماشێن خەڵکەکەی سڵـەمـاندەوە. هەمـوو حەشامـاتەکە بەرەو شـەقـامە لێژەکـەی خوارەوە هەڵدەهاتن و زیاتر لە هەمـــوویان دوو کچ و کــوڕێک گـــورجـــوگـــۆڵتـــــر دەبینران؛ بەدەم هەڵاتن هەڵاتەوە فەرەنجییـەکی خووساوی خۆڵەمێشییان پێشێل کرد و گەیشـتنە سەر لەشی ساردەوەبووی مەیتێک وا لە باتی مردوو لە چەتەیەک دەچوو خۆی بۆ تاڵانی، لە کاروانێک مەڵاس دابێ. هیچیان نەیاندەناسییەوە.



# چارەنووسی تاپۆکان

**سولەیمان عەبدولڕەحیم زادە**
**(بۆکان)**

ڕیزێک داری چڕوپڕ، زۆر سەیروسەمەرە تێک ئالاون. لەنێو چوارچێوەی چاوم، بایەک، نە زۆر توند، دەیانشەکێنێتەوە. بێ ئەوەی بە دەست خۆم بێ، دەڕوانمە نووکی بەرزترین لقەکان؛ تیشک لە سەریان هەڵنیشتووە. دیسان بێ ئەوەی بە دەست خۆم بێ، چاوێکم دەقوچێنم. دەبێ دار چنار بن، هەرچەند ئەگەر داری دیکەش بن گرینگ نییە. - شا ئەوگووەی خواردم!- دایکم وەک هەمیشە دەیەوێ بەرەنگارم بێتەوە "کێ ئەو شتە قۆڕەی خستووەتە کەللەتەوە؟! ئەو ماڵە گەورەیە چییەتی؟! ئەو دیوە نا دیوەکەی کە! شا ئەو حەوشە زەبەلاحە! کێ بەربینگی پێ گرتووی؟ «ئیستێک دەکا» وا هەر نییە، حەتمەن شتێکت لە ژێر سەردایە."

- بۆ دەرس خوێندن و موتالا دەچم. هەر من نیم. کوڕەکان زۆربەیان دێن.

پێش ئەوەی بگەیتە دارەکان، دەبوایە لە بەرزاییەک وەسەرکەوی، لە ڕاستیدا ئەو بەرزاییە دوو تایبەتمەندی بە شوێنەکە دابوو؛ یەکەم، لە شاری جیاکردبووەوە و خودا داینابوو بۆ خوێندنەوە و تێ فکرین. دووەمیش حاڵەتێکی وای لەبنیادەمدا دورست دەکرد تووشی ترس و خۆفێکی سەیر بێ. من چەند جار تا سەر بڵندایییەکە چووبووم، بەڵام خۆف چەقوچۆی خستبووە دڵمەوە و زاتم نەکردبوو داگەڕێم بۆ خوارێ. تێکشکاو گەڕابوومەوە؛ بەڵام جووجەڵە تا سەر لەبن سەوەتەدا نامێنێ. ئاخرەکەی ڕۆژێک بڕیارم دا و لە کاتێکدا بۆ خۆشم سەرم سوڕمابوو، یەک بین لە بەرزاییەکە وەسەرکەوتم. کتێبەکانم بە سنگمەوە نابوو؛ بەری دەستەکانم ئارەقەیان کردبوو. شەوێ باران باریبوو، عەرزەکەی ببووە قوڕ. جارجار کەوشەکانم لە ناو قوڕدا بەجێ دەما، بە حەلوا دەڕۆیشتم و لەبەرم دەکردەوە و دیسان تێ هەڵدەچوومەوە. لەزەتێکی سەیرم هەست پێ دەکرد؛ دەتکوت بەگەیشتن بەو دارانە هەرچی ئاواتی هەمە دەستەبەر دەبێ. بەڵێ من

چووم، بەڵام بڕوا بکەن هەست دەکەم شتێکی زۆر گرینگم لەبیرچووە، هەرچەند بیرم کردەوە نەمزانی چییە. تەنیا جارێک نەبێ شک دزەی کردەبووە دڵمەوە، ئەو کاتەی بە هەڵەداوان دادەگەڕام، گورگە ئاوڕێکم دایەوە. هەستم کرد تاپۆیەکم وەبەر چاو هات؛ ڕاست لەسەر نووچکی بەرزاییەکە ڕاوەستابوو. نازانم بۆ تەزوویەک بە گیانمدا هات. قەڵافەتی زۆر وەک هی... ئای چەندەم منداڵانە بیر دەکردەوە، بەڵام قەیدی چ دەکا. مەگەر ئەوە عەیبە! کوڕە چش...

نەسیمێکی فێنک خۆی دەخزێنیتە بن باغەڵم، دەست بە بن باڵمەوە دەگرێ؛ دەڵێی دەیەوێ وەحەوام خا. بن دارەکان باران زۆر زەفەری پێ نەبردبوو. بە حاڵ پەڵە پەڵەی تەڕت دەدۆزییەوە چ بگا بە قوڕاوی بوون، بەڵام لەو سەرنج ڕاکێشتر شتێکی دی بوو. دەتکوت مەیدانی شەڕی مەغلووبەیە. هەموو دەورووبەر پڕ بوو لە شڕوشیتاڵ، بەڕاستی دیمەنێکی سەیروسەمەرە بوو. لاپەڕەی دڕاو و کتێبی سەقەت و لەتوپەت وڵاتی داپۆشیبوو؛ دەتکوت بە دەستی ئانقەست ئەو لاپەڕانەی وێنە و عەکسی تێدا بووە زیاتر هێرشی کرابووە سەر؛ تەنانەت کار گەیبوو بە ورد ورد جنین. دەتکوت بە کوتک لە سەریان داوم، هەروا گێژوویژ بە دەوری خۆمدا دەخولامەوە، هەرچیم دەکرد نەمدەتوانی بڕوا بکەم ئێرە هەمان جێگای ئاواتە لە مێژینەکانم بێ. بای دڕ بە ناو پۆلی وردە کاغەزدا دەسووڕاوە؛ گێژ، ڕاوەدووی دەنان، قوڵپی گریان گەروومی گرتبوو؛ ئایا دەبوایە هەق بدەم بە دایکم کە قوژبنێکی حەوشەکەمانی بە دنیا نەدەگۆڕییەوە! ئەی بۆ هیچ کام لە کوڕەکان قەت باسیان نەکردووە؟! تەنانەت دوێنێ ڕەحیم و عەلی هاتبوون. چەندە بە تامەزرۆیی بیرەوەری ئێرەیان دەگێڕاوە، هێندەیان شۆخی پێکردم نەبێتەوە.

"لەگەڵ شیمی خوێندن، چێشتیش بۆ دایکت لێ دەنێی. زیستی گیایی، بە خودا بابەتی کاتی دۆڵمە لێنانە."

ئای چەندە پێکەنین. ئێستاش دیمەنی چاوە فرمێسک تێزاوەکەیان لەبەرچاومە منی گێل پێم وابوو بەهۆی شادی و پێکەنینی زۆرەوەیە، ئەگەر بتوانم لە دارچنارەکان تێپەڕ بم، ڕەنگە جیهانێکی نوێ بدۆزمەوە. ئێستا ئێرە ئیتر بووە بە شوێنێکی نەفرین کراو، دڵنیام خوا غەزەبی لێ گرتووە.

«ڕاستە، باشی تێگەیشتووی.»

– ئەوە دەنگی کێ بوو؟ چەندە بێ هەست و ساردوسڕ بوو. لە ڕوحی ئینسان کاری دەکرد. تاپۆکەیە؟!

خێرا ئاوڕ دەدەیەوە بۆ لای بەرزایی، بەڵام هیچ شتێ بەدی ناکەی. دەورووبەرت وەک جەهەندەمی لێهاتووە. بادەوە و تۆفانێکی سەیر هەڵی کردووە، هێندە بە قەوەتە خەریکە کەللە سەرت لێ کاتەوە. هەمیشەی خودا ئاوا دەست پێ دەکا. دڵنیام هەوەڵ جارە شتی ئاوا ببینی، بەڵام لە کتێبدا خوێندووتەوە. لە فیلمیشدا زۆرت دیوە. لە پێش هەموو شتێکدا، سەرت لێ دەماسێ، لیکت دێتە خوارێ، دەبێ دایمە خۆت بخورێنی، دەڵێی شتێک کەوتووەتە کەوڵتەوە. دوای ئەوە ئازای ئەندامت زیپکە دەکا، سوور، زەرد؛ بۆ دەتوانی دەستیان بۆ بەری! ئامان! نەکەی! ئارام و قەرارت لێ هەڵدەگرن. دەست و پەلیشت وردە وردە دەیگرێتەوە. برژانەوە و کاوە کاوی هەر خەریکە شێتت کا. هەر وەک ئەوە وایە دەرزی ئاژنت کەن، بەڵام ئەوانە هەرچەندیش جێگای مەترسی بن، نابێ تۆ لە هەڵوێستەکەت پاشگەز بییەوە. دەزانی دەبێ کتێبەکانت بپارێزی؛ توند بە سنگتەوەیان دەنێی. وەک فەنەرێک کە دەرپەڕیبێ، دڕ بە تۆفان دەدەی و دەچیتە پێش.

"ئەرێ ئەو دیمەنەت لە چ فیلمێکدا دیوە؟!"

تەواو خوار بوویتەوە، ئەگەر هەروا درێژەی بێ، ئاخرێکەی دەمت لە قوڕ دەچەقێ. حەیف کەوشەکانت هەو نین. لەپڕ هەموو شتێ ڕادەوەستێ، خەبەرێ لە با و تروتەوێڵەکەی نییە. بە زەحمەت خۆت ڕاست دەکەیتەوە سەرت لەو بێ دەنگییە کوتوپڕە سوڕماوە. هەوڵ دەدەی کەوشەکانت لە ناو قوڕ بێنییە دەرێ، دەبیستی دەنگێکی گڕ و ناخۆش وردە وردە پەرە دەستێنێ. کاتێکی زۆری پێدەچێ لێی تێبگەی. هەوەڵەکەی بۆت نەدەچووە سەریەک، کەچی دوایی بەڕاستی پەشۆکاوی، ترسێکی خەست ئاودیوی دەروونت بوو. بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە تێدەگەی ئەوەی بیستووتە، نەک دەنگی مرۆڤ، بەڵکو دەنگی دارستانەکەیە.

«بەدەست خۆم نییە، پێکەنینم دێ، دەزانی تەواو بوو بە فانتیزی؟»

پەلوپۆی دارەکان بە حاڵەتێکی هەڕەشاوی لە حەوادا

دێن و دەچن. تەکان دەخۆن، وەک ڕمێکی ژەهراوی دەیانەوێ لە سنگی هەر مزاحمێک ڕۆبچن، لە کاری بخەن. نووکی لقەکان ئیتر تیشکی پێوە نییە، تووڕەیی لێوە دەچۆڕێ. لقەکان تا نزیک سەرت دێنە پێش. تۆش دۆش داماوی.

"بۆ کوێ ڕشکن؟!"

دەمویست یەک بە خۆم بقیژێنم، کەچی ئەوەی لە گەرووم هاتە دەر، تەنیا نووزەیەکی خەفە و تێکشکاو بوو. دەنگی قرچەی غوروورم بە باشی هەست پێ کردبوو. پێویست نەبوو خۆم فریو بدەم، من ئەو کوڕەی جاران نەبووم. هەموو هەوڵی خۆم دا دڵنیایی بە دەنگمەوە دیار بێ. – هەر چەند دەسکردیش – کۆی کەمەوە، گوڵۆڵەی کەم، ئاگرین، بیگرمە سەروسیمایان. بەڵام جەخار ...

– شوکر بۆ خوا کەرپیش بووە. گرینگ نییە کوڕەکەی پێشوو بێ، هەر ئەوەندە بزانە ناوی فیلمەکە "پاشای ئاڵقەکان" بوو. لەگەڵ ئەو ڕایەشتدا نیم کە ئەوەی قەوماوە فانتێزییە. ئەو باسە زۆر پێچەڵاوپووچە؛ بە تەنیا بوونی شتێک، یان ڕووداوێکی فانتێزی ناتوانێ بەو بڕیارەمان بگەیەنێ لە ناو جیهانێکی فانتێزیکدا... بەسە... بەسە...

– دوای بێ دەنگییەکی دوورودرێژ– بە دڵنیاییەوە: من دەمەوێ لێرە دەرس بخوێنم. لە ماڵێ بۆم ناکرێ، هەمیشە پێم خۆش بووە لە جێگایەکی پڕدارودرەخت، لە ژێر سێبەر، فێنک، موتالا بکەم. لەمێژ بوو ئێرەم لە ژێر سەردا بوو، بەڵام هەمیشە لەمپەرێک پێشی دەگرتم؛ تا ئەمجار بە هەر چەرمەسەرییەک بوو، خۆم گەیاندێ، کەچی ئێستا ...

– هەقت نییە پیاوخراپمان کەی! ئێمە دیمەن و ڕووداوی وامان دیوە هەر بۆ باس کردن نابێ. لە پێشدا هەموویان وەک تۆ ئاوا کتێبەکانیان هێنابوو، بەسنگیانەوە نووساندبوو، شەرم و ترس ئاوێتەی ڕوانین و ئاکاریان بوو. هێندە دەست و پێ سپی و ساویلکە دەیاننواند، پیاو بەزەیی پێیاندا دەهات، بەڵام ئەوە زۆری نەدەخایاند؛ وردە وردە گۆڕانیان بەسەردا دەهات. لە پێشدا نیگا و ڕوانینیان؛ ئیتر منداڵی و بێ گوناهیت نەدەدی لەناو چاویان، یەکڕاست گوناه و تووڕەیی زنەی دەکرد. بڵاودەبووەوە لە ناو ڕەگ و گەورە و بچووکەکانیاندا، گەرمی دادێنان، لەپڕ چاویان سوور هەڵدەگەڕا. ئاوقای یەکتری دەبوون. هەموو شتێک دەشێوا و داریان بەسەر بەردەوە نەدەهێشت. کتێبەکانیان دەخستە ژێر چۆکیان، ئیلاقەیان دەکردن. لەو کاتەدا لیکیان دەهاتە خوارێ، هاواریان دەکرد و بە مست لە سنگیان دەکوتا، ئەگەر دەرمان نەکرابایەن پەند و کارەساتێکیان دەقەوماند سەیر. بۆی هەبوو یەکتریش بکوژن.

«تۆ خەریکە کرمێ بی. زیپکەکانت دەخورێ، هەر ئەوەندەیە شێت نابی.»

تۆ کتێبەکانت داناوەتە عەرزی، لەسەر تەڕایی پەڵە پەڵەی ژێر دارەکان. بۆنی نم و تەڕایی هەڵدەلووشی، کار لە پێست و ئێسقانت دەکا؛ لە مێشکت. دەزانی ئیتر ئێرە بە کەڵکی تۆ نایە. دەزانی لەمڕۆوە بۆ تۆ گرینگ تێپەڕبوونە بۆ ئەودیو دارەکان، ئەو جێگایەی دارەکان لێی بێ خەبەرن و منداڵەکانیش پێی نەگەیشتوون.

ئایا واچاکە بەسەریاندا بقیژێنم؟

– ئێوە چۆن دڵتان هات...

ئەوان تەنیا منداڵ بوون، تەنانەت نەیاندەزانی چلۆن لە داوی چارەنووس خۆیان ڕزگار کەن. چۆن کاری واتان کرد لەگەڵیان... چۆن دڵتان هات...

هەمیشەی خودا لیکت شۆڕ بووەتەوە، بەردەوام خۆت دەخورێنی، دەڵێی ئۆقرەت لێ هەڵگیراوە، هەر ئەوەندەیە شێت نابی.



# دارستانی چیرۆکە ئەفسانەییەکان

غەمگین بۆلی

بەهۆی باران بارینی زۆرەوە، دارستانەکە درەختەکانی تێکچڕژان. دارستانی ئەفسانەکان لە ناوچەیەکی شاخاوی لاچەپدایە، نزیکەی چوار بۆ پێنچ کاتژمێر لە شاری مردووپەرستەکانەوە دوورە. ئەو پیرە پیاوانەی دوای نوێژی عەسر لەبن دیواری مزگەوتەکان دادەنیشتن و تەسبیحە قەزوانەکانیان لە گیرفان دەردەهێنا و دەستیان دەکرد بە چیرۆک گێڕانەوە. بەشێکی زۆری چیرۆکەکان لە هەناوی یاداشتەکانی خۆیانەوە ڕێچکەی دەکرد، ئەوەی تریشی بۆ ئەو چیرۆکە ئەفسانەییانە دەگەڕایەوە کە لە دارستانە تێکچڕژاوەکەدا هەمیشە چیرۆکەکانی نوێ دەکردەوە. ئەو دارستانەی کە هەزاران چیرۆکی ئەفسانەیی لەناو خۆیدا هەڵگرتبوو، وەلێ هیچ چیرۆکێک هێندەی چیرۆکی سەرهەڵگرتنی من لەم دەم بۆ ئەم دەم نەگێڕدراوەتەوە.

لە سەروەختی خوێندنم لە دوا قۆناغی کۆلیژدا، بە هۆی زۆر خوێندنەوە و گوشاری دەروونی و توێژینەوەی ورد و بەردەوام لەبارەی جۆرەکانی نەخۆشی و چۆنیەتی دروست کردنی دەرمانەوە، بەشێکی زۆری ئەقڵم لە دەست دا و بەو هۆیەوە وازم لە خوێندن هێنا. دواجار سەرم هەڵگرت بۆ ئەو شوێنەی کە زۆرترین چیرۆکی لەبارەوە لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتبوو.

سەرگەردانبوون و خووگرتن بەو دارستانە تێکچڕژاوە، خۆی لە خۆیدا چیرۆکێکی نوێ بوو بۆ شاری مردووپەرستەکان. چیرۆکەکەیان ناو نابوو: چیرۆکی دکتۆر گەلا. کە ڕووم کردە دارستانە تێکچڕژاوەکە، ڕۆژ و شەو

خەریکی توێژینەوە دەبووم لەبارەی شیکردنەوە و توێژینەوەی گەڵاکان، بۆ دۆزینەوەی دەرمان و چارەسەری تازەوە، ئەو ژوورەی کە لە دار و قوڕ و گەڵا و بەرد دروستم کردبوو، هەمیشە بۆنی دەرمانی لێ دەهات. لە ماوەیەکی کەمدا لەناو خەڵکی شاری مردووپەرستەکاندا وەها بڵاوکرایەوە، ئەگەر نەخۆشێک چارەسەری لەلای نەخۆشەکانی شار نەما، دوا چارەسەری ئەوەیە دەبێت بیبنە لای دکتۆر گەڵا. بەشێکی زۆری ئەو نەخۆشانەیش نەخۆشی شێرپەنجە بوون. ئەو نەخۆشانەی بە هیوا بڕاوی ڕەوانەی ماڵ دەکرانەوە و دواتر دەهێنرانە لای من، منیش دوای وەرگرتنی نەخۆش پێم دەگوتن:

– دوای هەفتەیەکی تر سەردانم بکەنەوە...!

تەواوی چارەسەرەکان بە گەڵای درەختەکان بوون، چارەسەرەکان بێ بەرانبەر بوون، تەنیا قسەم ئەوە بوو مرۆڤەکان بگەڕێنەوە بۆ سروشت و سروشت لە بیر نەکەن، چون ئەگەر مرۆڤەکان سروشت لە بیر بکەن، بێ گومان سروشتیش مرۆڤەکان لە بیر دەکات. دوای چارەسەرکردنی چەندین نەخۆش چیرۆکی دکتۆر گەڵا لەناو شاردا بڵاو بۆوە، ڕۆژانە لە چایخانەکاندا کوڕە گەنجەکان بەدەم تاوڵە و شەترەنجەوە، باسی ئەم چیرۆکەیان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە. پیرەپیاوەکان بەدەم دۆمینەوە، چیرۆکی بلیمەتی دکتۆر گەڵایان دەگێڕایەوە. ئەو ژنانەی ڕۆژ تا ئێوارە لەبەر دەرگەی ماڵەکانیاندا بە سینییەکی گەورەوە خەریکی بژارکردنی گەنم، یان برنج بوون، باسیان لە گەڕانەوەی مرۆڤەکان دەکرد بۆ نێو باوەشی سروشت. ئەو بەقاڵانەی کەوا لە بازاڕدا پڕوپاگەندەیان بۆ بەروبوومەکانیان دەکرد، جەختیان لەسەر گەڕانەوە بۆ سروشت دەکردەوە. لەماوەیەکی کەمدا خەڵکێکی زۆر ڕووی کردەوە سروشت، تەواوی پیشەسازییەکانیش بۆ ئەوەی کاڵاکانیان بە بەردەوامی فرۆشیان هەبێت، هەوڵیان دەدا زیاتر پشت بە سروشت ببەستن.

زستانێکی شووم و زۆر سارد هێرشی هێنا و نەخۆشی شێرپەنجەیش زیاتر لەناو شاری مردووپەرستەکاندا بڵاوبۆوە. دەمەو نیوەڕۆیەکی سارد کە لە خانووە بچووکەکەمدا خەریکی کوڵاندنی گەڵای درەختی سنۆبەر بووم. کچێکی بێچارە بەنەخۆشی شێرپەنجەی مێشکیان هێنایە لام، کچەکە لەبەر نەخۆشییەکەی ئاگای لە خۆی نەبوو، تەنانەت بەشێکی مێشکیشی لە دەست دابوو. دوای ئەوەی کچەکەم لە ژوورە پڕ هەڵمەکەدا لەسەر پارچە دارێک دانا کە بە وردە گەڵاو گژوگیای وشک دەورە درابوو، ئەوە شوێنی تایبەتە بە نەخۆشەکانم. دوای ئەوەی دۆستەکانی کچەکە بە گریان و غەمگینییەوە ئێمەیان جێ هێشت. خۆم و کچە نەخۆشەکە لە ژوورەکەدا بە تەنیا ماینەوە. هەستێکی سەیر لەلام دروست بوو، هەمیشە بەدیار کچە نەخۆشەکەوە دادەنیشتم و هەر بیرم لە جوانی دەکردەوە. زیاتر لە ڕوخساری زەردی گەڵا ئاسای وردتر دەبوومەوە. هیچ نەخۆشێکی ترم وەرنەدەگرت، ئاخر مێشکم وەک دارستانە تێکچڕژاوەکە، تێکچڕژابوو. هەموو ڕۆژێک دەرمانێکی تازەم بۆ لە گەڵای درەختەکان دروست دەکرد، وەلێ بێ سوود و بێ ئەنجام! ئەوانە منیان لە کارەکە سارد نەدەکردەوە، بەڵکو سەرگەرمتر بۆ سبەی بەرنامەڕێژیم دەکرد. دوای تێپەڕینی شەش شەو و پێنج ڕۆژ، ئەو ڕۆژە، واتە ڕۆژی شەشەم بڕیارم دا دوور بڕۆم و بەدوای درەختی تازە. درەختی تازە واتە دەرمانی تازە. پێم سەیر بوو کە دروست کردن و تێکەڵکردنی ئاوی ناو گەڵاکان هیچ کاریگەرییەکیان بەسەر نەخۆشییەکەیەوە نەبووە! بەرەو لوتکەی شاخەکە ڕۆیشتم، تەواو دوور کەوتمەوە و لە لوتکەی دارستانەکەدا درەختی تازەی زۆری لێبوو. بە پەلە کەوتمە ڕنینی گەڵای ئەو دارانەی کە بەرگەی زستانیان دەگرت. بەپەلە گەڕامەوە، سەیرە! هیچ شتێک وەک خۆی نییە؟ کچە نەخۆشەکە لە شوێنی خۆی نەماوە! دوای ماوەیەک بیرکردنەوە، نەمتوانی بگەمە هیچ بڕیارێک و هیچ سەرە داوێکیشم نەدۆزییەوە. تەواوی دەوروبەر گەڕام و نەمدۆزییەوە. ئاخر ئەگەر بەفر لەم دارستانە نەفرەتییە ببارییایە، ئێستا بە شوێن هەنگاوەکانی دەکەوتم و دەمدۆزییەوە. دارستانی چیرۆکەکان، دارستانی نەفرەتی تەنیا بارانی لێ دەبارێت، چەند ڕۆژێکیشە بارانیش نەباریوە. دەبێت ئەم کچە چی لێ بەسەر هاتبێت؟ ئەم دارستانە پڕە لە چیرۆکی ئەفسانەیی، ئاخر دەبێت ئەمەیش چیرۆکێکی ئەفسانەیی نەبێت!؟ ئەم دارستانە شێتترم دەکات، خەیاڵەکانم وەک چڕی دارەکانی بە ناو یەکدادا چوونە! پڕ بەدەمم هاوار دەکەم و هیچ کەسێک وەڵامم ناداتەوە! ئێستا زیاتر لە تەواوی ئەو شەو و ڕۆژانە بیر لەو کچە دەکەمەوە، حاڵم بەرەو خراپی دەڕوات! بەناو تەواوی

دارستاندا دەگەڕێم، ئیتر هەر نایدۆزمەوە و شەوم بەسەر دادێت. پڕ بە دەمم هاوار دەکەم و دەگریێم! دەکەومە سەر ئەژنۆ، هەڵدەستمەوە و ڕادەکەم، ماندوو دەبم و پێکەنین و گریانم لێ تێکەڵ دەبێت! ئێستا هەست بەوە دەکەم و ددانی پێدادەنێم کە شێتم! دیسان پڕ بەو دارستانە هاوار دەکەم:

– ئەی دارستـــان، من شـــێتم...! ئەی ئاژەڵە هاوڕێکانم، من شێتم...!

هیچ شتێک وەڵامم ناداتەوە! پێدەکەنم و خۆم وەڵامی خۆم دەدەمەوە! قسە لەگەڵ خۆم دەکەم! دەگەڕێمەوە بۆ خانۆچکەکەم. ئەو شەوە لەبەر بیرکردنەوە، خەو ناچێتە چاوانمەوە و لەگەڵ تاریک و ڕوونی بەیانیدا، هەمدیسان بەناو دارستانەکە دەکەوم و هاوار دەکەم. هێندە دەگەڕێم و هاوار دەکەم، تا ئەو ئەندازەیەی تاقەتی هەنگاونانم نامێنێت، لە شوێنی خۆمدا لەسەر ئەژنۆ دەچەمێم و بەدەم گریانەوە هاوار دەکەم هەتاکو دەنگم دەنووسێت. سەیری دەوروبەری خۆم دەکەم، دوای چەند کاتژمێرێک هەڵدەستم و بەبێ ئومێدی بۆ خانۆچکەکەم دەگەڕێمەوە. سەر دەکەم بە ژوورەکەدا و چاوی کچە جوانەکە نابینم، پێش چاوم تاریک دادێت و لەسەر چاو دەکەوم! بیر لەو ساتانە دەکەمەوە کە کچە نەخۆشەکە لە ژوورەکەم لەلام میوان بووە. بیر لە جوانییەکەی دەکەمەوە. بیر لەو بڕۆیانەی دەکەمەوە کە وەک دووباڵی نەورەسێک بوون بەسەر دەریایەکی هێمنەوە. بیر لە قژی ڕەشی خاوی دەکەمەوە، کە وەک گەڵای شۆڕەبییەکی سەر ڕووبار بەدەوری خۆیدا شۆڕ بۆتەوە. بیر لە لێوی بچووکی گۆشتنی ئاگرینی دەکەمەوە. بیر لە کوڵمە کەرتە خۆخە ئاساکەی دەکەمەوە.بیر لە هەموو شتێکی دەکەمەوە و خەم لە بێ سۆراغبوونی دەخۆم. ناوە ناوەیش پڕ بە دەمم هاوار دەکەم و یەک بەو دارستانەدا دەنگەکەم، دەنگ دەداتەوە. هەرکە گوێم لە دەنگدانەوەی دەنگی خۆم دەبێت، پێ دەکەنم و خۆم وەڵامی خۆم دەدەمەوە! بە دەنگێکی گڕ و پیاوانە پرسیار دەکەم! بە دەنگێکی نەرم و ناسکی کچانەیش وەڵامی دەنگەکەم دەدەمەوە. هێندە کچە نەخۆشەکەم بەناو دڵدا ڕۆچووە، حەز ناکەم چارەی هیچ نەخۆشێکی تر ببینم!

چەندین ڕۆژی بێ شەوم تێپەڕاند و هیچ هەواڵێکی کچە نەخۆشەکەم دەست نەکەوت. هەموو ڕۆژێک لەبەردەم خانۆچکەکەمدا چاوەڕێی کچەکەم دەکرد و شەوانەیش بیرم لێی دەکردەوە و بەدەم خەیاڵەکانمەوە قسەم لەگەڵی دەکرد و قەناعەتم بە خۆم دەهێنا. بە جۆرێک کچە نەخۆشەکە بەناو دڵمدا چوو بوو، کە هیچ کچێکی تر هەم لەسەر وەختی خوێندندا لە قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی و زانکۆیش نەچوو بوون بە دڵمدا.

ئەو ڕۆژە بیرم لە هەموو ئەو چیرۆکانەی کە بەسەرم هاتوون کردەوە، لەسەر پارچە دارێک لە پێش ماڵەکەمدا دانیشتم و وتوویژم لەگەڵ خۆم دەکرد، لەناکاو دەنگی تەپە تەپی کۆمەڵە پێیەک هات. سەیرم بەوە هات کە کۆمەڵە کەسێکن بەرەو لام دێن. چیرۆکی من ئێستا وەها بڵاوبۆتەوە لەشاری مردووپەرستەکان، کە دکتۆر گەڵا شێت بووە و چارەسەری هیچ نەخۆشێک ناکات. لەو کۆمەڵە کەسەی کە لە تووڵە ڕێیە باریکەکە بەرەو لام دێن، لێیان ورد دەبمەوە، هەستێکی سەیر لە دڵمدا دروست دەبێت. کە نزیکتر دەکەونەوە، لە خۆم و هەستەکەی خۆم دەگەم. ئەم کۆمەڵە کەسە، هەمان ئەو کۆمەڵە کەسەن کە مانگێک پێش ئێستا کچە نەخۆشەکەیان هێنایە لای من. ئەها خۆیەتی! کچە نەخۆشەکەیان لەگەڵە! بەدەم خەندەی پڕ لە شەکرەوە بەرەو لام دێت، من ئاگام لەخۆم نییە، باوک و دایکی کچەکە دەمخەنە ئامێزەوە. ماچم دەکەن. بە سوپاسی بێ وێنەوە خۆشی و شادی خۆیان دووپات دەکەنەوە. من ئیتر بڕیار نییە ئاگام لە خۆم بێت! دواجار دایکی کچەکە نێو چاوانیشم ماچ دەکات، یەک لە دوای یەک بە سوپاس کردنەوە ماچم دەکەن. دواجار کچەکە و ئەو کوڕەی کە لە هەمووان زیاتر بە گەرموگوڕتر ماچی دەکردم، سوپاسی خۆیان بۆم دووپات کردەوە.

یەکێک لە ناو ئەو کۆمەڵە خەڵکە دەیەوێت شتێک لەمنەوە بزانێت و دەڵێت:

– دوای ئەوەی کچە نەخۆشەکەمان ئەو ڕۆژەی کە بە ئاگا دێتەوە و سەیری دەوروبەری خۆی دەکات، بۆ ئەو، هەموو ئەو شتانە نامۆیە، کە دەشزانێت ئێمە دارستانی چیرۆکە ئەفسانەکانە، لە ترسان بەناو دارستانە تێکچڕژاوەکەدا ڕادەکات.

باوکی کچەکە قسە بە ژنەکەی دەبڕێت و ئەوە دووپات دەکاتەوە:

– خەڵکی گوندی (کڵاو فران)، بەڕاستی خەڵکی بە

شەرەفن. ئەوان کچەکەمیان لای خۆیان دالّدە دا و دواتر خەبەریان بۆمان ڕەوان کرد و ئێمەیش هێنامانەوە. دوای ئەوەی بە بۆنەی هاتنەوەی، ئاهەنگێکی بچووکمان سازکردبوو، دواکەوتین لە هاتنمان بۆ لای تۆ دکتۆر، ئیتر بەڕێز دکتۆر گەلّا دەبێت بە گەورەیی خۆت لێمان ببووری؟

ئەم قسانە وەک دلّۆپەکانی بارانن کاتێک بە گەلّاکان دەکەون. من هەر سەیری کچەکە دەکەم و بیر لەو جوانییە بێ هاوتایەی دەکەمەوە. ئێستا زۆر جوانتر بووە! سەرم لێ شێواوە نازانم ئەمە ڕاستە، یان هەر خەیالّ؟!

کچەکە دێتە بەردەمم و بانگی ئەو کوڕەی دەکات کە لەتەکی ڕاوەستاوە، کوڕە بالّابەرزە پۆشتەکەیش دێتە بەردەمم و ڕادەوەستێت، کچەکە دەیەوێت شتێک بلّێت، وەلێ کوڕەکە بەر لە ئەو دەلّێت:

– سوپاس بۆ ئەوەی دووبارە ڕوحت خستەوە جەستەی دەستگیرانەکەم، لە ڕاستیدا من بێ ئومێد ببووم لە ژیانی، دوای دوو هەفتەی تر زەماوەند دەکەین، تۆش دەبێت ئامادە بیت لە ئاهەنگەکەمان، چونکە ئەوە یەکێکە لە مەرجەکانی دەستگیرانەکەم؟

بێ دەنگتر وەک هەمیشە بێ دەنگ، خەیالّم بە بیستنی ئەو قسانە، هیچ قسەیەک ناتوانێت بارگاوی بکات! دووبارە کوڕەکە دەیەوێت بە قسەم بهێنێت، وەلێ دیسان لە بیرۆکەکەی سەرناکەوێت. بیر لەخۆم دەکەمەوە و سەیرم بەوە دێت کە ناتوانم قسە بکەم و وەلّامی پرسیارە جەرگبڕەکانیان بدەمەوە. تەواوی ئەوانەی هاتوونەتە لام، دەیانەوێت وەک منداڵ بە قسەم بێنن، گوشاری زۆری قسەکردنم دەخەنە سەر، بە تووڕەبوونێکی زۆرەوە خۆم دەخەمە ناو خانۆچکەکەمەوە و دەرگاکە لەسەر خۆم دادەخەم.

یەکێک لەدەرەوە دەلّێت:

– ڕەنگە بە تەواوی شێت بووبێت و ئاگای لە ئێمە نەبێت! ئەم دارستانە پڕە لە چیرۆکی ئەفسانەیی، ڕەنگە ئاگای لەوە نەبێت کە هاتووینەتە لای. ئاخر ئەو هەموو قسەمان لەگەلّی دەکرد، نازانم چۆن وەلّامی پرسیارێکی نەدەداوە و قسەیەکی نەدەکرد، بۆیە وازی لێ بهێنن، هەندێک پارەی بۆ بەجێ بهێلّن و بابڕۆین.

ئەو ڕۆژە و تەنانەت شەوەکەیش لە ژوورەکەمدا بە بێ دەنگ، خۆم خستەوە ناو خەیالّەکانم، وەلێ خەیالّەکانی ئەم جارەم پڕبوون لە هەژێنی دەروونم بە کەسەری سەر بە چەقۆ. پرشنگی بەیانی ئەو ڕۆژە لە بن دەرگەوە دێتە ژوورەکەوە، لە ناو خەیالّەکانم ڕام دەپەڕێنێت، وەک کەسێک لە بێ ئاگاییدا سەتلّێک ئاوی بەسەر دابکرێت، وەها ڕاپەریم و ڕام کردە دەرەوە. سەیرم کرد کۆمەلّە پارەیەک لە پێش دەرگەکە دانراوە، بەردێکیان خستۆتە سەر. بە بینینی پارەکان، ئەشک لە چاوانم دەهاتە خوارەوە و پڕم دایە پارەکان و جڕ بە جڕم کردن و بە هەوادا بلّاوم کردنەوە. تاوێک گریام و شێتایەتیم گەیشتە ئەوەی کە ڕقم لە هەموو شتێک ببێتەوە، تەنانەت لە خۆشم! پێلەقەیەکم لە دەرگا تەنەکەکە دەدا و لێم دەکردەوە. خۆم دەخستە ژوورەکەوە و تەواوی کەلوپەلەکانم شکاند، تاکو ماندووبوون کەوتمە تێکدانی خانۆچکەکە.

دوای نیو کاتژمێر...!

پارچە دارەکە لە شوێنی خۆی هەلّدەگرم و دەیبەم لە شوێنێکی تر بەرانبەر خانۆچکە ڕووخاوەکە دایدەنێم، لەسەری دادەنیشم. ئەشکە حەسرەتبارەکانیش بەهێمنی لە چاوم دێنە خوارەوە.

بیر لەو دەکەمەوە...

**٢٠١٢ – بەفرانبار**



# تەنوور، ب کووڤە چوو؟

**دلوڤان چەتۆ**
**(قامشلو)**

ل بێندەرێ گوند زارۆک گهانە هەڤ، و ژهەڤرە گۆتن ئەمێ ئیرۆ ب چ بلەیزن. هنەکا گۆتن ئەمێ ب چرێ بلەیزن، هنەکا گۆتن ئەمێ ب هسۆمەین بلەیزن، هەریەک دخوازێ ب لەیستکەکێ بلەیزە، مهەمەدۆ ژ ناڤ وان خوە ڤەقەتاند و گۆت: لاوۆ ئەمێ دناڤ خوەدە پشک بکن و ئەمێ تەڤدە بیا شێورا گەلەک بکن. ژ ناڤا مالا سەرێ عەڤدێ خویانیکر و ب سەر زارۆکێن جڤاندی دە هات و ل پێشیا خوە گۆکەکێ داژۆیێ، وێ چاخێ یەکی ژ ناڤ وان گۆت بخوەدێ ئەمێ ب گۆکێ بلەیزن.

زارۆکان تەڤا رازیبوونا خوە دان، لێ عەڤدێ ژ وانرە گۆت: بنەرن گۆکا من نە چەرمیە یان ژی لاستیکیە. هاجیۆ بانکر و گۆت: ناخوە پاچکیە! ئەڤدێ گۆت: نا، نا هەسنیە لێ نە گەلەکی گرانە و ئەمێ کاربن پێ بلەیزن. زارۆکان خوە کرن دو گرووپ و دەست ب لەیستکا گۆکێ کرن. وێ رۆژێ لەیستن تا رۆژ چوو ئاڤا، پاشێ هەریەک چوو مالا خوە و گۆکا هەسنی ل بێندەرا ما.

د وێ هەفتییێ دە زارۆک ژ خوەرە ب وێ گۆکێ دلەیستن و هەر رۆژەکێ ل تارەکێ د لەیستن، جارنا ل باکوری گوند بوون و جارنا ل بارەشی گوند و گەلەکێ جاران هنەکا ژ وان گۆک بخوەرە دبرە مالێ.

رۆژەکێ مینا هەر رۆژ زارۆک بگۆکێ دلەیستن تا رۆژ ئاڤا و هەر کەس چوو مالێ، سالحۆ گۆک دابەر خوە و ب پەینا لێدخێ تا گهاندە دەڤێ دەرێ مالێ، داوی ژ گۆکێ پاشکەت و پەینەکە خورت لێدا و چوو مال. سەرێ سبەهێ زوو دایکا سالحۆ، سلتانێ هەڤیرێ خوە کر و تاشتێ ژ زارۆکان رە چێکر و کارێ مالێ قەداند، ل هەڤیرێ خوە مەیزاند ڤایە ترش بوویە. بلەز دارک و تەپک و سەرگێن بەردانە تەنوورا ل دەڤێ دەری و ئاگر دادا، ئاگرێ تەنوورێ خورتبوو و رمیا وێ ب سەر دەڤێ تەنوورێ کەت، دارک و تەپک بوونە پەرەنگێ سۆر و ئاگر هێدی هێدی دبهوورێ. پیرەک بەری

نانێ خوە پێڤەدن کەڤرەکی مینا لەپەکی دخنە قولا تەنوورێ یا خوار، سلتانێ چاڤێ خوە ل کەڤرەکی گەڕاند ل دۆرا تەنوورێ، تشتەک نەدیت چەند گاڤەکی ب ور دە چوو ئەو گۆکا هەسنی دیت، راهشتییێ و ئانی خستە قولا تەنوورێ و چوو ئالییێ مالێ هەڤیرێ خوە بکێ گلۆک و بینێ پێڤەدێ. لێ چاخا سلتانێ هەڤیر دکرە گلۆک دەنگەکی پڕ بهێز و بلند هاتە گوهێ وێ و جاما پەنجەرێ هەژا. بلەز دەڤ ژ هەڤیر بەردا و دەرکەتە دەرڤە، چ ببینێ!!!

چاڤێ خوە ل تەنوورێ دگەڕینێ لێ نەخویایە. جیران و خەلکێ گوند لێ جڤیان و هەرکەس دخوازێ زانبێ چ قەومیە، ل دەڤێ دەرێ مالا سالحۆ بوو قیامەت، کەسێ ژ داویا گوند هاتن گۆتن باڤۆ قەتێ تەنوورێ گەهشتنە داویا گوند. وێ چاخێ تەنێ سلتانێ زانیبوو کو ئەو گۆکا هەسنی کو خستبوو قولا تەنوورێ بومبە بوو. هەرکەس ڤەگەڕانە مالێ خوە پشتی دلخوەشکرن دانە سلتانێ و گۆتن مالا خوەدێ ئاڤا کو تو یانژی هنەک ژ زارۆکا ل دەڤێ تەنوورێ نەبوون وێ چاخا بومبە تەقی.

ئێڤاری ل مالێ عەڤدێ ژ دێ و باڤێ خوە پرسی: گەلۆ ئەڤ بومبە ژ کوو هات؟ وێ چاخێ باڤێ وی گۆت: لاوۆ ئەڤ بومبە ژ سینۆرێ ترکیایێ تێن، شڤان و گاڤان لبەر سینۆر پەز و دەوارێن خوە دچێرینن و دبە کو د ریا واندە هاتبە یان ژی پیرەک ژ خوەرە ئێزنگان ددنە هەڤ ل نێزیکی سینۆر و دبە کو د ریا واندە بە و ئەڤ نە جارا پێشیە کو بومبە تێنە تەقاندن دناڤ خەلکێ سڤیلدە، بەریا چەند سالا زارۆکن ژ گوندێ مە (تلزیوان) ل نێزیکی سینۆر ژ خوەرە دلەیستن دناڤا واندە بومبەیەک تەقی و دەستێ کوڕ و کەچەکێ ژ وان هاتە ژێکرن و لنگێ کەچەکە دی ژێبوو. باڤێ عەڤدێ هنەکی پوونژی و بەرێ خوە دا کوڕێ خوە و گۆت: ڤێ تەقینا بومبێ تشتەکی دی ئانی بیرا من، ب دەڤ کەنی گۆتنا خوە بەردەوام کر: سالەکێ ل ئالییێ یان ژی ل رەخێ گوندێ گرکێ زێرا جامێرەکی پەمبوو چاندبوو و چەمەک ژ سینۆرێ ترکیێڤە هەبوو نێزیکی پەمبوو د حەرکی، خوەدانێ پەمبوو چەند زلام ژ گوندێ تلزیوان و گوندێ قەرەهەسەنێ گرتن و ژ وان خوەست سکر لبەر ئاڤێ چێکن ژ بۆ ئاڤێ بەردە سەر پەمبوو.


زلامان بێر و قازمێ خوە برن و دەست ب چێکرنا سکر کرن. هنەک کەڤران داتینن و هنەک چیما ژێدکن و هەریەکی کارەکی دکێ. جارەکێ (ئۆسمانێ رەبیۆ) ژ قەرەهەسەنێ بێرا خوە ل عەردێ خست لێ ئەو جارا داوی بوو کو بێرا خوە ل عەردێ بخێ، سەرێ بێرێ کەتە سەر بومبەیەکێدە و بواندە تەقی،.عوسمانۆ د جیدە مر و مرۆڤەکی ئەرناسی بوانرە بوو ئەو ژی مر و ژ گوندێ مە مەجیدۆ و تەوفیقۆ و سلێمانێ عوسێ و برێ حەجی دەندە ژ قەرەهەسەنێ بریندار بوون. ڤێ داویێ برێ ژی ژیانا خوە ژ دەست دا. گوندی چوونە هەوارێ و لاشێ مریان کشاندنە مال و کەسێ بریندار ل سەر ئەرەبەکە ڤانتران کرن و بلەز بسەر گوند دە ئانین، لێ دبێژن سلێمانێ عوسێ زکێ وی هاتبوو چراندن و رۆڤیێ وی رژیابوونە عەردێ و چاڤەکی وی رژیا، لێ ئەو ژ هشێ خوە نەکەت و رۆڤیکێ خوە پاڤژ کرن و دەسمالا خوە لسەر گرێدا تا هەوار هاتە بوانڤە. گەودێ سلێمانۆ دناڤ جلکەکێدە ل بێندەرێ گوند دانین و لسەر سەرێ وی بوویە قیر و قیامەت و خەلک ل سەر دگرین ژ بەر برینا وی یا مرنێیە. خەبەر دانە خانما وی و ژ نشکاڤە قیرە قیرا وێ ژ دوورڤە هات و گۆت: براوۆ باڤێ دریێ و ب تەپا ل خوە دخێ. دەنگێ وێ کەتە گوهێ سلێمانۆ دە و د ڤی وەختی دە گوندیا رێ ژێرە ڤەکرن دا کو خوە بگەهینێ سەر لاشێ وی، لێ سلێمانۆ بخوە مرۆڤەکی خنانیبوو و کێفا وی پڕ ژ حەنەکانرە دهات و ژ جڤاتێ پیرەکان ژی حەسدکر. دەما دەنگێ وێ بهیست بانکر و گۆت: کەچێ پتێ نەتنسە نەتنسە ئەز باڤێ دنێ، مە ما قەی ئەزێ ب بومبەکێ و ددوان بمنم، ئەمانەتێ تەژی ساخنەمە و تشتەک پێ نەهاتیە.

کەسێ ل دۆرا سلێمانۆ گریێ خوە سەکناندن و دەست ب کەن کرن.

سلێمانۆ و بریندارێن دی ژ برینێ خوە رەحەت بوون و ژیانا خوە بەردەوام کرن مینا هەرکەسی. لێ ئەڤ نە بومبا پێشیبوو و نە یا داویە ژی .

*** تلزیوان – قەرەهەسەن – گرکێزێرا: ئەڤ هەرسێ گوند دکەڤنە رۆژهلاتی باژارێ قامشلۆ قەدەرێ پازدە کیلۆمەتران و قەرەهەسەن و گرکێ زێرا نێزیکی سینۆرێ ترکیێ نە قەدەرێ کیلۆمەترەکی تەنێ، لێ تلزیوان قەدەرێ سێ تا چار کیلۆمەتران دووری سینۆرە.**

*** چیم: ئاخا ل دەڤێ چەمان کو گەیا دناڤدە شێن هاتیە و رەهێ خوە بەردانە بنێ عەردێ و تەڤ بهەڤرە دبوو یەک پارچە.**



# گۆڕ هەڵکەنەکان

سادق چووبەک
لە فارسییەوە: قادر عەلیخا
(بۆکان)

منداڵان خەجیجیان گەمارۆ دابوو. دەتکوت ڕەوە سەگێکن و گوڕێکی غەریبیان دەست کەوتووە. ئەم سەروسەری ڕاستەڕێی بازاڕەکە دوای کەوتبوون و هاواریان دەکرد:

**(حەیای چوو ئابڕووی چوو**
**زۆڵی لە زگدایە**
**حەیای چوو ئابڕووی چوو**
**زۆڵی لە زگدایە)**

کچۆڵەکە بەپێ خاوسی و کراسە کەرباسییەکەیەوە، کە لەسەر شانییەوە هەتا بەر زگی هەڵدڕابوو. بە پەرێشانی و پەشۆکاوییەوە زگە زەلام و داشۆڕاوەکەی بەکێش دەکرد و دەرۆیشت.

وەردە کا و نوسەنەکە، تاڵ تاڵی قژەکانیان لە یەکتری گرێ دابوو، وەک خوری ئاڵۆسکاوی مەڕ بەلاجانگیدا شۆڕ ببوونەوە.

هەرکە گەیشتە بەر درگای نانەواییەکە ڕاوەستا. زگە زل و داشۆڕاوەکەی شەپۆلێکی دا و چاوەکانی پەڕییە ناو ناندینەکەی بەر دەست کابرای نانەوا. کوڕێکی چکۆلە لە دواوە تلێشی کراسەکەی گرت و ئەوەندەی دیکەی دادڕی. ئەو چاوانەی وەک دوو کۆتری برسی لەسەر نانەکان نیشتبوونەوە نەجووڵان. مورەغەی پشتی چزەیەکی لێ هەستا. بە بێ وازییەوە دەستێکی بۆ ئەو شوێنە برد کە هەڵدڕا بوو. بڕێکی داماڵی و چاوەکانی بەرەو نانەکانی نێو ناندینەکە ماچیان فڕی دەدا. چاوەکانی لە نانەکان هاڵا. کابرای نانەوا کە لە پشت تەرازووەکە ڕاوەستابوو جووڵا و قورساییەکەی لەشی خستە سەر ئەو لاقەی دیکەی. دەستێکی بە ناندینەکەیدا گێڕا. کچۆڵەکە چووە پێشێ و

دەستەکانی بۆ وەرگرتنی نان پان کردەوە. گووپەکانی وەک زگی هەستان، نانەکانی لە نێو دەستیدا گرمۆڵە کرد. دەمی جێگای ئەوەی نەبوو هەتاکو نانی دیکەی تێ ئاخنێت.

(ئاخر تۆ کەنگێ ئەو زگەت دادەنێی؟ بۆ ناڵێی کێ وای لێ کردی؟ با بزانم ئەو توڵەیەی زگت لە کێیە، هەتا رێگا چارەیەکت بۆ بدینمەوە. هەتا پێملی کەم دەستێک بە ئەو سەر و ملەتدا بێنێ و لە ئەستۆت بگرێ و خاوێنت کاتەوە.) هەموو هەوڵی کابرای نانەوا ئەوە بوو شتێکی لە ژێر زمان دەرکێشێ و کچۆڵەکەش هیچ وەڵامێکی نەدەدایەوە و ئێستاش دەتکوت لە دەمی هار بەر بووە و لە قاتییەوە هاتووە، لەپەستا دەیخنییە دەمی و بەبێ ئەوەی نانەکان بجاوێت قووتی دەدان و چاوەزەقەکانی لە کابرای نانەوا بڕیبوو.

سەگ تێری لە دەم و چاوی دەخوارد و چەوری و چڵێکی هەموو پێستەی لەشیان سواغ دابوو. دەستەکانی قرتاغەیان بەستبوو. منداڵان لێی نەدەبوونەوە. بە چوار دەوریدا هەر ملۆمۆیان بوو. پاڵیان پێوە دەنا. بزیان پێوە دەکرد. بە بەرد لێیان دەدا و بە دەنگی بەرز وێکڕا دەیانچڕی:

**(حەیای چوو،ئابڕووی چوو**
**زۆڵی لە زگدایە**
**حەیای چوو، ئابڕووی چوو**
**زۆڵی لە زگدایە)**

(ئاخر کچەتیو تۆ بۆ چی ئەوەندە لاگری؟ با بزانم باوکی کێیە؟) کابرای نانەوا درێژ و ڕەقوتەق بوو. دەتکوت کۆڵەوەژە. هەر تاوێک دەکەوتە سەر لاقێکی. خەجیج چاوەکانی تێ بڕیبوو پێڵووی نەدەترووکاند. لە ناکاو کەسێک لە پشتەوە پاڵی پێوەنا و ئەو وەکو کەسێکی لاواز و بێ هێز کە نەتوانێ خۆی ڕاگرێ. ملی ڕێی گرت و بەڕێ کەوت. منداڵان وەک هاجوول و ماجوول وە شوێنی کەوتن. یەکێکیان کە قوونەگێزەرێکی بە دەستەوە بوو گازی لێ دەگرت لە منداڵەکەی پەنا دەستی پرسی.

- ئەرێ ئەو کچە چی کردووە؟
- زۆڵی لە زگدایە.
- زۆڵ یانی چی؟
-یانی ئەوەی دیار نییە بابی کێیە.
- بابی کێ دیار نییە کێیە؟
- بابی ئەو منداڵە بیژووە.
- لەبەر چی دیار نییە کێیە؟
- لەبەر ئەوەی دیار نییە ئیتر.
- جندەیە ئیدی.

کوڕەکە هەتا هێزی بوو، قوونە گێزەرەکەی فڕێ دا و دای بە پشتی کچەکەدا. لەپڕێک دانەوی، چاوە ترساوەکانی بە عەرزەکەدا گێڕا و بە دوای بەردێکدا دەگەڕا. بەردێکی گیرنەکەوت. هەر توێکڵە هەنارێکی بەر دەست هات کە بەرەو منداڵەکان فڕێی دا و هەر یەکەی بە لایەکدا هەڵاتن. بە شوێن منداڵەکان کەوتبوو. زگە زل و شۆڕەکەی وەک دۆدانەیەکی پڕ لە دۆ، هەر بەم لاو ئەو لادا دەکەوت و مەمکە شۆڕ و داچۆڕاوەکانی لەسەر سنگی کەوتبوونە هەڵبەز هەڵبەز و سەمایان دەکرد. گەراوە و درێژەی بە ڕێگاکەی خۆی دا و دیسان منداڵەکان وە شوێنی کەوتن و چەپڵەیان لێدا و هاواریان کرد.

**(ئابڕووی چوو حەیای چوو**
**زۆڵی لە زگدایە)**

پۆلیسێک بە تفەنگەکەی شانییەوە بەوێدا تێدەپەڕی، ڕێبوارێکیش بوو بە هاوڕێی پۆلیسەکە. ئەویش چرایەکی زەردی هەڵنەکراوی بە دەستەوە بوو. بەبێ دەنگی شان بە شانی یەکتری دەڕۆیشتن. یەکتریان نەدەناسی. کابرای ڕێبوار بە پۆلیسەکەی کوت: دەڵێی نایەوێت ئەم بیژووە فڕێ دا. زۆر لە مێژە بە دەست ئەم زگە زلەیەوە دەناڵێنێ.

- ئاخرییەکەی هەر نەزانرا ئەو منداڵەی لە کێیە؟
- هەر کەس بێ خەڵکی ئێرە نییە. دەڵێن لە کوڕێکە خەڵکی ئەو دێیەی سەرێیە. دنیایەکی سەیرە قوربان.
- بۆیە خێروبەرەکەت هەڵگیراوە. خوا بکات خۆشی بەسەر زگەکەیەوە بچێت و منداڵەکەش بمرێت.
- زۆرجار مرۆڤ لە کاری خودا سەری سوڕ دەمێنێ. خودایە بمبوورە. ئەم کچە لەم شارە چەندەی شەپ و لێدان لێ کەوتووە، کەچی ئەو منداڵەی هەر لە بار نەچوو.
- کوڕە بریا هەر شەپ و لێدانەکە بوایەت، هێشتا زگی دوو مانگانە بوو کە مەشەدی غولام ڕەزا ئاغای گوندی(سیاە کولا) بردی و نیروئامووری لە مل بەست و جووتی پێکرد. دەیکوت نابێ منداڵی بیژوو لە نێو خەڵکدا بێت و بچێت. هەر چەندی هەوڵی دا ئەو منداڵەی هەر لە بارنەچوو. ئەو منداڵە وەک سەگ وایە، هەروا بە ئاسانی خۆی بە دەستەوە نادات.
- مەشەدی غولام ڕەزا مرۆڤێکی دیندار و لە خودا ترسە. دەیناسم. ڕاست دەکات. هەر کارێکی کردبێ

دەستی خۆش بێ.
– بەڵێ، هەواڵیان بە دایرەی پۆلیس دا کە لە (سیاکولا) کچێک ئەوە خەریکە دەمرێ. هاوڕێ لەگەڵ جەناب سەروان چووین بۆ ئەوێ و دیمان لە نێوەڕاستی مەزراکەدا کەوتووە و خوێنی لەبەر دەڕوات. چەند کەسێکی لە خەڵکی گوندەکەش دەوریان دابوو. مەشەدی غولام ڕەزاش بۆ خۆی لەوێ بوو. کە لێپرسینەوەمان لە ڕووداوەکە کرد. ئاشکرا بوو کە مەشەدی غولام ڕەزا بەستوویەتی بە ئاموورەوە. هەموومان سوپاسی خودامان کرد کە منداڵەکەی لە بارچووە، پاشان کچە هەستا و ملی ڕێی گرت و ئێمەش گەڕاینەوە بۆ دایرەی پۆلیس و دوایی وەک ئەوەی مێشێکیش نەیگەستبێ، ئەوە زەقو زیندوو دەگەڕێ و منداڵەکەشی لە بار نەچووە.

لە نێوەڕاستی بازاڕەکەدا کابرایەکی دێهاتی زەبەلاحی ئەستوور، زنجیری بەچکە ورچێکی بە دەستەوە بوو دەرکەوت. منداڵەکان بە دیتنی بەچکە ورچەکە ئەوەی بە دەستیانەوە بوو بەرەو کچەکە فڕێیان دا و کەوتنە شوێن کابرا و بەچکە ورچەکە. کچەکەش ئاوڕی داوە و چاوەکانی بڕیبە بەچکە ورچەکە. توێژاڵی پێکەنینێک نیشتە سەر لێوە ئەستوورەکانی و چەند هەنگاوێک بە شوێن بەچکە ورچەکە کەوت. دیسان ڕاوەستا و چاوی لێ کردن و دیسان گەڕاوە و درێژەی بە ڕێگاکەی خۆی داوە.

هەتاو خۆی لە نێو دارستانەکە شاردەوە و کارەبای سەرشەقام و نێو دووکانەکان هەڵکران. لەو تەویلەی شەوانە خەجیجی تێدا دەخەوت. دوو گوێدرێژیشی تێدا بوو، کەردارێکی پیر خاوەنی ئەو گوێدرێژانە بوو. تەویلەکەش هی ئەو کەردارە پیرە بوو،کە لە دیوێکی چکۆلەی پەنا تەویلەکەدا لەگەڵ ژنە یەکەڵەچاوەکەی لەوێدا دەژیان. کابرای پیرە بەو کەرانە کاری دەکرد و لەو کاتەوە گوێدرێژێکیان نەخۆش کەوتبوو و نەیدەتوانی لە جێی خۆی بجوولێ. هەر بە کەرێکیان دەچووە کار.

تەویلەکە تاریک بوو. دەرگا و لاشیپانی نەبوو. بە کەلەبەرێک کە لە دیوارەکەیدا بوو هاتوچۆیان دەکرد. کەرێکیان لەسەر ئاخوڕەکە خەریک بوو دەلەوەڕا و کای دەخوارد. ئەو کەرەی دیکەشیان بەلادا کەوتبوو دەست و لاقی درێژ کردبوون و کەوتبووە هەناسەبڕکێ. کچەکە سەرەتا گوێدرێژەکانی نەدیت، بەڵام هەستی پێکردن. هەموو شەوێک کە دەهاتەوە بۆ نێو تەویلەکە لە سەرەتاوە هەروا بوو. کەرێکیان دەجووڵاوە و ئەوەی دیکەشیان لرخەلرخی بوو، پاشان کاتێک چاوەکانی بە تاریکییەکە ڕادەهات هەردووکیانی دەدیت و چاوی بە ئەو جلە خەنەییانەیان دەکەوت کە بە سەریاندا درابوو و گەرم داهاتبوون. یەکسەر بەرەو ئەو کۆگا پەینەی کە لە قوژبنی تەویلەکەدا هەڵدرابۆوە چوو. زگە زەلامەکەی بە سەردا دا و ماوەیەک لە نێو خەستایی تاریکییەکەدا هەڵکوڕما. هەستی بە جووڵان و هەناسەکێشانی کەرەکان دەکرد، پاشان لەسەر گازەراکەی پشت ڕاکشا و چاوی بڕیبە میچی قورماوی و بەورینگ گرتووی تەویلەکە. لە دیوە چکۆلەی پەنای تەویلەکەوە دەنگی خاوەن ماڵ و ژنەکەی پەردەی گوێیان دەلەراندەوە.

(پێم خۆش نییە کەسێک منداڵی زۆڵی لە زگدابێ و بێتە ماڵەکەمەوە. خێروبەرەکەتی ماڵەکەم دەبڕێ.)
پیرەپیاوەکە ئەمەی کوتبوو، پیرێژنەکەش وەڵامی دابۆوە. (چ خێروبەرەکەتێک؟ بۆ نەکا پیاوەکە خودات لە بیر چووبێتەوە؟ سەگ لەو تەویلەیەدا ناژی. بە مەی ئەو منداڵۆچکە بەستەزمانە لەو سەر پەینەی قوژبنی ئەو تەویلەیەدا دەخەوێ. کارەکەی تۆ پێتی نامێنێ؟) پیرەپیاوەکەش کوتبووی: (کارەکەم پیتوبەرەکەتی نەماوە. ئەوە نییە کەرەکەم خەریکە دەتۆپێ. ئەی هۆکاری هەموو ئەوانە چین؟ سبحەینێ ئەگەر زا و منداڵی بوو دەبنە دووان. ئەو کەرەی دیکەشم لێ نەخۆش دەخەن.) ئیتر پیرێژن هیچی نەکوتبوو. کچەکەش چاوی بڕیبووە دەستەک و کاریتەی ئازار چێشتووی بن میچەکە و بۆگەنی پەین و پاڵەکەی هەڵمژیبوو.

بۆنی ئەو پەین و پاڵەی پێ خۆش بوو. بۆنی کپی و بێدەنگی لێدەهات. بۆنی خەوی لێ هەڵدەستا. جێگاکەی گەرم و نەرم بوو. دەست و لاقی دەکرد بە ژێر پەینەکەوە و گەرمایی بن پەینەکە دەست و لاقیان ختیلکە دەدا و لەوێوە بەرەو هەناوی هەڵی دەلووشی. لرخە لرخی کەرە نەخۆشەکە لەپەستا دەیکێشا بە بنی گوێچکەیدا. دەیزانی کەرەکەیە کەوتووە، زەلیلە و هەر چییەکی لە بەردەمیان داناوە نەیدەخوارد و بە دایمە چاوەکانی زەق زەق دەڕوانێ و هەر لرخە لرخییەتی. چاوی لە تاریکاییەکەی نێو تەویلەکە بڕیبوو. چوبووە نێو ماڵی فکرەوە:

(لەوانەیە جاشکە کەرێکی کوڵکنم ببێت. جاشکەکەر زۆر جوانە. مرۆڤ هەر حەز دەکات لە ئامێزیان گرێ و ماچیان کات. لەوانەشە بەچکە ورچێکم ببێت. وەک ئەو بەچکە ورچەی ئەوڕۆ لە نێو بازاڕ دیتم، چەندە جوان بوو.

نازانم لەبەر چی لێیان دەدا؟ ئەگەر هی من بوایە، لەگەڵ یەک دەرۆیشتین و خۆمان دەکرد بە نێو ئەو دارستانەدا. ئەو کات ئیتر شێر و پڵینگیش کاریان پێمان نەدەبوو. نا، سەرەتا هەڵمەدەگرت و دەمبردە ماڵی قاسم هەتا چاوی بەو ورچە گــــەورە بکەوتایە و زراوی چووبا. دەمکوت دەی یاڵا ئەگەر تۆ ئاوا زگت پڕ کردووم، دەوەرە مارەشم کە، ئەگەر لە خۆتم مارە نەکەیت بەو ورچە دەڵێم بتخوات، بەڵام ئەگەر هاتو مارەشی نەکردم بە ورچەکە ناڵێم بیخوات. قاسم کوڕێکی زۆر چاکە.)

هێشتا لێوەکانی بە دەم بزەوە نەکرابوونەوە لە پڕ ژانێکی سارد بە بەر زگ و بەر ناوکیدا تێپەڕی. دڵی کەوتە لێدان و لەسەر پەینە گەرم داهاتووەکە کەوتە جینگڵدان. نەرمە ژانەکە وەک بریسکەیەک زوو هات و تێپەڕی. لەشی خاوەوە بوو. لەو فکرەدا بوو ئەو ژانە چ لە ناکاو هات و چ زوو تێپەڕی. کە ژانەکە دیسان سەری هەڵداوە و هەموو گیانی کەوتە سەر ئارەقە و لە جێگاکەی هەستا و دانیشت و لەسەر عەرزەکە قینچکەی کرد و بە پشتدا کەوت و کەوتە سەر شان و دیسان هەستاوە دانیشت و لەشی بوو بە ژێر نوێنێک لە ئارەقە و جینگڵێکی لە خۆی دا و دیسان تەوژمی ژانەکە ڕەوییەوە و لەشی کوتراوە و وەک تەرمەک کەوتەوە سەر کۆگا پەینەکە. بوومەلەرزەیەکی ژان و ئێش هەموو گیانی داگرتبوو. دیسان چاوەڕوان مایەوە. نەیدەزانی ئەو ژان و برکە لە کوێی لەشییەوە سەری هەڵدابوو. هەموو گیانی دەلەرزی و هەستی کرد نێو زگی سووک بووە و قورساییەکەی وردە وردە خەریکە دەڕەوێتەوە. دیسان سەرلەنوێ ژانەکە سەر هەڵدەداتەوە و گوشار دێنێ و ئیتر نارەوێتەوە. چنگ دەکا بە پەین و پاڵەکەدا و دەیکا بە سەر و پرچی خۆیدا. ددانەکانی لە چیرەوە دێنێ و چرنووک لە لەشی خۆی دەگرێ. فرمێسک و ئارەقە سەروچاویان خووساندبوو. هەموو گیانی لە خۆڵ و پەین وەردرابوو. زریکە و هاوار لە دەروونییەوە هەڵدەقوڵی و لەشی وەک ماری سەر سکڵ جینگڵی دەدا و هەر تاوەی بەلایەکدا دەدرا و سەرەوقوون دەبوو. ژان و دەرد چنگیان دەخستە دڵییەوە و دەیناڵاند و دەگریا.

چرا پڵیتەیەکی لەرزۆک کە دووکەڵێکی ڕەش وەک مێزەرێک لە دەوری پڵیتەکەی ئاڵا بوو ڕەشایی چەق بەستووی نێوتەویلەکەی ڕەواندەوە. لەگەڵ شەوقەکەدا پیرێژنێک و پیرە پیاوێک خزانە نێو تەویلەکەوە. چراکە بە دەستی پیرێژنەکەوە بوو. ئەوان بە ترس و لەرزێکی زۆر و هەستێکی ئاڵۆزاو و تۆفانییەوە بە شوێن ئەو دەنگ و هاوارە پڕ لە شەرم و ڕیسواییەدا دەگەڕان کە لە قوژبنی تەویلەکەوە هەڵدەستا. پیرێژنەکە دیتی و هەستی پێکرد و کوتی: (ئەتۆ مەیە. ڕووت ڕووتە.) پیرە پیاوەکەش سەری بەردایەوە و لەبەر خۆیەوە بە خەمباری و بە پەرێشانییەوە کوتی: (ئەتۆ هەر چی دەڵێی بیڵێ. نەخۆشی ئەو کەرە سەرونەشەمەی ئەو کچەیە. ئەگەر ئەو نەهاتبایەتە ئێرە ئەو کەرەمان لە دەست نەدەچوو. ئێستاش ئەوە خەریکە منداڵی دەبێ.) پیرێژنەکە بە تووڕەییەوە بەرەو کۆگا پەینەکە کەوتە ڕێ و لەبەر خۆیەوە کوتی: (کەی ئێستا وەختی ئەو جۆرە قسانەیە. بۆ یانی تۆ نایبینی وەک مار خەریکە جینگڵ دەدات؟ تۆ بڕۆ بخەوە. من بۆ خۆم منداڵەکەی لێ ڕەها دەکەم.) پیرە پیاوەکە لەبەر خۆیەوە سەرێکی لێ بادا و دەستی بە دیوارەکەوە گرت و ڕووی لە کۆگا پەینەکە وەرگێڕاو تفێکی کردەوە سەر عەرزەکە و خۆی خزاندەوە نێو کولانەکەی.

پیرێژنەکە هاتە سەرینی کچەکە. دەلەرزی چاوەکانی پڕ بوون لە داوای یارمەتی کردن. چاوە ڕەشەکانی لە بەینی برژۆڵە درێژەکانییەوە دەبریسکانەوە و بە جووڵانەوەی پیرێژن و چرا پڵیتەکەی هەر لە هاتوچۆدا بوون. لەشی پڕ بوو لە بریسکە و دەرد و ئازار، ژان هەر تاوەی ڕووی لە لایەکی دەکرد و وەک بوومەلەرزە لە ناخەوە دەیهەژاند. بە تەواوی تاسا بوو. مەمکەکانی لە بەرۆکە دادڕاوەکەیەوە وەک دوو کەروێشکی سرک خزابوونە دەرەوە. پیرێژنەکە چراکەی نایە جێگای ئەو خشتەی کە وەک ددانێکی کەوتوو لە لا شەویلکەی دیوارەکەدا زاری کردبووەوە. بەسەر کچەدا نووشتاوە قینچکەی کرد و دەستەکانی ئەوی نایە نێو دەستەکانی خۆی.

کچەکە بە خۆشییەکی پڕ لە ژان و ئێشەوە دەستەکانی پیرێژنی گرت و بە هەموو هێز و تواناییەوە بەرەو لای خۆیەوە کێشای. دەستەکانیان لەگەڵ یەکتری گرێ دا و ئازاری کچەکە لەوێوە ڕژایە نێو دەروونی پیرێژنەکەوە. کسپەیەک بە مۆرەغەی پشتی کچەکەدا هات و وەک شیشەیەکی سوورەوە کراو نای بە پشتییەوە لە جێگای خۆی هەڵبەزییەوە. لاقەکانی لەبەر یەک ڕەوینەوە و بە سەر کۆگا پەینەکەدا بێ هەست کەوت. هەموو گیانی کچە شلەوە بوو. جووڵەی لێ بڕا و دەستەکانی پیرێژنەکەی بەردا. دەرد و ژان لە ڕوخساری کچەکە ڕەوییەوە و هەوڵ و تەقەللا و ترس و تەنیایی لەگەڵ

منداڵەکـە و ئاواڵ منداڵەکـە و خـوڕە خـوڕی خـوێن بە یەکەوە ڕژانە دەرێ و زریکەی گریانی منداڵەکە، ڕەشایی خوێنەکەی شۆردەوە.

پیـرێژن منداڵە و ئاواڵ منداڵەکەی لەسەر پەینەکە بە جێ هێـشت و بە پەلەپەل هەسـتـا و چوو لە دیوەکـەی خۆیان تەلیسێک و چەقۆیەکی لەگەڵ خۆی هێناو هاتەوە نێو تەویلەکە. نێوکی منداڵەکەی بڕی و ئاواڵ منداڵەکەی کە هێشتا هەر گەرم بوو، فڕێی دا قوژبنێکەوە. (ئەوەش کــچــێکی دیکە) پیــرێژن بە دەم پرتە و بۆڵەوە لە تەلیسـەکەی هاڵاند و بە ڕوویەوە پێکەنی و بردییە بەر شەوقی چراکە و قامکە چرچ و گرێ بەستووەکەی برد و لە گەرووی کچەکەی ڕۆکرد و مەڵاشووی هەستاندەوە هاوار لە منداڵەکەوە هەستا و پیـرێژنەش بە لێوە چرچ و دەمە بێ ددانەکەی ماچێکی بۆ فڕێ دا.

منداڵەکە لە باوەش کچەکەدابوو. چراکە دەسووتا و منداڵەکــە دەگـریا و بە دەم پرتە پرتی گـڕی چراکــەوە تەویلەکـــە تاوێک ڕووناک و تاوێک تاریک دەبوو. پیـرێژنەکە لەوێ نەمـابوو. گریانی مـنداڵەکە جـار جـارە لەگـەڵ لرخـە لرخی کـەرە نەخـۆشـەکـە تێکەڵاو دەبوو. هەناسە گەرم و شێدارەکانی گوێدرێژەکە لووتە لەبەر یەک هەڵقـەڵەشاوەکـەیان لێک دەڕەواندەوە. کـەرەکـەی دیکە هەرچی لە نێـو ئاخـووڕەکـەدا بوو خـواردبووی و ئێـسـتـا خەوتبوو چاوی بڕیبووە بەرانبەرەکەی.

لە زریکە و قیژەی منداڵەکەی کە لە پەنای گوێچکەیدا هاتوهاواری دەکرد، هۆشی هاتەوە بەر خـۆی. گـەرمـایی قورسی هاڵاو و بۆنی خوێنی منداڵەکە سەریان بەرەو لای ئەو پێ وەرگـێـڕا. دەسـتـەکـانی لە منداڵەکـە هاڵا بوون. ترسا، هەستا سەر قوون و چاوی لە منداڵەکە بڕی. لێوە قـرتماغـە بەسـتــووەکــانی لەبەر یەکــتــری نەڕەوینەوە. چاوەکـانی پڕ بوون لە گـەرای پێکەنین. لە پڕ شـەپۆلێک خـوێن وە جـووڵە کـەوت لە بەینی لاقـەکـانییـەوە ڕژایە دەرێ. چاوەکـانی لە ڕەشـەوە هاتن و لە پڕ دانیـشـتـەوە و چەنـد جــــارێک هێــــڵـنجی دا و لیـکاوە ویـشـک هەڵاتووەکانی دەوری لێوی لە یەک پچڕان و لینچقاوێک بە لا شەویلکەیدا هاتە خوارێ و چاوی بە کەرەکە کەوت و پەرۆشی کـرد، پاشـان لە ناکـاو ئاوڕی داوە و چاوی لە کچەکەی بڕی و هەندێکی لێ ڕاما. لە جێگاکەی خۆی هەسـتـا. هەمـوو گـیـانی وەک شـەق شـەقـە دەلەرزی. منداڵەکەی هەڵگرت و لە باوەشی گرت. هەمـوو لاق و قـولی سـوور و تەڕ هەڵگەڕابوون. لاقـەکـانی دەلەرزین و

پەینە بۆشـەکـە لە بن پێـیـدا دەخـزی. تەلیـسـەکـەی لە منداڵەکە هاڵاندو لە تەویلەکە چووە دەرێ.

کۆڵان کەسی لێ نەبوو. قووقەی کەڵەبابێک لە پەنای گـــوێچکەی هەڵی بەزاندەوە کـــە لەســـەر دیوارێـک دەیخوێند. مووچرک و تەزووی سەرمایەک ڕێکی گوشی و بە دەم ترسـەوە هەڵ لەرزی. لە ژێر بازاڕەکـە چاوی بە کـابرایەکی کـەردار کـەوت کە دوو تەلیس کـووتیـان لێ بەرببـووەوە و کـابراش بە پێـمـەڕە بەر ببـووە گـیـانی ئەو سەگانە کە لێی هاڵا بوون و پێی دەوەڕین. بۆگەنی شیاکە و خۆڵەمێش کونە لووتیان ئاخنی. پێش ولاخەکان کەوت و لە ئاسمـانی دەرەوەی بازاڕەکەدا چاوی بە ئەستێرەکەی ڕۆژ کەوت کە بە نێو چاوانی ئاسمانەوە دەبریسکایەوە. شـەقـامـێکی پانوبەرین کـە دووکـانەکـان بە ڕیز لەودا خـەویان لێ کـەتبـوو. دەسـتی گـرت و بەرەو سـەر پردەکـە بەرێی کرد.

سـەربازێک لە کـیـووسکی بەر دەرگـای دایرەی پۆلیس دەهات و دەچوو. کــچــەکــە جــەســتــە لەڕ و لاواز و منداڵانەکەی خۆی بەرەو ئەو بەری شەقامەکە کە دایرەی پۆلیـــسی لێ نەبوو بەکـــێش کـــرد و بە نێــو بوولێڵ و تەپومژەکەدا خۆی گەیاندە نزیک پردەکە.

(لە جێی خۆت نەجووڵێی) پەردەی گوێچکەی کچەکە لەرییـەوە. کـەوتە هەوڵ و تەقـەلاو بۆی دەرچوو. (ئەگـەر ڕانەوەستی تەقەت لێدەکەم.) کچەکە هەر سەر سمی دەدا و قورساییەکەی کە بە پێشدا کەوتبوو منداڵەکەی تەکانی دەخـوارد و کـزە لە دەروون و هەناوییـەوە هەسـتـا. دیوارە بەردچینەکـەی پردەکـە لە ئامـێـزیان گـرت و پاشــان دارستانەکە هەڵی لووشی.

پۆلیسـەکە سەری بەرەو پردەکە هەڵبڕی. سەر پردەکە چۆڵ و هۆڵ بوو. پاشـان سـەری کێـشـا نێـو داڵانەکـە و هاواری کرد: (قوربانعەلی، قـوربانعەلی!) سەربازێک بە بەرۆکی ئاواڵە و سـەری ڕووتەوە کـە خـەنجـەرێک بە لاقـەبرغـەیدا شـۆڕ ببووەوە هاتە دەرێ. پاسـەوانەکە پێی کوت: (زوو بچۆ بە جەناب سەروان بڵێ کەسێک، ژنێک کە شتێکی لە باوەشدا بوو وەک گولله بە سەر پردەکەدا تێپـەڕی و خـۆی کـرد بە نێـو دارسـتـانەکـەدا.) سـەربازە بەرۆک ڕووتەکە کە بە دەم چاو هەڵگلۆفینەوە باوێشکی دەدا کوتی: (ئەگەر لەبەر شتێکی ئاوا لە خەوی هەستێنم هەڵمان دەدرێ، چاک بوو هەر هیچم پێ نەکوت.)

(دەی ئەگـەر وایە بڕۆ سـەر پاسـەوانەکـە هەسـتـێنە و بیـهـێنە بۆ ئێـرە.) پاسـەوانەکـە بە دەم قـسـە کـردنەوە

چاوەکانی بە نێو تاریکی دارستانەکەدا دەگەڕا. سەربازە سـێنگ ئاواڵەکـە گـورجـێک چووە ژووریّ و لەگـەڵ سەربازێکی دیکە کە پلەی سەردەستەیی بەسەر قۆڵەوە بوو، گـەڕاوە. سـەربـازە پاسـەوانەکـە کـە بە تووڕەییـەوە چاوی بە سەر پردەکەدا دەگێڕا، هەر هەستیشی بەهاتنی ئەوان نەکرد.

(کێ بوو؟ چی پێ بوو؟) سـەربـازە سـەر دەسـتـەکـە بە پەلە ئەمـەی پرسی: (هەر لەژن دەچوو. بە دڵنیـاییـەوە ژن بوو، بەڵام شـتـێکی لە باوەشـدا بـوو. خـۆی کـرد بە دارستانەکەدا، زۆر پەشۆکا بوو. دەتکوت یەکێک ڕەپێی نابوو.

پاسـەوانەکـە چاوی بڕیبـووە نێـو دارسـتـانەکـە و نەیدەویست چاو لە سەربازە سەردەستەکە بکات. زۆری قین لێی بوو و خۆشی نەدەویست. سەربازە سەر ڕووت و یەخە ئاواڵەکە لەگەڵ سەربازە سەردەستەکە چوونە ژووریّ و بوون بە سێ کـەس و هاتنەوە دەریّ. لە پڕ لەگـەڵ جەناب سـەروان لووتیـان تەقی بە لووتی یەکتـرییـەوە، ڕەپ ڕاوەسـتـا و پاشـان بە تەواوی ئەوی دیت. تفەنگەکەی لە بەینی قامکەکانییەوە ڕێک بە قەبرغەی لای ڕاستییـەوە قیت ببووەوە. جەناب سەروان چاردە خۆرێکی بە قەدییەوە هەڵواسیبوو. خوڵکی زۆر ناخۆش بوو. خەو بە ڕوخسارییەوە شەپۆلی دەدا و سیغارێکی تازە داگیرساو بە لێوەکانییەوە نووسابوو.

(چراقەوەکە هەڵگرە). جەناب سەروان ئەمەی گوت سـەربازە سـەر ڕووت و بەرۆک ئاواڵەکە ڕۆیشـتـبـوو بە چراقەوەیەکی درێژەوە گەڕاوە. کە هاتەوە دەریّ ئیـتـر نە سەری ڕووت بوو نە یەخەی ئاواڵە. هەر سێکیـان بەرەو لای پردەکە بەڕێ کەوتن. پاسەوانەکە لەسەرجێگاکەی خـۆی ڕاوەسـتـابـوو، لە پشت سـەریـانەوە چاوی لێ نەدەترووکاندن. ئێستا ئیتر بە مەیلی خۆی ڕاوەستابوو. گەیشتبوونە سەر پردەکە. دەنگی تەقە تەقی بزماری بن کەوشەکانیان ئەو هەوا کشوماتە بێدەنگەی پنۆک پنۆک دەکرد. ئیتر پاسەوانی چەقی دەرگاکە ئەوانی لێ ون ببوو نەیدەدیتن.

(ئەگەر شوێن پێکەیتان هەڵگرت. ئاگادارم کەنەوە. قـوربانعـەلی تۆ بڕۆ بەرەو ئەو لایە. ئەکـبـەر تۆش بەو لایەدا بڕۆ. جەناب سـەروان هەر یەکـە و بە لایەکـدا بە ڕێی کردن و بۆ خۆیشی ڕاوەستـا و چاوێکی بەم بەلا و ئەولا و بە نێو دارستانەکەدا گێڕا و پاشان خۆیشی بەرەو ئەو شوێنە بەڕێ کەوت، کە نە ئەم لا بوو نە ئەولا.

دەنگی باڵە فرتێی ئەو مـەلانەی بە چاوی خـەواڵووەوە ئەم چڵ و ئەو چڵیـان دەکرد. لەگەڵ دەنگی کوندەبوویەک دارستانەکەیان نابووە سەر خۆیان.

خشـە خشـی گـەڵاکان و سربوە سربوی سیسرکەکان و خوڕەی ئاوی نێـو جـوگـەلەکـان دەسـتـیـان دابووە دەسـتی یەکتر و بێدەنگی شەویان هەڵدەدڕی. لە نێو چڵ و پۆپی دارەکـانـەوە ڕوخـسـاری ئاسـمـان بریسکەی دەهات. دەنگێکی لە پڕ و لە ناکـاو چرنووکی لە کـپی نێـو دارستـانەکـە گـرت. (جـەناب سـەروان دۆزیمەوە.) لەگـەڵ گـەیشـتنی جـەناب سـەروان سـەربازەکەش خۆی گـەیاندە ئەوێ. ژنێک بەرانبـەریان لەسـەر عـەرزەکـە قـینچکەی کردبوو. جەناب سەروان بە شەوقی چراقەوەکەی پەردەی تاریکایی نێو دارستانەکەی دڕی.

(چیت بەدەستەوە بوو، چیت لێ کرد؟) جەناب سەروان بە سـەر کـچـۆڵەکـەدا نەڕاندی، پاشـان سـەربازەکـە بە پێکەنینەوە کـوتی: (ئەوە هەر ئەو کـچـە شـێـتـەیە کـە منداڵی زۆڵی لە زگـدایە.) دیسـان جـەناب سـەروان نەڕاندییـەوە: (کچەتیوە بۆ لاڵ بووی دەزووکە بڵێ. ئەو بوخچەیەی بە دەستەوە بوو چیت لێ کرد؟) پاشان ئەو سـەربازەی دیکە بازراقـەی خـۆیدا و دەسـتی دا پیلی کچەکە و ڕای وەشاند و گوڕاندی و کوتی: (دە بمرە دەی بۆ زمانت کلیلەی بەست قسە بکە.) کچەکە لە مابەینی پۆلیسەکانەوە چاوی لە دوور بڕیبوو.

پۆلیسـەکە لە کچەکە چووە پێشێ و چراکەی لە چاوی گرت و چەند جارێکی کوژاندەوەو هەڵی کردەوە. چاوێکی بە دەوراندەوریدا گـێـڕا. چاوە لە کـالان دەپەڕیوەکـانی کچەکە لە ڕەشەوە هاتن. لاقی پۆلیسەکە بە قووڵکێکی تازە هەڵکەندراوی خاودا ڕۆچوو. پۆلیسـەکان خۆڵە بۆش و خاوەکەیان لادا. منداڵەکە دەرکەوت. ئەفسەرەکە قیت بووەوە و ڕاست ڕاوەستـا و تفـەکـەی قـووت دا و کـوتی: (بیـانبـەن بۆ دایرەی پۆلیس.) پۆلیسـەکـان کچـەکـەیان بەرەو دایرەی پۆلیس وە پێش خـۆ دا و یەکـێـکیـان منداڵەکەی هەڵگرت و جەناب سەروان لە گیرفانەکانیدا دەستی بۆ سیغار دەگێڕا. چاویشی بە شوێن هێڵەکانی دەوری قولکەکەدا دەگەڕا، پاشان دوگمەی شەڵوارەکەی کردەوە، مـیزەکەی کـردە نێو قـوڵکەکـەوە و چراقـەوەکەی هەڵکرد و تەمەشای کەفی میزەکەی خۆی کرد.

**سەرچاوە: روز اول قبر، سادق چووبەک، نەشری جامەداران – تاران، ١٣٨٤.**

# مۆنۆدرامای شیوەن

**نیاز لەتیف**
**(سلێمانی)**


کارەکتەری مۆنۆدراماکە تەختەی شانۆیە.

**شوێن:**

(پانتایی شانۆیە و ئەکتەرێک سەرقاڵی کۆکردنەوەی کەلوپەل و ئێکسسوارەکانە و دەیەوێت شانۆ بەجێ بهێڵێت، کەسێکی ماندوو و بێزار و غەمناک دیارە.)

چەندین دەهرە لەو ڕۆژەوەی دیۆنیسیۆزی خواوەندم پیرۆز کرد و فیرعەونەکانم کرد بە خاوەنی یەکەم سەکۆی خۆم، لەو ڕۆژەوەی ئافاتی جەنگ و شەڕانگێزی نەوەکانی ئادەم هابیل و قابیلیان کرد بەنەوەی وەحشیگەرایی. لەو ڕۆژەوەی یۆربیدس و ئەسخیلیۆسم کردە پیری موغان. مورید و دەروێشەکانم: من وچانم نەدا و لەناو ئەم ئەستێرە شێواوەی ئەم، ئێستاکە بۆتە مایەی وەیشووب بۆ من هەر کۆڵم نەدا. پانتایی خۆم بۆ فراوانتر کرد، بەڵام ئەوان ناوەکەیان لێ زەوت کردم و وتیان ژیان خۆی بۆ خۆی شانۆیەکی گەورەیە و مرۆڤەکانیش باشترین زارڤەکەرن. ئیتر نە ئەرستۆ و نە خواوەندی هونەر و نە شاعیرانی من نەک هەر لە ئامێز نەگیران، بەڵکو تەرە بوون و کەس گوێی لە شەقەی باڵیان نەبوو، هەروەک چۆن ڤاسیلی نەوەزام چەپڵەی پێ ڕەوا نەبینرا. لەو ڕۆژەوەی ئەریستۆڤانیس یاخی بوونی خۆی بەرانبەر تراژیدیا و مەرگ ڕاگەیاند و گەمەی ئایینە پڕ درۆ و جادووەکەی خواوەند و شاعیرانی ڕەت کردەوە، ئیتر سەدە بە سەدە و ڕۆژ بە ڕۆژ، سات بە سات من لەژێر هەڕەشەی فەنابووندا دەژیم. موریدەکانم: زەمەنێکی زۆرە پەرستگا و ئاتەشگە و کۆڵەکە و نێرگەکانم لەژێر ڕەحمەتی بوومەلەرزەی ئەواندا دەناڵێنێ و منی شانۆیان وەک دوو دیوی دراوێک سەیر دەکرد، بەڵام لەو ڕۆژەوەی سیاسەتمەدارە هینەکان سنووریان بۆ من دانا نەمتوانی بێ دەنگ بم.

من لەناو ئاگردان و گڕی عەشقە سۆفییەکەی سرووتەکانی ئەم گەردوونە لەدایک بووم و تەنیا بۆنی



ڕەشەبای ئەم شارە تووشی هەڵدێری کردم.

شکۆمەندی ئەم هیچگەراییە لە چییەوە هات. مێژووی ئەم وڵاتە پێی وتم: حەپسەخان لەماڵەکەی خۆیدا و لەم شارەیدا سەکۆیەکی لەجەستەی من دروست کرد.

ئەو کاتە کۆترە شینکەکانی بڵندگۆی منارەکان شاباڵی فڕینی خۆیان لەبیر کردبوو، بەڵام لەگەڵ یەکەم فیسکەی گوللەی شەڕ تەرە بوون. پێیان وتم: ئەی قەڵەندەر وەرە دەتخەینە سەرباڵی شینمان، چیتر لێرە جەستەی شەتەکی تۆ ئێمە ئاسا ناحەوێتەوە.پێیان وتم: ئیتر ئێرە بووە جەستەی هەڵمەت و قوربانی، لێرە بڕۆ تاکو نەبوویتە قوربانی.

ئاخر من زۆر لەمێژە جەستەم بەدەم ڕەشەبا و شنەبای بەسەرچووی تەمەنمەوە گرێ داوە، کەچی ئەمێستاکە من بوومەتە دوعای خووساوەی نێو فەقێیانەی دایکێکی ئیماندار، بەڵام کەس گوێ لەئاه و نزای پیتەکانی قوربانی ناگرێت.

کە منتان پەلکێش کرد بۆ ئێرە، نە ئێوە و نە منیش نەمانزانی بۆ و چیتان لێم دەوێ ئەوەتا ئێستاش، بە زۆر پەلکێشتان دەکەم بۆ خواستەکانی خۆتان، بەڵام نایەن دەزانن بۆ، چونکە هەرچیم پێبوو لێتان بردم، بێهوودەیە بێهوودە.

ئەوەتا گیانی ئێوە بەفری گەرم و جەستەی پشکۆ ئاسای ساردی من لەناو لافاوێکی وشکی خنکاوی خۆشەویستی بۆ ڕق و کینە پێکەوە خول دەدەین. جارێکی دیکە منی سەکۆی ژیان و تۆی بێهوودە، بێ خواست و بێ ناو و ناسنامە یەک ناگرینەوە، دەخیلە بمبەنەوە بۆ زێدی خۆم بۆ لای نەوەکانی ئەپۆلۆ و نەوەزاکانی شکسپیر.

ئاخ چ غەزەبێ یەخەی منی گرت، لەم شوێنەدا کە نە نوێژ و نە مزگەوتەکان منیان بۆ ساتێک خۆش نەویست. ئەوەی بۆ من نوێژی دابەست ئەوەی لەسەر جەستە و سینەی تەختی من وانەی ئەوین و نیشتمانی بە تۆ دەوتەوە، لەم وڵاتەدا بە نەهامەتی سەری نایەوە و خەونەکانی بوون بە سووتوو و خۆڵەمێش، ئاخر چیتر من و ئێوە وەک دوو جەمسەری دژی موگناتیسی، لەگەڵ یەک هەڵناکەین.

لەو ڕۆژەوەی بانگی ئازادی درا فتوای ڕووخانی چواردیواری منیش درا، بەڵام هەر بە چەقۆی ئازادی، داروبەردتان ڕووخاندم، ئیتر هەرچی دێت غەریزەکانی خۆی دەڕێژێ و دواتر تف بارانم دەکات، پێڵاوی هەمووتانم لە ڕۆژە تەنگەکاندا خستە سەر سینەی تەختم، نەک تەنیا پێڵاوی خۆتان، تەنانەت پێڵاو و پۆستاڵی کەسایەتییەکانی وەهم و گومان، پێم مەڵێن بۆ کوێ ؟ وادەی مەرگە ئا لێرەدا من دەستێکم بەدەست هابیل و دەستەکەی دیکەم بەدەست قابیلەوەیە.

لێم گەڕێن، لێم گەڕێن بە وەهمیش بێت، بە ڕوحیش بێت بگەڕێمەوە وڵاتی خۆم، وڵاتی شانۆ، وڵاتی داهێنان، نەک لاسایی کردنەوەی بێهوودە. من لێرە هەستم بەپیریی خۆم کرد، چونکە ئێوەش هەر بە منداڵی پیر پیر بوون.

نەء.. من هەرگیز گەردنی ئەو زۆڵانە ئازاد ناکەم کە پشتیان تێ کردم و چاوەڕوانی مەرگم دەکەن، بۆیە وەسیەت دەکەم، کە تەرمە زیندووەکەم بەناوشاردا بگێڕن، دەمەوێت ببەن بۆ گردی سەیوان تاکو کڕنووش بۆ ئەحەی کوڕنو و فەرەج کوردی و چێوارەکان و ڕەفیق چالاک و سمکۆ و سەرجەم یار و یاوەران و موریدەکان ببەم، ئەگەر ویستتان ببەن بۆ ئەو پەرلەمانەی کوڕەکانی من دروستیان کرد، دەمەوێت بە خەیاڵەوە چاوێک بۆ کەریم عوسمان بگێڕم و سڵاوێکیش لە صوبحی کۆیی بکەم.

هەگەر چوونە دەڤەرا بهدینان بێژنە موریدێن من چەند بەیتەک ژهۆزانا ئەحمەدێ خانی، مەلایێ جزیری بکەنە لاوک بۆڤەکێشانا ڕوحا من، بلا هەیاس و ئەردەلان زاخۆیی لاوکا بەرخودان بهێننە بیراوە حتی هین ژی خوە ژبیر نەکەن. مەلایێ جزیری ئەو ژی بێ هێڤییەو دبێژیت مەخابن من دەلال یێ کرە قوربانی ژبۆ ڕاگرتنا پرا دەلال ئەوژی یێ وەستیای ژبەر ب هەدەر برنا وەختێ خۆە و ژیی خۆە، مە هەمی چشت هەبوون لێ دیسا دێ هەبن، بەس کێرا چ نایێ کو ئەم نەشێین ب کار بهێنن گەلو دوماهیکێ ئەز دبێژم:

**کەس بەدادا مە نە پرست گللە و دادی چ کت**
**تە نەبت دادی ڕەسەک بەیهۆدە فریادی چ کت**
**ب شیرینێ نەگەهت دەستی ئەگەر ڕۆستەم بت**
**دێ بەباز وملان شوبهەتی فرهادی چ کت**
**فەعلەک لازمە دا فعل و ئەثەر پەیدا بت**
**گەر تۆ حداد نەبت کورەئی حەد دادی چ کت**

**مومکنەک دێ هەبتن دا کو طەلەب حاصل ببت**
**صەید و نێچیر کو نەبت تولەئی صەییادی چ کت**
**هەر گل و سەنگ دبتن زفێر ب تەد بیری حەکیم**
**قەبلییەت کو نەبت حکمەتی ئوستادی چ کت**

ئای چەند گەوجن لە زمانی عەشق و سووتانی من تێ ناگەن، ئای بە پەنگ بن لەسەردەمی ئازادیدا منتان دایە بەر چەپۆکی ئازادی.

دەخیلە جەستەی پەرت پەرت بووم لە ولاتی گوڵستانی گـۆڕ بەخـاک نەسـپـێـرن، چونکە من دڵنیـام لە چاو تررووکانێکدا لە زاکیرەتاندا نامێنم، من دەبێ بۆ لۆمەتان کەم کە زاکیرەتان هەمیشە خۆی دەسڕێتەوە و ئەمڕۆتان دوێنێی لەیاد نییـە و دوێنێی نایەتەوە یادی کـە پار چیتان بەسەرهات، ئەوە خۆ باسی پاشەڕۆژ و داهاتووی نادیارتان ناکەم. یادەوەرییەکانتان وەک جەستەی لاشە سڕ بووی ناو گۆڕی بە کۆمەڵتان هەر بە گەنجی ماش و برنجی نواند.

لێرە ئێوە نە حەزتان لە چیرۆکەکانی داپیرە شانۆ و نە حـەزتان لە نیـشـتـمـان و جـوانی و نە حـەزتان لە سرووتەکانە، لەم زەمەنی گیـرفان گیـرفانییـە و ئۆخەی ئۆخەی هەرکەس بۆ خۆی کەس منی وەبیر نایەت، منی نامۆ بەنەریت و کولتووری ئەم پانتاییە نادیارە.

توخوا با تابووتەکەم لەسەر شێوازی سەکۆکەی خۆم دروست بکرێت، ئەگـەر دەفـژەنێکی وەک دەروێش عەبدوڵلاتان دەست کەوت با لە کەژاوەکەو دوا نوێژی مندا دەف بژەنێت، ئەگەر شێوەکارێک وەک ڤانکوخ بۆ هونەرەکەی سووتا با لەمەراسیمەکەمدا ئامادە بێت. دەخیلم نەهێڵن بۆ دواجار میدیاکان وێنەی تێکشکاوم بگرن و بمکەنە سەردێری هەواڵ و مانشێتی بریقەدار و بێ بەزەییانە، مۆسیقایەکی ترسناک لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ڕاگـەیاندنی مـەرگم دابنێن، ئۆباڵی کـزبوونی مـۆمی تەمەنی ٣٠٠٠ هەزار ساڵەم دەخەمە ئەستۆی میدیا نەزان و نەخوێندەوارەکان. توخوا نەهێڵن ڕێکخراوە هونەرییـەکـان لە پرسـەکـەم ئامـادەبن، نەهێـڵن ئەو سیاسـەتمەدارە ( ؟ ) هەر دەم دەکـەنەوە لە سیاسـەتدا سووکایەتی بە من دەکەن و دەڵێن ئەمەش سیناریۆیەکی دیکەی سیاسەتە، یان دەڵێن لەسەر شانۆی سیاسی.

بەڵام کە ئەریستۆڤانیس یاخی بوو، وتیان: ئەمە نیـسکە و بێ بارە دەبوایە کـوڕەکـانی دیلارتێ وەسیەتنامەیەکیان بۆ مۆلێری ناو کۆشکەکان و پیاوانی سەردەمی لویسەکان بنووسیایە، کە یاخی بوون بێباری نییە وەزیفەمە بتانخەمە پێکەنین بۆ ئەوەی بگرین، چونکە ئەو ئاسکە سرکەم بەکەس مالی ناکرێم، بەڵام لەماڵ و خانەخوێ و ژوانی هەموتاندام، چونکە من ئەوی دیکەم و ئەوی دیکەیش منە، کەچی بەمەش هەر قبوڵ نەکرام من سەرنیزە و ڕمی کەوانی هەموو شۆڕشەکان بووم و ژیانی پەژموردەم بۆ خۆم و ئاتەشگە و موریدی و یار و یاوەران هەڵبژارد لە پێناوی خۆشنوودی ئەم گەردوونە، من بووم سپارتاکۆسم هان دا بۆ یاخی بوون و شۆڕش، من بوومە سەکۆی گریان و خەندە و قاقای ئێوە، بەڵام ئێستا وەک پیری ئاخر شەڕ پاداشت دەکرێمەوە.

دەڵێن دەبێت وەسیەتنامە کورت و پوخت بێ، بەڵام من چۆن بتوانم مێژوویەکی ٣٠٠٠ هەزار ساڵە سەدان هەزار نووسەر و زارڤەکەر و دەیان هەزار سەکۆ و پەرستگا کورت بکەمەوە ؟ ئێ خۆ من میراتی دابەش ناکەم تەنیا وەبیرتان دێنمەوە پێش ئەوەی سجنەکەی باستیل بشکێت و بیرمەندەکانم لە سیبریای بەستەڵەک ڕەق بنەوە، من ملی قەیسەر و پادشا و کالیگۆلاکانی ئەم هەسارەیەم بۆ ئازادی شۆڕ کرد. ئەی هەر من نەبووم پیرەکەی کوردم وا لێکرد بە شێخەکەی بڵێ:

**دەبێ بەخشندە مل کەچ بێ لە ئاستی مووچە خۆری خۆی**
**سوراحی سەر فرو دێنێ لەبۆ پیاڵە کە تێکا بۆی**

بەڵام کوڕم پیرە هەموو شتەکانمان گۆڕی هەرخۆمان داوامان نەکرد تەکنۆلۆژیا بخەینە ناو پەرستگاکانەوە وەک خۆتان واتەنی «ئەم ژیانە تیاترۆیە تیاترۆ، ئەوەی دانا نەبێت تێیدا دەبێت ترۆ» ، بەڵام ئەوەتا خۆم تیا بووم ترۆ.

یاران وادەی کۆچی منە لەم دەڤەرەدا، هەناسەکانی من لێرەدا تەمەنێکی کورت بوو، دەخیلە، باچیتر نەمە سەکۆی بۆنە و یادەکان ئێوە کە نەتوانن دەرگا کلۆمدراوەکانی هۆڵەکەی سەرکاریز و چوارباغ و زانکۆ و کانی ئاسکانم بکەنەوە، ئیتر من لەناو تۆز و ڕیقنەی کۆتر و چۆلەکەدا ڕەنگ و ڕوخسارم سپی هەڵدەگەڕێ، پیاوە گەورەکانی ئەم ولاتە یاگۆ ئاسا، یان وەک شایلۆک

بەغیرە و ڕق و کینەوە گیرفانی هەست و سۆز و چاوی برسییان بەسەروسامان و قووتی زارۆکی ئەم وڵاتە تێرنابێت، چاوەڕوانی مەرگی ناوادەم دەکەم. من دەزانم چیتر لێرە ساڵی جارێک بە دوو وشەی بریقەدار، بەچەند دیمەنێکی کرچوکاڵ وەک ئەنفال و شەهیدەکان پارووی چەورم پێوە دەگلێنن. لە خۆتان بپرسن باڵای مزگەوتەکان، سەر و ڕوخساری ئەوان و منارەکانی ئەوان ڕۆژ بە ڕۆژ دەبنە مزگێنی جەهالەت، منیش وەک بوونەوەرەکان ئینقراز دەکەم.

من ئەو کۆترە باڵ شکاوەم هەتا دوێنێ بوو هێمای ئاشتی و ئازادی بووم، خەجاڵەت بن ئەوانەی بوونە یاگۆ و تۆوی غەدر و غیرە و خیانەتیان کردە دڵە تۆراوەکەی ئێوە.

**وەک شەوانی ڕابردوو**
**وەک ڕۆژانی داهاتوو**
**ئێمەی ئەکتەر ئەبینە خۆر**
**گیان ئەکەینە بەری مردوو**
**دنیا تێک دەنێین سەرانسەر**
**ئەشی خوڵقێنینەوە زوو**
**چەپڵە مەکوتن**
**گوێچکەی بیستن**
**بەرگی فێربوون و کار کردن**
**بکەنە بەر ئێمەی ئەکتەر**
**وەک شەوانی داهاتوو**
**وەک ڕۆژانی ڕابردوو**

هۆ کوڕگەل چیتر وەک شەوانی ڕابردوو، وەک ڕۆژانی داهاتوو گیان ناکەنە بەری مردوو، ئێوەی ئەکتەر، ئێوەی بینەر کە دڵتان لە خۆتان تۆرابێت، چۆن داوای ئاشتەواییتان لێ بکەم.

بمبەنەوە وڵاتی هونەر و ژیاری، چونکە ئێوە لێرە ناتوانن تەسلیم بەخاکم کەن، چونکە هەرچی تاتەشۆری ئەم وڵاتە هەیە بۆ شتنم جێی منی تێدا نابێتەوە، ئەگەر پیرە قەڵای هەولێر و شێروانە و گردەکەی سەیوان وپردی دەلال بکەنە یەک تاتەشۆر بەقەد تاتەشۆرەکەی خۆم نابێت، ئاخر کێ دەتوانێت من بشوات، من زۆر لەو دەست و جەستەیە خاوێنترم کە دەیەوێت دوا وسڵی من پاک بکاتەوە، دەروونم زۆر لەو ئاوە لەکوڵە گەرمتر و پاکترە کە منی پێ دەشۆن، ئەم وڵاتە زۆر سەیرە، ئاخر ئێوە کە خاوەنی هیچ نین، چۆن توانیتان من بکەنە هیچ و سفر و بچووکم بکەنەوە، بێهوودەیە بوونم لێرە (چەند جارێک دەوترێتەوە) شانۆ لێرە بێهوودەیە، بێهوودەیە ژیان لێرە.

**(کۆتایی)**



# جەلال جۆبار:
## بە هۆی خوێندنەوە و گوێ گرتنەوە فێری زمانی کوردی بووم.. لەناو لاوەکانیشدا کەسێک سەرنجی من ڕانەکێشاوە

**هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید**

**(٢ – ٢)**

جەلال جۆبار کە لە دایکبووی ساڵی ١٩٢٩ی شاری کۆیەیە، کەسێکی ناسراو و بەرجەستەی شارەکەیە کە بەبێ پسانەوە لە بزاڤی نەتەوەیی و نیشتمانی، هەروەها لە بزاڤی ئەدەبی و ڕۆشنبیریدا بەشدارێکی چالاک بووە. دۆست و هاوڕێی نزیکی زۆربەی هەرە زۆری نووسەران و شاعیران و هونەرمەندان بووە کە بە زۆری لە دوکانەکەیدا لێی خڕ بوونەتەوە، زۆر جاریش ئێوارە کۆڕ و شەوانە کۆڕیان گێڕاوە.

کەسێکی باخەبەر و ئاگاداری سەرجەم ڕووداوەکانی شارەکەیە و یادەوەرییەکەی بووەتە ئەرشیڤێکی دەوڵەمەند و پڕ لە زانیاری. لە دوو دانیشتندا لە شاری کۆیە توانیمان گفتوگۆیەکی کراوەی هەمەلایەنی لەگەڵدا ساز بدەین، جاری یەکەم لەماڵی مامۆستا جەواد حەمەدبەگ و جاری دووەم لە ماڵەکەی خۆیدا هێنامانە دواندن و لاپەڕەکانی ئەزموون و ژیانی خۆی و شارەکەمان لەگەڵ هەڵدایەوە، ئەنجام ئەم هەڤپەیڤینەی لای خوارەوەی لێ کەوتەوە.

**ڕامان:** ئێستا ئەو جۆرە شاییە لە شاری کۆیە ماوە؟

**جەلال جۆبار:** نا هەمـوو کـەس نایزانێ، ڕۆیینە سـەبر سەبر و لەسەرەخۆیە، بە گوێرەی ئەو ئاوازەی شلەوخانانە شـاییـەکە دەکرێ، ئەو شلەوخانانە بۆ ئەوە گـوتراوە. من منداڵ بووم دیومـە، مـامـە عـەدە هەبوو، عـەدەی سلێمانییان پێ دەگوت، کابرایەکی ئیختیـار بوو، بەڵام هەمـوو دەمێ پۆشـتـە و پەرداخ و گـورجـوگـۆڵ بوو، ئیختیارێکی جوان بوو، ئەو پیاوە پیرە دەچوو سەرچۆپی ئەو شـایی شلەوخـانانی دەگـرت و شـمـشـێـرێکی داری بەدەستەوە دەگرت.

**ڕامان:** ئێستا کەس ماوە بە هەمان شێوە ئەو شاییە بزانێ؟

**جەلال جۆبار:** نا ناوەڵڵا ئێستا کەس نایزانێ.

**ڕامان:** ئاخر ئەوە حەیفە، ئەو شایی و هەڵپەڕکێیانە بەشێکن لە ناسنامەی ئێمە، دەبوو شوێنی تایبەتی هەبێ و ئەوانەی بایەخ بەو لایەنە هونەریانە دەدەن بکەونە خۆیان، تا خەڵکێک ماون تۆماریان بکەن.. تۆ هیچت لەبیر ماوە و ئەو شاییە دەزانیت؟

**جەلال جۆبار:** من دەیزانم، کەی ویستتان هەندێ لەو گەنجانە دەهێنم و فێریان دەکەم.

**ڕامان:** پێم باشە لە داهاتوودا لایەنێک، کەسێک هەبێ ئەو جۆرە شایی و هەڵپەڕکێیانە بە ڤیدیۆ تۆمار بکەن بۆ ئەوەی بیووژێنەوە، ئێمە لە زۆر جێیان تیپی هەڵپەڕکێمان هەیە، کە پێویستە یەکە کار و ئەرکیان ئەوە بکەن. ئەی سەبارەت بەو مام جەردیسە هیچی دیکە نازانیت؟

**جەلال جۆبار:** سەبارەت بە گردی مام جەردیس تەنیا ئەوەم بیستووە.

**ڕامان:** ئەی کەسایەتییەکەی هیچی لێ نازانیت؟

**جەلال جۆبار:** تەنیا دەزانم گاوان بووە.

**ڕامان:** شاری کۆیە شارێکی دەوڵەمەندە بە ئاواز و گـۆرانی، بەشێکی لە پاش سـاڵانی شـەسـتـەکـان و حەفتایەکان بەهۆی تیپی باواجی و گۆرانیبێژ و هونەرمەندەکانییەوە بووژانەوە، تۆ میلۆدی و بەستەی دیکە شک نابەیت مابن و تۆمار نەکرابن؟

**جەلال جۆبار:** بۆ ئەوە دەبێ بیری لێ بکەمەوە، ئێستا لەو دەقەیە هیچم لەبیر نییە.

**ڕامان:** هەست دەکەیت هی دیکە مابن، ئەگەر بیرت لێ کردەوە و ئاوازێکی کۆنت بەبیر هاتەوە تۆمار نەکرابێ، دەتوانیت تۆماری بکەیت تا لەبیرت نەچێتەوە؟



**ئازاد عەبدولواحید – جەلال جۆبار**

**جەلال جۆبار:** گۆرانی جەبارە و جەبارە هەبوو کە هی شاییە، ئەویش شاییەکەی لەگەڵ شایی دیکە جیاواز بوو.

**جەبارە و جەبارە**
**هەرچی ساحێب یارە**
**لە چاویانڕا دیارە**

**ڕامان:** پێت وایە شایی و هەڵپەڕکێی ناوچەی کۆیە لەگەڵ ناوچەکانی دی جیاوازییان هەبێ؟

**جەلال جۆبار:** لەگەڵ هەمووی نا، بەڵام لەگەڵ هەندێ شوێن جیاوازییان هەیە، لەوانە ئەو شلەوخانانەی باسمان کرد، ئەو جەبارە و جەبارەیە جیاوازییان هەیە.

**ڕامان:** مەبەستت ئەوەیە بلێیی لەجێی دیکە نەتبینیوە و نەتبیستووە؟

**جەلال جۆبار:** لەهیچ شوێنێکی دی نەمدیوە.

**ڕامان:** تۆ لەگەڵ سێوە هاوڕێیەتیت چۆن بوو؟

**جەلال جۆبار:** هاوڕێیەتیم لەگەڵ سێوە زۆر خۆش بوو، ئەویش دەهاتە لام، تا ئەو ڕۆژەی گۆرانییەکانی تۆمار کرد، بەینێک گۆرانییەکانی لە ئێزگەی بەغدا بەشی کوردی لێدەدران، هاتە لای من، لەوکاتەدا محەمەدی مەلا سابیر هەبوو بەڕەحمەت بێ لەو بەرییەوە کە چاوی بەسێوە کەوت دەستی پێکرد (ئەوە سەحەرە پڕی ماڵی سێوەی گورگ و چەقەڵە)، ئەویش بەو قسانە تووڕە بوو و گوتی دەی دەی تۆش کلکت ڕەپ بکە، ئەوە لە جیاتی هاندان و دەستخۆشی. سێوە کەسێکی هەژار بوو، دەستی زۆر کورت بوو، چڵکن بوو، بۆنی لێ دەهات، زۆر دەهاتە لای من، شەوێکی لەگەڵ چەند برادەرێک پێکەوە

دانیشتین گۆرانییەکانی محەمەد عەبدولوەهابی بۆ گوتین.

**رامان:** ئەو گۆرانیانەی تۆماری کردوون، ئەو شەش گۆرانییە، ئەو مەقامانە لە کێ فێریان بووە و لە کێ وەریانی گرتووە؟

**جەلال جۆبار:** لەگەڵ مەلا ئەسعەدی گۆرانیبێژ بوونە، هەردووکیان پێکەوە ئەو گۆرانیبانەیان زانیوە.

**رامان:** تۆ پێت وانییە بێجگە لەو شەش گۆرانییەی تۆماری کردووە، هیچی دیکەی مابێ؟

**جەلال جۆبار:** هەموو شتێکی دەزانی، ئەوەی مەلا ئەسعەد دەیزانی، سێوەش دەیزانی.

**رامان:** هیچی دیکەی بە تۆمارکراوی هەیە؟ تەنانەت ئەگەر لە ناو دانیشتنی تایبەتی و ناو ماڵانیش بێ؟

**جەلال جۆبار:** تۆمار نەکراون، نەورۆزی ساڵی ١٩٤٥-١٩٤٦ بوو، لە شاخە مشکەی نەورۆزمان کرد، ئێستا شوکرانەی دەوێ بووەتە گەڕەکێک لە کۆیە، لەوێ کۆیبیەکان هەموویان هاتبوون، پیاوماقووڵ و ئەشرافەکان لەوێ ئامادە بوون، تەنانەت مەلا حەوێز و کاکە زیادیش هاتبوون، دووبارە داری قەرەشکەریان هێناو لەسەر یەکیان داناو تەنەکە نەوتێکیشیان لەلای دانا، ئەو وەختی من منداڵ بووم، گەورە نەبووم. ئیتر لەو بۆنەیەدا لە سبەینێوە سێوە دانیشتبوو گۆرانی بۆ دەگوتن تا پاش نیوەڕۆیەکی مەیلەو درەنگ، چوون تەنەکە نەوتەکەیان بەدارەکەدا کرد و ئاگرێکیان پێوە ناو لە دەوری کردیانە شایی، سەمەدی حاجی محەمەد کە پێیان دەگوت حاجی مەنجەڵ، برای بەکر بەننا بوو، (بەکر بەننا و سەمەد بەننا) ئەو سەرچۆپی شاییەکەی گرتبوو، زەکی ئەفەندی گاوانی گرتبوو، شمشێرێک بەدەستییەوە بوو، زەکی ئەفەندی شمشێرەکەی هەڵدەسووڕاند، شاییەکیان گرت، ئەو عالەمە هەموو تەماشای دەکردن، ڕۆژێکی زۆر خۆش بوو.

**رامان:** ئەی سێوە کە قسەی لەگەڵ دەکردی ئاستی ڕۆشنبیرییەکەی چۆن بوو؟

**جەلال جۆبار:** هەیبوو، ڕۆشنبیریی دیانەتی هەبوو.

**رامان:** ئێستا قسەیەک دەکرێ و دەڵێن سێوە سوودی لە سرووتە جەنائیزییەکانی کڵێسا وەرگرتووە، تۆش دەڵێی ئەو گۆرانی و مەقامانەی ناوچەی کۆیەی لەگەڵ مەلا ئەسعەد لە کۆنەوە وەرگرتووە، ئینجا ئەوە لەگەڵ ئەو بیرورایە تێک ناکاتەوە؟

**جەلال جۆبار:** سێوە کە لە کڵێسا دادەنیشتن و بۆنەی خۆیان هەبوایە، ئەوە بۆ کریستیانەکان بەدیانی گۆرانی و تەراتیلی دەگوت.

**رامان:** بەڵام ئەو مەقام و گۆرانیانە لە کۆنەوە دەماودەم هاتوون؟

**جەلال جۆبار:** بەڵێ کۆنن.. سێوە دەیگوت جاران کە گەورەیەک دەمرد، کۆتەریان دەڕازاندەوە و هەرچی جلوبەرگی ئەو کەسە هەبوو، بە ماینێکیانەوە دەکرد، جلەویشیان دەدایە دەست سێوە، سێوەش دەسووڕایەوە و جۆرە گۆرانییەکی دەگوت، ولاغەکەشی لەگەڵ خۆی دەسووڕاندەوە، بەو شێوەیە شینیان پێ دەکرد.

**رامان:** بێجگە لەوەش سێوە لە هەموو بۆنەیەکی موسڵمانەکان لەمەولوود خوێندنەوە و بووک گواستنەوە و دەستووری فەقێیان- إجازة- و زۆر شتی دی بەشدار دەبوو..

**لەجیاتی کڕینی گۆڤار و کتێب، بە زۆری بە خواستن کتێبمان وەردەگرت و دەمان گەڕاندەوە**

**جەلال جۆبار:** لە مەولوودان نەدەهات، بەڵام بۆ بووک گواستنەوە دەهات.

**رامان:** دەڵێن بۆ مەولوودیش هاتووە؟

**جەلال جۆبار:** من نەمدیوە و نەشم بیستووە.. لە چایخانە ڕەمەزانان لەگەڵ جەماعەتی سینی و زوڵفانێ دادەنیشتن و گۆرانییان دەگوت، یەک لەوانە ئێمە بووین کە لە چایخانەی سمایلی عەرەبی ئەو وەختی ئاشیلکە هەبوو کەپری لێ کردبوو، ئێمە لەوێ بووین، من بۆ خۆم لە سینی و زوڵفانێ یەک لە ئازایەکان بووم.

**رامان:** بێجگە لە هونەرمەندان مەلا ئەسعەد و سێوە و حەمەدەمین عەباس و فەقێ ئەحمەد کێی دیکە لە هونەرمەندان هەبوون برادەرت بن، یان تۆ شتیان لە بارەوە بزانیت؟

**جەلال جۆبار:** هەر ئەوانە بوون، کەسی دیکە نەبوو.

**رامان:** ئەی لەگەڵ تاهیر تۆفیق، هیچ نزیکایەتیت نەبوو؟

**جەلال جۆبار:** لەگەڵ تاهیر تۆفیق برادەرایەتیم هەبوو، تاهیر تۆفیق لە پۆلی شەشی سەرەتایی بوو کە لە ڕیز دەریان دەهێنا و گۆرانی دەگوت. ڕۆژی جەژنان، بەیانییان لە حەوشی سەرای کۆن، دائیرەکانی حکوومەت هەموو کۆدەبوونەوە، شەکراویان دەخواردەوە و بەو

بۆنەیەش قوتابییان دەهێنا، یەک لەوان تاهیر تۆفیق بوو، گۆرانی دەگوت، من لە بیرمە ئەو شیعرەی دەگوت:

**براینە لەخەو هەڵسن بەیانە**

**زەمانی هەوڵ و عیلم و حور ژیانە**

ئیتر بەو جۆرە گۆرانی دەگوت.

**ڕامان:** تۆ هیچ بیرەوەریت لەگەڵ تاهیر تۆفیق هەیە؟

**جەلال جۆبار:** برادەرایەتی و مەرحەبامان هەبوو.

**ڕامان:** هەر ئەوەندە؟ ئەی دانیشتنی کۆڕ و ئاهەنگی ناو ماڵان و ناو ڕەزانتان نەبوو؟ یان پێکەوە هەستان و دانیشتنتان نەبوو؟

**جەلال جۆبار:** لەگەڵ یەک هەر مەرحەبای دەرەوەمان هەبوو، لەو دوایییە خزمێکمان لە هەولێر هەبوو دوکانی سەرتاشی هەبوو ناوی سامی بوو، کوڕی کاکە فەندی بوو، تۆزێک قرچۆک بوو، منیش چووم بیترسێنم، ئێوارە بوو، پێم گوت سامی ئەوە منداڵەکانم هێناوە لەناو سەیارەن، ئەمشەو دێینە ماڵی ئێوە، ئەویش خۆی دەگنخاند و خۆی دوا دەخست، پێم نەزانیبوو تاهیر تۆفیق لەپشت من وەستاوە، هاتە پێشێ و گوتی (ئەتو لۆ تەکلیف لەو سوار کەرەی دەکەی؟ وەرە با بچینە مارێ مە)، گوتم سوعبەتی لەگەڵ دەکەم، ئیتر ئەوەمان هەبوو، دۆستایەتی کۆنمان هەبوو، ئەو لە من بە تەمەنتر بوو.

**ڕامان:** ئەی باسی سیاسەت و بیروڕای سیاسیتان ئاڵوگۆڕ نەدەکرد؟

**جەلال جۆبار:** نا نەخێر ئەو جۆرە باسانەمان لەگەڵی نەبوو.

**ڕامان:** لە شاری کۆیە حزبی هیوا هەبوو، هیچ ئاگاداری چالاکییەکانیان نەبووی؟

**جەلال جۆبار:** لە کۆیە چالاکییان کەم بوو.

**ڕامان:** ئاخر هەندێکیان پێوەندیان بە هەولێرەوە هەبووە.

**جەلال جۆبار:** هی وەک ئەحمەد بەگی میرزا حەمەدەمین، سەمەدی حاجی مەنجەڵ، زەکی ئەفەندی، سابیر ئەفەندی و ئەوانە هەموویان پێوەندییان بە حزبی هیواوە هەبوو، تەنانەت جارێکیان ڕەفیق حیلمی هاتە کۆیە، ئەوکاتە موفەتیشی مەعاریف بوو.

**ڕامان:** باشە لەسەر ئەوە قسەمان بۆ بکە؟

**جەلال جۆبار:** ڕەفیق حیلمی هاتە کۆیە، ئەو سەرۆکی حزبی هیوا بوو، سەردانی قوتابخانەی کردبوو، لەوێ دانیشتبوو پۆلەکانی بەسەر کردبووەوە، ڕەفیق حیلمی-یشم دیوە.

**ڕامان:** قسەت لەگەڵ نەکرد؟

**جەلال جۆبار:** ئەو وەختی من منداڵ بووم، توانایی ئەوەم نەبوو قسە لەگەڵ ئەو بکەم.

**ڕامان:** کۆبوونەوەی بەو پیاوانە کرد کە ناوت بردن و لەحزبی هیوا بوون؟

**جەلال جۆبار:** نازانم کۆبوونەوەی پێ کردن، یان نا، بەڵام لە جووڵەیان دیاربوو خەریک بوون.

**ڕامان:** ئەی بێجگە لە حزبی هیوا، هەندێک ڕێکخراوی دیکە پێش دروستبوونی حزبی هیوا و پارتی هەبووە، وەک بەلشەفیک کە لە سەرەتای بیستەکان لە کۆیە هەبووە و ئەکتیڤ بووە، هەروەها دارکەر و برایەتی و زەردەشت و خۆیبوون و کۆمەڵێکی دی؟

**جەلال جۆبار:** ئەوە زوو، زەمانی کۆن هەبووە، دارکەر لە ساڵی ١٩٣٧ لە کەرکوکەوە لقێکی هاتووەتە کۆیەوە.

**ڕامان:** نەتبیستووە لەناو شاری کۆیەش کەسانێک هەبووبن پێوەندییان بە برایەتی و دارکەر و زەردەشت و ئەوانەوە هەبووبێت؟

**جەلال جۆبار:** ئەو وەختی هۆشی ئەو شتانەم نەبوو، من ئەوکاتە لەوانەیە تەمەنم دە ساڵ دوازدە ساڵ بووبێت، بۆیە ئەو شتانەم نەزانیوە.

**ڕامان:** بێجگە لە ڕێکخراوی سیاسی، ڕێکخراوی ئەدەبی و هونەریش لە کۆیە دروست بووە، وەک هونەرە جوانەکان، کە لە ١٩٥٧ دامەزراوە، تۆی تێدا نەبووی؟

**جەلال جۆبار:** ڕەنگە تێیدا بووبم، بەڵام لەبیرم چووەتەوە.

**ڕامان:** ئەی ئەو برادەرانەی لەوێ ئیشیان کردووە وەک مامۆستایان: کەریم شارەزا و بیلال بەهائەددین و باکووری و تاهیر حەویزی، هەروەها دەڵێن عەبدولواحید حەمە سدیق لەوێ بەرپرسی بەشی کەلەپوور و فۆلکلۆر کۆکردنەوە و ئەوانە بووە.

**جەلال جۆبار:** ڕاستە دەبێ وابێ، وابزانم باوکت لەمن گەورەتر بوو.

**ڕامان:** ئەو لەدایک بووی ساڵی ١٩٢٨ـە.

**جەلال جۆبار:** من ١٩٢٩ لە دایک بوویمە، لەبیرمە باوکتیان لە قوتابخانە لە ڕۆژی (تحیة العلم) لە ڕیز دەردەهێنا، ئەو لە هەمووان کەڵەگەتتر بوو، لەو ڕۆژەدا ئاڵایەکەی هەڵدەداو شیعر دەخوێندرایەوە.

**رامان:** لەکوێیە ئەوانەی لە ڕووی سیاسییەوە ڕابەرایەتی هۆشیاریی جەماوەریان کردووە، بەبیری تۆ زیاتر کێ بوون؟

**جەلال جۆبار:** بەبیری من حزبی شیوعی هەبوو، گەلێک کردەوەی نالەباریشیان کرد، تەنانەت منداڵیان فێرکردبوو لە کۆڵانان دەیانگوت بمرێ کورد و کوردستان. دوایی پارتی هەبوو سەرکردایەتی کوردایەتی وەرگرتبوو، ئێمە هەموومان پارتی بووین، من لە ساڵی (١٩٤٨-١٩٤٩) چوومە ڕیزەکانی پارتییەوە، ئەوکاتە ئێمە پێنج کەس بووین یەک لەوانە عەبدولڕەحمان ڕووتە بوو، ئەوەی دیکەشیان مام جەلال بوو، مام جەلال لە ئێمە گچکەتر بوو، بەڵام ڕێکخەرمان بوو، سەید برایم سەعیدی باوکی ڕابەر بوو، محەممەد شوان بوو، ئەوانە بووین.

**رامان:** مامۆستا جەواد حەمەد بەگ لە گۆڤاری (کەکۆن)دا بابەتێکی نووسیبوو کە لە ڕەزەکەی باپیرم حەمە سەدیقی باخەوان لە ساڵی ١٩٤٥ یەکەم نەورۆز باوکم سەرپەرشتیی کردووە و داروچیلکەی کۆکردووەتەوە و خەڵکی لەوێ کۆکردووەتەوە، کاکە زیاد ئاغا و چەند ناوێکی بردووە کە ئامادەی ئەو نەورۆزە بوون، تۆ بە بیرت نایە ئەو نەورۆز چۆن کرا، کێ و کێ لەوێ بوون؟

**جەلال جۆبار:** من پتر لە نەورۆزی ساڵی ١٩٤٧ ئاگادارم.

**رامان:** لەوانەیە هەر ئەوەبێ؟

**جەلال جۆبار:** نا ئاخر ئەوەیان لە تاتووکان بوو.

**رامان:** باشە تۆ ئەوەمان بۆ باس بکە.

**جەلال جۆبار:** نەورۆزێک لە تاتووکان کرا، تاتووکان ئێستا بووەتە گەڕەکی شەهیدان، لەوێ نەورۆزەکە کرا، پارتی و شیوعی خەریک بوو لێک بدەن، کەسێکی پارتی هەڵدەستا لە دژی ئەوان شتێکی دەخوێندەوە، ئەوانیش دەهاتن شتێکیان لە دژی پارتی دەخوێندەوە، ئاخرییەکەی دڵداری شاعیر چووە سەر شانۆکە، ئینجا هەندێک لاڵە پەتەش بوو، گوتی داوا لە هەردوولاتان دەکەم هێور ببنەوە بۆ ئەوەی بتوانین نەورۆزەکەمان بەخۆشی بەڕێ بکەین.

**رامان:** ئەوە ساڵی دواترە، بەڵام یەکەم جار کە نەورۆز کراوە، لە شاخە مشکە کراوە. بەپێی زانیاری خۆم ئەو نەورۆزەی کە باسی دڵداری شاعیر دەکرێ کە پارتی و شیووعی لە دژی یەکتر وتاریان خوێندووەتەوە، ئەو نەورۆزە جیایە لەگەڵ ئەوەی کە لە ژمارەیەکی گۆڤاری (کەکۆن) باسکرابوو، (مامۆستا جەواد حەمەد بەگ کە بۆ دانیشتنەکە یاوەرم بوو گوتی: لە ساڵی ١٩٤٧ پارتی و شیووعی پێکەوە نەورۆزیان کرد، ساڵی ١٩٤٨ پارتی و شیووعی پێکەوە نەیان کرد و لێک جیابوونەوە، ئەو ڕۆژەی حزبی شیووعی کردی، بۆ ڕۆژی دواتر پارتی کردی، ئینجا عەبدولواحید حەمە سدیق و تاهیر عەبدوڵڵا جەڕاح پاسەوانی نەورۆزەکە بوون).

**جەلال جۆبار:** ڕاستە وابزانم ساڵی ١٩٤٨ بوو.

**رامان:** ئەوەی تۆ باست کرد ساڵانی دواترە، (جەواد حەمەد بەگ لێرەدا گوتی لە نەورۆزی (١٩٤٨) بوو کە تەحەرور و پارتی بە جیا نەورۆزیان کرد، عەبدولواحید حەمە سدیق و تاهیر عەبدوڵڵا پاسەوانی خێوەت و شانۆ و دروشمەکانی (تەحەرور- شیووعی) بوون، لە ئێوارەی (٢٠)ی مانگ مەحموود ئاغا چووە سەریان و پێی وتن چەک دانێن، بەڵام ئەوان ڕەتیان کردەوە. (عەبدولواحید حەمە سدیق) لە نەورۆزی ١٩٤٥ ئاگری نەورۆزی کردووەتەوە. ئێوارەی بیستی مانگ بە بۆنەی نەورۆز ئاگریان کردووەتەوە، بە عەبدولواحید حەمە سدیق و تاهیری عەبدوڵڵا کەچەڵیان گوتووە چەکەکانتان دانێن، دەنا ئێرە دەسووتێنین، عەبدولواحید حەمە سدیق گوتی بۆ تۆ چیت، ئێمە چین؟ ئیتر لەگەڵ مەحموود ئاغا لێیان بووەتە دەمەقاڵە، ئاخری خەڵک کەوتوونەتە نێوانیان و مەحموود ئاغا وازی هێناوە و نەورۆز کە کرا هی حزبی شیووعی بوو، دوای ئەویش ڕۆژی دوایی هەر لەهەمان شوێن پارتی کردوویەتی، ئینجا لەو نەورۆزەدا کاوەی ئاسنگەر لەگەڵ ئۆپەرێتی گوڵی خوێناوی نمایش کراوە.

**جیاوازی ئێستا و جاران ئەوەیە کە ئێستا بە ناو دەڵێن پێشکەوتووترە.**

**جەلال جۆبار:** ڕاستە لە ساڵی ١٩٤٧ پارتی و شیووعی پێکەوە کردیان، من دانرابووم وتاری پارتی بخوێنمەوە، کە نۆرە هاتە سەر من وتارەکەم بخوێنمەوە شیووعییەکان نەیانهێشت بیخوێنمەوە.

**رامان:** ئەی لەگەڵ دڵداری شاعیر سەربوردەت چییە؟

**جەلال جۆبار:** من ئەو وەختە هێشتا دەستم بە شیعر نووسین نەکردبوو، بەڵام پێوەندیمان لەگەڵ یەک هەبوو، دڵدار هەژار بوو، دەستی کورت بوو، جارێکیان ڕوبعە

دیناریکی لێ قەرز کردم، بە شەش مانگان ئەوجا پێی دراوە.

**رامان:** ئەی چۆن چووە بەغدا یاسا بخوێنێ؟ کێ هاوکاریی کرد؟

**جەلال جۆبار:** چووە بەغدا خوێندی، کە دەرچوو لەهەولێر پارێزەر بوو.

**رامان:** ئەی نازانی لە بەغدا چۆنی خوێند؟

**جەلال جۆبار:** برایەکی هەبوو بەناوی ئاسەف، ئەو یارمەتی دەدا.

**رامان:** بێجگە لەوانەی ناومان بردن، هیچ ڕێکەوتی مامۆستا گۆران-ی شاعیرت نەکردووە؟

**جەلال جۆبار:** مامۆستا گۆران جارێک هاتە شاری کۆیە و دیومە، یەکەم نەخۆشخانە کە لە کۆیە ساڵی ١٩٤٦ دروست کرا، ئەو لە دائیرەی ئیشغاڵی هەولێر بوو، ئەندامی لیژنە بوو، مامۆستا گۆران یەک لەو کەسانە بوو بۆ وەرگرتنی نەخۆشخانەکە، کە تەواو ببوو هاتە کۆیە.

**رامان:** ئەی هیچ قسەت لەگەڵ نەکرد؟

**جەلال جۆبار:** ناوەڵڵا، بەڵام جارێکیان شیعرێکم نووسی و ناردم بۆ ڕۆژنامەی (ژین)ی سلێمانی، ئەو بڵاوی کردەوە، ئەوکاتە تازە دەستم بە شیعر نووسین کردبوو، شیعرەکەم بەناوونیشانی (ڕۆژی شەڕ) بوو، مامۆستا گۆران ناوونیشانەکەی گۆڕیبوو و کردبوویە (ئەنجامی شەڕ)، ئینجا بڵاوی کردبووەوە.

**رامان:** ئەی کە سەعید قەزاز هاتە کۆیە، ئەوەت لەبیرە؟

**جەلال جۆبار:** بەڵێ بە بەر دوکانی مندا تێپەڕی، ئێمە لەگەڵ سمەی دێوەی سوعبەتمان هەبوو، چووە لای ئەو، لەوێ هەندێ قسەی لێ پرسی و ڕۆیشت، کە ڕۆیی بەتەوسەوە بە گوزەرەکەم گوت جەماعەت کاک سمایل ئیسپاتی کرد کە لە هەموو خەڵکی عاقڵترە، ئەویش جنێوی پێ دەداین.

**رامان:** ئەی کێی دیکە لە پیاوە بەناوبانگەکانی دنیای شیعر و ئەدەبیات و نووسین، یان سیاسەتمەداران و پیاو ماقووڵان سەردانی شاری کۆیەیان کردووە و لە تەمەنی خۆتدا بەبیرت بێ؟

**جەلال جۆبار:** جارێک وەسی هاتە کۆیە.

**رامان:** سەردانی مەلای گەورەی کرد؟

**جەلال جۆبار:** نا نەچووە لای مەلای گەورە، سوپا بۆ فەرەزیات هاتبوو، وابزانم ئەو فەوجی عەبدولکەریم قاسم بوو، هاتنە ئێرە و دوای ئەویش وەسی لەگەڵ سەرکردەیەکی ئینگلیز کە یەک دەستی هەبوو هاتن.

**رامان:** ئەوە ساڵی چەند بوو هاتن؟

**جەلال جۆبار:** وابزانم ساڵی ١٩٥٦ بوو، وەسی بە بەردەمی مندا هات، پێڵاوێکی لەپێ بوو، پێڵاوەکە تەقەی نەدەهات، لەگەڵ سەرکردە ئینگلیزەکە فڕۆکە هێنای، لەوێوە بە پێیان تا ئەوبەری ئازادی ڕۆیی.

**رامان:** پردی تەق تەق-یان کردەوە؟

**جەلال جۆبار:** ئا بەڵێ.

**رامان:** تایبەتمەندییەک لە گۆرانی و مۆسیقای ناوچەی کۆیەدا هەیە کە جودایە لەگەڵ مۆسیقا و گۆرانی ناوچەکانی دیکەی کوردستان، ئەو تایبەتمەندییە لە چییەوە هاتووە؟ ئێستا هەر کەسێک مۆسیقا و گۆرانییەکی ئەو ناوچەیە لێدا هەر زوو دەزانرێ ئەوە هی ناوچەی کۆیەیە، ئەو تایبەتمەندییە لە چییەوە هاتووە؟

**جەلال جۆبار:** خۆی شێوەی لەهجەکەی دیارە.

**رامان:** بێجگە لە شێوەی شیعرەکەی، لە ئاوازەکەشیدا تایبەتمەندی هەیە.

**جەلال جۆبار:** ئەگەر شاعیرەکەی شیعرەکەی نووسیوە کۆیی بێ، ئەوەشی هەر پێوە دیارە.

**رامان:** مەبەستت شێوەزارەکەیە؟ بەڵام کار لە شێوەزارەکە گەورەتر و قووڵترە؟

**جەلال جۆبار:** شێوەزارەکە دیارە لەگەڵ هی سلێمانی جیاوازی هەیە، ڕۆژێک لە سلێمانی بووم تازە (ئاروو) پەیدا ببوو، چوومە بەر دوکانێک گوتم کیلۆی ئاروو بەچەندییە؟ پێم پێکەنی. وتم بۆ پێدەکەنی؟ گوتی تۆ کۆیی؟ گوتم بەڵێ، وتی جا ئەمە ئارووە؟ گوتم ئەی چییە؟ گوتی خەیارە. گوتم بابە خەیار عەرەبییە، ئەی بە کوردی ناوی نییە؟ نەختێ ڕاما... ئینجا ئەو شتانەی جیاوازە.

**رامان:** دیارە تۆ پێت وایە ئەو تایبەتمەندییە تەنیا لە شیعرەکەیدایە، ئەی لە ئاوازەکە، لە ئەداو گوتنەکەیدا نییە؟

**جەلال جۆبار:** لە هەموو لایەنەکانیدایە.

**رامان:** ئەوە لە چییەوە هاتووە؟ لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە؟

**جەلال جۆبار:** لە ژینگەی شاری کۆیەوە هاتووە.

**رامان:** پێم وایە دەتەوێ بڵێی لە ڕوحییەتی

خەڵکەکەیدایە، ئەو تایبەتمەندییە مێژووکردە، لەبەر ئەوەی قووڵاییەکی لەناو مێژوودا هەیە، بە کەڵەکەبوونی ئەزموون و تێپەڕینی ڕۆژگار ئەو تایبەتمەندییە دروست بووە و ڕەگاژۆ بووە.

**جەلال جۆبار:** بەڵێ ڕاستە، لەبەر ئەوەی کۆیە شارێکی گەلێک کۆنە، واتە پێش ئەوەی ئیسلام بێت کۆیە هەبووە، کە ئیسلام بەسەرکردایەتی عومەری کوڕی خەتاب هاتووەتە شاری کۆیە، پێشتر کۆیە لە جێی ئێستای سەیتەرەکەی کۆیە بووە، دوای ئەوە کۆیە گواستوویەتییەوە ئێرە، بۆیە لەڕووی مێژووەوە شارێکی گەلێک کۆنە و مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە.

**ڕامان:** پێکەوە ژیانی نێوان ئایینەکان سیمایەکی زەق و بەرچاوی شاری کۆیەیە، من بینیومە خەڵکی کۆیە ئەگەر جیاوازی ئایینیشیان لەنێواندا هەبێ، بەڵام کەس خۆی لە کوردبوونەکەی جودا نەکردووەتەوە، جوولەکە و موسڵمان و مەسیحی هەموویان پێکەوە ژیاون، سەبارەت بەو سێ پێکهاتەیەی کۆیە چی دەزانیت و چیت لەبیرماوە؟

**جەلال جۆبار:** کە جوولەکەکان لە کۆیە بوون، برادەری جوولەکەم هەبوو، من ئەندامێکی حزبی بووم، دوو (خەت)یان دابوومێ، یەکی جوولەکەکان، یەکی دیانان، ئەو وەختە حەفتانە کۆم دەکردنەوە، کە جوولەکەکان ڕۆیشتن لە حەوشی سەرای کۆن بەڕێم کردن. دوایی پێرار تەماشام کرد یەکێک هاتە بەر دوکانەکەم ڕاوەستاو بە عەرەبی گوتی (آني ما أعرف كوردي، أحجي عربي)، گوتم (مایخالف احجي)، من وام گوت لە قاقای پێکەنینی دا، گوتی جۆبار نامناسییەوە، گوتم ناوەڵڵا تۆ کێی؟ بەسەر کەوت هات ئەولا و ئەم لای ماچ کردم، وتی توخوا نامناسییەوە من سابیری کوڕی فەرەجم، جوولەکە بوو بەسەردان هاتبووە کۆیە، ئەوە یەک لەو کەسانە بوو کە حەفتانە کۆم دەکردنەوە، دەیگوت ئێمە ئێستاکەش هەموو دەم لە خەیاڵی کۆیەداین، دەیگوت کە ژن دەگوازینەوە و ژنێ دێنین، هەموومان جلکی کوردی لەبەر دەکەین و گۆرانی کۆیە دەڵێین، گۆرانییەکیان هەبوو (ئەی هاوار لە ناو ڕەزان.. کێ منی کوشت خلەی خەزان) گوتی ئەو گۆرانییە دەڵێین.

**ڕامان:** ئەوە ئاوازەکەی هی ناوچەی کۆیەیە؟

**جەلال جۆبار:** بەڵێ فۆلکلۆری کۆیەیە.

**ڕامان:** بەو بۆنەیەوە چەند جوولەکەی دەنگخۆش و گۆرانیبێژ لە کۆیە هەبوون؟

**جەلال جۆبار:** کوڕێک هەبوو دەنگی زۆر خۆش بوو، پێیان دەگوت (شەمووله).

**ڕامان:** هەموو گۆرانییەکانی کوردی بوون؟

**جەلال جۆبار:** هەمووی کوردی بوون، هەندێکی عەرەبیشی دەزانی.

**ڕامان:** لە چ بۆنەیەکدا دەیگوت؟

**جەلال جۆبار:** زیاتر لە بۆنەی ژن گواستنەوەدا دەیگوت، لەبەر ئەوەی خەتێکی جوولەکەم لەلا بوو، ئەوکاتە کە ئەمانە ژنیان گواستەوە، بانگهێشتیان کردم، حەوت ڕۆژان ئاهەنگیان گێڕا.

**ڕامان:** خەتێک چەند کەس بوون؟

**جەلال جۆبار:** خەتێک پێنج کەس بوون.

**ڕامان:** ساڵی چەند بوو ئاهەنگی ژن گواستنەوەیان هەبوو؟

**جەلال جۆبار:** ساڵی ١٩٤٧-١٩٤٨ بوو.

**ڕامان:** واتە پێش ئەوەی بڕۆن؟

**جەلال جۆبار:** بەڵێ، ئینجا دەعوەت کرام، کوڕەکە ناوی سدیقی لاولاو بوو، ئیتر بۆ ئاهەنگیان دەچووم و ئەو (شەمووله)یەش هات لەوێ گۆرانی گوت.

**ڕامان:** بابی شەمووله ناوی چ بوو؟

**جەلال جۆبار:** بابی ناوی (حەیوم) بوو.

**ڕامان:** هەر ئەوە بوو، یان دەنگخۆشی دیکەشیان هەبوو؟

**جەلال جۆبار:** هی دیکەشیان هەبوو دەمیان لە گۆرانی گوتن دەدا، بەڵام هیچیان وەک ئەو نەبوون.

**ڕامان:** بە پارە دەیگوت، یان بە خۆڕایی؟

**جەلال جۆبار:** نا نا بێ پارە و بۆ ئاهەنگی جوولەکان بوو، ژنیان دەگواستەوە.

**ڕامان:** تەنیا بۆ جوولەکانی دەگوت، یان بۆ ئاهەنگی دیش دەیگوت؟

**جەلال جۆبار:** هەر بۆ جوولەکانی دەگوت.

**ڕامان:** ئەی لە کاتی پرسە و سەرقەبران چۆن هەڵسوکەوتیان دەکرد؟

**جەلال جۆبار:** ئاسایی دەگریان و شینیان دەکرد، تەنانەت جوولەکەیەکیان مەیخانەی هەبوو و ئارەقی دەفرۆشت کاک ئەسوەد هەبوو لەگەڵ ڕەئووفی کورتان دروو چووبوون ئارەقیان بە قەرز لێ وەرگرتبوو، ئەوەی من دەیڵێم لەمێژە، شێست ساڵ زیاترە، جارێکی دیکەش

چووبوونەوە بە قەرز نەیدابوونێ، ئەوانیش گوتبوویان گوو بەدینت، ئەویش گوتبووی گو بەدینی ئێوە، دەمانچەیان لێ هەڵکێشابوو، سێ فشەکیان لەناوی دەمی دابوو و کوشتبوویان، ئەوجا شینیان بۆ دەکرد، من چوومە سەر شینەکەی، عومرم سێزدە، چواردە ساڵ دەبوو، وەک ئێمە شینیان بۆ دەکرد و بە جوولەکانی پێیاندا هەڵدەگوت.

**رامان:** خۆیان لە کورد جودا نەدەکردەوە؟

**جەلال جۆبار:** نا نا ئەبەد.

**رامان:** باشە با باسێکی پیشە کۆنەکانی جاران بکەین، وەک جۆلایی و یەمەنی دوورین و ئەوانە کە دەڵێن زۆربەیان ئیشی جوولەکان بوون.

**جەلال جۆبار:** جاران شاری کۆیە ئەگەر دەرگات لێ قەپات کردبا، لەسەر هیچ شتێک پەکی نەدەکەوت، جۆلا هەبوو جلکی ژنان و پیاوانی دروست دەکرد.

**رامان:** دەتوانی ناوی جلکەکانی ئەوسام پێ بڵێی؟

**جەلال جۆبار:** ئەو جلکانەی ئێستا دەڵێی؟

**رامان:** نەخێر مەبەستم جلوبەرگی کۆنە وەک کۆڵەبی و کوڵەنجە و ئەوانە کە ئێستا خەڵک کەمتر لەبەریان دەکات.

**جەلال جۆبار:** جلوبەرگی جاران کەوا بوو، کەوای ژنان.

**رامان:** ئەی هی پیاوان چ بوو؟

**جەلال جۆبار:** هی پیاوان ڕانک و چۆخە بوو.

**رامان:** ئەی سەڵتە و کەوا و شتی وا نەبوو؟

**جەلال جۆبار:** سەڵتە لەگەڵ کەوا و چاکەتی پیاوان هەبوو، ئەوەیان لە بەغدا و ئەوانە وەرگرت.

**رامان:** ئەی جۆرەکانی پێڵاو؟

**جەلال جۆبار:** پێڵاوی یەمەنی دروو هەبوو، نزیکی پازدە یەمەنی دروو لە کۆیە هەبوون.

**رامان:** ئەدی پانی بەرز؟

**جەلال جۆبار:** ئەوە هی ژنان بوو، پێڵاوی پیاوان یەمەنی بوو، پێڵاوی ژنانیش پانی بەرز و سۆر بوو.

**رامان:** ئەی گێلاسییان لە تایە و شتی وا دروست نەدەکرد؟

**جەلال جۆبار:** ئەوە پاشتر پینەدۆزەکان دەیانکرد.

**رامان:** ئەی جوولەکەکان کاری دەستیی زیو و زێڕیان نەدەکرد؟

**جەلال جۆبار:** زەڕەنگەرییان دەکرد، خومخانەچێتی، بازرگانی، هەتاری هەبوو.

**رامان:** ئەی مزگەری؟

**جەلال جۆبار:** مزگەرییان نەدەکرد.

**رامان:** ئەی ئەوانەی ئاسنگەری و ناڵبەندییان کردووە و مووشەیان دەماندووە و پێستەیان خۆش کردووە، کێ بەو جۆرە پیشانەوە خەریک بوو؟

**جەلال جۆبار:** کابرایەک هەبوو پێیان دەگوت سەید عەلی، وەستا برایمی قازانچی، ئەوانە ئەو کارانەیان دەکرد.

**رامان:** ئەو پیشانەی تایبەت بوون بە جوولەکەکان تەنیا ئەوانە بوون؟ جۆلایی و یەمەنی دروست کردن و زەڕەنگەری، وابزانم سابوونیشیان دروست کردووە؟

**جەلال جۆبار:** نا جوولەکەکان پێڵاودروست کردنیان نەبووە، لە کۆیە ماڵی حاجی ئەمینی چەکمەڕەق، سابوونی بەزینیان دروست دەکرد.

**رامان:** ئەوانە جوولەکە بوون؟

**جەلال جۆبار:** نا ئەوانە موسوڵمان بوون.

**رامان:** ئەی ناڵبەندی کێ دەیکرد؟

**جەلال جۆبار:** وەستا مستەفا هەبوو، وەستا غەفوور بوو.

**رامان:** یانی جوولەکەکان تەنیا ئەو دوو سێ پیشەیەیان کردووە؟

**جەلال جۆبار:** بەڵێ، هەر ئەوەندە بووە.

**رامان:** دێینە سەر ئەوەی کۆیە بە حوکمی ئەوەی سەرەڕێی کاروانچییان بووە، زۆرجار لە سابلاغ و شنۆ و لەو دیوەوە قەتار و کاروانچی بۆ هاتوون، لێرە خان هەبووە و لەو خانانە لایان داوە، لەوێوە کەلەپووری گۆرانی و مۆسیقایان لەگەڵ خۆیان هێناوە، شیعری شاعیرانی ئەودیو وەفایی و مسباحولدیوان-یان هێناوە، یان لە جێی دیکەوە هاتوون وەک کەرکووک و سلێمانی و هەولێر، لەبەر ئەوەی ڕێیان دوور بووە و ئۆتۆمبێل نەبووە، بە کەروبار و ئێستر هاتوون، شەوێ لێرە لایان داوە و لەگەڵ گۆرانیبێژی کۆیە لێکیان داوە و دانیشتوون و قسە و باس و گۆرانیان گوتووە، ئایا ئەوە کاریگەری نەبووە لەوەی کۆمەڵێک ئاواز و گۆرانی لە کۆیە بەجێ بمێنێ؟

**جەلال جۆبار:** زۆر کاریگەری لەسەر ئاواز و گۆرانی کۆیە هەبووە، بە تایبەتی هی سابلاغ.

**رامان:** باسێکی ئەو کاریگەرییەمان بۆ بکە.

**جەلال جۆبار:** هی ئێرەش دەچوونە سابلاغێ، هی سابلاغیش دەهاتنە ئێرە.

**رامان:** کۆیە لەگەڵ کوێی دیکەش تێکەڵاو بوون؟

**جەلال جۆبار:** لەگەڵ قەڵادزێ، ڕانیە، کەرکووک تێکەڵ بووە، کاروانچی ئێرە هەمیشە دەچوونە کەرکووک و ئەوانیش دەهاتنە کۆیە.

**رامان:** هونەرمەندانی کەرکووک بە چ زمانێک گۆرانیان دەگوت بە تورکی، یان بە کوردی؟

**جەلال جۆبار:** کوردەکان بە کوردی دەیانگوت، گۆرانی تورکیشی بە تایبەتی قۆریات-یان دەگوت، تورکمانەکان کە دەهاتنە کۆیە، گۆرانی تورکییان دەگوت.

**رامان:** سینی و زەرفانێش کراوە.

**جەلال جۆبار:** سینی و زولفانێ تەنیا لە مانگی ڕەمەزانان دەکرا، سی شەوەی ڕەمەزانێ دەکرا، ئەو سینی و زوڵفانێیە گۆرانیبێژی چاکی وەک مەلا ئەسعەد و ئەوانە دەهاتن تا پارشێو لە دەوری سینی و زوڵفانێیەکە گۆرانییان دەگوت، تا دەهۆڵی پارشێو لێدەدرا دەمانەوە.

**رامان:** ئەو وەختە چ دەخوراوە، چا هەبوو چ هەبوو؟

**جەلال جۆبار:** هەر چا هەبوو.

**رامان:** ئەی پاقلاوە و شیرنەمەنی و شەربەت و....تاد؟

**جەلال جۆبار:** نا ئەو شتانە نەبوو.

**رامان:** ئەی شەوچەرە وەک گوێز و مێوژ و بادام و...تاد؟

**جەلال جۆبار:** ئەوە لە مالان هەبوو، لە مالان گوێز و مێوژ و شتی وا دەخورا، چایان لێ نەدەنا، دەیانگوت شەوی زستان درێژە- پاش خواردن لاوکبێژە (دەخۆین گوز و مێوژان- چایەم پێ تاڵ و تیژە).

**رامان:** من بیستوومە دەڵێن سینی و زەرفانێ، تۆ دەڵێی سینی و زوڵفانێ، ئەو زوڵفە لەچیییەوە هاتووە، ئەوە کوردییە؟

**جەلال جۆبار:** هەر گوتراوە زوڵف.

**رامان:** ئاخر ئەوە تورکییە، فارسییە، عەرەبییە، چییە؟

**جەلال جۆبار:** سینییەکە کوردییە.

**رامان:** ئەوە سینییەکەمان زانی.

**جەلال جۆبار:** زوڵفەکەش مەیلەو کوردییە. ئەوانە لە کۆنەوە لە دیوەخانی ئەمین ئاغا هەبووە.

**رامان:** دەزانم ئەوە لە شیعری شێخ ڕەزادا ناوی سمایلی مەلا خالیدی هێناوە، کە یاریزانێکی زۆر چاکی سینی و زەرفانێی دیوەخانەکەی ئەختەر بووە.

**جەلال جۆبار:** ئا بەڵێ سمایلی مەلا خالید تەنانەت جارێکیان سەرۆکی بەرەیەکیان شێخ ڕەزا بووە، سەرۆکی بەرەکەی ئەولاش سمایلی مەلا خالید بووە، چەند شەوێکی سمایلی مەلا خالید بەسەفەر چووە و دوڕاندوویەتییان، کە هاتووەتەوە، بردوویانەتەوە، شێخ ڕەزا شیعرێکی پێدا هەڵگوتووە.

**رامان:** ئەو شیعرە دەڵێ:

**هاتەوە ئاشووبی دەوران، مەردی مەیدان**

**لەندەهوڕی ئیبنی سەعدان هاتەوە**

**بۆ خەلاسیمان سمایل وەک سولەیمان هاتەوە**

ئەو ڕووداوە لە کتێبی ئەختەردا نووسیومە.. باشە دووجار لەکۆیە کۆڕ بۆ حاجی قادری کۆیی کراوە، یەکیان لە ساڵی ١٩٧١، ئەوی دیکەیان ساڵی ١٩٧٣ بۆ دامەزراندنی پەیکەرەکەی، تۆ چ دەورێکت لەو کۆڕانەدا هەبوو؟

**جەلال جۆبار:** لە دامەزراندنەکەی ئەندام بووم.

**رامان:** شیعرت خوێندەوە، یان وتارت هەبوو؟

**جەلال جۆبار:** شیعرم خوێندەوە، ئێستا لە دیوانەکەمدایە، فیستیڤاڵەکە ساڵی یەکەم بوو، ساڵەکەی دیکە پەیکەرەکەمان دامەزراند، هێمنی موکریانی-شمان دەعوەت کردبوو، ئینجا لە دەوری پەیکەرەکەی شیعرمان دەخوێندەوە، هێمن ئەو شیعرەی خوێندەوە.

**چلۆن بۆ سوورمە نابێ خاکی شارێک**

**کە حاجی پێی لەسەر دانابێ جارێک**

مەسعوود محەمەدیش وتارێکی بە زمانی عەرەبی خوێندەوە.

**رامان:** بێجگە لە شیعرنووسین و تێکەڵاوبوون لەگەڵ گۆرانیبێژەکان، بۆچی بیروڕای خۆت سەبارەت بە شاعیرایەتی ئەو شاعیرانەی کۆیە نەنووسیوە؟ بۆ نموونە لە بارەی حاجی قادر وتارت نەبووە؟ یان لە بارەی ئەختەر، یان کەیفی جوانڕۆیی، یان قاسید نووسینت لە بارەی ئەوانەوە نەبووە؟

**جەلال جۆبار:** وتار و نووسینم نەبووە.

**رامان:** هیچ جارێک بیرت لەوە نەکردووەتەوە وتار و بیروڕات لە بارەیانەوە هەبێ؟

**جەلال جۆبار:** نەوەڵڵا.

**رامان:** بێ گومان بیروڕای تایبەتیت سەبارەت بەو شاعیرانە هەیە، بێجگە لەو وتار و نووسینانەی خەڵکی دی نووسیویانە، تۆ کە شیعری ئەو شیعرانەت

خـوێندووەتەوە بیـروڕایەکی تایبـەتی خـۆت لەسـەر شیعرەکانیان نەبووە؟

**جەلال جۆبار:** ئەوەی لە بارەی حاجی قـادری کـۆیی هەمبووە بە شیعر نووسیومە، وتارم نەبووە.

**رامان:** ئەی پێت وانییە کار و کاسبیەکەت، یان بڵێین دوکـانداریـیـەکـەت زەرەر و زیـانی لە تۆ دابێ و وەک نووسەر و شاعیرێک تۆی لە کار و پرۆژەکانت بەپاش خستبێت؟

**جەلال جۆبار:** دەتوانم بڵێم وایە.. من ملم لە هەردوو لایان نابوو، خێزاندار بووم و خێزانم هەبوو، بەخێوم دەکردن، دەبوایە ئاگاداری کەسابەتەکەشم بم، لە پاڵەوە وردە وردە ئەوانەشم نووسیوە.

**رامان:** تۆ لە چاو ئەو تەمەنەت، کە هیواداریـن تەمەن درێژ بیت، ساڵانێکی دوورودرێژە دەنووسیت، واتە بەر لە شێست ساڵ زیاتر تۆ خەریکی شیعر وتن و شاعیرایەتی بووی، بەڵام لەچاو ئەو تەمەنە پێت وانییە بەرهەمت کەمە؟

**جەلال جۆبار:** من بەرهەمم زۆر بوو، بەڵام وەک عەرزم کردی زۆریم لێ فەوتا.

**رامان:** باست کرد یەک دەفتەرت سووتا.

**جەلال جۆبار:** لە یەک دەفتەری گەورە، هیچیانم بەدەست نەکەوتەوە.

**رامان:** ئەی ئەوانی دی چییان لێهات؟ ئەوەی کە هەتە تەنیا دیوانێکە.

**جەلال جۆبار:** ئەوانەشم لە خەڵک وەرگرتەوە.

**رامان:** ئەگەر ئەو دیوانەشت بمابا، لەپاڵ ئەو دیوانە چاپکراوە دەیکردە دوو دەفتەر، واتە دوو کتێب، دیسان لەچاو ئەو تەمەنە هەر کەمە.

**جەلال جۆبار:** وەڵڵا ئیتر ئەوەندە بووە.

**رامان:** یانی تۆ بەو بەرهەم و بەخششەی خۆت قانیعی؟

**جەلال جۆبار:** زۆر خەسارەتم لێ کەوتووە، خۆم بەخەسارەتمەند دەزانم کە دەبینم ئەو بەرهەمانە و ئەو ماندووبوونانەم بەخۆڕایی ڕۆییون.

**رامان:** ئینسان کە دەگاتە دوا وێستگەی ژیان، ئاوڕێک لەدواوەی خۆی دەداتەوە، تۆ چەند لەو ئیشانەی کردووتە و تا ئەمڕۆ ماونەتەوە لێیان ڕازی؟

**جەلال جۆبار:** لێیان ڕازیم، بەڵام لەبەر ئەوەی بە تەواوی پێم نەدەکرا خۆم بۆ شیعر و ئەدەبیات تەرخان بکەم، لەلایەک خەمی ماڵ و منداڵ و لەلایەک دەگیرام، ئازادیش نەبوو، لەسەر شیعرێک خەڵک دەگیرا، وەک عەرزم کردی من سێ جار گیراوم و دووجاریش بەماڵ و منداڵەوە دەربەدەر بووم، ئیتر ئەوانە زۆر کاریان لێم کردووە.

**رامان:** باشە قەیناکە، بەڵام سەرنج دەدەم نووسەر و ڕەخنەگرەکانیش سەبارەت بە تۆ هیچیان نەنووسیوە، هۆیەکەی چییە؟

**جەلال جۆبار:** نازانم وەڵڵا ئەوان دەزانن.

**رامان:** گلەییت لێیان نییە، ئەوان بۆچی لەسەر تۆیان نەنووسیوە؟

**جەلال جۆبار:** کە نەیکەن چ بڵێم؟

**رامان:** کۆیە شارێکی ڕۆشنبیری و هونەرییە، لە بواری شیعر و ئەدەب و داهێناندا ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە، بۆیە دەبێ لە کۆیە ساڵۆناتیش هەبووبێ، ساڵۆنی ئەدەبی دەزانی چییە؟ مەبەستم ئەو شوێنە تایبەتەیە کە چ لە ماڵان بێ، یان چ لە چایخانەکاندا ئەدیبان و نووسەرەکان لێی کۆدەبنەوە و شەڕە شیعر دەکەن، یان گفتوگۆ و وتووێژی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی دەکەن، پێم وایە یەکێک لەو جێیانە دوکانی تۆش جێی کۆڕ و کۆبوونەوەی نووسەر و ئەدیبان بووە؟

**جەلال جۆبار:** بەڵێ ڕاستە.

**رامان:** ئەگەر حیسابی بۆ بکرێ، ئەویش دەبێتە نیمچە ساڵۆنێکی ئەدەبی..

**جەلال جۆبار:** ئێستاش نووسەران و شاعیران دێن بۆ لام، دوکانەکەم چۆڵ نییە.

**رامان:** دەمەوێ باسی ئەوەم بۆ بکەیت چەند جێی دیکە لەکۆیە هەبووە کە ئەدیبان و هونەرمەندان ڕوویان تێکردبێ؟

**جەلال جۆبار:** دوکانێک هەبوو دوکانی وێنەکێشان بوو، محەمەد شوان و عەلی حەمەدەمین ئەو دوو کەسە بەڕێوەیان دەبرد، چایخانەی سەعیدی مەلا ئەحمەدیش هەبوو.

**رامان:** ئەی دوکانەکەی عەونی؟

**جەلال جۆبار:** دوکانەکەی عەونی تەنیا بابەتی خۆی دەچوون.

**رامان:** ئاگام لێ بوو مامۆستا مەجید نورەددین جەلی زادە، تاهیر ئەحمەد حەوێزی، مەجید ئاسنگەر، دەچوونە دوکانەکەی، منیش کە سەردانی کۆیەم دەکرد، دەچوومە

لایان دادەنیشتم.
**جـــەلال جـــۆبار:** ئەویش دوکـــانێکی هەبووە، لە دوکانەکەی دادەنیشتن.
**رامان:** وەک تۆ ئاگادار بووی زۆرتر لەو کۆبوونەوانەدا چ ئەوانەی لە دوکانەکەی خۆت، چ لەو جێیانەی باسمان کردن، زیاتر باسی چی کراوە؟
**جەلال جۆبار:** سەروەختێک بە زۆری باسی سیاسەت دەکرا، ئەوانەی ئەدەب دۆست بوون دەهاتن کۆدەبوونەوە و باسی ئەدەبیاتیان دەکرد.
**رامان:** دوکـانەکـەی سـامی عـەودالێش خـەڵکی لێ کۆدەبوونەوە.
**جەلال جۆبار:** سـامی عـەودالْ زۆر لێرە نەبوو، پتـر لە هەولێر بوو.
**رامان:** لە حەفتایەکان ئێمە دەچووینە لای، دوکانەکەی بەرانبەر بە چایخانەی باواجی لەلای فولکەی حاجی بوو. باشە ئەو شیعرانەی تۆمان کە خوێندووەتەوە دەردەکەوێ کـە کـوردییـەکی ڕەوان دەزانی، ئەو کـوردییـە ڕەسـەنەت لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە؟
**جـەلال جـۆبار:** هەر بەهۆی خـوێندنەوە و نووسـینەوە بووە.
**رامـــان:** ئـەی هی ئەوەش نیــــــە تۆ بەهۆی ئەوەی دوکـــانداریت و تێکەڵاوییـــەکت لەگـــەڵ چین و توێژە جـۆراوجـۆرەکـانی خـەڵک هەیە و گـوێیـان لێ دەگـریت، کوردییەکەت باشتر بووە؟
**جەلال جۆبار:** ئەوەش کاریگەری خۆی هەیە.
**رامان:** ئەوەی ئێستا زۆربەیان بەباشی کوردی نازانن، ئەوە بیروڕای من نییە، بیروڕای ئەو کەسانەیە کە کوردی دەخوێننەوە، ئەگەر بتەوێ ئامـۆژگـارییـان بکەیت، لاوان چی بکەن باشە بۆ ئەوەی زمانەکەیان پاراو بێ؟
**جـەلال جـۆبار:** ئەوەی ئەوان کـردوویانە ئەوە گـوایە زمـانەکەیان پێش خسـتووە، بەڵام پێشـخسـتنێک کە لە کاروانەکە بەجێ بمێنن.
**رامان:** بۆ ئەوەی ئـینسـان فـێـری کوردییـەکی باش بێ دەبێ چ بکات؟
**جەلال جۆبار:** شاعیرەکانی کۆن زۆر وشەی عەرەبییان دەخستە ناو شیعرەکانیانەوە، دەبێ لەجیاتی ئەو وشانە، وشـەی کوردی پەتی دابنرێ، نەک وشـەی بێگانە بێنین، ئەوە ڕای منە.
**رامان:** ئەوەندەی من ئاگـام لێیـە کۆیە و دەشـتی کۆیە، بێـجگە لەوەی تایبــەتمەندی خـۆی لە گـۆرانی و ئاوازدا هەیە، لە ڕووی پەند و ئەفسانە و حەکایەتی کۆنی گوێ ئاگـردان و ئەوانەشـدا هەر دەوڵـەمـەندە، ئەو گـەنجـینەیە بەشـێـکی کـەمی لێ کـۆکـراوەتەوە و بەشـێکی زۆری تا ئێستا چاپ نەکراون، تۆ لەم ڕووەوە چ دەڵێی؟
**جەلال جۆبار:** من هەندێکم لێ بڵاوکردووەتەوە، نازانم خوێندووەتەوە، یان نا؟
**رامـان:** دیومــە، بەڵام زۆر لەوە زیاترە، کـاتی خـۆی مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ بە منی گوت سەد و پەنجا پەندی کـوردی ناوچەی کـۆیەم بۆ هاتووە، ئەو دەیویست بیانـخاتە سەر کـتێبـە گەورەکەی (پەندی پێشـینیـان)، گوتی ئەو پەندانەم بۆ هاتووە هیچی لە کتێبەکەمدا نین، گوتی تۆ وەک کەسێکی کۆیی پێم خۆشە پێکەوە دانیشین ساغیان بکەینەوە و بزانین ئەو پەندانە لە کوێ دەگوترێن و بەکـاردێن، کـە تەمـاشـام کـرد ئەو سـەد و پەنجـا پەندە هەمـووی نوێ بـوون، هەمـووشی هی ناوچەی کـۆیە بوون، بۆیە دەڵێم ئەو بەرهەمانە بەشی زۆریان کۆ نەکراونەتەوە، چونکە بەشی زۆری ئەو خـەڵکە وەختـی خـۆیان بەشیـعر نووسینەوە بە هەدەرداوە و خەریکی شیـعر نووسین، ئەو شیـعـرە عـەنتـیکە و بێ سـەروبەرانەش کـە دەنووسـرێن، لەجیـاتی ئەوە ئەگـەر دابنیشـن ئەو هەمـوو ئەفسـانە و حەکایەت و پەندانە کۆ بکەنەوە بۆ ئەوەی نەفەوتێن لەو شیعرە حەلەق و مەلەقانە باشتر نییە؟
**جەلال جۆبار:** بۆ نا ئەوە خزمەتێکی گەورەیە.
**رامان:** تۆ پێوەندیت لەگەڵ گەنجەکان چۆنە؟
**جەلال جـۆبار:** ئاسـاییـە و پێـوەندیم لەگـەڵیـان هەیە، ئەوەی بێتە لام و پرسیارێکم لێ بکات بەڕاستی وەڵامی دەدەمەوە.
**رامان:** سەبارەت بە چی پرسیار لە تۆ دەکەن؟
**جـەلال جـۆبار:** لە بـارەی شـیـعـرەوە، لە بارەی وشـەی کوردییەوە، لە بارەی مێژووەوە پرسیار دەکەن.
**رامان:** ئەی تۆ بەرهەمی ئەو گەنجانە دەخوێنیتەوە؟
**جەلال جۆبار:** هەندێ جار.
**رامان:** لەناویاندا هەیە سەرنجی تۆی ڕاکێشابێ؟
**جەلال جۆبار:** ناوەڵڵا.
**رامان:** بە شایانیان نازانی بیانخوێنیتەوە؟
**جەلال جۆبار:** بەڵێ لەناویاندا هەیە.
**رامـان:** پێت وانیــیـە غـەدریان لێ دەکـەیت، چونکە هەمووشیان وانین؟

**جەلال جۆبار:** نا نا هەموویان یەکجار وانین، بەڵام نەمخوێندوونەتەوە.

**رامان:** کە بەرهەمیانت خوێندووەتەوە، کەچی ناتەوێ بیروڕاش لە بارەیانەوە بدەیت؟

**جەلال جۆبار:** بێ گومان حەز ناکەم.

**رامان:** بەڵام پێویست بوو ئاگایەکیشت لەو گەنجانە بێ و بزانیت چ دەکەن؟

**جەلال جۆبار:** لەو دواییەدا تۆزێک تەندروستیم خراپە، بۆیە لە زۆر شت دوورکەوتوومەتەوە، زیاتر لەبەر ئەوەیە.

**رامان:** ئەی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی دەخوێنیتەوە؟

**جەلال جۆبار:** بەڵێ.

**رامان:** ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە چۆن دەبینی؟ پێت وانییە ئەو هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارە کە بەلێشاو دەردەچن زۆری و بۆرییەکی بێ تامە؟

**جەلال جۆبار:** جاری وایە هەواڵێک پێش ئەوەی لە ڕۆژنامەیەک دەربچێ، تۆ دەبینی لە تەلەڤزیۆن بلاوکراوەتەوە، ئینجا ئەوە چ تامی تێدا نامێنێ، لەو حاڵەتەدا تۆ بیخوێنیتەوە، یان نەیخوێنییەوە سوودی چییە؟

**رامان:** ئاخر ئەوە لاپەڕەی یەکەم و دووەم وایە، بەڵام لەوانەیە لاپەڕەکانی دیکە وا نەبن.

**جەلال جۆبار:** هەندێ جار لاپەڕەکانی دیکە دەخوێنمەوە.

**رامان:** منیش لەگەڵ تۆم چێشتێکت لێنابوو زۆر گەرمی نەکەیەوە باشە. ئەگەر هەواڵێکت لە تەلەڤیزیۆن بیستبێ پێویست نییە بۆ جاری دووەم و سێیەم و چوارەمیش بیانخوێنیتەوە، هەمیشە خوێنەر دەبێ هەواڵی نوێی بدرێتێ، یان هیچ نەبێ شێوازی داڕشتنەکەی بگۆڕێ. بابەتێک هەیە باسمان نەکردبێ و تۆ حەز بکەیت باسی بکەیت؟

**جەلال جۆبار:** هیچ شتێکی وا نایەتە یادم.

**رامان:** باشە نەختێک باسی دەوری کتێبخانەکانی کۆیەمان بۆ بکە، جاران چەند کتێبخانە لە شاری کۆیە هەبوون، کە کتێب و ڕۆژنامەیان فرۆشتبێ؟

**جەلال جۆبار:** ئەوەی کتێبخانە بووبێ وەک عەرزم کردی لەچلەکان کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی هەبوو.

**رامان:** ئەوەیان سەر بە چ حزبێک بوو؟ کتێبخانە هەبووە سەر بە شیوعییەکان بووە، هەبووە سەر بە پارتییەکان بووە، لە کۆیە کامەیان هی پارتی بوو و ناوی چ بوو، کامەیان هی حزبی شیووعی بووە؟

**جەلال جۆبار:** کاتی خۆی تەحەڕووڕ هەبوو.

**رامان:** کتێبخانەکەیان ناوی چ بوو؟

**جەلال جۆبار:** کتێبخانەکە کە هی تەحەڕووڕ بوو، ئەنوەری سەید ئەحمەد بەڕێوەبەری دەبرد.

**رامان:** ئەی کتێبخانەی حاجی قادر هی پارتییەکان بوو؟

**جەلال جۆبار:** بەڵێ ئەوەیان هی پارتی بوو، زاهیر سەعید بەڕێوەی دەبرد.

**رامان:** ئەی کتێبخانەی دیکە نەبوون کتێب و ڕۆژنامە بفرۆشن.

**جەلال جۆبار:** نەبوو.

**رامان:** دوای شۆڕشی چواردەی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ ئەحمەد دلزار کتێبخانەی (کۆیە)ی کردەوە، (عەزیز سەربەستی)یش کتێبخانەی (کوردستان)ی کردەوە، دواییش خالید حوسێن و هەندێک کەسی دیش هەبوون لەسەر شەقام کتێبیان فرۆشتووە وەک جەمال و کەریمی حەمە مەلا و ئەوانە ، هەروەها شوێنی ڕۆشنبیری دیکەشمان هەبووە وەک دیوەخانی مەلای گەورە.

**جەلال جۆبار:** ڕاستە لەماڵی مەلای گەورە کۆبوونەوە دەکرا.

**رامان:** ئەو کتێبخانانە کە کتێب و ڕۆژنامەیان داوەتە خەڵکی، بە پارە پێیان فرۆشتوون، یان بە ئیستیعارە دەیاندانێ؟

**جەلال جۆبار:** بە ئیستیعارە دەیانبرد و دەیان هێنایەوە، ڕۆژنامەکان دەفرۆشران.

**رامان:** ئەی ئەو ڕۆژنامە و بلاوکراوانەی کە لە سلێمانی دەردەچوون، وەک ڕۆژنامەی ژین و شتەکانی دی دەهاتن؟

**جەلال جۆبار:** دەهاتنە کۆیە، بۆ من دەهات.

**رامان:** تەنیا بۆ تۆ دەهات؟ ئەی خەڵکی دی؟

**جەلال جۆبار:** بۆ خەڵکی دیش دەهات.

**رامان:** پێشوازی خەڵک بۆ ئەو ڕۆژنامانە چۆن بوو؟

**جەلال جۆبار:** بە زۆری دەهاتە دوکانی محەمەد شوانی، ئەکرەم عەبدولقادریش کتێبخانەیەکی چاکی هەبوو، دوای ماڵی چەلەبی و ئەوانە، گۆڤار و ڕۆژنامەکان بۆ ماڵی ئاغایەکان دەهاتن، یەکەمین قەوانیش کە هاتووەتە کۆیە ماڵی چەلەبی هێناویانە، شەوێ مەلای گەورە چووەتە ئەوێ گوێی لێ ڕاگرتووە، بە

نیسبەت کامێراو مامێراش، ئەوە هێندە لەمێژ نییە هاتووە.

**رامان:** یەکەم جار کەی کامێرا هاتە کۆیێ و کێ هێنای؟

**جەلال جۆبار:** یەکەم جار باوکی محەمەد قودسی کامیرای سەفەری هێنا، لێرە ئەفسەر بووە، هێناویەتی و وێنەکانی پێی گیراوە، لەلای خەڵکی ماون.

**رامان:** ئەوە بۆیە لە سلێمانی کوڕێکی وێنەگری هەیە ناوی ڕەفیقە.

**جەلال جۆبار:** لە ساڵی ١٩٣٦ لەدوابیدا جەمال کەریمی حەمەی مەلا هێنای و لەگەڵ هونەرمەند باکووری وێنەیان پێ گرتووە، بۆ وێنەی موعامەلاتیش وێنەگرەکان لە هەولێرەوە هەفتەی دوو ڕۆژ دەهاتن و لە خانی گەورەی کۆیە دەمانەوە، پاشانیش دەگەڕانەوە هەولێر، تەنانەت (گیوی موکریانی)ش وەک وێنەگر هاتووە و لە خانی گەورەی کۆیە ماوەتەوە، بەڵام لەدوای ئەوەی میرزا حەمەدەمین (ئەمینی) کە کۆیی بووە و ماوەیەک چووەتە مەهاباد و دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان و لە مەهابادەوە دەگەڕێتەوە بۆ شارەکەی کۆیە، ئیتر لەمە بەداوە (گیوی موکریانی) هەر جارێک کە دێتە کۆیە دەبێتە میوانی ئەمینی، دواتر ساڵی (١٩٤٩) محەمەد شوان و عەلی حەمەدەمین کامیرایەک لە یەکێک لەم وێنەگرانە بە (٥٠) دینار دەکڕن و دەبنە شەریک و دوکانێک لە نزیک مزگەوتی (خادیمولسوجادەی) کۆیە دەکەنەوە و ماوەیەک بەیەکەوە کار دەکەن و دواتر لێک جیا دەبنەوە و هەریەکەیان دەبنە خاوەن دوکان و کامیرای خۆیان.

**رامان:** ئەی کەس هەبووە لێرە وەک مەلا کاکە حەمە و نەجمەددین مەلا خەڵکی فێری خوێندەواری کردبێ؟

**جەلال جۆبار:** سوختەخانە هەبوو، مزگەوتیش هەبوو، ئەوسا خوێندەوارییەکی وانەبوو.

**رامان:** ئەوان زیاتر سوختەیان فێری عەرەبی و قورئان خوێندنەوە دەکرد، ئەی زمانی کوردی، خەڵک فێری کوردی دەبوون؟

**جەلال جۆبار:** نا ئەو کاتەی من باسی دەکەم، ئەو حەماسەتە نەبوو، دوایی بەهۆی حزبی هیواوە پەیدا بوو، مەسەلەی کوردایەتی حزبی هیوا پەیدای کردو وردە وردە خەڵک فێر بوو، پێش ئەوەش دارکەران بوو.

**رامان:** دارکەران کێ بەڕێوەی دەبرد؟

**جەلال جۆبار:** دارکەران دڵدار بەڕێوەی دەبرد، جێگری ڕەفیق حیلمی بوو، کە ساڵی ١٩٣٧ دامەزراوە.

**رامان:** ئەی ئەو قائیمقامانەی وەختی خۆی لێرە بوون، ئەوانە دەوریان لە بڵاوکردنەوەی کوردایەتی و برەودان بە خوێندەواری و بواری ڕۆشنبیری چ بوو؟

**جەلال جۆبار:** ئەوانە بە زۆری هەر عەرەب بوون.

**رامان:** ئەی لەناو ئەوانەدا هی باشیان تێدا نەبوو، خزمەتێکیان کردبێ؟

**جەلال جۆبار:** شاکر فەتاح لە ڕانیە بوو، بەڵام دەمانزانی کاری باش دەکات.

**رامان:** ئێمە باسی کۆیە دەکەین، دەمانەوێ بزانین پیاوێکی وەک شاکر فەتاح لە کۆیە نەبووە هاتبێ ئیشی باشی کردبێ؟

**جەلال جۆبار:** ناوەڵڵا کەسی وام نەدیوە، ئەوەی هاتووە و قائیمقامیی کردووە، ئەگەر داوای نانی کردبێ، ئەوە بە زمانی عەرەبی داوای کردووە.

**رامان:** زەمانی جەمیل ئاغای حەویزی کە قائیمقام بووە، کاری باش نەکراوە؟

**جەلال جۆبار:** کە ئینگلیز هاتووە و لێرە حکوومەتی دامەزراندووە، ئاغاکان بوونەتە بەرپرس، یەک لەوانە حەماغای کردووەتە قایمقام، جەمیل ئاغای کردووەتە کاتب تەحریر، لەبەر ئەوەی خوێندەوار بووە، دوایی حەماغا مردووە، ئینجا جەمیل ئاغا بووەتە قائیمقام و لەجێی ئەو دانراوە، لەساڵی ١٩٣٢-١٩٣٣ بۆ ڕانیە گوێزراوەتەوە، دوای ئەو قائیمقامێکی دیکە هاتووە ناوی ڕامیس بووە.

**رامان:** ئەوەیان خەڵکی کوێ بووە؟

**جەلال جۆبار:** کەرکووکی بوو، ئەوانە سێ برابوون هەرسێکیان بە قائیمقامی هاتنە کۆیە، ڕامیس عەبدوڵڵا سافی یەعقووبی و شامیل عەبدوڵڵا سافی یەعقووبی و کامیل عەبدوڵڵا سافی یەعقووبی.

**رامان:** مەجید یەعقووبی نییە.

**جەلال جۆبار:** نا مەجید یەعقووبی نەبوو، ئەوە کەسێکی باش بوو، ساڵح زەکی بەگی قەفتان لێرە قائیمقام بووە.

**رامان:** ئەوانە هەوڵیان نەدا سینەما بێننە کۆیە، شانۆ بێننە کۆیە؟

**جەلال جۆبار:** کۆیە هێندە گەورە نەبوو، چوار گەڕەک بوو، کە هاوین دادەهات گەڕەکەکان چۆڵ دەبوون و

دەچوونە ســەر ڕەزان، دوایی پاییــزان کــە دەهاتنەوە هەریەکەیان سەگێکیان لەگەڵ خۆیان دەهێناوە و لە باخچە لەبەر دەرکی خۆیان دەیانبەستەوە، بۆیە دەیانگوت (هەواوی) سەگیان زۆرترە لە پیاوی (هەواو گەڕەکێکی شاری کۆیەیە)، هەریەکەی سەگێکیان لەبەر دەرکێ بوو. ئێســـتا کــۆیە گــەورە بووە و پاس ئیش دەکــات و لەگەڕەکێک بۆ گەڕەکێکی دیکە دێت و دەڕوات وا گەورە بووە.

**ڕامان:** بەبیرت نایە کەی سینەما هاتووەتە شاری کۆیەوە؟

**جەلال جۆبار:** سینەما، حەویزی مام یەحیا هێنای.

**ڕامان:** ساڵی چەند سینەمای هێنا؟

**جەلال جۆبار:** شەستەکان بوو، دەزانی چی هەندێ کەس ئەگەر بەهەشتیشی هێنابایە کۆیە، خەڵکەکە بەلایدا نەدەچوون و لێی دەبوونەوە.

**ڕامان:** کەی بوو بۆ یەکەم جار شانۆ لە کۆیە کرا؟

**جەلال جۆبار:** شانۆ ساڵی ١٩٣٧ لە کۆیە پەیدا بوو، کە تەمسیلێکیان لە قوتابخانەی (ئولا) کرد، عەلی مووزەفەر لەگەڵ کامیل بەهجەت حەویزی دەوریان تێدا بینی، کە ئەویش ئەندامێک بوو لەو شانۆیە.

**ڕامان:** بەڵام شــانۆ بۆ بەهاری ســاڵی ١٩٣١ دەگەڕێتەوە، خاڵە تاهیر ئەحمەد حەوێزی-ش ئاماژەی بەوە کردووە، یەکەم شانۆگەریش (پیرۆزخان کچی کوردستان) بووە، تەنانەت عومەری عەوڵڵا شەلیش دەستگیراندار بووە و خەنجەرێک بەقاچی کەوتووە. جەواد حەمەد بەگ و وریا قادر شوێنی خەنجەرەکەیان بەلاقییەوە دیوە، ئەمە لە قوتابخانەی ئولا پێشکەش کراوە.

**جەلال جۆبار:** ئەوە ساڵی ١٩٣٧ بوو، من بۆ خۆم لەوێ بووم.

**ڕامان:** مامۆستا تاهیر ئەحمەد حەویزیش دەڵێ ساڵی ١٩٣١ بووە.. ئێســـتا پێــمان بڵێ لەناو ئەو قائیمقامانەی هاتوونەتە کۆیە، کامیان باشتر خزمەتی شاری کۆیەی کردووە؟

**جەلال جۆبار:** تەنیا هادی بەهاری خزمەتی کۆیەی کردووە.

**ڕامان:** مەبەستت عەلی سلێمان بەهاری-یە، ئەوە قائیمقامی ساڵانی حەفتایەکان بووە و من لەبیرمە. ئەی هەندێک دوکانی دیکەش هەبووە گفتوگۆی ئەدەبی و ڕۆشنبیری تێدا کراوە، وەک دوکانی وەستا مەعاف حەلاق، ئەی لە ئیشی پیشەی جاران یەک شت هەبووە کە زۆر گرنگ بوو کاتێک مزگەری دەکرا، بەدەست نەخشی لەسەر هەڵدەکەنرا، یان زەڕەنگەری بەدەست نەخشی لەسەر دەکرا، جۆلایی نەخشونیگاری هەبوو، بەڕەو مافوور چنین و ئەوانە، ئێستاش ئەو سنعاتە دەسکردانە ڕێزێکی تایبەتیان لێ دەگیرێ، کێ لەکۆیە بۆ دەستڕەنگینی لەو ئیشانەدا ئەوها بەناوبانگ بوو؟

**جەلال جۆبار:** مەلا کەریم هەبوو بابی ڕەئووفی کورتاندروو، فەقێ خدری جۆڵڵا، ئەوانە دەستیان ڕەنگین بوو.

**ڕامان:** مەلامینی خۆشنووسیش.

**جەلال جۆبار:** ئەوە لە بەغدا بوو، من لە بەغدا لەگەڵی دانیشتووم.

**ڕامان:** ئەی پێوەندی نێوان ئەدیبەکان، شاعیرەکان، نووسەرەکان چۆن بوو؟

**جەلال جۆبار:** باش بوو.

**ڕامان:** حەسادەت و بە خالەت لەنێویاندا نەبوو؟

**جەلال جۆبار:** ناوەڵڵا.

**ڕامان:** ئەی قسە بە یەکتر گوتنی لەپاش ملەو ئەوانە هەبوو؟

**جەلال جۆبار:** ناوەڵڵا هەستم پێی نەکردووە.

**ڕامان:** ئەگەر ئەو سەردەمەی ئەوسا، لەگەڵ ئێستا بەراورد بکەیت جیاوازییەک دەبینی؟

**جەلال جۆبار:** بەناو دەڵێن ئێستا پێشکەوتووترە.

**ڕامان:** هەست دەکەیت ئەمڕۆ نووسەرەکان یەکتریان خۆش بوێ؟

**جەلال جۆبار:** من ڕقم لە کەس نابێتەوە و ئەوانی دیکەش نازانم.

**ڕامان:** کەی ئاو و کارەبا درایە کۆیە؟

**جەلال جۆبار:** من منداڵ بووم کە ساڵی ١٩٣٥ ئاوی بەلوعە درایە ماڵان، ساڵی ١٩٥٢ش کارەبا درایە کۆیە، من لە ساڵی پەنجا شیعرێکم نووسیوە باسی ئاو و کارەبای کۆیە دەکەم، ئێستاش ئەو شیعرە ماوە، کە ئاویان هێنا، هەر ماڵەی دە پازدە دیناری دەویست، ئەوکاتە هەموو کەسێک نەیدەتوانی ئاو ڕابکێشێ، تەنانەت شەوێکیان لەدیوەخانی مەلای گەورەدا دادەنیشن، ڕەمەزان دەبێ، ڕەمەزانان مەلای گەورە دادەنیشت و خەڵکی دەچوونە لای، ئینجا سۆفی نەشئەت

دەچێ و دەڵێ من لەوەتەی ئاو کەوتووەتە ناو بەلوعە، تام لە ئاوەکە ناکەم، مەلا گەورەش دەڵێ، ڕاست دەکەی حەیفە، ئەوە چونکە دوو قەرەپوولەکەی تێدایە، بۆیە تامی لێناکەی.

**ڕامان:** دوو قەرەپوول چییە؟

**جەلال جۆبار:** ئەو ڕۆژگاری دوازدە قەرەپوول هەبوو، ئەوکاتە هێشتا بیر هەبوو کەڵکیان لێ وەردەگرت. مەلای گەورە دەیگوت پارەی تێدەچێ، بۆیە تامی لێ ناکەن، دەنا ئەو ئاوە خاوێنە لە سەروچاوەوە بە پاکی دێتە خوارێ، تۆ چۆن دەڵێی تامی لێ ناکەم، مەلای گەورەش پیاوێکی حەق و ڕەق بوو، جەمیل ئاغاش لە پەنای دادەنیشت، پاش عەسران وەعزی دادەدا، گوتیان جارێکیان گوتی دەبینی یەکێک دەچێتە دزی کردن، خاوەن ماڵەکە کە دزییەکەی لێکراوە دەچێتە لای ئاغا و پێی دەڵێ دزیم لێ کراوە، ئاغاش لە دوو ئەوکەسەی دەنێری کە دزییەکەی کردووە، دەیزانی کە ئەوەیە دزییەکەی کردووە و پێی دەڵێ ئەو دزییە تۆ کردووتە، دەیگوت سوێند دەخۆم من نەمکردووە، ئەویش دەیگوت سەری ئاغای دەخۆی؟ دەیگوت وەڵڵا من سەری ئاغام پێ ناخورێ، دەیگوت هەی گوو بەسەری ئاغای، جەمیلائاغاش لە تەنیشتی دانیشتبوو، بەردەوام ئەو شتانەی دەردەبڕی.

**ڕامان:** ئەوە زانیمان کۆیە بە درێژایی مێژووەکەی دەوری خۆی گێڕاوە و شارێکی پێشکەوتوو بووە، لە ڕووی سیاسی و ڕۆشنبیرییەوە شارێکی زیندوو بووە، بەڵام ئێستا هەموو خەڵکی شارەکە لە کۆیە ناڕازین، لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ کۆیە ناتوانێ بەپێی پێویست دەوری خۆی بگێڕێ، بەلای تۆوە هۆی دواکەوتنی کۆیە لە کاروانی شارستانیەت و پێشکەوتن چییە؟

**جەلال جۆبار:** بەلای منەوە هۆیەکەی دەوڵەمەندبوونە.

**ڕامان:** واتە ئەمڕۆ خەڵکی کۆیە دەوڵەمەند بوون، بۆیە شارەکە ناتوانێ پێشبکەوێت؟

**جەلال جۆبار:** ژیانی خەڵکەکەی باش بووە، جاران هیچ کەس ئیقتیداری نەبوو، برسی و تینوو بوو، ئێستا هەموویان دەوڵەمەندن.

**ڕامان:** هەر ئەو هۆیەش نییە کە ڕۆشنبیرەکان شاری کۆیە بەجێ دەهێڵن و دەچنە شارەکانی دیکە؟

**جەلال جۆبار:** بەڵێ ئەوەش کاریگەری خۆی هەیە، دەوڵەمەندەکانیش لە کۆیە دەڕۆن.

**ڕامان:** دەوڵەمەندەکانی کۆیەش لەناو کۆیە وەبەرهێنان ناکەن تا پارەکەیان لێرە بکەنە پرۆژە.

**جەلال جۆبار:** کۆیە شارێکە هەر لەکۆنەوە هەژار بووە.

**ڕامان:** ئێستاکە پێت وایە دەوڵەمەند بوونە؟

**جەلال جۆبار:** دەوڵەمەندییەکەی ئێستای چییە، زیاتر بە مەعاشاتە.

**ڕامان:** کۆیە هەمیشە لە مەترسیدا بووە، لەبەر ئەوەی هەستی نەتەوەیی خەڵکەکەی بەهێز بووە.

**جەلال جۆبار:** زۆر زەرەی پێ کەوتووە.

**ڕامان:** تەنانەت پێش ڕاپەڕین لە قەزاوە کردیانە ناحیە.

**جەلال جۆبار:** ئەغڵەبی کۆییەکان ئەو وەختی ڕۆیشتن.

**ڕامان:** تەنانەت من کاک حەمەدەمین عەباسم لە هوتێلێکی بەغدا دی.

**جەلال جۆبار:** لە هەولێر بوو.

**ڕامان:** پێشتر لەهەولێر لە هوتێل سۆلاڤ بوو، دواتر لە هەولێر چووە بەغدا و لە شەقامی مشەجەر، لای پەیکەرەکەی عەبدولموحسین سەعدوون، لەوێ هوتێلی سەری ڕەشی هەبوو، هەر جارێک بچووبامە بەغدا، دەچووم لە هوتێلەکەی ئەو دادەبەزیم، ئاگام لێ بوو کۆییەکان زۆربان لە بەغدا دەچوونە هوتێلەکەی ئەو.

**جەلال جۆبار:** وەختێکی بەهۆی کەسێکەوە کە ببووە جاش، گەلێک کەس کۆیەی بەجێ هێشت.

**ڕامان:** دیارە کۆیە لەوکاتانەدا زەرەری بەرکەوتووە؟

**جەلال جۆبار:** زۆر زەرەری بەرکەوتووە.

**ڕامان:** هیچ ڕێکەوتووە کۆیی زەرەر و زیان بەکۆیە بگەیەنێ؟

**جەلال جۆبار:** ئەی ئەوە زەرەر نییە؟

**ڕامان:** بێجگە لەو کەسە خەڵکی دیکە نەبوون زیانیان بەکۆیە گەیاندبێ؟

**جەلال جۆبار:** نا کەسی دیکە نەبووە، دەیویست خەڵک سەری نەوازشی بۆ دابنوێنن و ئەو خەڵکەش نەیاندەویست.

**ڕامان:** زۆر سوپاست دەکەین هیلاکمان کردی.

**جەلال جۆبار:** شایانی نییە، بەخێر بێن.

# خوێندنەوەی درەنگ وەختی کتێبێکی گرنگ

**عەبدوڵڵا قەرەداغی**
**(کەرکووک)**

**- ناوی کتێب: گوڵستانی شێخی سەعدی**
**- وەرگێڕ: نەجمەددین شەمسەددین**
**- پێداچوونەوەی وەرگێڕان: هیوا محەمەد ڕەسووڵ**
**- شوێن و ساڵی چاپ: چاپخانەی تەوار، سلێمانی، ساڵەکە نەنووسراوە، بەڵام پێدەچێ کۆتایی ٢٠١١، یان سەرەتای ٢٠١٢ بێت.**

بەدەر لە خۆ خەریک کردن بەوەی ڕەنگە لێرە و لەوێ لەبارەی کەڵک و پاساوی وەرگێڕان و چاپکردنی بەرهەمێکی فارسیی حەوتەمین سەدەی کۆچییەوە - سێزدەمین سەدەی زایینی - بۆ نەوەی ئەمڕۆی کورد بگوترێ، پێش هەموو شتێکی دیکەش، دەستخۆشیی خۆم بۆ ئەو کەسانە ڕادەگەیەنم کە لەوانەیە تەنیا وەک ئەمەکدارییەک بۆ کەسێکی کۆچکردوویان ئەم بەرهەمەیان چاپ کردبێت. گلەییەکی زۆریش هەیە، هەوڵ دەدرێ لە دووتوێی دێڕە کەمەکانی ئەم بابەتەدا بخرێنە ڕوو. بەو مەبەستەش کە شتێک لەبارەی ئەم کتێبەوە بگوترێ کە شایانی بێت و بتوانێ گرنگیی ماندوویی وەرگێڕ بخاتەڕوو، هەوڵ دەدەم هەندێک لە - نەک هەموو - ئەو بۆچوونانە بخەمە ڕوو کە ڕۆژهەڵاتناسان لەبارەی «سەعدی»یەوە دەریانبڕیوە، پاش ئەوەش بگەڕێمەوە بۆ لای شوێنی دانەر و ئەم کتێبەی لە دڵی مەلاکانی کوردستاندا کە بۆ چەندین سەدە پێشەنگی فەرهەنگ - ڕۆشنبیری - بوون لە کوردستاندا و ئەو ئەدەبە گەورەیەیان داهێنا کە بە "ئەدەبی کلاسیکی کورد" ناسراوە.

**چی لەبارەی "سەعدی" و "گوڵستان"ـەوە گوتراوە!؟**

گرنگترین بەڵگەی بایەخی کتێبێک لای خەڵکانی دیکە، وەرگێڕانیەتی بۆ زمانی ئەوان، پێدەچێ فەڕەنسی و ئەڵمانەکان، لەم ڕووەوە، زۆر پێش ئینگلیزی زمانەکان کەوتبن، ئەوەتا ئانماری شیمێل دەڵێ: "شیعر و پەخشانی سەعدی، بە بەردەوامی و لە یەکەمین وەرگێڕانی فەڕەنسییەوە لە لایەن A. de Ryer و ئەڵمانی لە لایەن «Olearius»ـەوە، کە لە ساڵی ١٦٥٤ دا دەرکەوتن، هەر وەرگێڕیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە Schimmel (1992) p 334. لە ساڵی ١٨٥٠ دا، لە لایەن (ئێدوارد ب. ئیستویک Edward Backhouse Eastwick)ـەوە وەرگێڕانێکی "گوڵستان" بۆ زمانی ئینگلیزی بە ناونیشانی "THE GULISTAN (ROSE GARDEN),



سەعدی شیرازی

SHEKH MUSLIHU'D-DIN SADI OF (SHERAZ" کەوتە بازاڕەوە. وەرگێڕ لە پێشەکییەکەیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەم چاپە، چاپەکەی ساڵی ١٨٢٧ ی زایینیی فرانسیس گلادوین ((Francis Gladwin))ی – کە پێدەچێ یەکەمین وەرگێڕانی چاپکراوی ئینگلیزی بێت و نەمتوانی پەیدای بکەم – کردووەتە بناغە و دەڵێ: "گوڵستانی سەعدی بە ددان پێدانانی هەموو لایەک شکۆدارترین نووسراوی فارسییە. لە هەموو ڕۆژهەڵاتدا، ئەو شوێنەی محەممەدی(د.خ) تێدا دەرکەوت، دەخوێنرێتەوە، دەگێردرێتەوە و پەسندە. لە هیندستان، لە نێوان هاوولاتیانی ڕەسەنیدا، یەکەمین کتێبی نێو دەستی قوتابیانی فارسییە و لە لایەن حکوومەتیشەوە ئەو کتێبە بڕیار دراوەیە کە ئەو مەدەنی و ئەفسەرە سەربازییانەی پاڵێوراون بۆ ئەوەی ببنە وەرگێڕی فارسی، دەبێ لە تاقیکردنەوەدا سەرکەوتوو تێیدا بن Sadi(1850), p iv".

وەرگێڕ ددان بەوەشدا دەنێ کە "گوڵستانی سەعدی" لە ڕۆژهەڵاتدا جەماوەرێکی ئەوتۆی وەدەست هێناوە کە، ڕەنگە هیچ بەرهەمێکی ئەورووپی لە جیهانی ڕۆژئاوادا پێی نەگەیشتبێ. "Ibid, p viii". فەیلەسووف و نووسەر و سیاسەتمەداری ئەمریکیی گەورەی سەردەمی خۆی (ڕاڵف والدۆ ئێمرسن -Ralph Waldo Emirson, 1803 - 1882) لە ساڵی ١٨٦٥دا "گوڵستان"ی سەعدی بەناوونیشانی (Gulistan or Rose Garden, Musle-Huddin Sheik Saadi)دا چاپ کرد. لەم وەرگێڕانەدا چەند لاپەڕەیەک بۆ نووسینێکی (جێمس ڕۆس* - James Ross) تەرخان کراوە بە ناوونیشانی (An Essay on the Life and Genius of Sheik Saadi– گوتارێک لەبارەی ژیان و بلیمەتیی شێخ سەعدییەوە). کە تێیدا دەڵێ: "سەعدی بەلای منەوە هەمیشە باشترین کلاسیکی فارس - ئێرانی - Persian بووە، پاش چەندین جار خوێندنەوەی وردی "کلیات - تێکڕای کارەکان"ی، شانازی بەوەوە دەکەم کە نەک تەنیا ئەرکێکی تا ڕادەیەک ئاسانی خەملاندنی هەمەلایەنەی تواناییە فیکرییەکانیم بۆ فەراهەم بووە، بەڵکو تەنانەت ئەرکی سەختی وێناکردنی تایبەتمەندییەکانی سۆزی بەتین و عەقڵیشی "Saadi (1865) pp 21 - 22". وەرگێڕانێکی گرنگی دیکەی ئەم بەرهەمە ئەوەی(سێر ئێدوین ئارنۆڵد - Sir Edwin Arnold 1823 - 1904 ز)ی شاعیر و ڕۆژنامەنووسی ناسراوی ئینگلیزە کە هێندەی ئاگام لێیەتی لە ساڵی ١٨٨٤دا لە دامەزراوەی بڵاوکردنەوەی کێسنجەر - Kessinger Publishing وەرگێڕانێکی "گوڵستان"ی لە بەناوونیشانی (Gulistan Of Sa'di, Sheikh Muslih-uddin SA'DI SHIRAZI The) بڵاو کردەوە. لە پێشەکییەکەیدا ئەمەی ڕاگەیاندووە: "شێخ سەعدی بە ڕاستی هۆراس (٢) و مارکۆ پۆلۆ (٣) ی ڕۆژهەڵاتی دووڕە، ئامێتە کراون لە سروشتێکی دەوڵەمەند و میهرەباندا. کۆن - مەبەستی سەردەمی «سەعدی»یە - هێندەی بەسە کە لە بۆتەی خۆیدا بەرامە و چێژە دڵگیرەکەی جیهانی کۆن - پێش زایین - چڕ بکاتەوە. ئەو - واتە سەعدی - چ بۆ کۆن و چ بۆ هەر کاتێک تازەیە بەو شێوەیەی خودی شاعیری ڕۆم - واتە هۆراس - و وەک «ئێمرسن»ی ئەمریکی Sa'di (2007), pp v - vi". لە ناساندنی "سەعدی" بۆ چاپی تازە - ٢٠٠٣ - ی وەرگێڕانەکەی ساڵی ١٨٦٥ ی (ئێمرسن) یشدا ئەمە نووسراوە: "یەکێک لە شاعیرە

هەرە گرنگەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئێران، سەعدی (١١٩٦ - ١٢٩٢ ز) تا ئەمڕۆش بە شێوەیەکی بەرفراوان دەخوێنرێتەوە، بە کاریگەرییەکی ئەوتۆشەوە کە باڵی بەسەر نووسەرە ڕۆژئاواییەکاندا دەکێشێت، وەک لاڤۆنتین (٤)، دیدرۆ (٥)، ڤۆڵتێر (٦)، هۆگۆ (٧)، بەلزاک (٨)، گووتێ (٩) و ئێمرسن Saadi, p4 (2003)". هێندە بەسە لەبارەی ئەم وەرگێڕانانەی "گوڵستان"ی «سەعدی»یەوە گوتراوە. دەشبێ بگوترێ کە ئەم بەرهەمە چەندین وەرگێڕانی دیکەی ئینگلیزیی هەیە لەوانە:

١- چەند وەرگێڕدراوێکی دیکە بۆ ئینگلیزی:

* The Rose Garden (Gulistan), Translated by: Omar Ali Shah, 1998.
* The Gulistan (Rose Garden) of Sadi, Translated by Wheeler M. Thakston, 2008.
* The Gulistan or Rose Garden of Sa'di, Translated by Edward Rehatsek & David Rosenboum, 2009.

٢- وەرگێڕدراو بۆ ئەڵمانی:

* Gulistan, Der Rosengarten - Scheich Saadi, Pub; Schiler Hans Verlag, 1997.
* Aus Saddis Bustan und Gulistan (Tredition Classics), Josef von Hammer - Purgtall \ Friedrich Ruckert, 2013.

هەروەها وەرگێڕدراوە ئینگلیزییەکەی (عومەر عەلی شاه) لە لایەن (Kathleen Goeple)ـەوە وەرگێڕدراوە بۆ زمانی ئەڵمانی.

٣- وەرگێڕدراو بۆ فەرەنسی:

بۆ فەرەنسیش، وەکو ئاگادار کرامەوە زۆرە، بەڵام ئەمەیان کە یەکەمین چاپی هی ساڵی (١٧٠٤)ە، واتە پتر لە (١٢٠) ساڵ لە یەکەمین چاپی وەرگێڕدراوە ئینگلیزییەکە، پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێ. وەک پێشتر باس کراون و لە پەراوێزەکانیشدا دەناسێنرێن، چەند کەڵە نووسەرێکی فەرەنسی کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی سەعدییەوە.

* Saadi Musladdin & - Gulistan ou l'empire des roses, Traite des Moeurs des rois, Par la Companie des Libraires.

ئەم مشتە، بێ گومان، نیشانەی خەرواریکە کە، هێندەی پێوەندیی بە بەرهەمەکانی سەعدییەوە هەیە، گەلێک دەوڵەمەند و بە پیتە، بەڵام:

## ڕۆژهەڵاتناسان لەبارەی نووسەر و "گوڵستان"ـەوە چ دەڵێن!؟

دەکرێ باس لەوە بکرێ کە بە گەورە نواندنی بەرهەمێک لە لایەن ئەو کەسەوە کە وەریگێڕاوەتە سەر زمانێکی دیکە، جۆرە پڕوپاگەندە (ڕیکلام) ێک بێت بەو مەبەستەی بازاڕی کارەکەی خۆی پێ گەرم بکات و سوود لەو شێوازە ببینێت، بەڵام ئەوەی لەبارەی ڕۆژهەڵاتناسانەوە دەگوترێ پتر باس لەوە دەکات کە بەشی هەرە زۆریان چاویان زۆر بە ڕۆژهەڵاتدا هەڵنایەت - ئەگەرچی ئەمە ناڕاستە -، چ جای ئەوەی بەرهەمەکانی بە گەورە و گرنگ بزانن!. "ئارپەر جۆن ئاربێری - Arther John Arberry 1905 1969"ی ڕۆژهەڵاتناسی ناسراوی ئینگلیز، پسپۆڕ لە سۆفیگەری و ئەدەبی فارسی و یەکێک لە وەرگێڕەکانی قورئانی پیرۆز و لە سەرجەمی بەرهەمەکانیدا دڵسۆز و پابەند بووە بەو قەناعەتەی خۆی کە "ڕۆژهەڵاتناس کەسێکە لە زمان و ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتدا ڕۆچووە. ئەم زانایە کە باس لە سەنایی (ئەبو مەجد کوڕی مەجدوود کوڕی ئادەم غەزنەوی، ١٠٦٨ - ١١٣١ ز)ی باوکی شیعری سۆفیگەریی ئێران دەکات، دەڵێ: "ڕەنگە سەنایی وەک شاعیرێک نەگەیشتبێتە لووتکە هەرە بەرزەکان، بەو پێیەی پێشەنگی جڤاکی سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە بزوێنەری سەرەکیی سروشی شیعریی ئێران بوو و (بەبێ موجامەلەش، ئێمە هەرگیز نەمانتوانیوە چێژ وەربگرین لە شاکارەکانی ڕۆمی (جەلالەددین بەهائەددین محەمەد کوڕی محەمەد کوڕی حوسێن بەڵخی ٦٠٤ - ٦٧٢ ک، ١٢٠٧-١٢٧٣ز)، سەعدی (موشەریفەددین موسلیحەددین ئەبو محەمەد کوڕی عەبدوڵلا شیرازی ٥٨٥ - ٦٩١ ک، ١١٨٩- ١٢٩٢ز)، حافز (خەواجە شەمسەددین محەمەد کوڕی بەهائەددین شیرازی ٧٢٧ - ٧٩٢ ک، ١٣٢٧ - ١٣٨٩ز)، جامی (نوورەددین عەبدولڕحمان کوڕی ئەحمەد خۆراسانی ٨١٧ - ٨٩٧



سەهرەوەردی

ک، ١٤١٤-١٤٩٢ز) و زۆری دیـــــکــــەش Attar (1966) p, xxi".

خـانمی ناسـراوی ئەڵمـان "ئانماری شـێـمـێـل An-nemarie Schimmel, 1922 - 2003" یەکێکە لەو ڕۆژهەڵاتناسانەی بەرهەمێکی زۆری هەیە و زۆریش باسی "سـەعـدی" تێـدا کـردوون. کـە باس لە گرنگی ژمارە "٨" لای سۆفییەکان دەکات، کە بەهەشت، هەشت دەرگـــای هەیە (١٠) و دەڵێ: "نەریـتی دابەش کردنی باخچەکان بۆ هەشت پارچە پارێزراوە لە یەکێک لە بەناوبانگترین بەرهەمەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەدەبی فارسی، گوڵستانی سەعدی، کە دابەش کراوە بەسـەر هەشت بەشـەوە Schimmel (1993) p, 157". لە کتێبی (کردنەوەی کۆدی ئایەت - بەڵگە - کـانی خـوا Decephering Signs of God)دا شێمێل ئاوڕێک لە ئەفسانەی سۆمەریی "هیرۆس گامۆس - Hieros Gamos" (١١) و ئەو هاوسەرگیرییەی نێوان ئاسمان - نێر - و - زەوی - مێ - دەداتەوە، کە بە بۆچوونی ئەو، لە شیعری مەولانای ڕۆمی و سەعدیدا ڕەنگی داوەتەوە و دەڵێ: "چیـرۆکی سـەعـدی لەبارەی پارچەیەکی بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێشی گڵی خاوێن کراوەوە، کە ئامێتەی ئەو بۆنە سەرسوڕهێنەی دولبەر دەبێت کە پاش خۆشتنی بڵاو دەبێتەوە، ئاماژەیە بۆ ئەو هەسـتـە Schiemmel (1994) p 5"، ئەگـەرچی هەوڵی گونجاندنی ئەو وێنەیەی سەعدی لەگەڵ ئەفسانە سۆمەرییەکە بە ڕوونی سەپاندنی جۆرە کەشێکی نامۆی پێوە دیارە، چونکە مەسەلەی ئامێتەبوونی بۆنی خۆشی یار، لە بواری عـیـشـقی ڕاسـتـەقـینەدا، بە بۆنی هەر یەکـێـک لە ئافـەریدەکـان کـە بەڵگەی گـەورەیی یار «خودا»یە، نیشانەی دڵگیریی ئاوڕدانەوەی یارە لە هەر شتێک و بەوەش ئەو شتە هەڵدەکشێتە پلە بەرزەکانی سەرسامی و توانەوە لەو جوانییە بێ پایانەی یار، بەڵام وێڕای ئەوەش، ئەم وردەکارییەی شێمێل بەڵگەی بەرزیی ئەو شیـعـرانەی «سەعدی»ن کە ئەو سەرنجی ئەو خانمە زانایەی ئاوەها بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە.

لە هەمـان کـتـێبدا شـێـمـێل ڕوو لە چەمکی قـورئانیی "سـتـایشی خـوای گـەورە لە لایەن ئافـەریدەکـانەوە" و ڕەنگدانەوەی ئەو چەمکە لە شـیـعـردا دەداتەوە و دەڵێ: "هەموو گوڵ و گەڵاکان، لە هەموو بارێکدا، بەشدارن لە ستـایشکردنی شـاراوە «بێ دەنگ»ی خوا، چونکە" هیچ شـتـێـک لە ڕووی ئەم زەوییەدا نیـیـە سـتـایشی ئافەریدەکاری نەکات، سوورەتی ٥٩ / ٢٤ (١٢) و هەر گـەڵایەکـیش زمـانێکە بۆ سـتـایش کـردنی خـوا، وەک سـەعـدی ئامـاژەی بۆ دەکـات لە چامـەیەکی لاسـایی کـەرەوەدا کـە، ئەگـەر ئێـمـە مـتـمـانە بە مـێژوویی بوونی دەوڵەتشـا بکەین، فـریشـتـەکـان بە درێژایی سـاڵ بۆ تەجەللیی خواوەندانە گۆرانییان دەگوت Ibid, p 52 ".

لە کـتـێـبـێکی دیکەدا نووسـەر بەم شـێـوەیە سـەعـدی دەناسێنێ: "دانەری کۆمەڵە شیعرێکی لیریکیی دڵگیر، هەندێک چامـە و بەرهەمـە فـێـرکـاری «ئامـۆژگـاری» و داسـتـانئامـێـزەکـانی بوسـتـان «باخـچـە» و گـوڵسـتـان «باخچەی گوڵ»ـە، کە بە شێوازێکی تێکەڵ لە شیعر و پەخـشـان نووسـراوە و بە ئێـسـک سـووکی بەناوبانگە و چەندین نەوەی خوێنەری لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هێناوەتە «پەلکێش کردووەتە» نێو زمانی فارسی و شێوەی ژیانی ئێرانیانەوە Schimmel (1992) p, xiv.، لەمەش زیاتر، دڵبەستەیی دەگاتە ئەو ئاستەی ئەم کاریگەرییەی ئەو و حافز بە شێوەیەکی ڕەها و تا کۆتایی ژیان لە ڕووی زەوی وێنا بکات: "گەورەترین نوێنەرانی هونەری غـەزەل لە نـاوچەی شـیــراز، کـە لە هەردوو سـەدەی سـێـزدە و چواردەدا گـەشـەی سـەند: سـەعـدی و حـافـز، ئەوانەی

ئارامگاکانیان تا ئەمڕۆ شارەکەی ڕازاندووەتەوە Ibid, p 23".

هەنگاو بە هەنگاو شـوێنکەوتنی ئەو مـەبەسـتـانەی سـەعـدی ورووژاندوونی، یان پەرەی پێـداون، یەکـێـکی دیکەیە لەو لایەنانەی لە توێژینەوەکـانی شـێـمـێـڵ. لە بواری ئەو کۆششەی کە شێوازەکانی شیعری فارسیی خستووەتە بەر ڕۆشناییەوە، سەرنجی ئەوە دەدات کە ئەو جۆرە چامەیەی بە نەعتییە ناسراوە – ئەوەی تایبەتە بە سـتـایشی پێـغـەمـبـەر (د.خ) – و دەڵێ: "پایەیەکی تایبەتی پێشکەوتنی نەعتییە هی «سەعدی»یە کە ئەو ژمـارە کـەمـەی سـتـایشنامـە – Eulogy کـانی بۆ پێغەمبەر خوێنەرێکی زۆریان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە Schimmel (1982), p 195"، پاشـتـر ئەو ناوانەی ئەو لە پێـغـەمـبـەری نان، بە تایبـەت لە هیندستـاندا، وەک "قـەسیم"، "جـەسیم"، "نەسیم" و "وەسیم"، شێوەی زاراوەیان بەخۆوە گرت، تەنانەت کرانە ناوی لێکدراوی وەک "جەسیـمـوددین – جسیم الدین Ibid, p 196".


هینری کـۆربن (Henri Corbin) کـە دێتـە سـەر باسی تایبـەتمەندی و جیـاوازیی چەمکەکـان لە بواری ئەزموونی کەسانی ئاسایی و ئەزموونی سۆفیگەریدا، دەڵێ: "ئەوەی ئێـمـە تاقـیـمـان کـردووەتەوە لەبارەی خـتـوورەی هیـچگەرایی، یان ملکەچیـمـان بۆ ئەوەی بوونەوەرێکی بلّق ئاسای بێ دەسەلاتین، بەلای ئەوانەوە ڕواڵەتێکی تووڕەیی خوایانەیە، تووڕەیی خۆشەویستی نادیار – هی سۆفییان –، بەڵام ئەگەر ئەوەش دەرکەوتن – تجلی – یەکی ڕاستـەقـینە بێت، دەرکەوتنی ئەو وێنە «خەیاڵ»ـەی هەرگیز سۆفییەکانمانی بەجێ نەهێشتووە. سەعدی، یەکێک لە گەورەترین شاعیرانی ئێران، کە سۆفییەکی گەورەش بوو، بەڵام نەک لە گەورەترینەکان، بە جوانترین شێوە، لەم چەند بەیتە دڵگیرەدا دەربڕیوە:

**گەر شمشێری تووڕەیی تۆ بمخاتە کۆشی مەرگەوە**
**ئەوە گیانم پێی شاد دەبێ**
**گەر تۆ پیاڵەی ژەهرم بەسەردا بڕێژی**
**گیانم هەموو ئەو پیاڵەیە دەخواتەوە**
**لە ڕۆژی بووژانەوەشدا**
**کە لە تاریکیی قەبرەوە ڕادەبمەوە**
**بۆنی دڵگیری عیشقی تۆ**
**هێشتا بەرگی ئەم ڕوحەی داپۆشیوم**
**گەرچی هێشتا عیشقیشم ڕەت دەکەیتەوە**
**کەچی بیناییەکی ئەوتۆت پێ بەخشیوم**
**کە بووەتە مەحرەمی ڕازە شاراوەکانم.**
**"Corbin (1988) pp 282-3".**

لە ڕوویەکی دیکەشەوە و سەرەڕای ئەوەی ئێرانی کۆن، بەلای کەمەوە لەو ڕووەوە کە خاوەنی ئایینی زەردەشتییە و بنەمایەکی لێکۆڵینەوەی بیری فەلسەفی تێدایە، کەچی "ولیـەم چیـتـتیـک – William Chittick جەخت لەسـەر ئەوە دەکـاتەوە کـە" بەشـێکی زۆری قـوتابیـانی فـەلسـەفە، کـە ببوونە توێژەری خاوەن هەندێک بەرهەم، پێیان وا بوو کە خوێندنەوەی بەرهەمە فەلسەفییەکانی ئێـران کـەمکردنەوەیە لە ڕێزی ئەوان، کـەچی بە چێـژەوە "گوڵستـان"ی «سەعدی»یان دەخوێندەوە، یان شیعرەکانی نیزامی و حافزیان لەبەر دەگوتەوە Chittick (2001) p 13.

لیـۆنارد لیـووزن (Leonard Lewishon 1874 - 1902) ڕۆڵی سـەعـدی لە شـیـعـری سۆفـیـیـانەی فـارسـیـدا هێندە گـەورە دەبینێ کـە پێی وایە: "بە شێـوەیەکی تایبـەت لە بواری شێـوەکانی مەسنەوی و غەزەلدا، لە شیعری «حافز و سەعدی»دا گەیشتووەتە گـەورەترین ئاسـتی بەرزی Lewishon (1999)p 32". برۆوین (Johannes Thomas Pieter de Brujin)ی پرۆفیسۆری فەخری Emeritusی فارسی ناسی لە (زانکۆی لیـدن)یش کـە باس لە گەشەسەندنی بواری ناوەرۆک – چەمکی قەلەندەرییە – لە شێوازەکانی شیعری فارسیدا دەکات، دەڵێ: "جۆری خەراباتی (١٣) بە شێـوەیەکی دڵگیـر لە نەریتی غـەزەلی سۆفـیـیـانەدا. لەلایەکی دیکەشـەوە، خـەسـڵـەتە دیارەکـانی شـێـوە Formی بوار دەرەخسێنێ بۆ ئەوەی بە ئاسانی خۆی مل بداتە لاسایی کردنەوەوە (١٤). ئێمە دەتوانین بە ڕوونی شیـعـری ئەوتۆ ببـینین کە لە نموونە – Modelـەکـانی سـەنایـیـەوە هەڵێنجـراون لەلایەن هەمـوو شـاعـیـرانی سـەدەکـانی پاش ئەوەوە، ئەوانەی بە پلەی جـیـاواز کـەوتبـوونە بەر کـاریگەریی شێـوازی قـەلەندەرییـەوە. لە نێـوان ئـەوانەشـدا، لە سـێـزدەمین سـەدەدا، عـەتتـار، سەعدی، ڕۆمی، سوڵتان (١٥) وەلەد و عیراقی (١٦) و لە چواردەمین سـەدەشدا حـافز و شا نیـعـمـەتوڵلا وەلی (١٧) Brujin (2001) P 82".

هومـا کـاتوزیان (١٨) بۆچوونێکی تایبـەتی لەبارەی



**جەلالەددینی رۆمی**

سەعدییەوە هەیە و دەڵێ: "سەرەڕای ئەوەی زمان پاراویی لەسەر ئاستی جیهاندا بەناوبانگە و دەربڕینیشی روون و رەوانە، بیروباوەڕ و بۆچوون و هەڵوێستی سەعدی، بە چەندین شێوە و ئاراستەی جیاواز باس کراون، بە گومانکار "Sceptic" واقیعبین "پاساو گەرا – Pragmatist"، بیرمەندی مرۆڤپەروەر، رەوشتخواز – Moalist، نووسەرێکی رەوشتخواز، ئامۆژگارێکی ئایینی و سۆفییەکی ئیسلامی، جاربەجاریش هەر بە هەمان دانەر رەخنەگر باس دەکرێت Katouzian (2001) p 191"، ئەم بۆچوونە، ئەگەرچی بە رواڵەت بێ لایەن و دوور لە حوکمدان خۆی دەنوێنێ، بەڵام لە جەوهەردا و بە پاساوی فرەڕەهەندی ئەگەرەکانی لێکدانەوەی شاکارە بێ وێنەکانی سەعدییەوە، خۆی لەو راستییە دەدزێتەوە کە شاعیر سۆفییەکی سەر بە تەریقەتی سوهرەوەردی بووە و هەموو لایەنە رەوشتخوازی و پراگماتی و مرۆڤایەتییەکانی لە هەمان سەرچاوەوە هەڵدەقوڵێن. "نەصر – سەید حوسێن Seyed Hussein Nasr (19)"، وەک ئەوەی وەڵامی ئەو خاڵە بداتەوە، دەڵێ "زۆرن ئەوانەی سەعدی وا لێکدەدەنەوە کە، بە ئاسانی، تەنیا رەوشتخوازێکە، بەڵام بێ گومان، ئەو هەم سۆفییەکی تەریقەتی سوهرەوەردی بوو و هەم داهێنەرێک بوو کە سۆفیگەری بە شێوەیەکی زۆر قووڵ رەنگی دابووەوە، وەک ئەوەی دەتوانرێ لە بەشە راستەقینەکانی هەردوو شاکاری گوڵستان و بوستاندا ببینرێ Nasr (2001) p3".

عومەر عەلی شاه (٢٠) لەو باوەڕەدایە کە سۆفیگەری وردترین شێوازەکانی خستووەتە روو "چونکە رێوشوێنێکی دڵگیری بەشداری و بەدواداچوونی مرۆڤی هێنایە ئاراوە. رێبەرە گەورەکانی وەک رۆمی، حافز، جامی و سەعدی، لە رووی هونەرییەوە، زنجیرەیەکی تەواوی کتێبی سەرچاوەئاسایان لە پاش خۆیان بەجێ هێشت بۆ ئەوەی سوودیان لێ وەربگیرێ Omer Ali Sah (2003) s 22". رۆژهەڵاتناسی ناسراو ترێمینگهام (J. Spencer Trimigham, 1904 - 1987) لەو باوەڕەدایە کە سەعدی تەنیا لە ژێر کاریگەریی شێخ شیهابەددینی سوهرەوەردی بووە و "سەر بە تەریقەتە سۆفییەکان نەبووە، وێڕای ئەوەش ئاسۆی فراوانی تێگەیشتنی سۆفیزم و رێبازەکانی دەروێشی – Dervishesی (21) لێک ئاڵاند و لە "بوستان"ەکەیدا ئاماژەی بۆ لەخوا ترسانی شیهابەددین و خۆشەویستیی بۆ موریدەکانی کردووە Trimingham (1971) p 36."، عەلی رەزا ئاراستە A. Reza Arasteh (22) لە بواری بەشان و باڵی هاتنی مەولانای رۆمیدا، ئەگەرچی هەندێک، بە رواڵەت هاودژی، لە نێوان ئەو و «سەعدی»دا دەخاتە روو، بەڵام پێی وایە ئەو هاودژییە "گرنگ نییە لە چاو هەندێک لەو خەسڵەتانەی دانەرانی مەسنەوی «هی مەولانای رۆمی»یە – و گوڵستان – هی «سەعدی»یە – بە شێوەیەکی گشتی هەیانە Arasteh (2008) p 90" و لە شوێنێکی دیکەشدا، کە سەردانی سەعدی و قوتبەددینی شیرازی (٢٣) لە مەڵبەندی رۆمی بە نیشانەیەکی بەرجەستەی گەورەیی مەولانا دەزانێ، سەعدی بە "شاعیر و رەوشتخوازی گەورە Ibid, p 136"، ناو دەبات. لە هەموو ئەمانەش پتر، سەعدی لە بواری زاراوەسازیی سۆفیگەرانەشدا بە سەرچاوە دانراوە لە بواری زاراوەی شاهید "مشاهدة الأبرار في التجلي و الإستتار، ان دوزي (١٩٨٨) ٦/ ٣٦٩". یەکێک لە نووسەرانی ئەمرۆی شانشینی عەرەبستانی سعوودی، وێڕای ناکۆکیی بۆچوونی بناغەیی ئایینی لەگەڵ

جیهانبینیی سەعدی، ددان بەوەدا دەنێ کە ئەم گوتەیەی سـەعـدی شـێـوەی پەندی بەخـۆوە گـرتووە: "ئەگـەر سەرەتاکانی گەندەڵی و لادان لە گۆشەی کەعبە و (البیت الحرام) وە دەست پێ بکەن، ئەوە ئیسلام و موسڵمانان لەنێو چوون" و «سەعدی»ش بە "بەناوبانگترین شاعیر و نووسـەری ئێـران" ناو دەبات، ئەبو زەید (١٤٢٠ ھ) ص٨٦".

هێندەی پێوەندی بە خودی ئێرانییەکانیشەوە هەیە، زۆر سەختە بتوانرێ تەنانەت بۆچوونی تەنیا نووسەرە زۆر گـەورەکـانیش بهـێنرێتـەوە، بەڵام تەنیـا بە مـەبەسـتی بەراورد کردن، گۆشەیەکی زۆر بچووکی بۆچوونی یەکێک لە گەورەترین "حافزناسان"ی ئەمڕۆی ئێران "بەهائەددینی خورەمشاهی" دەهێنمەوە، کە وێڕای پسپۆڕی و ئەزموونی گەورەی و سۆزی بەرانبەر بە حافز و شیعرەکانی، ئەو حافزەی هەموو ئێران بە "لسان الغیب" ناوی دەبەن، ئەو زانایە دەڵێ: "بێ گـومـان سـەعـدی مـامـۆسـتـای بێ چەندوچوونی غـەزەلی عـاشـقـانەی فـارسـیـیـە، بەڵام پێکهاتەی ناعاشقانەی هونەری ئەو، هێندەی غەزەلی حافز نییە، خرمشاهی (١٣٧٩ ھ. ش) ١ / ٦٠ ".

## وەرگێڕانە کوردییەکە و سەرنجە گشتییەکان

یەکەمین خاڵ کە سەرنجی خوێنەری ئەم وەرگێـڕانە بۆ لای خۆی ڕابکێشێ ئەوەیە کە وەرگێڕ دەقە فارسییەکەی ئەو حیکایەتانەشی لەگەڵ وەرگێڕدراوە کوردییەکە داناوە، ئەمەش لە ڕوویەکەوە دەسپاکی وەرگێڕ دەسەلمێنێت و لە ڕووەکەی دیکەشەوە متمانە بە خۆ بوونی و سەرباری ئەمـانەش ئەرکی حوکمـدان بەسـەر ڕادەی سەرکـەوتنی وەرگێڕ بۆ خوێنەر ئاسانتر دەکاتەوە. ئەگەر بشمانەوێ وردتر مانای ئەو هەنگاوە بپێکین، دەتوانین ئاستی خۆ بە بچووک زانینی ئەو پیاوە ببینین، کە لە زۆر ڕووەوە، لە خەڵکانی دیکە شیاوتر بووە بۆ ئەم وەرگێـڕانە: لەو ڕووەوە کـە مـەلایەکی باش بووە و خـوێندن و وتنەوەی بەرهەمەکـانی سەعدی بە وانە، بە تایبەت "گلسـتـان" و "بوسـتـان"ی، ئەرکی مەلا و فـەقێی ئەو سەردەمە بووە. لەو ڕووەشەوە کە مەلای ئەو سەردەمە نە پێی لە ئێران بڕاوە و نە لە خوێندنەوەی شاکارە ئەدەبییەکانی زمانی فـارسی دابڕاوە و لەو ڕووەشەوە کە وەک لە پێشـەکـیی وەرگێڕ خۆیدا بە ڕوونی دەردەکەوێ، هەم بە وردی دووی هەنگاو بە هەنگاوی ژیانی پڕ ڕووداوی سەعدی کەوتووە و هەم بە وردی ئەو کەسانەشی ناسیوە و شارەزای بەرهەم و ئاراستـە و باڵادەسـتی و تایبـەتمەندیی هەر یەکێکیـان بووە و بە ڕاوبۆچوونی مێژوونووسانی کۆنیش نەوەستاوە، بەڵکو ئـاگـای لە ڕاوبۆچوونی نێـو زانکۆکـانی ئەو سـەردەمـەش هەبووە، ئەمـەش بە نیـسـبـەت مـەلایەکی کوردەوە گەلێک پڕ بایەخە.

سەرجەمی ئەم کتێبە، نزیکەی سێ سەد و چل لاپەڕەی مامناوەندییە، بێجگە لەناوونیشانی ناوەوە و ئەو چەند تایبـەتمەندییـەی ئەم چاپە و پێـشکەش و چەند دێڕێکی خانمە دکتۆر ئەختەر نەجمەددینی کچی وەرگێڕ و خشتەی ناوەڕۆک، پێشـەکییـەکی تێکەڵ لە ژیاننامەی سەعدی، کە لە نووسراوی مامۆستایەکی ئەو سەردەمەی زانکۆی تارانەوە کورت کراوەتەوە و شتی دیکەشی خراوەتە سەر و کۆششێکی وەرگێڕە بۆ ساغکردنەوەی نەژادی سەعدی و هۆی وەرگێڕانی ئەم شاکارە.

لەو کـۆشـشـەدا، وێڕای ئەوەی پوختـەی هەوڵـەکـانی دکـتـۆری زانا (ئاغا عـەبدولعـەزیم) ی مامۆستای ئەو سەردەمەی زانکۆی تارانی کورت و پوخت پێشکەش بە خوێنەرانی کردووە، کە هەوڵێکی زانسـتـییـانەی وردە و قۆناغ بە قۆناغی ژیانی سەعدی، هێندەی مێژوونووسانی ئێـران و سـەرچاوە گـرنگەکـانی جـیـهـانـیش، وەک ئینسیکلۆپیدیای بەریتانی بۆ نموونە، تۆماریان کردووە، بەخـۆوە دەگـرێت، بەڵام وەرگـێـڕ بەو کـارە دڵی ئاو ناخواتەوە، بۆیە بەشێکی دیکەی دەخاتە سەر کە ناوی "دیسـان دوان لە نەژادی سەعدی"ی لێ دەنێ. ئەم بەشە لەسەر ئەو گریمانەیە بنیاد دەنێ کە هیچ مێژوونووسێک بەڵگەی تەواوی لەبارەی ئەوەوە نەخسـتـووەتە ڕوو کـە سەعدی لە شاری "شیراز" لەدایک بوویێت و هەڵگرتنی نازناوی "شـیـرازی"ش نابێـتـە بەڵگە، چونکە ئەوە مـەولانای ڕۆمی – نووسـەر نووسـیـویەتی مـولینا – بە کۆدەنگیی هەموو مێژوونووسان، بە تورکەکانیشەوە، لە شاری "بەڵخ"ی ئێران لەدایک بووە، کەچی چونکە پاشتر چووەتە شاری "قۆنیە" و لەوێ نیشتەجێ بووە و کۆچی دوایی کـردووە، بە "ڕۆمی" ناوبانگی دەرکـردووە. پاش ئەوەش پوختەی سێ بۆچوونی جیاوازی "حوسێن حوزنی مـوکـریانی"، "مـەلا ڕەحـیم مـەریوانی" و "کـاردۆخی" دەگوازێتەوە کە هەرسێکیان کۆکن لەسەر ئەوەی بنەماڵەی "سـەعدی" لە شاری جوانڕۆی کـوردسـتـانی ڕۆژهەڵاتەوە ڕووی کردووەتە "شـیراز"، ئەو سەرچاوەیەی "مەردۆخی"

پشتی پێ بەستووە گوندێکی "هەورامان"، کە ناوی "شامیان"ە دەکاتە زادگە - شوێنی لەدایکبوونی سەعدی. وەرگێڕ هەرسێ بۆچوونەکە بە ڕاست دەزانێت و وەک بەڵگەش بۆ سێیەمین بۆچوون، ئەم بەیتە دەهێنێتەوە:

**گر بتازی استین بر من زند گوید: تعال**
**ور بکوردی گویدم: بۆریٚ بنیشه نان وەره**

واتە "ئەگەر بە عەرەبی بانگم لێ بکات، پێم دەڵێ وەرە گەر بەکوردیش، پێم دەڵێ: وەرە دانیشە نان بخۆ" (٢٤)، کوردییەکەی بە شێوەزاری - دیالێکت - گۆرانە، کە "هەورامی" لقێکی سەرەکییەتی.

ئەم بۆچوونانە پێویستیان بە ساغکردنەوە و بە بەڵگەی تەواو هەیە، کە ئەمەش ئەرکی خەڵکانی شارەزای هەردوو زمان و دیالێکتەکانیان و خاوەن عەقڵی زانستیی بابەتییانە و پشوودرێژە.

هەر لەو پێشەکییەی وەرگێڕدا باس لە هۆکاری وەرگێڕانی "گوڵستان" دەکات و بە دەستپاکییەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بۆ ئەم وەرگێڕانە ڕووی لە "حاجی میرزا عەبدوڵڵای کۆیی" کە نەخۆشی کۆسپ بووە، بەڵام فارسی زانێکی بە ڕەوشت و لاو و نووسەری پیشانداوە بە ناوی "محەمەد فیدا"وە، کە پێکەوە وەریان گێڕاوە. پاش ئەنجامدانی ئەم ئەرکەیان لە ١٩٦٩/٩/٢٩، لەبەر دەستکورتی نەیانتوانیوە چاپی بکەن و زۆری پێ نەچووە وەرگێڕانەکەی "هەنارانی" و پاشتریش هی "مەلا مستەفای سەفوەت" بڵاو کرانەوە. ئەم ڕووداوە بووە مایەی ئەوەی شێخ نەجمەددین هەم وەرگێڕانەکە بکاتە وشە بە وشە و هەم دەقە فارسییەکەشی لە بەرانبەر دابنێت بۆ ئەوەی بە گوتەی خۆیان "بۆ خوێندەوارانی خواهانی فێربوونی زوانی فارسی ببێتە مامۆستایەکی بێ دەنگ و بێ ئەرک".

ئەم وەرگێڕانەی "گوڵستان" و ئەوانەی دیکەش کە ئاماژەیان بۆ کرا، دەچنە نێو هەمان خانەی کۆششی کوردپەروەرانەی ئەو مامۆستا ئایینییانەی هەوڵیان دا زمانی کوردی پتر بکرێتە زمانی پێ خوێندن، بە تایبەت بۆ ئەوانەی زمانی دیکە نازانن.

جێی گوتنە کە ڕەنگە خەڵکانی دیکەش زۆر بن لەوانەی "گوڵستان"، یان هەر شاکارێکی دیکەی سەعدی و مەولانای ڕۆمی و حافز و ئەوانی دیکەیان وەرگێڕابێتە سەر زمانی کوردی و هەلی چاپکردنیان بۆ نەڕەخسا بێت، لەوانەش بۆ نموونە (مەلا عەبدوڵڵای مەلا ڕەشیدی غرزی، وەری گێڕاوەتە سەر دیالێکتی کرمانجی سەروو (٢٠٠٥) و چاپکراوێکی دیکەی وەرگێڕاوی شاکاری "گوڵستان"مان هەیە، لەوانەش ئەوەی عەلی نانەوازادە کە بە گوتەی خۆی لە "کاولستان"ی کابوول دا... "گوڵستانم کەوتە بەر دەست و چەند حەکایەتم لێ وەرگێڕاوە، نانەوازادە (٢٠٠٦) ل٧". تێکڕای ئەم کۆششانە بەڵگەی ئەوەن کە پێشتر و ئێستاش نووسەرانی دڵسۆزمان گرنگیی شاکارەکەی سەعدییان بۆ ڕوون ببووەوە و هەوڵیان داوە بە خوێنەری کوردی ئاشنا بکەن، بەڵام زەمینەکەیان بۆ لەبار نەبووە.

## گوزەرێکی خێرا بەم چاپەدا

بێجگە لەو تایبەتمەندییانەی ئەم کتێبە کە لە سەرەتای ئەم چەند لاپەڕەیەدا خرانە پێش چاو، ئەو فۆنتەی ئەم کتێبەی پێ چاپ کراوە، پێ دەچێ فۆنتی "Ali_K ١٤ Samik_" بێت، کە درشتە و بە هەموو کەسێک دەخوێنرێتەوە. گرنگیی چاپکردنی ئەم جۆرە بەرهەمانە بەو فۆنتە لەوەدایە کە هەم گوڵستانی سەعدی و هەم ئەو شێوازەی مامۆستای کۆچکردوو شێخ نەجمەددین بەکاری هێناوە، لەم ڕۆژەی ئێمەدا، پتر کەسانێک پێیان ئاشنان کە تەمەنێکیان هەیە و لاوازیی بینایی کاری تێکردوون. بەرگی ئەم کتێبە، ئەگەرچی زۆر سادەیە، بەڵام دڵگیرە و چەند لاپەڕەیەکی دەستنووسی کتێبەکەی تێهەڵکێش کراوە، کە بووەتە مایەی ئەوەی نموونەیەکی خەتی وەرگێڕ بخرێتە پێش چاوی خوێنەران، بێ ئەوەی پێویست بکات لە لاپەڕەکانی ناوەوەدا شوێنی بۆ تەرخان بکرێت، ئەمەش لە ڕووی دۆکیومێنتاری - بەڵگەداری - و هەم لە ڕووی ئاشناکردنی خوێنەری ئەمڕۆ بە خەتی پێشینانمان - کە زۆربەی مامۆستایانی ئایینیی کورد بە شێوەیەکی ئاسایی ئەو جۆرە نووسینەیان بەکار دەهێنا - گرنگە.

نازانم ئایا ئەو بەڕێزانەی ئەرکی چاپ کردنی ئەم کتێبەیان لە ئەستۆ گرتووە، بە تایبەت خانمە دکتۆر ئەختەر نەجمەددین، فارسی دەزانێ، یان نا، بەڵام بێ گومان هەوڵێکی زۆر دراوە بۆ ئەوەی هەڵە نەکەوێتە نێو چاپەکەوە، ئەمەش پێدەچێ ئەرکی مامۆستا هیوا بێت کە بە وەرگێڕانەکەدا چووەتەوە، بەڵام چەند خاڵێک بەدی دەکرێن کە کاریان کردووەتە سەر ئەوەی ئەم بەرهەمە بە شێوەی شیاوی خۆی بکەوێتە بەر دەستی خوێنەران، کە

لێرەدا تەنیا ئاماژە بۆ سەرەکیترینیان دەکەم و تەنیا یەک نموونەش دەهێنمەوە:

– لە هەندێک شوێندا ئەو ڕێنووسە فارسییە بەکار نەهێنراوە کە ئەمڕۆ باوە، بۆ نموونە:

**ای که پنجاه رفت و در خوابی**
**مگر این پنج روزه دریابی**

واتە "ئەی ئەو کەسەی – مەبەستی خۆیەتی – تەمەنت لە پەنجا تێپەڕی و هەر نووستووی، مەگەر ئەم پێنج ڕۆژەت بۆ مابێتەوە". ئەو "ای کە"یەی خەتی بە ژێردا هێنراوە، لەم کتێبەدا نووسراوە "ایکە"، ئەگەرچی ئەو شێوە نووسینە «ڕێنووس»ـەش هەیە، بەڵام بۆ تێگەیشتنی باشتری مەعناکەی گونجاوتر ئەوە بوو بەو شێوەیە بنووسرێ، هەر بەو شێوەیەش لە "سعدی (١٣٧٨ هـ. ش) ل٣٩"دا نووسراوە. مامۆستا شێخ نەجمەددین، چونکە بە شیعر گوڵستانی وەرگێڕاوە، تەنیا مەبەستی گواستنەوەی مەعناکەی بووە، بۆیە بەم شێوەیە وەری گێڕاوە:

**زۆربەی ژیانم بە خەو ڕابوارد**
**لە پێش خۆمەوە توێشووم نەنارد**

– پێ دەچێ چاپخانەکە فۆنتی فارسییان نەبووبێ، بۆ نموونە "عقلست طیره، ل٢٩" و "درگذشت، ل٤٧" و... تاد، ئاشکرا دیارە کە نووسینەکەی ناگونجێ لەگەڵ ئەو فۆنتەی لە کتێبەکەدا بەکار هێنراوە.

– هەندێک هەڵەش کەوتوونەتە نووسینی هەندێک بەیتەوە، بۆ نموونە:

**سالها برتو بگذرد کەگذار**
**نکنی سوی تربت پدرت**

وشەی "گذار" نووسراوە: "گذا، ل٢٥٥".

– باشتر بوو ئەرکی پێداچوونەوەی ئەم کتێبە بە فارسی زانێک بسپێردرایە و چاپخانەکانی شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش لە ئەزموونی چاپکردنی ئەو بەرهەمانەدا کارامەتر و شارەزاترن کە دەقی تێکەڵی هەردوو زمانی کوردی و فارسی تێدایە.

سەرەڕای ئەم سەرنجانە و زۆری دیکەش، چاپ کردنی ئەم کتێبە و کەمیی هەڵەکانی، کە دەقەکانی دوو زمانی جیاواز و خاوەن تایبەتمەندیی جیاواز لە ڕووی ڕێنووسەوە بەخۆوە دەگرێ، کارێکە بەڵگەی کۆششی دڵسۆزانەی ئەو بەڕێزانە دەخاتە ڕوو کە ئەم ئەرکەیان لە ئەستۆ گرتووە.

**پەراوێزەکان:**

١- نەمتوانی بزانم کام (جێمس ڕۆس)ـە، چونکە زۆر کەس بەو ناوەوە هەیە، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەبێ یەکێک بێت لەو کەسانەی لە ڕووی ئەکادیمییەوە بە وردی بە سەرجەمی بەرهەمەکانی «سەعدی»یەوە خەریک بووبێت.

٢- هۆراس ,Horace (Quintus Horatius Flaccus 8 - 65 پ. ز. "گەورە شاعیری پێش لەدایکبوونی حەزرەتی عیسا. ڕۆم و پاشتریش ئەورووپا بە گشتی شانازییان پێوە کردووە.

٣- مارکۆ پۆلۆ Marco Polo, 1254 - 1324 ز. بازرگان و گەڕیدە و گەشتیاری بەناوبانگی ئیتاڵیا، ئەو کتێبەی لەبارەی گەشتەکەیەوە نووسی کاریگەریی گەورەی بەسەر کریستۆفەر کۆلۆمبس Christopherus Columbus 1451 - 1506 ز" و هەموو گەڕیدەکانی دیکەی پاش خۆی هەبوو.

٤- لافۆنتین Jean de La Fontaine 1621 - 1695، شاعیر و چیرۆکنووسی فەرەنسی، بە داهێنەری چیرۆکی خەیاڵی لەسەر زاری ئاژەڵەکان لە ئەورووپا دادەنرێت.

٥- دیدرۆ Denis Diderot 1713 - 1784 ز، یەکێکە لە گەورەترین فەیلەسووفەکانی سەردەمی ڕۆشنگەریی فەرەنسا، سەرنووسەری یەکەمین ئینسیکلۆپیدیا بە ناوی "ئینسیکلۆپیدیای هونەر و زانست و پیشەکان.

٦- ڤۆڵتێر، کە ناوی ڕاستەقینەی "Francis Marie Arouet"ـە، 1694 - 1778، بیرمەند و فەیلەسووفێکی ناسراوی فەرەنسایە.

٧- هۆگۆ Victor-Marie Hugo, 1802 - 1885، شاعیر و ڕۆماننوسی ناسراوی فەرەنسا، کە بە ڕۆمانی "بێوەران – Les Miserables" بەناوبانگە.

٨- بەلزاک Honore de Balzk 1799 - 1850، ڕۆماننوسی ناسراوی فەرەنسا و خاوەنی کۆمەڵە چیرۆک و ڕۆمان، کە تێکڕا بە "کۆمیدیای مرۆڤایەتی" ناسراون.

٩- گۆتێ Johann Wolfgang Goethe گەورە شاعیری ئەڵمانیا و خاوەنی شاکارەکانی "ئازارەکانی ڤارتەر"، ڤاوست"، پرۆمیسیۆس" و "دیوانی ڕۆژهەڵاتیی ڕۆژئاوایی".

١٠- دەستنیشان کردنی دەرگاکانی بەهەشت بە "هەشت" دەرگا پشت ئەستوورە بە فەرموودەیەکی ڕاستی پێغەمبەر (د.خ) کە ئەمەیە: "في الجنة ثمانية أبواب منها باب يسمى الريان لا يدخله إلا الصائمون، البخاري (١٩٨٧) ٣/ ١١٨٨، الحديث ٣٠٨٤".

١١- هیرۆس گامۆس Hieros Gamos لە بناغەدا ئەفسانەیەک و بناغەی سەری ساڵی سۆمەرییە. کرۆکی ئەم

ئەفسانەیە "هاوسەرگیریی پیرۆز" نێوان ئاسمان «نێر» و زەوی «مێ»یە و سەرچاوەی پیت «بەرکەت»ـە، پاشتر ئەکەدی و بابلییەکان وردەکاریی دیکەیان خستووەتە سەر کە پێوەندییان بە دەمارگیرییەکانیانەوە هەیە.

١٢- ئەوەی ئاماژەی بۆ کراوە بەشێکە لەم ئایەتە پیرۆزە:

**هو الله الخالق الباريء المصور له الاسماء الحسني يسبح له ما في السموات والارض وهو العزيز الحكيم.**

واتە: "ئەو خوای داهێنەر و دروستکار و وێنەدارێژە، ناوە جوانەکانی هەیە، هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە ستایشی دەکەن و هەر خۆی پایەدار و دانایە". ئاماژەی گشتیی نووسەر و مەبەستەکەی «سەعدی»ش، ئەگەر لێیان ورد ببینەوە، پتر ئەو ڕاستییە بەهێز دەکات کە دەبێ مەبەستی ئەم ئایەتە پیرۆزە بێت:

**تسبح له السموات والارض ومن فيهن وان من شيء الايسبح بحمده ولكن لا تفقهون تسبيحهم انه كان حلما غفورا.**

واتە "هەر حەوت ئاسمان و زەوی و هەموو ئەوەی تێیاندایە ستایشی دەکەن، هیچ شتێکیش نییە بە سوپاس و ستایشی نەکات، بەڵام ئێوە لە ستایشیان ناگەن، هەر ئەو ئارام گوناە بەخش و لێبوردەیە".

١٣- خەراباتی: وشەی "خەرابات - خرابات" مانای "مەیخانە دەبەخشێ لە زمانی فارسیدا. خودی ئەو وشە فارسییانەی بۆ ئەو مەعنایە بەکار دەهێنرێن (میخانە و میکدە)ن، بەڵام چەند بۆچوونێک هەیە لەبارەی ئەوەی بۆچی ئەم وشەیەش بەو مەبەستە بەکارهێنراوە لەوانە: "چونکە مەیفرۆشی و خواردنەوەی لە شەریعەتی ئیسلامدا لە حەرام و قەدەغە کراو-ەکانە مەیفرۆش و ئەوانەی لە گۆزەدا دەیانخواردەوە، لە دەرەوەی شارەکان، لە وێرانە و کەلاوە چۆڵکراوەکاندا ئەو کارەیان دەکرد... ئەگەرچی دەشگوترێ کە بەو هۆیەوە ناوی خەرابات لە مەیخانەکان نراوە، چونکە دەبێتە مایەی مەستی و وێرانیی ئەوانەی مەی دەخۆنەوە، بەڵام هەندێکی دیکەش ئەو شوێنەیان بە شێوەیەکی دیکە خور اباد، واتە شوێنی خواردنەوە، زانیوە، سجادی (١٣٧٩ ھ. ش) ٣٤٢". لە ڕووی زاراوەوە بریتییە لە "وێرانی «نەمان»ی خەسڵەتە بەشەرییەکان و فەوتانی بوونی جەستەیی و «خەراباتی»ش ئەو پیاوە تەواوەیە، کە بە بێ ویستی خۆی، زانیاریی خواوەندانەی لێوە هەڵقووڵێ، ھ. س، ٣٤٢".

١٤- ئەم چەمکی لاسایی کردنەوەیە بەو مانایەیە کە لای "ئەرستۆ 322 - Aristotle 384 پێش زایین" بەدی دەکرێ لە کتێبی "هونەری شیعر -Poetics"دا، کە تراژیدی بە لاسایی کردنەوەی کردەوەیەکی ئێجگار گرنگ و پڕ بایەخ دەزانێ کە "لاسایی کردنەوەی سروشت"ـە، ئەوەش بە کرۆکی داهێنان دەزانێ.

١٥- سوڵتان وەلید (بەهائەددین ئەحمەد کوڕی جەلالەددین، کۆچکردووی ساڵی ٧١٢ ک - ١٣١٢ ز)، کوڕە گەورەی مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی و یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ڕاستەقینەی تەریقەتی مەولەوی.

١٦- عیراقی (فەخرەددین ئیبراهیم کوڕی شەهرەیار هەمەدانی، 688 - 610 ک، 1289 - 1212ز)، یەکێکە لەو شاعیرە سۆفییانەی ئێران کە، بێجگە لە شیعری سۆفییانەی ناسک، کتێبێکیشی هەیە بە ناوی (إصطلاحات صوفیة - زاراوەگەلی سۆفیگەری)، کە لەو بوارەدا بایەخێکی تایبەتی هەیە، بە تایبەت لە بواری سۆفیگەریی ئێرانیدا.

١٧- (شاە نعمت الله ولی، نزیکەی ٧٢٠ - ٨٢٤ ک)، یەکێکە لە شاعیر و سۆفییە گەورەکانی هەردوو هەشتەمین و نۆیەمین سەدەی کۆچی، هاوچەرخی حافزی شیرازییە و دامەزرێنەی ڕێچکەی سۆفیگەریی نیعمەتوڵلاهییە.

١٨- محەمەد عەلی هوما کاتوزیان (Homa Ka-touzian، لەدایکبووی ١٩٤٢) بە ڕەچەڵەک ئێرانییە و یەکێکە لەو ئەکادیمییانەی بابەتیان لەبارەی ئەدەبی فارسییەوە زۆرە و مامۆستای زانکۆیە. لە نێو خودی ئێرانییەکاندا گلەیی زۆری لەسەرە بەوەی هەڵوێستێکی نەگونجاوی لەبارەی ئێرانییانەوە هەیە.

١٩- سەید حوسێن نەسر- Sayyed Hossein Nasr، لەدایکبووی ساڵی ١٩٣٣، بە ڕەچەڵەک ئێرانییە، یەکێکە لە بیرمەند و ئەکادیمییە گەورەکانی ئێران کە خاوەنی میتود و کەسایەتی و جیهانبینیی تایبەتی خۆیانن، چەندین ڕۆژهەڵاتناسی گەورەی وەک (ویلیەم چیتیک) شانازی بەوەوە دەکەن کە لە ژێر سەرپەرشتیی ئەمدا پلەی زانستییان وەدەست هێناوە.

٢٠- عومەر عەلی شاە - Omar Ali Shah, 1922 2005ز، ئەکادیمی و سۆفییەکی نەقشبەندی هیندی بوو. یەکێکە لەو کەسانەی "گوڵستان"ی «سەعدی»یان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی. پتر نووسینەکانی بە زمانی ئینگلیزین و چەند کتێب و بابەتێکی وەرگێڕدراونەتە سەر چەندین زمانی دیکەی وەکو ئەڵمانی و تورکی و... تاد.

٢١- دەرویشی Dervishes، مەبەست ئەو "دەرویشی"یە نییە کە ئەمڕۆ باوە، لە زمانی فارسیدا بە کەسێک دەگوترێ دەرویش کە هیچی نەبێت، تەنانەت دەرۆزەکاریش بێت. لە بناغەشدا تا ماوەیەکی زۆر بە زاهید و سۆفییە گەورەکان گوتراوە "فەقیر" و لە ڕووی بناغەشەوە بەو کەسانە گوتراوە کە چاویان لە هەژارانی مزگەوتی پێغەمبەر (د.خ)، وەک بیلال و عەممار کوڕی یاسر و خەباب و هاوەڵانیان کردووە. دەرویشی لە بواری زاراوەی

سۆفییانەدا پتر ئەو مەعنایە بەخۆوە دەگرێ کە لە هەموو شتێکدا پێویستی بە خوای گەورەیە، بۆیە هەموو کارێکیشی هەر بەو دەسپێرێ.

٢٢- ئاراستە .A. Reza Arasteh ئەکادیمییەکی ئێرانیی دیکەیە. بە داخەوە نەمتوانی هیچ زانیارییەک لەبارەی ژیانییەوە بەدەست بێنم، بەڵام زانای گەورەی شیکاری دەروونی (ئەریک فرۆم - Erich Fromm) کە پێشەکیی کتێبی (Rumi the Persian, the Sufi)ی ئەم زانایەی نووسیوە، تێیدا دەڵێ: "دانەری ئەم کتێبە، کە قوتابییەکی سروشتی مرۆڤایەتی و میتودە جیاوازەکانە، ئەوانەی هەوڵ دەدەن مرۆڤ لە دەردی دوودڵی و گێژاوە فکرییەکان ڕزگار بکەن و یارمەتیی بدەن بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی و متمانە بە خۆ بوون، لەم بەشەدا زۆر سەرکەوتوو بووە لە وەسف کردنی سیستمی هەمەلایەنەی بیری ڕۆمی، .Fromm (2008) p ix".

٢٣- قوتبەددین شیرازی (مەحموود کوڕی مەسعوود، ٦٣٤ - ٧١٠ ک، ١٢٣٦ - ١٣١١ ز) پزیشک، فەیلەسووف، گەردوونناس و ماتماتیکزان. لە دوا ساڵانی ژیانیدا ڕووی لە سۆفیگەری کرد و بووە یەکێک لە ناودارەکانی ئەو بوارە و یەکێکە لە لێکدەرە بەناوبانگەکانی کتێبی "حكمة الإشراق"ی یەحیای کوڕی حەبەشی سوهرەوەردی کوژراو.

٢٤- وەرگێڕ لەبارەی ئەم بەیتەوە گوتوویەتی "لە (بدايع) دا هاتووە، ل ١٥" نەمزانی مەبەست لە "بەدایع" چییە ؟ ئەگەر ناوی کتێبێک بێت ئەوە نەمتوانی پەیدای بکەم، بەڵام لە شاکارە ماو و چاپکراوەکانی سەعدی-دا هیچ کتێبێک بەو ناوەوە نییە. نە ئەم بەیتە و نە بەیتێکی دیکەش کە پێشتر وەرگێڕ هێناویەتییەوە و ئەمە دەقەکەیەتی:

**دور گشتم از قبیله عمر من برباد شد**
**حرف ابجد را شماره دو صد و هفتاد شد**

لە نێو هیچ یەکێک لە شەش بەشەکەی سەرجەمی بەرهەمەکان «کلیات»ی چاپکراوی «سەعدی»دا نەبوو.

**سەرچاوەکان:**

**١ - کوردی و عەرەبی و فارسییەکان:**


**قورئانی پیرۆز**

**أبو زيد (١٤٢٠هـ) بكر بن عبدالله، خصائص جزيرة العرب، مؤسسة إبراهيم بن عبدالعزيز ابراهيم، الخيرية، ل "وزارة الشؤون الإسلامية والأوقاف والدعوة والإرشاد على الفقة، الرياض.**

**ان دوزى (١٩٨٩) رينهارت بيتر، تكملة المعاجم العربية، ترجمة: محمد سليم النعيمي، مراجعة: جمال الخياط، دار الرشيد، وزارة الثقافة و الإعلام، بغداد، ج٦.**

**البخاري (١٤٠٧ هـ، ١٩٨٧م)، أبو عبدالله محمد بن إسماعيل الجعفي البخاري، الجامع الصحيح المختصر، تحقيق: د. مصطفى ديب البغا، دار إبن كثير، بيروت، ط٣.**

**خرمشاهي (١٣٧٩ هـ. ش) بهاءالدين، حافظ نامه، شرح ألفاظ، أعلام، مفاهيم كليدي و أبيات دشوار حافظ، شركت إنتشارات علمى و فرهنگى، تهران، چاپ يازدهم.**

**رشيد (٢٠٠٥)، ملا عبدالله ملا رشيد، مقابلة صحفية أجراها معه: إبراهيم يوسف و نشرت في صحيفة الإتحاد اليومية السياسية في عدد ١ تموز.**

**سجادى (١٣٧٩ هـ. ش) دكتر سيد جعفر، فرهنگ إصطلاحات و تعبيرات عرفانى، إنتشارات طهورى، تهران، چاپ پنجم.**

**سعدى (١٣٧٨ هـ. ش) گلستان شيخ شيراز سعدى، تصحيح متن و شرح لغات: حسين استاد ولى إنتشارات قديانى، چاپ نوزدهم.**

**سەعدی (٢٠٠٦ ز)، مشرف الدين مصلح بن عبدالله شيرازى، گوڵستان، وەرگێڕانی: عەلی نانەوا زادە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.**

**سەعدی (ساڵەکەی نەنووسراوە) گوڵستانی شێخی سەعدی، وەرگێڕانی: نجم الدين شمس الدين، چاپخانەی تەوار، سلێمانی.**


**٢ - ئینگلیزی و تورکییەکان:**


**ARASTEH (2008) A. Reza,, RUMI THE PERSIAN, THE SUFI, Volume 40, Routledge,**
**Taylor & Francis Croup, London and New York.**

**ARBERRY (2000), A. J. (Translater), Muslim Saints and Mystics, Episodes from the Tadhkirat al**
**Auliya, (Memorial of the Saints) By Farid al-Din Attar, OMPHALOSKEPSIS, Ames. (PDF).**

**CHITTICK (2001), William, HEART OF ISLAMIC PHILOSOPHY, the quest for self-knowledge in the teachings of Afdal al-Din Kashani, Oxford University Press.**

**CORBIN (1998), Henri, ALOANE**

U.S.A, First Published.
(1992), A Two-Colored Brocade, The Imagery of Persian Poetry, Chapel Hill & London. The University of North Carolina Press, U.S.A.
(1982), As Through a Veil, MYSTICAL POETRY IN ISLAM, Columbia University Press, New York. sponsored by the American Council of Learned Societies, New Series, Number Twelve.
TRIMINGHAM (1971), J. Spencer, The Sufi Orders in Islam, Oxford University Press, Oxford.
WITH THE ALOANE, Creative Imagination in the Sufism of Ibn 'Arabi, Bollingen Series XCI, Princeton University Press, Princeton, New Jersey.
De BRUJIN (1999), J.T.P.,, The Qalandariyyiit in Persian Mystical Poetry, from Sani'i Onwards. from: Heritage of Sufism, Volume 11.
FROMM (2008) Erich, his preface to the book (RUMI THE PERSIAN, THE SUFI)
HAMMARLUND (1997), Anders & others " Editors ",, MUSIC AND SOCIETY IN TURKEY AND THE MIDDLE EAST, Papers Read at a Conference Held at the Swedish Research Institute in Istanbul, November 27-29, 1997, Swedish Research Institute in Istanbul Transactios, Vol. 10.
KATOUZIAN (1999), Homa, Sufism and Sa'di, and Sa'di on Sufism, from: Heritage of Sufism, Volume 11.
LEWISOHN (1999), Leonard, Overview: Iranian Islam and Persianate Sufism, from: Heritage of Sufism, Volume 11.
NASR (1999), Seyyed Hossein, Persian Sufi Literature: Its Spiritual and Cultural Significance, from: Heritage of Sufism, Volume 11.
SAH (2003), Omer Ali,, BATIDA SUfI GELENEGI, ingilizce'den ceviren: Zeynep Bilen, birey, Birinci Baski, Ekim, Turkeye.
SCHIMMEL (Annemarie):
(1993), THE MYSTERY OF NUMBERS, OXFORD UNIVERSITY PRESS
(1994), Deciphering the Signs of God, A Phenomenological Approach to Islam, State University of New York Press,

# چەند سەرنجێکی فەرهەنگی

**سەدرەدین نوورەدین ئەبووبەکر(*)**

بەهەڵکەوت لە ڕێکەوتی (١٢/ ٢٠١٢/٩)دا بۆ بەدواداچوونی چاپکردنی کتێبی (هونەری یادەوەری نووسین) چوومە دەزگای موکریانی، کە دوو ساڵێکە لە دەزگای ناوبراو چاوەڕوانی چاو هەڵهێنانە. مامۆستایەک، کارمەندێکی دیاری دەزگاکە، دانەیەک "فەرهەنگی ئەندیک- ئینگلیزی کوردی (کشتوکاڵ- گیانەوەران- باڵندە)ی" لە دانانی حەسەن حەمەد عەبدوڵڵا ئەندیکی پێ بەخشیم، کە تازە لە لایەن دەزگاکەیانەوە چاپکرابوو.

وەک ڕاهاتووین سەیری پێشەکییەکەی و لیستی ناوی سەرچاوەکانیم کرد، کۆمەڵێک تێبینی سەرپێیی دەستەویەخەم بۆ پەیدابوون، منیش هەر بە سەرپێییەوە چەند سەرنجێکی بە پەلە دەخەمە بەر دیدی دانەر و خوێنەرانی بەڕێز. بەو هیوایە سوودی گشتی و کەڵکی بەڕێزیانی هەبێت.

هەروەک دانەر لە پێشەکییەکەی لە ل(٧-٨) دا دەڵێت "لە ڕاستیدا کاری نووسین بەگشتی و تایبەتیش لە بواری دانانی فەرهەنگدا کارێکی بەرز و پیرۆز و گرانە، کاتێکی زۆر، ماندووبوونێکی بێ شومار. بەدوادا گەڕانێکی یەکجار زۆر و پرس و ڕای دەوێت... لە دوماهیدا هەرچەندە مرۆڤ زیرەک و بە سەلیقە بێت، ئەوە خەڵکی بە سەلیقەتر و زیرەکتر هەیە، ئەوەی هەڵەش نەکات تەنیا خودای گەورەیە، هەر بۆیەش بە ڕێز و سوپاسەوە، سوپاسی ئەو خوێنەرە بەڕێزانە دەکەم لە کاتی خوێندنەوەیان هەر هەڵەیەکیان بەرچاو کەوت... ئاگادارمان بکەنەوە بە ئامانجی چاک کردنەوەی لە چاپی دووەمدا، بە هیوای سوودمەندی بۆ هەموو لایەک."

دانەر (ئامادەکار) کۆشش و کات و دراوی باشی لە پێناوی ئامادەکردنی فەرهەنگێکی (٣٦٨) ڕووپەڕە بە قەوارەی نموونەیی بەخشیوە. لە هەمان کاتدا بە بەرگ و کاغەز و کارێکی پوخت چاپکراوە. ئەمانەیان جێگەی پێزانین و ڕێزلێنانن. وا دیارە تەمای ڕاست کردنەوە و فراوانترکردنی لە چاپی دووەمیدا هەیە، بۆیە بوێرانە داوای دەوڵەمەندکردنی پتری کردووە. منیش کە کەمێک شارەزای بابەتەکەم، هەروەک خۆبانیش گوتەنی: بە پیرەوەچوونی بە ئەرکێکی پیرۆز دەزانم. بە پیادەڕۆیی ئەو زاراوانەی بە زەقی دیارن و پێوەندییان بە لێزانی من (پاراستنی ڕووەک و هەنگداری)یەوە هەیە، بە بێ بایەخدانێکی زۆر بە سپێڵی ئینگلیزی و پابەند بوون و نەبوونی بەڕیزبەندی پیتەکان (أبجدية) و ناتەبایی مانای گشتی و تایبەتی و نەهاتنەوەیان لەگەڵ بەرانبەرەکانیاندا، بخەمە بەر دیدی بەڕێزیان و

خوێنەرانەوە.

**تێبینییە زەقەکان:**

١- لە دووتوێی بەرگی فـــەرهەنگەکـــەدا بۆمـــان دەرناکەوێت کە ئاستی کارامەیی و شارەزایی پاشخان و تایبـەتمەندی مـامـۆسـتـا لە بوارەکـانی فـەرهەمگ و زانستەکانی کشتوکاڵ و زمانەکانی ئینگلیزی و کوردیدا چەندە و چییـە، دەرنەکـەوتنیـان بە هیچ کلـۆجێک لە بەرژەوەندی بەرهەم و بەرهەمهێنەکەدا نییە.

٢- دانەر دەڵـێت: بەڵام ئەوەی بەرچاو دەکـــەوێت فەرهەنگێکی تایبەت لە بواری (کشتوکاڵ- گیانەوەران) بە زمانی ئینگلیزی- کوردی نەبوو. ئێمەش دەڵێین هەر نەبوایە دەبوو بڵێت: بە پێی ئاگاداری من (هەر چەندە بە کردار ئاگادارە و وشە و زاراوەکانی لێیان راگوێزاوە وەک دواتر لە خاڵی پێنجـەمدا دەردەکـەوێت) ئەوەی لەوێدا دەبینرێت لە گەڵ گوتەی بەرێزیان تێک ناکەنەوە.

٣- ئامـاژەی بە ناوی ژمـارەیەکی زۆر کـەم سـەرچاوە کـردووە: تەنیـا ناوی (دە) سـەرچاوەی نووسـیـوە، لەمانیشدا سیانیان پرۆگرامی خوێندنی وانەی ئینگلیزی قوتابخانەی کشتوکاڵ و چوار فـەرهەنگی ئۆکسفۆردی ئاست جیاجیان.

٤- لە لیسـتی تۆمـارکـردنی ناوی ژێدەرەکـاندا، لە ل(٣٦٧)دا زانستە سەرەکییەکانی پێویست کرتێنراون، بۆ نموونە: لە هەر دەیاندا، تەنیا ناوی تاکە دانەرێکیان تۆمارکراوە. تەنیا لە سەرچاوەی ژمارە دوودا ساڵی چاپ کـردنی (١٩٨٧) نووسـراوە. تەنیـا ناوی چاپخـانەی یەکێکیـانی هێناوە. ناوی دەزگـا و شـوێنی چاپ کـردنی هەر دەیان نـادیارە!. وەک لە ژێدەری ژمـــارە (١٠) دەبینین، نووسراوە "١٠- قـامـوس حـتی الطبی الجدید (ئینگلیـزی- عـربی)". بەم رەفـتـارەش بایەخی سەرچاوەکان دەپووکێـتەوە و ناکرێت بە ئاسانی لەگەڵ بەرهەمـەکـەدا بەراوردبکرێن. ئاخـۆ شـاردنەوەی ناوی سەرچاوەکان و برینی ناوی نووسەرانیان مامۆستا بە هێز و فەرهەنگەکەی بە پێـزتر دەکەن، یان کەم تابشت و بێ نرختر؟

٥- زۆرینەی وشـە و زاراوەکـانی راسـتـەوخـۆ، یان ناراسـتـەوخـۆ، بە بێ دەنگی لەم ژێدەرانەی خـوارەوە راگوێزاون و ئاماژەشی بۆ نەکردوون:

ا- دەردە کـشـتـوکـاڵیـیـەکـان و بنەمـاکـانی چارەسەرکردنیان، بە عەرەبی و بە کوردی، ئامادەکردنی، ئەندازیار و شـارەزای کشـتـوکـاڵ: سـەدرەدین نوورەدین ئەبوبەکـر و هاریکارانی (٢٠٠٠) هەولێـر، رێکخـراوی (فـاو- FAO) چاپخـانەی ئۆفسـێـتی هەولێـر٧٩٦، لاپەرە.

ب- دەرد و نەخـۆشـیـیـەکـانی رووەک،٢ بەرگ، بە عـەرەبی و ٢ بەرگ بە کـوردی، ئامـادەکـرنی سـەدرەدین نوورەدین ئەبوبەکر (٢٠٠٣) هەولێر، رێکخراوی (فـاو) چاپخانەی و. کشتوکاڵ. هەولێر. ١١٢٢ ل.

ج- هەنگ بەخـێـوکـردن، ئامـادەکـرنی سـەدرەدین نوورەدین ئەبوبەکر (٢٠٠١) هەولێر، رێکخراوی (فـاو) چاپخانەی زانا- دهۆک. ٣٦٠ ل.

چ- دەردەکـانی بەروبوومی کـشـتـوکـاڵی داکـراو، صـدرالدن نورالدین أبوبکر و د. قـاسم عـبـدالله عـمـر (٢٠٠٠) رێکخرراوی فـاو، چاپخـانەی نازە- هەولێـر (١٠٠) رووپەرە.

**تێبینی:** زاراوەکانی لە سەرچاوەی (پەرتووکـەکان)ی بەناوی ئەبوبەکـر، سـەدرەدین نوورەدینەوە تۆمـارکـراون، پێشتر زۆرینەیان بە شێوەی گوتار، لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا لە ژمارەکانی گۆڤاری کشتوکاڵ، هەفتەنامەی پاڵە، بەرنامەی خولەکانی رێنمایی و راهێنانی وەزارەتی کـشـتـوکـاڵ و رێکخـراوی فـاو، نامـیلکە و پەرتـووکی دیکەدا بڵاوکـراونەتەوە. تاک و تووک هەڵەیان هەبووە و دواتر زۆربەی کەمـوکورتییەکانیشیان پرکراوەتەوە، لێرەدا دەرفەتی دووبارەکردنەویان نییە.

زۆر زاراوە بۆ یەکەم جار لە چاپ کراوەکانی سەدرەدین نوورەدیندا تۆمـار کـراون. گـەلێک لەمـێـژیشـە بەسـەر سەرتاسەری هەرێمدا، بەتایبەتی ئامادەیی و پەیمانگە و کۆلێژە کشتوکاڵییەکان و فەرمانگە و فەرمانبەرانی لقە کشتوکاڵییەکان و پەرتوکخانە سەرەکی و گشتییەکاندا پەخش کـراون، لە لایەن مـامـۆسـتـا ئەندیکەوە بە هەڵە راگوێزراون (زۆرینەیان پێشتر لە پەرتووکەکانی پرۆگرامی خوێندنی ئامادەیی کشتوکاڵ و بڵاوکراوەکانی رێکخراوی (فاو) و وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمدا بە راستی بەکار هاتوون) مـامـۆسـتـا حـەسـەن کـردوونیـەتە دەسـتـکەلاو دەشـیـانـشـارێتـەوە و بۆ هەڵەتەکـردن، ناوی سـەرچاوەی یەکـەمی عـەرەبیـیـەکـەی(الآفـات الزراعـیـة وأسس

مکافـحـتـهـا )ی هێناوە، بەمـەیش قـوڕەکـەی خـەسـتـتـر کردووەتەوە، نموونەی ئەم زاراوانەی سەدرەدین بە درێژایی تـەمـــەنـی بە چـەندین دەردەســـەری لە دەمی ڕەوەند و جووتیار و گوندنشینانەوە، لە سەرتاسەری کوردستاندا وەریگرتوون. لە فەرهەنگۆکەکانی و لە ناواخن و خشتە تایبەتییەکانی بڵاوکراوەکانیدا بە کوردی- ئینگلیزی - لاتینی- عەرەبی بە پۆلینکردنەوە بۆ یەکەم جار تۆماری کـردوون: (ناوی سـەدان ڕووەکی سـروشـتی و مـێـروو و کـەڕوو و دەرد و نەخـۆشی ڕووەکی و زیندەوەری دیکە و ڕەزگـەری و هەنگداری و بەرهەمـــهــێنانی بەروبوومی ڕووەکـیـدا) ئەگـەر مـامـۆسـتـا حـەسـەنیش ئاگـاداربێت، پێـشـتـر لە شـوێنێکی دیکە بەکـارهاتوون، یان بەخـۆی دەســـتـی کـــەوتـوون، با شـــوێن وکـــات و ناوی لێ وەرگیراوەکان دیاری بکات، ئەوە بە مەمنوونییەوە سەد جار داوای لێبوردنی لێ دەکەین و خۆشمان بە وامداری مـامـۆسـتـا و شـایانی سزا دەزانین. نموونەی زاراوەکـانی یەکـــەم جـــار لە لایەن ســـەدرەدینەوە بەکـــارهاتوون و ئەندیکـیش لە پەناوە ڕایگـوێزاون و بە نـاوی خـــۆیەوە تۆماری کردوون:

پند لە ل١١، ٢٠٥ ،تفـــتـــە گـــیـــا ل١٤، کـــەڕووە توورەگەییەکان ل١٨، ژووژوو (پژ)، ل٣٢ و٤١، کەژۆک (قەرەقاج) ل٣٢، کەڵیسمەی پاقلەمەنییەکان ل٣٢، بێرەهەنگ ل٣٣، قەڵاچۆکردنی ژیوەری (زیندەگی ل٣٤، ڕەشەکرتێنەر ل٣٥، دەستاڕۆک (سێپەڕە)، بنکەی جامە مێو ل٥٦، پەلە پیزە ل٥٦ و ٢٣٦، هەنگی هەڵکوڕماو ٦٠، بنەما مـێو ل٦٢، ئەسـپێی وێکچووی ئارد ل٦٣، جنجربوونی ئاروو ل٦٧، سنیـپـەمۆ ل٦٦ (لە ڕاسـتـیـدا پەمۆ نـیـیـە و پەمـوانەیە، چونکە سنەکە لە تۆوی پەمـۆ دەدات نەک لە داوەکەی. لە ئینگلیزییەکەیدا (cotton see bug)ـە، بەڵام مـــامـــۆســـتـــا کـــوردییـــەکـــەی و ئینگلیـــزییـــەکـــەی بە پەلە ڕاگـــوێزاون، بڕوانە دەرد و نەخـۆشـیـیـەکـانی ڕووەک ٢٠٠٣ بەرگی دووەم ل٣٣٨. (زڕ ترشـۆکـە) ل٦٨، لە ڕاسـتـیـدا زڕ (ترشـۆکـە)یە، کـەرخنکێنە ل٨١، لەزە سـۆتەکـە ل٩١، پندی چوار پێ ل٩٥، لۆک (بەچەگەنین)ی ئەوروپی لە هەنگدا، مێرووی توێشکداری گەورە ل١٠٤، کوێرووی ئاڵا شێوە لە گەنمدا ل١٠٥، ئاگـرە سـۆتەکـە ل١٠٥. دەپی فـڕین ل١٠٦، قـالۆنچـە (ئەسـپێ) ژەنگنەی ئارد rust red flour beetle لە دەرد و نەخۆشییەکانی ڕووەکدا لە ل٥٤٢ دا تۆمارکراوە، بەڵام لە لای مامۆستا بۆ سووک کردنی سەر زمـان کـراوەتە ئەسـپـێی ژەنگاوی ئارد flour bettle، پەرواز تەلکردن ل١١٠، تاوسە پەپوولە ل١٢٧، قـەرەجە پەپوولە ل١٣، دڕکـــە خـــەنجـــەر ل١٥٧، سنی ئارداوی ل٢٠٣، کـوتکە ل٢٠٨، کـرمـە مـارانە ل٢١٨، مـەمکە کـــیـــژە ل٢٣٤، تەڵەی هەڵاڵە ل٢٤٤، گـــوفکە ســـوور ل٢٦٣، گـەندە زیوان ل٢٩٤، هەنگی ئاوکـێش ل٣٣٦، چەکـەرە خـۆرەی گـەنم، تیـرە بڕەی گـەنم ل٣٤٠، زسـتـان پۆش ل٣٤٣.

ئەوانەی شـتی ئامـادەکـراوی بەردەست بە نهـێنیـیـەوە ڕادەگـوێزن و بە بەرهەمی نوێی خـۆیانی دەفـرۆشن، لافی خۆبەخشی و گەلحەزی و وڵاتپەروەریش لێ دەدەن، بزانن، یان نا، دەبنە پێـشـڕەوی گـەلەی گـەندەڵی، (گـەندەڵی ڕۆشنبیر و ڕووناکبیری لەوانی دیکە ...تره). لێرەدا بە دەرفەتی دەزانم کە بۆ نموونە ئاماژە بۆ چەند مامۆستایەکی دیکەی هاوڕەفـتـاریان بکەم، کە هەمـان شـتـیـان لەگـەڵ بەرهەمـەکـانمان کردووە و کـەسـیش دەنگی نەداون، بۆیە وادەزانن شتەکەیان بەسەر خەڵکدا تێپەڕاندووە.

* ئەحـــمـــەد حـــاجی عـــەلی پشـــدەری هەنگەوان، پەرتـووکـێکی دەربـارەی هەنگداری لە سلێـمـــانی چاپ کردووە. زۆرینەی زانیاری و زاراوەکانی بە پێشەکییەوە لە پەرتووکی (هەنگ بەخێوکردن - سەدرەدین نوورەدین، ٢٠٠١، هەولێر) ڕاگـوازتووە، کەچی ئاماژە بە نامـیلکە (هەنگ بەخێوکردن (١٩٩٩) هەولێر دەدات.

* کە پەرتووکی "بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی ٢٠٠٥- کـۆکـردنەوە و تۆژینەوەی سـەدرەدین نـوورەدین کـەوتە بازاڕەوە، وشـیـار نووری لەک کـە خـۆی بە ڕیش سپی مـەتەڵی فـۆلکلۆری کـوردی دادەنێت، ڕاسـتـەوخۆ ناوەڕۆکەکەی (شتە نوێیە بڵاوکراوەکانی) قۆستەوە و لە چاپی نوێی مـەتەڵەکـانیدا بڵاوی کـردەوە، ئامـاژەشی بە سەرچاوەکە کرد، بەڵام خوا هەڵناگرێت لە چاپەکانی دواتر کرتاندی و شوێن بزری کرد!.

* کـە پەرتووکی "الآفـات والأمـراض النبـاتیـة- صـدرالدين نورالدين أبوبكر -٢٠٠٣" کـەوتە بازاڕەوە. (الدكتـور أحمد العراقي والدكتـور نديم أحمد رمضـان، استـاذان في جامـعة الموصل- كليتـي الزراعة والعلوم) قۆستیانەوە و ٩٠٪ ناوەڕۆکەکەیان بە وێنە و پێشەکی و

وێرگولەوە، کردە کتێبێک و ناویان نا " المرشد التطبیقي في مكافحة الآفات الزراعیة- دار الیازوري العلمیة للنشر والتوزیع. الأردن- عمان. ٢٠١٠" چاپ کرد و لە وڵاتانی عەرەبییدا بڵاویان کردەوە. لەسەریشیان نووسیوە: گشت مافەکانی چاپ کردنی پارێزراوە. ڕازیش نین بەبێ ڕەزامەندی بە بەستنووسی پێشەکی، کتێبەکە بە گشتی، یان بەشێکی چاپ بکرێتەوە، یان بە هیچ شێوەیەک زانیاری لێ ڕابگوێزن. دەبێت ئەوەش نەشارینەوە کە ناوی سەرچاوەکەی ئێمەیان لە پێشەوەی لیستی سەرچاوەکاندا نووسیوە نەک وەک ئەو ژێدەرەی لێیان کۆپی کردووە. دەبێت وەڵامیان چی بێت، ئەگەر بپرسین، بۆچی بۆ ئێوە ڕەوایە بە دوو دکتۆری عەرەبی زانکۆ، کتێبی کوردێک، ئەندازیارێکی شارەزای کشتوکاڵ کۆپی بکەن؟ بۆ قەدەغەیشە کەشتیارێک، فەرمانبەرێکی کشتوکاڵ، خوێندکارێک لاپەڕەیەک لە گشت ڕاگوێزراوەکانی ئێوە بەکاربێنێتەوە؟

* ڕۆمانی ئافاتی ژن بردن بۆ مەسئوولەکان. نووسینی شاخەوان عەلی حەمەد(٢٠٠٨) هەولێر. بریتییە لە شل کراوەی ڕۆمانی "شەخەڵی داربەڕوو، (٢٠٠٤) بەشی (شێخۆی خانە خراو) نووسینی سەدرەدین نوورەدین".

* ئەگەر بەراوردێک لە نێوان ژانی ژینگە، نووسینی سەدرەدین نوورەدین، ژمارەی سپاردن ٣٩٩ چاپی ٢٠٠٦ و ڕۆمانی نۆرینگ ژمارەی سپاردن ٦٥٩ چاپی ساڵی ٢٠٠٦- نووسینی حسام بەرزنجی بکەن، هەروەها بڕواننە ل٦٤ هەمان ڕۆمان و ل٩٧ و ٩٨ ی شەخەڵی داربەڕووی سەدرەدین نوورەدین - ٢٠٠٣، لە زۆر شوێندا یەکچوونێکی جمکەیین.

- چەند سەرچاوەیەکی دیکە کە دەبوو دانەری ئەندیک بۆ دانانی فەرهەنگەکەی چاویان پێدا بخشێنێت:

د- خەرمان، (فەرهەنگی کشتوکاڵ) ئامادەکرنی مامۆستا حەمە صالح فەرهادی چاپی ١ لە ١٩٩٧. چاپی ٢ (٢٠٠٩) هەولێر، دەزگای ئاراس،٢٠٩ لاپەڕە.

ه- چەپکێک لە زاراوەی کشتوکاڵ، فەرهەنگی ئینگلیزی - عەرەبی- کوردی، ئامادەکرنی حەمە صالح فەرهادی، بە ئینگلیزی کردنی پرۆفیسۆر د. تارق حەمە کەریم، (٢٠٠٧) هەولێر، کۆڕی زانیاری کورد. ١٤٤ لاپەڕە.

و- ادارة الحیوانات البریة، پرۆفیسۆر مەسعوود کەتانە، ناوی زۆرینەی گیاندارەکانی کوردستانی بە لاتینی و ئینگلیزی و ئەڵمانی و کوردی و عەرەبی تێدا تۆمار کراوە و لە ساڵی ١٩٨٠ لە پەرتووکخانەکاندا هەیە. بە داخەوە لەم ساتەدا بەردەست نەبوو.

ز- فەرهەنگی باڵندە، فەرهەنگێکی قەوارە گەورە و زانستی ٣٥٢ تایبەت بە باڵندەیە. بە زمانەکانی لاتینی و ئینگلیزی و فارسی و کوردییە. بە پۆلێن کردن و وێنەوە، مامۆستای سابڵاخی ئەحمەد بەحری بە سوود وەرگرتن لە ڕاوچییانی مەهابادی و کتێبێکی ئینگلیزییەوە ئامادەی کردووە. لە ساڵی ٢٠٠١ لە پەرتووکخانەکانی هەرێمدا دەفرۆشێت، بە داخەوە ئەویشم لەم ساتەدا لەبەردەستدا نەبوو.

ژ- کەمال جەلال غەریب، چەندین فەرهەنگی، بە چەندین بەرگی گەورە و بچووکی لەم بواردا چاپ کردووە. دواییینیان "کەمال جەلال غەریب (٢٠٠٣) کەمال نامە بە ئینگلیزی- عەرەبی- کوردییە. ١٧٠٢ لاپەڕەی قەوارە گەورەیە. سلێمانی.

س- فەرهەنگی صلاح الدین، ئینگلیزی - کوردی...تاد.

٦- ژمارەی ئەو زاراوانەی تێیدا تۆمار کراون گەلێک کەمن، لەگەڵ ناوونیشانی فەرهەنگێکی تایبەتمەند نایەتەوە. ئەگەر تەنیا تایبەتیش بوایە بە زاراوەکان لە بواری کشتوکاڵدا هێشتا هەر کەلێنەکەی پڕ نەدەکردەوە، نموونە: قەوارەی" معجم الشهابي- مصطلحات العلوم الزراعیة." ئینگلیزی- عربي، مكتبة لبنان (٩٢٠) ڕووپەڕی قەوارە گەورەیە، چاپی١ لە ١٩٧٨، چاپی٢ لە ١٩٨٢ و چاپی٣ لە ١٩٨٨ لە لبنان چاپ کراوە. ئەگەر کوردیش لە زاراوەی کشتوکاڵیدا زۆر دەوڵەمەند نەبێت ئەوە هەژاریش نییە (چونکە لە مێژە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵییە، بەڵام هەوڵەکانی کۆکردنەوەیان سەرپێچڕ و بەش بەش و بڵاو بووە، خەمخۆرێک، یان چەندین کەسی پسپۆری خاوەن توانایی دەوێت پرۆژەی کۆکردنەوە و ڕێکخستنەکەی بە شێوەیەکی زانستی ئەنجام بدەن و دەزگایەکی میریش هاوکاریان بێت. هەرچەندە لە کارەکانماندا زۆر تایبەتمەند و گەلێک بین درێژ و قووڵ و ماندوونەناس بین ئەوەندە کارەکانمان پوخت و مەبەست پێکاوتر دەبێت.

ئەگەر دەمی قەرانگی تێلەکێشێک (گیشەکەرێک) لە بری سەدان و سەدان زاراوەی نادیار لە بواری کشتوکاڵدا ببێتە کلکە پرسیار و بڵێت: بۆ ئێمەتان فت کردووە، بۆچی شوێنی شیاومان لە فەرهەنگەکە نەدراوەتێ؟ مەگەر ئێمەیش پێوەندیمان بە کشتوکاڵەوە نییە؟.

٧ -مامۆستا نەیتوانیوە ناوە ئینگلیزی و لاتینی و (زانستی)یەکان لە یەکدی جیا بکاتەوە، نموونە:

- سن، کیسەڵە: Eurygaster ل٩٥، لە "دەرد و نەخۆشییەکانی رووەک"دا لە ل٢٨٢ دا تۆمارکراوە، ئەمەیان بە لاتینی ناوی توخمەکەیەتی، بەڵام ناوە ئینگلیزییەکەی sunn pest ـە مامۆستا ئەویشی بە ناتەواوی ڕاگویزاوە و لە ل٢٩٢داتۆماری کردووەتەوە.

- ناوی توخمی گوڵە بەڕۆژە بە لاتینی: Hel-ianthus بە سپێڵی ناتەواو لە ل١٤٢ لەبری ناوی ئینگلیزی نووسراوە کە sun flower ـە. لە ل٢٩٢دا ناوە ئینگلیزییەکەی نووسیوەتەوە.

–Fumaria: شاتەرە ناوەکە لاتینییە و ئینگلیزییەکە Fumitory یە.

Orobanche: گورگە. ل٢٢٦. ناوی توخمی گیاکەڵەیە بە لاتینی. ئینگلیزییەکەی: -Broom rapeـە.

٨- مانای زاراوەکانی لە لا تێکەڵ بووە، زاراوەیەک لە شوێنی خۆی دانراوە، کەچی هەمان زاراوە لە چەندین شوێنی دیکە بەقوڕگیراوە، بۆ نموونە:

أ- ڤایرۆس: Virus کە لە کوردیدا (پاڵاوتە) و لە عەرەبیدا (راشح)ی بۆ بەکار هاتووە، لە لای مامۆستا بە هەڵە جارێک بووەتە (تا: fever) وەک لە ل٢٨٤و ٢٩٢، ٣٥٥ دا هاتووە، جارێکی دیکە کرمی هەڵکۆڵین و کرمی پەڵەبوونی بۆ داناوە. بڕوانە ل(٣٠٦). و ٣٠٦.

Virology: زانستی تایەکان ل٣٢٦، کەچی مەبەست زانستی تایبەت بە پاڵاوتەکانە.

ب- پەروانە: Moth بە هەڵە بووەتە سن، وەک لە ل٢٠٦، ٢٠٧، ٣٤٣، ٢٦٨، ٢٠٨، ٢٨٢، ٢٨٦، ٣٠٧، ٣٤٣، هەروەها کراوەتە شۆکەی پەمۆداری سو ل٣٤٥. مۆرانە ل٢٠٧!

پ- سوونگ: Weevil لە ل١٨٩و ١٨٨، بەڵام کوردییەکەی لە ل١٨٧ و ٣٢٦، ٣٣٩ بووەتە سنی، دواتر بووەتە قالۆنچە.

چ-گەری: Scab، بووەتە پەڵە پەڵەبوون وەک لە ل٣١١.

د- تیرە (سلالة)، تەرز (صنف): Variety، بەرێزیان لەبری (پۆل: صف): Classی داناوە ل٣٢٣،لە ل٣٢٤ دا بە مانای جۆر (نوع) .Sp بەکاری هێناوە ل٣٢٤.

هـ- پند (حلم): mite لە چەندین جێگەدا کراوەتە کرم، ل٣٤٠، ٢٩٠.

٩- هەڵەی مانایی زۆرە، نموونە:

-نەخۆشییەکانی گورزە (أمراض الحزمة الوعائية).vascular پێشتر بۆ vascular "گورزە لوولە"بەکار هاتووە، بۆ وشەی نەخۆشییەکانیش هیچی دانەناوە.

- دەمژێ: Absorbed ل١١: ئینگلیزییەکەی کرداری ڕابردووە و کوردییەکەیشی ڕانەبردوو.

- سۆتکە Blight ل١٤٠ و ١٨٥ ڕاستییەکەی سۆتەکەیە نەک سۆتکە. چونکە لە سووتان و سۆتەکەوە هاتووە. سۆتکە ناوی گیایەکە کە (سمڵ)یشی پێ دەڵێن.

- مردنی چەندین خانە، یان بەشێک لە ڕووەکدا: Necrosis – لە ل٣٠٦ جارێک بە واتای هەڵکۆڵین و جارێکیش لە بری (خۆراکی) دانراوە، لە ل٣٠٧دا هەر بە واتای (خۆراکی) هاتووە.!

- wax melting مێو تواندنەوە ل٣٣٨ . بۆ (wax melting صهر الشمع) مێو قاڵ کردن: لە ل٢٠٨، بەخێوکردنی هەنگ، سەدرەدین.. هەولێر ٢٠٠١دا نووسراوە، بۆ ڕوونکردنەوەش (توانەوە) خراوەتە نێو دوو کەوانەوە. لە ڕووی زانستییەوە بەرانبەر تواندنەوە (-Dissolve الذوبان) بەکار دێت.

- مێرووی توێشکداری نەرم: soft scale insect لە ل٢٨٤ دەرد و نەخۆشییەکانی ڕووەک نووسراوە، لە لای مامۆستا لە ل٢٨٣ نەرمە مێروو تۆمارکراوە، scale هیچی بۆ دانەنراوە.

- لە گەلێک شوێندا machines بە مانای ئامراز و کەرستە و کەلوپەل بەکارهاتووە، وەک لە ل١٤١ و ٢٨٤ و ٣٠٤، لە کاتێکدا machines بۆ مەبەستی مەکینە و ئامێر بەکاردێت، بۆ کەلوپەل و کەرستەش: -imple ments ل١٥٨ ,equipments ل٩ tools, ل٢٤٩.

بەکاردێن.
- soil mixture: پەین. مەبەستی ئینگلیزییەکەی خۆڵی تێکەڵەیە، یان لێکدراو!
- لـە ل٢٨٤دا هـاتـووە soil-born virus: ئـەو تایەیە کە لە خاکەوە سەرچاوە دەگرێ. کرۆکی مەبەستی دەستەواژەکە "ڤایرۆسی لەگەڵ خۆڵدا دەگوازرێنەوە"
- spiny boll worm: کرمی دڕکاوی. لێرەشدا هیچ بۆ boll دانەنراوە کـە بە مـانای قـۆزاغـەی پەمـۆ دێت، پێویستە بکرێتە: کرمە دڕکاوی قۆزاخەی پەمۆ " دەرد و نەخۆشییەکانی ڕووەک، ل٣٣٥.
- Flag smut: کـوێرەوەری ئاڵا شـێـوە لە گـەنمدا. کوێرەوەری نییە ،کوێرووە، گەنمەکەیش لە ئینگلیزییەکەیدا کرتاوە.
- Fungus: گـوڵێکە لە سـەر دار و بەرد دەڕوێت. ل١١١، ئەمە زانستێکی نوێیە، لە هیچ سـەرچاوەیەکی زانسـتی شـتـی وەها نەبیـسـتـراوە و نە بینراوە! وشـە ئینگلیزییەکە بە مانای کەڕوو دێت.
- Genus name نـاوی تـوخـم ل١٢١تـوخـم. ل١٢١. Genec هەڵەیە
و Genus ڕاستە.
Germicide: مـێـروو کـوژ. ل١٢٣، مـانای ئینگلیزییەکە میکرۆب کوژە، بۆ مێروو کوژیش: In-secticide بەکاردێت.
Geum: گیـۆم. ل١٢٢، فەرهەنگەکانی کشتوکاڵی ئینگلیزی و عەرەبیم سەراوبن کردن، ئەم شتەم نەدیتەوە.
- Golden willow بی سـپـی، ل١٢٥. هەمـوان دەزانن مـانای Golden: زێڕینە، واتە زەردە بیی، هەر بەخۆی لە ل... دا white willow بە مانای بی سپی نووسیوەتەوە!
Key pest: دەردە سەرەتاییەکانی کشتوکاڵ. مانای زاراوە ئینگلیزییەکەی دەردە سەرەکییەکـان، یان دەردە باوەکان دێت.
Lady's bird: خـاڵـی لۆکـە و Lady Bird: خاڵخاڵۆکەیە. ل١٨٤، ئەوەی دووەمیان ڕاستە.
Leafy gall: توێکڵی گـەڵا. ل١٨٨. Gall بە مانای گرێ، سۆ، پەندماو دێت، نەک توێکڵ. Leafy بە مانای گەڵایی بەکارهاتووە.
Leaf minor: قـەدسـمـەی گەڵا. ل١٩٠، ڕاسـتی ئینگلیـزییـەکـەی Leaf miner، کـوردییـەکـەشی (پەلەپیـزە)یە نەک قـەدسـمـە. Minorیش بە مـانای ناسـەرەکی دێت. بۆ قـەدسـمـەش Stem borer بەکارهاتووە. ئەممەیە دەڵێن" ئاتاری لەسەر پاتار نییە".
Light traps: ڕۆشنە تەڵە. ل١٩٠. ئینگلیزییەکە کۆیە و کوردییەکەی تاک.
Lime- wash: دۆکە، شـەرا ل١٩٠. Powdery mildew دۆکـەیە. Blight سـۆتەکـە و شـەرا، بەڵام Lime- wash: هیچێکیان نا!
Mildew: دۆکە ل٢٠٤. ئینگلیـزییـەکە بە مـانای گـەنین بەکـاردێت، بەڵام Powdery mildew نەخۆشی دۆکەیە کە لە بادینان (خوولی) پێ دەڵێن.
Moth: مۆرانە. ل٢٠٧. پێشتر گوتراوە کە سەرچاوە ئەکـادیمییـەکـان Moth پەروانەی کـوردی و (عـثـة)ی عەرەبییە بۆ مۆرانەش termites بەکاردێت.
Mould: کەڕوو ل٢٠٧. ماناکەی بەواتایmold- گـەنین، گـەنینی لە ئەنجـامی تووش بوون بە کـەڕوو و بەکـتـریاوە دێت بۆ کـەڕوو fungi و fungus بەکاردێت.
Pith: کـاکڵ. ل٢٤١، ئینگلیـزییـەکـەی بە واتای کرۆکی کوردی دێت.pulp: کاکڵ - لب.
Poier: هەرمێ. ل٢٤٤. بەکـارهێنانی Pear: بۆ هەرمێ لە گشت سەرچاوە زانستییەکان زۆر زۆر باوترە.
Poplar lace bug: سنـی نەخـشین. ل٢٤٥. ئینگلیـزییـەکەی بە واتای نەخشینە سنی سپییـەچنار هاتووە.
Potato scab: پەڵەبوونی پەتاتە. ل٢٤٦، scab بە واتای گەڕی دێت نەک پەڵەبوون.
١٠- نموونەی هەڵەی ڕێنووسیی:
بەرووبووم ل٦٧، بەرووبوم ل١٢١ و ل١٠٣ بەروبووم ل٣٥٦ بەروبووم ل١٠٣. ئەمـە چی دەگـەیەنێت؟ کـە (بەروبووم) لە هەمووی دروستترە (ڕامان).
Grape lea hopper: پازدەری گەڵای مێو. ل١٢. Lea نییە و leaf بە واتای گەڵادێت. leaf hopper ل١٨٧.
Onager wild ass: کـەری دڕندە. ل٢٢٥، کـەرە کێوییە نەک دڕندە.کەی کەری بەستەزمان بووەتە دڕندە؟.
کەپەنک بەشان، قەدەم ل١٨٩، قەدەم نییە، قەڕەمە.

Regueening شاهەنگ گۆڕین ل٢٦٤، هەڵەیە. بۆ شاهەنگ گۆڕین: Requeening Queen بەکاردێت.

١١- دووبارە کردنەوەی وشەکان، بە شێوەیەکی زۆر سەیر گەلێک وشە لە هەمان لاپەڕەدا، یان لە رووپەڕەکانی نزیکییەوە، بە هەمان پیت نووسین و بۆ هەمان مەبەست، دووبارە کراوەتەوە، ئەمەیش هێمایە بۆ پابەند نەبوون بە ڕیزبەندی پیتەکان، ویستراوە قەوارەی نووسراوەکەش گەورەتر بێت! یان لە کارەکەیدا ئاگادار و ورد نەبووە؟ هەرچەندە هەندێک دووبارە بوونەوە بە پاساوی نووسینەوەی مانای دووەمی کوردییەکە بووە، یان خستنە سەری پاشگر و پێشگری ئینگلیزییەکەی، بەڵام هەر وەک لە گشت فەرهەنگەکاندا پەیڕەوکراوە، دەکرا وەک وشەی فرە واتا لە هەمان شوێندا تۆمار بکرێن، بۆ زیاد کردنی پێشگر و پاشگریش لە وشە ئینگلیزییەکان هەمان شت بکرێت، نموونە:

Barley: جۆ ل٣٠، هەمان زاراوە لە دوای پێنج وشەدا لە ل٣١ وەک خۆی دووبارە کراوەتەوە.

Bee eater: هەنگ خۆرکە ل٣٢، هەمان شت لە ل٣٣ دا دووبارە کراوەتەوە

Barberry: زریشک ل٣٠. Berberry: زریشک ل٣٤. ئەوەی یەکەم ڕاستە.

Early blight: لەزە سۆتەکەی تەماتە: دووجار لە ل٩١دا نووسراوە.

Field demo strai on و Field dem-onstration ڕوونکردنەوەی کێڵگەیی خولی ڕێنمایی کشتوکاڵ لە ل١٠٤.

Fire blight apple: ئاگرە سۆتەکەی سێو ل١٠٥ دووجار لەسەر یەک دووبارە کراوەتەوە.

Green house: خانووی شووشە. لە ل١٢٨دا دووجار دووبارە کراوەتەوە.

Herbivore: گیاخۆرەکان. ل١٤٤. دووجار تۆمارکراوە.

Horse radish: توورۆکە لە ل١٤٧ و ١٤٨.

Leaf mining پەلە پیزەی گەڵا ل١٨٦ و ١٨٧. ڕاستییەکەشی Leaf miner.

Ledge: ڕۆخی بەرد، لێواری بەرد. لە ل١٨٨.

Ostrich: وشتر مل، وشتر مرخ، نەعامە. ل٢٢٧.

١٢- هەڵەی چاپی زۆرە بۆ نموونە:

Beed-tree: دار نەسبێح. ڕاستەکەی (-tree Bead) دار تەسبێحە. دەرد و نەخۆشییەکانی ڕووەک ب١ ساڵی ٢٠٠٣ ل١٠٨.

bene fits: سوودەکانی ل٣٣. ڕاستییەکەی -ben efits.

Coding moth: کرمی سێو، ل٦٠ ڕاستەکەی Codling moth.

Collong: هەنگەڵان. ل٦١. شتێکی ئەوها لە هیچ فەرهەنگێکی ئینگلیزیدا نییە. ئینگلیز بە هەنگەڵان دەڵێن. Apiary بە پوورەی هەنگیش دەڵێن. -Col ony.

Drone laying queen: شاهەنگی هێلکە ل٨٢. (ئینگلیزییەکەی بە مانای نێرەهەنگی هێلکەکەری شاژن دێت!). Drone بە مانای کەڵ هەنگ هاتووە، بڕوانە هەنگ بەخێوکردن ٢٠٠١ ل٦٧. Laying queen واتە شاهەنگی هێلکەکەر (گەرا دانەر).

Dye-weed: گەسکە. ل٨٣ !؟.

Hoary cress و Hoary eress: گیا عەرەبک، قوناگرە، دۆبەسەرە لە ل١٤٦.

گوشینی مێوە ل٩٦، ئینگلیزییەکەی ناتەواوە. خولی ڕێنمایی کشتوکاڵی ل١٠٤، ئینگلیزییەکەی بە هەڵە تۆمار کراوە.

Olive psyllids: مێرووی ئارداوی زەیتوون. ل٢٢٤ و Olive scale: مێرووی توێشکداری زەیتوون. ل٢٢٤. لە هەردوو زاراوەی ئینگلیزیدا وشەی insect پەڕێنراوە.

Onion trips: تریسی پیاز. ل٢٢٥. سەرچاوە زانستییەکانی تایبەت بە مێرووکە لە بری Trips، Thrips بەکاردێنن.

١٣- وێنە دانان و لاپەڕە پڕکردنەوە: ئەوەی باوە لەکاتی دانانی وێنە لە فەرهەنگدا: وێنەکە بە بچووکی بەرانبەر زاراوەکە دادەنرێت، یان ناوەکە لە ژێر وێنەکەی دەنووسرێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا پەیڕەوکراوە کەس نەکردەیە! چەندین لاپەڕەی لە دوای یەکدی بە چەندین وێنەی گەورە گەورە بە بێ هیچ نووسین و ئاماژەیەک بۆ گەپکردنی فەرهەنگەکە پڕکراونەتەوە، کە زۆرینەیان دوور

و نزیک پێوەندییان بە شوێن و بابەتەکەوە نییە، نموونە:
لە ل(٢١-٢٨) چواردە وێنە. لە ل(٤٣-٥٠) چواردە وێنە.
لە ل(٦٩-٧٦) سێزدە وێنە. لە ل(٨٤-٩٠) یازدە وێنە.
لە ل(٩٦-١٠٠) هەشت وێنە. لە ل(١١٢-١١٨) چواردە وێنە.

بۆ کورت کردنەوەی کات و کەم کردنەوەی شوێن، لە (ل١١٨)ش بە دواوە تا کۆتای سەرجەم (١٠١) لاپەڕە بە (١٩٠) وێنەی بێ ناوونیشان پڕ کراوەتەوە، کە هەندێکیان، تاکە وێنەیەک لاپەڕەیەکی تەواوی گرتووە و هەمان وێنە لە شوێنێکی دیکەش بە هەمان قەبارە دووبارە کراوەتەوە. وێنەکەی ل٢٥٥ و ئەوەی ڕووپەڕی ٢٩٥ هەر هەمان وێنەیە.!

هیوادارم منیش بۆم هەبێت بڵێم لە دوماهیدا من خۆم بە کەمتەرخەم و تاوانکار و ناتوانا دەزانی کە لە نووسینەکانماندا لەوانەیە ٢و٠-٢٪ هەڵە و کەموکورتیمان هەبووبێت، لە کاتێکدا من بە گشتی و بۆ گشتی کۆشاوم، مامۆستای بەڕێزیش لە پێشەکییەکەیدا گوتوویەتی "کوردستان بە گشتی دەڤەرێکی شاخاوی و دەشتودەرێکی بەرفراوان و بە پیتی هەیە بۆ کشتوکاڵە جیاجیاکان لەگەڵ هەبوونی چەندین ئامادەیی پیشەیی کشتوکاڵ و کۆلێژی کشتوکاڵ، بۆیە پێویستیەتی و گەرەکیەتی فەرهەنگی لەم بوارە خزمەت بە خەڵکی کوردستان بکات." یاخوا ماڵی هەر ئاوەدان بێت کە زۆر ئاسوودەی کردم. داوای فراوانتر کردنی بەرهەمەکەی، تەواوکردنی ناتەواوییەکان، سینگ فراوانی و لێبووردەیی لێ دەکەین.ئەوەی کار نەکات هەڵەناکات.

**سەرچاوەکان:**

**- أبوبکر، صدرالدین نورالدین و هەڤالانی (٢٠٠٠) دەردە کشتوکاڵییەکان و بنەماکانی چارەسەرکردنیان. ڕێکخراوی فاو - چاپخانەی ئۆفسێتی هەولێر. (٤٠٤) لاپەرە**

**- أبوبکر، صدرالدین نورالدین و قاسم عبدالله عمر (٢٠٠٠) دەردەکانی بەروبوومی کشتوکاڵی داکراو، ڕێکخراوی فاو، چاپخانەی نازە- هەولێر (١٠٠) ڕووپەڕە.**

**- أبوبکر، صدرالدین نورالدین (٢٠٠١) هەنگ بەخێوکردن، (فاو) چاپخانەی زانا- دهۆک (٣٦٠) ڕووپەڕە.**

**- أبوبکر، صدرالدین نورالدین (٢٠٠٣) دەرد و نەخۆشییەکانی ڕووەک ڕێکخراوی فاو، چاپخانەی و. کشتوکاڵ- هەولێر (٥٧٠) ڕووپەڕە.**

**- حەسەن حەمەد ئەندیک (٢٠١٢)، فەرهەنگی ئەندیک ئینگلیزی کوردی. دەزگای تۆژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی چاپخانەی موکریانی هەولێر ل٣٦٨.**

**-کەمال جەلال غەریب (٢٠٠٣) کەمال نامە بە ئینگلیزی- عەرەبی کوردییە. ١٧٠٢ لاپەڕەی قەوارە گەورەیە. سلێمانی.**

**- أبوبکر، صدرالدین نورالدین و اصدقائە (٢٠٠٠) الآفات الزراعیة واسس مکافحتها، منظمة الفاو. مطبعة أوفسیت اربیل. ص(٣٩٥).**

**- أبوبکر، صدرالدین نورالدین (٢٠٠٣) افات وامراض النبات - الفاو، مطبعة و. الزراعة، اربیل ص(٥٥٢).**

**- الخطیب، احمد شفیق (١٩٨٨) معجم الشهابي في مصطلحان الزراعیة. انکلیزي- عربي، مکتبة لبنان . بیروت. ص٩٢٠.**

**(*) شارەزای کشتوکاڵ - تۆژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر**

# ئاسۆكانی ڕۆمان
# پوختەی كتێبی (پیشەی ڕۆمان)ی كۆڵن ویڵسن

فازڵ قەرەداغی
(سلێمانی)

(٢ - ٢)

**بەشی نۆیەم بەناوی (تەكنیك و بنیاد)ـە**، ویڵسن دەڵێت بنیادی ڕۆمان گرنگە، بەڵام لەو گرنگتر هەیە وەك خەیاڵ و بزێوی (حەیەوییەت)، نموونەی ڕۆمانی باڵیۆزەكان The Ambassadorsی هنری جەیمس (ساڵی ١٩٠٣) دەهێنێتەوە كە لە ڕووی بنیادەوە نزیكە لە كامڵبوون (بەشەكان هەمان قەبارەیان هەیە و هەر بەشێك ڕووداوەكە بەرەو قۆناغێكی نوێ دەبات...تاد)، بەڵام ڕۆمانێكی تری جەیمس (ئەوروپییەكان) (ساڵی ١٨٧٨) لەو بزێوترە، جەیمس بە هەڵەی فلۆبێر ڕۆشتبوو كە گوایە ئەگەر بنیاد ڕێك بێت هیچیتر گرنگ نییە، بەڵام خوێنەران لە كۆتایی بزێوی (حەیەوییەت) دەكەنە پێوانە. (سكۆت) و (بالزاك) و (دیكنز)یش زۆر بایەخیان بە بنیاد نەدابوو، لەگەڵ ئەوەش ڕۆماننووسی مەزن بوون(٢١١).

ویڵسن لە سەرەتای بەشەكە ئاماژە بۆ عومەری خەییام دەكات كە باسی پارچەپارچەكردنی جیهان دەكات و پاشان دروست كردنەوەی بەشێوەیەك نزیكتر بێت لە خواستەكانی دڵ، ئەمەش تەعبیرێكی ڕوونە لە ئامانجی سەرەكی ڕۆمان(١٩٥).

كاریگەری هەر بەرهەمێكی ئەدەبیش پەیوەست نییە بە «ڕاستێتی»یەكەی. (ریچاردسن) هەر وەك (ڕۆبنسن كروزۆ)ی (دیفۆ) تەواو واقیعی نەبوو، بەڵام سەركەوتوو بوو، ریچاردسن بەهۆی هێزی كاریگەرییەوە لە زۆر كەسی تر سەركەوتووتر بوو، چونكە ئەو هێزە لای خوێنەرەكانی واقیعیتر بوو لەو شتانەی پێشتر خوێندبوویانەوە(٢١٣).

(یولیسیس)ی جۆیس-یش بەهۆی بەكارهێنانی لێك جیایی باشترین كاریگەری كردووە، لە پەراگرافێكدا لێك جیایی نێوان دەروشانی گڵۆپەكان و نامەنتقە خەندەلێوەكەی (بەك مەلیگان) Buck Mulligan لە لایەك و تراژیدیای دایكی ستێفن لەلایەكی تر دەبینین، سەرباری هەڵەی زۆری تەكنیكیش ئەو پەراگرافە زۆر كاریگەرە. پێویستە نووسەر بە ڕوونی بزانێت خۆی چی دەوێت. بۆ نووسەر ئەوە گرنگترە لە وردی و دیققەت(١٩٨-١٩٩).

لێك جیاییەكی تریش ئەو لێك جیاییەی هەیە لەنێوان (هێماكانی تایبەت بە بەهاكان) كە لای نووسەر هەن لەلایەك و ئەو جیهانەی كە ئەو نووسەرە ڕەفزی دەكات لەلاكەی تر، ئەدەبی جددیش بەهێزیی خۆی لەو لێك جیاییە وەردەگرێت، ئەو كەسەش كە هەست بكات



**کۆلن ویلسن**

له مالّی خۆیەتی و ژیان هەرچۆنێک بێت ئەو قبوولّی دەکات و هۆیەک بۆ ناڕەحەتی نەبینێت بەدڵنیاییەوە ناتوانێت ئەدەبێکی بەچێژ بەرهەم بهێنێت(٢٠١).

ویلّسن نموونەی سێ ڕۆمان لە نووسینی (سنکلێر) Upton Sinclair (1878-1968) و (دۆس پاسۆس) Dos Passos(1896-1970) و (فارێلّ) James Thomas Farrell (1904-1979) دەهێنێتەوە کە پابەندی شێوازێکی سۆشیالیزم بوون، بەڵام فیکرەیەکی ڕوونیان دەربارەی ئەو شتەی دەیانویست نییە، چونکە سەرباری ڕەخنەکانی ویلّسن لە شوێنی تری کتێبەکەی لە هێمینگوای و لۆرێنس و ئیلیەت، دەڵێت کە سنکلێر و دۆس پاسۆس و فارێلّ ئەو شتەیان نەبوو کە هاوشانی ڕۆچوونی هێمینگوای لە ئازایەتی، یان لۆرێنس لە سێکس، یان ئیلیەت لە ئایین بێت و ئەمانە دەیانویست هاوسەنگی بۆ جیهانی «کۆژیان» بگەڕێننەوە، بۆیە هەرچەندە سێ ڕۆمانی ئەوانەی پێشوو کاریگەر بوون، بەڵام نووسەرەکانیان نەیانتوانی گەشە بکەن(٢٠٢-٢٠٣).

خالّی سەرەتای هونەرمەند و بە گەڕانەوە بۆ ئێزرا پاوند (Ezra Pound شاعیر و ڕەخنەگری ئەمەریکی ١٨٨٥-١٩٧٢) بریتییە لەو شتەی کە بە ڕاستی حەزی لێدەکات. ئەو شتەش کە حەزی لێدەکات هاوشێوەی کانییە کە سەرچاوەی ڕووبارە و هەموو بەرهەمەکانی لێوەی هەڵدەقولّێن(٢٠٣). ئەو شتەی ڕۆماننووس کە بە ڕاستی حەزی لێدەکات (هێماکانی ڕۆچوون لە قووڵایی) ئەو شتەیە کە هەموو ڕۆماننووسێک نییەتی. کاری سەرەکی نووسەریش پاش دەستکەوتنی ئەو هێمایانە بریتییە لە پێشکەش کردنی جیهانی کۆژیان، ئەویش بە بەرزترین شێوە، وەک بەرانبەرێک و شتێکی جیا لە ژیانی ڕاستەوخۆ(٢٠٤).

بۆ ئەم مەبەستەش ویلّسن لەنێوان دوو ڕۆمانی هێمینگوای بەراوردی دەکات: (مالّئاوایی لە چەک) و (ئەودیو ڕووبار و بەرەو درەختەکان) کە لە هەردووکیان هێما سەرەکییەکان بەکارهاتوون: بەراوردکردنی گەرموگوڕیی خۆشەویستی لەگەڵ ساردوسڕی مەرگ، بەڵام لەکاتێکدا ڕۆمانی یەکەمیان بەتام و نایابە، دووەمیان سەرکەوتوو نەبوو، هۆیەکەش سادەیە: یەکەمیان چیرۆکێکی تێدایە و ئەوەی تر تێیدا نییە، هیچ هەڵەش لە هێماکانی هێمینگوای لە دووەمیان نییە، بەڵام ئەو نەیتوانیوە بەشێوەیەکی کاریگەر ئەو هێمایانە بخاتە گەڕ(٢٠٤).

پاش ئەوە و بۆ باس کردنی سەرنەکەوتنی (ئەودیو ڕووبار..) زاراوەیەکی ئیلیەت دەخوازێت ئەویش (بەرانبەری مەوزووعی) کە بریتییە لە دۆزینەوەی بەرانبەرێکی مەوزووعی بۆ دەربڕینی هەستێک ئەویش بەمەبەستی تەعبیری هونەری لەو هەستە، بۆ نموونە شکسپیر لە (هاملێت) دەیویست سۆزێک پیشان بدات کە لە کەسایەتییەکان و ڕووداوەکانی شانۆنامەکە بەرانبەری نەبوو، بۆیە کلیۆپاترا و لەیدی ماکبێت (دوو کەسایەتی تری دوو شانۆنامەی شکسپیر) وەکو دایکی هاملێت نەبوون، ئەمیان دایکێکی نموونەیی بوو، نەرم و لەخۆبوردە بوو، بەڵکو وەک نەبوو وابوو، هەر دەشبوایە بەو جۆرە بوایە، لەکاتێکدا دووانەکەی تر ئیجابی بوون، بۆیە دوو جەمسەری زۆر سەرکەوتوو بوون(٢٠٥).

کێشەی دروست کردنی (بەرانبەری مەوزووعی) دەمانگەیەنێتە مەسەلەیەکی تری گرنگ ئەویش (بنیاد)ە، بۆ نموونە ئەگەر گرنگترین دیمەنی هاملێت بریتی نەبێت لە لووتکەی شانۆنامەکە، کەواتە خەڵەلێک لە بنیادەکەی ڕووی داوە(٢٠٧) ویلّسن داهێنانی فیکرەی (بەرانبەری مەوزووعی) بۆ هنری جەیمس دەگەڕێنێتەوە، بەڵام تەنانەت ئەویش تووشی ناڕەحەتی

بوو لە گـونجـاندنی بەرانبـەرە مـەوزووعـیـیـەکـەی لەگـەڵ فیکرە سەرەکییەکەی، ڕۆمانی (ئەورووپییەکان) سیحر و بزێـوییـەکی لە ڕادەبەدەری تێـدایە و توانی هێـمـاکـانی ڕۆچوون لە قـووڵایی (ئەوەی بە ڕاستی حەزی لێدەکات) بدۆزێتـەوە، بەڵام لە ڕووی بنیـادەوە کـێـشـەی هەبووە، چونکە دیارە کەمترین نەخشەکێشانی هەبووە(٢٠٨).

دوای چارەکە سـەدەیەک ڕۆمـانەکـەی (باڵـیـۆزەکـان)ی جێمس و وەک پێشتر باس کرا گەیشتە لووتکەی بنیاد، بەڵام دەبینی شتی خراپی تێدایە هەر لە شێوە و هەر لە کەسایەتییـەکان کە تەنیـا کـەمـێکیـان وەکـو بوونەوەری ڕاسـتـەقـینە دەردەکـەون، عـەیبی گـەورەتریش لە کـرۆکی ڕۆمـانەکـەیە. جـێـمس ویسـتـی ڕۆمـانێک بنووسێت کـە دەربڕی بیـروباوەڕەکـەی بێت (کـە لە ڕۆمـانەکـەی تری هەبووە) ئەویش جیـاکـاری لەنێـوان پاریس کە هێـمـای جەیمس بوو بۆ «واتا» لەلایەک و (مسز نیوسەم) و شاری (وولێت) لە ئەمەریکا لەلاکەی تر کە هێمای جەیمسە بۆ ڕاستـەوخـۆیی (بداهە) و بەهای ماددی، بەڵام بەهاکانی جەیمس ئەو ئاکامـەیان نییـە کـە دەیخواست، جەیمس کە زیاتر و زیاتر دژایەتی وڵاتەکەی خۆی، ئەمەریکا دەکرد و حـەزەکـەی لەگـەڵ ئەورووپا بوو چارەسـەرێک بە پاڵـەوان نادات، چارەسـەرێک قـەناعـەتمان پێ بکات، کـە ئەو شـۆڕشـە ڕوحـیـیـەیە کـە جەیمس بۆی دەڕوانی. بەهاکەی جێمس (وتەکەی کە دەڵێت: بەهەموو تواناییەکەوە بژی) لای خـۆشی ڕوون نەبوو، هەروەها لای ڕوون نـەبوو چۆن خۆی بەو شێوەیە بژی(٢١٠-٢١١).

کەواتە بنیـاد گرنگە، بەڵام هێندەی تایبەتییـەکانی تری وەک خەیاڵ و بزێوی گرنگ نییە.

لە چەند لاپەڕەیەکی کەمیش(٢١٢ بەدواوە) ئەو بەشە بە باسێک دەربارەی تەکنیک کۆتایی پێ دێنێت: بەر لە دانیال دیفۆ هەموو نووسەرەکان ماسیی شکسپیری بوون و وەک خـالـقـێک دەیاننووسی؛ بە جـۆرێک دەیاننووسی وەک چۆن تواناییـان هەبوو بگەنە هەمـوو فـیکر و هەستی کەسایەتییەکان، بە ئەنقەستیش بووبێت، یان بەڕێکەوت دیفۆ ئەوەی بۆ ئاوازی ڕاپۆرت نووسینی واقیعی گۆڕی، ڕیـچـاردسنیش شـێـوازی نامـەنووسـینی بەکـارهێنا، هەرچەندە ئەوەندەی دیفۆ واقیعی نەبوو، بەڵام کاریگەر بوو لەسـەر خـوێنەر. خوێنەر سەرباری ئەو واقـیـعـیـیـەتە ناتەواوەش باوەڕی بە ڕیچاردسن کـردبوو و لای خـوێنەر لە هەمـوو ئەوانەی پێش خۆی واقیعیتر بوو. نووسینیش بە ئەندازەی باوەڕی خـوێنەر پێی ئەوەندە بەهێـز دەبێت (چەند ڕۆمـانی کوردی هەن دەتوانن قـەناعـەتمان پێ بکەن بە ڕووداو و داڕشتنەکەیان؟/ ف.ق).


ڕۆمـانسـیـیـە یەکـەمـەکـان؛ (ڕوسـۆ) و (گـووتێ) و (سێنانکوور) Senancour بایەخـەیان بەو تەکنیکە دا کە ڕیچـاردسن گەشـەی پێ کرد، بەڵام ڕۆمـانسیـیەت بە ڕێگە پێچەوانەکە دەڕۆیشت، ڕێگەی ڕۆچوون لە خەونی ئاگایی. واشی لێهات لە سایەی ڕۆمانسیـیەت، ڕۆمان سـەرەتا وەک ڕاپۆرتێکی هەواڵنووسـیی ورد دەست پێ بکات و دواتر ڕووداوەکان بەرەو ناماقووڵی بچن.

جەیمس جۆیس پێشەنگێکی ئەو کەسانە بوو کە هەموو ئەوانەی پێشـوویان ڕەفز کرد، جـۆیس سـوور بوو لەسـەر ئەوەی پێویستە زمان جەخت بکاتەوە لەسەر بابەتەکەی خۆی. شێـوازەکەی جۆیس بۆ سەرەتای سەدەی بیسـتـەم شـــۆڕشـگـێـــڕانە بـوو، ئەو وای دەنووسی وەک چۆن کـامێرایەک هەیە وێنە دەگـرێت. هەرچەندیش وا دیاربوو ئەو کامێرایە بزێوی بۆ ڕۆمان بگەڕێنێتەوە، بەڵام هەر ئەو کامێرایە بوو ڕۆمانی گەیاندە کوێرەڕێ(٢١٢ -٢١٥).

**بەشی دەیەمی کـتـێـبـەکـە (سنوورەکـان)** لەسـەر ئەمـە دەڕوات: ئاشکرایە وێنەی فـۆتۆگـرافی ڕاسـتـگۆترە لە تابلۆ، لەلایەکی تریشـەوە دەشـێت بابەتی تابلۆکـە لە وێنەکە زۆر گەورەتر بێت.

(سـروشـتـیـیـەکـان) توانـایی نووسـینی وێنەگـرییـان دۆزییـەوە، چونکە ئەوە زیاتر قەناعـەت بە مرۆڤ دەکات، بۆیە لە گـــێـــڕانەوەی چیـــرۆک کـــاریگەرترە، بەڵام زیانەکـــانیـــشی وەکـــو زیانەکـــانی وێنەی فۆتۆگرافییە(٢١٩).

جـــۆیس لە (یولیـــسێس) بایەخی زۆر بە وەســفی وردەکارییەکان دەدات (وەسفی دەنگی پشیلەکە، وەسفی پشیلەکە خۆی...تاد)، بەڵام دواتر تەواو زەحمەت دەبێت لەســەر ئەو وردەکـاریـیـانە بەردەوام بێت، بۆیە وادیارە ناچار دەبێت هەڵبـژاردنکاری بکات کـە ئەمـە لەگـەڵ واقیعییەتی وێنەگر ناکۆکە، چونکە ئەمیان هەوڵ دەدات هەڵبـژاردنکاری نەکـات (بڕوانە ویلـسن دەڵێت: هەوڵ دەدات، چونکە پێشتر وتبووی کە تەنانەت وێنەگریش بێ لایەن نییـە/ف.ق)، دواتریش ناچار دەبێت پەنا بۆ زمان ببـات، جـۆیس هەمـوو کـەرەسـتـەی بابەتەکـەی خـۆی بەکارهێنا، (یولیسێس) وەکو فیلمێکە لەبارەی مرۆڤێک ژیانی ڕۆژانەی دەباتە سەر، باشە ئەی ڕۆمـاننووس دوای



**فۆکنەر**

ئەوە چی بنووسێت؟ فلۆبێر هەمان کێشەی هەبوو و ئەو کێشەیەشی بە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو چارەسەر کرد: نووسینی ڕۆمانێکی مێژوویی دەربارەی (کارتاگ)ی کۆن، بەڵام لەبەر ئەوەی زانیارییەکانی دەربارەی کارتاگی کۆن کەمتر بوون لەچاو زانیارییەکانی دەربارەی فەرەنسای نوێ، ئەنجامەکە دابەزینێکی کتوپڕی بوو لە لووتکەوە بۆ خوارەوە. جۆیس ویستی هەمان هەڵە نەکات، ئەگەر جۆیس لە جیاتی ڕۆمان خەریکی فیلمی سینەمایی بوایە، ڕەنگە سەرکەوتوو بووایە، بەڵام ئەو پەنای بردە بەر زمان. جۆیس لەبەشی دووەمی (یولیسێس) ویستی زمان بکاتە هاوشێوەی مۆسیقا، بەڵام مۆسیقا گشتگیرە لە کاتێک تێکەڵکردنی نزیکەی دە زمان لە لایەن جۆیسەوە ئیشێکی زۆر زاتی بوو، مۆسیقا یاری بە سۆزەکان دەکات، بەڵام (تەوریە)کانی جۆیس (تەوریە وتنی شتێکە و مەبەستەکە شتێکی ترە، بەکوردی وشەی درکەی بۆ بەکاردێت کە ڕاست نییە/ف.ق) ، کە لە ژماردن نایەن، ختووکەی هەست کردن بە پووچیی دەکەن. هەڵەی جۆیسیش ئەوە بوو کە زمان لای ئەو بریتی بوو لە دەریایەکی سیحریی پڕ لە بوونەوەری سەیر، ئەمەش، بێجگە لە بیرکردنەوەی شێواو، هیچی تر نییە، چونکە زمان ئامێرێکی گەیاندنە وەک قیبلەنما، یان وەک ڕاستەیەک و دەتوانرێت بۆ وەسفکردنی واقیعی، بەڵکو بۆ ڕۆچوونیش بە قووڵایی واقیع، بەکار بهێنرێت، بەڵام بۆ خۆی یەکێک نییە، لە شێوەکانی واقیع. گرنگ زمان نییە، بەڵکو واقیعەکەی بەرانبەری(٢١٩ -٢٢١) ڕەخنەش لە ڕۆمانەکەی جۆیس (ئێشکگرتنی فینیگان) Finnegans Wake ئەوەیە کە هەوڵ نییە بۆ تەعبیرکردن لە سێبەری نوێی (واتا)، بەڵکو تەنیا یارییەکی زمانەوانییە وەک پشیلەیەکی بچووک یاری بە تۆپێکی خوری بکات(٢٢٢).

بێجگە لەم کوێرەڕێیە کوێرەڕێی تر هەن، ڕۆماننووسەکانی سەدەی بیستەم سەرکەوتنیان بەدەست هێنابوو سەبارەت بە دۆزینەوەی ڕێگەی نوێ بۆ گەشەکردنیان و کەنار دەریاکەی (یەیتس) پڕ ببوو لە هەموو جۆرە ماسییەک.

نموونەیەکیش لەسەر تەکنیک چیرۆکی (مەسیح لە کۆنکرێت) لە نووسینی بێرتۆ دی دۆناتۆ کە واقیعییەتەکەی زۆر کاریگەر بوو، بەڵام کە دواتر فراوانی کرد و کردییە ڕۆمان ناچار بوو دیمەنەکانی درێژ بکاتەوە و لە ئەنجامدا سەرکەوتوو نەبوو(٢٢٢-٢٢٣) ( لە ئەدەبی کوردیدا نموونەکان کەم نین لەسەر نووسینی ڕۆمان بە نەفەسی کورتە چیرۆک/ ف.ق).

ویلسن دواتر زۆر لەسەر ولیەم فۆکنەر William Faulkner (1897-1962) دەدوات و بەتایبەت ڕۆمانەکەی (ژاوەژاو و توندوتیژی-١٩٢٩) (ل٢٢٣ بەدواوە) و کێشەی ئەو ڕۆمانە لە باسەکەی پێشووی دەدۆزێتەوە ئەویش (بەرانبەری مەوزووعی)، چونکە فۆکنەر سۆزێکی هەبوو دەری ببڕێ. هەستەکانی ناو زۆربەی بەرهەمەکانی فۆکنەر بیرکردنی ڕۆمانسی باشووری ئەوسای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە کە بەها ئەرستوکراتییەکانیان تێدابوو، بەڵام فۆکنەر بەرانبەرە مەوزووعییەکەی نەدۆزییەوە، زنجیرەی ڕووداوەکانی نەدۆزییەوە.

ڕۆمانی (حەرەم)، کە هەرچەندە بۆ دەستکەوتنی پارە نووسیبووی، تووشی ئەوە نەبوو، چونکە لەو ڕۆمانەدا توانیبوی بەرانبەرە مەوزووعییەکە بدۆزێتەوە و بەها ئیجابییەکانی بخاتە ناوییەوە، لەگەڵ ئەوەش ئەو توندوتیژییەی لەو ڕۆمانە هەیە جۆرێکە لە کوێرەڕێ(٢٢٦-٢٢٨).

ڕۆماننووسیش ناتوانێت باسی جیهانی کۆن و

سەقامگیریی بەها ئینسانییەکان بکات و لە هەمان کاتدا بەشێوازی شۆک لە خوێنەرەکانی بدات، ئەو شێوازەی وایان لێ دەکات خۆیان بەدەستەوە بدەن. پێویستە نووسەر هاوسەنگی بکات لەنێوان هەست کردنی نووسەر بە واتا (بەهاکان و ئەو شتانەی نووسەر حەزیان لێدەکات) لەگەڵ ئەو شتانەی نایەوێن و ڕقی لێیانە، ئەمە لای تۆلستۆی هەبووە: جیهانی داماوی و توندوتیژی بەرانبەر جیهانی مرۆڤ دۆستی و چاکە و خۆبەخت کردن.

دەستوێڤسکی-ش لە بەشێکی (برایانی کارامازۆڤ)دا هەوڵ دەدات هەموو خراپەکانی جیهان لەگەڵ هەموو ئەو چاکەیەی تێیدا هەیە بخاتە دوو تای تەرازووەوە، بەڵام بەهاکانی فۆکنەر، هەروەک هێمینگوای، ئەوەندە ئیجابی نەبوون هاوسەنگی لەنێوان توندوتیژی و داماوی بکەن(٢٢٨).

خاڵی وەرچەرخان لای فۆکنەر (حەرەم) بوو، خەلەلی فۆکنەر لەو کێشەیە بوو کە چارەکە سەدەیەک پێشتر دەرکەوتبوو ئەویش نارێکی لەنێوان مایکرۆسکۆب و تیلیسکۆب، نزیک و دوور. سروشت زەرەبینی تەسک بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی وەهمێک سەبارەت بە واقیع دروست بکات. هەرچەندە فۆکنەر سروشتی نەبوو، بەڵکو ڕۆمانسی بوو، بەڵام زانیبووی کە بۆ ئەوەی کاریگەر بێت، پێویستە ئامێرەکانی مەزهەبی سروشتی بەکاربهێنێت، بە تایبەتی ئامێرە گومراکەرەکانی وەک (کاری شۆک).

فۆکنەر لە ڕۆمانەکەی پێشتریدا (ژاوەژاو و توندوتیژی) توانی لە ڕێگەی گۆڕینی زەمەنەوە ڕێک بخات لەنێوان دوورو نزیک، چونکە هەرچەندە هەر پارچەیەک وێنەیەکی نزیکە پارچەکان لە شوێن و کاتی جیاوازەوەن، بۆیە جۆرێک لە بینینی گۆشەی فراوان دەبەخشن(٢٢٩) (ڕۆمانەکە چوار بەشە هەر یەک لە سێ بەشی یەکەم گێڕانەوەی کەسایەتییەکە و هی کاتێکی دیاریکراوە، چوارەمیش گێڕانەوەی کەسی سێیەمە/ف.ق).

دوای مردنی فۆکنەر، ساڵی ١٩٦٢، سانسۆری ئەدەبی خەریک بوو نەدەما، بۆیە ڕۆمانی توندوتیژی و سادییەت بڵاوبوونەوە، بەڵام ئەمانەش بۆ خۆیان گەیشتنە کوێرەڕێ، یاسای کار و کاردانەوەش یاسای سەرەکیی ڕۆمانە، چونکە کاری شۆکی دەستدرێژی سێکسی لای ڕیچاردسن کاردانەوەیەکی دژ و بەرانبەری هەیە کە هەست کردنە بە ئەخلاق و چاکەی ئیجابی. دڵڕەقی و توندوتیژی لای دەستۆیڤسکی بەرانبەری هەیە، ئەویش جەخت کردنی ئاینی سۆفیگەر، لای هێمینگوایش هەست کردن بە دڕندایەتی و نامۆیی بەرانبەری هەیە، ئەویش خۆشویستنی ئینسانی، هەروەها ڕقبوون لە ژیان. لە هەموو بەرهەمە ئەدەبییە سەرکەوتووەکانیشدا هێز بە دوو ئاراستەی جیا دەڕۆن و لە گۆشەی نەوەد یەک دەگرن و هێزێکی سێیەم دروست دەکەن، یەکێتی هەر ڕۆمانێکی مەزنیش بەهۆی گرژی هێزە دژ بە یەکەکان دروست دەبێت(٢٣٠-٢٣٢).

ڕۆماننووسە گرنگەکان بە فیترەت ئەوە دەزانن، بەڵام ئەوانەی کەمتر لێهاتوون حەز بە هەڵە کوشندەکە دەکەن کە گوایە، ئەگەر ڕۆمانەکە یەک هەڵمەتی بەهێزی هەبێت، کاری ئەو یەکێتییەی دەبێت. ئەمە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، بەڵام تەنیا بۆ ماوەیەک و تا سنوورێک، چونکە ئاکامی تاکە هێز هەڵوەشانەوەیە و گەیشتنە بەڕادەیەک کە لێی تێنەپەڕێت. ڕۆمانی (١٢٠ ڕۆژی سەدووم) Les120 Journées de Sodomeی دو ساد (1740-1814) de Sade دڵڕەقترین ڕۆمانە، (ئێشک گرتنی فینیگان)یش ئاڵۆزترین ڕۆمانە لە ڕووی زمانەوە... تاد هەریەک لەمانەش کوێرەڕێگەیەکە(٢٣٢).

ویڵسن باس کردنی سامویل بیکێت بە باشترین کۆتایی دەزانێت بۆ ئەو بەشەی کتێبەکەی کە باسی سنوور و ڕێگە داخراوەکان دەکات: بەرهەمەکانی بیکێت جەخت لەسەر بێزاری و بێ سوودی ژیان و نەبوونی باوەڕ بە ئازادی مرۆڤ و هەستکردن دەکەن کە هەموومان بەندی قەفەزین(٢٣٣).

دیارە بیکێت وەکو کافکا هەست دەکات ژیان جۆرێکە لە مێردەزمە، بەڵام لەکاتێکا زمانی کافکا تەختە و تەعبیربەخش نییە، بیکێت فێڵە (دیکنز)ییەکەی دۆزییەوە ئەویش باسی بێ سوودی کار لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانێکی نامۆی پاڵەوانانە(٣٣٥)، ئەگەربش بیەوێت بەشێوەیەکی کاریگەر باسی بێ واتایی ژیان بکات پێویست بەشێوەیەکی خۆش بێت نەک بەدەستی خۆی باسەکە بکاتە مایەی بێزاری(٢٣٦). دەکرێت پێشبینی بکرێت کە بیکێت دەگاتە کوێرەڕێ. ئەو هەرچیبەکی هەبوو وتی(٢٣٧).

**ویڵـسن بەشی یازدەم بەناوی (فـانتـازیاو ڕەوتە نوێکان)** بۆ دوارۆژی ڕۆمان تەرخان دەکات (لە بیرمان بێت ئەم کتێبەی ساڵی ١٩٧٥ نووسیبوو).

ساڵی مردنی جۆیس ١٩٤١ واتە دوو سەدە پاش (پامێلا) لای زۆر ڕەخنەگر دیاربوو کە ڕۆمان گەیشتە کۆتایی لووتکە و پاش ئەزموونگەرە گەورەکان ؛ پرۆست و موسیل و جۆیس هیچ نیشانەی پێشکەوتنی گرنگی پێشکەش نەکرد. ژمارەیەکی کەمی نووسەرانیش لەسەر نووسینی ئەزموونگەری بەردەوام بوون: سارتر و بیکێت و ئالان ڕۆب گریێ -1922) Alain Robbe-Grillet (2008 و گۆنتر گراس Günter Wilhelm Grass (-1927) و بی. ئێس. جۆنسۆن B. S. Johnson (1933-1973) و تۆماس پینکۆن Thomas Pynchon (-1937)، بەڵام نەک وەک ئازایەتی و سەرکەوتوویی جۆیس، زۆربەی ڕۆماننووسە ناودارەکانی پاش جۆیس-یش تەقلیدی بوون و هەمان بنەماکانی بالزاک و دیکنز و گراهام گرین -1904) Henry Graham Greene ...(1991 یان پەیڕەو دەکرد.

گۆڕانکارییەکی خراپی سەدەی نۆزدەمیش هەبوو ئەویش پەیدابوونی نووسەرانی خۆبەخێوکردن کە هاوشێوەی ڕۆمانەکانی ترسیان دەنووسی. لە ناوەڕاستی سەدەکە بەربڵاوترین ڕۆمانی ناو خوێنەرانی ئینگلتەرا، ڕۆمانەکانی توندوتیژی و تاوان بوون. نووسەرانی ئەمانە قەت ناوی خۆیانیان لەسەر ڕۆمانەکان نەدەنووسی، بەڵام لەسەدەی بیستەم نووسەرانی خۆبەخێوکردن کەوتنە مونافەسەکردنی نووسەرە جددییەکان. لە سەدەی هەژدەم و نۆزدەم کتێبە هەرە گرنگەکان کتێبە «پڕفرۆشەکان» بوون، بەڵام لە سەدەی بیستەم ژمارەی کتێبە «گرنگەکان» لە ناو لیستی کتێبە «پڕفرۆشەکان» کەم بوو. کاتی نووسینی ئەم کتێبە ناوی نووسەرانی زۆربەی کتێبە پڕفرۆشەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم لەبیرچوونەتەوە، ڕەنگە ناوی نووسەرانی کتێبە پڕفرۆشەکانی ئەمڕۆش ( ساڵی ١٩٧٥ ) لەماوەی پەنجا ساڵ لەبیر بکرێن(٢٤١-٢٤٤).

لە دەیەی شەشەم و سەرەتای حەوتەمی سەدەی بیستەم حەزی خوێنەر گۆڕانکاریی بەسەر هاتوو بوو بە بایەخ بە فانتازیا. لە پەنجاکانیش کە ڕۆمانی (ئاغای مستیلەکان)ی (تۆلکین) بڵاوبووەوە تەنیا کەم کەس خوێندبوویانەوە، بەڵام لە ماوەی دە ساڵ، یان زیاتر چووە لیستی کتێبە پڕفرۆشەکان. چیرۆکەکانی خەیاڵی زانستی و چیرۆکەکانی ترس زۆر بڵاوبوونەوە. تەفسیری ئەم بایەخەش بە (خۆدزینەوە) دەکرێت، خۆدزینەوە لە ڕاستییە توندوتیژ و ترسێنەرەکانی ئەم جیهانە.

ئەم خۆدزینەوەیە هەڵەیە. خوێنەرانی (پامێلا) و (جوولی) و (خەفەتەکانی ڤارتەر) خۆیان نەدەدزییەوە، بەڵکو لە گەشتێک بوون کە وروژێنەرترین گەشت بوو خەیاڵی مرۆڤ بیکات. ڕۆمانسییە یەکەمەکان هەستیان کرد کە ڕوحی مرۆڤ خەریکە بازێک بدات، بەڵام کاتێک سەدەی نۆزدەم لە کۆتایی نزیک کەوت، هیواکە بەبا چوو و زۆربەی کات بەزەیی هاتنەوە بە خۆ و ڕەشبینییەکی ڕۆچوو بەسەر ئەو سەدەیە زاڵ بوو، زانستیش سەرکەوتنی گەورەی بەدەست دەهێنا، خەیاڵیش بەرانبەر دەستکەوتەکانی زانست خۆی لە حاڵەتی بەرگری دەبینییەوە(٢٤٤-٢٤٥).

بەراوردیش لەگەڵ هەرەمی پێداویستییەکانی (ماسلۆ) شاری ئەورووپی دوو سەدە و نیو بەر لە (پامێلا) لە ڕۆمانسییەتی سێکسی دەژیا، لە ماوەی پەنجا ساڵیش لە دوای پامێلا، ڕۆمان تا دوا سنوور گەشەی سەند. شاعیری بایرۆنی -نیسبەت بە لۆرد بایرۆن Lord By-ronی شاعیری ئینگلیزی (١٧٨٨-١٨٢٤) کە پێشەنگێکی ڕۆمانسیەت بوو /ف.ق- مشتی بەرەوڕووی ئاسمان ڕادەوەشاند و ڕایدەگەیاند کە مرۆڤ نیمچە خوداوەندێکە، بەڵام ڕەگەکانی دەچنە قووڵایی ڕۆمانسییەتی سێکسی (کە بە سروشتی خۆی بەرەو ڕەشبینی دەچێت، چونکە جوانترین چیرۆکی خۆشەویستی کۆتاییەکەیان تراژیدییە)، شتێکی نموونەییش بوو (گووتێ) ڕای بگەیەنێت کە (ئافرەتی نەمر) بەردەوام بۆ سەرەوە بەرزمان دەکاتەوە، بەڵام بێجگە لە چەمکی سێکس زەحمەتە بزانین ئەمە بەپێی چی بەدی دێت، لەبەر ئەوەش بوو ڕۆمانسییەتی یەکەم کەوتە ڕەشبینی «نەوە کارەساتاوییەکە»ی نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەم. ڕاستییەکانی ژیانی ڕۆژانەش، کە خەڵکی بەگشتی لە نەهامەتی دەژیان، تەواو دژ بەو فیکرەیە بوون کە مرۆڤ بەرەو شتێک، کە خودایی (ئلوهییەت)ێکی گەورەتری تێدا هەیە، بەرز دەبێتەوە(٢٤٥-٢٤٦).

سەدەی بیستەم ئەو وێنەیەی گۆڕی و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی وای کرد خەڵکی وڵاتە پێشکەوتووەکان زیاتر لە ئەمینی (ئەمینیی بژێوی) بژین. زۆربەی خەڵک

دەیانتوانی بچنە مەملەکەتی خەیاڵ و ئامێرەکانی چوونە ناو خەونی ئاگایی لەبەردەستیان هەبوون: ڕۆمان، سەکۆی شانۆ، سینەما، تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ(٢٤٦).

هەر بەپێی پەیکەرەکەی (ماسلۆ)ش کۆمەڵگە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم گەیشتە قۆناغی (ڕێزگرتن لەخۆ) کە قۆناغی خوار لووتکەیە و وای لێهات چەند ڕۆمانی ڕۆمانسی، یان سێکس، یان توندوتیژی دەفرۆشران، ئەوەندەش ئەو ڕۆمانانە دەفرۆشران کە باسی مەسەلە کۆمەڵایەتی، یان سیاسییەکان دەکەن(٢٤٦).

ویلسن ڕۆمانە سێ بەشییەکەی تۆلکین (١٨٩٢-١٩٧٣) (ئاغای مستیلەکان)، کە ١٩٥٤-١٩٥٦ بڵاوبووەوە، بەرز دەنرخێنێت و دەڵێت، ئەگەر نەوەکانی دواتر بڕیار بدەن ئەو ڕۆمانە وەک سنوورێکی ڕۆشنبیریی جیاکەرەوە لە سەدەی بیستەم تەماشا بکەن، ئەوە ئێمە لەو بڕیارەیان تێدەگەین. تۆلکین کە مامۆستای زانکۆی ئۆکسفۆرد بوو، ڕقی لە سەدەی بیستەم بوو و بیری سەدەکانی ناوەڕاستی دەکرد، بەڵام بۆ خۆی باوەڕی ئەوەندە نەبوو کە کارەکەی چەند جادووی تێیە، بۆیە مافەکانی بڵاوکردنەوەی نەپاراست، ئەمەش هەڵە بوو، چونکە دوای دە ساڵ بووە یەکێک لە پڕفرۆشترین کتێبی ناو زانکۆکان(٢٤٧) (ئاغای مستیلەکان سێ بەرگ بوو بە سێ بەشیش کرایە فیلمی سینەمایی لە ساڵانی (٢٠٠١- ٢٠٠٢ - ٢٠٠٣) بەڵام بەدەستکارییەوە و لە ڕووی قازانجەوە پێنجەم فیلم بوو و بەپێی سەرچاوەی ساڵی ٢٠١٠ نزیکەی سێ ملیار دۆلار قازانجی بۆ هەر سێ بەشەکە کردووە/ف.ق).

لای ویلسن ڕۆمانەکە یەکێکە لە سەرکەوتووترین بەرهەمی ئەدەبی سەدەی بیستەم، ئەویش چونکە تۆلکین توانی بەو هەموو باوەڕەوە تەعبیر لە بەها زاتییەکانی خۆی بکات(٢٤٨). بەراوردکردنی ئەم ڕۆمانەش لەگەڵ ڕۆمانەکەی فۆکنەر (کاتێک گیان دەدەم) دەری دەخات کە فۆکنەر تەنیا ئەوەی بۆ کرا ئاماژە بۆ بەهاکانی خۆی بکات کاتێک جیهانە نوێیە مادی و زبرەکەی پیشان دەداین، بەڵام تۆلکین دەیتوانی هەموو هەوڵی خۆی بۆ دروست کردنی ئەو جیهانەی پێی باش بوو، تەرخان بکات لە کاتێکدا ئەو جیهانەی ڕقی لێیەتی بە ناشیرینییەوە لە پشتەوە دانابوو. فۆکنەر ژیانی خۆی بردە سەر لە وەسف کردنی ئەو جیهانە ڕقی لێیەتی(٢٤٨). مەبەستی ویلسن ئەوەیە کە هەڵەیە ڕۆماننووس خۆی تەنیا بە باسی ئەو جیهانە خەریک بکات کە ڕقی لێیەتی، بەڵکو پێویستە ئەو جیهانە دروست بکات کە حەزی لێیەتی.

ڕۆمانی (ئاغای مستیلەکان) هەندێ هەڵەی تێدایە، بەڵام ڕەشاقەت و بزێوییەکەی مرۆڤ سڕدەکەن، گرنگیی بەرهەمەکەش لەوەیە ڕۆمانێک کە ئەو بزێوییە خەیاڵییەی لەو جۆرەی تێدایە لەو کاتەدا دەرکەوت کە ڕەخنەگران ساڵانێک بوو باسی کۆتایی ڕۆمانیان دەکرد، ئەگەریش جۆیس ڕۆمانی بەتوندی بەرەو کوێرەڕێ بردبوو، ئەوە تۆلکین ڕێگەی تایبەتی خۆی دۆزییەوە بۆ دەرکردنی ڕۆمان لەو کوێرەڕێیە، ڕاستییەکەش ئەوەیە خودی جۆیس خەریکی شتێک لەو جۆرەی (ئاغای مستیلەکان) بوو، ئەویش لە ڕۆمانی (ئێشکگرتنی فینیگان) ئەویش جیهانی ئەزەلیی ئەفسانەکان(٢٤٨).

ویلسن بە دووروودرێژی (ل٢٤٩ بەدواوە) باسی ڕۆماننووسی سکۆتلەندی دەیڤید لیندسەی David Lindsay (1878-1945) - بە هەڵە نووسراوە ١٩٤٧ مردووە- دەکات کە ژمارەیەک ڕۆمانی نووسیبوو ڕەواجیان نەبوو و پشتگوێ خرابوون و بەو خەفەتەوە سەری نایەوە. ویلسن ڕۆمانی گەشتێک بۆ ئارکتوروس A Voyage to Arcturus بە مەزنترین بەرهەمی خەیاڵی سەدەی بیستەم و ڕەنگە لە هەموو ئەدەب ناو دەبات، بەڵام ئەو ڕۆمانە پشتگوێ خرا و هێرشی کرایە سەر، ڕۆمانەکانی تریشی پشتگوێ خران، هۆی ئەو هەڵوێستەی هاوچەرخەکانی لیندسەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لیندسەی لە ڕووی نووسین وەک پیشە (شێوازی نووسین، تەکنیک...تاد) لێهاتوو نەبوو، هەر لەبەر ئەوەش پێویستە ڕۆمانەکانی بۆ مەنهەجی نووسینی داهێنەرانە بخوێنرێتەوە تا ئارەزوومەندە کۆششکارەکان بزانن کە نووسەرێکی تەواو بێ دەسەڵات دەتوانێت بەرهەمی مەزن بنووسێت، ویلسن چەند دێڕێک وەک نموونە لەسەر شێوازە بێ ئاستەکەی نووسینەکە دەهێنێتەوە(ل٢٥٠).

مەبەستی لیندسەی ئەوە بوو جیهانەکەمان ساختە و گومڕاکەرەوەیە و گەردوونێکی ڕاستەقینە لە پشتییەوە هەیە، ئەویش وەک تۆلکین سەرکەوتوو بوو لە ڕووی دروست کردنی جیاوازیی لەنێوان هیچ و پووچی ژیانی ڕۆژانە لەلایەک و جیهانێکی تری پڕشکۆ لەلایەکی تر، ڕۆمانی (گەشتێک بۆ ئارکتوروس) باسی ناردنی

پاڵەوانەکەیە بۆ ئەستێرەی (ئارکتوروس)، پاشان گەڕانەوەی بۆ زەوی دەکات، شوێنەکەش نامۆیە و زیندەوەری سەیری تێیە.

کێشەی سەرەکی لیندسەی ڕەشبینییەکەی بوو، بەواتایەکی تر ویڵسن پیشاندانی جیاکاری، لێرەش لەنێوان جیهانی خۆمان و ئەو جیهانەی نووسەر حەزی لێدەکات (دوو جیهانی بەها) بە خاڵێکی گرنگی ڕۆمان دەزانێت، بەڵام نابێت ئەنجام بگاتە بنبەست کە ئەنجامی ڕەشبینیی نووسەرەکەیە.

ویڵسن پاش باسی بەرهەمی تری لیندسەی و لە کۆتایی بەشەکە، کە وتمان لەبارەی فانتازیاوەیە، دەڵێت فانتازیا وشەیەکی تر نییە بۆ (خەیاڵی ئازاد)، بەڵکو توانابییەکە، ئەو تواناییەش مەشقێکی گەورەی کردووە و خەیاڵ بۆ چوونە ناو قووڵایی فیکرەکان بەکار دەهێنێت، یاساکانیشی هێندەی یاساکانی ماتماتیک وردن(ل ٢٥٦).

**بەشی دوازدەمی کتێبەکە** (ل٢٥٩ بەدواوە) بە ناوونیشانی (پوختەگەل)ە و بریتییە لە بۆچوون و دەرئەنجامی تایبەتی ویڵسن لە بارەی ڕۆمانەوە، بەر لەوەش فیکرە مەرکەزییەکانی کتێبەکەی پوخت دەکاتەوە:

ڕۆمان هەوڵێکە بۆ دروست کردنی ئاوێنەیەک لە ڕێیەوە ڕۆماننووس دەموچاوی خۆی تێ ببینێت، ئەو دەموچاوەش دەموچاوی ڕۆژانەت نییە، بەڵکو ئەو دەموچاوەی لە پشت دەموچاوتەوەیە، واتە دەموچاوە کۆتاییەکەت، ڕۆمان لە بناغەوە هەوڵێکە بۆ دروست کردنی خود، وەسفی واقیع و وتنی ڕاستیش ئامانجی لاوەکین، ئامانجی سەرەکیش ئەوەیە ڕۆماننووس لە خۆی تێبگات و بزانێت مەبەستی خۆی، کە تایبەتە بە خۆی، چییە.

ئامانجی ڕۆماننووس ئەوەیە ببێتە ئاوێنەیەک، وەک ئاوێنەی لاتەنیشتی سەیارە، کە گۆشەیەکی فراوانی هەبێت و ڕووبەرێکی فراوانی واقیع پیشان بدات، یان وەک زەرەبینی ئەو کامێرایە بێت کە گۆشەیەکی فراوان دەبینێت، وەک (ئەنشتاین)یش دەڵێت شارنشینان ڕۆژانی پشوو دەچنە چیاکان، چونکە ئاسۆی فراوان هەستی ئازادییان پێدەبەخشێت، ئەمەشە کە ڕۆماننووس هەوڵ دەدات بەئەنجامی بگەیەنێت.

نووسەر دەتوانێت بنەماکانی نووسین (فێڵەکانی شێواز و بنیاد و بنیادی کەسایەتییەکان) لە ڕێگەی خوێندنەوەی ڕۆمانی خەڵکی ترەوە وردەوردە فێر ببێت. تەنیا یەک بنەما هەیە: خۆت بپارێزە لە کۆڵانە داخراوەکان، ئەوانەش کە تووشی ئەو کۆڵانە داخراوانە بوون کەمتر باوەڕیان بە فیکر بوو، گرنگیش نییە بزانی ریچاردسن چۆنی دەنووسی، گرنگ ئەوەیە بزانی ئەو ئامانج و ڕێگە هاوبەشانەی ریچاردسن و لۆرێنس چی بوون، واتە چۆن هەر یەکەیان لە ئازادی خۆی تێگەیشت. ئامانجی ڕۆمان ئەوە نییە جیهانێکی سەربەخۆ و جیا بێت، ڕۆمان لە بناغە ئەزموونێکی فیکرییە و جۆرێکە لە ڕاکردنی بێ دەنگ لەپێناو ئەزموونی فیعلی(٢٦٠).

دواتر دەگاتە مەسەلەی (مەبەست خوازی)، بۆ نموونە «بێزاری» مرۆڤ بەمەبەستەوە بێزار دەبێت، بێزاری و خۆشیش دوو بەهان خۆمان بە شتەکان دەیانبەخشین، ریچاردسن مەبەست خوازییەکی زیادەی بە ڕۆمان بەخشی، هەرچەندە ئەو جیهانەی پێشکەشی دەکات واقیعی دیارە، بەڵام دەزانین کە خۆی دروستی کردووە و بە خولیاوە بایەخی وردی بە هەر شتێک داوە کە وەسفی کردووە، بەڵام دانیال دیفۆ کە وردەکاریی زۆر پێشکەش دەکات بایەخدانی بە مەوزووعییەت وەک ئەوەیە شتێکت پێ بڵێت کەسێکی تر بۆی باس کردبێ.

نووسەر چیتر وەک پەیامنێر، یان وەک کەسێک دەمەتەقێت لەگەڵ بکات نەما، بەڵکو بووە دروستکەرێکی گەردوونی ماددی، ڕۆمانسییەکانیش زوو زانیان کە ئەو خولیایە شتێکی تایبەتە بە ڕۆمان، بەڵام ئەو هێزە بەهۆی خەمۆکی و گیانی دۆڕاندنی ڕۆمانسییەت پووچەڵ کرایەوە.

نارێکییەکەش لەوەیە کە خوێنەر سەرەتا بە بزێوی خەیاڵ سەرسام دەبێت، کەچی لە کۆتایی ڕۆمانەکە دەبینێت ڕۆماننووسەکە داوای لێ دەکات بەزەیی بە داماوی مرۆڤ بێتەوە، ئەو نارێکییەش بووە هۆی دارمانی ڕۆمان(٢٦٥).

خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی هەڵەیەکە تایبەتە بە هێشتنەوەی کرۆکی ڕۆمانەکە بێ ئەوەی گەشەی پێ بکرێت کە تێیدا کۆتاییەکە میکانیکییە وەک خۆکوشتنی (کلارسیا)ی ریچاردسن، یان گرتنی تاوانبارەکەی جۆرج سیمنۆن (١٩٠٣-١٩٨٩) لە خێوی دروستکەری کلاوەکان(The Hatter's Ghost ئەسڵە فەرەنسییەکە: خێوەکانی دروستکەری کلاوەکان Les Fantômes du

/ Chapelierف.ق)، بەڵام دەبینین بێرنارد شۆ لە پیگمالیۆن (١٩١٢) کۆتاییەکی کراوەی دانا و (هیگینز)، پاڵەوانی شانۆنامەکە، (ئێلیزا)ی نەکردە هاوسەری خۆی، چونکە شۆ دەیزانی کەسێکی وەک هیگینز لە ژیانی ڕاستەقینەدا حەز لە کەسێکی وەک ئێلیزا ناکات، دەستۆیڤسکی-ش کۆتایی دوو ڕۆمانی (تاوان و سزا) و (برایانی کارامازۆڤ)ی بەکراوەیی جێ هێشت، چونکە دوو ڕۆمانەکە باسی کەسانێک دەکەن حەزیان لە ئازادییە، بۆیە مەنتیقی نییە بکوژرێن(٢٦٧-٢٦٨).

سەبارەت بە کۆتایی هێنانیش بە ڕۆمان ئەمە هەیە: ئەگەر کتێبێکمان بە پەلەی زۆرەوە نووسی، ئەو کاتە خراپترین ئەنجام لە لاپەڕەکان، دوایی دەردەکەون و دیار دەبێت ئەو لاپەڕانە چەند نامەنتیقی و خێرا نووسرابوون، بۆیە پێویستە لە حاڵەتی وا بگەڕێینەوە بۆ دواوە، بۆ ئەو خاڵەی تێکچوونەکە تێی ڕووی دابوو، کە هەندێک جار سەرەتای ڕۆمانەکەیە و لەو خاڵەوە ڕۆمانەکە ڕێک بخەینەوە.

ڕۆمان (مەبەستی ویلسن لێرەدا ئەوەیە ڕۆمان وەک جۆرێکی ئەدەبی) کتێبێکە زۆر بە خێرایی نووسراوە و یەکسەر و بەشێوەیەکی هەڵە دەگۆڕێت و دەبێتە ڕەشبینییەکی سەرزارەکی کە دەستبەجێ دەبێتە شتێک دەتوانین پێی بڵێین دارمانی ڕۆمانسیی یەکەم (شیلەر و نۆڤالیس و هۆفمان و بایرۆن و کۆلرج...تاد). دوای دەیەیەکیش ڕێگەیەکی تر تاقی کرایەوە، ئەویش واقیعییەت کە پێچێکی هەڵە بوو، چونکە میسالیەتی ڕۆمانسیی پشتگوێ خست، بەڵام ڕەشبینییەکەی پشتگوێ نەخست، ئینجا ڕۆماننووسەکانی دوای (جۆیس) بڕیاریان دا بگەڕێنەوە بۆ ڕێگە کۆنەکان، بۆیە زۆربەی ناودارانی پاش جەنگی دووەم، تەقلیدی بوون وەک چۆن جۆیس و کافکا و گێرترود شتاین و هێمینگوای هەر لە ژیان نەبووبن، ئەگەر ڕێگەیەکی نوێی تریش هەبێت دیارە تا ئێستا کەس نەیدۆزیوەتەوە(٢٧٠).

ویلسن لاپەڕەکانی کۆتایی کتێبەکەی بۆ ئەزموونی خۆی لە بواری ڕۆمان تەرخان دەکات کە زۆر بەکورتی چەند خاڵێکی پەرشوبڵاوی لێ وەردەگرم. یەکەم ڕۆمانی ویلسن، (سرووتگەل لە تاریکی)، بە چەند قۆناغێک ڕۆیشت و بەر لەوەی نوسخەی کۆتایی بنووسێت وازی لێ هێنا و کتێبە ناودارەکەی The Outsiderی نووسی (تەمەنی ٢٤ ساڵ بوو کە بڵاوکرایەوە- بەناوی "اللامنتمی" کراوە بە عەرەبی /ف.ق) و دوایی گەڕایەوە سەر ڕۆمانەکە. بڵاوکەرەوەی ڕۆمانەکەی، کە یەکەم جار بۆی بڵاونەکردەوە، بۆ جارەکەی تر و دوای ئەوەی ویلسن نوسخەیەکی تری لێ نووسی خاڵێکی هەڕەمەکی لێ هەڵبژارد بۆ کۆتایی و بەپێی ویلسن بڵاوکەرەوەکە کارێکی ڕاستی کردبوو: «لەو کاتەشەوە ئەزموونم بۆ دروست بوو سەبارەت بە کۆتایی هێنان بە ڕۆمان کە لەو شوێنەدا کۆتایی پێ بهێنرێت کە سروشتی بێت بێ ئەوەی زۆر بیر بکەمەوە لە کۆتاییەکی کراوە» (ل٢٧٤).

ئاماژەش بۆ ئەوە دەکات کە ڕۆمان وەک دراما ئامانجەکەی خۆشی بەخشینە، نووسەریش ئازادە ئەو فیکرە و هەستانەی بەسەریدا زاڵن، بخاتە ڕۆمانەکەوە بە مەرجێک ئەو هەستانە زاڵ نەبن بەسەر ئەو خۆشییەیدا کە ڕۆمانەکە دەیبەخشێت ئەگینا بۆی نییە داوا بکات جەماوەری هەبێت گوایە «هونەرمەندێکی جددییە» (٢٧٤-٢٧٥).

ویلسن باسی شانۆکانی هێنریک ئیبسن Henrik Ibsen(1828-1906) و دوای ئیبسن دەکات کە هەمان تایبەتییان هەبوو: تاوان و خۆکوشتن و توندوتیژی و زینای مەحرەمەکان و کوشتنی منداڵان و شێتی...تاد دراما لەو هەوڵەی بەرەو سروشت چیتر خۆشی بەخش نەما و بووە شتێکی وەک مەوعیزەی دۆزەخی(٢٧٨).

ویلسن کتێبەکەی بەوە کۆتایی پێ دەهێنێت کە پێویستە ڕۆماننووس ئامانجی ڕاستەقینەی خۆی بزانێت، تەنیا پیشاندانی پانۆرامایەکی گەورە نەبێت لەبارەی بێ سوودی و فەوزا کە لە مێژووی هاوچەرخ بەرجەستە دەبن، بەڵکو ئازادکردنی خەیاڵی مرۆڤ و بەخشینی سەرنجێکی کورت بە مرۆڤ کە مرۆڤ دەکرێت ببێت بە چ شتێک.

بێرنارد شۆ وتبووی کاری هونەری ئاوێنەیەکی سیحرییە مرۆڤ لە ڕێگەیەوە ڕوحی خۆی دەبینێت، کە ڕۆماننووسیش لەوە تێگەیشت دەزانێت کە ئاوێنە سیحرییەکەی کارێکی بە سوودتری هەیە: دۆزینەوەی ڕێگەی گەشەسەندنی مرۆڤ لە دوارۆژدا(٢٨٢).

# ڤاسیلی نیکیتینی کوردناس
# (١٨٨١- ١٩٦٠)

میهرداد رامیدی نیا
(مەهاباد)

ڤاسیلی نیکیتین Vasili Nikitine یان باسیل نیکیتین Basile Nikitine کوردناسی ناوداری ڕووسی و بە ڕەچەڵەک لەهێستانی (پۆڵۆنیایی) ساڵی ١٨٨١ ی مەسیحی لە دەڤەری "سۆسنۆڤیتسە"ی Sos-novitsè وڵاتی لەهێستان (پۆڵۆنیا) لە دایک بووە.[*]

باپیری سیناتۆرێکی بەناوبانگ و خودان نووسراوەی حقووقی بووە و لە سەردەمی پاشایەتی "نیکۆلای یەکەم" لە ئیدارە گرینگەکانی پێتەختی ڕووسیەدا دەورێکی بەرچاوی هەبووە و هاریکاری"سپرانێسکی" بووە لە دانانی یاساگەلی ڕووسیەی تێزاریدا. باوکی کارمەندی دەوڵەت بووە و باری قورسی بەخێوکردنی نیکیتین و دوو خوشک و براکەی لە ئەستۆ بووە.«١» خوێندنی ناوەندی لە"وارشۆ"ی «لەهێستان» تەواو کردووە و لە ساڵی ١٩٠٣ دا لە وارشۆوە هاتۆتە مۆسکۆ.«٢» خوێندنی لە ڕووسیەی تێزاری و لەژێر چاوەدێری "ویلهۆڵم بارتۆلد «١٨٦٩- ١٩٣٠» ڕۆژهەڵاتناسی ناودار کۆتایی پێهێناوە و لە ئێران کراوە بە کۆنسول.«٣»

لە ساڵی ١٩٠٤ تا ١٩١٠ لە زانکۆی "لازارێفی" مۆسکۆ و کۆلێژی "سەنپێترزبۆرگ" کە سەر بە وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیە بووە درێژەی بە تەواو کردنی زمانەیلی ڕۆژهەڵاتی داوە.«٤» لە ساڵی ١٩٠٤ بە ڕازی بوونی بابی چۆتە قوتابخانەی لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی لازارێف لە مۆسکۆ. لە ساڵی١٩٠٥ دا بە هۆی هەڵایسانی پشێوی ناوخۆ، قوتابخانەکە داخراوە و بە هۆی لێهاتوویی بەڕێوەبەری قوتابخانەکە، سەرلەنوێ ئەو قوتابخانەیە کراوەتەوە، بەڵام بە هۆی هاتنە ئارای باری رامیاری تایبەت لە ڕووسیە (چالاکی بەلشەفیکەکان) دیسان ئەو قوتابخانەیە داخراوەتەوە.«٥» هەر لەو ساڵەدا چۆتە تورکیا و لە ناوەندی کۆنینەناسی ڕووسی لە قوستەنتەنییە «= ئەستەنبۆل» کاری کردووە و لەساڵی



**ڤاسیلی نیکیتین و لۆرەی خێزانی**

١٩٠٦ چۆتە ئیتالیا و لە ١٩٠٧ دا سەفەری بولغارستان و فەڕانسەی کردووە و لە کۆلێژی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکاندا خەریکی تەواوکردنی کەموکورییەکانی خوێندن بووە.«٦» لە ساڵی ١٩٠٨ دا چۆتە کۆلێژی لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی سەنپیتەرزبۆرگ. لە ساڵی ١٩٠٩ دا لە ماوەی پشووی کۆلێژدا بۆ خولێکی فێرکاری ناردراوەتە ئیسفەهانی«ئێران» و هەر لەم سەفەرەدا شەیدا و خولیای ئێران و ئێرانی بووە. لە ساڵی١٩١٠ دوای تەواوکردنی ئەو خولە بەرەو پیترزبۆرگ گەڕاوەتەوە، هەر لەو ساڵەدا لەگەڵ کەنیشکێکی فەڕانسەوی بەنێوی "لۆرە" [هـ .لێرۆی/ لۆرە/ H.leroy|] زەماوەندی کردووە.«٧»

ئوستادەکانی بریتی بوون لە: ئا. کریمیسکی، A.Krimsky ئوستادی زمانی عارەبی و مێژووی ئیسلام.کۆرش، Korsh ئوستادی زمان و ئەدەبی فارسی. ویزڤۆلد فێدرۆڤیچ میلێر، Vesvold Fed-rovich Miller سەرۆکی قوتابخانەی لازاریف و ئوستادی مێژووی کەونارای ڕۆژهەڵات و زمانی سانسکریت بووە. مۆسیو پوتێر، Potier ئوستادی ئەدەبی بەراوردکاری فەڕانسە و ڕووسی بووە. میخاییل ئۆسیپۆڤیچ عەتیە، Osipovihch بە ڕەچەڵەک عارەب و ئوستادی زمانی عارەبی بووە. پرۆفیسۆر ئا.ژۆکۆڤسکی، A.Joukovski. بارۆن. ڕ. ستاکێلبێرگ، Baron. R.Stakelberg.، میرزا جەعفەری مەحەلاتی، میرزا عەبدوڵلا غەفاری، میرزا ڕەزای ئێرانی. بۆ بەشی کوردناسیش بەدیعوزەمان عەللامە سەعیدی نەورەسی [١٢٩٣ - ١٣٧٩ ک.م] [١٨٧٣-١٩٥٩ز] کورد. لە ساڵانی «١٩١٥ - ١٩١٨» کە نیکیتین لە ورمێ کۆنسولی حروسان بووە، کوردی و زمانی کوردی لێ فێربووە و زۆر جار بۆ چارەسەرکردنی گرێیەکانی کۆمەڵایەتی و ساغ بوونەوە لەسەر نووسینی وتار و نامیلکە و کتێبەکانی لەسەر کورد، پرسی پێ کردووە و چاری لێ خواستووە.«٨»

ڤاسیلی نیکیتین لە بەهاری ساڵی ١٩١٠ دا دێتە نێو وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیە و لە ساڵی ١٩١١دا لە ئەزموونی دیپلۆماتیک (ڕامیاری) وەردەگیرێ و هەر لەو ساڵەدا دەبێتە چاپاری تایبەتی بردنی هەواڵەکان بۆ بەرلین و پاریس و لەندەن و لە ساڵانی ١٩١٢ تا ١٩١٩ لە ئێراندا لە سرویسی کۆنسولخانەکانی ڕووسیە لە ڕەشت، تەورێز، ورمێ و سابلاغ و تاران کاری کردووە.«٩» لە ساڵی ١٩١٢ دا بۆتە میرزا و وەرگێڕی «کۆنسولخانەی حروسان» لە شاری ڕەشتی ئێران. بە دوای ئەوەدا لە ساڵی ١٩١٥ دا چەند مانگێک وەکو جێگری کۆنسولی شاری تەورێز ئەرکی خۆی بەجێ هێناوە. لە ساڵی ١٩١٥ تا ١٩١٨ کراوە بە کۆنسولی ورمێ. لە ماوەی نیشتەجێ بوونی خۆی لە ورمێ، وێڕای خەریک بوون بە کاروباری کۆنسولی، دەستی بە موتاڵاو لێکۆڵینەوە لەسەر کوردان کردووە.لە سابلاغ (مهاباد)، ڕواندز، دەڤەری شەمدینان، بانە، بۆکان، ئۆرەمار، هەکاری و... لەگەڵ ڕاستەقینەو ڕووداوگەلێکی زۆر بەرەوڕوو بۆتەوەو ئەوان ڕووداوگەلە کۆمەڵایەتی و ڕاستەقینانەی بە شێوەی ڕاپۆرت، نامیلکەو لاپەڕۆک بڵاو کردۆتەوە.«١٠»

ژیانی پڕ لە ڕووداو و تەژی لە تێکۆشانی نیکیتین هاوڕێ بووە لەگەڵ یەکەمین جەنگی گێتی(١٩١٤-١٩١٨) و دووەم لە(١٩١٣ تا ١٩٤٥)، شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ی ڕووسیا ، شۆڕشی ئێران بۆ لەناوبردنی پاشایەتی قاجار و شۆڕشی تورکە لاوەکان بۆ تونا کردنی ئیمپراتۆری وەسمانلی. نیکیتین لەگەڵ ئاکامی هەموو ئەو شۆڕشانە بەرەوڕوو بۆتەوە، بە شێوەیەک کە ئەو کاریگەری و شوێن وەرگرتنە لە نووسراوەکانی ئەودا دیار و بەرچاوە.«١١» ڤاسیلی نیکیتین لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩١٨دا ورمێ و سابلاغ و نیشتمانی کوردانی جێ هێشتووە و بەرەو قەزوین و تاران ڕۆیشتووە و لە ڕێی بادکوبە و ئەستەنبوڵەوە لە

(١٩١٩) بەرەو پاریسی ئاژوتووە و درێژەی ژیانی بە پاسپۆرتی بێ نیشتیمانان تێپەڕ کردووە.
محەممەد عەلی جەمالزادە لە وتارێکدا (ساڵی ١٣٣٥ هەتاوی) کە بە دوای بڵاوبوونەوەی کتێبی "کوردو کوردستان"ی نیکیتین (١٩٥٦) لەسەر ئەو کتێبەی نووسیوە لەو بارەیەوە دەڵێ: نیکتین پتر لە چل ساڵ بە پاسپۆرتی بێ نیشتیمانان ناسراو بە پاسپۆرتی "نا نسێن" لەگەڵ هاوژینەکەی «لۆرە» وەکو غەوارەیەک نیشتەجێی پاریسە و شەووڕۆژی بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لە سەر دۆزی وڵاتە ڕۆژهەڵاتییەکان و بە تایبەت ئێرانی ئێمەو کوردستان و گەلی کورد تەرخان کردووە و دەکا و لەو ڕێیەدا وەها ئەوین و گوڕ و تینێکی هەیە کە تا ڕادەیەک پرۆفیسۆر "ئێدوارد براون"مان [Brown, Ed. Gr 1926 - 1862] بیر دێنێتەوە. «١٢» ڤاسیلی نیکیتین ڕۆژهەڵاتناسێکە کە زۆر لە نێو کورداندا ژیاوە و لە نزیکەوە لەگەڵ تاقمە جۆر بە جۆرەکانی ئەو گەلە لە پێوەندیدا بووە؛ لە لایەکەوە بەو هەموو زانیارییە پوخت و بەربڵاوەی کە لەسەر مێژوو و تایبەتمەندییەکانی ڕوحی و نەژادی و دابونەریت و ئایین و ئەدەبی ئەو گەلەی هەبووە، کتێبێکی پوختی مێژووی ئەو گەلەی لە سەردەمی بەر لە دەستەڵاتی "ماد"ەکان لە دوو هەزار و حەوسەت ساڵ بەر لە ئێستا تا کۆتایی جەنگی یەکەمی گیتی نووسیوە و بۆ ئەم کارە کەڵکی لە سەرچاوەگەلێکی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی وەرگرتووە. «١٣» بازیل.پ.نیکیتینی ڕووسی لە فەڕانسەدا ژیاوەو خەریکی کاری لێکۆڵینەوە بووە و لە نێوان نزیک بە ئەو، چل لێکۆڵینەوەی کە تا ئێستا بە کوردانی بەخشیوە "کوردەکان، لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵناسی و مێژوویی، پاریس ١٩٥٦" گرنگییەکی تایبەتی هەیە.«١٤» لەو دواییانەدا لە ئاکامی چل ساڵ زەحمەت و لێکۆڵینەوەو توێژینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەو سەرچاوەگەلی زۆر کتێبێکی دانسقەی بە نێوی "کوردەکان، لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵناسی و مێژوویی بە زمانی فەڕانسە (١٩٥٦) بە چاپ گەیاندووە کە بێ گومان دەتوانرێ ئەو کتێبە باشترین و پوختترین کتێبێک بێت کە تا ئێستا لەبارەی کورد و کوردوستانەوە هاتۆتەنووسیاندن و وەشاندن.«١٥»
نیکیتینی کوردناس زۆر شەیدای کوردو نیشتمانەکەی بووە، لەو ساڵانەی لە ورمێ کۆنسولی حروسان بووە لەگەڵ گەورە پیاوان و زانایان و ئەدیبانی ساباڵاغ و دەڤەرەکە لە پێوەندیدا بووە. ساڵی ١٩١٥ز لە ساباڵاغ چاوی بە "میسباحودیوانی ئەدەب " (١٨٥٩- ١٩١٦) کەوتووە و ئەدەب گوڵبژێرێک لە شیعرەکانی خۆی بە یادگار داوەتێ، هەروەها بەر لە مەرگی "شێخ بابای بەرزنجی"(١٩١٥) بە دەست تورکانی وەسمانلی لە ڕێی نامەوە لەگەڵی لە پێوەندیدا بووە و داوای نامیلکەیەکی لەبارەی تەریقەتی عیرفانییەوە لێکردووە، بەڵام مەرگ کۆتایی بەو پێوەندییە هێناوە. نیکیتین شارەزای زمانگەلی ڕووسی، لەهێستانی، فەڕانسەوی، ئینگلیسی، کوردی، فارسی، عارەبی و تورکی بووە و بەهەموو ئەو زمانانە نزیک بە چل وتار و نامیلکە و کتێبی لە سەر کوردان هێناوەتە نووسین و وەشاندن و بەوە بۆتە یەکێک لە بەرچاوترینی ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەی کە تا ئێستا لەبارەی کورد و کوردستانیان نووسیوە. شوێنەوارەکانی کەرەسەیەکی گەورەن بۆ وەکۆڵین لەسەر کورد و کوردستان و پێویستە سەرجەم نووسراوەکانی بە شێوەیەکی باش و ڕێکوپێک بکرێنە کوردی و هەڵاوەژێریان لەسەر بکرێ. نیکیتین نەمرە و تا هەتایە جێگەو پێگەیەکی گەورەو تایبەتی لە ناو دڵی ئەو گەلەدا هەیە.
لە ماوەی نیشتەجێ بوونی لە پاریسدا، ٢٨ ساڵ سەرۆکی بەشی ئابووری بازرگانی دەرەوەی بانکی فەڕانسە بووە و ساتێک لە لێکۆڵینەوەو توێژینەوە لەسەر کوردان و ئێران نەوێستاوە. نیکیتین لەپاریس ئەندامی چەندین کۆڕی زانستی بووە وەکو: کۆڕی ئاسیایی و کۆڕی لێکۆڵینەوەکانی ئێرانی، کۆڕی شوێنەوارە مادییەکانی گەلان، ناوەندی نێونەتەوەیی مێژووی سروشتی ئینسان، ئاکادیمی دیپلۆماتیکی نێونەتەوەیی، کۆڕی ڕۆژهەڵاتناسی و کۆمیسیۆنی ڕۆژهەڵاتناسی، ئاکادیمی زانستی تۆرەمەناسی و...
لە ساڵی ١٩١٣دا نیشانی شێر و خۆری ئێرانیان پێبەخشیوە، ساڵی ١٩٢٦ نیشانی «فەڕانسەوی» لۆژیۆن دۆنۆریان ئاراستە کردووە. لە ساڵی ١٩٣١دا کۆڕی جوغرافیایی - بازرگانی پاریس نیکیتنی بۆ ئەو هەوڵ و چالاکیانەی کە لە ڕێی ئابووری ئاسیای ڕووسیە و وڵاتانی دراوسێی ڕۆژهەڵاتی داویەتی، بە بەخشینی خەڵاتێک سەرفراز کردووە.«١٦»
سەرەنجام ڤاسیلی نیکیتینی کوردناس و ئەو دۆستە مەزنەی کورد دوای ٧٩ ساڵ ژیانی تەژی لە کار و لێکۆڵینەوەی بەردەوام لەسەر ئێران و بەتایبەت کورد و کوردستان، لە ڕۆژی ٧ ی حوزەیرانی ١٩٦٠دا لە "مۆرت سێرف" دڵی گەورەی لە لێدان دەکەوێ و بۆ هەمیشە گەردوون جێ دەهێڵێ.

**کتێبناسی ڤاسیلی نیکیتین:**

پێڕستی ئەو کتێب، نامیلکە و وتارانەی کە نیکیتین



**میسباحولدیوان**

به زمانگەلی جۆراوجۆر لە سەر کوردانی نووسیوە. ئەو پێڕستە بە هەندێک جیاوازی و یادداشتی نوێ لە کتێبی بە نرخی "کرد درایار واسیلی نیکیتین"ی تەها فەیزی زادە وەرگیراوە.

به زمانی فارسی:

١- مقالەی تتبعات ایرانشناسی و کردشناسی در شوروی. مجلەی یغما. شمارە ٦، سال ١٠، شهریور ١٣٣٦.

وتاری لێکۆڵینەوەکانی ئێراناسی و کوردناسی لە شۆرەوی. لە گۆڤاری یەغمادا لە تاران.

به زمانی کوردی:

٢- کتێبی ئاخافتن بە زمانگەلی کوردی - ڕووسی، ورمێ، چاپخانەی لازاریستەکان، ١٩١٥ی مەسیحی.

٣- فەرهەنگی نیزامی (کوردی - ڕووسی)، ورمێ، چاپخانەی لازاریستەکان، ١٩١٦ی مەسیحی.

به زمانی ڕووسی:

٤- چەند وتارێک دەربارەی کوردان، ورمێ، ١٩١٧ی مەسیحی.

به زمانی ئینگلیزی:

5- The Tale Of Suto And Tato , Vol III 1re Partie, 1923. En Collaboration avec Soane.

چیرۆکی سوتۆ و تاتۆ بە هاوکاری سوون.

6- Kurdish Stories From My Collection , B. S. O. S` Vol IV , 1926.

چیرۆکەکانی کوردی زنجیرەی نیکیتن کە بریتییە لە سێ چیرۆک بە زاراوەی بادینی و بە نێوی "حکایەتا رز گوری گر"، "حکایەتا شێخ سلێمان" و "حکایەتا میری حەکاریان و مزگێنیا تەیرێ بەهاری". حەکایەتی سێیەمی ئەو زنجیرەیە لە لایەن نووسەری ئەم وتارەوە لە ئینگلیسییەوە کراوەتە کوردی (بڕواننە: میری هەکاری و باڵندەی بەهاری، باسیل نیکیتین، وەرگێڕ: مێهرداد ڕامیدی نیا، گۆڤاری مەهاباد، ژ٨٤، ١٣٨٦، ل١٩.) نیکیتین ئەو چیرۆکانەی کردۆتە ئینگلیسی و دەگەڵ دەقە کوردییەکانی لە ساڵی١٩٢٣ دا لە پاریس چاپی کردووە.

**به زمانی لەهێستانی:**

7- Kwestja Kurdyjska A Mosul , Przeglazd Wspol Czesny. Cracovie ,1926. N 50-51.

کوردەکانی مووسڵ، لە گۆڤاری کراکۆوی لەهێستاندا.

به زمانی تورکی:

8- Kurd Meselesi Bir Ecnebi Nukteye Nezerinden. Kitabhana Hawari, Sham, 1934.

کێشەی کورد لە ڕوانگەی بیانییەکدا.

به زمانی فەڕانسەوی:

٩- ئێرانێک کە من ناسیومە، وەرگێڕاو لە فەڕانسەوە بۆ فارسی، وەرگێڕ: عەلی مەحەمەدی فەرەوەشی (وەرگێڕی هومایون)، تاران، بڵاوکەرەوەی مەعریفەت، ١٣٢٦, ئەو وەرگێڕانە لە ڕووی دەقێکی تایپ کراوەوە وەرگێڕدراوە کە نیکیتین لە پاریسەوە بۆ وەرگێڕی ناردبوو. ئەو کتێبە جارێکی دی بە نێوی "خاطرات و سفرنامەی واسیلی نیکیتین قونسول سابق روس در ایران" بە هەندێک لێ زیاد کردن بە کۆششی بەهرامی فەرەوەشی ساڵی ١٣٥٦ لە تاران چاپ کراوەتەوە.

10- Quelques Observations Sur Les. Kurdes. Mercure de France. 1921

لێکۆڵینەوەگەلێک لەبارەی کوردانەوە.

11- Les Kurdes Et Le Christianisme. Revue De Religions, 1922.

کوردەکان و مەسیحیەت.

12- Un Sujet De Fabel , Variontes Kurde et Persane. Revue D’Ethnologie et Des Traditions Populaires, 1922.

ئەفسانەو تاتە بەدەڵەکانی ئەو لە زمانەکانی کوردی و

فارسیدا.
13- Les Valis D’Ardelan. Rwvue Du Monde Musulman. 1922.
والییه‌كانی ئه‌رده‌لان .
14- Les Idèes Religieuses Chez Les Kurdes. Kongrès De L’Histoire Des Religions , Paris , 1923.
بیروباوه‌ڕی ئایینی له‌نێو كورداندا.
15- La Vie Domestique Kurde. Pevue D’ Ethnologie Et Des Tradition Populaires , 1923.
ژیانی نێوخۆیی كورد.
16- La Fèodalitè Kurde. Revue Du Monde Musulman ‘3Trimestre.1925.
نامیلكه‌ی نیزامی ملوك و ته‌وایه‌فی كوردی .
17- Les Kurdes Recontès Par Euy - Mêmes. Bulletin De L’ Asie Française ‘, Mai , 1925.
كوردان باسی خۆیان ده‌كه‌ن .
18- Quelques Fables Kurdes D, Animaux. Folklore , Londes , Sept , 1929.
چه‌ند ئه‌فسانه‌ی كوردی له‌باره‌ی گیانله‌به‌رانه‌وه.
19- Une Apologie Kurde Du Sunnisme. Rocznik Orientalistyezny , Lwow , T. VIII , 1933.
ڕاڤه‌ی كورد له سوننی.
20- Notes Sur Le Kurde. Oriental Studies in Honour Of Pavry , Oxford Univercity Press , 1933.
چه‌ند یادداشتێك له‌باره‌ی كورده‌وه.
21- Les Système Routier Du Kurdistan. La Gèographie , Mai - Juin , 1935.
زنجیره ڕێگاكانی كوردستان .
22- Ou En Fast La Kurdologie? Annali Di R. Instituto. Orientale Napoli ‘Dec 1936.
كوردناسی به چی ده‌كوترێ؟
23- Ismaël Tchol ‘Al Yazidiah Qadiman Wa Hadithan. Beyrouth, 1993.
گوزارشتێكی نیكیتین له‌باره‌ی كتێبی ئێزیدی قه‌دیم و ئێستای نووسه‌ر سمایل چۆل.
24- L’ Element Kurde Dans La Situation Internationale En Orient Moyen. Supplèm. Bull. Quotid. Avr ‘ 1940.
ماكی كورد له هه‌ڵكه‌وتی نێونه‌ته‌وه‌یی ڕۆژهه‌ڵاتی ناویندا .
25- Le Pluriel En - T. I’ Ethnographie, 1944.
كۆ له پیتی - (ت)دا .
كێشه‌ی كورد .
27- La Poèsie Lyrique Kurde. L’ Ethnographie. N 45 , 1950.
شیعری غه‌نایی كورد. .
28- Kurdes. Dictionnaire Diplomatique , Vol 1 , ( S. D ).
كورده‌كان له واژه‌نامه‌ی ڕامیاریدا، به‌رگی یه‌كه‌م.
29- Encyclopèdie De L ’Islam. 1 re Edit. Articles : Oramar , Rawandiz , Shamdinan.
بابه‌ته‌كانی : ئۆره‌مار، ڕواندز، شه‌مدینان له دایره‌تولمه‌عاریفی ئیسلامی، چاپی یه‌كه‌م.
30- ibid , 2 `Ed , Articles : Bradust , Bani Saif - Al - Akrad , Baneh , Bahlul , Baderkhanides.
بابه‌ته‌كانی: برادۆست، به‌نی سه‌یفی كورد، بانه، به‌هلول، به‌درخانییه‌كان له دایره‌تولمه‌عاریفی ئیسلامی، به‌رگی یه‌كه‌م، پیتی A و B به زمانی ئینگلیسی، چاپی دووه‌م.
31- Christoff : Kurden Und Armenien. Compte rendu Dans L ’ Ethnolographie , 1936.
ڕاپۆرتێك له نیكیتین ده‌باره‌ی كتێبی كورد و هه‌رمه‌نییه‌كان، نووسراوه‌ی كریستۆف.
32- Les Kurdes. Etude Sociologique Et Historique , Paris , 1956.
لێكۆڵینه‌وه‌یه‌كی مێژوویی و كۆمه‌ڵناسی ده‌باره‌ی كوردان . ساڵی ١٩٦٢ كراوه‌ته ڕووسی و به نێوی كورده‌كان له مۆسكۆ چاپ كراوه. (محه‌مه‌دی قازی)ش له ساڵی ١٣٦٦ هه‌تاوی كردوویه‌تییه فارسی و به نێوی كورد و كوردستان چاپه‌مه‌نی نیلوفه‌ر له تاران بڵاوی كردۆته‌وه. ته‌ها فه‌یزی زاده‌ش ساڵی ١٣٤٣ نیوه‌ی ئه‌و كتێبه‌ی كردۆته كوردی و تا ئێستا بڵاو نه‌كراوه‌ته‌وه.
33- Les Themes Religieux Dans Les Textes De La Collection De Nikitine , Actes Du Congres International D ’ Histoire Des Religions Tenu A Paris

1923 , T. ll. Paris 1925 , II. Champion.

بابەتگەلی ئایینی لە دەقەکوردییەکانی زنجیرەی نیکیتیندا، بەڵگەکانی کۆنگرەی نێونەتەوەیی مێژووی ئایینەکان لە پاریس بەڕێوەچوو، چاپەمەنی شامپۆلیۆن.

34- Ereb Chamo. Berger Kurde. Je L’ Ai Traduit En Français.

چیرۆکێک لە عەرەب شەمۆوە«١٨٩٧-١٩٧٨» نووسەری کوردی قەفقاز بە نێوی شوانی کورد، کە نیکیتین لە ڕووسی ڕا کردوویەتە فەڕانسەوی. ئەو کتێبە هەر لەسەردەمی بڵاو بوونەوەی« ١٩٣٠» دا کراوەتەڕووسی، هەرمەنی، گورجی و تورکی .

35- Communication Intitulèe Confribution A L ’ E`tude Du Djihad , Au Congrès International D ’ Histoire Des Religions Tenu A Bruxelles En Sep , 1935.

بانگەوازێک بە ناوونیشانی کۆنگرەی نێونەتەوەیی مێژووی ئایینەکان بەڕێوەچوو لە برۆکسیل لە ئەیلوولی ١٩٣٥ز لە ژێر ناوی بەشداری لە موتاڵای ئەمری جیهاد.

36- Contribution A L ’ E`tude Du Djihad , Vle Congrès International - Bruxelles En 1935.

بەشداری کردن لە موتاڵا و وەکۆڵین لە ئەمری جیهاد، بەیاننامەیەک کە درا بە شەشەمین کۆنگرەی نێونەتەوەیی مێژووی ئایینەکان لە برۆکسیل .

37- Essai De Classification De Folklore A L’ Aide D’ Un Inventaire Social - Economique A Propos De Mêm - O - Zin  Bruxelles , 1935.

وەکۆڵین لە دەستەبەندی فولکلۆر، بە یارمەتی پێڕستێکی ئابووری کۆمەڵایەتی لەبارەی بەیتی (مەم و زین)، شازدەمین کۆنگرەی نێونەتەوەیی مەردمناسی لە برۆکسیل.

38- Thèatre De La Grande Guerre Dans Le Nord - Ouest La Perse. L’ Asie Française , Paris , 1921.

تەئاتری (شانۆ) جەنگی جەهانی لە باکووری ڕۆژئاوای ئێراندا.

«مەهاباد، پاییزی ١٣٩١»

**ژێدەر و پەراوێز:**

**«*»- لە سەرچاوەکاندا لەسەر ساڵی لە دایکبوونی نیکیتین جیاوازی هەیە، فەیزی زادە ساڵی ١٨٨٥ ی تۆمار کردووە (بڕوانە: کرد و کردستان در ایار واسیلی نیکیتین، ل ١٥) و لە فەرهەنگی ڕۆژهەڵاتناسانیشدا ساڵی ١٨٨٣ تۆمار کراوە. (بڕوانە: فرهنگ جامع خاورشناسان، ل١١٥٣). لە کتێبی بیرەوەری و سەفەرنامەی نیکیتیندا ساڵی ١٨٨١ تۆمار کراوە کە بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە نیکیتین دانەی تایپ کراوی ئەو کتێبەی بۆ وەرگێران داوە بە عەلی محەمەدی فەرەوەشی، ڕەنگە ئەوە مێژووی ڕاستی لە دایکبوونی نیکیتین بێ.**

**«١» کرد و کردستان در ایار واسیلی نیکیتین ؛ طه فیضی زاده، ناشر مولف،«تبریز» : ١٣٦٧، ل١٣.**

**«٢» خاطرات و سفرنامەی موسیو ب. نیکیتین؛ ترجمەی علی محمد فره وشی، چ٢، نشر معرفت، تهران: ٢٥٣٦ شاهنشاهی، ل٢٠، ٣.**

**«٣» فرهنگ جامع خاورشناسان مشهور و مسافران به مشرق زمین؛ نصرالله نیک بین، ج٢، چ١، نشر ارون، تهران: ١٣٧٩، ل١١٥٤.**

**«٤» ژێدەری ژ٢، ل١٠.**

**«٥» ژێدەری ژ ١، ل١٤.**

**«٦» ژێدەری ژ٢، ل١٦، ١٠.**

**«٧» ژێدەری ژ١، ل١٥.**

**«٨» ژێدەری ژ٢، ل١٠ و هەر وەها ژێدەری ژ١، ل١٢.**

**«٩» ژێدەری ژ٢، ل١١، ١٠.**

**«١٠» ژێدەری ژ١، ل١٥.**

**«١١» پێشوو، ل ١٦.**

**«١٢» کرد و کردستان یک کتاب تازەی بسیار ممتاز؛ سید محمد علی جمالزاده، مجلەی یغما، سال نهم، شمارەی نهم (زنجیرەی ١٠١)، تاران، ارر ماه ١٣٣٥، ل٤٠٥.**

**«١٣» کرد و کردستان؛ واسیلی نیکیتین، ترجمەی محمد قاضی، نشر نیلوفر، تهران: ١٣٦٦، ل ١٤.**

**«١٤» پنجاه سال ایرانشناسی در فرانسه (١٩٧٢- ١٩٢٢)؛ حسن روا، نشریەی دانشکدەی ادبیات و علوم انسانی تبریز، شمارەی ١١٩، پاییز ١٣٥٥، ل ٤٠٦.**

**«١٥» ژێدەری ژ١٢، ل٤٠٦، ٤٠٥.**

**«١٦» ژێدەری ژ٢، ل١١.**

# یادێک لە حەقیقی شاعیر

ئەمین گەردیگلانی
(بۆکان)

کاتێک دەڕوانینە دنیای ئەدەب و شیعری کوردی و جوانی و ڕەسەنایەتییەکەی سەرنجمان ڕادەکێشێ، تروسکە و سریوەی گەلێ ئەستێرەی گەش چاوە بڕکێنە لەگەڵ هەست و ڕوحمان دەکەن و بە زمانی ڕوونی وشە و ئاهەنگ و مۆسیقای شیرین و ڕەوانی کەلام دەماندوێنن. ئەو هەستە پاکانەی بوونەتە بەشێک لە فەرهەنگ و تۆرە و هونەری گەلەکەمان بەڕاستی بۆ ئەوە دەبن شانازییان پێوە بکەین و سەری ڕێز بۆ هەست و هونەرەکەیان دانەوێنین و دڵمان بکەینە جۆلانە و هێلانەی شیعر و وتە بەنرخ و پڕ تاموچێژەکانیان.

بێ گومان بۆ هەموو ئەدەب دۆست و گەوهەرناسێک خۆیا و ئاشکرایە کە مامۆستا حەقیقی نەمر شاعیرێکی بەئەزموون و هەست ناسک و بیر ورد و ڕەوانبێژە و هەمیشە لە دڵی گەلەکەیدا زیندووە و بەڕاستی شیعرەکانی پڕاوپڕن لە جوانی و هەموو چەشنەکانی هونەری شیعری و جوانکاریی ئەدەبی و بیری ورد و مووقەڵێشانە. مامۆستا حەقیقی لە شیعری کوردیدا بە ڕاستی جێ پەنجەی دیارە و لەنێو ئەستێرەکاندا گەشە ئەستێرەیەکی پڕشنگدارە. ئەو ناسکی و ڕەوانی و دیاردەی جوانی و وێنە شیعرییانەی لە شیعرەکانیدا و بە تایبەت لە چامە و غەزەلەکانیدا شەپۆل دەدا بەڕاستی جێگای سەرنجە و هەڵدەگرێ چەندین کتێب و وتاری تێروتەسەلی لەسەر بنووسرێ.

من چونکە شانازیی ئەوەم هەبووە لە نزیکەوە لە خزمەتی ئەو شاعیرە مەزن و ڕووناکبیر و گەشبینەدا بم و یەکێک لە شاگردە هەرە چکۆلەکانی ئەو گەورە پیاوەم (ئەگەر شیاوی ئەوە بم و ڕێم لە ڕیزی شاگردەکانیدا هەبێ)باش دەزانم کە ڕوح و دڵ و ئاکاریشی وەک



حەقیقی

شیعرەکانی پاک و بێگەرد و بێ غەور و دڵۆ بوون.

ئاکاری جوان و ڕووخۆشی و زمان شیرینی و قسەخۆشییەکەشی ئەوە هەر باسی ناکرێ و دەبێ چەندین وتار و بابەتی لە سەر بنووسرێ.

بۆ ئەوەی تیشک بخەمە سەر ئەو هەستە پاراو و ڕەوانەی و ئەو ناسک خەیاڵییەی لە شیعرەکانیدا شەپۆل دەدا. بە پێویستی دەزانم چەند نموونە لە شیعرەکانی بخەمە بەر چاوی خوێنەرانی ئازیز. بڕواننە ئەم غەزەلە تازە و پاراوە کە جوانی و تازەیی لە هەموو بەیتەکانیدا دیار و جێی سەرنجە:

**جوانە گوڵ خونچە، گوڵم! وەک دەم و لێوی تۆ نا**
**بێ و هەناریش خڕوپڕ وەک مەمی سێوی تۆ نا**
**گەرچی زۆر شیرنە هەنگوینی شەمەترووکە، بەڵام**
**بە مەزەی نۆبەرە ماچێک و جنێوی تۆ نا**
**شۆڕشی موتتەفقین و گڕی فیتنەی نازیم،**
**دیوە ئەمما بە بزەی فیتنە بزێوی تۆ نا**
**من بەزیوی هەڕەشە و لاشەڕی دوو چاوی ڕەشم**
**لە هەڕوگیفی حەریفانی دزێوی تۆ نا**
**نەوەسانی هەیە بازاڕی تەلا ئەمما وەک**
**دڵی من بۆ پەلوپووزی وەکو زێوی تۆ نا**

**دەفتەری سەبتی ئەوین میهر و وەفاشی تێدا**
**ئۆگریم بەویە، بەڵام بێجگە لە نێوی تۆ نا**
**بۆ پەشێوی گوڵم! ؟ ئەی ماوەیی ژینم بە فیدات**
**بۆ حەقیقی نەژیان سەهلە، پەشێوی تۆ نا.**

لە چامەی بەهاری کوردەواریدا کە بۆ کارەساتی دڵتەزێنی هەڵەبجەی نووسیوە بەڕاستی بۆمان دەردەکەوێ مامۆستا حەقیقی چەندە خامە ڕەنگین و خاوەن دەسەڵاتە لە شیعردا و دیمەنی جەرگبڕی ئەو کارەسات و قەڵاچۆیەی بە وشە و وێنەی شیعری پیشان داوە و ئەو کێوی خەمەی بە شانی هەست و شیعر هەڵگرتووە. کاتێک ئەو چامە بەرز و مەزنە دەخوێنینەوە سەرمان سووڕدەمێنێ کە دەبێ ئەو توانایی و دەسەڵاتە شیعرییە چی بێ کە لە هەست و خەیاڵیدایە و ئاوا بەوردی دەرد و ئازارەکانی دەربڕیوە و بە کامێرای وشە دەیاننوێنێ:

**بە جورعە و مورعە کار پێکنایە ساقی پڕ کە مینایە**
**بەقەد کێوی دەماوەند و سەهەندم خەم لە دڵدایە**

**بەهارە و وەک گەڵاڕێزانە تەرمی نۆ نەمامانی**
**نەما مانی هەتا ڕەسمی نەمامانی بکێشایە**

**سەدان خونچەی نەپشکووتوو، هەزاران نێرگسی خەوتوو**
**بەگێژی گێژەڵووکەی بای دژی ژین تەرتوتوونایە**

**سەدان دایک دەبینی کۆرپە ساواکەی لە باوەشدا**
**مەمی دایەی لە دەمدایە و لە هیچیانیش پشوو نایە**

**چیا بۆ ڕۆڵەکانی شین دەکا و ڕووی خۆی ڕنی بۆیە**
**شیاری ڕوومەتی پەیدایە کاتی ڕۆشن و سایە**

مامۆستا حەقیقی بێجگە لە شیعری ناسک و خەیاڵاوی و غەزەلی تەڕ و تەرچک و بە تام و پڕ ناوەڕۆک لە بواری تارۆز و شیعری کۆمەڵایەتیشدا خاوەن دەسەڵاتە و کەم شاعیری کورد هەیە بە ڕادەی ئەو ئاوڕی لە ئەو بوارەی ئەدەب دابێتەوە و بە زمانی تەنز و تارۆز دەرد و گیروگرفت و نەهامەتی و دواکەوتووییەکانی کۆمەڵگای دابێتە بەر پلار و نقورچک، یان زەقی

کردبێتنەوە.

لەوانە شـیـعـری گـامـێـشـە کـوێرە و سـووری دەوران و مانگا پیوازی و کورد زیندووە و کۆنە چیرۆک و گرانی و سەگی بەغدایە و دەسەڵات و حەشری هێلکە و سەری بورج و...تاد

**دوو کیلۆ گۆشتی دەکرم بۆ نەهار**
**پێیان ڕاناگا دەبێتە هاوار**
**لە مەلام پرسی بەو مواجبە**
**حەوتووی جارێکی پلاو واجبە؟**
**بزێکی هاتێ، گوتی ناوەڵلا**
**ئەگەر لە ماڵێ نەبێتە هەڵلا**

* * *

**ئابیاری گەر جەریمەیشم بکا**
**من لە ئاوا سەرفەجوویی کەم دەکەم**
**خوا نەخواستە بێمە ماڵت دەفعەیەک**
**مستە خۆڵێک دێنم و تەیەمم دەکەم**
**تا لە ترسی فیشی ئاو سەکتەی نەکەی**
**نوێژەکانیشم بە قەسروجەم دەکەم**

لە چامـەی بەرزی «بیـرەوەری» دا زیاتـرمـان توانایی مامۆستا حەقیقی بۆ دەردەکەوێ و دەبینین لە چامەیەکی ئاوا درێژ و حەفتا بەیتیدا کە زۆربش تارۆزێکی شیرینە، چەندە بە توانست و دەسەڵاتە و وشە لە دەستـیدا وەکو مێو وایە:

**وەرن ئەو نەقڵە سەیرەو بۆ وەگێڕم کۆمەڵی یاران**
**بە شەرتێکی نەفەرموون خۆ کتێبی ئەلف و لەیلایە**

**لە ناخی سینەما باسی نەما یا ما، نەما سینەم**
**لە داخی چەرخی سیما سینەما، یا سینەما سایە**

**لە سەر دەریای نەوت خەوتووم و ئەمما بۆ سوخت سوختم**
**دەڵێی تینووی قەراخ ئاوی فوراتێم و دڵم نایە**

**بە کۆپینیش چمان دەست ناکەوێ خوایە پەنا بۆ تۆ**
**دەترسم دوای کەری جرجاڵ کەوین بۆ دەنکە خورمایە**

**سەفی نووسەر هەمموو کورکن دەڵێی هێلکەت وەبەر ناون**
**گەلی هۆنەر وەکو گاگێرە دەمبێنیان لە دەم دایە**

لە شیعری گرانیشدا لە دەست گران بوونی کەلوپەل و بژێوی ژیان زاڵەی دێ و تیری توانج لە کاربەدەستـان و هۆکارانی ئەو کێشە و گرفتانە دەگرێ و سیخورمەی وشە لە خاڵیگەیان دەکوتێ:

**گرانی گووی لە مستەزعەف دەرێنا**
**دەزانی چۆن وەکو کەنگر بە پیشکی**
**بە جیقنە و میقنەوە و تووک و پەڕوباڵ**
**سەدوحەفتا تمەن کیلۆی مریشکی**
**لە گام پرسی ئەتۆ کیلۆت بە چەندە؟**
**لە سەوری ئاسمانی دا بە لووشکی**
**بەهای گازۆڵی بۆگەن بۆتە خۆرە**
**دەبینم خۆرەکەش بێ تینە تیشکی**
**هەمموو کون کون بوو بەرگم چەشنی جەرگم**
**بە گرفەی شووی تەڕ و قرچە و پریشکی**
**بە دینم پێکەنینت دێ بە دینم**
**کە وێک هاتووم لە سەرما چەشنی ژیشکی**

من نـە لێکـۆڵەر و نە ڕەخنەگـرم و نە شـارەزای ڕاڤـە و شرۆڤەی شیـعـر و دەقی ئەدەبیم تەنیا وەک قوتابییـەکی بچووکی مامۆستا حەقیقی دڵپاک و نەمر تیشکم خستە سـەر چەند لایەنێکی هەست و سـۆزە پاراوەکـەی و ئەم چەند دێڕەم نووسی. بە ڕاستی ددانیشی پێدادەنێم کە لە حاندی ئەو زاتە گەورە و ڕوحە مەزنەکەی هێندە خۆم بە بچـووک و کـەم دەزانم کـە زمـانم گـۆ ناکـات و پەنجـەم توانایی نووسینی نییە.

لە کۆتاییدا چەند بیرەوەریی ئەو کاتانە دەگێڕمەوە کە لە خـزمـەتیـدا بووم. ئەو کـەسـانەی چووبێـتنە خزمـەتی مـامۆسـتا حەقیـقی، دەزانن کە ئەو شاعیرە هێژایە چەندە ماڵخۆش و میوانگر و دڵفراوان بوو. کاتێک لە ماڵەوە بوایە دەرگـای حـەوشـەکـەیان لەسـەر گـازەرای پشت دەکرایەوە و خـۆی لە بەر پەنجـەرەکـە بەرەوڕووی دەرگـای حـەوشـەکـە دادەنیـشت و لەگـەڵ خـوێندنەوەی کـتـێب و نووسین چاوێکی هەر لە دەرگـای حـەوشـەکـە بوو و چاوەڕوانی میوان و قوتابییەکانی بوو. کاتێک دەرگای حەوشە پێوەبدرایە مانای ئەوە بوو مامۆستا لە ماڵەوە نییـە و ئیـتـر پێـویست بە پرسیـار کردن و لە دەرگـا دان نەبوو. کاتێک میوانێک، یان چکۆلەترین قوتابی کە من بووم دەگەیشتـینە بەر دەرگای حەوشەکە و چاوی پێمان

دەکەوت بەپەلە هەڵدەستا و بە کۆمەکۆم و دەست بە گۆچان دەهات بەرەوپیری میوانەکەی و بەڕوویەکی خۆش و پڕ لە گوڵاڵەی زەردەخەنەوە دەیبردە ژووری و دوای ئەوەی بە گەرمی میوانداریی لیَ دەکرد، زۆر بە سینگێکی ئاوەڵاشەوە گوێی بۆ بیستنی دەق و نووسینەکانیان ڕادەگرت و دڵسۆزانە و وردبینانە بەرهەمەکانی بۆ نیسکەشۆر دەکردن و بەپێی پێویست ڕێنوێنی دەکردن. کەم وابوو بچمە خزمەتی و دەوری پڕ نەبێ. ژن و پیاو و کوڕ و کچ لە دوور و نزیکەوە بۆ ڕێنوێنی دەهاتنە خزمەتی و بە دڵێکی خۆشەوە دەگەڕانەوە و قەتم نەدی دڵی کەسێک بڕەنجێنێ و ئەگەر بەرهەمەکەی زۆریش لاوازبوایە ڕووشکێنی نەدەکرد.

ڕۆژێک چوومە خزمەتی و دوای ئەوەی شیعرێکی کاڵوکرچی خۆمم بۆ خوێندەوە داوای پێداچوونەوە و ڕێنوێنیم لێکرد، فەرمووی خراپ نییە، بەڵام تۆزێ بۆ کاڵی لیَ دێ و دەبێ نیسکەشۆرێکی بکەی. دوای ئەوەی چایەکمان خواردەوە، ئالبۆمێکی وێنە کە لەبەر کتێبخانەکەیدا دانرابوو سەرنجی ڕاکێشام. فەرمووی ئەو ئالبۆمە بێنە تەماشای کە بزانە کاتی لاوی کوڕی چاک بووم. دەستم دا ئالبۆمەکە و لەگەڵ هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مامۆستا چاوی هەر لە دەستم و ئالبۆمەکە دەکرد، دیاربوو دەیەوێ شتێک بڵێ و چاوەڕێیە بگەمە لاپەڕەی مەبەست و شوێنی خۆی. دوای هەڵدانەوەی چەند لاپەڕە و چاو لە وێنەکان کردن فەرمووی ئەو ئەکسەت پێ چۆنە؟ گوتم: زۆر جوانە مامۆستا. فەرمووی بە چاوی مشتەری لێی بڕوانە. وردتر چاوم لێکرد وێنەیەکی جوان و گەشاوە بوو بە دیمەنێکی سەرسەوز و ڕازاوەوە. وێنەکە مامۆستا بوو لەگەڵ کاک مستەفا ئیلخانیزادە و لە نێو گیاجارێکی پڕ لە گوڵ و سەوزەڵانیدا کێشابوویان و زۆر وێنەیەکی جوان بوو. مامۆستا فەرمووی: ڕۆژێکی میوانێکمان هەبوو لە گوندەوە هاتبوو دەستی دا ئالبۆمەکە و هەڵیدایەوە، کە گەیشتە ئەم وێنەیە گوتی: تەککوو، ماشەڵڵا! گوتم: چییە، من جوانچاکم، یان کاک مستەفا کە ئاوا ماشەڵڵامان پیَ دەڵێی؟ کابرای میوان گوتی: نا مەبەستم ئێوە نییە، ماشەڵڵا لەو لەوەڕە خۆشەی لە نێویدان!!

ڕۆژێکی دیکە چوومە خزمەتی قەندانێکی پڕ لە کشمیشی دانابوو کە چاییان هێنا فەرمووی، ئینجا وەرە با چایی بە مێوژەوە بخۆین. پێم سەیر بوو مامۆستا بەو کشمیشە ورد و زەرد و جوانەی گوت مێوژ. چاییمان خواردەوە و پاشان وەک جاران چەند شیعری کاڵوکرچم بۆ خوێندەوە و بە پێی پێویست ڕێنوێنی کردم. عەرزم کرد مامۆستا جەنابت شیعری تازەت دانەناوە؟ زەردەیەکی شیرین نیشتە سەر لێوە ناسکەکەی و فەرمووی: تاکە بەیتێکم بۆ ئەو مێوژە داناوە. دیسان پێم سەیر بوو مامۆستا بە کشمیشەکەی گوت مێوژ. بە پێکەنینەوە فەرمووی خزمێکمان کە خەڵکی ناوچەی چۆمی مەجیدخانە، دەچوو بۆ سەردەشت و داوام لێکرد دوو سێ کیلۆم مێوژ بۆ بێنێ، کاتێک هاتەوە و بۆی هێنام و کە پرێسکەم کردەوە لە جیاتی مێوژ ئەم کشمیشە موبارەکەی بۆ هێنابووم. گوتم: خۆ ئەوە کشمیشە هێناوتە و ئێرە زۆری لەوە لێیە، بمزانیبایە ئەوە دێنی زەحمەتم وەبەر نەدەنای و لێرە دەمکڕی. کابرا گوتی: دەی مامۆستا ئەوە مێوژە هیدی فەرقی چییە؟ منیش لە داخان ئەم بەیتە شیعرەم دانا:

**لەداخی خەڵکی ئەو خوارەی بە کشمیشی دەڵێن مێوژ**
**ئەمن شەرتە لەمەولاوە بە شێلانە بڵێم گێوژ**


**سەرچاوە:**

**١ـ کۆڵکە زێڕینە. مرکز نشر فرهنگ و ادبیات کردی ارومیە چاپ اول ١٣٧٤.**

**٢ـ دیوانی حەقیقی. مرکز نشر فرهنگ و ادبیات کردی ارومیە چاپ اول ١٣٦٧.**

# ئیمانۆییل کانت: چۆن زانستی سروشتی بێگەرد شیاوەکییە؟

له ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)

لە پرۆسەی هزردا پێوەندی لەنێوان شت و بڕیاردان بەو جۆرەیە:

لێرەوە دووەمیان دێت، هەروەها جۆری سەلمێنەی تایبەتی هەمان شتە: ئەو بنەمایانەی بەبیرداهاتن ڕاستەوخۆ ناچنەوە سەر دیاردە بە دەرکەوتووەکان و پێوەندییەکەیان، دەچنەوە سەر شیاوەکی شارەزایی و ئەزموون کە دیاردەکان تەنیا کەرەسەکەیان نەک فۆرم پێکدەهێنن، واتە:

بۆ سەر ڕستە لێکدراوە بابەتییە گشتییە هەمەکییەکان لەوەشدا بڕیارەکانی (حوکمەکانی) ئەزموونی لە بڕیارەکانی پەیبردنی هەستەکی ساکار جیا دەکرێنەوە و هۆی ئەمە ئەوەیە:

دیاردەکان وەک چەند سەرنجدانێکی ساکار بەشێکی جێگا و کاتیان هەیە دەچنە ژێر چەمکی قەوارەوە (چەندەوە) کە هەمەڕەنگی ئەوان پێشیانە بەپێی ڕێوشوێنی لێکدراو یەک دەخات، ئەوەندەی پەی پێبردنی هەستەکی لە دەرەوەی سەرنجدان هەستی تێدا بێ، لەنێوان ئەوان و سفردا دەبێ، واتە لەبەرچاو ونبوونی بە تەواوەتی ئەو خۆی هەموو کاتێک گواستنەوەیەکە بەهۆی کەم بوون ڕوودەدات ڕیالیستی دیاردەکان پێویستە پلەیەکیان هەبێ، ئەوەندەی ئەوان بە تایبەتی خۆیان هیچ بەشێکیان لە جێگا، یان لە کاتێکدا نەبێت( ١٠ )، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گواستنەوە بۆ لای ئەوان لە بۆشایی کاتەوە، یان لە جێگای بۆشەوە تەنیا لەکاتدا لە کردن دێت، ئینجا هەست وەک خەسڵەتی بۆچوونی ئیمپری لەوەدا کە بە تایبەتی لە هەستەکانی تر جیایە، هیچ جارێک ناکرێت پێشییانە بزانرێ، لەگەڵ ئەوەشدا بەلای کەمەوە دەکرێ لە ئەزموونی شیاوەکیدا بەگشتی قەوارەی تێبینی هەستەکی چڕوپڕ لە یەکێکی تری جۆری دیکە



**کانت**

جیا بکرێتەوە، بەو پێیە جێبەجێ کردنی بیرکاریمان بەسەر سروشتدا سەبارەت بەسەرنجدانی هەستەکی کە ئەوەمان پێ دەبەخشێ، کرد بە شیاوەکی و دەستنیشان کراو.

پێش هەموو شتێک پێویستە خوێنەر ئاگادار بێ لە جۆری سەلمێنەی ئەو بنەما بنەڕەتییانەی لەژێر ناوی لە یەکچوون وەک یەکبوونی شارەزایی دێنە بەرچاو، چونکە ئەو بنەما بنەڕەتییانە وەک بنەماکانی جێبەجێ کردنی بیرکاری بەسەر زانستی سروشتیدا بەگشتی بەرهەمی سەرنجدانەکان نین، بەڵکو هی بەیەکەوە بەند بوونی بوونەکەیانن لە شارەزایی و ئەزموونەدا، ئەو لە دەستنیشان کردنێکی بوون بەپێی کات بەولاوە نییە کە دەکرێ چەند قانوونێکی ناچاری بێ و بابەتییانە بە تەنیا ڕاست و دروست و شارەزایی و ئەزموون بێت، سەلمێنەکە بریتی نییە لە ساغکردنەوەی یەکەیەکی لێکدراوی بە یەکەوە بەسترانەوەی شمەکەکان لەخۆیاندا بۆ خۆیان، بەڵکو ساغکردنەوەی یەکەیەکی لێکدراوی پەیبردنە هەستییەکان نەک سەبارەت بە ناوەڕۆکەکەیان، بەڵکو بە لەبەرچاوگرتنی دیاری کردنی لە کاتدا و سەبارەت بە دەستنیشان کردنی پێوەندی -بوون- لە کاتدایە بە پێی چەند قانوونێکی گشتی. ئەو قانوونە گشتییە-هەمەکییانە کەوابوو ئەوپەڕی پێداویستی (ناچاریی) دەستنیشان کردنی بوون لەکاتدا بەگشتی دەگرنە خۆ و تێیاندایە. (بەو پێیە، بەپێی ڕێسایەکی پێشییانەی تێگەیشتن - مێشک) ئەگەر دەستنیشان کردنی ئیمپریانە لەکاتی ڕێژەییدا بابەتیانە دروست و گونجاو ئینجا شارەزاییش بێ. لەو پێشەکییەدا لێرە ناتوانم لەوە پتر بڵێم، بەڵکو بەو خوێنەرە دەڵێم کە ماوەیەکی دوورودرێژە وا ڕاهاتووە وا سەرنجی شارەزایی- ئەزموون بدات کە تەنیا کۆی لێکدراوی ئیمپری پەی پێبردنەکانی تێدایە. من ئامۆژگاری دەکەم بیر لەوە نەکاتەوە کە تاقیکردنەوە پتر لەوە بڕ دەکات ئەو پەی پێبردنە هەستیانە ببەزێنێ کاتێک بەهایەکی گشتی هەمەکی بەو بڕیارە (حوکمە) ئیمپریانە دەدرێت، بگرە دەبێ یەکەیەکی بێگەردی تێگەیشتن هەبێ کە لە پێشیانەوە دێت، هەروەها دەبێ لەوە ئاگادار بێ کە جیاوازی لەنێوان ئیمپری و کۆی کۆبووەوەی ساکاری پەیبردنە هەستییەکاندا بکات و لەو ڕوانگەیەوە بڕیار لە بارەی جۆری سەلمێنەکانەوە بدات.

پ: ٢٧

ئێستا ئێرە ئەو جێگایەیە گومانەکەی هیوم لە بنەڕەتەوە هەڵتەکێنین. ئەو گوتوویەتی و ناهەقی نەبووە: ئێمە شیاوەکی هۆیەکی، واتە پێوەندی بوونی شتێک بە بوونی شتێکی دیکەوە کە لەلای ئەوەوە بە ناچاری دانراوە، بەهیچ جۆرێک بەژیر پەی پێ نابەین. من لەلای خۆمەوە لێی زیاد دەکەم: ئێمە لە بۆچوونی بوونی سەربەخۆی شت لە بۆچوونی هۆیەکی باشتر تێناگەین، واتە ناچاری- بوونی- سەربەخۆیی شت، ئەگەر بار نەبێ بەسەر شتێکی تر لە تێگەیشتنمان لە هۆیەکی ڕوونتر نابێت، سەرەڕای ئەوە ناکرێ دەربارەی شیاوەکی هەبوونی ئەو جۆرە شتە بۆچوونمان هەبێ (ئەگەرچی دەکرێ لە شارەزایی و ئەزموونەدا نموونەی ئەو جۆرە بەکارهێنانە بهێنینەوە)، لە هەمان کاتدا ئەو تێنەگەیشتنەمان پێوەندی دەستیاوی نێوان شمەکەکان دەگرێتەوە لەوەدا ئێمە هیچ کاتێک نابینین چۆن لە ڕەوشی شتێکەوە ڕەوشی شتێکی دیکەی لە دەرەوەیدا لێ دەکەوێتەوە، چون بەناچاری دەبێ گەوهەرێک بە دوای گەوهەرێکی تردا بێت، لە کاتێکدا هەر گەوهەرە بوونی تایبەتی و

سەربەخۆیی خۆی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا من زۆر لەوە بەدوورم وا سەرنج بدەم کە ئەو بۆچوونە لە شارەزایی و ئەزموونەوە وەرگیرابێ، یان ناچاریی کە لەودا وێنا دەکرێ، بە ئەندێشە و ڕواڵەت و ڕووکەش دابنرێ کە بەهۆی ڕاهاتنێکی دووررودرێژەوە کەوتبێتەوە: پتر لەوە بە تێروتەسەلی نیشانم داوە کە ئەو لەگەڵ ئەو بنەما بنەڕەتییانەی لێی دەکەونەوە پێشییانە بەر لە هەموو شارەزایی و ئەزموونێکەوەن و ڕاستییە گومان هەڵنەگرییە بابەتییەکەی تەنیا هەر بەپێی شارەزایی دەبێ.

پ:٢٨

ئەگەرچی من دەربارەی ئەو جۆرە پێوەندییەی نێوان شمەکەکان خۆیان لە خۆیاندا چون ئەوان وەک گەوهەر بوونیان هەیە، یان وەک هۆکاری کارا، یان لەگەڵ هی تردا پێوەندی هاوبەشیان هەیە (وەک بەشێکی کۆیەکی ڕاستەقینە) کەمترین بۆچوونم نییە، بگرە کەمتریش دەتوانین تایبەتمەندییەکانی دیاردەکان وەک دیاردە بە بیرماندا بهێنین (چونکە ئەو بۆچوونانە هیچیان تێدا نییە لەوانەی لە دیاردەکاندا هەیە، بەڵکو ئەوەیان تێدایە کە دەبێ مێشک بیری لێ بکاتەوە). لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لە مێشکدا لە بارەی پێوەندییەکی لەو جۆرەی وێناکردنەکان و بە دڵنیاییەوە بەگشتی لە بڕیاردانەکانیشدا بۆچوونێکمان هەیە بە تایبەتی: بۆچوونەکان سەر بە جۆرێکی بڕیارەکانن وەک بنە لەو پێوەندییەدا بە بارەوە هەیەتی، لە جۆرێکی تردا وەک هۆکارێک کە پێوەندی بە ئەنجامەوە هەیە و لە هی تردا وەک بەش دەردەکەون، هەموویان پێکەوە تێکڕای زانینی شیاوەکی پێک دەهێنن. دواتر ئێمە پێشیانە دەزانین: زانینی ڕاستەقینەمان دەربارەی بابەتێک نابێ، ئەگەر بابەتێک وێنا نەکەین بەو شێوەیەی کە سەبارەت بە پێوەندییەک، یان بەیەکی ترەوە لەو پێوەندییانە دیار و دەستنیشان نەکرابێ، خۆ ئەگەر ئێمە خۆمان بە بابەتەکەوە لە خۆی خۆیدا خەریک بکەین، هیچ تاکە سیمبولێک دەستگیر نابێ کە بەهۆیەوە من بتوانم بزانم بابەتەکە سەبارەت بەیەکێک، یان ئەوی تری ئەو ساتە وەختە گریمان کراوە دیار و دەستنیشان دەکرێ، واتە: سەر بە چەمکی گەوهەرە، یان سەر بە هۆکارە، یان (سەبارەت بە گەوهەرەکانی دیکە) سەر بە چەمکی هاوبەشییە؛ من

دەربارەی شیاوەکی بوونی ئەو جۆرە بە یەکەوە بەسترانەوەی بوون، هیچ جۆرە بۆچوونێکم نییە. ئەمە پرسیار نییە لە بارەی شت لەخۆیدا چییە بکرێت، بەڵکو چۆن زانینی ئەزموونی شتەکان سەبارەت بە ساتەوەختی بڕیارەکان بەگشتی چۆن دەستنیشان دەکرێت، واتە چۆن دەتوانن شمەکەکان وەک چەند بابەتێکی ئەزموون و شارەزایی لەژێر چەمکی تێگەیشتندا (مێشکدا) کۆببنەوە. ئەوکاتە ڕوون دەبێتەوە کە من نەک تەنیا شیاوەکی، بەڵکو ناچارەکی هەموو دەرکەوتەکان کە لەژێر ئەو چەمکەدا کۆببنەوە، واتە: ئەوان وەک چەند بنەمایەکی بنەڕەتی شیاوەکی بوونی ئەزموون و شارەزایی بەکاربهێنم، بە تەواوەتی دەزانم و تێدەگەم.

پ:٢٩

بۆ ئەوەی بۆچوونە کێشە ئامێزەکەی هیوم (کێشە سەختەکەی میتافیزیکییەکان) بە تایبەتی بۆچوونی هۆیەکی تاقی بکەینەوە، من لە لۆژیکدا پێشییانە بە فۆرمی بڕیاردان (حوکم)ی مەرجەکی بەگشتی دەیبینم، بە تایبەتی لە زانینێکی بەدەست هاتوودا یەکەمیان وەک هۆکار و ئەوی تریان وەک ئەنجام بەکارهاتوون.

بەڵام دەشێ لە پەیبردنی هەستەکیدا ڕێسا- بنەمایەکی پێوەندی هەبێ کە دەڵێ: دیاردەیەکی دەستنیشانکراو بەردەوام یەکێکی تری بەدوادا دێت (بەڵام پێچەوانەکەی ڕاست نییە)، ئەمە ڕەوشێکە دەتوانم تێیدا بڕیارێکی گریمانە کراو بەکاربهێنم و بۆ نموونە: کاتێک دەڵێم:

کاتێک لەشێک ماوەیەکی باش تیشکی ڕۆژ لێی دات گەرم دەبێ. لێرەدا بەڕاستی ناچارییەکی بەیەکەوە بەسترانەوە نییە، ئینجا بۆچوونی هۆیەکی لە ئارادا نییە. ئیتر من درێژە بە ئاخاوتنەکەم دەدەم و دەڵێم: ئەگەر دەستەواژەکەی پێشوو بەیەکەوە بەسترانەوەیەکی (زاتی) خودی پەیبردنە هەستییەکان بێ، ئەوە دەبێ دەستەواژەیەکی ئەزموونی بێت، ئیتر دەبێ وەک دەستەواژەیەکی ناچاریی و ڕاستییەکی هەمەکی ببینرێ.

ئەو جۆرە دەستەواژەیە دەبێ بەو شێوەیە بێت:

خۆر (ڕۆژ) بەهۆی تیشکەکەیەوە هۆکاری گەرمییەکەیە، ئیتر بنەما ئەزموونییەکەی پێشوو وەک قانوونێک دادەنرێ و بەڕاستی، نەک هەر وەک چەند دیاردەیەکی ساکار، بەڵکو بە مەبەستی ئەزموونێکی شیاوەکی کە دەکرێ بەکاربهێنرێ، ئیتر وەک چەند

بنەمایەکی بەناچاریی ڕاست و دروست پێویستی پێی دەبێت. من ئەوپەڕی بە تەواوەتی تێدەگەم کە چەمکی هۆکار چەمکێکی ناچاریی فۆرمی شارەزایی و ئەزموونە و شیاوەکییەکەشی یەکڕەنگ کردنی لێکدراوەیی پەیبردنەکانە لە هۆشدا بەگشتی، بەڵام شیاوەکی شتێک بەگشتی وەک هۆکارێک تێناگەم، چونکە چەمکی هۆکار بەهیچ جۆرێک ئاماژە بە مەرجی پەیوەست بە شمەکەکان نادات، بەڵکو تەنیا ئاماژە بە مەرجەکانی پەیوەست بە شارەزایی و ئەزموون دەدات، بە تایبەتی، چونکە ئەمە تەنیا زانینی بابەتی ڕاست و دروستی دیاردەکان و بەدوای یەکتریدا هاتنیان لەکاتدایە بەو پێیەی ئەوی لەپێشەوە هاتووە لەگەڵ ئەوەی بەدوایدا دێت دەکرێ بەهۆی بنەمای بڕیاری گرێمانە کراو بەیەکەوە ببەسترێنەوە.

پ: ٣٠

بۆیە ئەگەر چەمکە بێگەردەکانی (بۆچوونەکانی) مێشک بویسترێ لە بابەتەکانی شارەزایی- ئەزموون لابدات و بەسەر شت لەخۆیدا (نۆمینا) جێبەجێ بکرێت بە هیچ جۆرێک بایەخیان نامێنێ. ئەوان تەنیا هەر ئەو سوودەیان هەیە دیاردەکان حینجە بکەن بۆ ئەوەی بتوانرێ ئەوان وەک شارەزایی- ئەزموون بخوێنرێنەوە. ئەو بنەما بنەڕەتییانەی پەیوەستن بە جیهانی هەستەوە، تێگەیشتنمان (مێشکمان) بۆ بەکارهێنانیان لە تاقیکردنەوە و شارەزاییدا سوودیان لێ وەردەگرێ، لەوە بەولاوە چەند پێوەندییەکی هەڕەمەکین بەبێ ڕاستییەکی بابەتییانە، شیاوەکی بوونیان نە پێشییانە دەزانرێ و نە پێوەندییان بە بابەتەکانەوە بەهۆی نموونەیەکەوە پشت ڕاست دەکرێتەوە، یان تەنیا بکرێ تێی بگەیشترێ، چونکە هەموو نموونەکان تەنیا هەر لە شارەزایی شیاوەکیدا دەخوازرێنەوە، ئینجا بابەتەکان ئەو چەمکانە (بۆچوونانە) لە هیچ جێگایەکی تری دەرەوەی شارەزایی شیاوەکیدا ناکرێ بوونیان هەبێ.

ئەو ڕێگا چارە تەواوەتییەی هیوم بۆ کێشەکە دایناوە، ئەگەرچی بە پێچەوانەی ئەوەوە بووە کە ئەو پێشبینی کردووە، سەرچاوەی پێشییانەی چەمکە بێگەردەکانی تێگەیشتن و دروستی قانوونە سروشتییە گشتییەکان وەک قانوونەکانی مێشک (تێگەیشتن) دەپارێزێ، بەو جۆرە کە ئەو بەکارهێنانەکانیان تەنیا بەسەر شارەزایی و ئەزمووندا سنووردار دەکات، چونکە بنەمای شیاوەکییەکەی لە پێوەندی مێشک بە شارەزاییەوە دایە، بەڵام نەک بەو شێوەیە کە قانوونەکان لە شارەزاییەوە کەوتوونەتەوە، بەڵکو بەو پێیە کە شارەزایی لە قانوونەکانەوە کەوتۆتەوە. هیوم هیچ جارێک پەی بەو جۆرە پێوەندییە پێچەوانەوە نەبردووە.

ئەوە ئەو ئەنجامەیە کە ئێستا لەو توێژینەوانەی کراون، دەکەوێتەوە: «هەموو دەستەواژە بنەڕەتییە لێکدراوە پێشییانەکان لە چەند بنەمایەکی شارەزایی شیاوەکی بەولاوە نین». ناکرێ هیچ جارێک بەسەر شتەکان لەخۆیاندا، بەڵکو دەکرێ تەنیا بەسەر دیاردەکاندا کە چەند بابەتێکی شارەزایی- ئەزموونن جێبەجێ بکرێن. هەر لەبەر ئەو هۆکارە بیرکاری بێگەرد، هەروەها زانستی سروشتی بێگەرد هیچ جارێک ناکرێ سنووری دیاردە ساکارەکان ببەزێنن و تەنیا هەر ئەوە وێنا دەکەن کە شارەزایی بەگشتی شیاوەکی دەکات، یان ئەوەی لەو بنەمایانەوە دەکەوێتەوە دەکرێ هەموو کاتێک لە شارەزاییەکی شیاوەکیدا بە ناچاریی وێنا بکرێت.

پ: ٣١

ئێستا شتێکی دیاریکراو بۆ جارێک لەبەر دەستدایە دەکرێ لەلای لە کۆششە میتافیزیکییەکان کە ئازایانە و بەبێ جیاوازی، بەڵام هەموو کاتێک هەڕەمەکییانە هەموو ڕادەیەکیان تێپەڕاندووە، هەڵوەستە بکرێت. هزرمەندە دۆگماتیکییەکان هیچ کاتێک ئەوەیان بەبیردا نەهاتووە کە ئامانجی کۆششەکانیان دەبێ تا ئەو ڕادەیە کورت و نزیک بێت، تەنانەت ئەوانەش نا کە لافی هەبوونی ژیری ساغ و تەندروست لێ دەدەن و چەند چەمکێک و بنەما بنەڕەتییە دەستنیشانکراوەکانی ژیری بێگەرد بەکاردەهێنن، ئەمەش ڕەوا و سروشتییە، بەڵام دەبێ بەکارهینانەکەیان تەنیا هەر لە شارەزایی و ئەزمووندا بێ، ئەوان لافی زانین لێدەدەن، بەڵام هیچ سنوورێکیان نەزانیوە و ناتوانن سنوورەکانی بزانن، چونکە ئەوان هیچ کاتێک بیریان نەکردۆتەوە، بگرە لە تواناییاندا نەبووە بیر لە سروشت بکەنەوە و بیر لە شیاوەکی ئەو جۆرە مێشکە بێگەردە بکەنەوە.

هەندێک لە شارەزایانی سروشت کە سەرگەرمی توێژینەوەی ژیری بێگەردن (من لە شارەزای سروشت واتێدەگەم کەسێکە باوەڕی بەخۆی هەیە بەبێ هەر زانستێک بڕیار لە بارەی میتافیزیکەوە بدات) دەیانەوێ

ئەو لافە لێ بدەن گوایە ماوەیەکی دووورودێژە ئەو شتانەیان دۆزیوەتەوە کە لێرە باس کران، بگرە بە ڕاستی بە سایەی ژیری ساغیانەوە توانیویانە بیزانن و لێی تێبگەن، ئەگەر بیانەوێ من جارێکی تر لێرە ئەوە دووبارە دەکەمەوە، بەدرێژی، کە پێشتر گوتوومە:

«سەرەڕای توانایی ژیر ئێمە هەرگیز ناتوانین سنووری کایە و پاوانی شارەزایی و ئەزموون ببەزێنین»

شارەزای سروشت دەبێ پێی لێ بنێ، ئەگەر مرۆڤ دەربارەی بنەما ژیرییەکانی لێی بپێچێتەوە، ئیتر لەنێو ئەوانەدا زۆریان لە شارەزایی- ئەزموونەوە نەکەوتوونەتەوە، بگرە لەو سەربەخۆن و بەشێوەی پێشییانە ڕاست و دروستن. کەوابوو پشت ئەستوور بە چ هۆکار و بنەمایەک دەیەوێ سنوور بۆ دۆگماتییەکان دابنێ لە کاتێکدا خۆی بەهۆی ئەو بۆچوون (چەمک) و بنەما بنەڕەتییانەوە سنووری هەموو ئەزموونێکی شیاوەکی دەبەزێنێ، ئیتر بۆیە، چونکە ئەوان بەشێوازێکی سەربەخۆ لە هەموو تاقیکردنەوەیەک دەزانرێن. ئەو خۆی لایەنگیری ژیری ساغە، سەرەڕای ئەو داناییە لاف لێدراوەی هەیەتی دڵنیا نییە لەوەی بەبێ هەست کردن بە بابەتەکانی ئەزموون و شارەزایی، لە کایەی ئەندێشە و وەهمدا سەرگەردان نابێ، بۆیە ئەو قووڵ تێوە گلاوە، ئیتر بەهۆی زمانە ساکارەکەیەوە بێ کە هەموو شتێک وا لێ دەکات لە ڕاستی بچێ، یان لافی ژیرەکییان لێ بدات، یان وەک ئەو بن ئیتر قسە و باسە بێ بنەماکانیمان بۆ دەڕازێنێتەوە.

پ: ٣٢

هەر لەسەردەمی کۆنی فەلسەفەوە توێژەرانی ژیری بێگەرد وای بۆچوون کە سەرەڕای گەوهەری هەستەکییان دیاردەکان (فێنۆمێنا) کە جیهانی هەستەکییان لێ پێکدێت، گەوهەری تایبەتی تێگەیشتن (فام) (نۆمینا) هەیە کە دەبێ جیهانی تێگەیشتن پێکبهێنن، لەبەر ئەوەی دیاردە و ڕوخساریان بەیەک شت داناوە، بۆیە ڕاستەقینە (واقیعییەتیان) بە تەنیا بە گەوهەرەکانی تێگەیشتن بەخشیوە (هۆکارەکەش هەژاری و کولتووری سەردەمەکە بووە و دەبێ ببەخشرێن).

ئەوی ڕاست بێ، ئەگەر ئێمە بابەتەکانی هەست تەنیا هەر بە دیاردە ببینین، ئەوە ئێمە لێرەوە دانی پێدا دەنێین، لە هەمان کاتدا، ئەوان پشت بە شت لە خۆیدا دەبەستن، ئەگەرچی ئێمە لەهەمان کاتدا نازانین چۆن شت پشت بە خۆی دەبەستێ، ئێمە لەودا لە دیاردە بەولاوە نابینین، واتە نازانین بە چ جۆرێک هەستەکانمان لەلایەن ئەو شتە نەناسراوانەوە کاریان تێدەکرێ، ئیتر مێشک لەوەدا کە هەر دیاردەکان وەردەگرێ، ئەوە دان بە بوونی شت لەخۆیدا دەنێ، ئیتر دەتوانین پتر بڵێین وێناکردنی ئەو جۆرە گەوهەرانە (بوونەوەرانە) کە پشت بە دیاردەکان دەبەستن، ئیتر بەو پێیە گەوهەری تێگەیشتنی بێگەرد نەک هەر تەنیا پەسندە، بەڵکو هەر دەبێ هەبێ.

ئەنجامگیرییە ڕەخنەگرییەکەمان ئەو جۆرە شتانە (نۆمینا) بە هیچ جۆرێک دوور ناخاتەوە، بەڵکو پتر بنەما بنەڕەتییەکانی هەستەکی لەوەدا سنووردار دەکات کە نابێ هەموو شتەکان بگرنەوە، چونکە ئەمە دەبێتە مایەی ئەوەی بیانکەن بە دیاردەی ساکار و ڕووت، بەڵکو دەبێ تەنیا هەر سەبارەت بە بابەتەکانی ئەزموونی شیاوەکی دروست و ڕاست بن. بەو پێیە گەوهەرە (بوونەوەرە)کانی مێشک ڕێگا دراو دەبن، بەڵام ئەو ڕێسایە بە سنووورداری دەمێنێتەوە و ڕێگای هیچ لادانێک نادات: ئێمە دەربارەی گەوهەرەکانی تێگەیشتنی بێگەرد بەهیچ جۆرێک هیچ شتێکی دیاریکراو نازانین ناشتوانین هیچ بزانین، چونکە چەمکەکانی مێشکی بێگەرد وەک چەند سەرنجدانێکی ڕووتی بێگەرد تەنیا هەر بەسەر بابەتەکانی ئەزموونی شیاوەکی، ئینجا بەسەر گەوهەرە (بوونەوەرە) هەستییەکاندا جێبەجێ دەبن، ئیتر ئەوەندەی مرۆڤ لەوان دوور بکەوێتەوە، ئەو چەمکانە کەمترین بایەخ و دەلالەتیان نامێنێ.

پ: ٣٣

ئەوی ڕاست بێ لە چەمکەکانی تێگەیشتنی بێگەرددا جۆرە سەر لێ شێواندنێک هەیە هان دەدات بە شێوازێکی ترانسندێنتی بەکاربهێنرێن. من ئەوانەی سنووری هەموو ئەزموونێکی شیاوەکی دەبەزێنین بەو ناوە ناو دەنێم. چەمکەکانی تێگەیشتنمان دەربارەی گەوهەر، هێز، کردار، ڕیالیتێت (هەڵکەوت)...تاد، نەک تەنیا هەر لە ئەزموون سەربەخۆن، بەڵکو لە هەمان کاتدا هیچ دیاردەیەکی هەستیان تێدا نییە، ئیتر وا دەردەکەوێ بەڕاستی بەسەر شت لەخۆیدا خۆی (نۆمینا) جێبەجێ ببن، ئەوەی ئەو بۆچوونە قایم و بەهێز دەکات ئەوەیە

ئەوان لە خۆیاندا ناچارییەکی دەستنیشان کردنیان تێدایە کە هیچ کاتێک لە تاقیکردنەوەدا نییە.

چەمک و بۆچوونی هۆیەکی بنەمایەکی تێدایە، بەپێی ئەو بنەمایە لە ڕەوشێکەوە بە شێوازێکی ناچاری یەکێکی تر دەکەوێتەوە؛ بەڵام ئەزموون- شارەزایی دەتوانێ تەنیا ئەوەمان نیشان بدات کە زۆرجار، ئەگەر ڕوویدات، بەگشتی لە دۆخێکی شتەوە یەکێکی تر بەدوایدا دێت و ئەمە ناتوانێ هەمەکی گشتی تەواوەتی و ناچاری دەستەبەر ببێ...تاد، بۆیە وا دەردەکەوێ کە چەمکەکانی مێشک (تێگەیشتن) دەلالەت و ناوەرۆکێکی فرە و تیۆرتەسەلیان هەبێ کە ناکرێ لە بەکارهێنانی ئەزمووندا تێکڕای دەستنیشان کردنەکانیان وشکایی بێت و بەو پێیە بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکرێت مێشک و لە تەنیشت خانەی ئەزموونەوە چەند بەشە خانوویەکی تری دروست کردبێ کە گەوهەر و بوونەوەری بیروهزر پڕی کردبێ بەبێ ئەوەی جارێکیان هەستی بەوە کردبێ کە بە چەمکە ڕاستەودروستەکانی سنووری بەکارهێنانەکەی بەزاندووە.

پ: ٣٤

ئیتر دەبوو دوو توێژینەوە، ئەگەرچی وشک و قورس بوون، بەڵام ئەوپەڕی گرینگ و پێویست بوون بنووسرێن، هەردووکیان لە کتێبی «ڕەخنەدا» لە لاپەڕە (١٧٣) بەدواوە...تاد و لە لاپەڕە (٢٦٠) بەدواوە تەواوکران، لە یەکەمیاندا نیشان دراوە کە هەستەکان بەشێوەیەکی کۆنکریتی چەمکەکانی مێشکی بێگەردمان نادەنە دەست، بەڵکو تەنیا نەخشەی بەکارهێنانی ئەوانمان بۆ دابین دەکەن و ئەو بابەتەی وەک ئەوە تەنیا لە ئەزموونەدا هەیە (وەک بەرهەمێک کە مێشک لە کەرەسەی هەستەکییەوە دەستگیری دەبێ). لە توێژینەوەی دووەمدا نیشان دراوە (ڕەخنە لاپەڕە - ٣٠٠ بەدواوە)، ئەگەرچی چەمکەکانی تێگەیشتنی بێگەرد و بنەما بنەڕەتییەکان لە ئەزموون سەربەخۆن، ئەگەرچی مەودای بەکارهێنانەکانیان فراوان بێتە بەرچاو، ئەوە ناکرێ بەهۆیەوە بیر لە هیچ شتێک لە دەرەوەی کایەی ئەزموون بکەینەوە، چونکە ئەوان لەوە بەولاوە فۆرمی لۆژیکی بریار (حوکمدان) سەبارەت بە سەرنجدانە بەدەست هاتووەکان دیار و دەستنیشان بکەن شتێکی تریان لەدەست نایەت، لەبەر ئەوەی لە دەرەوەی کایە و دەڤەری هەستەکی هیچ جۆرە سەرنجدانێک لە ئارادا نییە، ئەو چەمکە بێگەردانە بایەخ و دەلالەت بە تەواوەتی لەدەست دەدەن، چونکە ناتوانرێ بەهۆی هیچ ئامرازێکەوە بە کۆنکرێتی نیشان بدرێن، لە ئەنجامدا ئەو هەموو نۆمینایانە بە تێکڕایی بەپێی چ جیهانێک ژێرەکین(١١) لە بۆچوونەکانی ئەرکێک بەو لاوە نین کە بابەتەکەی لەخۆیدا شیاوەکییە، چارەسەرکردنەکەشی بەپێی سروشتی مێشکمان لە کردن نایەت، لەوەدا کە مێشکمان هێزی سەرنجدان نییە Anschauung، بەڵکو هێزی بە یەکەوە بەسترانەوەی سەرنجدانە بەدەست هاتووەکانن لە ئەزموونێکدا و ئەو ئەزموونە دەبێ هەموو بابەتەکانی چەمک و بۆچوونەکانمانی تێدابێ، ئەو چەمک و بۆچوونانە لە دەرەوەی ئەزموون کە بە هیچ سەرنجدانێک پشت ئەستوور نین، بێ بایەخ و دەلالەت دەبن.

پ: ٣٥

دەکرێ لە هێزی ئەندێشە ببووردرێ، ئەگەر جاروبار لە شەقەی باڵی بدات، واتە بێ سڵ و پارێز لەنێو سنوورەکانی ئەزمووندا خۆی پێ نەگیرێ؛ چونکە ئەو بە کەمیی بەهۆی ئەو چالاکییەوە زیندوو و بەهێز دەبێ و هەمیشە ئاسانە چاونەترسییەکەی هێمن بکەینەوە لە جیاتی ئەوەی یارمەتی بدەین لەو سربوونەی دەربازببێ. ئەگەر مێشک لەجیاتی بیر بکاتەوە، خەیاڵ بکات، ئەوە ناکرێ هیچ جارێک لێی ببووردرێ، چونکە بۆ یارمەتی وەرگرتن تەنیا پشت بەو دەبەسترێ بۆ ئەوەی خەیاڵی هێزی ئەندێشە هەر کاتێک پێویستی کرد، سنووردار بکرێت.

ئەو (مێشک) بە ڕێگایەکی ئەوپەڕی پاک و ئاکارییانە دەست پێ دەکات. لە پێشدا ئەو زانینە بنەڕەتییە دەداتە دەست کە لە خۆیدایە و لەپێش هەموو ئەزموونێکەوەیە، بەڵام دەبێ هەمیشە لە ئەزموونەدا دەرفەتی جێبەجێ کردنی هەبێ. وردە وردە لەو سنووردار کردن و کۆسپانە دەرباز دەبێ، چ شتێک ڕێگای ئەوەی لێدەگرێ لە کاتێکدا مێشک ئازادانە و بێ مەرج بنەما بنەڕەتییەکانی لە خودی خۆیەوە وەرگرتووە؟!

ئێستاش لە سەرەتاوە مێشک بەرەو ئەو هێزانە دەچێ کە بەهزر لە سروشتدا دایهێناون، دوای ئەوە دەچێت بۆ لای چەند بوونەوەرێک (گەوهەرێک) لە دەرەوەی سروشتدا، بە کورتی بەرەو جیهان کە بۆ دروست

کردنەکەی لە کەرەسەی بنیادنانەکەی کەممان نییە، چونکە ئەندێشەی بە پیت و پێز بە زیادەوە دەستەبەری دەبێ، ئەمەش ڕاستە بەهۆی ئەزموونەوە پشت ڕاست نەکراوەتەوە، بەڵام پووچەڵیش نەکراوەتەوە، هەر ئەوەش هۆکارەکەیە بۆچی هزرمەندە لاوەکان میتافیزیکیان بە شێوە دۆگماتیکییەکە ڕاستەقینەی خۆش دەوێ و پتر کاتی خۆیان پێوە خەریک دەکەن و لێهاتوویی و توانایی خۆیانی بۆ دەکەن بە قوربانی.

بە هیچ جۆرێک یارمەتیدەر نابێت، ئەگەر بویستریێ هەوڵە بەراییەکانی ژیری بێگەرد بەهۆی وەبیر هێنانەوەی ئەو سەختییانەی ڕووبەڕووی چارەسەر کردنی پرسیار و کێشە تەمومژاوییەکان دەبنەوە، گازندەکردنی کۆسپەکانی بەردەم ژیر و کەمکردنەوەی بڕیارەکان بۆ چەند مەزندەیەک، بۆیە ئەگەر لە کردن نەهاتنەکەیمان بە تەواوەتی ڕوون نەکردبێتەوە و ئەگەر خۆناسینی ژیری خۆی نەبووبێ بە زانستێکی ڕاستەقینە کە پاوانی ڕەوا و دروست لە هی ناڕەوا و ناڕاست و بەکارهێنانی بێ بەر، وەک دەگوترێ، بەهۆی دڵنیایی ئەندازیاریی لە یەکتری جیا ناکرێنەوە، ئەو هەموو کۆششە پووچەڵەکان eitle هیچ جارێک ڕاناوەستن.

**چۆن سروشت خۆی شیاوەکییە؟**

پ:٣٦

ئەو پرسیارە، بەرزترین خاڵە کە دەکرێ فەلسەفەی ترانسندێنتالی بیگاتێ و دەبێ بۆی بچێ، چونکە سنوور و تەواوەتی و کامڵیەکەیەتی، ئینجا بە تایبەتی لە دوو پرسیار پێکهاتووە:

**یەکەم:** چۆن سروشت بە واتا مەتریالییەکەی، بە تایبەتی بەپێی سەرنجدان، وەک کۆی دیاردەکان، چۆن جێگا، کات و ئەوەی هەردووکیان پڕ دەکاتەوە، بابەتی هەست، بەگشتی شیاوەکییە؟! وەڵامەکە ئەوەیە:

بەهۆی خەسڵەتی هەستەکانمانەوە کە بە ڕێگاو جۆری تایبەتی خۆی لەلایەن بابەتەکانەوە کە بەلایەوە لەخۆیاندا نەناسراو و نەزانراون و لە دیاردەکان ئەوپەڕی جیاوازن، کاری تێدەکرێ. لە کتێبی ڕەخنە خۆی، لە بەشی ئیستێتیکی ترانسندێنتالی و لێرە لە پرۆلیگۆمینادا بەهۆی یەکلایی کردنەوەی یەکەم پرسیاری سەرەکی وەڵامەکە دراوەتەوە.

**دووەم:** چۆن سروشت بە واتا فۆرمیلە (ڕوخسارییە)کەی وەک کۆی بنەما و ڕێساکان کە دەبێ هەموو دیاردەکان پابەندیان بن، ئەگەر لە ئەزموونێکدا بەیەکەوە گرێ درابن بەبیردا بێت، شیاوەکییە؟! لەو وەڵامە بەولاوە هی تر بەبیردا نایەت:

ئەو تەنیا هەر بە سایەی تایبەتمەندی مێشکمانەوە شیاوەکییە کە بە هۆیەوە هەموو بۆچوونە هەستییەکان بە ناچاریی دەبرێنەوە سەر هۆش، ئەوەش دەبێتە مایەی ئەوەی جۆری بیرکردنەوەمان بەهۆی چەند ڕێسایەک شیاوەکی بێت و بە سایەی ئەوەوە ئەزموون کە لە تێگەیشتنی بابەتەکان لەخۆیاندا ئەوپەڕی جیاوازە، شیاوەکییە.

لە کتێبی ڕەخنە خۆیدا لە لۆژیکی ترانسندێنتالی، لێرەش لە پرولیگۆمینادا لە پرۆسەی یەکلایی کردنەوەی پرسیاری سەرەکی دووەمدا وەڵامەکە درایەوە، بەڵام چۆن ئەو خەسڵەتە تایبەتییەی هەستەکانمان خۆی، یان چۆن تێگەیشتن و پەیبردنی ناچاریی کە ئەو هەموو بیرکردنەوەیەک پەیوەستن پێوەی شیاوەکییە ناکرێ پتر چارەسەر بکرێ و وەڵام بدرێتەوە، چونکە ئێمە بۆ هەموو وەڵامدانەوەیەک و هەموو بیرکردنەوەیەک لە بابەتەکان هەمیشە جارێکی تر پێویستیمان بەو پرسیارە هەیە.

ژمارەیەکی زۆر قانوونی سروشتی هەیە کە ئێمە دەتوانین تەنیا بەهۆی ئەزموونەوە بیانزانین، بەڵام ناچاریی (حەتمیەتی) پێکەوە پەیوەستی نێوان دیاردەکان، واتە سروشت بە گشتی، ئێمە ناتوانین بەهۆی ئەزموونەوە بیزانین، ئەزموون خۆی پێویستی بەو قانوونانە هەیە، چونکە شیاوەکییەکەی پێشبیانە پابەندە پێیانەوە.

شیاوەکی ئەزموون بەگشتی لە هەمان کاتدا قانوونی گشتی (هەمەکی) سروشتە و بنەما بنەڕەتییەکانی یەکەمیان خۆیان قانوونەکانی ئەوانەی دواین.

ئێمە وادەزانین سروشت کە کۆیەکی دیاردەکانە، واتە هی بۆچوونەکانە لە ئێمەدا ئیتر لەبەر ئەوەی قانوونی پێوەندییەکانی لە بنەما بنەڕەتییەکانی پێوەندی هەمان شت لە ئێمە بەولاوە دەستگیر نابێ واتە: لە مەرجەکانی یەکگرتنی ناچارییەکەی لە هۆشێکدا کە شیاوەکی ئەزموون دەستەبەر دەبێ، دەستەواژە سەرەکییەکە خۆی کە لەو بڕگەیەدا قسەی لێکرا ئەوەیە: دەتوانرێ قانوونە گشتییەکانی سروشت پێشبیانە بزانرێن، لەوەوە خۆی دەگاتە ئەو دەستەواژەیە:

قانوون دانانی باڵای سروشت لە ئێمە خۆماندایە. واتە: دەبێ لە مێشکماندا بێ و ئێمە نابێ بەدوای قانوونە گشتییەکانی سروشت لە سروشتدا بەهۆی ئەزموونەوە بگەڕێین، بەڵکو بەپێچەوانەوە، دەبێ سروشت بەپێی ناچارییە گشتییەکەی بەدوای هەلومەرجەکانی شیاوەکی ئەزموونـدا لەنێو هەستەکانمان و مێشکماندا بگەڕێ، ئیتر چۆن دەکرێ ئەو قانوونانە پێشییانە (apriori) بزانرێن بە ڕێگایەکی دیکە، چونکە ئەوان چەند ڕێسایەکی Regeln زانینی شیکاری نین، بەڵکو چەند فراوان کردنێکی لێکدراوی ڕاستەقینەی ئەوانن؟ بە یەکەوە هاتنەوەی ناچاریی بنەڕەتەکانی ئەزموونی شیاوەکی لەگەڵ قانوونەکانی شیاوەکی سروشتدا دەکرێ بەهۆی دوو هۆکارەوە بکەونەوە:

یان ئەوەتا ئەو قانوونانە بەهۆی ئەزموونەوە لە سروشت دەخوازرێنەوە، یان بە پێچەوانەوە سروشت لە قانوونەکانی شیاوەکی ئەزموونەوە بەگشتی دەکەوێنرێتەوە و ئەو لەگەڵ ناچاری ساکاری ئەوانەی دوایی بە تەواوەتی یەکە. یەکەمیان لەگەڵ خۆیدا ناکۆکە، چونکە دەبێ قانوونە سروشتییە هەمەکییە- گشتییەکان پێشییانە بزانرێن (واتە بەبێ پابەندبوون بە ئەزموونەوە) ئەمەش بنەڕەتی هەموو بەکارهێنانێکی ئیمپری- ئەزموونی مێشکە، ئیتر هەردووەمیان دەمێنێتەوە(١٢).

بەڵام پێویستە ئێمە قانوونە ئەزموونییەکانی سروشت کە هەموو کاتێک پەیبردنە هەستەکییە تایبەتییەکان دەکەن بە مەرج لە قانوونە سروشتییە بێگەردەکان، یان گشتییە هەمەکییەکان جیا بکەینەوە کە پشت بە پەیبردنە هەستەکییە تایبەتییەکان نابەستن، بەڵکو هەلومەرجەکانی پێوەندی ناچاری تایبەتن بە ئەزموونیان تێدایە. سەبارەت بەو مەرجانە سروشت و ئەزموونی شیاوەکی بە تەواوەتی یەک شتن. ئەو وەک یەکییە لەنێوان ئەو و قانوونەکاندا بەندە بە پێوەندی ناچاریی نێوان دیاردەکان لە ئەزموونـدا (بەبێ ئەو بە هیچ جۆرێک ناکرێ هیچ بابەتێکی جیهانی هەست بزانرێ) ئیتر بە قانوونە بنەڕەتییەکانی مێشک پشت ئەستوورە، ڕەنگبێ لە سەرەتاوە سەیر و بیانی بێتەبەر گوێ، بەڵام کەمتر ڕاست و دڵنیایی لێ کراو نییە ئەگەر پشت ئەستوور بەوەی دوایی بڵێم: مێشک (پێشییانە) قانوونەکانی لە سروشتەوە هەڵناهێنجێ، بەڵکو بەسەریدا دەسەپێنێ.

پ: ٣٧

دەمانەوێ ئەو دەستەواژەیە کەوا دەردەکەوێ سەرەڕۆییە بە نموونەیەک شرۆڤە و ڕوون بکەینەوە، کە دەبێ نیشانی بدات: ئەو قانوونانەی ئێمە لە بابەتەکانی سەرنجدانی هەستەکیدا دەیاندۆزینەوە، بەتایبەتی ئەگەر ئەوان وەک ناچاری دانیان پێدا بنرێت و لەلایەن ئێمەوە وا دابنرێن مێشک خستوونیەتە نێو ئەو بابەتانەوە، ئایا ئەوان وەک قانوونە سروشتییەکان وان لە هەموو بەشەکاندا کە ئێمە دەیاندەینە پاڵ تاقیکردنەوەوە.

پ: ٣٨

ئەگەر سەرنجی خەسڵەتەکانی بازنە بدرێت کە بە هۆیەوە دەبێ بە وێنەیەک لەخۆیدا چەند دەستنیشان کردنێکی هەرەمەکی جێگا کۆ دەکاتەوە و لە ڕێسایەکی گشتیدا یەکیان دەخات، بۆیە هەردەبێ قەوارەیەکی سروشتی بدرێ بەو شتە ئەندازەیە. ئیتر دوو هێڵ یەکتری دەبڕن، هەروەها بازنەکە دەبڕن و بە ڕێکوپێکی یەکتری دابەش دەکەن بە جۆرێک ئەو لاکێشەی لەسەر هێڵە ئەوەندەی لاکێشەی سەرهێڵەکەی دیکەیە. من ئێستا دەپرسم:

ئایا ئەو قانوونە لە بازنەکەدایە، یان لە مێشکدایە؟! واتە:

ئایا ئەو وێنەیە لە خۆیدا بەبێ پابەند بوون بە مێشکەوە بنەمای ئەو قانوونەی تێدایە؟! یان مێشک خۆی کە بەپێی چەمک و بۆچوونەکانی (بە تایبەتی یەکسانی ژێیەکان) ڕەنگی ئەو وێنەیەی ڕشتووە ئەو قانوونەی بە ڕێژەی ئەندازەی یەکتری بڕینی هێڵەکانی خستۆتە نێویەوە؟ مرۆڤ دەستبەجێ هەست دەکات کاتێک بەدوای بەڵگەی پشت ڕاست کردنەوەی ئەو قانوونەدا دەگەڕێ، کە لەو هەلومەرجەی مێشک بۆ کێشانەی وێنەکە پشتی پێ بەستووە، بە تایبەتی یەکسانی ژێیەکان کەوتۆتەوە. پتر ئێمە ئێستا ئەو چەمکە (بۆچوونە) فراوانتر دەکەین، بۆ ئەوەی پتر بەدوای یەکڕەنگی تایبەتمەندییە هەمەڕەنگییەکانی وێنە ئەندازیارییەکاندا کە دەچنە ژێر چەند قانوونێکی هاوبەشەوە، بچین. با سەرنجی بازنەکە بدەین بەو جۆرەی کە کەرتێکی قووچەکییە Kegelschnitt، ئەویش

وەک کەرتە قووچەکەییەکانی دیکە دەچێتە ژێر باری هەلومەرجە بنەڕەتییەکانی بنیادەکەوە، ئیتر دەبینین کە هەموو ژێیەکان کە لەو وێنانەدا یەکتری دەبڕن: کەرتی ناتەواوی هێلکەیی و کەرتی وەک یەک و کەرتی زیاد یەکتری بڕینەکانیان وا دەکات لاکێشەکان بەرێژە وەک یەک بن، ئەگەرچی ئەوان وەک یەک و یەکسان نین. ئێمە پتر بەرەو پێش دەچین، بە تایبەتی بەرەو تیۆرییە بنەڕەتییەکانی ئەستێرەناسی سروشتی (فیزیکی) کە یاسایەکی فیزیکی کێشەکێی دەستیاوی دەردەکەوێ و لەسەرانسەری سروشتی ماددەییدا بڵاو و کارایە، بنەما- رێساییەکەی ئەوەیە:

کاریگەری کێشەکی بەپێی رێژەی دووجای دوورییەکە کەم دەکات، بەهەمان رێژەیەک رووبەری گۆیەک کە هێزەکەی تێیدا بڵاودەبێتەوە پتر دەبێ، ئەوەش وا دەردەکەوێ کە بە ناچاری لە سروشتی شتەکان خۆیاندا هەبێت و دەشکرێ پێشبینیانە بزانرێ و قسەی لێ بکرێت، هەرچەندە سەرچاوەکانی ئەو قانوونانە ساکار و سادە بن کە پشت بە جۆری رووبەرە گۆییە چێوە جیاوازەکان دەبەستن، ئەوە ئەنجامەکە ئەوپەڕی پەسند دەبێت بەپێی هەمەڕەنگی و هەماهەنگی و نەزم و رێکوپێکی خۆیەوە، ئیتر هەموو رێگا شیاوەکییەکانی ئەستێرە ئاسمانییەکان لەچەند کەرتێکی قووچەکەیی پێکهاتوون، لەوەشە هەروەها ئەوە دەکەوێتەوە لەنێوان ئەو رێگایانەدا پێوەندی دیاریکراو هەیە، بەجۆرێک ناکرێ وا بە بیردا بێت کە قانوونێکی تری کێشەکی هەیە جیا لە قانوونی پێوەندی بە پێچەوانەی دووجای دووریی کە لەگەڵ سیستمی جیهاندا بێتەوە.

کەوابوو سروشت پشت بەو قانوونانە دەبەستێ کە مێشک پێشبینیانە دەیانزانێ، بەتایبەتی بە سایەی ئەو بنەما بنەڕەتییە گشتییانەوە کە جێگا دیار و دەستنیشان دەکەن. ئێستا من دەپرسم:

ئایا ئەو قانوونانەی سروشت لە جێگادان و مێشک بە توێژینەوەی تێروتەسەلی جێگا دەیانزانێ، یان لە مێشکدا هەن بەو جۆرەی جێگا بەپێی مەرجەکانی یەکەی لێکدراو کە ئەو چەمک و بۆچوونانە پێیان دەگەن، دەستنیشان دەکرێ؟! جێگا شتێکی هەمان روخسارییە و سەبارەت بە هەموو خەسڵەتە تایبەتییەکانی شتێکی دیاری نەکراوە و ناکرێ گەنجینەیەکی قانوونە سروشتییەکان بێت. بەپێچەوانەوە مێشک خۆی جێگا بە شێوەی بازنە و قووچەکە و گۆ لەوەدا کە بنەمای یەکەی بنیادی ئەو وێنانەی تێدایە، دیار و دەستنیشان دەکات. فۆرمی رووتی هەمەکی سەرنجدان کە پێی دەگوترێ جێگا و بنەی Sub-stratum هەموو سەرنجدانەکانە کە دەکرێ سەبارەت بە بابەتە تایبەتییەکان دیار و دەستنیشان بکرێت و کە تێیدا بە ڕاستی مەرجەکانی شیاوەکی و هەمەڕەنگی ئەو سەرنجدانانە هەیە و لەگەڵ ئەوەشدا یەکڕەنگی بابەتەکان تەنیا هەر بەهۆی مێشکەوە دەستنیشان و دیار دەکرێت ئەویش بەپێی ئەو مەرجانە کە لە سروشتە تایبەتییەکەیدا هەن، ئیتر مێشک کەوابوو سەرچاوەی نەزم و رێکوپێکی سروشتە لەوەدا کە هەموو دیاردەکان لەژێر قانوونە تایبەتییەکانیدا کۆ دەکاتەوە و بەو هۆیەوە ئەزموون پێشییانە (بەپێی فۆرمەکە) دادەمەزرێنێ، ئینجا بە سایەی ئەوەوە هەموو ئەوانەی دەبێ بەهۆی ئەزموونەوە بزانرێن، پابەندی ناچاریی قانوونەکانی خۆیانیان دەکات، چونکە ئێمە کارێکمان بەسەر سروشتی شت لە خۆیدا نییە کە پابەندی مەرجەکانی هێزی هەستەکیمان و مێشکمان نین، بەڵکو ئێمە کارمان بەسەر بابەتەکانی ئەزموونی شیاوەکییەوە هەیە و کاتێک مێشک دەیانکات بە شیاوەکی، ئەوە لە هەمان کاتدا دەستەبەری ئەوە دەبێ جیهانی هەستەکی، یان دەبێ شتێک بێ بابەتی ئەزموون نەبێ، یان دەبێ سروشت بێ.

**پاشکۆیەکی زانستی سروشتی بێگەرد**
**دەربارەی سیستمی چەمکەکان**

ب:۳۹

هیچ شتێک بەلای فەیلەسووفێکەوە لەوە خۆشتر نییە بتوانێ هەمەجۆری بۆچوونەکان، یان بنەما بنەڕەتییەکان کە پێشتر بەهۆی بەکارهێنانەوە بە کۆنکرێتی پەرشوبڵاو هاتوونەتە بەرچاو، پێشییانە لە یەک بنەماوە بیانخاتەوە و هەموویان بەو شێواز و رێگایە لە یەک زانیندا کۆیان بکاتەوە. ئەو پێشتر بڕوای وابوو کە ئەوەی دوای پەتی کردن ماوەتەوە و دوایی بەراوردکردن لەگەڵ یەکتری جۆرێکی زانینیان لێی پێکدێت، بە تەواوەتی کۆکراوەیە تەنیا هەر کۆیەکە (Aggregat)، بەڵام ئێستا ئەو دەزانێ ئەو کۆیەی بۆچوون و بنەماکان بەبێ زیاد و بەبێ کەم تەنیا هەر خۆی دەکرێ ئەو جۆرەی زانین بێت و ناچاریی خستنەوەکەی دەبینێ کە تێگەیشتنێکە، ئیتر

ئێستا پێش هەموو شتێک سیستمێکی هەیە:

خستنەوەی چەمک و بۆچوونەکان لە زانینێکی ناوکۆییەوە کە پشت بە هیچ ئەزموونێکی تایبەتی نەبەستێ و لەگەڵ ئەوەشدا لە هەموو زانینێکی ئەزموونیدا هەبێ و دەرکەوێ کە فۆرمی سادەی بە یەکەوە بەند بوونیان پێکبهێنێ هیچ پێداویستی پێشەکییانەی بیرکردنەوە و زانین بە مەرج دانانێ، پتر لەوەی پرۆسەی ڕێساکانی بەکارهێنانی دروستی وشە لە زمانەوە وەربگیرێ و بابەتەکان کە ڕێزمانیان لێ پێکدێت کۆ بکرێنەوە (ئەوی ڕاست بێ هەردوو توێژینەوەکە لەیەکترییەوە زۆر نزیکن)، بەڵام بەبێ ئەوەی ڕوونی بکەینەوە بۆچی زمان ئەو تایبەتمەندییە ڕوخسارییە فۆرمالەی هەیە و یەکێکی تری نییە، بەلای کەمەوە بۆچی وا زۆر، نە کەمتر و نە پتر ئەو جۆرە دەستنیشان کردنە ڕوخسارییانە بەگشتی هەیە و دەبینرێن. ئەرستۆتلس لەژێر ناوی کاتیگۆری(١٣) دەی لەو چەمکە بنەڕەتییانە کۆکردۆتەوە. دواتر ناچار بوو ئەو چەمکانە کە بە بار ناودەبرێن، پێنج باری پاشیانەیان(١٤) بخاتە سەر، ئەگەرچی خۆیان لە چەمکەکانی تردا هەندەکییانە هەن (پێشکەوتوو، پێکەوە، بزووتنەوە)، دەرکرا ئەو کۆکراوەیە ئاماژەیەک بێ بۆ توێژەری دوارۆژ، بەڵام ناکرێ بە بیرۆکەیەکی ڕێکوپێکی بنەڕەتی شایستەی شاباش و چەپڵە بۆ لێدان بێت، دابنرێت، بۆیە لەگەڵ پێشکەوتنی ڕۆشنگەرییانەی فەلسەفەدا بەگشتی وەک بێ سوود ڕەت کراوەتەوە.

بە توێژینەوە بێگەردی ڕەگەزەکانی زانینی مرۆڤ (ئەوانەی بابەتی ئەزموونییان تێدا نییە) بۆ یەکەم جار دوای بیرکردنەوەیەکی دوورودرێژ سەرکەوتم لەوەدا کە چەمکە بنەڕەتییە بێگەردەکانی هەستەکی (جێگا و کات) لە هی ژێر (تێگەیشتن) بەدڵنیاییەوە جیاواز و جیا بکەمەوە. بەو هۆیەوە توانیم لەو تۆمارە کاتیگۆری (چەمکی) حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم دووربخەمەوە. ئەوانەی تر کە مانەوە هیچ سوودێکیان لێ وەرناگرم، چونکە هیچ بنەمایەکیان تێدا نییە بتوانم بەهۆیەوە بە تەواوی مێشک هەڵبسەنگێنم و هەموو ئەرک و فرمانەکانی کە چەمکە بێگەردەکانی لێوەی دەکەونەوە بە وردی و بێ کەموکورتی دیار و دەستنیشان بکەم.

بۆ ئەوەی ئەو بنەمایە بدۆزمەوە، سەرنجی کردارێکی مێشکم دا کە هەموو ئەوانی تری تێدایە و لەلایەکی دیکەوە هەر بە گۆڕانی جیاواز و کاتی جیاواز لەوان جیایە و هەمەڕەنگی بۆچوونەکان لەژێر یەکڕەنگی بیر بەگشتی کۆ دەکاتەوە و لەوێدا من بۆم ساغ بۆوە کە چالاکی تێگەیشتن (مێشک) لە بڕیاردان (حوکم) پێکهاتووە، ئینجا توانیم پەنا بۆ ئەو کارە بەرم کە ڕابەرانی لۆژیک، ئەگەرچی بێ کەموکورتیش نەبووە، کردوویانە، بەو هۆیەوە ئەو دەرفەتەم بۆ ڕەخسا خشتێکی تەواوی ئەرک و فرمانەکانی تێگەیشتنی بێگەرد دابنێم، بەڵام سەبارەت بە بابەتەکان دەستنیشان نەکراو بوون. لە دواییدا ئەو ئەرکانەم بردەوە بۆ سەر بڕیارەکان دەربارەی بابەتەکان بەگشتی، یان پتر بۆ سەر ئەو مەرجەی کە بەهۆیەوە بڕیارەکان وەک ڕاستی بابەتی دیار و دەستنیشان دەکرێن و لێرەوە چەمک و بۆچوونەکانی تێگەیشتنی بێگەردم دەستگیر بوو، هیچ گومانیشم لەوە نەبوو کە ئەو چەمک و بۆچوونانە بەبێ زیاد و کەم ئەوانە کە دەکرێ هەموو زانینێکیان دەربارەی شتەکان بەهۆی تێگەیشتنی ڕووتەوە بۆ دەستەبەر بن. من بە تایبەتی ناوێکی کۆنم لێ نان: چەمکەکان (Kategorien)، ناوی (بار)ەکانم Pradicabilien (مەحمولات) هێشتەوە بۆ ناوبردنی ئەو بۆچوونانەی کە دەکرێ تەواوی ژمارەکانیان لەو چەمکانەوە بکەونەوە، جا ئیتر بە ڕێگای پێوەندی دەستیاوییەوە بێ، یان پێوەندییان بە فۆرمە بێگەردی دیاردەوە هەبێ (جێگا و کات)، یان لە ڕێگای پێوەندییانەوە بێ بە کەرەسەکەیەوە ئەوەندەی ئیمپریانە (بە ئەزموون) دەستنیشان و دیار نەکرێ (بابەتی هەست بەگشتی)، بۆ ئەوەی بخرێنە نێو سیستمی فەلسەفەی ترانسندێنتالی کە دەبێ ڕەنگی بڕێژدرێ، ئەوەش مەبەست بووە بۆ ڕەخنەگرتنی ژێر خۆی.

شتی گەوهەری و گرینگی لە سیستمی چەمکەکاندا کە بەهۆیەوە خۆی لە کۆنەکە جیا دەکاتەوە ئەوەیە کۆنەکە بەبێ هیچ بنەمایەک چالاک و دەست بەکار بوو. ئیتر ئەو بە فەلسەفە دادەنرێ و شایستەی ئەوەشە چونکە: واتا و دەلالەتی ڕاستەقینەی چەمکە بێگەردەکانی تێگەیشتن و هەلومەرجی بەکارهێنانیان بە تەواوەتی دەکرێ دیار و دەستنیشان بکرێت. ئیتر بەوە دەردەکەوێ کە ئەوان لە چەند ئەرک و فرمانێکی لۆژیکی بەولاوە نین، بۆیە هیچ بۆچوونێک دەربارەی بابەتێک ڕەنگ نارێژێ، بەڵکو خۆیان پێویستیان بەوە هەیە بە سەرنجدانی هەستەکی ببەستن، تەنیا سوودی ئەوەیان دەبێ بڕیارە

ئەزموونییەکان کە دەستنیشان نەکراون و وەک یەکن سەبارەت بە ئەرکی بڕیاردان دەستنیشان و دیار بکەن، بەمەش بایەخێکی ڕاستی هەمەکیان بۆ دابین دەکەن و بەهۆیانەوە بڕیارەکانی ئەزموونی بەگشتی شیاوەکی دەبن.

ئەو بیرۆکەیە دەربارەی سروشتی چەمکەکان کە تەنیا هەر بەسەر تاقیکردنەوەدا بەکاردەبرێن، نە بە مێشکی داهێنەری یەکەم و نە بە مێشکی ئەوانی تر کە بەدوایدا هاتوون، هاتووە:

بەڵام بەبێ ئەو بۆچوونە (کە بەگشتی پابەندی پرۆسەی خستنەوە، یان دیدەکشنی خۆیەتی) چەمکەکان بێ کەڵکن و تەنیا تۆمارکردنێکی بەدبەختانەی ناوکانە کە بە هیچ جۆرێک لێک نادرێتەوە و هیچ بنەمایەکی بەکارهێنانیان نییە، ئەگەر ئەو بیرۆکەیە لەلای پێشینان هەبوایە، ئەوە بەبێ ئەگەر و گومان هەموو توێژینەوەیەکی زانینی ژێری بێگەرد، کە بە میتافیزیک ناودەبرێ و بەسەدان ساڵ باشترین مێشکی چەواشە کردووە، بە ڕوخسار و وێنەیەکی جیاوازتر بۆ ئێمە دەمایەوە و مێشکی مرۆڤی ڕۆشن دەکرد و بەو مەرەیە نەدەچوو کە پەنا بەرێتە بەر شتی بێ بایەخ و تەفرەدان و وای لێ بێت سوودی بۆ زانستی ڕاستەقینە نەبێت.

ئەو سیستەمەی چەمکەکان لەلای خۆیەوە هەموو توێژینەوەیەکی هەر بابەتێکی ژێری بێگەرد خۆی جارێکی تر دەکات بە سیستمیانە و ڕێنیشاندەرێکی گومان هەڵنەگر، یان ڕابەرێک دەداتە دەست سوودی لێ وەربگیرێ لە چ خاڵێکی توێژینەوەوە سەرنجدانی میتافیزیکی، ئەگەر پێویست بێ بە تەواوەتی بێ، پەیرەو بکرێت، چونکە هەموو ساتەوەختێکی تێگەیشتن (مێشک) کە دەبێ بۆچوونەکان بچنە ژێریەوە، بە تەواوەتی لەنێو سیستمەکەدایە. بەو پێیە خشتی بنەما بنەڕەتییەکان ڕەنگی ڕێژراو دانرا، تەواوەتییەکەشی تەنیا دەکرێ بەهۆی سیستمی چەمکەکانەوە دڵنیایی لێ بکرێت، لە دابەشکردنی بۆچوونەکاندا، کە دەبێ بەکارهێنانی فیزیۆلۆژی مێشک تێبپەڕێنێ (ڕەخنە لاپەرە - ٣٣٧ هەروەها ل: ٣٦٦)، هەمان ڕێنمایی هەیە، لەبەر ئەوەی دەبێ بە هەمان خاڵی جێگیری پێشییانە دەستنیشانکراوی مێشکدا تێبپەڕی، ئەوە بەردەوام بازنەیەکی داخراو دروست دەکات، کە دەرفەتی هیچ گومانێک نادات لە بابەتی تێگەیشتنی بێگەرد، یان ژێری بێگەرد بکرێ لەوەدا کە پێویستە فەلسەفەییانە و بەپێی بنەما بنەڕەتییەکان پێشییانە هەڵبسەنگێنرێ، ئیتر دەتوانرێ بەشێوەیەکی تەواوەتی بەو شێوازە بزانرێ و پەی پێ ببرێ، تەنانەت من لاریم لەوە نەبوو بەو ڕێنماییە کار بکەم کاتێک من ئەو دابەشبوونەم دانا کە بە دابەش بوونێکی ئۆنتۆلۆژی ئەبستراکت دادەنرێ، بە تایبەتی جیاکردنەوەی هەمەجۆری چەمکی «شتێک» و «هیچ» و بەو وردەکارییە خشتێکی ڕێکوپێکی و ناچاری (ڕەخنە ل: ٢٩٨ و دواتر) ڕەنگ برێژم(١٥).

ئەو سیستمە وەک هەموو سیستمێکی ڕاستەقینە لەسەر بنەمایەکی هەمەکی- گشتی دامەزراوە و سوود و قازانجێکی هەیە بە تەواوەتی تا ئێستا بایەخی خۆی پێنەدراوە و هەڵنەسەنگێنراوە، هەموو چەمکە بیانییەکان دوور دەخاتەوە کە دەکرێ بۆ نێو چەمکەکانی مێشکی بێگەرد دزە بکەن و هەموو زانینێک دەخاتە جێگای خۆی من و ئەو چەمکانە بە چەمکی ورد بوونەوە (Reflexionsbegriffe) ناودەبەم و بەپێی ڕێنمایی چەمکەکان، خستوومنەتە نێو ئەو خشتەوە، ئیتر خۆیان تێکەڵ بە ئۆنتۆلۆژی دەکەن بەبێ ئەوەی مۆڵەت و داواکارییەکی ڕێکوپێکی ڕەوایان هەبێت، ئەگەرچی ئەو چەمکانە سوودی پێکەوە گرێدانیان هەیە، ئینجا چەند چەمکێکی بابەتەکە خۆیین، بەڵام چەمکەکانی تر چەند چەمکێک سوودی بەراورد کردنی ساکاری نێوان ئەو چەمکانەیان هەیە کە پێشتر دراونە دەست، ئینجا سروشتێکی جیاوازییان هەیە و جۆری بەکارهێنانەکەشیان جیایە، بەپێی ئەو دابەش کردنە ڕێکوپێکەی بۆ چەمکەکانم کردووە (ڕەخنە: ل٢٧٦) ڕێگای ئەو تێکەڵ بوونە نادات. سوودی ئەو خشتە جیا کەرەوەیەی چەمکەکان باشتر دەردەکەوێ، ئەگەر لە خشتی چەمکی ژێری ترانسندێنتالی جیا بکرێتەوە هەروەک دواتر وا دەکەین، چونکە سروشت و بنەڕەتیان بە تەواوەتی لە سروشت و بنەڕەتی چەمکەکانی ژێری بێگەرد جیاوازە (بۆیە، بەو پێیە دەبێ وێنەیەکی ئەوپەڕی تەواوەتی جیاوازیان هەبێ) و لە یەکتری جیایان دەکاتەوە، ئەو جۆرە جیاکردنەوە ناچارییە لە نێوانیاندا تاوەکو ئێستا لەهیچ سیستمێکی میتافیزیکیدا نەکراوە، بۆیە دەبینین کە بیرۆکەکانی ژێر و چەمکەکانی مێشک وەک خوشک و برا لە یەک خێزان و بنەماڵەدا پێکەوە بوون و بەبێ جیاوازی بەنێویەکتریدا

چوون، ئەمەش بەهۆی نەبوونی سیستمێکی تایبەتی چەمکەکان نەدەکرا بەربەست و ڕێگری لێ بکرێت.

**سەرچاوە و پەراوێز:**

**١٠- گەرمی و تیشک...تاد. لە جێگای بچووک و تەسکدا (بەپێی پلە) هەمان گەورەیین وەک لە جێگایەکی گەورەدابن وایە؛ بە هەمان شێوە بۆچوونی ناوەکی، ئێشوئازار، هۆشیاریی بەگشتی بەپێی قەوارە و چەندێتی بچووکتر نییە، ئەگەر کاتێکی کورت، یان درێژ بەردەوام بێت، بۆیە چەندێتی Grosse لێرە لە خاڵێکدا و لە دەمەسات و لە جێگاشدا فراوان و بەرین بێت و لە بەردەمیدا چەند بخایەنێ هەمان چەندێتی گەورەی دەبێ. پلەکان چەند قەوارەیەکن، بەڵام نەک لە بۆچووندا، بەڵکو بەپێی هەستی ڕووت، یان بەپێی چەندییەتی بنەڕەتی بۆچوونێک و دەتوانن تەنیا بەهۆی پێوەندی یەک بۆ سفر پتربن واتە: لە دەدا هەر هەستێک دەکرێ پێ بەپێ بە ژمارەیەکی بێ کۆتایی پلەکان تاوەکو لە بەرچاو ون بوون کەم بکات، یان لە کاتێکدا لە سفرەوە دەست پێ دەکات وردە وردە پتر دەبێ لە چەند ساتە دەمێکی لە ژماردن نەهاتوودا دەگاتە پلەی هەستێکی دیاریکراو (پلە چۆنیەتییە خراوەتە سەر چەندێتی).**

**١١- ناڵێین جیهانی ژیری (هەروەک چۆن ئاسایی دەردەبڕێ)، ئیتر ژیرەکی ئەو زانینانەیە کە بەهۆی مێشکەوە دەستگیر دەبێ، ئەگەرچی جیهانی هەستیش دەگرێتەوە، ئێمە بەو بابەتانە دەڵێین ژیرەکی، ئەگەر نەتوانین بەهۆی مێشکەوە نەبێ وێنایان بکەین، ئەگەرچی هەرگیز لەگەڵ سەرنجدانی هەستەکیدا نەیەتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەش جۆرە سەرنجدانێکی شیاوەکی هەیە کە لەگەڵ هەموو بابەتێکدا هەڵدەکات، دەبێ مرۆڤ وای بۆ بچێ کە مێشکێک هەیە توانایی سەرنجدانی ڕاستەوخۆی شتەکانی هەیە، بەڵام هیچ جۆرە زانیارییەکمان لەبارەی ئەو مێشکەوە نییە، ئینجا لە بارەی ئەو گەوهەرانەی مێشکەوە کە دەیانگرێتەوە، شت نازانین.**

**١٢- کروزیوس ڕێگایەکی ناوەڕاستی هەڵبژاردووە: ئەو ژیرەی بە هەڵە ناچێ و ناکرێ تەفرە بدرێ لە بنەڕەتدا ئەو قانوونانەی لە ناخماندا چەقاندووە، بەڵام لەبەر ئەوەی چەندین بنەمای بنەڕەتی تەفرەدەر هەن و زۆرجار دزە دەکەنە نێو ژیر، نموونەشمان لە نەزمی فەلسەفەکەی ئەودا هەیە، پێوەریشمان بەدەستەوە نییە بتوانین بەهۆیەوە بنەمای ڕاستەقینە لە هی ناڕاست جیا بکەینەوە، هەروەها هیچ جارێک ناتوانین بە دڵنیاییەوە بزانین گیانی ڕاستیی، یان باوکی درۆ نیازی چی هەیە.**

**١٣- گەوهەر، چۆنیەتی، چەندێتی، پێوەندی، کارکردن، کارلێکران، کەی، لە کوێ، ڕەوش، هەیەتی.**

**١٤- بەرانبەر، پێشکەوتوو، پێکەوە، بزووتنەوە، (جد: Ha-bere).**

**١٥- دەربارەی ئەو خشتەیەی چەمکەکان کە خرایە بەردەم دەکرێ ئەو چەند تێبینییە تۆمار بکرێن: بۆ نموونە:**

**١- چەمکی سێیەم لە یەک بۆچووندا هەردووک چەمکی یەکەم و دووەم کۆ دەکاتەوە.**

**٢- لە چەمکی چەندێتیدا تەنیا یەک هەنگاو بەرەو پێشچوون هەیە لە یەکڕەنگییەوە بۆ فرەیی، یان لە شتێکەوە بۆ هیچ (بۆ ئەو مەبەستە دەبێ پۆلێن کردنی چەمکەکان بەو جۆرە بێ: ڕیالیستی، سنووردارکردن، کۆتایی، ناکردنی تەواوەتی) بەبێ چەمکی خستنەسەر، یان بەرانبەر هەروەک لەچەمکی خستنەسەر و مۆدالدا وایە.**

**٣- هەروەک چۆن بڕیارە بارییەکان بنەمای هەموو بڕیارەکانی دیکەن بەپێی ڕیزبەندی لۆژیکی، ئەوە چەمکی گەوهەر بنەمای هەموو چەمکی شمەکە ڕاستەقینەکانە.**

**٤- هەروەک مۆدال لە بڕیارداندا بنەمایەکی تایبەتی نییە، ئەوە چەمکی مۆدال هیچ دەستنیشان کردنێک بە شتەکان نابەخشێ. ئەو جۆرە سەرنجانە سوود و قازانجی تایبەتی خۆیانیان هەیە، ئەگەر مرۆڤ ژمارەی ئەو بارانە کە لە هەموو ئۆنتۆلۆژییە نایابەکاندا (وەک ئۆنتۆلۆژی باومگارتن) هەن دەستگیر بکات و بەپێی کلاس ڕیزبەند و پۆلێنیان بکات بەبێ ئەوەی بەپێی توانایی شیکردنەوەی بۆچوونەکان پشتگوێ بخرێن، ئەوە ئەو شیکردنەوەیە بەشێکی شیکاری بێگەردی میتافیزیکی لێوە پەیدا دەبێ کە هیچ جۆرە دەستەواژەیەکی لێکدراوی تێدا نابێ، ئەمە لە بەشی دووەمدا دەبینین (بەشی لێکدراوەیی) و بەشی یەکەم بەهۆی وردی و کامڵییەکەیەوە سوود بەخشە، ئیتر بێجگە لەوە لە سیستمە ڕێکوپێکەکەیدا جۆرە جوانییەک هەیە.**

**١٦- ئەو تێکستەی کانت لەو کتێبەوە وەرگێڕدراوە:**

**- Immanuel Kant: Prolegomena zu einer jaden kunftigen Metaphysik, die als Wissenschaft wird auftreten konnen. S.77-99.**

# ڕەخنەی بەها ئەخلاقییەکان لە فەلسەفەی نیتشەدا

سەعید کاکی
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)

**١- بەها ئەخلاقییەکانی پێش نیتشە:**


فەلسەفەی ئەخلاق، توێژینەوەیەکی فەلسەفی و بیرمەندانەیە لەسەر بەها ئەخلاقییەکانی مرۆڤ. تێگەیشتن لە بەها ئەخلاقییەکان کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ژیانی مرۆڤەکان داناوە، بە تایبەت دەربڕین و هەڵوێستەکانیان لەسەر خەڵکی و کردەوەکانیان کە بە چ شێوەیەک بڕیار دەدەن، بۆیە خەڵکی کەم تا کورتێک هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی ژیانیان لەگەڵ بەها ئەخلاقییەکاندا یەک بخەنەوە، بەڵام نەک بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە، بەو جۆرەی کەوا هەندێک شێوەی ژیان لە هەندێکی تر بەپێزترە (ولیامز، ٢٩:١٣٨٣).

لەم سەروبەندەدا فەلسەفەی ئەخلاقی نیتشە ڕەهەندێکی تر دەگرێتە بەر و گرینگییەکی تایبەتی هەیە، بەهۆی ئەوەی کە شێوەی ڕوانینی ئەو لەسەر ئەخلاق لە بنەڕەتەوە شێوەیەکی تر دەگرێتەبەر.

پێش ئەوەی بچینە ناو باسەکە، باشتر وایە بەخێرایی باسێک لەسەر بەها ئەخلاقییەکانی پێش نیتشە بکەین بۆ ئەوەی بۆمان دەرکەوێت نیتشە ڕەخنەی چی دەکات.

ئێمە بەوردی شێوەی سەرهەڵدانی بەها ئەخلاقییەکان نازانین، بەڵام بۆمان دەرکەوتووە یەکەم کەسێکە لە فەلسەفەی خۆرئاوادا بە چڕوپڕی بایەخی بە بەها ئەخلاقییەکان داوە، فەلسەفەی سوقرات و ئەفلاتوونە. ئەم فەیلەسووفانە، وتبوویان هەروەها کە هەبوونی خۆر بۆ ڕۆشنایی، گژوگیا و زیندەوەرەکانی سەر گۆی زەوی پێویستە، ئایدیای خێر بۆ تێگەیشتنی مرۆڤ و کردارەکانی لە کۆمەڵگادا پێویستە.

هەربۆیە کردەی بەها دانان لە ناوەرۆکی بابەتەکانی پێوەندیدار بە مرۆڤەوە ڕادەوەستێت. کەواتە سڕینەوەی بەها ئەخلاقییەکان لە پێگەی هەبووە خاوەن عەقڵەکان



ئەفلاتوون

خەسارێکە بۆ سەر ژیانی مرۆڤ، گەروابێ ئێمە بەچڕوپڕی لە ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیمان تێناگەین (هۆڵمز، ١٣٨٢:٢٥).

ئەرستۆ پاش ئەفلاتوون ڕێچکەی مامۆستاکەی گرتە بەر، ئەویش بەها ئەخلاقییەکانی لە ژیانی بەختەوەرانەدا دەبینییەوە و ئامانجی بەها ئەخلاقییەکانی لە هاوسەنگی ڕادەی مام ناوەند دەبینییەوە. فێرگە و ڕێبازەکانی پاش ئەرستۆی وەکو ئێپیکۆری و ڕەواقییەکان بەها ئەخلاقییەکانیان لە ئۆقرە گرتنی دەروونیدا دەبینییەوە. ئێپیکۆر، بەهای ئەخلاقی دەبردەوە سەر چێژ (پاپکین، ١٣٦٩:٣٢).

بۆچوونی ئێپیکۆر ئەوە بوو، کە چێژ سەرەتا و دوا ئامانجی ژیانی بەختەوەرانەیە و لە ڕاستیدا چێژ یەکەم خێرێکە لەگەڵ سروشتدا یەک دەگرنەوە، بەڵام مەبەست لە چێژ تاودانی هەوەس و ئارەزووەکان نییە، بەڵکو ئۆقرە گرتنە و دوور کەوتنەوە لەو شتانەیە کە ئاسایشی دەروونی مرۆڤ تێکدەدەن (ژان بێرن، ١٣٨١:١٠٤).

ڕەواقییەکانیش لایان وابوو چاکە و گەشەسەندنی لایەنی ئەخلاقی بە تاکەوە بەندە. ئەگەر بێتو کەسێک بایەخ بە ڕووداوەکان نەدا، ئیدی گرفتەکانی جیهان بەسەریدا زاڵ نابن، هەر بۆیە ڕەواقییەکان بەها ئەخلاقییەکانیان دەگەڕاندەوە بۆ باوەشی مرۆڤ. گەرچی لە ئەخلاقدا تووشی ناکۆکی نێوان جەبر و ئیختیار بوون، بەڵام بەرپرسیاری ئەخلاقی وەکو بەهای ئەخلاقی لە ئەستۆی مرۆڤدایە، هەربۆیە تووڕیان نەدەدایە جیهانێکی بەرزەجیێ وەکو ئەوەی کە خودا لە جیهانێکی تر بۆت قەرەبوو دەکاتەوە. دواتر ئەخلاقی مەسیحی بەهاکانی ئەخلاقی ڕەواقیان گەڕاندەوە بۆ سەر ئیمان، یانی گرینگترین دەستووری ئەخلاقی مەسیحی ژیان بەسەربردنە لە ژێر فەرمانی خودا و بەها ئەخلاقییەکان دەبێ پەیڕەوی لەئیمان بکەن (مەک ئێنتایەر، ١٣٧٩:٢٢٤).

**١- پلە و پێگەی بەها ئەخلاقییەکانی سەردەمی مودێرن:**

سەردەمی مۆدێرن لە سێ لایەنی گرینگەوە سەری هەڵدا:

١- فیزیای نوێ، بەتایبەت کەسانێکی وەک، گالیلۆ، کۆپێرنیک و نیوتن.....

٢- فەلسەفەی مودێرن وەک: فەلسەفەی دیکارت، لۆک، هیوم و کانت.....

٣- فەلسەفەی سیاسی مودێرنی وەک: هۆبز، دیموکراسی لۆک......

بەها ئەخلاقییەکانی مودێرنیش لەم کەینو بەینەدا، لەسەر تەوەری تاکخوازی قۆراخەی بەستووە. ئەخلاقی مۆدێرن و ڕێبازەکانی هەوڵی ئەوەیان دەدا ئەخلاق بەرەو ئازادی و بەرپرسیاری هان بدەن و لە هەناوی ئەم ئازادییەدا تاک بە کۆمەڵگاوە نووساوە. چەمکەکانی ئەخلاقی مۆدێرن بە مێژوو، هەروەها بەستێنی کۆمەڵگاوە بەندن.

هەر بۆیە، بەها ئەخلاقییەکانی وەکو سۆزگەرایی، چێژخوازیی، فەزیلەت خوازیی لە ناوەڕۆکی فەلسەفەی ئەخلاقی مودێرندا شوێن پێی خۆی کردەوە. هۆبز و ئیسپینۆزا دوو کەسایەتی و فەیلەسووفی نوێخوازن وکاریگەرییان لەسەر هاوچەرخەکانی خۆیان داناوە. بۆ نموونە، ئەخلاقی ئیسپینۆزا لەسەر فۆرمێکی عەقڵتەوەر دامەزراوە، هەربۆیە سەرجەم ڕووداوەکان لەسەر نەزمێکی هەتاهەتایی و یاسا نەگۆڕەکانی سروشت ڕوو دەدەن، گەرچی ئیسپینۆزا لاهووتی یەهوودی بە شێوەیەکی تاکخوازانە و بە دوور لە یاسا و ڕێسای ئایینی یەهوود

شی دەکردەوە. ئیسپینۆزا کاریگەری ئەخلاقی ڕەواقی پێوە دیارە و لە ژێر عەقڵی پەتی دیکاریتدا بوو، هەروەها دوالیزمی دیکارتی ڕەت دایەوە و فەلسەفەیەکی لەژێر ناوی یەکانەکی بوون دامەزراند کە بیرۆکەیەکی یەکەخواز بوو، بەڵام ئیسپینۆزا وای بۆ دەچوو ئەخلاق ڕەها و نەگۆڕ نییە، بەڵکو ڕێژەییە و ئیعتبارییە، هەروەها هیچ شتێک لە خۆیدا چاک، یان خراپ نییە، بەڵکو ئەمانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بکەری کارەکە چ هەڵوێستێک دەگرێتە بەر (پاپکین، ٤٧).

هۆبز وەکو فەیلەسووفێکی مەتریالی میتودیک(١)، هەروەکو ئیسپینۆزا ئەخلاقی بە ڕێژەیی لە قەڵەم داوە و لای وابوو بەها ئەخلاقییەکان عەینی نین(٢).

هۆبز دەڵێ ئەوەی بۆ کەسێک چاکە، یان خراپە، بۆچوونی ئەو کەسەیە و بەس، ئەگەر وابێ داوەرییە ئەخلاقی و بەها ئەخلاقییەکان بە هەست و تێگەیشتنی مرۆڤەوە بەندن (ڕیچارد تاک، ١٣٨٢ : ٨٦- ٨٧).

عەقڵخوازەکان، بەها ئەخلاقییەکانیان لە بکەری کردەکەدا دەبینییەوە و پشتیان بە ڕێگەی بەڵگە هێنانەوە دەبەست، هەروەها لایەنی ئیمانیان لە ئەخلاق داماڵی و پێداگریان لەسەر پێوەندی نێوان ئەخلاق و بەهاکانی تاک، یان کۆمەڵگا دەکرد. لە لایەکی تر ئەزموونییەکانی وەکو هیوم بناغەی بەها ئەخلاقییەکانیان لەسەر هەستی مرۆڤدا دانا و لای وابوو عەقڵ کۆیلەی هەستە و بەس. کەسانێکی تری وەکو ئیستوارت میل و بێنتام، بەها ئەخلاقییەکانیان لە قازانجدا دەبیننەوە و خێری ئەخلاقیان بەوە دەزانی کەوا قازانج بۆ زۆرینەی کۆمەڵگا دابین بکەن (مەک ئێنتایەر، ١٣٧٩:٣٢٢).

ئەخلاقی قازانجخوازانە و ئەرکخوازانەی (کانت) دەوری سەرەکییان لەسەر ئەخلاق و بەهاکانی جیهانی مودێرن گێڕاوە. کانت وەک فەیلەسووفێکی ئەرکخواز دژ بە بۆچوونی قازانجخوازەکان لەسەر بەها ئەخلاقییەکان ڕاوەستا، هەربۆیە بەهای ئەخلاقی لە «ویستی چاکە(٣)»دا دەبینییەوە و مەبەستیشی لە ویستی چاکە، بە ئەنجام گەیاندنی ئەرک(٤)و بەڵێنە(٥) (کانت ١٣٦٩ : ١٣- ١٤).

لەم بەستێنەدا، پرسەکە ئەمەیە ئەخلاقی نیتشە چ خاڵێکی هاوبەش، یان ناکۆکی لەگەڵ ئەم باسەدا هەیە؟ یان ئەوەی کە پرسی سەرەکی نیتشە لەسەر ئەخلاق چییە؟ نیتشە کاریگەری لەسەر بەها ئەخلاقییەکان داناوە و پلە و پێگەی تایبەتی خۆی لە فەلسەفەی ئەخلاقدا هەیە. نیتشە لە لایەک ڕێزی لە ئەخلاقی پێش سوقراتی دەگرت و وەک هێمای ژیان چاوی لێدەکرد و لە لایەکی تریش ڕەخنەگر و دوژمنی ئەخلاقی سوقراتی بوو. نیتشە لە ویستی ڕەشبینانەی شۆپنهاوەر کەڵکی وەرگرت و بەرەو ویستی ژیان هانی دا، هەروەها نیتشە لە بەشی ئەخلاقی سەروەر و کۆیلەدا کاریگەری هێگڵی(٦) پێوە دیارە، بەڵام نیتشە شێوەکانی عەقڵ تێک دەدا، نیتشە ئەخلاقی کانتی وەک پاساو هێنانەوە بۆ سەلماندنی ئەخلاقی مەسیحی ناودێر کردووە و لە جیاتی سەلماندنی زانینی کانتی کە وتبووی چی دەزانین؟ نیتشە ئەم پرسیارەی ورووژاند کەوا چ شتێک بۆ ژیان باشە؟ هەربۆیە بۆچوونەکانی نیتشە تاڕادەیەک لەگەڵ فەلسەفەی پراگماییدا یەک دەگرنەوە. کەواتە زیندوو بوونی نەریتێک لەوەدایە بیرکردنەوەکان بە مێژوو و بەستێنی کۆمەڵگاوە بەندە، هەروەها یەکگرتنەوەیەک لەنێوان ئیسپینۆزا و نیتشەدا هەیە. نیتشە ڕێزی لە ئیسپینۆزا دەگرت بە هۆی ئەوەی کە چەمکگەلێکی وەکو ئازادی ویست(٧) و زانینی بەرەو هێز هان دەدا (پیەرسۆن، ١٣٨٨:٤٠)، تەنانەت لە یۆناندا و لە کتێبی کۆمار کالیکلێس دژ بە ئەفلاتوون کەوا دادپەروەری لە هاوسەنگی نێوان؛ عەقڵ، بوێری و مەیل، دادەنا ڕاوەستا و لای وابوو دادپەروەری گەیشتن بە دەسەڵاتە(٨).

## ٢- چوارچێوەی گشتی فەلسەفەی ئەخلاقی نیتشە:

نیتشە دژایەتی ئەخلاقی قازانجخوازانەی دەکرد، بەڵگەی نیتشە ئەوە بوو کەوا بەهاگەلێکی وەک «خۆشگوزەرانی» بەو جۆرەی کەوا قازانجخوازەکان باسی لێدەکەن هیچ نییە، بێجگە لە خزمەت کردنی مرۆڤە مام ناوەندەکان. ئەو مرۆڤانەی کەوا هایدگەر وەک مرۆڤی ناڕەسەن، یان داسمەن چاوی لێدەکردن و حەزیان ئەوەیە خۆیان بنوێنن، یان ئەوەی کە لە خزمەت کەسێکی تردا بن، نیتشە لە سێ خاڵدا دژ بە تیورییە ئەخلاقی و بەها ئەخلاقییەکان دەوەستێتەوە.

١- لەسەر بنەما گشتییەکانی ئەخلاق، بۆ نموونە کانت تایبەتمەندی ئەخلاقی لەهەمەکی بووندا دەبینێتەوە وەک ئەم بڕیارەی کەوا دەڵێ: " کردارت وەها بێ، بتەوێ



**دیکارت**

بڕیارەکەت ببێتە یاسایەکی گشتی".

نیـتـشـه لە بەرانبـەر ئەم بڕیارەدا، دژ بە هەر چەشنە یاسادانان و پاراستنی کرداری گشتی و تایبەت بووە و لە ئەنجامدا ئەم جیاوازییـانەی بنەبڕ دەکـرد (حەقیـقی، ١٣٧٨: ١١١- ١١٢).

### ٢- چەمکی یەکسانی سیستمە سیاسییەکان:

دیموکـراسی و سـۆسـیـالیـزم بەهاکـانی وەک ئازادی و دادپەروەرییان هێنایە ناو ئەخلاق و بەڕای نیتشە ئەمانە تێکڕا بناغـەیان لە ئارمانـەکانی مـەسیـحدایە و ئەویش خولْقاندنی «مرۆڤی مێگەلە». نیتشە لەم بوارەدا دژ بە هەر چەشنە بەهایەکی وەک یەکسـانی بوو، یەکسـانی بنەمای نییـە و مرۆڤە مێگەلەکان بۆ ئەوەی کە هەمـوو شتێک وەک خۆیان لێ بکەن، چەمکی وەک یاساکانی کۆمەڵگای داسەپاندووە.

### ٣- چەمکی زاڵ بوون بەسەر نەفسدا:

نیتشە لای وابوو ئەو سیستـمە ئەخلاقـییانەی کەوا مرۆڤەکان هان دەدەن خۆڕاگر بن و مل دانەنەوێنن بۆ حەزە کاتییـەکانی خۆیان، بەڵام ئەو جۆرە ئەخلاقـەی هەندێک مـرۆڤی بیـر وشک بۆ سـەرکـوتی نەفس و غـەریزە سروشتییەکان کەڵکی لێوەردەگرن، دژیان دەوەستایەوە و ڕەخنەیان دەکـات، نیـتـشـە دژ بە یەکـانەکی نەفس ڕادەوەستێتەوە و هەر چەشنە دوالیزمی نەفس و لەش لە بۆچوونە ئەفلاتوونی دیکارتییەکەیدا مەحکووم دەکات. بەڕای ئەو نەفس هیچ نییە، بێجگە لە کۆمەڵێک سۆز و هەست، هەربۆیە ئەم بۆچوونە هیـومی فـەیلەسـووفی گومانکاری ئەزموونخوازمان وەبیر دێنێتەوە (حەقیقی، ١١٣- ١١٤).

پرسـەکـە لێرەدا ئەوەیە، نیـتـشـە لە بەرانبـەر بەها ئەخلاقیـیـەکاندا چ بۆچوونێکی تری هەیە؟ هەروەها کە ئامـاژەمـان پێدا لە فـەلسـەفـەی ئەخـلاقی سـوقـراتدا شێـوەیەک لە ڕوخسـاری گـەیشـتن بە ڕاسـتـەقـینە خـۆی حەشـارداوە، یانی کـەسێکی وەک ئەرەسـتـۆ وێنایەک لە فەزیلەتی ئەخلاقی، واتە گەیشتن بە بەختەوەری ئاراستە کردووە و کانتیش شیکردنەوەیەکی لە ئەخلاق و عەقڵی کردەکی بۆ ئێمە دابین دەکات و جۆن ئێستـوارت میل، پێـــداگـــری لەســـەر چەمکی چێـــژ کــــردووە (solomon2003:44)، بەڵام نیتشە بە پێچەوانەی سـەرجـەم بۆچوونە بەها تەوەرەکـانی پێش خـۆی، بە فـەیلەسـووفی ئەخـلاقی تاکگەرا لە قـەڵەم دەدرێت (کاپلستۆن، ١٣٧٨:٦٤).

نیتشە فەیلەسووفێک نییە لە نەریتێکی فـەلسـەفی شیکاریدا بیگونجێنین بۆ ئەوەی بەها ئەخلاقییەکان لێک بداتەوە، هەر بۆیە دژ بە سـەرجـەم بەها ئەخلاقـیـیـەکان دەوەسـتـێـتـەوە و بەهای نوێ دەخـوڵـقـێنێ. بە گـشـتی نیـتـشـە، فـەیلەسـووفـێکی ئەخـلاق ناباوەڕە(٩) و بە شێوەیەکی بوون ناسیانە(١٠) چاو لە بەها ئەخلاقییەکان دەکـات و لەگـەڵ ئەو فـەیلەسـووفـانەی کـەوا دژی میـتافیزیکن هاودەنگە، بە گشتی نیتشە فەیلەسووفێکە تەفسیری جۆراوجۆری لەسەر کراوە، واتە تەفسیری وەک هایدگەر، دۆلۆز و یاسپەرز، فەلسەفەکەی دژە سیستـمە، مـەبەسـتی نیـتشـە لە تـەفسـیری بەها ئەخلاقـیـەکان، گەڕانەوەی «بێ تاوانی و بێ گومانی» هەتاهەتایی ئایینە بۆ سـەر بـوون، بەڵام بە چاوێکی تر چاوی لێـدەکـات، ئەویش لە ڕوانگەی «ئەودیوی چاکە و خراپە»وە (نیتشە ١٣٧٨:٥٨).

هەربۆیە زمـانی نیـتـشـە بۆ دەربڕینی بۆچوونەکـانی لە بازنەی ئەخلاقی سیـسـتـمـاتیک و ئیـپیـسـتـمـۆلۆژیکدا ناگونجێت و پڕن لە قسـەی نەسەق و زۆرجاریش تەوس و تەشەر. کەواتە نیتشە دژ بە هەر چەشنە بۆچوونێکە کەوا

ئەخلاق وەک بنەمایەکی نەگۆڕ چاو لێدەکەن، هەربۆیە ئەو دەیەویست خۆی لەم کۆتو بەندە ڕزگار بکات(یاسپەرز، ٢٣٣: ١٣٨٠).

نیتشە لە جیاتی شیکردنەوەی چەمکە ئەخلاقییەکان، لە تەفسیر کەڵک وەردەگرێ، قسەی نەسەق، لای نیتشە جۆرێک هونەری تەفسیر و شرۆڤەیە و لە هەمان کاتدا بابەتێکە بۆ هەڵسەنگاندن (دۆلۆز، ٢٢:١٣٨٣)، هەربۆیە نیتشە لە ڕێگەی بۆچوونێکی ڕەچەڵەک ناسانەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی بیرکردنەوەکان و دۆزینەوەی سەرچاوەی ڕەچەڵەکەکانیان.

**٤- ڕەخنەی بەها ئەخلاقییەکانی مەسیح:**

پرسیارێک لێرەدا ئاراستە دەبێ، ئەویش ئەمەیە، نیتشە دەیەوێ چی بسەلمێنێ؟ نیتشە لە ڕێگەی ئاراستەکردنی دوو شێوە بەهای ئەخلاقی لە فەلسەفەی خۆرئاوادا، واتە ئەخلاقی کۆیلە و ئەخلاقی سەروەر دەیەوێ هەمدیسانەوە، بەها ئەخلاقییەکان هەڵبسەنگێنێ. نیتشە وای بۆ دەچوو بەها ئەخلاقییەکانی خۆرئاوا تووشی نیهیلیزم بووەتەوە، هەر بۆیە بەهای خۆیان لە کیس داوە و ئەم بێ بەها بوونە ڕیشەی لە ئەخلاقی، سوقراتی - مەسیحیدایە. نیتشە دەیەوێ بڵێ هیچ کات جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نێوانی ئەخلاقی ڕاستگۆیی و مەسیحی و ڕۆمیدا نییە، ویستی ڕاستەقینە بەو جۆرەی کەوا مەسیحییەت و فەلسەفە لە هەناویدا قۆراخەی بەستووە، کۆیلەی ئەو ئارمانە زاهیدانەیەن کەوا لایەنگرەکانیان هەوڵ دەدەن جۆرێک ویستی هێزی پەست و نەخۆش ئاسا بەسەر توخمەکانی ژیاندا بسەپێنن و لە هەمان کاتدا لەگەڵ ویستی فریودانداا ئاوێتەی بکەن(ئێستێرن، ١٣٦:١٣٧٥). دیارە نیتشە وای بۆ دەچێ ئەخلاقی مەسیحی هەمان ئەخلاقی سوقراتییە، تەنانەت ئایدیۆلۆژییە سیاسییەکانی وەک سۆسیالیزم و دیموکراسی بناغەیان لە ئەخلاقی مەسیحدایە و کە تا ئێستا باوەڕیان بە یەکسانخوازییە، بێجگە لە خەون و خەیاڵ، هیچیان لێ نەکەوتووەتەوە، هەر بۆیە هەموو شتێک لە ویستی هێزدایە.

مەسیحییەت و ئایین بێجگە لە چاندنی توخمی ڕق و ترس، هیچ کارێکی ئەوتۆیان نەکردووە. نیهیلیزمی شاراوەی ناو ئایین، کاتێک دەگاتە لووتکە و دەسەڵات هەموو فۆرمەکانی بیرکردنەوە، تەنانەت ژیان دەسڕێتەوە و شەڕ وەک بابەتێکی کۆنکرێتی سەرگۆی ئەم زەوییە دەسڕێتەوە و گوێی خۆی لە ئاستی شەڕەکانی جیهان کەڕدەکات. ئایین جیهانێکی دووبەرەکی وەک خێروشەڕ، ڕەش و سپی، ئیماندار و بێ ئیمان، چاک و خراپ دەخوڵقێنێ. نیهیلیزمی شاراوەی ناو ئایین هەموو فۆرمێکی ئازادی و ویستی ژیان دەخنکێنێ و مرۆڤی گێژ و کۆیلە و داماو دەخوڵقێنێ، مرۆڤێک کەوا هێشتان لە ناو زەبری قەدەردایە و ماتڵی چارەنووسێکی نادیارە، هەروەها خوڵقاندنی ئارمانجی ڕەهایی، یان هەمان جیهانی خەیاڵی ئەفلاتوونییە. نیتشە دژ بەم ئەخلاقە باس لە ئەخلاقی سەروەر دەکات، ئەوکەسانەی بۆخۆیان خاوەن داهێنانن و لەمپەرێکن لە بەردەم ئەخلاقی کۆیلە، هەربۆیە سەربەخۆ و ئازادن.

**٥- تایبەتمەندی ئەخلاقی کۆیلە:**

بەڵام کۆیلەکان ئەو کەسانەن، کۆمەڵگای مرۆیی پێکدێنن، ترسنۆک، لاواز و مام ناوەندن و بوونی داسمەن، یان نارەسەنیان هەیە، ئەو سەردەمەی کەوا سەروەرەکان، دەسەڵاتیان هەبوو و ئەخلاقی کۆمەڵگا لە لایەن ئەوانەوە بناغەی دارێژرابوو، سەروەر ئەوەی بە چاکە دەزانی، هەر ئەوەش سەری دەگرت. کۆیلەکان لە ژێر ڕکێفی سەروەرەکاندا بوون. سەروەرەکان لە وشەی «خراپ و پەست» کەڵکیان وەردەگرت، بەڵام سەروەرەکان داهێنەر بوون و حەزیان لەوە نەبوو بەهاکانی خۆیان بەسەر کۆیلەکاندا بسەپێنن، ئەوان هونەرمەند بوون و بەهاکانی وەکو «چاکە و خراپە» بۆ سەروەرەکان لایەنێکی پێهەڵدان و ستایش کردنی هەبوو، هەروەها باهاکانیان بەسەر هیچ کەسێکدا نەدەسەپاند. لەم قۆناغەدا کۆیلەکان تووشی ڕق و قین، یان «resentment» دەبوون، دیارە لەم قۆناغەی بیر کردنەوەی نیتشەدا، شوێن پەنجەی هێگڵی پێوە دیارە. مەبەستی نیتشە لە وشەی re-sentment لای نیتشە ئەوەیە ئەم وشەیە بۆ ئەخلاقی مەسیحی بەکار دێنێ، واتە مرۆڤی ئایینی توخمی ڕق و قین و ترسنۆکی نەبێ، هیچ شتێکی تر ناچێنێ. بێزار لە ژیانە و چاندنی ئەم بەها کۆیلانە بۆ ئەوەیە، تۆڵە لە مرۆڤی سەروەر بکاتەوە(زەیمەران، ٩٨:١٣٨٢). ئەوکاتەی کۆمەڵگا پێویستی بە مرۆڤی سەروەر هەبوو، کەڵکی لێوەردەگرت و ڕێزی لێدەگرت، هەر کە مەترسی

نەما، ویستیان سەروەرەکان لە کۆتو بەند بخەن. ئەوسا وشە ئەخلاقییەکانی وەک «چاکە و خراپە» باری گۆڕا و لە ئەنجامدا بەهاکانی مرۆڤی کۆیلە ناوبانگی دەکرد. (هەر کۆمەڵگایەک هەندێک یاسا و ڕێسا و بەها بڵاودەکاتەوە، سا لە لایەن دەسەڵاتەوە بێ، یان ئەوەی کە کۆمەڵگا بڵاوی دەکاتەوە، بۆیە هەندێک کەس قازانج لەوەدا دەبیننەوە)، هەربۆیە بەهاکانی مرۆڤی کۆیلە ناوبانگی دەرکرد بۆ ئەوەی مرۆڤی سەروەر لە خشتە بەرن و کرداری وەک بێ باکی، بوێری، سەرمەستی لای سەروەرەکان بەهای نەما و بزر بوو. خەڵکی مێگەل بۆ پاساو هێنانەوەی لاوازییەکانی خۆیان، کرداری «وشتر(١١)» یان دایەپاڵ سەروەرەکان(حەقیقی، ٩٩). نیتشە لای وابوو، لە ڕوانگەی مێژوییەوە، ئاڵوگۆڕی لە بەها ئەخلاقییەکان لە ڕێگەی ئایینی یەهوودەوە دەستی پێکرد و ئاکاری مەسیحیش پەرەی پێ دا، بەڵام ئەم سیستمە ئەخلاقییە تا ئەو ڕادەیە کاریگەری لەسەر ئەخلاقی ئەورووپی دانا و ئێستاشی لەگەڵ بێ، ئەخلاقی زاڵ بەسەر خۆرئاوادا ئەخلاقی کۆیلایەتییە، بە بۆچوونی نیتشە، ئەخلاقی مەسیحی دەمامکێکە بۆ شاردنەوەی ترسی خەڵکی سست و بێ ئیرادە و مێگەل، هەروەها کەرەسەیەکە لە دەست خەڵکی مام ناوەند بۆ لاواز کردنی ورەی مرۆڤی بەرز و کەسایەتی بەهێز، هەربۆیە چەمکەکانی وەک ویستی ئازاد و بەرپرسیاری لە ڕاستیدا دەربڕی حەزی دەروونی خەڵکی لاواز و کۆیلەیە بۆ تۆڵە سەندنەوە لە مرۆڤی بەرز، کەواتە ئەخلاقی ئایینی دژ بە ژیان دەوەستێتەوەو ڕقیەتی لە هەر چەشنە غەریزەیەکی شادیهێنەر، هەر بۆیە بەزەییهاتنەوە بە کەسانێکی تر خەملاندنی توخمی کۆیلایەتییە، هەر کە بە بەزەییەوە چاو لە کەسێک دەکەیت، ورەی مرۆڤایەتی لێ زەوت دەکەیت و سووکی دەکەیت و ئەخلاقی کۆیلەی بەسەردا دەسەپێنی، کەواتە ئەخلاقی مەسیحی ڕێگە لە مرۆڤە بەرز و بەهێزەکان دەگرێت و توخمی ترسی لە هەناودا پەروەردە دەکات (نیتشە، ١٣٨٧: ١٠٠-١٠١).

**٦- هەڵسەنگاندنی بەها ئەخلاقییەکان لای نیتشە:**

نیتشە باس لە دوو جۆر ئوستوورە دەکات و لە ڕێگەی ئەم ئوستوورانە، ئەخلاقی خۆرئاوا هەڵدەسەنگێنێ. ئوستوورەی ئاپۆلۆن و دایۆنیسیۆس. ئاپۆلۆن نوێنەری ئەقڵە و سوقرات و ئەفلاتوون بناغەی ئەم ئەخلاقەیان داڕشتووە. ئەخلاقی ئاپۆلۆنی چوارچیوەدار و بەڵگەمەندە و یاسا و ڕێسای هەیە و هەموو شتێکی ئەخلاق بنەمایەکی عەقڵی هەیە، بەڵام لە ئوستوورەی دایۆنیسیۆسدا، خودای سەرمەستی و خۆشی، سەما و هەستی ژیانە. نیتشە کاتێ باس لە بەهای ئەخلاقی دەکات وەک جۆرێک بەرهەمی هونەری کەوا پڕە لە داهێنان چاو لێدەکات. هونەرمەند داهێنەرە و بەبێ ئەوەی بایەخ بە هەڵسەنگاندن بدا، لەوپەڕی چاکە و خراپەدا چاو لە بەها ئەخلاقییەکان دەکات، هەر بۆیە مرۆڤی بەرز نموونەی هونەرمەندێکە، بە هەستی ژیان گۆشکراوە. نیتشە هەستی حەقیقەت تێکدەدات و هەستی ژیانی لە باتی دادەنێ و حەقیقەت درۆیەکی گەورەی مێژووە بۆ هەڵفریوانی مرۆڤەکان. تەنیا ژیان بەهای هەیە و بەس، نیتشە بەها جوانیناسەکان بە سەر بەها ئەخلاقییەکاندا سەردەخات، هەربۆیە بەهاکانی ئایین ترس و ملکەچی و کۆیلایەتی دەخولقێنن. کەواتە ئەخلاقی دایۆنیسیۆسی نموونەی بەرزی ئەخلاقی سەروەرەکانە و بەهای تایبەتی خۆی هەیە. گەرچی وتەزای ئەخلاقی مەسیحی کە لە ڕەخنەکانی نیتشەدایە، بەربڵاوترە لە دیاردەی ئەخلاقی مەسیحی، بەڵام زۆربەی ئایینەکان، تەنانەت ئایدیۆلۆژییە سیاسییەکانیش دەگرێتەوە. بۆ نموونە نیتشە ڕەخنە لە ئەخلاقی ئەرستۆ ناگرێ، مەبەستی نیتشە لە ڕەخنەی ئەخلاق، ئەخلاق بە گشتییە. نیتشە لە کتێبی «ئەو دیوی چاکە و خراپە» دژ بەو ئەخلاقانە دەجووڵێتەوە کەوا لە بەرانبەر سروشتدا ڕادەوەستن، هەربۆیە نیتشە دەڵێ: ئەو نیهیلیزمەی یەخەی فەلسەفەی خۆرئاوا بەرنادا، بزربوونی بەها ئەخلاقییەکانە، مەرگی بەها ئەخلاقییەکان«مەرگی خودایە». مەرگی خودا هەمان زاڵبوونی ئەخلاقی کۆیلەیە و بە گشتی نیتشە دەیەوێت فۆرمی شیعر، یان ئوستوورە بەسەر ئەقڵدا سەربخات. ڕەخنەکانی نیتشە لە بەها ئەخلاقییەکان زۆر بەهێزن، نیتشە پێمان دەڵێ ئەوانەی باس لە ئەخلاق دەکەن تەنیا لە ڕوانگەی هێزەوە ئەم کارە دەکەن و دەیانەوێت لە ڕێگەی خولقاندنی تابۆوە مرۆڤ ملکەچ و کۆیلەبار بێنن. سەرجەم ئایین و ئایینزاکان و سیاسەت و ئایدیۆلۆژییەکان دەیانەوێت ویستی هێز بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنن. سا لە ڕێگەی ترس، یان پەروەردەکردنی مرۆڤی دەسەمۆ بێ، یان ئەو هێزی کەوا

خودای پارە و گەندەڵی سیاسی لە دنیادا دەبینێت. نیتشە میشکی مرۆڤ تیژ دەکاتەوە و بە وریاییەوە ورەمان پێ دەدا چۆن لە دەسەڵات و ئایین و فۆرمەکانی ژیان تێ بگەین. چۆن لەو ئەخلاقە گەندەڵانە بکۆڵینەوە کە دزە دەکەنە ناو مێشک وەک جاڵجاڵۆکە هێلانە دەکەن و بتی زەین دەخولقێنن!. نیتشە کاریگەری لە سەر فەلسەفەی ئەخلاقی پاش خۆی داناوە، بە تایبەت هایدگەر کەسێکە لە ژێر کاریگەری نیهیلیزمی نیتشەدا جلوبەرگی ئەنتۆلۆژییەی بە بەردا کرد، فووکۆی فەرانسەیی کەسێکە کاریگەری نیتشەی پێوە دیارە، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە گرینگە، خوێندنەوەیەکی نوێ لە ئەخلاقە، ئەم خوێندنەوە دژ بە ڕەوتی ئەخلاقی باوی فەلسەفییە، واتە هەمان ئەخلاقی سوقراتی- کانتییە. دەبێ لە نیتشەوە فێرە ڕەخنە گرتن بین، بەڵام ڕەخنە بەبێ بنەمای مەعریفی وەک تەوسێک وایە هەردەم مرۆڤی کۆیلە دەخولقێنێ، کاتێ نیتشە ڕەخنە لە ئەخلاق دەگرێ، دەزانێ پاشخانی ئەم ئەخلاقە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە.

**پەراوێز:**

**١- لە فەلسەفەدا، ڕێچکەی ماتریالیست ریشەی لە فەیلەسووفەکانی پێش سوقراتیدا داکوتاوە، بۆ نموونە دیمۆکریتۆس ماتیریالیکی سادەیە، لە فەلسەفەی نوێدا، هۆبز، نوێنەری ماتیریالیزمی میتودییە و ماتیریالیزمی مێژوویی و دیالێکتیکی لە ژێر کاریگەری فەلسەفەی هیگڵ و مارکس پەرە دەستێنێ.**

**٢- ئەخلاقی عەینی - مانای ئەوەیە چاکە و خراپە لە دەرەوەی زەینی ئێمەدان، ئەفلاتوون ئەخلاقی زەینییە، لای وایە چاکە و خراپە بنەمای لە سەر هەستی مرۆڤە و فڕی بە سەر عەینەوە نییە. وەک هیوم.**

**3-goodwill.**

**4-duty.**

**5-obligation.**

**٦- هیگڵ باس لە کۆیلە و خاوەن کۆیلەی لە بەستێنی مێژوویییدا کردووە و هەروەک قۆناغێکی مێژوویی ئاگامەندانە چاوی لێکردووە و بۆ دوو چینی جیاواز بە کاری هێناوە و مەبەستی لە پرۆژەکەی گەیشتن بە ئازادی لە ڕێگەی عەقڵەوە بوو، بەڵام نیتشە، کۆیلە و سەروەری وەک باسێکی ئەخلاقی چاوی لێکردووە و بایەخی بە بەستێنە مێژووییەکەی نەداوە.**

**٧- لە نێوان «کۆناتووس» یان پاراستنی زاتی ئیسپینۆزا، ویستی هێزە یەکگرتنەوەیەک هەیە.**

**٨- نیتشە مەبەستی لە هێز دەسەڵات نییە، بەڵام کالیکلێس مەبەستی لە هێز دەسەڵاتداری بوو.**

**9-An moralist.**

**10-Ontological.**

**١١- مەبەستی نیتشە لە وشەی وشتر ئەوە بوو، ئەم وشەیە هێمای ئەخلاقی دواکەوتوو و نەریتییە و ئەخلاقی «شێر» ئەخلاقی مرۆڤی سەروەرە.**

**سەرچاوەکان:**

**١- فلسفه اخلاق، فرانكنا، هادی صادقی ١٣٨٣ طه.**

**٢- درآمدی به فلسفه اخلاق و آر. اف. اتكينسون، سهراب علوی نيا ١٣٥٨ نشر مركز.**

**٣- تبار شناسی اخلاق نيچه، داريوش آشوری ١٣٧٩. آگه.**

**٤- فراسوی نيک و بد نيچه، ترجمه داريوش آشوری ١٣٨٧ خوارزمی.**

**٥- گذار از مدرنيته، شاهرخ حقيقی، ١٣٧٨، آگاه.**

**٦- نيچه، ياسپرس، ترجمه سياوش جمادی، ١٣٦٩، ققنوس.**

**٧- كليات فلسفه، پاپكين، مجتبوی، ١٣٦٩، حكمت.**

**٨- فلسفه مدرن اروپايی، سولومون، حنايی كاشانی: قصيده.**

**٩- نيچه، استرن، ترجمه عزت الله فولادوند : طرح نو.**

**١٠- تاريخ فلسفه اخلاق، السايدر مک اينتاير، انشاءالله رحمتی، نشر حكمت.**

**11-Nietzsche. Robert. C.Solomon 2003.**

# ئەزموونی شانۆم

ئەحمەد سالار

هەر لە یەکەم ڕۆژەوە، کە بوومە شاگردی فێربوونی هونەری شانۆ، لە ئاکادیمیای هونەرە جوانەکانی زانکۆی بەغدا... هەستم بەو ڕاستییە نەگۆڕە کرد، کە ئەم خولیایەی لە کەللەی داوم، گەلێکی لێم دەوێت، ئەوە منیش شانم داوەتە بەری و لە سەرەتای سەرەتاکانیدام و ڕێگەی گەیشتنە ئەو هەواری نیازەم، هەتا بلێیت دوورە و ڕەنگە ئەو ئاهـ پێداهاتنەی خۆزگە و ئۆخەی شادبوونەش، هەر لە قەمیچ و گرێکوێرەی مەحاڵدا بێت. جاران دەیانگوت نا لە گەرووی شێر و نەهەنگدایە، نەیخۆی لە برساندا گیان دەدەیت و دەستگیرکردنیشی مان و ژیانە، بۆیە منیش دڵم هەر لای ئەوەبوو، داخۆ کەی ئەو ڕۆژە دێت، بتوانم بەدەستی خۆم ئەو تاجە لەسەر نێم. ڕۆژان هاتن و ڕۆژان ڕابوردن، هەمیشە ئەو گوتەیە لە مێشکمدا دەزرنگایەوە: «دەبێ بیر بە دەرزی دروومان لێدەی»، بەڵام چۆن چۆنی؟ ماندووبوون و ورەبەرنەدان و بەردەوامی.

ئەو هەڵپە و پەرۆشییەی، لە مێردمنداڵی و لاوێتیدا، بۆ خوێندنەوە هەمبوو، بە تایبەت ڕۆمانە بەناوبانگەکان، شاکارەکانی، دەیستۆیڤسکی و تۆلستۆی و هەمینگوای و...تاد ئەوانە سەرجەمیان لە قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی خوێندبوومنەوە، کە ئەو ڕۆژگارە بەزمانی کوردی نەبوون، هەمان خولیاو هەمان هەڵپەو پەرۆشی، سەرلەنوێ و بە گوڕ و مەبەستێکی گەلێک زیاتر لە گیانمدا بزوا، بەڵام بۆ هەر شتێک پێوەندی دوور و نزیکی بە هونەری شانۆوە هەبێت.

پاشان زانیم. سەرمایەی سەرەکی ئەکتەر، بێجگە لەگەنجینەی ڕۆشنبیری، ڕۆشنبیرییەکی ئینسکلۆپیدیاییە بەگشتی و هەرچی زانستییەک پێوەندی بە زانست و هونەری شانۆوە هەبێت، وەک سۆسیۆلۆژیا و سایکۆلۆژی

و بایۆلۆژی.. ئەوسا پەیبردن بەگشت لایەنێکی پیشەکە و تەکنیکارییەکانی و ئەو سەرمایە گەورەیە، بریتییە لە هەردوو زمــانی دەربڕین، زمــانی زارەکی و زمــانی جەستەیی. لەو تەمەنەدا دەتوانی هەر چۆنێک هونەرەکە دەیخوازێت، لە ڕێگەی مەشق و بەردەوامی هەمیشەیی بەدەستی بێنی.

ئەو مامۆستایەی پتر قەرداریم، هەرچۆن کتێبەکەم (وانەکانی هونەری نواندن)، کە پێشکەشم کردووە، بەنامەیەکی جوان وەرامی دابوومەوە. هاندەرێکی گەورەم بوو، چوار ساڵ وانەی نواندنی پێ وتووم و لەسەر دەستی (شاروف) لە ئاکادیمیای درامای ڕۆما لەسەرەتای پەنجاکانی سەدەی پێشوودا شانۆی خوێندبوو، ئەو مامۆستایەی یەکێک بووە لە قوتابییە هەرە زرنگەکانی ڕابەری ڕێبازی (ڕیالیزمی سۆسیالیزم)، هونەرمەند (ستانیسلافسکی)، کەواتە لە ڕێگەی مامۆستاکەیەوە، بەو گەیشتبوو، لەویشەوە بە ئەزموونەکانی خۆیەوە، پێم گەیشت.

هێندە شەیدای هونەرەکە بووم، بەردەوام بینراوم لە شانۆ مەزنەکانی جیهانی، وەک ئەوانەی (شکسپیر)، مـامـۆسـتـام تێـبـینیی دەدامێ و لە هەڵەکـان و کەموکوڕییەکانم وریای دەکردمەوە و بۆی ڕاست دەکردمەوە، هەتا گەیشتمە ئەو ئاستەی هەندێک جار بۆ پۆلێ سەرووی خۆم بانگی دەکردم و دەیفەرموو: ئادەی کوڕەکەم، بۆ نموونە بینراوێکی (بازرگانی ڤینیسیا)، کارەکتەری (شایلۆک)، یان (ئۆتێللۆ)یان بۆ بنوێنە. ئەمە هەستێکی ئەوتۆی پێ ڕەوا بینیم، کە دیارە بەرچاوم ڕوونە و کەوتوومەتە سەر ڕێگەی مەبەست. هێندەی نەبرد کەوتنە دەستنیشان کردن و هەڵبژاردنی قوتابییەکان بۆ بەشداری کردن لە بەرهەمەکاندا، وا ڕێکەوت کەوتمە ناو ئەو دەستەیەوە، بەشداری لە شانۆیی (سیزەرت لەبیر بێ)، کارەکە بووە پێشبڕکێ و میمـلانێیەتی لەسەر نواندنی کەسایەتی پاڵەوان، دەرهێنەرەکە سێ جار کردی، لیژنەی هەڵسەنگاندن هەر منیان بەگونجاو دانا. بۆ ڕۆژی دوایی دەستکرا بە یەکەم پرۆڤە، دەرهێنەرەکە خۆی تووڕە کرد! بۆچی دەقەکەت بەدەستەوە نییە؟ گوتم: لەبەرمە. حەپەساو گوتی کوێرا! وەرامم دایەوە: نامەوێت دەست و چاوم خەریکی دەقەکە بن، دەمەوێت خۆم تەرخان بکەم بۆ نواندنەکەم و باری سەرنج و تێبینییەکانت. بەر لەوادەی نواندنەکە، سێ مامۆستای لەگەڵ خۆی هێنا، کە بریتی بوون لە د. سامی عەبدولحەمید، مامۆستا جەعفەر ئەلسەعدی، مامۆستا جاسم ئەلعەبودی، پاش پرۆڤەکە پێیان گوت: بەختت هەبوو کە ئەو قوتابییە ڕۆڵی سەرەکیت بۆ دەنوێنێت، ڕۆژ و کاتی نواندنی شانۆییەکە هات، ئەو شەوە تا ڕۆژ بووەوە، لە گەرماوی ئەپارتمانەکەمان، بۆ ئەوەی ئەو برادەرانەی پێکەوە دەژیاین بێزاریان نەکەم، دەیان جار مەشقم کرد و تەواو ئامادە بووم. چەند جارێک هەوڵم دا سەرخەوێکی بۆ بشکێنم، بەڵام نەمتوانی، نایشارمەوە لە ترسان بوو.

تەختەی شانۆیان لە هۆڵی کۆلێژەکەدا بەست و جمەی دەهات، ژمارەیەکیش لە خوێندکارانی کورد لە بەغدا ئامادە بوون، بەرگم پۆشی و ئارایشت کرام و لەچاو تروکانێکدا ، دەستی پێکرد، کچە ئەکتەرێک بەرانبەرم بوو، جڵەوی لەدەست دا، بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت، لە بینراوێکی کۆمیدیدا، بووە یەکێک لە بینەران و لە کەسایەتییەکەی ترازا و کەوتە لێدانی قاقای پێکەنین و لەسەر تەختەی شانۆکە دانیشت. شانۆییەکە کۆتایی پێهات، بووە چەپڵەڕێزانێ هەر مەپرسە، مامۆستاکانم هاتنە سەر شانۆ، مامۆستا ئیبراهیم جەلال و مامۆستا بەهنام میخائیل و مامۆستا جەعفەر ئەلسەعدی و مامۆستام ئەسعەد عەبدولڕەزاق.. بە سینەی گەرمیانەوەیان گرتم و ئەم لاو ئەولایان ماچ کردم و بەهەزار ئافەرین شاباشیان کردم. کەیلی خۆشییەکیان کردم، ناتوانم بە وشە باسی بکەم، بەڵام ئەوەی شایانی باسە، ئەو شەوە لە بری ئەوەی لە ترساندا نەخەوم، لە خۆشیاندا خەو نەچووە چاوانم.

پاشان ئاهەنگی ساڵانە دەکراو هۆڵی شانۆ پڕ دەبوو لە بینەران، لە دوو شانۆییدا کەسایەتی پاڵەوانی شانۆییەکەم دەنواند، وەک شانۆیی (موفەتیشی گشتی)ی (گۆگۆڵ) و شانۆیی (فریشتە لە بابل نیشتەوە)ی (دیرینمات)، هەروەها هەر لە ئەکادیمیا ڕێگەیان پێدام دوو شانۆیی دەربهێنم، یەکەمیان (مانگ هەڵهاتن)ی (لیدی گریگۆری) و دووەمیان (لەژێر خۆڵەمێشەوە)ی نووسەری ئەمەریکی (جۆن شتاینبێک).

خستمیانە بەر ئەزموونێکی نوێ، ئەو ساڵانە بوو کە ئەکادیمیا لە خانووە کۆنەکەی بەرانبەر (کۆشکی شاهانە)ی ئەو دەمە بوو، بۆ خانوویەکی باشتری جوانتر و کاری شانۆ و شوێنی خوێندنی تێدا دەکرا، لەبەر ئەوەی

حەوشەکەی فراوان بوو، پێشتر، واتە بەر لە شۆڕشی (١٤)ی گەلاوێژ، ماڵی (سەباحی نوری سەعید پاشا) بوو، تەنیشت پردی (عیوازییە).

بۆ مەشق ناردمیانە سەربان، بۆ نواندنەکەشی، حەواڵەی هۆڵێکی ڕەقوتەقیان کردم، نەک هەر کارەبای تێدا نەبوو، بگرە نە شانۆ و نە سەکۆ و نە کاشی کراو بەبێ گەچکاریی، گلەییم لەسەرپەرشتیاری بەرهەمەکان کرد، کە مامۆستای ڕابەر (ئیبراهیم جەلال) بوو، لە پای گلەیی و گازندە و تووڕە بوونەکەم، پێی وتم کاکە ئەحمەد هەر بۆ خۆت بلێ (نا) و دەزانم کوردێکی پوختی، بەڵام منیش دایکم کوردە و زیاتر دەڵێم (نا)، ئەوسا ڕووی خۆش کرد و فەرمووی: ئەی تۆ بڕوات بە ڕێبازەکەی (ستانیسلافسکی) نییە، ئەی نەیگوتووە: «دەبێ لە هیچە دروست کەیت»، وانییە؟

دەستم بە سنگەوە بۆ گرت و سەرم بۆ دانەواند و وتم: فەرمانتە و ڕاست دەفەرموون مامۆستای گەورەم. هەر ئەو مامۆستایە، دوای یەکێک لە نواندنەکانم، بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە مامۆستایان و قوتابیان کە پرۆفیسۆر د. فەیسەڵ میقدادی شایەتی بۆ داوە و نووسیویەتی: بۆ مێژوو دەیڵێم و لە یادتان بێت، ئەم (ئەحمەد سالار)ـە ئایندەیەکی پرشنگداری لە شانۆی کورد و عیراقدا دەبێت.

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سەرقاڵتر و پتر دەچوومە چەقی کارکردنەوە، لە هونەری نواندنەوە، چوومە بواری دەرهێنانەوە، بەڵام هیچ کاتێک دەستبەرداری هیچیان نەبووم، دەمزانی تەواوکەری یەکدین. ساڵان هاتن و ساڵان ڕابوردن، گوزەرم بەگشت شاکارەکانی شانۆی کلاسیکدا کرد، بە کۆن و نوێوە، بەڵام پتر جەختم لەسەر شانۆییەکانی کەسانی وەک (شکسپیر) دەکرد، چونکە لەو بڕوایەدابووم، ئەوانە لە (ئەسخیلۆس) و (سۆفۆکلیس) و (یۆرپیدس)ـەوە، دامەزرێنەرانی شانۆن و ئەوان پێشەنگن، بۆیە بە وردی کەوتمە دیراسەکردنی ئەو دیراسانەی گرنگییان بەوانە داوە، وەک (ئەرستۆ) لە کتێبی (هونەری شیعر)، پاشان (هۆراس) کە بە هەمان ناوەوە کتێبێکی هەیە، دواتریش لەلای فەرەنسییەکان (باولۆ).

دەبێت بڵێم ئەو کارتێکردن و کاریگەرییە گەورەیەی شانۆی (شکسپیر) لەسەر شانۆکەمە پترە لە هەمووان، بە تایبەت زمان و چنینە جوانەکەی.

بەو شێوەیەی کە دوای ئەو سەردەمە، گرفتاری شانۆی ڕیالیزمی بووم، بە تایبەت شانۆی ڕیالیزمی سۆسیالیزم و کەوتمە داوی ئەڤینی شاکارەکانی (گۆرکی)یەوە، نابێت ئەوەش نەڵێم بۆ دەوڵەمەند کردنی شانۆکەم، شانۆ بەیتئامێزییەکەی (برتۆڵد برێخت) بوو، ببووە شێواز و کەرەسە و ڕابەر.

کەوتمە کاری دەرهێنان، لەو پرۆژەیەمدا، هەمەڕەنگ شانۆ و هەمەڕەنگ شێواز چ تراژیدی بێت، یان کۆمیدی لە (گۆگۆل) و (چیخەف) و (مۆلیێر) و (یەشار کەمال) و (شکسپیر) و (برێخت) و (یۆرپیدس)...، لەگەڵ چەندین بەرهەمی شانۆنووسانی عەرەب لەنێوانیاندا بەرهەمی نووسەرانی کورد، وەک (حەمە فەریق حەسەن)، (فوئاد مەجید میسری)، (حسێن عارف)، (محێدین زەنگەنە)...تاد پاش پێشکەشکردنی دەیان بەرهەم، بەڕای من لەو قۆناغەدا، پێشکەشکردنی شانۆی جیهانی، لە دوو ڕووەوە ئەرکێکی گەورە و سوودێکی گرنگی پێ دەگەیاندین، یەکەمیان، بەرزکردنەوەی ئاستی چێژ وەرگرتن لە ئەدەبیاتی جیهانی، کە لە هەمان کاتدا بەرزکردنەوەی ئاستی چێژ وەرگرتن و لایەنی مەعریفی بوو بۆ جەماوەر، لایەنی دووەم ڕاهێنان و هەوڵ و کۆششێک بوو بۆ پەی بردن بە نهێنی و سیحری شانۆ و شارەزابوون بە هونەری نووسینی شانۆیی، جگە لەوەی نەک هەر کاری وەرگێڕان، بەڵکو کارم لە بەکوردی کردندا دەکرد، کە لەو قۆناغەدا کاریگەری خۆی هەبوو، چونکە پتر لە بینەرمان نزیک دەکردەوە.

گەیشتمە ئەو بڕوایەی، کە هەرگیز ناتوانین شانۆیەکی کوردیمان هەبێت، بەبێ ئەوەی تێکستی خۆماڵیمان هەبێت، دەقی خۆماڵی ئەو زەمینەیەیە، کە بنیادی شانۆی خۆماڵی لەسەر دروست دەکرێت. هەستم بەو لایەنە گرنگە کرد و بەر لەگشت شتێک خۆم لە لاسایی کردنەوە، یان شوێن پێ هەڵگرتنی ئەم و ئەو پاراست، هەوڵم دا کەلەپووری گرانبەهای کورد بکەمە چاوگ و سەرچاوە.

کەلەپووری کوردی بە مێژوو و ئەدەب و داستان و ئەفسانە و...تاد بەڕەنگ و بەدەنگ و بەجووڵەو کەرەستە و پۆشاک و هەموو ئەوانەش کە لە چوارچێوەی (ئەتنۆگرافیا)دا خۆی دەنوێنێت. مرۆڤی کورد لەو ساتەوەی لە دایک دەبوو، بەچەشنەها حەتحەتۆکە و دەسترازە و گوڵنکە و گوڵوانەی ڕەنگاوڕەنگ و لانکی

ڕەنگین و ئاوازی دایکانەی بەسۆز و ڕەزمی هەمەجۆری ڕاژەنین، چاوی هەڵدەهێناو لە تەک هەنگاوەکانی ژیان و کاری ڕۆژانەیدا، هەرچۆن کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵ کاری سەرەتایی، هیچ کار و فرمانێک بەبێ ئاواز و جووڵەی ڕەزمدار، بەڕێوە نەچووە، بۆیە لایەنی ئاهەنگسازیی کوردەوارییانەم، کردە تانوپۆی شانۆ خوازراوەکەم. ئەوەبوو چەند ژەنیارێکی شارەزا لە مۆسیقاو ئاوازی کوردیم کردە بەشدار و لە هەمان کاتدا پشتیوان بۆ سەرکەوتن و بەردەوامی پرۆژەکەم، بەشێوەیەکی زیندوو لە چوارچێوەی نواندنە شانۆییەکەدا دەیانژەنی، بە بەشداری گۆرانیبێژ و ئەکتەر هونەرمەند (بورهان محەمەد) هەندێک جاریش هونەرمەند زاهیر جەلال کە بەشداری نواندنیشی دەکرد، بەڕاستی و بە جوانی لە بیرۆکە و مەبەستەکەم دەگەیشتن، ژەنیارەکانیش بەسەرپەرشتی هونەرمەند (سەلاح ڕەئووف) بوو، هەروەها هونەرمەند حەمە حەسەنی نایژەن و سەباح سەنتوور، کە پێم دەگوت مەلیکی سەنتوور و چەند هونەرمەندێک، ئاهەنگەکەیان دەڕازاندەوە، بەڵێ گۆرانی و مۆسیقا وەک بەکارهێنراوێکی یاریدەدەر بۆ ئاهەنگە شانۆییەکە. هەرگیز لە بە کەرەستەکردنی کەلەپوور بۆ شانۆیی چ نیازێکی دیکەم، بێجگە لە مەبەستە شانۆییەکە نەبووە، بەهیچ جۆرێک هێنانەوەی جارانم بۆ جاران نەبووە، بەڵکو تەنیا هەڵبەستنی ئەو پردە زێڕینە بووە، لەنێوان جاران و ئەمڕۆ بۆ گەشەدانی بەهاتنی ئایندە زۆرجار، تانەو تەشەریان، بەناوی ڕەخنەوە تێگرتووم، گوایە بەڕای ئەوان دەبوو گوێزەرەوەیەکی کتومتی بابەتەکان بم و مێژووە، یان سەربوردە و حەقایەتە.

ناچارمام نووسیم: هەندێک لەو بەڕێزانەی لەسەر بەرهەمەکانم دەنووسن، گەلێک جەخت لە پەیوەست بوونی تەواوەتی بە ڕووداوە مێژووییەکان، یان کەسایەتییەکانم لێ دەکەن، دەیانەوێت چۆن کارێکی دوکیومێنتکارانە، شتەکان وەک خۆیان بخەمە سەر شانۆ. دەڵێم: ئەگەر وام بکردایە، ئەوە هیچم نەکردووە، چونکە ئەوە کاری شانۆ نییە، ئەرکی شانۆ گەلێک جیاوازە، بۆیە بەدڵنیاییەوە دەڵێم، نالی و جەزیری و هەڵۆ..تاد هەر هەموویان من خاوەنیانم نەک ئەوانەی کە هەبوون، ڕووداوەکانیش هەر چۆن دەمەوێن بۆ ئەمڕۆ و ئایندە، من کۆتەڵسازی ڕابردوو نیم و نابم. بەڵێ ڕابردوو بنجوبناوانمەو لە چڵوپۆپی ئەمڕۆی نەوبەهارم لێی گەرەکە.

هەتا ئەمڕۆ (٣١) شانۆییم نووسیوە، ئەوەی مایەی خۆشحاڵییمە، یەک لەدوای یەک، هەرچۆن زنجیرەی ڕێچکەیەکن، لە هەمان کاتدا، وەک تەواوکەری یەکدی، لە پرۆژەکەمدا بەشدارن و لەگەوهەردا یەکانگیری یەکدین و بربتییە لە زنجیرەیەک لە هەنگاوی بەرەو پێشەوە چوون و پتر چەسپاندن و ڕەنگ و ڕوخسار ڕشتن و کامڵبوون.

هەمیشە بڕوام بەو ڕاستییە بووە، هونەری نووسین وزە و ئەفراندن و بەردەوامی و هەوڵی بەرەو چاکتر نووسین و لە هەڵەچنییەوە دەگەینە گەشتر و شیاوتر. دیارە شان بە شانی نووسین، هەتا ئەم ئان و ساتە لە گوڵدانی ئەو چەپکە هونەرە، نووسین، دەرهێنان، نواندن، نەترازاوم و بەردەوامم. هەرگیزیش لە هیچ یەکێکیان دابڕ و تەریک و بێبەری نەبووم و نابم، هیچ کاتێک دووبارە و بەدەن بەند نەبووم و خولیای سەرەکیم پێشکەشکردنی جوانترە، ئەوە سیحر و نهێنی تافە تافی گیانی گەنجایەتی شانۆیە.

دەبێت ئەوەش بڵێم لە سەراپای ئەزموونەکانی تەمەنی شانۆکاریمدا، گرنگییەکی هەرە تایبەتیم بە زمان داوە، وەک چۆن جارانی شانۆی کلاسیزم، بۆیە زمانی کوردیی پڕ لە سۆزی مۆسیقا و جوان دەربڕم بەبایەخ و بەهایەکی گرنگ وەرگرتووە، بێجگە لەوەی چەند شانۆییەکم بەتیم نووسیوە.

لە ئەزموونی شانۆکەمدا گەلێک ئازار و ماندوو بوون و شەونخوونیم چێشتووە، بەڵام لەو شتانە چێژی خۆشیم وەرگرتووە. حەز دەکەم بڵێم ئەو ئێوارەیەی دوا نواندنی کارەکەم بووە، هەستم کردووە ئازیزێکم لێ دوور کەوتووەتەوە و بۆ ڕۆژی دوایی، وەک کۆستم کەوتبێت و خەمۆکی دایگرتووم، بەڵام پاش ئەوەی بەچەند ڕۆژێک کەوتوومەتە سەر خولیاو ژانی بەرهەمێکی نوێ، سەرلەنوێ چرای ژیانم ڕۆشن کردووەتەوە.

ئەگەر پێتو بمەوێت پێناسەیەک لەو پێناسانەی بۆ شانۆ دانراوە بهێنمەوە، هیچیان پڕ بەپڕی شانۆکەی من نین، بەڵکو پێناسەیەکی تایبەت و سەربەخۆی دەوێت. لە هەندێک ڕووەوە بەتایبەت لەلایەنی بینراو و داڕشتن و چنینەوە، بە تێکستی سیناریۆی سینەما نزیکە، شانۆیەکی کوردانەیە و هەمیشە کێشەی سەرەکی گەلەکەم، بابەتی سەرەکی شانۆکەمە.

# بیرەوەرییەکانی کاروانی ژیانم

کەریم شارەزا

**دەستەی دووەمی بەڕێوەبردنی لقی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە هەولێر**

دوا بەدوای تەواو بوونی کارەکانی کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نووسەرانی کورد و هەڵبژاردنی دەستەیەکی نوێ بۆ بەڕێوەبردنی مەڵبەندی گشتی دەبوایە کۆنفرانسی لقەکانیش ببەسترێ و وابوو کۆنفرانسی دووەمی لقی هەولێر لە ڕۆژی ١٩٧١/٨/١٥دا لە هۆڵی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان- لقی هەولێر بەستراو دوای خوێندنەوەی ڕاپۆرتی کارگێڕی لەلایەن خۆمەوە و خوێندنەوەی ڕاپۆرتی دارایی لەلایەن خوالێخۆشبوو حوسێن ڕەشوانییەوە وتوویژیان لەسەر کرا، ئینجا بە چاودێری دادوەر یەعقووب داوود یەعقووب و نوێنەری پارێزگا و نوێنەرانی مەڵبەندی گشتی یەکێتیی نووسەران، دەستەیەکی نوێی بەڕێوەبردنی لقی هەولێر هەڵبژێردراو بەم جۆرە کاریان لەناو خۆیاندا دابەش کرد:

١- خوالێخۆشبوو عیزەددین فەیزی سەرۆک.
٢- حەمە کەریم ڕەمەزان هەورامی جێگری سەرۆک.
٣- کەریم شارەزا سکرتێری بەڕێوەبردن.
٤- محەمەد حەسەن مەنگوڕی سکرتێری ڕۆشنبیری.
٥- عەزیز گەردی ژمێریار.
٦- خوالێخۆشبوو جەلال مەدحەت خۆشناو ئەندام.
٧- خوالێخۆشبوو جەمیل ڕەنجبەر ئەندام

عەبدوڵڵا پەشێو و مەدحەت بێخەویش بوونە ئەندامی یەدەگ.

ئەم دەستەیە گەلێک چالاکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە هەولێر و لە کەناڵی تەلەڤزیۆنی مووسڵ پێشکەش کرد و دەستەیەکی باش لە نووسەران بەشدارییان تێدا کرد و سەرجەمی ئەو کۆڕانەی تەلەڤزیۆنی مووسڵ و کۆڕە

ناوخۆییەکانی شاری هەولێر گەیشتە ١٦ کۆڕی ئەدەبی.

هەروەها لەچالاکـیـیـەکـانی دیکەی ئەم دەسـتـەیە دەرچوواندنی گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کوردی بوو بەناوی (نووسـەری نوێ) و ژمـارە یەکی لە حـوزەیرانی سـاڵـی ١٩٧٢دا لە چاپخـانەی کـوردسـتـان دەرچوو و دەسـتـەی نووسـەرانی ئەم زاتانەی خـوارەوە بوون خوالێخۆشبوو عیزەددین فەیزی، حەمە کەریم هەورامی، کـەریم شـارەزا، مـحـەمـەد حەسـەن مـەنگوڕی، عـەزیز گەردی، جەمیل ڕەنجبەر، مەدحەت بێخەو.

لقی یەکێتی لە میهرەجانی یەکەمی شیعری کوردی لە کـەرکـوک بە (٥) شـاعـیـر و پێنج هەڵبـەسـتی پـتـەو بەشداری لەو چالاکـیـیە ئەدەبییەی مەڵبەندی گشـتـیدا کرد.

**میهرەجانی یەکەمی شیعری کوردی لەشاری کەرکووک**

یەکـێـتـیی نووسـەرانی کـورد لە ڕۆژانی ٢٢ و ٢٣ی ئاداری ١٩٧٢دا لە شاری کەرکوک میهرەجانی یەکەمی شیـعـری کـوردی سازدا و ئاهەنگی کـردنەوەکەی لەپێش نیـوەڕۆی ڕۆژی ٢٢ی ئادار لە هۆڵـی سـیـنەمـای سەلاحەددین بەپێی ئەم بەرنامەیەی خوارەوە بەڕێوەچوو:

١- دەسـتـپـێکردنی ئاهەنگەکـە بە وتارێکی لیـژنەی ئامـادەکار لەلایەن خـوالێخـۆشـبـوو ساڵح یووسـفی-یەوە بوو، کە لە هەمـان کـاتیـشـدا نوێنەری سەرۆک کۆماریش بوو بەو نـاوەی وەزیری دەوڵەت بوو لـە حکوومـەتی عیراقدا.

٢- وتـاری نـوێـنـەری بـارزانـی نـەمـر لـەلایـەن خوالێخۆشبوو عەزیز عەقراوی-یەوە خوێنرایەوە.

٣- وتاری نوێنەری ئەدیبـانی عـیـراق پـیـرۆزبایی بە بۆنەی بەستنی ئەو میـهرەجانەوە پێشکەش کرد، ئەوەی شـایانی باسـیـشـە شاعـیـری گـەورەی عـەرەب محـەمـەد مەهدی ئەلجەواهیری وەک میوانی شەرەف بەشداریی لەو میهرەجانەی کورد کرد.

میهرەجانەکە لەژێر دروشمی (شیعر و نەورۆز و ئادار) بوو، سێ کۆڕی شیعر خوێندنەوە لە ماوەی دوو ڕۆژەکەدا پێشکەش کران. کـۆڕی یەکـەم لە کـاتژمـێر ٥ی ئێوارەی ٣/٢٢ لە هۆڵی خـوێندنگەی ناوەندیی ئیـمـام قـاسم سـازدرا و ئەم شـاعـیـرانە شـیـعـریان پێـشکەش بە ئامادەبووانی میهرەجانەکە کرد:

١- خوالێخۆشبوو ساڵح یووسفی سەرۆکی یەکێتیی نووسەران (بەغدا).

٢- خـوالێـخـۆشـبـوو هێمن مـەهابادی (کـوردسـتـانی ڕۆژهەڵات).

٣- خوالێخۆشبوو د. ئیحسان فوئاد (بەغدا)

٤- شێرکۆ بێکەس (سلێمانی).

٥- عوسمان مستەفا خۆشناو (کەرکووک).

٦- بەدرخان سندی (بادینان).

٧- خوالێخۆشبوو کاکەی فەللاح (سلێمانی).

٨- خـوالێـخـۆشـبـوو خـورشـیـدە بابان (سلێـمـانی-هەڵەبجە).

٩- خوالێخۆشبوو محەمەد دارا (بەغدا).

١٠- عەبدوڵڵا پەشێو (هەولێر).

١١- کامیل ژیر (سلێمانی).

دانیـشـتـنی دووەمی شـیـعـر خـوێندنەوەکە لە کـاتژمـێر ١٠ی سـەر لەبەیانی ڕۆژی ٣/٢٣ لە هۆڵی سـەندیکای مـامـۆسـتـایانی کـەرکـوک بەڕێوە چوو و ئەم شـاعـیـرانە شیعریان تێدا پێشکەش بە ئامادەبووان کرد:

١- خوالێخۆشبوو ئەژی گۆران (سلێمانی).

٢- کەریم شارەزا (هەولێر).

٣- عەبدولڕەحمان مزوری (دهۆک).

٤- ع. ع. شەونم (سلێمانی).

٥- خوالێخۆشبوو پیربال مەحموود (هەولێر).

٦- خوالێخۆشبوو ا.ب. هەوری (سلێمانی).

٧- ئەحمەد دڵزار (کۆیە).

٨- خوالێخۆشبوو حەسیب قەرەداغی (سلێمانی).

٩- مەدحەت بێخەو (هەولێر).

١٠- خوالێخۆشبوو ساڵح عەلی گولی (دهۆک).

کـۆڕی سـێـیـەم و کـۆتایی شـیـعـر خـوێندنەوەی میهرەجانەکەش لە هەمان ڕۆژ و لە کاتژمێر ٤ی ئێوارە و هەر لە هۆڵی سـەندیکای مـامـۆسـتـایان سـازدراو ئەم شاعیرانە شیعریان تێدا خوێندەوە:

١- خوالێخۆشبوو ع. ح. ب (سلێمانی).

٢- خەلیل خوێناوی (کەرکووک).

٣- خوالێخۆشبوو محەمەدی بەدری (بەغدا).

٤- خـوالێـخـۆشـبـوو سـاڵح هەژار (سلێـمـانی - هەڵەبجە).

٥- خوالێخۆشبوو محەمەد ڕەسووڵ هاوار (بەغدا).

٦- عەبدوڵڵا سەڕاج (کەرکووک).
٧- خوالێخۆشبوو شێرۆ موفتی (بەغدا).
٨- مامۆستا جەمال شارباژێری (سلێمانی).
٩- عەبدوڵڵا عەبباس (بەغدا).
١٠- محەمەد عەلی (کەرکووک).
١١- خوالێخۆشبوو ئەحمەد شوکری (سلێمانی).

لەو میهرەجانەدا شاعیرە لاوەکانی ئەوسا شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵڵا پەشێو وەک دوو دەنگی نوێی شیعری کوردی پتر بەدەرکەوتن و ناسران و عەبدولڕەحمان مزوری و جەمال شارباژێریش کەوتنە بەر دڵی شاعیر و ڕەخنەگران.

شاعیرە ناسراوەکانیش کە دەوری خۆیان لەدەست نەدا هێمن و دڵزار و ع.ح.ب و ع. ع. شەونم و کاکەی فەللاح و حەسیب قەرەداغی بوون.

ئەوەی شایانی گوتنە دکتۆر مارف خەزنەدار و دکتۆر عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ و چەند ئەندامێکی دیکەی مەڵبەندی گشتی ئامادەکاری ئەو میهرەجانە شیعرییە بوون.

## دەستەی سێیەمی بەڕێوەبردنی لقی هەولێر

کۆنفرانسی سێیەمی لقی هەولێری یەکێتیی نووسەرانی کورد لە ڕۆژی ١٩٧٢/١٠/٣٠دا لە هۆڵی بارەگای یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان- لقی هەولێر بەستراو دوای خوێندنەوەی ڕاپۆرتی کارگێڕیی لقی یەکێتی لەلایەن خۆمەوە وەک سکرتێری بەڕێوەبردن خوێنرایەوە و ڕاپۆرتی ژمێریاریش لەلایەن مامۆستا عەزیز گەردییەوە پێشکەش کرا. بە چاودێری دادوەر و نوێنەرانی پارێزگاو مەڵبەندی گشتی یەکێتیی نووسەرانی کورد دەستەی سێیەمی بەڕێوەبردنی لقی هەولێر هەڵبژێردراو ئەنجامەکەی بەم جۆرەی خوارەوە بوو:

١- خوالێخۆشبوو عیزەددین فەیزی سەرۆک.
٢- کەریم شارەزا جێگری سەرۆک.
٣- مەدحەت بێخەو سکرتێری بەڕێوەبردن.
٤- مامۆستا ئەحمەد شەریف سکرتێری ڕۆشنبیری.
٥- خوالێخۆشبوو یووسف دەرگەڵەیی سکرتێری ڕۆشنبیری.
٦- کەمال غەمبار (ئێستا دکتۆر) ئەندام.
٧- خوالێخۆشبوو مەغدید سۆران ئەندام.

ئەم دەستەیە زنجیرەیەک لە چالاکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی لە هەولێر و لە تەلەڤزیۆنی بەغدا و مووسڵ پێشکەش کرد و تاجە گوڵینەی لەسەر گۆڕی ئەندامی یەکێتیی نووسەران خوالێخۆشبوو عومەر ساقی دانا کە لە ڕۆژی ١٩٧٣/٨/٧دا کۆچی دوایی کردبوو، منیش وەک جێگری سەرۆک وتاری لقی یەکێتیی نووسەرانم لەسەر گۆڕەکەی خوێندەوە.

دەستەی بەڕێوەبەر ژمارە (٢)ی گۆڤاری (نووسەری نوێ)ی دەرچوواند کە دەستەی نووسەران لەم زاتانەی خوارەوە پێکهاتبوو: عیزەددین فەیزی، کەریم شارەزا، مەدحەت بێخەو، ئەحمەد شەریف، یووسف دەرگەڵەیی، مەغدید سۆران، مەجید هێرش.

## دەستەی چوارەمی بەڕێوەبردنی لق

کۆنفرانسی چوارەمی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر لە ڕۆژی ١٩٧٤/٢/١٥دا لە هۆڵی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان- لقی هەولێر بەستراو بە چاودێری دادوەر و نوێنەری پارێزگا دەستەی چوارەمی لق هەڵبژێردراو ئەم جارە من خۆم نەپاڵاوت و ئەنجامەکەی بەم جۆرەی خوارەوە بوو:

١- محەمەد حەسەن مەنگوڕی سەرۆک.
٢- حەمەکەریم هەورامی جێگری سەرۆک.
٣- مومتاز حەیدەری سکرتێری بەڕێوەبردن.
٤- ئەحمەد شەریف (ئێستا دکتۆر) سکرتێری ڕۆشنبیری.
٥- خوالێخۆشبوو یووسف دەرگەڵەیی ژمێریار.
٦- خوالێخۆشبوو مەغدید سۆران ئەندام.
٧- موحسین ئاوارە ئەندام.

ئەم دەستەیە تەمەنی درێژ نەبوو، چونکە زۆری پێ نەچوو شەڕ لە نێوانی ڕژێمی بەغدا و شۆڕشگێڕانی ئەیلوول دەستی پێکردەوە و زۆربەی ئەندامانی چوونە پاڵ شۆڕشی کوردستان و کاروباری بەڕێوەبردنی لقەکە پەکی کەوت و ئەو ئەندامانەی کە لە شاریش مابوونەوە، بۆ پشتگیریی شۆڕشی ڕزگاریخوازیی کوردستان چ چالاکییەکیان نەنواند و لقەکەیان داخست و بەم جۆرە دەورەی یەکەمی ژیانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە سایەی حوکمڕانی شۆڕشی کورد بەپێی ڕێککەوتننامەکەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ کۆتایی هات و

له سـایەی ئەو ئازادییەی کـە لە سـاڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤وەدەست هاتبوو، یەکێتیی نووسەرانی کورد لە هەمـوو کـوردسـتـان و لە بەغـداش چالاکـییـەکی باشی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کوردی پێشکەش بە جەماوەری خەباتگێڕی کورد کرد و ئەدەبی کوردی پێشخست.

## خولی دووەمی یەکێتی نووسەرانی کورد - لقی هەولێر
## خولی دوای نسکۆی شۆڕش

کاتێک کە شۆڕشی ڕزگاریخوازی ئەیلوول بە پیلانی ڕێککەوتننامە شوومەکەی ١٩٧٥/٣/٦ی جەزائیر لەنێوان سەدام حوسێن و شای ئێران نسکۆی هێنا وردە وردە ئەندامانی یەکێتیی نووسەرانی کورد گەڕانەوە کوردستانی باشوور و شارەکانی، بەڵام وایان بە پەسند زانی کە لە سایەی ڕژێمی حوکمڕانی بەعس لقەکان نەژێننەوە، وابوو لقی هەولێر نەژیایەوە تاکو لەخۆیان بگەن ئایا دەکرێ لە سایەی بارودۆخی پاش نسکۆی شۆڕشی کورد کاروباری یەکێتیی نووسەران بەبێ شێواندن بەڕێوە بچێت؟

کاربەدەستانی ئەمینداریێتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان هەوڵێکی زۆریان دەدا کە دەزگای ڕۆشنبیری جەماوەری بکەنە (ئاڵتەرناتیف)ی یەکێتیی نووسەرانی کورد، بەڵام هیچ نووسەرێکی کورد ئەمەی قەبووڵ نەکرد و ئەو بارە تاکو دوای ساڵی ١٩٧٦ی خایاند، ئینجا لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٧دا. هەندێک لە دڵسۆزانی ئەدەبی کوردی بیریان لە بووژاندنەوەی لقەکەی هەولێر کردەوە و بۆ ئەو مەبەستەش من چووم سەردانی (پارێزگای هەولێر-بەشی ڕێکخراوەکان)م کرد تاکو بزانم لە ڕووی یاساییەوە مۆڵەتی کارکردنی لقەکەمان ماوە، یان هەڵوەشاوەتەوە؟ کە سەیری تۆماری ڕێکخراوەکانیان کرد بینییان هەڵنەوەشاوەتەوە و دەتوانن داوای هەڵبژاردنی دەستەیەکی نوێی بەڕێوەبردنی لقەکەیان بکەن تاکو ڕەزامەندیی لەسەر دەربچێ.

من ئاگاداری خوالێخۆشبوو عیزەددین فەیزی و ئەندازیار جەلال مەدحەت خۆشناو و عەبدوڵڵا حەداد و خوشکە سامیە شاکرم کرد و ئەوانیش ڕەزامەندییان پیشان دا بۆ کردنەوەی لقەکەمان و چووم داواکارییەکم پێشکەش بە پارێزگا کرد بۆ بەستنی کۆنفرانسی یەکەمی خولی دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول و ڕەزامەندیی لەسەر دەرچوو و ڕۆژی ١٩٧٧/١/٢١یان دانا بۆ بەستنی کۆنفرانسی پێنجەمی لقی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە هەولێر و لە ڕۆژی ناوبراودا کۆنفرانس بەسترا و زۆربەی ئەندامانی لق ئامادەبوون و چاودێری دادوەر و نوێنەری پارێزگا و ئاسایش دەستەی بەڕێوەبەری تازە هەڵبژێردرا و ئەنجامەکەی بەم جۆرەی خوارەوە بوو:

١- خوالێخۆشبوو عیزەددین فەیزی سەرۆک
٢- خوالێخۆشبوو ئەندازیار جەلال مەدحەت خۆشناو جێگری سەرۆک
٣- کەریم شارەزا سکرتێری بەڕێوەبردن
٤- خوالێخۆشبوو دکتۆر عەبدوڵڵا حەداد سکرتێری ڕۆشنبیری
٥- خوالێخۆشبوو جەمال عەلی خدر ژمێریار
٦- سامیە چاوشلی ئەندام
٧- خوالێخۆشبوو مەغدید سۆران ئەندام

عەبدولخالق عەلائەددین و عەزیز هەریری-یش بوون بە ئەندامی یەدەگی دەستەی بەڕێوەبەر

### چالاکییەکانی دەستەی پێنجەمی بەڕێوەبردن

یەکەمین چالاکی ئەم دەستە تازەیەی بەڕێوەبردن پێکهێنانی لیژنەیەکی ڕۆشنبیری بوو، بۆ ڕێکخستنی وەرزی ڕۆشنبیری یەکێتیی نووسەران و پێشکەش کردنی کۆڕی ئەدەبی، لیژنەکەش بەم شێوەیە پێکهات:

١- خوالێخۆشبوو دکتۆر عەبدوڵڵا حەداد سکرتێری ڕۆشنبیری سەرۆک
٢- د. سامیە چاوشلی ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر ئەندام
٣- خوالێخۆشبوو مەغدید سۆران ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر ئەندام
٤- عەبدولخالق عەلائەددین ئەندامی یەدەگ ئەندام
٥- عەزیز هەریری ئەندامی یەدەگ ئەندام

ئەم دەستەیەی بەڕێوەبردنی لق، گەلێک چالاکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە شێوەی کۆڕ و میهرەجانی ناوخۆیی شیعر خوێندنەوە سازدا، بێجگە لە ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی یادی دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە ١٠ی ١٩٧٧دا، هەروەها بە بۆنەی کۆچی دوایی ڕۆژنامەگەر و

فەرهەنگنووسی ناسراوی کورد مامۆستا گیوی موکریانی لە ١٩٧٧/٧/٢٤ بەشدارییەکی تەواوی لە پرسەکەیدا کرد و بۆ ڕۆژی سێیەمیش لەگەڵ شاندی لقی سلێمانی یەکێتیی نووسەرانی کورد و کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی-لقی هەولێر، ڕێوڕەسمێکی ڕێکوپێکیان لە مزگەوتی ڕەشاد موفتی-یەوە تاکو سەرگۆڕەکەی لە گۆڕستانی ئیمام محەمەد لە هەولێر سازدا و سەرۆکی لق خوالێخۆشبوو عیزەددین فەیزی تاجە گوڵێنەی لەسەر گڵکۆی داناو من و ئەژی گۆران و جەلیل مستەفا سەرو وتارێکمان لەسەر گۆڕەکەی خوێندەوە و سەرەخۆشیمان لە کەسوکاری خوالێخۆشبوو کرد.

لە چالاکییەکانی دیکەی دەستەی بەڕێوەبەر و لیژنەی ڕۆشنبیری دەرچواندنی ژمارە (٣)ی گۆڤاری (نووسەری نوێ) بوو، کە دەستەی نووسەرانی ئەو ژمارەیە ئەم زاتانەی خوارەوە بوون:

(عیزەددین فەیزی، جەلال مەدحەت خۆشناو، کەریم شارەزا، عەبدوڵڵا حەداد، جەمال عەلی خدر، سامیە شاکر چاوشلی، مەغدید سۆران).

## دەستەی شەشەمی بەڕێوەبردنی لقی هەولێر

دەستەی شەشەمی بەڕێوەبردنی لقی هەولێر لە ڕۆژی ١٩٧٨/٤/٢٨دا بە چاودێری دادوەر و نوێنەرانی پارێزگاو ئاسایش هەڵبژێردرا و ئەنجامەکەی دوای دابەشکردنی کاروبار لەنێوانیاندا بەم جۆرەی خوارەوە بوو:

١- خوالێخۆشبوو جەلال مەدحەت خۆشناو سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەر

٢- خوالێخۆشبوو جەمال عەلی خدر جێگری سەرۆک

٣- کەریم شارەزا سکرتێری بەڕێوەبردن

٤- خوالێخۆشبوو عەبدوڵڵا حەداد سکرتێری ڕۆشنبیری

٥- خوالێخۆشبوو عەبدولخالق سەرسام ژمێریار

٦- خوالێخۆشبوو مەغدید سۆران ئەندام

٧- عەبدولخالق عەلائەددین ئەندام

ئەم دەستەی بەڕێوەبردە، زنجیرەیەک کۆڕ و کۆبوونەوەی ئەدەبی پێشکەش کرد و توانی بارەگایەکی لێوەشاوە بە کرێ بگرێت کە کۆنە بینایەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر بوو بەرانبەر بەهۆڵی تەندروستی هەولێر.

لە مانگی تەمووزی ١٩٧٨دا میهرەجانێکی شیعر خوێندنەوە لە شاری دهۆک سازکرا و لقەکانی (هەولێر و سلێمانی و دهۆک)ی یەکێتیی نووسەرانی کورد بەشدارییان تێدا کرد و لە شاعیرانی لقی هەولێر ئەمانەی خوارەوە شیعریان خوێندەوە.

١- خوالێخۆشبوو جەلال مەدحەت خۆشناو.

٢- مەدحەت بێخەو.

٣- سەعدوڵڵا پەرۆش.

٤- خوالێخۆشبوو عەبدولخالق سەرسام.

٥- موحسین ڕەشید ئاوارە.

٦- جەوهەر کرمانج.

هەر لەو میهرەجانەی دهۆکدا نوێنەرانی نووسەرانی دهۆک و هەولێر و سلێمانی کۆبووینەوە و یادداشتنامەیەکمان نووسی بۆ ئەوەی حکوومەت ڕێگەمان پێ بدات کۆنگرەی گشتی یەکێتیی نووسەرانی کورد بەناوی کۆنگرەی پێنجەم ببەسترێت و ئەم ئەندامانەی خوارەوە یادداشتنامەکەیان واژوو کرد:

لە لقی دهۆک: ١- عەبدولکەریم فندی ٢- عەبدوڕەحمان مزوری.

لە لقی هەولێر: ١- کەریم شارەزا، ٢- عەبدوڵڵا حەداد.

لە لقی سلێمانی: ١- ئەژی گۆران، ٢- حەسیب قەرەداغی، ٣- عەبدولکەریم شێخانی.

کە شاندەکان گەڕانەوە هەولێر و سلێمانی، ئەو یادداشتنامەیان دا بە ئەمینداریێتی ڕۆشنبیری و لاوان و لە ئەنجامدا ڕەزامەندیی لەسەر دەرچوو و بڕیاردرا کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە ڕۆژانی ١٠-١٤ی ئەیلوولی ١٩٧٨ لە شاری هەولێر و لە هۆڵی گەل ببەسترێت.

لە ڕۆژی دیاریکراودا کۆنگرەکە بە ئامادەبوونی نوێنەرانی هەموو لقەکانی یەکێتیی نووسەران و مەڵبەندی گشتی بەسترا و سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتکار و بەڕێوەبردنی کۆنگرەکە لە لقی هەولێر هەڵبژێردرا کە خوالێخۆشبوو عیزەددین فەیزی بوو، بەڕێوەبردنی بەرنامەکانی کۆنگرەش لە ئەستۆی من بوو.

هەڵبژاردنی دەستەی مەڵبەندی گشتی لە ڕۆژی ١٩٧٨/٩/١٤دا بە چاودێری دادوەر ئەنجام درا و دەستەیەکی تازە هەڵبژێردرا لەوانە دووانیان لە لقی

هەولێر بوون ئەوانیش خوالێخۆشبوو عیزەددین فەیزی و مومتاز حەیدەری بوون، عیزەددین فەیزی بووە جێگری سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەری مەڵبەندی گشتی و مومتاز حەیدەری-یش بووە ئەندامی دەستە و سکرتێری نووسینی گۆڤاری (نووسەری کورد) کە مەڵبەندی گشتی دەری دەچوواند.

دوای کۆتایی کۆنگرەی پێنجەم دەبوایە هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری لقەکانیش بکرێت و نووسەرانی لقی هەولێر کەوتینە خۆ بۆ بەستنی کۆنفرانسی حەوتەمان لە رۆژی ١٩٧٨/١١/١٧ لە بارەگای خۆماندا. لە ماوەی دیاریکراودا بە چاودێری و سەرپەرشتی کردنی دادوەر و نوێنەری مەڵبەندی گشتی و نوێنەرانی پارێزگا و ئاسایش هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری لقی هەولێر ئەنجام دراو ئەنجامەکەیشی بەم جۆرەی خوارەوە بوو:

١- خوالێخۆشبوو سەعید ناکام سەرۆک.
٢- خاتوو سامیە شاکر چاوشلی جێگری سەرۆک.
٣- کەریم شارەزا سکرتێری بەڕێوەبردن.
٤- خوالێخۆشبوو سامی شۆڕش سکرتێری رۆشنبیری.
٥- جەوهەر کرمانج ژمێریار.
٦- خوالێخۆشبوو جەلال مەدحەت خۆشناو ئەندام.
٧- سەعدوڵڵا پەرۆش ئەندام.

ئەم دەستەیە تەمەنی درێژ نەبوو، چونکە رێکخراوی حزبی بەعس لە سەرۆکی لق و هەندێک لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەر رازی نەبوو، داوای لێکردین سەرۆک دەست لە کار بکێشێتەوە بەو بیانووەی کە سەعید ناکام لە راگەیاندنی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٤دا هەڵویستێکی دوژمنکارانەی بەرانبەر بە عەرەب و حزبی بەعس هەبووە.

خوالێخۆشبوو مامۆستا سەعید ناکام-یش دوای چەند هەفتەیەک بۆ بەرژەوەندی یەکێتیی نووسەرانی کورد وازی لە سەرۆکایەتی لقی هەولێر هێناو دەستەی بەڕێوەبەریش لە رۆژی ١٩٧٨/١٢/٢٠دا کۆبوونەوە و وازهێنانی مامۆستا ناکامی قەبووڵ کرد و بەم جۆرەی خوارەوە کاروباریان لەنێوان خۆیاندا دابەش کردەوە:

١- کەریم شارەزا سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەر
٢- د. سامیە شاکر چاوشلی جێگری سەرۆک.
٣- سەعدوڵڵا پەرۆش سکرتێری بەڕێوەبردن
٤- خوالێخۆشبوو سامی شۆڕش سکرتێری رۆشنبیری
٥- جەوهەر کرمانج ژمێریار
٦- خوالێخۆشبوو سەعید ناکام ئەندام
٧- خوالێخۆشبوو جەلال مەدحەت خۆشناو ئەندام

کاتێک کە ئەم دابەش کردنە نوێیەی کاروباری دەستەی بەڕێوەبەر بە پارێزگار و ئەمینداری گشتی رۆشنبیری و لاوان راگەیەنرا، ئەم جارە حزبی بەعس ئاگاداری کردینەوە کە جاران لە سەعید ناکام رازی نەبووە، ئێستاکە رایان لە سەرۆکی نوێ واتا: من و خاتوو سامیە شاکر نییە و نابێ بمێنن و دەبێ دەست لەکار بکێشنەوە، هەرچەندە مەڵبەندی گشتی بۆی روونکردنەوە، کە ئەو دەستەیەی هەولێر بە هەڵبژاردن هاتوون نەیان سەلماند، بۆیە دەستەی بەڕێوەبەر لەپێناوی بەرژەوەندی گشتی یەکێتیی نووسەران وازهێنانی خۆیان راگەیاند بەو هیوایەی دەستەیەکی تازە جێیان بگرێتەوە و لقەکە دانەخرێت.

# زمانی کوردی له دەستوورەکانی عیراق و دەستووری هەرێمی کوردستاندا

د. نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو
(زانکۆی ڕاپەڕین - کۆلیژی پەروەردە)

(١ - ٢)

**١: زمـانی کـوردی له دامـەزراندنی دەوڵەتی عـیـراق و دەستووری ساڵی (١٩٢٥)دا**

دەوڵەتی عـیـراق له سـاڵی (١٩٢١) له دوو ویلایەتی بەغدا و بەسره پێکهاتبوو، هۆکاره ناوخۆییەکان ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نەبوو له پێکهاتنی دەوڵەتی عیراق(١)، بەڵکو ڕەنگدانەوە و دەرئەنجـامی ئەو بارودۆخـە سـیـاسـی و ئابوورییه بـوو، کە پاش کۆتایی هاتنی یەکـەمین جەنگی جـیـهـانی هاته ئاراوە، به واتایەکی دیکه هۆکـاره دەرەکـیـیـەکـان ڕۆڵی سـەرەکـیـیـان لەم بارەوە گـێـڕا، له سەرووی هەموویانەوە بەریـتـانیا بوو(٢). نەتەوەی کورد له باشووری کـوردستان، سـاڵی (١٩٢٥) بەبێ خواست و ویسـتـی خـەڵکەکـەی و بەزۆر به دەوڵەتی تازه دروستکراوی عیراقەوە لکێنرا. (٣)

دەبێت ئەوەش بـوترێت کـه لەدوای یەکـەمین جـەنگی جیـهـانیـیـەوە ویلایەتەکـانی بەغـدا و بەسـره ڕاسـتـەوخۆ کەوتنه ژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەریتانیا و ئەنجوومەنی بـاڵای هـاوپـەیمـانـان لـه ڕێـککـەوتـی ٢٥/٤/١٩٢٠ ئینتیدابی بریتانی بەسەر عیراقدا سەپاند، بەریتانیاش دوای هەفتەیەک، واته له ٣/٥/١٩٢٠ ئەو ئینتیدابەی پەسـەند کـرد و کـۆتایی به دەسـەڵاتی سـەربازی خـۆی هێنا. (٤)

له ١٩٢١/٨/٢٣ مـیـر فـەیسـەڵ لەلایەن بریتانییەکانەوە به پاشای عیراق دانرا، چونکه پێشتر له ١٩٢١/٧/١١ له کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی وەزیراندا که نووسراوی سکرتێری موعتەمەدی سامی خوێنرایەوە و گفـتوگۆی لەسەرکرا، لەو پێوەندییـەدا (عەبدولڕەحمان گەیلانی) پێشنیـاری کرد میر فەیسەڵ به پاشای عیـراق ناوزەد بکرێت(٥)، یەکەمین کاریشی زەمینەخۆشکردنه



**تۆفیق وەهبی**

بۆ هەڵبــژاردنی پەرلەمــانێک و لەوێشــرا بۆ دانانی دەستوورێک بۆ عیراق، واتە دەبێت حکوومەتی عیراق حکوومەتێکی دەستووری و نوێنەرایەتی دیموکراتی بێت (٦). لە کــۆتایی بەهاری ســاڵی(١٩٢١) پرۆســەی دانانی پرۆژەی دەستوور، سەرەتا لەلایەن بریتانییەکانەوە دەستی پێکردووە تا ساڵی (١٩٢٥)ی خایاند (٧).

لە ١٩٢٤/١/١٤ پاش (١٦) دانیــشــتنی لیــژنەی وردبوونەوە لە پەرلەمــانی عیــراق لە پرۆژەی دەســتوور، ئینجا ئەنجوومەنی دامەزرێنەر لە ١٩٢٤/٧/١٠ ئەم پرۆژەیان پەســەند کــرد(٨).دواتر لە ١٩٢٥/٣/١٤ ئەنجــوومــەنی وەزیران پەســەندی کــرد، پاشــان لە ١٩٢٥/٣/٢١ مەلیک فەیسەڵ پەسەندی کرد و ئەو ڕۆژەش بڵاوکرایەوە (٩).

لەم دەستوورەدا ئینگلیزەکان و عیراقییەکان چاویان لە دەستوورەکانی ئوستراليا و نیوزلەندا کردبوو و سوودیان لی بینی بوو(١٠).

ئەگەر بێینە سەر لایەنی زمانی کوردی لەنێو ئەم دەستوورەدا، ئەوە بەداخەوە لە دەستووری هەمیشەیی ساڵی ١٩٢٥ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەهیچ شێوەیەک ناوی نەتەوەی کــورد و زمــانەکــەی ناهێنێت و هیچ مــادەیەکی بۆ تەرخــان نەکــردووە(١١)، بەڵکو لەم دەستوورەدا بەشێوەیەکی گشتی باسی خەڵکی عیراقی کردووە و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بە نەتەوە جیاجیاکانی عیراق داوە، بۆ نموونە لە مادەی (٦)دا دەڵێت: «جیاوازی لەنێوان عیراقییەکان نییە لە مافیان بەرانبەر بە یاسا، بەڵام جیاوازییان لە نەتەوە و ئایین و زمــاندا هەیە» (١٢). لەم مــادەیەدا بەشــێــوەیەکی ناڕاستەوخۆ دان بە هەبوونی فرەزماندا دەنێت، بەڵام بەبێ ئەوەی باسی زمانی کوردی، یان زمانەکانی دیکە بکات.

هەروەها لە مــادەی (١٦)دا هاتووە: «تائیــفــە جیــاوازەکــان مــافی کــردنەوەی قــوتابخــانەیان هەیە بۆ فێرکردنی تاکەکانیان بە زمانە تایبەتییەکانی خۆیان و پارێزگاری کردنیان، بەجۆرێک لەگەڵ پرۆگرامی گشتیدا بگونجێت کە بە یاسا ڕێکدەخرێت» (١٣).

لەم مادەیەشدا بە ڕاشکاوانە باسی زمان دەکات، بەڵام دیسان ناوی هیچیان ناهێنێت، بەڵکو ئاماژە بە ئازادی و سەربەستی بەکارهێنانی زمان و جۆراوجۆری زمان دەکات.

بەڵام لە مــادەی (١٧)دا بەڕاشکاوانە دان بەوەدا دەنێت کە زمانی عەرەبی، زمانی فەرمی وڵاتە، هەروەکو لە مادەکەدا هاتووە «عەرەبی زمانی فەرمییە، بێجگە لەوەی بە یاســایەکی تایبــەت دەقــەکــەی لەســەر هاتووە» (١٤). وەکــو دەردەکــەوێت لە دەســتــووری (١٩٢٥) بەهیچ شێوەیەک ئاماژە بە نەتەوەی کورد و زمانەکەی نەکراوە.

ئەگەرچی کۆمیتەی ناوبژیوانی نێودەوڵەتی لە ڕاپۆرتی خۆیدا بۆ یەکلایی کردنەوەی ویلایەتی مووسڵ لەنێوان عیراق و تورکیادا دەڵێت: «ویلایەتی مووسڵ دەخرێتە سەر عیراق، ئەگەر عیراق ئەو دوو مەرجە پەسەند بکات، یەکەمیان وەڵامدانەوەی هەبێت بۆ داخوازییەکانی زمانی کــوردی، دووەمــیــان کــارمــەندانی کــورد بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی کارگێڕی و دادوەری و پەروەردەیی دابمەزرێنێت» (١٥). واتە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی عیــراق پابەند دەکات دان بە زمانی کــوردیدا بنێت و ئیدارەیەکی تایبەت بە کورد دابنرێت، بەڵام لە هەموو مافە سیاسی و یاسایی و کارگێڕی و ڕۆشنبیرییەکاندا بێ بەش کرا(١٦).

لە ١٩٢٦/٢/٢دا، یازدە ئەندام پەرلەمانی کورد لە

مـالّی (مـحـهمـهد حـهبیب تالّهبانی)، که ئهندامێکی کوردی شاری کهرکووک بوو، له شاری بهغدا کۆبوونهوه و لهناو خـۆیاندا گـفـتـوگـۆیان کـرد دهربارهی ئهوهی ڕاگهیانراوێک لهلایهن حکوومهتی عیراقهوه دهربچێت که بریتی بێت لهمانهی خوارهوه (١٧):

١- داننان به زمانی کوردی وهکو زمانێکی ڕهسمی له پهرلهمـانـدا و ئهندام پهرلهمـانی کـورد بتـوانێت له کـۆبوونهوهکـانی پهرلهمـان به زمـانی کـوردی بیـروڕا و بۆچوونی خۆی دهرببڕێت.

٢- پێـویستـه ههمـوو یاسـا و بڕیاره ڕهسـمیـیـهکـانی حکوومـهت شـان به شـانی زمـانی عـهرهبی به زمـانی کوردیش بڵاوبکرێتهوه.

٣- ئهم داخوازییه بخرێته بهرچاوی دهزگاکانی ناوچه کوردییهکان.

٤- داوا بکرێت سێیهکی فهرمانبهران و ئهنجوومهنی وهزیران کورد بن.

بهڵام ئهم داخـوازیـیـانهی کـورد لهلایهن حکوومـهتهوه پهسهند نهکران.

له شوباتی ١٩٣٠ پهرلهمـانتـارانی کورد ڕاپۆرتێکیـان دایه سـهرۆکی ئهنجـوومـهنی وهزیران و داوایان کـرد ئهو مـافـانهی دانیـان پێـدا نراوه بۆ گـهلی کـورد جێـبـهجێ بکرێن، که بریتی بوون له: «به فـهرمی ناسـینی زمـانی کـوردی و ئیـدارهیهکی فـراوانی کـوردی و مـانهوهی کوردستان لهژێر سهرپهرشتی بهریتانیا بۆ ماوهی (١٥) ساڵ، ئهگـهر ههر گـۆڕانکارییـهک له عـیـراق ڕووی دا، پێویسته ئۆتۆنۆمی بدرێته کوردهکان» (١٨).

وهکـو دهردهکـهوێت دهوڵهتی عـیـراق له مـاوهی نێـوان سـالانی (١٩٢١- ١٩٣٠) لهلایهن سـێـکوچکهی حکوومــهت و عــهرشی مــهلیک و نوێنهری باڵای بریتانییهوه بهڕێوه دهبرا (١٩)، لهماوهی ههمـوو ساڵانی ئینتیداب له چهندین گفتوگۆدا بهڵێنی چهواشهكارانه به گهلی کورد له عیراق درا (٢٠)، بهڵام بێجگه له زمانی کـوردی «به بڕیارێکی تایبـهت نهک لهناو دهسـتـوور، ئهویش بۆ قـوتابخـانه سـهرهتاییـهکـان و دادگـاکـان، که ئهویش ههمـوو ناوچه کـوردییـهکـانی نهگـرتبـووهوه، هیچ مافێکی دیکه به گهلی کورد نهدرا» (٢١).

وهکو ڕوون و ئاشکرایه که زۆربهی ئهو یاداشت و نامه و برووسکانهی کـــه بۆ نوێنهری باڵای بریتـــانی و حکوومـهتی عـیـراق و کـۆمـهڵهی گـهلان نێـردراوه، له ههمـوویاندا داواکـراوه زمـانی کـوردی وهک زمـانێکی ڕهسمی له ناوچه کوردنشینهکان بناسرێت و له قوتابخانه و دادگا و دامـودهزگا فـهرمییـهکان بهکاربهێنرێت و ئهم لایهنه له ههموو یاداشتهکاندا بایهخی پێ دراوه(٢٢).

دهوڵهتی عـیـراق له سـاڵی ١٩٣٢ داوای کـرد ببـێـتـه ئهندام له کـۆمـهڵهی گـهلان، بۆ ئهم مـهبهسـتـه داوا له دهوڵهتی عیراق کرا بهیاننامهیهک پێشکهش به کۆمهڵهی گهلان سهبارهت به دابین کردنی مافی کهمینه نهتهوهیی و ئایینییـهکـانی ناو عـیـراق بکات (٢٣)، له ئهنجـامـدا حکوومهتی عیراقیش چهند گهرهنتییهکی پێشکهش کرد، که یهکێک لهوانه به فهرمی ناساندنی زمانی کوردی و تورکی بوو لهپاڵ زمـانی عـهرهبی و ڕێگهدان به خوێندن بهو زمانانهی له ناوچهکانی کوردنشین و تورکنشینهکان ههبوو (٢٤).

له دانیـشـتنی نێـوان نوێنهری باڵای بریتـانی و شـا فــهیســهڵ له ٢٠ی ئایاری ١٩٣٠، نوێنهری باڵای بهریتـانیـا هانی فـهیسـهلی دا بۆ ئهوهی ههڵوێستـێکی پۆزهتیڤانه بهرانبـهر به کورد وهربگرێت، بهتایبـهتیش له دامـهزراندنی فـهرمـانبـهرانی کـورد له کـوردسـتـان و بهکـارهێنانی زمــانی کــوردی (٢٥). بهم شــێــوهیه بهرژهوهندی بهریتانیا و عیراق لهوهدابوو ههندێک ماف به کورد بدهن، بۆیه حکوومهتی نووری سهعید ههندێک کـاری به قـازانجی کـورد ئهنجـام دا، کـه یهکـێک لهوانه بڕیاری دهرکردنی یاسای زمانه ناوچهییهکان بوو (٢٦).

لهم یاسـایهدا لهجیـاتی ناساندنی زمانی کـوردی وهک زمانێکی نهتهوهیی و سهربهخۆ، کهچی بهداخهوه زمانی کوردی به زمانێکی ناوچهیی لهقهڵهم داوه، بهڵام لهگهڵ ئهوهشـــدا ئهم یاســـایه تاکـــه دهسکهوته له بواری بهدهستهێنانی مافی نهتهوهیی کورد (٢٧).

کـهواته له سـاڵی ١٩٣١ دهوڵهتی عـیـراق له یاسـای زمـانه نـاوچهییـهکـاندا بهکـارهێنانی زمـانی کـوردی له قوتابخانه سهرهتاییهکان و دادگاکاندا سهلماند، بهڵام ئهو دهسکهوته لهخۆڕا نههاته ئاراوه، بهڵکو پێشینهی ههبوو، لهوانه تۆفیق وههبی له سهرهتای دامـهزراندنی دهوڵهتی عیراقدا ههوڵی پێشخستنی زمانی کوردی داوه، ساڵی ١٩٢٣ لهسـهر داوای وهزارهتی مـهعـارف (پهروهرده) کتێبی ڕێزمانی کوردی بۆ قوتابخانه سهرهتاییهکان ئاماده



**نووری سەعید**

کــــردووە، هەروەها داوای کـــردووە دەســـــتکاری چەند پیـــتێکی عـــەرەبی بکرێت، بۆ ئەوەی لەگـەڵ فـۆنەتیکی زمـــانی کـــوردیدا بگونجــێت، بەڵام ئەم داوایەی ڕەت کرایەوە، چونکە بەشێوەیەکی دیکە لێک درایەوە (٢٨).

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە (شـێخ مەحـمـود) یەکەم کـــەس بوو زمـــانی کـــوردی کـــردە ڕەســـمی لە هەردوو حکوومـەتی یەکـەم و دووەم (١٩١٨- ١٩٢٢)(٢٩)، هەروەها ئەوکاتە عـیراق لەژێر ئینتیدابی بەریتانیا بوو، هەلی پێشکەوتنی زمانی کوردی هەبووە.

هەروەها «بەپێی ئەم یاسایە کورد مافی ئەوەی پێ درا کـە لە قـوتابخـانە سـەرەتاییـەکـاندا بە زمـانی کـوردی بخوێنێت و فەرمانبەرانی ناوچە کوردییەکان دەبێ زمانی کـــوردی بزانن، بەڵام ئەو یاســـایە تەنیـــا لە ناوچەی سلێمانی و هەولێر کاری کرد و لە مووسڵ و کەرکوک و خـــانەقین ڕێگانەدرا لە قـــوتابخـــانەکـــان بە کـــوردی بخوێنن» (٣٠).

ئەم یاسایە بە یاسای ژمارە (٧٤) ناسراوە و لە ژمارە (٩٨٩)ی ساڵی نۆیەمی ڕۆژنامەی (الوقائع العراقیة)ی ڕۆژی ٦/١/١٩٣١ بڵاوکراوەتەوە، ئەم یاسایە لە (نۆ) مادە پێکهاتووە، هەریەکە لەمانە واژۆیان لەسەر کردووە (نووری ســـەعـــیـــد- ســـەرۆک وەزیران، عـــەبدوڵڵا دەمــــەلۆجی- وەزیری دەرەوە، مـــزاحم پاچەچی- وەزیری ناوخـۆ، عـەبد حـوسـێن- وەزیری مـەعـارف (پەروەردە)، جەمـیل ڕاوی- وەزیری بەرگری، جەمـال بـابان- وەزیری داد، ڕۆستەم حەیدەر- وەزیری دارایی).

دەقی یاساکەش بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

یاسای زمانە ناوچەییەکان

ژ (٧٤)ی ساڵی ١٩٣١ (٣١)

**مـادەی یەکـەم:** فـەرمـانەکـانی ئەم یاسـایە لەسـەر ئەو قەزایانەی کە لە مادەی دووەم و سێیەمی ئەم یاسایەدان، جێبەجێ دەکرێن.

**مادەی دووەم:** زمـانی دادگاکان لەم قـەزایانەی خوارەوە بە زمانی کوردی دەبێت:

قەزاکانی لیوای مووسڵ:

أ- ئامێدی

ب- زاخۆ

ج-زێبار

د- ئاکرێ

قەزاکانی لیوای هەولێر:

أ- کۆیە

ب- ڕانیە

ج- ڕواندز

قەزاکانی لیوای کەرکووک:

أ- گل

ب- چەمچەماڵ

قەزاکانی لیوای سلێمانی:

أ- سلێمانی

ب- هەڵەبجە

ج- شارباژێر

**مادەی سێیەم:** دەشێت زمـانی دادگاکـان لەم قەزایانەی خوارەوە بە عەرەبی، یان کوردی، یان تورکی (تورکمانی) بێت:

لیوای مووسڵ:

أ- دهۆک

ب- شێخان

لیوای هەولێر:

أ- هەولێر

ب- مەخموور

لیوای کەرکووک:
أ- کەرکووک
ب- کفری
لێرەدا دادگاکان لە هەمـوو حاڵەتەکـاندا بڕیار لەسەر زمانەکە دەدەن.

**مادەی چوارەم:** تۆمەتبـار لە هەمـوو ئەو قـەزایانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆی کرد مافی ئەوەی هەیە، کە:

١- دادگـایی بکرێت و بە زمـانی عـەرەبی ئاگـادار بکرێتەوە، ئەگەر ئەو زمانە لەماڵەوەی ناسراو بێت.

٢- هەمـوو ئیـجرائاتەکـان وەربگێـڕدرێنە سـەر زمـانی عـەرەبی، یان کـوردی، یان تورکی و داوای نوسـخـەی بڕیارەکـە بکات بە وەرگـێـڕانی بۆ یەکێ لەو زمـانـە ئامـاژەپێکراوانە و دەشێ هەر کـەسـێک کـە داوایەک، سکاڵایەک بە زمـانەکـانی عـەرەبی، یان تورکی، یان کوردی ئاراستەی هەر دادگایەکی ئەو قەزایانەی سەرەوە بکات، یان ئاراستەی دادگای باڵاتری بکات.

**مادەی پێنجەم:** زمانی کوردی لەم قەزایانەی خوارەوەدا زمانی فـەرمـیـیە، بێجگە لە فەرمـانگە هونەرییـەکـان و پێـوەندی کـردن لەنێـوان مـەڵبـەندە سـەرەتاییـەکـان و وەزارەتەکـان و لەنێـوان مـەرکـەزی لیـوای مـووسڵ و قەزاکانی بە زمانی عەرەبی دەبێت:

١- بەشە هونەرییەکان.

٢- لە پێـوەندی کـردنی (نووسـراوی فـەرمی) نێـوان سـەرکـردایەتی لیـواکـان (دامـودەزگـای پارێزگـا) لەگەڵ وەزیرەکان.

٣- (پارێزگای مووسڵ) و قەزاکانی:
قەزاکانی لیوای مووسڵ:
أ- ئامێدی
ب- ئاکرێ
جـ- دهۆک
د- زاخۆ
هـ- زێبار
قەزاکانی لیوای هەولێر:
أ- هەولێر
ب- مەخموور
جـ- کۆیە
د- ڕانیە
هـ- ڕواندز

قەزاکانی لیوای کەرکووک:
أ- چەمچەماڵ
ب- گل
قەزاکانی لیوای سلێمانی:
أ- سلێمانی
ب- هەڵەبجە
جـ- شارباژێر
بەڵام لە قـەزاکـانی کـەرکـووک و کـفـری، کـوردی، یان تورکی بەکاردەهێنرێت.

**مــادەی شــەشــەم:** لە هەمــوو قــوتابخــانە بەرایی و سەرەتاییەکانی ئەو قەزایانەی لەم یاسایەدا ئاماژەیان پێ کـراوە، زمـانی خـوێندنیـان ئەو زمـانە دەبێت کـە زۆربەی قوتابییەکانی ئەو قوتابخانەیە لە ماڵەوە بەکاری دەهێنن، ئینجا ئەم زمانە عەرەبی بێ، یان تورکی، یان کوردی.

**مادەی حەوتەم:** دەشێت بۆ هەمـوو کـەسێک بە زمـانی عـەرەبی داوایەک پێشکەش بە دەزگاکانی ڕەسمی بکات و بەهەمــان زمــانیش وەڵام بدرێتــەوە، هەر پێــوەندی کردنێک دەبێت بەو زمانە بێت کە لە مەرجەکانی مادەی پێنجەمی ئەو یاسایەدا ئاماژەی پێ کراوە و جێگیر کراوە و وەڵامدانەوەشی هەر بەو زمانە دەبێت کە نووسراوەکەی پێ نووسراوە.

**مادەی هەشتەم:** لە قـەزاکـانی سلێمـانی و کـەرکـووک و هەولێر کە لەم یاسایەدا ئـاماژەی پێکراوە، دەبێ شێـوەی زمـانی کـوردی ئەو شـێـوەیە بێت کـە ئێـسـتـا بەکـاردێت، بەڵام لە قەزاکانی لیوای مووسڵ کە لەم یاسایەدا ئاماژەی پێکراوە، ئەوە خـەڵکەکـەی ئازادن لەوەی چ شـێـوەیەکی زمـانی کـوردی هەڵدەبژێرن، کە ئەمەش لەماوەی ساڵێک لە جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە پەیڕەو دەکرێت.

**مـادەی نۆیەم:** هەمـوو وەزیرەکـان لە جـێـبـەجێ کـردنی بڕگەو مادەکانی ئەم یاسایە بەرپرسن، هەریەکە بە گوێرەی ئەو مادەیەی بە ئەوەوە پەیوەستە.

ئەم یاســـایە لە ڕۆژی ٢٣ی ئایاری ســـاڵی ١٩٣١ بەرانبـەر ڕۆژی (٦)ی مانگی مـوحەڕەمی ساڵی ١٣٥٠ کۆچی لە بەغدا نووسراوە.

دیارە ئەو کات زمانی کوردی تەنیا کرمانجی ناوەڕاست (شێـوەی بابانی/ سلێـمـانی) بوو، کـە لە سلێـمـانی پێی دەخــوێنرا و لە هەولێــریش بەشــێــوەیەکی زۆر کــەم بەکــاردەهێنرا، بەڵام لە دهۆک خــوێندن هەر بە زمــانی

عەرەبی بوو، هەروەکو تۆفیق وەهبی لە یاداشتێکی بۆ کۆمەڵەی گەلان دەڵێت: «دەتوانرێت بگوترێت زمانی کوردی ڕەسمی تەنیا لە سلێمانی قەتیس کراوە، زمانی ڕەسمی لە لیوای مووسڵ عەرەبییە، ئەوەی کە زۆربەی دانیشتوانی عەرەب نین لە کەرکووک تورکی و عەرەبی بەکاردەهێنرێت، لە هەولێر زۆر کەم کوردی بەکاردەهێنرێت، لە قەزا کوردییەکانی کووتدا زمانی عەرەبی ڕەسمییە، یاسای زمانی ناوچەیی بە ئاشکرا مەبەستی دروستکردنی ئاژاوەی زمانە» (٣٢).

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم یاسایە بۆ یەکەم جار بوو ڕێگەی بە کوردەکانی ناوچەی بادینان دا لەجیاتی زمانی باوی نووسینی ئەوکاتی کوردی عیراق کە کرمانجی ناوەڕاست بوو، دیالێکتی کرمانجی سەروو بەکاربهێنن، واتە زمانی کوردی لە ڕووی تیورییەوە بەسەر دوو دیالێکت دابەش کرد، ئەمەش بووە دابەشبوونی زمانی کوردی، نەوەک خزمەت بە ستانداردی زمانی کوردی بکات. دیارە ئەمەش زۆر بە ڕاشکاوانە لە مادەی هەشتەم ئاماژەی پێ کردووە، کە تێیدا هاتووە «لە قەزاکانی سلێمانی و کەرکووک و هەولێر کە لەم یاسایەدا ئاماژەی پێ کراوە، دەبێ شێوەی زمانی کوردی ئەو شێوەیە بێت کە ئێستا بەکاردێت، بەڵام لە قەزاکانی لیوای مووسڵ کە لەم یاسایەدا ئاماژەی پێ کراوە، ئەوە خەڵکەکەی ئازادن لەوەی چ شێوەیەکی زمانی کوردی هەڵدەبژێرن، کە ئەمەش لە ماوەی ساڵێک لە جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە پەیڕەو دەکرێت» (٣٣). لەم مادەیەدا دوو شتمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، یەکەمیان ئەو دیالێکتە کوردییەی کە لە کوردستانی عیراق ئەوسا بەکاردەهێنرا، کرمانجی ناوەڕاست بوو، دووەمیان لە لیوای مووسڵ، کە پارێزگای دهۆک دەکەوێتە نێو ئەو لیوایە، حکوومەتی ئەوسای عیراق مافی ئەوەی دانێ کە بە شێوەی کرمانجی سەروو (بادینی) لە دامودەزگاکان بەکاربێنن، چونکە سەربەستی بە خەڵکەکە دا لە بەکارهێنانی شێوەکانی (ناوەڕاست، سەروو)، کە ئەمەش جۆرێک بوو لە هەوڵدان بۆ لەتکردنی زمانەکەمان و دەستپێکی سەرهەڵدانی جووت ستانداردی بوو لە زمانی کوردیدا، کەواتە لەم یاسایەدا دەڤەری بادینان لەڕووی زمانەوە لە بەشەکانی دی کوردستان دادەبڕێت و ئازادییان دەداتێ بەوەی دەتوانن شێوەیەک لە شێوەکانی زمانی کوردی بەکاربێنن (٣٤)، بەڵام ئەمە تەنیا باری یاسایی وەرگرت، چونکە لە پارێزگای دهۆک خوێندن هەر بە زمانی عەرەبی مایەوە تاکو ساڵی ١٩٧٠، ئیدی لە ساڵی ١٩٧٠ تا نسکۆی شۆڕشی کورد خوێندن بە زمانی کوردی کرمانجی ناوەڕاست بوو.

دیارە ئەم جێبەجێ نەکردنەی یاسای زمانە ناوچەییەکان لە لیوای مووسڵ بەتایبەتی لە پارێزگای دهۆک بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە: یەکەمیان ئینگلیزەکان لە پشتەوەی ئەم کارە بوون، چونکە ئینگلیزەکان تەنیا لە ناوچەی سلێمانی ڕێگەیان بە چالاکی ڕۆشنبیری و زمانی کوردی دەدا و لە شوێنەکانی دیکە بەتایبەتی دهۆک هەر خۆیان خەڵکیان هان دەدا لەیەک دووربن و پێکەوە نەلکێن و زمانی کوردی بەکار نەهێنن، دووەمیان هۆکارەکەی پەیوەست بوو بە کوردەوە، چونکە هەروەکو محەمەد ڕەسووڵ هاوار لەسەر زاری تۆفیق وەهبی دەگێڕێتەوە، کە لە بادینان ڕێگر هەبوو لەسەر بەکارهێنانی خوێندنی زمانی کوردی، هەروەکو دەڵێت: «کە بڕیاردرا زمانی کوردی لە ناوچە کوردییەکاندا لە قوتابخانەکان بخوێنرێت، لە بادینان هەندێک کەسی بێ مێشکی ناوچەگەری خۆپەرست بۆ ئەوەی خۆیان لە مووسڵاوییە عەرەبەکان نزیک بکەنەوە، کە وەفدێک چوو بۆ ئەم ناوچانە بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا دەیانەوێت بە کوردی بخوێنن، یان نا، تاقمێکیان دروشمێکیان هەڵکردبوو و بە عەرەبی نووسیبوویان نامانەوێت منداڵەکانمان بە کوردی بخوێنن و تۆفیق وەهبی بە پێکەنینەوە ناوی پیاوێکی هێنا، کە یەکێک بووە لەوانەی ئەو ڕۆژانە قوتابی بووە و ئەو دروشمەی هەڵگرتووە، کەچی ئەمڕۆکە ئەو پیاوە لە ئینگلتەرا دکتۆرای هەیە و شتێکی کوردی بە پیتی لاتینی چاپ کردووە و لە نامەیەکدا بە عەرەبی بۆی نووسیبووم و دانەیەکی لە کتێبەکەی بۆ ناردبووم، لەگەڵ ئەوەشدا من سوور دەزانم ئەم پیاوە کوردی هەروەکو من دەزانێ بنووسێ و بخوێنێتەوە، یان هەر هیچ نەبوایە بە پیتە لاتینییەکە نامەکەی بۆ بناردمایە باشتر بوو» (٣٥).

کەواتە وەکو دەردەکەوێت نەک بە کرمانجی سەروو، بەڵکو بە کرمانجی ناوەڕاستیش لە دهۆک خوێندن نەخوێنرا و هەر بە عەرەبی مایەوە.

**٢: زمانی کوردی لە دەستووری ساڵی ١٩٥٨**

ڕۆژی ١٩٥٨/٧/١٤ سوپای عیراق بە سەرۆکایەتی (عەبدولکەریم قاسم)، لە شۆڕشێکدا توانی زۆر بەخێرایی دەوڵەتی عیراق کۆنترۆڵ بکات و کۆتایی بە حوکمی پاشایەتی لە عیراق بهێنێت و سستمێکی کۆماری دابمەزرێنێت (٣٦)، دوای ئەوە ڕژێمی کۆماری لە بەیاننامەیەکدا، کە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا بڵاوکرایەوە، لەکارخستنی یاسای بنەڕەتی (١٩٢٥)ی ڕاگەیاند و بۆ یەکەم جار کۆماری عیراق لە ١٩٥٨/٧/١٤ ڕاگەیەنرا (٣٧).

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە نزیکەی دوای دوو هەفتە لە هەڵگیرساندنی شۆڕش، دەستووری کاتی کۆماری عیراق ڕاگەیەنرا، واتە لە ١٩٥٨/٧/٢٧ دەستووری کۆماری عیراق دەرچوو (٣٨). لەم دەستوورەدا، بێجگە لە تەماشاکردنی دەستوورەکانی ئوسترالیا و نیوزیلەندا، هەروەها سەیری دەستوورەکانی ئێران و تورکیا و میسریان کردبوو و سوودێکی زۆریان لە دەستووری میسر بینیبوو، کە ئەمەش کاریگەری بیری شۆڤینی عەرەبی باڵی بەسەر ئەم دەستوورەدا کێشابوو(٣٩)، هەروەکو لە مادەی (٢)ی دەستوورەکەدا دەردەکەوێت: «عیراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب»(٤٠). دیارە ئەم مادەیەش پێچەوانەی مادەی (٣)ی دەستوورە، کە دەڵێت: «کورد و عەرەب هاوبەشن لە نیشتماندا» (٤١). دیارە ئەم مادەیەش بووە هۆی ناڕەزایەتی گەلی کورد و هێزە سیاسییەکانی، لەم بارەشەوە پارتی دیموکراتی کوردستان لەکاتی خۆیدا ڕەخنەیەکی توندیان لەم مادەیە گرت و ئیبراهیم ئەحمەد وەکو سکرتێری ئەوکاتی پارتی دەڵێت: «کوردستان هەرگیز بەشێک نەبووە لە نیشتمانی عەرەب، بەڵکو بەشێک بووە لە کوردستانی گەورە، هەروەک عەرەبی عیراقیش بەشێک بووە لە نەتەوەی عەرەب» (٤٢).

هەروەکو ئاماژەمان بۆی کرد لە مادەی (٣)ی دەستوورەکەدا هاتووە: «عەرەب و کورد هاوبەشن لەم نیشتمانەدا، ئەم دەستوورە دان بە مافەکانی نەتەوایەتی لەناو یەکێتیی عیراقدا دەنێت» (٤٣)، هەروەها لە مادەی (١٩)دا هاتووە «نابێت لەسەر بناغەی ڕەگەز، یان نەتەوە، یان زمان، یان ئایین، یان بیروباوەڕ جیاوازی لەنێوان هاونیشتمانان بکرێت» (٤٤).

لەم قۆناغەدا حکومەتی عیراق دانی بە نەتەوەی کورددا ناوە وەکو نەتەوەیەک و شەریکێک لە حکومەتی عیراقدا، هەمدیسان دانی بە هەموو ماف و جیاوازییەکانی زمانی کوردیدا ناوە، بۆیە یەکێک لە دەستکەوتەکانی گەلی کورد کردنەوەی بەشی کوردی بوو لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا، هەروەها لە بواری پەروەردەدا وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتییەکی پەروەردەی بۆ کوردستانی عیراق کردەوە، کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بوار بڕەخسێنێت بۆ ڕۆڵەکانی گەلەکەمان بە زمانی دایک بخوێنن (٤٥).

هەروەها لە مادەی (٩)دا دەڵێت: «هاووڵاتیان لە بەرانبەر یاسادا یەکسانن لەماف و ئەرکە گشتییەکاندا، نابێت جیاوازی لە نێوانیاندا بەهۆی بنەچە، ڕەگەز، یان زمان و ئایین و بیروباوەڕ دابنرێت». لێرەدا ئاماژە بە کەمینەی نەتەوەیی دیکە، بێجگە لە عەرەب دەکات، هەمان ئاماژە بە کەمینەی ئایینیش دەکات، واتە دان بە فرەنەتەوە و فرەئایینیدا دەنێت، بەڵام بەبێ دیاریکردن و ناوهێنانیان (٤٦).

دەبێ ئەوەش بوترێت کە لەم دەستوورەدا کورد هەندێک دەسکەوتی دەستووری و سیاسی و ڕۆشنبیری بەدەست هێناوە (٤٧)، وەک:

١- بۆ یەکەم جار لە مێژووی عیراق و دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکە، دەستووری کاتی عیراق دانی بە مافە نەتەوەییەکانی کورددا نا، هەروەکو لە مادە (٣)دا هاتووە «عەرەب و کورد هاوبەشن لەم نیشتمانەدا، ئەم دەستوورە دان بە مافەکانی نەتەوایەتی لەناو یەکێتیی عیراقدا دەنێت».

٢- یەکێک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی سەروەری (مجلس السیادة) کوردبوو.

٣- لە کابینەی یەکەمی حکومەتدا، وەزیرێک کورد بوو.

٤- سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لێبوردنێکی گشتی بۆ هەموو کورد دەرکرد، بەتایبەتی ئەوانەی ڕژێمی پاشایەتی ئاوارەی هەندەرانی کردبوون، هەروەها هەموو زیندانییە سیاسییەکانی ئازادکرد، بێجگە لەوەی (عەبدولکەریم قاسم) داوای لە (مەلا مستەفای بارزانی) و ٧٤٨ کەسی هاوڕێی کرد، کە ماوەی (١٢) ساڵ بوو لە سۆڤیەت دەژیان، بگەڕێنەوە عیراق. مەلا

مستەفاش کە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، بە پێشوازی ئەو بانگهێشتنەوە هات و گەڕایەوە بۆ عێراق. کاتێک مەلا مستەفا بارزانی لە ٦/١٠/١٩٥٨ گەڕایەوە عیراق، گەورەترین پێشوازی جەماوەریی لە شارەکانی خواروو و ناوەڕاستی عیراق لێکرا.

٥- جەژنی نەورۆز کرایە جەژنی فەرمی گەلی کورد.

٦- پارتی دیموکراتی کوردستان کە داوای مۆڵەتی تێکۆشانی ڕەسمی وەک حزبێک دابووە وەزارەتی ناوخۆی عیراق، ڕەزامەندی لەسەر درا.

لێرەدا دەبێت هەڵوەستەیەک لەسەر یاداشتنامەی پارتی بکەین، چونکە لە یاداشتنامەکەی پارتیدا هاتبوو، پارتی دیموکراتی کوردستان خەبات دەکات بۆ فراوان کردنی مافەکانی گەلی کورد لەسەر بنچینەی ئۆتۆنۆمی بۆ خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی عیراقدا، هەروەها بڕیاردان لەسەر ئەو مافە دەبێ لە دەستووری هەمیشەییدا بچەسپێنرێت.

٧- لیژنەیەکی حکوومی پێکهات بۆ تەماشاکردنی حاڵەتی ڕۆشنبیریی کورد، وەک فراوان کردنی خوێندن بە کوردی، هەروەها ڕێگەی دا چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێک دەربچن، لەوانە ڕۆژنامەی (خەبات)، کە وەک یەکەم ڕۆژنامەی ڕەسمی بە زمانی کوردی دەرچوو، کە زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو.

٨- کردنەوەی بەشی زمانی کوردی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا، ئەم بەشە لە ساڵی ١٩٥٨ دامەزرا و لە ساڵی ١٩٥٩ یەکەمین پۆلی قوتابیانی وەرگرت.

هەروەها ڕادیۆی کوردی بەغدا، کە لە ساڵی ١٩٣٩ەوە پەخشی بە زمانی کوردی دەست پێکرد، سەرەتا تەنیا بە کرمانجی ناوەڕاست بوو، بەڵام لە دوای شۆڕشی (١٤)ی تەممووزی ١٩٥٨ بە دوو شێوە بەرنامەکانی بڵاودەکردەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە سەرەتای شۆڕشی (١٤)ی تەممووزی ١٩٥٨دا توانایی ئەوە هەبوو خوێندن لە بادینانیش بکرێت بە کوردی، بەڵام تا ساڵی ١٩٧٠سەری نەگرت و هەر بە زمانی عەرەبی مایەوە، بەهۆی ئەوەی برادەرانی بادینان خەریکی گفتوگۆی ئەوەبوون بە کام دیالێکت بنووسرێت، دواتر لە ساڵی ١٩٧٠ تا نسکۆ لە بادینانیش خوێندن کرا بە زمانی کوردی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست (٤٨).

## ٣: یاساکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی سەرکردایەتی شۆڕش ١٩٦٣- ١٩٦٤

**یەکەم:** زمانی کوردی لە یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی سەرکردایەتی شۆڕش ١٩٦٣- ژمارە (٢٥)(٤٩)

ڕۆژی (٨)ی شوباتی ١٩٦٣ حزبی بەعس بە هاوکاری لەگەڵ هەندێک ئەفسەری نەتەوەیی، لەسەرووی هەموویانەوە عەقید عەبدولسەلام محەمەد عارف لە کوودەتایەکی سەربازیدا کۆماری یەکەمی عیراقیان ڕووخاند، پاش ئەم ڕووداوەش پلەی عەبدولسەلام محەمەد عارف تا ئاستی (موشیر ڕوکن) بەرزکرایەوە و بەم جۆرە بوو بە سەرۆک کۆماری عیراق و لەلایەن بەعسییەکانەوە ئەحمەد حەسەن بەکر بوو بە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران(٥٠). دەستووری کاتی کۆماری یەکەمی عیراق لە ١٩٥٨/٧/٢٧ پاش ئەو گۆڕانە سیاسییە هەڵوەشێنرایەوە(٥١) و حوکمی ماوەی ڕێککەوتی ١٩٦٣/٢/٨- ١٩٦٣/٤/٤ تەنیا پشتی بە بەیانەکانی سەرکردایەتی کوودەتاوە دەبەست، کە بە ناوی ئەنجوومەنی نیشتمانیی سەرکردایەتی شۆڕش دەری دەکرد (٥٢). لە (٤)ی نیسانی ١٩٦٣ دا یاسای ژمارە (٢٥)ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی سەرکردایەتی شۆڕش دەرچوو، کە لە (٢٠) مادە پێکهاتبوو (٥٣). ئەم دەستوورە، واتە دەستووری (٤)ی نیسانی ١٩٦٣ شتێکی تایبەت بوو، چونکە تەنیا باسی ڕێگەی پیادەکردنی دەسەڵاتی سیاسی دەکرد و دەتوانین بڵێین دەستووری ئەنجوومەنی نیشتمانیی سەرکردایەتی شۆڕش بووە نەک بۆ دەوڵەت (٥٤).

سەبارەت بە کورد و زمانی کوردی و مافەکانی بەگشتی، ئەم دەستوورە لە هیچ مادەیەکیدا ئاماژەی پێ نەکردووە، واتە کورد و مافەکانی هیچ پارێزگارییەکی یاسایی نییە(٥٥).

**دووەم:** زمانی کوردی لە یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە (٦١)(٥٦)

عەبدولسەلام محەمەد عارف لە ١٩٦٣/١١/١٨ بە کوودەتایەک کۆتایی بە تەمەنی حوکمی بەعسی یەکەم و کۆماری عیراق هێنا و لە ١٩٦٤/٤/٢٢دا ڕژێمی نوێ یاسای ژمارە (٦١)ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی سەرکردایەتی شۆڕشی دەرکرد، کە لەلایەن سەرۆک کۆمار

و ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ئیمزا کرابوو (٥٧)، ئەم یاسـایەش وەک ئەوەی پێـشی خـۆی دەکـرێت ناوی دەسـتـووری لەسـەر دانێین، چونکە دەسـەڵاتی سـیـاسی رێکخست، بەم بۆنەیەوە بە دەستووری (٢٢)ی نیسانی ١٩٦٤ ناسرا.

ئەم دەسـتـوورەش ئامـاژەی بە کـورد و زمـانەکـەی نەکـردبوو، ئەگـەرچی عـەبدولسـەلام عـارف لە ١٠/٢/١٩٦٤بەیانێکی دەرکرد، کە بە بەیانی شوبات ناسـراوە، لە بڕگەی یەکەمـیـدا دەڵێت: «دان بە مـافـە نەتەوەییەکانی برا کوردەکانماندا دەنێین لەمیانەی گەلی عـیـراقـدا، لە یەکـێـتی نیـشـتـمـانی یەکگرتوودا و لە دەسـتووری کـاتیـدا جێگیـری دەکـەین»، بەڵام دواتر لە دەستووری کاتیدا، کە لە ٢٢/٤/١٩٦٤ دەرچوو، هیچ ئاماژەیەکی بە کورد و مافەکانی نەکردبوو(٥٨).

**سێیەم:** زمانی کوردی لە دەستووری کاتیی (٢٩)ی نیسانی ١٩٦٤

ئەم دەسـتـوورە کە لە پێـشـەکـیـیـەک و (١٠٦) مـادە پێکهـاتبـوو(٥٩)، لە چەند شوێنێکدا باسی مـەسـەلەی زمانی فەرمی لە وڵات و باسی کورد دەکات. سەرەتا لە مادە (٣)دا دەڵێت: «زمانی عەرەبی زمانی فـەرمیـیـە». لەم مادەیەدا تەنیا ئاماژە بە زمانی عـەرەبی دەکات وەکو زمـانێکی فـەرمـیی وڵات، ئەمـە لە حـاڵەتێکدایە، کـە پێـشـتـر زمـانی کـوردی و زمـانی تورکی(تورکـمـانی) لەمـیـانەی یاسـای (زمـانە ناوچەییـەکـان)ی سـاڵی ١٩٣١دا سەلمێنرابوون و لە ڕێگەی کۆمەڵەی گەلانیشەوە ڕەوایەتی وەرگـرتبـوو، ئەگەرچی ئەم یاسـایە نەسڕایەوە، بەڵام کاری پێ نەدەکرا.

بەڵام لە مادە (١٩)دا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاماژە بە نەتەوەی کـورد دەکـات وەکـو نەتەوەیەکی سـەرەکی عیراق، هەروەها باسی (فرەزمانی) لە عیراقدا دەکات، کە تێیدا هاتووە:

«عیراقییەکان لەبەرانبەر یاسادا یەکسانن، بەرانبەرن لە ماف و ئەرکە گشتییەکاندا، لەبەر ڕەگەز، یان ڕەسەن، یان زمـان و ئایین، جیـاوازییـەک لەنێوانیـانـدا نییـە، هاوولاتیـان هەمـوویان پێکەوە هاوکـارن لە پاراسـتنی کـیـانی ئەو نیـشـتـمـانەدا بە عـەرەب و کـوردەوە، ئەو دەسـتـورە دان بە مـافـە نەتەوایەتیـیـەکـانیـاندا دەنێت لەچوارچێوەی یەکێتیی عیراقـدا»(٦٠). لەم دەقەدا بە ڕاشکاوانە و ڕاستەوخۆیانە دان بەوەدا دەنێت کە عیراق وڵاتێکی فرەئایین و فرەنەتەوە و فرەزمانە، واتە ئاماژە بە پێکهـاتەکانی عـیراق دەکـات، بەجۆرێک نەتەوەی کورد وەک نەتەوەی عەرەب بە نەتەوەیەکی سەرەکی داناوە.

هەروەها لە مـادەی (٣٣)دا باسی مـافی فـێـربوون دەکات، کە مافێکە بۆ هەموو هاوڵاتییـەک، بەڵام بەبێ ئەوەی زمانی فێربوونەکە دیاری بکات، کە ئاخۆ دەبێت زمـانی خـوێندن و پەروەردە بە چ زمـانێک بێت، لەم مادەیەدا هاتووە: «فێربوون مافی هەموو عیراقییەکانە، دەوڵەت پشـتـیـوانی لی دەکات بە پێکهـێنانی جۆرەها قـوتابخـانە و زانکۆ و دامـەزراوەی ڕۆشنبـیـری و پەروەردەیی و فراوانکردنیان»(٦١).

جـێـگەی ئامـاژە پێکردنە ئەم دەسـتـوورە لە ١٤/١٢/١٩٦٤ تا ١٧ی نیـسانی ١٩٦٨ شەش جار هەمـوارکـرا(٦٢)، لە دووەم هەمـوارکـردندا لە ٨/٩/١٩٦٥ دا، کە لەلایەن سەرۆک کۆمار و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە مۆرکرابوو، هەندێک گۆڕانکاری بچـووک لە مـادەی (١٩)ی هەمـوارکـراودا ڕووی دا، مادەکە گۆڕرا و ئاوای لێهات: «عیراقییەکان یەکسانن لە ماف و ئەرکە گشتییەکانیاندا بەبێ جیاوازی ڕەگەزی، ڕەسـەنی، یان زمـان و ئایین و هەر هۆیەکی دیکە، ئەو دەستوورە دان بە مافە نەتەوەییەکانی کوردەکاندا دەنێت لەناو گـەلی عـیـراقـدا، لە یەکـێـتی نیـشـتـمـانی و برایەتیـدا»(٦٣)، لێرەدا دەبینین گۆڕانێکی بنەڕەتی لە ناوەرۆکی مـادەکـەدا نەکـراوە، بەڵکو تەنیـا هەندێک گۆڕانکاری لە شێـوەی داڕشتن و لابردنیـدا کـراوە، بەڵام باشتریشە لەوەی پێشووتر، چونکە هەندێک ڕاشکاوانەتر لە جاران باسی مافە نەتەوەییەکانی کورد دەکات(٦٤).

## ٤: زمانی کوردی لە دەستووری ساڵی ١٩٦٨ (٦٥)

کـۆمـاری عـیـراق لە (١٧)ی تەممووزی ١٩٦٨ بە کوودەتایەکی سەربازی کۆتایی پێ هات، حزبی بەعس و ژمارەیەک لە ئەفسـەران و کەسانی مەدەنی بەشداربیان لەو کـوودەتایەدا کـرد(٦٦). بەو جـۆرە حکوومـەتی عەبدولڕەحمان محەمەد عارف ڕووخا و ئەو دەسـتـوورە کـاتیـیـەی کـە دایناب‌وو هەڵوەشـایەوە و دەسـتـوورێکی دیکەی کاتی لەلایەن بەعسییەکانەوە دانرا(٦٧).

ئەم دەسـتـوورە زۆربەی دەقـەکـانی خـۆی لە دەسـتـووری

(٢٩)ی نیسانی ١٩٦٤ی کاتی و یاسای ژماره (٢٥)ی ساڵی ١٩٦٣ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی سەرکردایەتی شۆڕش، وەرگرتبوو، بۆیە ئەم دەستووره تارادەیەکی زۆر لە دەستووری هەمواركراوی (٢٩)ی نیسانی ١٩٦٤ دەچوو، دەستوورەکەش لە پێشەکییەک و (٩٥) مادە پێکهاتبوو و بەسەر پێنج دەروازەدا دابەش کرابوو(٦٨).

ئەوەی پەیوەست بێت بە زمانی کوردی، ئەوە بەداخەوە لە مادەی (٦)ی ئەم دەستوورەدا زوڵم لە زمانی کوردی دەکات و تەنیا ئاماژە بە زمانی عەرەبی دەکات وەکو زمانێکی فەرمی وڵات، کە تێیدا هاتووە: «ئیسلام ئایینی وڵاتە و سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ دەستوورەکەی و زمانی عەرەبی زمانی فەرمییە».

لە مادەی (٢١)دا باسی یەکسانی هاووڵاتیانی عیراق دەکات و باس لە فرەزمانی و فرەنەتەوەیی و فرەئایینی دەکات، دواتریش ناوی نەتەوەی کورد لەپاڵ نەتەوەی عەرەب دەهێنێت وەکو نەتەوەیەکی سەرەکی عیراق، کە تێیدا هاتووە: «عیراقییەکان یەکسانن لە بەرانبەر یاسا و لە ماف و ئەرکەکاندا هیچ جیاوازییەک لەنێوانیاندا نییە بەهۆی ڕەسەنایەتی، ڕەگەز، زمان، یان ئایین، هاوکارن لە پاراستنی کیانی نیشتمانی بە عەرەب و کوردەوە، ئەو دەستوورە دان بە مافە نەتەوایەتییەکانیاندا لەناو گەلی عیراقدا دەنێت».

دیارە وەکو دەردەکەوێت حکوومەت لەڕووی یاساییەوە مافێکی ئەوتۆی بە کورد و زمانەکەی نەداوە، بۆیە گرژی لەنێوان بەعسییەکان و سەرکردایەتی کورد هاتە کایەوە، لەبەر ئەوە بەعسییەکان بە مەبەستی زەمینەخۆشکردن بۆ چارەسەری ئاشتیانەی مەسەلەی کورد، لە ئەیلوولی ١٩٦٩ حکوومەتی بەعس کەسایەتی ناسراو و نیشتمانپەروەر (عەزیز شەریف)ی نارده لای سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و ئامادەیی حکوومەتی بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی مەسەلەی کورد نیشاندا(٦٩). ئەوانیش وەڵامی پۆزەتیڤیان دایەوە، بەم جۆرە زەمینەی گفتوگۆی خۆشکردبوو(٧٠). ڕژێم بۆ نیشاندانی نیازپاکی خۆی، هەندێک ڕێوشوێنی یاسادانانی گرتەبەر بۆ بەدیهێنانی هەندێک لە داخوازییەکانی بواری ڕۆشنبیری کورد، بۆ ئەم مەبەستە حکوومەت دەست بەکاربوو بۆ جێبەجێ کردنی هەندێک لە برگەکانی کە پێوەندی بە بەیانی (٢٩)ی حوزەیرانی ١٩٦٦ ەوە بوو. لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس، بڕیاری ژمارە (٤٤٦)ی دەرکرد، بەپێی ئەم بڕیارە ئەو مافە درایە هاووڵاتیانی کورد، کە لە ناوچە کوردییەکاندا مافی هەڵبژاردنی خوێندن بە زمانی کوردی هەبێت لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن تا قۆناغی دواناوەندی(٧١).

پاشان لە ١٩٦٩/١٢/٩ بڕیارێکی دیکە بە ژمارە (٤٨٤) دەرکرد، کە ئەم خاڵانەی خوارەوەی لەخۆ گرتبوو(٧٢):

١- خوێندنی زمانی کوردی لە پۆلەکانی کۆتایی (سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندی) و هەموو زانکۆکان و پەیمانگەکانی مامۆستایان و کۆلێژی سەربازیی و پۆلیسی بخوێنرێت.

٢- ئەنجامدانی گۆڕانی ڕیشەیی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی.

٣- کتێبی کوردی زانستی، وێژەیی و سیاسی، کە گوزارشت لە خواستە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی کورد دەکات لە کتێبخانە گشتییەکان و قوتابخانەکان دابنرێت.

٤- دامەزراندنی دەزگا (خانە)ی چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی.

٥- کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری کوردی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن.

٦- دەرچوونی ڕۆژنامەیەکی هەفتانە و گۆڤارێکی مانگانە بە زمانی کوردی.

٧- دانانی ناوی کوردی (مێژوویی و جوگرافی) بۆ هەموو قوتابخانە و فەرمانگە فەرمییەکانی ناوچە کوردییەکان.

ئەگەر لەم خاڵانەی سەرەوە وردبینەوە، دەبینین بۆ یەکەم جاربوو زمانی کوردی لە عیراق بەم چەشنە فراوانە ڕێگەی پێ بدرێت و کاری پێ بکرێت و زمانی کوردی ببێتە زمانی نووسینی پرۆگرامی خوێندن لە ناوچەکانی کوردستان و دەزگایەکی پەخش و بڵاوکردنەوەی کوردی سەر بە حکوومەت دابمەزرێت، لەهەمووشی گرنگتر زیاتر گرنگیدان بوو بە زمانی کوردی لە قۆناغەکانی خوێندن، کە ئەمەش هاندەربوو بۆ ئەوەی ڕۆڵەکانی کورد

منداڵەكانیان بنێرنە قوتابخانە كوردییەكان و زیاتر متمانەیان بە زمانی كوردی لا دروست بێت.

كەواتە خوێندن بە زمانی دایک (كوردی) مافێكی لەمێژینەی كورد بوو، توانرا بەشێوەیەكی تیوری و پراكتیكی ئەم مافە بە كورد بدرێت و رۆڵەكانی كورد بتوانن لە قوتابخانە و پەیمانگە و زانكۆ وانە بە زمانی كوردی بخوێنن و هەست بەوە بكەن كە زمانی كوردی زمانی قسەكردن و نووسین و خوێندنە هەروەک زمانی عەرەبی لە عیراقدا.

هەروەها حكوومەت چەند هەنگاوێكی دیكەی هاویشت، كە بریتین لە:

١- رۆژی نەورۆزی كردە جەژنی فەرمی (جەژنی نیشتمانی) بۆ كورد و كرایە پشووی فەرمی لەسەرانسەری عیراق(٧٣).

٢- كۆڕی زانیاری كوردی دامەزراند(٧٤)، جێگەی ئاماژەپێكردنە كە كۆڕی زانیاری كورد خزمەتێكی زۆری بواری زمان و وێژە و مێژوو و لایەنی رۆشنبیریی كوردی كرد.

**پەراوێز و سەرچاوەكان:**

١- عامر حسن فياض (د)(٢٠٠٣)، جذور الفكر الديمقراطي في العراق الحديث، سلسلة رسائل جامعة بغداد، الطبعة الاولى، وزارة الثقافة، بغداد، ص١٩٢- ١٩٣.

٢- رێبین محەمەد سۆفی (٢٠٠٧)، مافەكانی گەلی كورد لە دەستووری هەمیشەیی عیراقدا، نامەی ماستەر، زانكۆی كۆیە- كۆلێجی یاسا، ل٣٣.

٣- فؤاد حمه خورشيد (١٩٧١)، الاكراد- دراسة علمية موجزة في اصل الشعب الكردي، بغداد، ص١٠.

٤- حامد محمود عيسى علي (د)(١٩٩٢)، المشكلة الكردية في الشرق الاوسط منذ بدايتها حتى ١٩٩١، مكتبة متبولي، مصر، ص٤٨.

٥- رێبین محەمەد سۆفی، هەمان سەرچاوە، ل٤٣.

٦- ماجد عبدالرضا (د)(١٩٦٩)، المسألة الكردية في العراق الى ١٩٦١، بغداد، منشورات مكتبة بغداد، بغداد، ص١٣٥.

٧- رعد حاجي الجدة (د)(١٩٩٠)، النظرية العامة في القانون الدستوري، جامعة بغداد، ص٣٩٩- ٤٠٠.

٨- عامر حسن فياض، نفس المصدر، ص٢٠٣- ٢٠٦.

٩- عبدالرزاق الحسني (١٩٦٥)، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء الاول، مطبعة العرفان، صيدا- لبنان، ص٢٣٩.

١٠- رێبین محەمەد سۆفی، هەمان سەرچاوە، ل٥٩.

١١- طارق جامباز (٢٠٠٥)، زمانە فەرمییەكان لە دەستووری ویلایەتە فیدراڵییەكاندا، لە بڵاوكراوەكانی مەكتەبی بیر و هۆشیاری (ی. ن. ک)، سلێمانی، ل١٠.

١٢- القانون الاساسي العراقي لعام ١٩٢٥.

١٣- هەمان سەرچاوە.

١٤- سەرچاوەی پێشوو.

١٥- فريد اسسرد (٢٠٠٤)، المسالة الكردية بعد قانون ادارة الدولة العراقية، منشورات مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ص٣٩.

١٦- رێبین محەمەد سۆفی، هەمان سەرچاوە، ل٤٩.

١٧- م. ر. هاوار (١٩٩١)، شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەكەی خوارووی كوردستان، بەرگی دووەم، ل٦٠٦- ٦٠٧.

١٨- عبدالفتاح علي يحيى البوتاني (٢٠٠١)، وثائق عن الحركة القومية الكردية التحررية، الطبعة الاولى، وزارة التربية، اربيل، ص٥٥.

١٩- رێبین محەمەد سۆفی، هەمان سەرچاوە، ل٤٩.

٢٠- سەردار عەزیز خۆشناو (١٩٩٨)، هەرێمی كوردستان بریاری فیدراڵی و نەبوونی دەستوور، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر، ل١٣.

٢١- رێبین محەمەد سۆفی، هەمان سەرچاوە، ل٤٩.

٢٢- هاوكار جەعفەر حوسێن، یاسای زمانە ناوچەییەكان لە ساڵی ١٩٣٠، گ. رۆشنبیری كوردستان، ژ (٥)ی ئایاری ٢٠٠١، ل٨٣.

٢٣- چنار سەعد عەبدوڵلا (٢٠١٠)، پەروەردە و نەتەوایەتی، دەزگای ئاراس، هەولێر، ل١١٣- ١١٤.

٢٤- محسن محمد المتولي (٢٠٠١)، كرد العراق منذ الحرب العالمية الاولى ١٩١٤ حتى سقوط الملكية في العراق ١٩٥٨، الدار العربية للموسوعات، بيروت- لبنان، ص١١٨.

٢٥- هەمان سەرچاوە، ل٨٤.

٢٦- هاوكار جەعفەر حوسێن، هەمان سەرچاوە، ل٨٥.

٢٧- هەمان سەرچاوە، ل٨٦.

٢٨- نوری تاڵەبانی (د)، لە بیرەوەرییەكانم لەگەڵ زانای گەورەی كورد تۆفیق وەهبی بەگ، بەشی یەكەم، رۆژنامەی ئاوێنە، ژ.(١٥)، رۆژی ١٨/٤/٢٠٠٦، ل١٠.

٢٩- سعد بشير اسكندر (د)(٢٠٠٥)، عن الدولة الحديثة

والامة والنزعة القومية في العراق العربي وكردستان، السليمانية، ص٧٨.
٣٠- جەمال نەبەز (د)(١٩٨٥)، كوردستان و شۆڕشەكەی، و: كوردۆ عەلی، ستۆكهۆڵم، ل١٥٧.
٣١- جريدة (الوقائع العراقية)، عدد (٩٨٩) حزيران ١٩٣١.
٣٢- نەوشیروان مستەفا ئەمین (١٩٩٩)، كوردستانی عیراق- سەردەمی قەڵەم و موراجەعەت ١٩٢٨- ١٩٣١، سلێمانی، ل١٧٨.
٣٣- قانون اللغات المحلية، جريدة الوقائع العراقية، عدد (٩٨٩)، حزيران ١٩٣١.
٣٤- سەلام ناوخۆش، یاسای زمانە ناوچەییەكان- یەكەم هەوڵی حكومەتی عیراقی بۆ دابەشكردنی كوردی باشوور بۆ دوو نەتەوە، گ. ڕامان، ژ (١٦٨)، ٥/٥/٢٠١١، ل١٠٦.
٣٥- م. ر. هاوار، هەمان سەرچاوە، بەرگی دووەم، ل٦٥٠.
٣٦- ڕێبین محەمەد سۆفی، هەمان سەرچاوە، ل٥٨.
٣٧- عبدالحق العاني (٢٠٠٥)، الارث الدستوري في العراق، كتب الكتروني، ص٣.
٣٨- ڕێبین محەمەد سۆفی، ل٥٩.
٣٩- هەمان سەرچاوە، ل٥٩.
٤٠- دستور ١٩٥٨ العراقى المؤقت الصادر في (٢٧) تموز ١٩٥٨.
٤١- هەمان سەرچاوە.
٤٢- شورش حسن عمر(٢٠٠٥)، حقوق الشعب الكردي في الدساتير العراقية، رسالة ماجستير، جامعة السليمانية، ص١٧٣- ١٧٤.
٤٣- دستور ١٩٥٨ العراقي المؤقت الصادر في (٢٧) تموز ١٩٥٨.
٤٤- سعد ناجي جواد (١٩٩٠)، العراق و المسألة الكردية ١٩٥٨- ١٩٧٠، لندن، ص٣٦.
٤٥- خەلات مووسا یووسف (٢٠٠٦)، زمانێ نەتەوەیی د تەڤگەرا ڕزگاریخوازا كوردی دا، نامەی ماستەر (بڵاوكراوە)، لە بڵاوكراوەكانی دەزگای سپیریز، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ل١٥٤.
٤٦- ڕێبین محەمەد سۆفی، ل٦٣.
٤٧- شورش حسن عمر، مصدر السابق، ص١٧٧- ١٧٨.
٤٨- عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ (١٩٧١)، هەمان سەرچاوە، ل٥٠- ٥٢.
٤٩- دستور (٤) نيسان ١٩٦٤، المعروف بقانون المجلس الوطني لقيادة الثورة رقم ٢٥ لسنة ١٩٦٣.
٥٠- محمد عمر مولود (د) (٢٠٠٣)، الفدرالية و امكانية تطبيقيها في العراق، الطبعة الثانية، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ص٧٥.
٥١- ڕێبین محەمەد سۆفی، هەمان سەرچاوە، ل٦٦.
٥٢- هەمان سەرچاوە، ل٦٦.
٥٣- احمد الموسوي (د)(٢٠٠٥)، الضمانات القانونية لحقوق المواطن في الدساتير العراقية، الطبعة الاولى، الجمعية العراقية لحقوق الانسان، بغداد، ص٢٩.
٥٤- هەمان سەرچاوە، ص٢٩.
٥٥- ڕێبین محەمەد سۆفی، هەمان سەرچاوە، ل٦٨.
٥٦- دستور ٢٢ نيسان ١٩٦٤، المعروف بقانون المجلس الوطني لقيادة الثورة رقم ٦١ لسنة ١٩٦٤.
٥٧- ڕێبین محەمەد سۆفی، هەمان سەرچاوە، ل٧١.
٥٨- محمد عمر مولو(د)، نفس المصدر، ص١٦١.
٥٩- ڕێبین محەمەد سۆفی، هەمان سەرچاوە، ل٧٣.
٦٠- الدستور العراقي المؤقت الصادر في ٢٩ نيسان ١٩٦٤.
٦١- ڕێبین محەمەد سۆفی، هەمان سەرچاوە، ل٧٤.
٦٢- عبدالخالق العاني (٢٠٠٥)، الارث الدستوري في العراق، بغداد، ص٥- ٦.
٦٣- ڕێبین محەمەد سۆفی، هەمان سەرچاوە، ل٧٦.
٦٤- احمد موسوى(د)، نفس المصدر، ص٥١.
٦٥- الدستور العراقي المؤقت الصادر في ٢١ی ايلول ١٩٦٨.
٦٦- صلاح محمد عزيز (٢٠٠٠)، مدخل الى حقوق الانسان في كوردستان العراق، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ص١٨.
٦٧- محمد صديق محمود (٢٠٠٥)، اوراق عراقية- مشروع دستور جمهورية العراق الاتحادية، ص٣.
٦٨- ڕێبین محەمەد سۆفی، ل٨٠.
٦٩- ڕێبین محەمەد سۆفی، هەمان سەرچاوە، ل٨٣.
٧٠- شورش حسن عمر (٢٠٠٥)، حقوق الشعب الكردي في الدساتير العراقية، رسالة ماجستير، كلية القانون- جامعة سليمانية، ص٢٥٥.
٧١- الوقائع العراقية، عدد ١٧٨٦، ٥/١٠/١٩٦٩.
٧٢- الوقائع العراقية، عدد ١٧٩٢، ٢٥/١٢/١٩٦٩.
٧٣- الوقائع العراقية، عدد ١٦٣١، ٣٠/٩/١٩٦٨ دا.
٧٤- الوقائع العراقية، عدد ١٩١٧، ٨/٩/١٩٧٠ دا.

# هەولێر تاجی هەرێمی کوردستانە مەڵبەندی کۆنترین شارستانی جیهانە

عەباس سلێمان سمایل

بە گوێرەی نووسینە بزمارییەکان و پەرتووکی پیرۆزی تەورات و قسەی مێژوونووسانی جوولەکە و یۆنانی و توێژینەوەکان، کوردستان مەڵبەندی سەرەتایی شارستانیەتی مرۆڤایەتی بووە، کە پارێزگای هەولێر بەشێکی گرنگی ئەو شارستانییەیە، لە ئاوایی و کوشک و تەلار و پەرستگەو سەنگەری جەنگی و چەندین جۆرە پیشەسازی و بازرگانی و هەڵکەوتنی لەسەر ڕێگەی حەریر.

بەگوێرەی دەقە ئایینەکانیش کەشتییەکەی نوح پێغەمبەر (ئوتوناپشتم) لە چیای سەفین نیشتووتەوە، ئەگەر لە چیای ئارارات، یان شنگال نەبووبێت.

سۆمەرییەکانیش بەشێکی ئەم گەلەن، لە باکووری میزۆپۆتامیاوە بەرەو باشووری کۆچیان کرد و سەرەتا نووسینی وێنەییان داهێناو دواتر نووسینی بزماری و چەندین ڕووداو و ئەفسانە و دەقی ئایینی و باسوخواسی پاشاکانیان و ناوی جوگرافیان پێ تۆمار کردووە، یەک لەم ناوانە ناوی شاری هەولێرە کە بەناوی (ئوربلوم) تۆماریان کردووە، دوور نییە شارێکی سۆمەرییەکان بووبێت، دواتریش هۆزانی دیکەی باکووری میزۆپۆتامیا وەک گۆتی، هوری، لۆلۆ، ماننناو ئورارتوو بەرەو ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری میزۆپۆتامیا کۆچ دەکەن و بڵاودەبنەوە، دوای ئەوەی گەلانی هیند و ئەوروپی و گەلانی قەفقاس وەک میدی، سکای کیمیری ماننناو کاسییەکان بڵاو دەبنەوە و قەوارە دروست دەکەن، دوای ئەمانیش گەلانی ئارامی زمان لە باشوورەوە بەرەو باکووری میزۆپۆتامیا هەڵدەکشێن و دەست بەسەر میراتێکی زۆری گەلانی ناوبراودا دەگرن و ناوێکی زۆری جوگرافیش دەگۆڕن لەوانە: ناوی شاری (ئوربلوم)ـە

دەیگۆڕن بۆ ئەربائیلۆ، دواتریش بەهۆی ئارامی ناوچەکە بە ئاسانی ئایینەکانی تێدا بلاو دەبێتەوە و دەبێتە پەناگەش بۆ هەلاتووەکان، بەتایبەتی پیاوانی ئایین لەوانە یۆحەننای مەنفیە بەخۆی و بە (١٧) کەسەوە لە یۆنان ئاوارەی کوردستان دەبێت و لە حنس جێگیر دەبێت، لەوێ ئایینی دیان لەنێو میترایی و زەردەشتییان بلاو دەکاتەوە.

پارێزگای هەولێریش سەرتۆپی بلاوبوونەوەی ئایینەکان و پەناگەی لێ قەوماوان بووە، هەر لە کۆنەوە تاکو ئەمڕۆ. باشترین بەلگەش لەسەر مەڕداری کوردان، هەلکەندراوەکەی سەر ئەشکەوتی گوندک-ە دەربارەی جەژنی نەورۆز کە پێوەندی بە مەڕدارییەوە هەیە، دوای ئەوەی خوداوەندی دوموز لە ڕۆژی یەکەمی بەهار خوداوەندی کوشتن ئانای خوشکی لە ئەشکەوت (جیهانی کور) ڕزگار دەکات و زەماوەندی لەگەلّ دەکات، ئینجا ئاژەلەکان لە ئەشکەوترا دەداتە دەرودەشت.

ئیدی بەر لە هەموو گەلێک کە بە بەردەوامی هاتبنە پارێزگای هەولێر، هۆزانی دانیشتووی دەوروبەری دەریاچەی ورمێ، یان ئازربایجانی خۆرئاوایە، کە ناوچەیەکی شیاو بووە بۆ نیشتەجێ بوونی مرۆڤ و بەخێوکردنی مەڕ و مالات، ئاوی دەریاچەکەش کەمێک سوێرە، کە ئاژەلّ حەز بە خواردنەوەی دەکات، هەروەها پڕە لە کانی و چۆم و ڕووباران، هەرێمەکەش ئاووهەوایەکەی سازگارە و یەک پارچە پاوانە و چەندین جۆرە ئاژەلی کێوی و بالندە لەم هەرێمە دەبینرێن، کە ئەم هۆیانە وایان کردووە هەر لەکۆنەوە مرۆڤ لەم ناوچەیە ژیاوە و مەڕداری کردووەتە پیشەی سەرەکی کە مەلبەندی هەرەدێرینی کورد بووە، بۆیە ئەم گەلە بەگەلێکی مەڕدار ناسراوە، تەنانەت لەبەردەنووسەکەی کێلەشین-یش کە لەسەر ڕێگەی بازرگانی و مەڕدارانی نێوان دەریاچەی ورمێ و پارێزگای هەولێر دانراوە باسی هێنانی مەڕی کردووە.

ئەم هەرێمە تەنیا زستانانی سارد بووە، بۆیە چاویان لە بالندەکانی هەرێمەکە کردووە لە کۆچ کردنیان، یان گەرمیان و کوێستان کردنیان، وەک لەقلەق و بالندەی مراوی کێوی و پەڕەسێلکە هاتوونەتە پارێزگای هەولێر و ناوچە گەرمێنەکانی دەوروبەری، ئەم ناوچە گەرمێنانەش کە مەلبەندی هەولێر بووە، لە هەر سەردەمێک بەناوێک ناسراوە، ئەم هۆزانەی گەرمیان و کوێستانیشیان کردووە بەناوێک ناسراون، بۆ نموونە لە سالانی سەدەی یەکەمی بەر لە زایین ئەم ناوچە گەرمێنانە بە ئادیابین ناسراوە و مەلبەندەکەشی شاری هەولێر بووە، کە بەشێک لە دانیشتوانەکەی لە ئایینی میترا پەرستی دێنە سەر ئایینی جوولەکە و دواتریش دێنە سەر ئایینی دیان، کە ئایینی ئیسلامیش گەیشتە کوردستان زۆربەیان بوون بە موسلمان، ئینجا لەسەر هەر ئایینێک بووبن، بە گوێرەی دەقی تەورات لە سەدەی یەکەمی زایینی هەزبانی لە هەولێر ژیاون، دوای ئەوەی پاشاکەیان (مۆناز) لەئایینی میترایی دێتە سەر ئایینی جوولەکە زۆربەی دانیشتوانی ئادیایین دەبنە جوولەکە و لە سالی ٣٠ زایینی میرنشینێکی جوولەکە بەناوی میرنشینی ئادیابین (حدیاب) لە ئیمپراتۆریەتی ئەشکانی بە سەرۆکایەتی هێلینا، کە پایتەختەکەی شاری هەولێر بوو، دروست دەبێت، دواتر لە سالی ١١٥ز ئەم میرنشینە بەدەستی ڕۆم لەناودەچێت، کە ئەوکاتە (قودس)یش لەبن دەستی ڕۆم بووە، یاقووتی حەمەوی لە مەعجەمەکەیدا بەناوی بلیدە نزیک اربل لەخاکی مووسل باسی دەکات، لە مێژوویەکی کۆندا کە ٧٥ سال تێناپەڕێت، لەنیوەی دووەمی سەدەی دووەمی پێش زایین دەرکەوتووە، ئەحمەد سووسە دەلێت: ئەم ئیمارەتە لە سەدەی یەکەمی پاش زایینەوە گەشەی کردووە، پاشای ئەم ئیمارەتە ئیزاتی یەکەم بووە، بۆ ماوەی ٧٥ سال بەدەستی تراجان-ی ڕۆمانی لەناو دەچێت.

بەلام هەزبانییەکان کە پێکهاتەی سەرەکی سکاییەکانی میرنشینەکە بوون بەردەوام ناویان دێن کە زێدی کۆنیان دەوروبەری دەریاچەی ورمێ بووە، تا هاتنی مەغۆل بەردەوام بەرگرییان لە ناوچەکانیان لە ئازربایجانی خۆرئاوای ئەمرۆ و ناوچەی هەولێر کردووە، کە هەمیشە لە باکوور ئەرمەن و دواتر تورکەکان هێرشیان بۆ هێناون و لە باشووریش ڕۆم و دوایی ئیسلامیش عەرەب و تورک (تۆما المرگی)یش لە کتێبەکەی (الرؤساء) بەر لە (١٢٠٠) سال باس لە هەزبانییەکان دەکات، کە لەبن ڕەشمالان لە دەشتی هەولێر دەژین و هاوینانیش بەرەو کوێستانەکان کۆچ دەکەن، هەروەها حەوقەل-یش لە پەرتووکەکەی بەناوی (صورة الأرض)

کە بەر لە (١١٠٠) ساڵ باسی کوردانی دەشتی هەولێر دەکـات، کـە بە مـەڕدارییـەوە خـەریکن، ئینجـا هەزبانییـەکـان، واتە ئەو هۆزانەی لەنێـوان ئازربایجـانی خۆرئاوا و ئادیابین گـەرمیـان و کـوێسـتـانیـان کـردووە، هەمیشە خوری و پێستە و گۆشت و بەروبوومی ئاژەڵیان بۆ شـار و شـارۆچکەکـان دابین کـردووە و بازاڕی بازرگانییان گەرم کردووە و بوونەتە هۆی دروست بوونی کـاروانسـەراو سـەنگەری پاسگای ڕێگەکـان و قـەتەر و قـەڵای سەربازی، چونکە بێجگە لە فەرمانڕەواکـان هەر بازرگانێکیش هێزی چەکداری خۆی هەبووە.

کاتێکیش سوپای مەغـۆل پەلاماریان دەدات شکست دێنن و بۆ مـاوەی چوار مـانـگ ناتوانن قـەڵای هەولێـر بگرن، کە ئەوکاتی خاوەن میـرنشین بوون، کە درێژەی هەبـوو لـە (٣٣٤ک- ٤٤٧ک) و دواتـر ڕووخـــــانـی بەدەسـتی مـەغـۆلەکـان، کـە دوای ئەوەی لە هاوین بۆ کوێستانەکان کۆچیان کرد، ئینجا مەغۆل بە ئاسانی دێتە ناو قەڵای هەولێرەوە، بەڵام هەزبانییەکان هەرگیز کۆڵیان نەداوە و لە پاییـزان گـەڕاونەتەوە ناوچەکـە و عـەرەبی بەنوشـەیبـان و حەمـدانی نەیانـتوانی لە شـاری هەولێر و دەوروبەری بمێننەوە، کە هەواری هاوینەیان بووە تا هاتنی مـیـرنشـینی سـۆران و دواتر دەسـەڵاتی براێمی باییـز و سەرهەڵدانەوەی هۆزانی عەرەب لە ناوچەکە.

کەواتە هەمـوو هەڵکشـان و داشکانێک لە بەرژەوەندی کـورد بووە، لـەوانە بەر لە بڵاوبوونـەوەی ئیـسـلام لە کـوردسـتـان زمـانی فـەرمی ئادیابین بەتایبـەتی هەولێـر ئارامی بووە و ئاینی جوولەکەش زۆرینە بووە و دواتریش کە زۆربەی جوولەکە و بەشێک لە پەیڕەوانی ئایینەکانی دیکەی کـوردسـتـان دێنە سـەر ئایینی دیان، ئایینی دیان دەبێـتـە زۆرینە، دواتر کـە ئیـسـلام لە کـوردسـتـان بڵاودەبێتەوە بەرە بەرە دانیشتوانەکە دەبن بە موسڵمان و گوڵۆڵەی زمانی ئارامیش دەکەوێتە لێژی و زمانی کوردی جێگای دەگرێتەوە.

دوای ئەوەی شـام دەکـەوێتـە بەر پەلامـاری خـاچ پەرسـتـەکـان، سـوپای مـوسـڵمـانان بە سـەرۆکـایەتی سەلاحەددینی ئەیووبی کە زۆربەی سوپاکەی کورد بوو توانییـان خاچ پەرستەکان بشکێنن و شام ڕزگار بکەن، ئەگەر خاچ پەرستەکان سەرکەوتنیان بە دەست هێنابایە، ئەوە بێ گومـان (شام)ی ئەمڕۆ (سووریا، لبنان، ئوردن، فەلەستین) دەبووە یەک پارچە لە ئەوروپا، نە عـەرەب نە ئیـسـلام لە شـام نەدەمـان و وەک عـەرەبی ئەندەلووس دەبوونە ئاردی ناو دڕک و کـوردسـتـانیش کـە ئەوکـاتە پڕ بوو لە ئەرمـەن و فـەلەڕەشکە و کلدانی و عـەرەب و تورکـمـان، ئەوە بێ گـومـان یارمـەتی دەدران و چەند دەوڵەتێک بۆ گـەلانی ناوبراو بە تایبـەتی گـەلانی دیان دروست دەبوو.

کوردیش وەک عـەرەبی فـەلەستینی ئەمڕۆی لێ دەهات و دەبووە کـەمـینەیەک لەناو خاکـەکـەی، کـە هەولێـریشی دەگـرتەوە، هەروەها لـە ئەنجـامی یەکـەمین جـەنگی جیـهـانیـیـەوە کـورد هەلێکی دیکەی بۆ ڕەخسا بۆ لە بێژینگدانی گەلانی غەیرە کورد لە کوردستان و مانەوەی زۆرینەی کـورد لە زۆربەی شـار و شـارۆچکەکـانی، هەولێـــریش یەک لەو شـــارانە بوو، کـــە زۆربەی دانیشـتـوانەکـەی بە زمـانی تورکمـانی دەدوان، هەروەها ئەگـەر بارزانی و زێبـاری و سـورچی و زراری نەبوونایە ئەوە بەشـێکی زۆری پارێزگـای هەولێـر و دهۆک فـەلەی تیـاری تورکیـای لێ نیـشـتـەجێ دەکـرا و دەوڵەتێکی ئیـسـرائیل ئاسـای بەناوی گـەلانی مـەسـیـحی ناوچەکـە (ئارامی زمـانەکـان) لێ دروست دەکـراو دواتریش هەوڵ دەدرا ناوچەی هەکاری کە زێدی کورد و تیارییانە بخەنە سەری، بەمەش کورد خـاکێکی زۆری لە دەست دەچوو و زیانێکی زۆر گەورەی پێ دەگەیشت.

دوا هەڵکەوت و شـانس و پێشهـاتیش بۆ کورد شەڕی کەنداو بوو-ئیـراق شکستی هێناو هێزی پێشمـەرگەش توانی کـوردسـتـان ڕزگـار بکات و گـەیشـتنە شـارەبان و مەندەلی و بەلەدرووز و بەدرە، هەروەها ڕۆڵی سەرەکییان بینی لە یارمـەتیدانی سوپای ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە ئازادکردنی هەمـوو وڵاتی ئیراق و دواتر بە هاوکاری کورد وڵاتی ئیـراق دروسـتکرایەوە و دەسـتی بە پێـشکەوتن کـردەوە، شـاری هەولێـریش لە هەمـوو شـارەکـانی دیکەی ئیراق و هەرێمی کوردستان پتر بووژانەوە و پێشکەوتنی بەخۆوەبینی و بوو بە پایتـەختی هەرێم و خەریکە شان لە شانی شارە پێشکەوتووەکـانی جیهـان دەدات و سەرۆکی هەرێـمـیش باشـتـرین ڕۆڵی بینیـوە لە سـەقـامگیـری و ئارامی کوردستـان و هێنانی کۆمپـانیا جیـهـانییـەکان بۆ کـوردسـتـان بەگـشـتـی و شـاری هەولێـر بە تایبـەتی و بەرزکـردنەوەی ئاڵای کـوردســتـان و گـۆڕینی ئاڵای

**دیکتاتۆری گۆڕ بە گۆڕ و جیهانی سەرسام کرد.**

**کەواتە ئەمڕۆ شاری هەولێر تاجی هەرێمی کوردستانە و مەڵبەندی کۆنترین شارستانیەتی جیهانە و سەرتۆپی هاوینەهەوارەکانی نیشتمانی عەرەبە، بەدان پێدانانی هەموو وڵاتانی عەرەب، ئەمەش شانازییەکی گەورەیە بۆ هەموو کوردێک.**

**پەراوێزەکان:**

* دوور نییە ناوی شاری هەولێر لەناوی گرد هەولێری ناوچەی قەڵادزێ هاتبێت، چونکە ژمارەیەکی زۆری ناوە جوگرافییەکانی کوردستانی باشوور بەگشتی و دەشتاییەکانی بەتایبەتی بەناوی جوگرافی ناوچە چیاییەکان و کوێستانەکان ناو لێنراون وەک ناوی مەخموور و شەقڵاوە بەناوی دوو گوندی سەر پارێزگای ورمێ کراوە، ناوی خەلیفان و چەمچەماڵ بەناوی دوو گوندی ناوچەی سنە ناو لێنراون.

هەروەها دوو خنس هەیە لە شێخان و لەدیاربەکر، دوو حەزە هەیە لە دەشتی هەولێر و لە دیاربەکر، سێ چیا بەناوی قەندیل هەیە قەندیلی ڕۆژهەڵاتی قەلادزێ، قەندیلی ڕۆژئاوای هەریر و قەندیلی سەرحەدێ، هەڵبەت ئەمەش لە ئەنجامی گەرمیان و کوێستانی مەڕداران ئەم ناوانە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە گوێزراونەتەوە.

* ژمارەیەک ناوی جوگرافی لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بەناوی سوس، شۆش دەبینرێت، هەروەها ژمارەیەک لەناوی جوگرافی بەناوی توابزاوە دەبینرێت، هورمزیار (ئورمزیارە وەرمزیار) کە واتای ڕۆژپەرست دەگەیەنێت کە ناوی هۆزێکە و چەند گوند بەم ناوە دەبینرێت لەوانە: گوندی ئورمزیاری نزیک ورمێ، گوندی ئۆرمزیاری نزیک بازیان، گوندی ئۆرمزیاری نزیک زەربانتیە، دوو گوند بەم ناوە نزیک سەقز، هەروەها چەندین گوند بەناوی باداوە و پەلکانە دەبینرێت.

* زۆر لەم ناوە جوگرافییە دێرینانە لەلایەن حکومەتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە لە قاڵبی زمانی نەتەوەی فەرمانڕەوایان داوە لەوانە ناوی (نهێر، نەهری)یە کە لەناوی گەلی نایری هاتووە، بۆ نموونە دۆڵی نهێری کە دانیشتوانی زێبارییە حکومەت گۆڕیویەتی بۆ دۆڵی (نهلە).

* ناوی چیای (سەفین)یش لەناوی گوندێکی کوردنشینی سەر بە پارێزگای ئەردەهان نزیک سنووری گورجستان دەبینرێت.

* لەسەردەمی دیکتاتۆری بەعس هەوڵ درا دووبارە مێژوو لە بەرژەوەندی دیکتاتۆریەتی عەرەب بنووسنەوە، چەند نووسەرێکی مەسیحیش لەدوای ساڵانی یەکەمین جەنگی جیهانی مێژوویان شێواند و کوردستانیان کرد بە خاکی ئاسوورستان، بەم دواییە لە لێکۆڵینەوە بیانییەکاندا لەم دەستنووسانەدا ڕوون بووەوە، کە ئەم بەڵگانە بەڵگە و نووسراوی کۆن نینە و تەمەنیان بۆ کەمتر لە سەدساڵ دەگەڕێتەوە، کەواتە پێویستە هۆشیارانە هەڵسوکەوت لەگەڵ مێژوودا بکەین.

* شنگال: (شنگل= قەزوان+ ئال= ناوچە) واتە ناوچە، یان ئەو چیای بەزۆری قەزوان، یان درەختی دارەبەنی تێدایە، (شنگل بانە)ی ڕواندزیش واتای بانی قەزوانان دەگەیەنێت.

**سەرچاوەکان:**


**١- ئیمارەتی حدیاب-ی جوو لە کوردستان/ عوسمان کەرکووکی ئیسرائیل- کورد/ ژ (٢٣)، ٢٠١٢.**

**٢- دەولەتا ئادیابێن لە هەولێرێ/ جونا گابریل/ وەرگیران و پێداچوونەوەی فاضل عمر-ب١/ ڕۆژنامەی وار، ژ (٣٧٠)، ١٨ی نیسان ٢٠١١.**

**٣- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەڕێز قادر پیران دانیشتووی ورمێ لە ٢٠١٢/١٠/١٢.**

# گەمەی دەسەڵات و دروستکردنی پاڵەوان لە شانۆی گریکییەوە بۆ شانۆی هاوچەرخی جیهانی

**((ئەنتیگۆنا بە نموونە))**

**ئەنوەر قادر ڕەشید**
**(سلێمانی)**

کاتێ مێژووناسێک بیەوێ توێژینەوە لەسەر سیستمی حوکمڕانی، یان پێگەی سەربازی وڵاتێک بکات، ناچارە پەنا بۆ سەرچاوە مێژووییەکانی ئەو سەردەمە ببات، کە دەشزانێ زۆربەی سەرچاوەکان لەخشتەبردن و چەواشەکارییان تێدایە، چونکە زۆربەی زۆریان لە کۆشکی دەسەڵات و بە خواستی دەسەڵات نووسراونەتەوە، بۆیە زۆربەی جار بە ئومێدی هەڵێنجانی ڕاستییەکان پەنا بۆ یادەوەری کەسە ناسراوەکان و گەڕیدەکان دەبەن و دەیانکەنە بنەمای توێژینەوەکەیان، بەڵام کاتێ بتەوێ مێژووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی قۆناغێکی دیاری کراو بکەیتە سەر باس، ئەوە ناچاریت پەنا بۆ زانست و هونەر و ئەدەبی زارەکی و نووسراوی قۆناغەکە ببەیت، کە بە بەراوردی بەرهەمەکان و پێگەی بەرهەمهێنەرەکانیان، دەتوانی وێنایەکی زۆر نزیک لە واقیعی قۆناغەکە بنەخشێنی و بیکەیتە سەرەداوێک بۆ کردنەوەی زۆربەی ئاڵۆزییەکان.

یەکێک لە لایەنە هەستیارەکانی توێژینەوە، ئەوەیە زاراوەکان لە خشتەمان نەبەن و بە پێی قۆناغ و سەردەمەکەی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین، بۆ نموونە زاراوەی دیموکراسی لای گریکەکان سەری هەڵداوە، بەڵام کام سیستمی دیموکراسی؟ ئایا بەو مانا دیموکراسییەیە کە ئیمڕۆ ڕاڤەی لەسەر دەکرێ؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر.. هەر بۆ نموونە لە ئەتیکادا چوارسەد هەزار کەس ژیاون، بەڵام کۆیلە و بیانی نەیانتوانیوە دەنگ بدەن و لەو چوارسەد هەزار کەسە تەنیا چل هەزاریان بە هاووڵاتی ئەژمار کراون و توانیویانە بەشداری هەڵبژاردن بکەن، بۆیە دەبێ زۆر بە ئاگادارییەوە مامەڵە لەگەڵ هەر بابەتێک، بەپێی قۆناغ و باوەڕی سەردەمەکەی بکرێ، لە کاتێکدا باس لە دەقێکی گریکی کۆن بکەین، دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین، کە (ئەو بابەتانەی تراژیدیای یۆنانی ئەوانە بوون کە یۆنانییەکان باوەڕیان پێیان هەبووە، بەوەی کە بنەمای

شانۆ ئایینە، بۆیە هەرگیز بەبیری شاعیرە شانۆییەکانی یۆناندا نەهاتووە، بابەتی شانۆنامەکانیان بەدەر لە مەودای خواوەند و پاڵەوانە ئەفسووناوییەکان بنووسن)«١».

پێویستە بەر لەوەی باس لە شانۆنامەی ئەنتیگۆنەی سۆفۆکلیس بکەین، بۆ میتۆلۆژیای کۆمەڵگەی گریکی بگەڕێینەوە و بزانین ئایا کەڵە نووسەرەکانیش بە یەک هەناسە و بەهەمان هەڵوێست شاکارەکانیان نووسیوە و هەمان بیر و بۆچوونیان هەبووە، یان جیاوازییان هەبووە؟

ئێمە بەگەڕانەوەمان بۆ نمایشەکانی گریک دەتوانین لەڕێی کارەکتەری شانۆگەرییەکانەوە، دیدی کۆمەڵگەی گریکی بۆ کردارەکان بەدی بهێنین (ئەفلاتوون و ئەرستۆ سێ بابەتە شیعرییەکانیان بە پێی شێوازی نواندنیان لەیەکدی جیا کردووەتەوە، شیعری گۆڕانی [خودی شاعیرەکەیە] لە شیعری مەلحەمیدا شاعیر خۆی بەشێکی وەک حیکایەتخوان دەگێڕێتەوە و ڕێ بە کارەکتەرەکانیشی دەدا لە بەشێکیاندا بە دیالۆگ بەشداری بکەن (گێڕانەوەی تێکەڵ)، بەڵام لە شانۆگەریدا شاعیر لەپشت کارەکتەرەکانییەوە خۆی دەشارێتەوە)«٢»، کەواتە لەو ڕوانگەیەوە دەتوانین لەڕێی کارەکتەرەکانەوە لێکۆڵینەوە لە سەرجەمی بەرهەمەکە بکەین.

بۆ ئەوەی پێشوەخت ڕای خۆمان لەسەر کارەکتەری ئەنتیگۆنە نەدەین، دەبێ سەرەتا بزانین ئایا ئەو کارەکتەرە ئاڵای یاخیبوونی هەڵکردووە؟ ئەگەر وایە یاخیبوونەکەی بەرانبەر کێ بووە و لەپێناوی چیدا بووە؟ ئایا بۆ گۆڕانکاری سیستمێک بووە، یان هەڵوێستێکی سۆزداری و کتوپڕە؟. بۆ وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە دیسانەوە پێویست بەوە دەکات بزانین یاخی بوون لە میتۆلۆژیای گریکیدا کێ دەگرێتەوە و چۆن باسی لێوە کراوە. ئێمە لێرەدا دوو نموونەی زۆر دیاری گریکمان لەبەر دەستایە، کە یارمەتیمان دەدەن بۆ تێگەیشتن لە کرۆکی یاخی بوون.

(پرۆمێتیۆس لە دابەشکردنی قوربانییەکاندا، چەوری و ئێسکەکان بۆ زیۆس (خواوەندی خواوەندەکان) دادەنێ و گۆشتە جوانەکەشی بەسەر مرۆڤدا دابەش دەکات، بۆیە زیۆس ئاگر لە مرۆڤ دەسێنێتەوە و ڕۆشنایی لە مێشکیان دەبڕێ، ئەو کارەش وا لە پرۆمێتیۆس دەکات لە زیۆس یاخی بێ و بە هاوکاری ئەتینا ئاگر بۆ مرۆڤ بدزێ، بۆیە سزا سەختەکەی بەسەردا دەسەپێنرێ و دەوترێ سی ساڵ و دەوترێ هەزار ساڵ و تا دەگاتە سی هەزار ساڵ، ماوەکە هەرچەندێک بێت، پرۆمێتیۆس بە تاشەبەردێکی سەر چیای قەوقازەوە دەبەسترێتەوە و باڵندەیەکی گۆشت خۆر جگەری دەخوا و دیسانەوە جگەری بۆ دروست دەبێتەوە و باڵندەکە دەیخواتەوە....)«٣». لە نموونەیەکی دیکەدا سیزیفمان هەیە، کە لە میتۆلۆژیای گریکیدا بە شازادەیەکی کەڵەکەباز و بێ مۆراڵ ناو دەبرێ و کاتێک فێڵ لە (تاناتوس) خواوەندی مەرگ دەکات و مەرگ دەبەستێتەوە و نهێنی داوێن پیسی زیۆسی خواوەند دەدرکێنێ، قینی زیۆس هەڵدەسێنێ و دەکرێتە ئامانجی ئەو ڕقە و سزاکەی لای خواوەندەکانەوە ئەوەیە، دەنێردرێ بۆ دنیای ژێرەوە و دەبێ بەردەوام تاشەبەردێک بەسەر کێوێکدا سەر بخات و بەردەوام تاشەبەردەکە تلۆر ببێتەوە و سەری بخاتەوە. کەواتە یاخیبوون لەلای گریکەکان تەنیا بەرەنگاربوونەوەی خواوەندەکانە، بەڵام ئایا ئەنتیگۆنە بەرانبەر خواستی خواوەندەکان وەستایەوە؟ یان بەرگری لە یاسا نەنووسراوەکانی خواوەندەکان دەکرد و بەرەنگاری یاسای کریۆن بووەوە؟ ئەی کە وایە بۆ بەو چارەنووسە تاڵ و ستەمکارییە دەگات؟.

ئەنتیگۆنە بەرگری لە یاساکانی ئاسمان دەکات و هەر لە سەرەتای شانۆنامەکەوە بە "ئیسمینی" خوشکی دەڵێ (تۆ بژی و بەرەنگاری پیرۆزترین یاسای ئاسمان ببەوە)«٤»، دیارە یاسا ئاسمانییەکەش وەک پێشتر ئەنتیگۆنە ئاماژەی بۆ دەکات (ڕێز گرتن لە مردووە، بە ناشتنی)، کەواتە دەتوانین بڵێین ئەم لە یاسایەک یاخی دەبێت کە کریۆن دایناوە و دژی خواستی ئاسمانە.

کەواتە بۆ ئەو نەهامەتییەی ئۆدیب بە کوشتنی باوکی و مارەکردنی دایکی چ تاوانێکی کردووە، کە دەبێ سەرجەمی خانەوادەکەیان بەر نەفرەتی خواوەندەکان بکەون، لەکاتێکدا کە بەر لە دایک بوونی ئەو چارەنووسەی دیاری کراوە و بێ ئەوەی خۆی پێی بزانێ ئەو تاوانە ئەنجام دەدا، ئاشکرایە کە ئەمەشیان باوەڕی گریکییەکانە بە قەدەر، قەدەر ڕەنگ دەڕێژێ و هەر قەدەریش سزاکەی دیاری دەکات، ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە دەوترێ یۆریپێدسیش شانۆنامەی ئەنتیگۆنەی نووسیوە (لە شانۆنامەی ئافرەتە فینقییەکان)دا، بەڵام وەک زۆربەی بەرهەمەکانی دیکەی لەناوچوون، گوایە ئەنتیگۆنە لە کۆتاییدا بەهۆی دیۆنیسی خواوەندەوە ڕزگار دەکرێ و لەگەڵ هایمۆن زەماوەند دەکەن، ئەمەش زۆر ڕێی تێ دەچێ، چونکە لای یۆریپێدسێکی کوڕە جووتیار، مرۆڤ بەهای زۆرە و بۆ سەلماندنی ئەوەش شانۆگەری (ئەفجینا لە ئۆلیس) مان هەیە کە ئەفجینا ڕزگاری دەبێ لەوەی بکرێ بەقوربانی (ئەگەر لەڕێی خواوەندەکانیشەوە

بێت).
کەواتە ئەنتیگۆنە لە ئەنجامی تاوانێکەوە لە دایک بووە و پاش ئەوەی ئۆدیبی (باوک و برا) چاوی خۆی هەڵدەکۆڵێ، ئەم دەبێتە ڕۆشنایی چاوەکانی و دەستی دەگرێ، بەو مانایەی قەدەر ئەنتیگۆنە دەخاتە ئەو گێژاوەوە و باجی ئەو نەفرەتەش دەدا کە تاوانی کەسی تێدا نییە.

سەرەتای ڕووداوەکە بەوە دەست پێ دەکات، دوای فەرمانڕەوایی ئۆدیب هەردوو کوڕەکەی (لە هەمان کاتدا براشیانە) ڕێک دەکەون لەسەر ئەوەی هەر یەکەیان ساڵێک فەرمانڕەوایی بکات و پێشەکی ئیتۆکلیس ببێتە فەرمانڕەوا، بەڵام ئەم پاش کۆتایی ساڵەکە واز لە کورسی حوکم ناهێنێ و پۆلینیکسی برا بچووکیش پەنا بۆ دوژمنان دەبات و هێرش دەکاتە سەر شاری تیبە و لە جەنگدا هەردوو برا دەکوژرێن، کریۆنیش کە خاڵیانە دەبێتە فەرمانڕەواو بڕیار دەدا تەرمی ئیتۆکلیس بە ڕێوڕەسمی شاهانە و شایستە بنێژرێ، بەڵام فەرمان دەدا کە تەرمی پۆلینیکس نەنێژرێ و بکرێتە خۆراکی باڵندەکان، لێرەوە ئەنتیگۆنەی خوشکەزا و دەزگیرانی هایمۆنی کوڕی کریۆن بەرەنگاری فەرمانەکە دەبێتەوە و بە ئەرکی خۆی دەزانێ تەرمی براکەی بشارێتەوە، لە لایەکەوە وەک سۆزی خوشک و برایەتی و لەلایەکی تریشەوە وەک داکۆکی کردن لە یاساکانی ئاسمان بە شاردنەوە و ڕێز گرتن لە جەستەی مردوو.

پاش ئەوەی بەرەنگاری فەرمانی کریۆن دەبێتەوە و تەرمی پۆلینیکس دەشارێتەوە، کریۆن فەرمان دەدا لە ئەشکەوتێکی چۆڵەوانیدا بمرێت، هایمۆنی دەسگیرانی ئەنتیگۆنە هەوڵ دەدا کریۆنی باوکی لە خۆشەویستەکەی خۆش بێت، بەڵام کریۆن لەسەر بڕیارەکەی سوورە تا لە ئەنجامی پێشبینییەکانی تیریسیاس (نابینایەکە و پێشبینی دوارۆژ و چارەنووس دەکات) بەو کارەساتەی بە کوشتنی ئەنتیگۆنە بەسەر خۆی و وڵاتەکەدا دێ و بە ئامۆژگاری کۆرسیش لە بڕیارەکەی پەشیمان دەبێتەوە و دەچێ تەرمەکە بنێژێ، بەڵام تازە کار لەکار ترازاوە و ئەنتیگۆنە خۆی خنکاندووە، کە کریۆن بەدەنگ ناڵەی هایمۆنی کوڕیەوە دەچێ، هایمۆن پەلاماری باوکی دەدا و ئەو دەتوانێ خۆی لەشمشێرەکەی بپارێزێ، ئینجا ڕووی شمشێرەکەی دەکاتە خۆی و خۆی دەکوژێ، کە یۆرواداکی هاوسەریشی بە مەرگی کوڕەکەی دەزانێ، خۆی دەکوژێ و لە کۆتاییدا بەو ئامۆژگارییەی کۆرس کۆتایی پێ دێ کە دەڵێن (بەشی بنەڕەتی و تاجی بەختەوەری، دانایی و مەزن ڕاگرتنی خواوەندە، ئەوە ئەو یاسایەیە کە بەگەورەیی فێری دەبین)«٥».

لێرەوە دەبینین کە ئەنتیگۆنە داکۆکیکەرە لە باو، لە یاسای ئاسمان، لە بیروباوەڕی گریکەکان، نەک یاخی لە باو، بەڵکو یاخی لە فەرمانی مرۆڤ کاتێک بە پێچەوانەی یاساکانی ئاسمانەوەیە، ئەو دەیەوێ لەگەڵ مردووەکاندا، لەگەڵ دایک و باوک و براکانیدا ئاسوودە بێ، وەک چۆن بە ئیسمینی خوشکی دەڵێ (کاتێکی کەممان لەبەردەستدایە زیندووەکان بەختەوەر بکەین، بەڵام هەموو نەمریمان بۆ خۆشەویستی مردووەکانمان هەیە)«٦».

ئەمە لە میتۆلۆژیای گریکیدا وا هاتووە و سۆفۆکلیسیش وای هۆنیوەتەوە، ئەم شانۆنامەیە لەلایەن دەیان نووسەری قۆناغەکانی کلاسیکی نوێی فەرەنسی و نووسەرە ناودارەکانی جیهان نوسراوەتەوە و لە ڕاسینەوە بۆ ژان کۆکتۆ و ژان ئانۆی (Jean Anouilh) و بێرتۆڵت برێخت (Bertolt Brecht) و دەیان نووسەری تر.

ئێمە لەم دەرفەتەدا هەوڵدەدەین بەپێی توانایی بەراوردێک لە نێو دەقە ستانداردەکەی سۆفۆکلیس و دوو نووسەری یەک قۆناغ لە کۆتایی ساڵانی سەدەی بیستەم، بە دوو دیدی جیاواز، ژان ئانۆی کە ئەنتیگۆنەی لە ساڵی ١٩٤٢دا نووسیوە، ئەو کاتەی فەرەنسا لەژێر چنگی ئەڵمانیای نازیدا بووە، بۆیە بابەتەکەی بەو ئاراستەیەدا بردووە ببێتە دەقێکی بەرگری و بەرەنگار بوونەوەی داگیرکەر. لەگەڵ ئەنتیگۆنەی برێخت کە ١٩٤٦ نووسراوە، پاشان ١٩٤٨ داڕێژراوەتەوە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی بیری نازیزم و ترسیش لە سەرهەڵدان و دەسپێکی قۆناغی نوێ.

لەم شێوازی تێکستانەدا کارەکتەر و ڕووداو کاریگەری تەواویان بەسەر یەکدییەوە هەیە، کارەکتەر ڕووداو دروست دەکات و ڕووداویش کارەکتەر دەگۆڕێ، بۆیە هەر لەو ڕوانگەیەوە ئانۆی و برێختیش گۆڕانکارییان لە هەندێ کارەکتەردا کردووە تا لەگەڵ مەبەستی خۆیاندا بیگونجێنن و کاریگەریشی لەسەر ڕووداوە کلاسیکییەکە نەبێ.

کارەکتەرەکانی سۆفۆکلیس دیارن و کارەکتەری سەرەکین، بەڵام دەبینین ئانۆی دایەنی بۆ زیاد کردووە، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو هەر لەسەرەتاوە هەموو ئەکتەرەکانی داناوە و لەڕێی پێشکەشکارێک (حیکایەتخوانێک)ەوە کارەکتەرەکانمان پێ دەناسێنێ، بەو شێوازەی کە خۆی دایناوە، بۆ نموونە (ئەنتیگۆنە، کچێکی لاوازی ناشیرینی پەراوێزخراو و خۆ پشتگوێ خستووە، بەڵام ئیسمین جوان و نازدار و ڕێک پۆشە،

ژیانی به جوانپۆشی و ئارایشت و سەما بەسەر دەبات)«٧».

ئەوەی جێی تێڕامانە ئەوەیە، کە کریۆن لای ئانۆی بەر لەوەی کوڕانی ئۆدیب بکوژرێن و ببێتە حاکمی تیبە، ئارەزووی مۆزیک و خوێندنەوە و کۆکردنەوەی ئەنتیکی هەبووە، بەو مانایەی خاوەن ڕۆشنبیرییەکی باشە، بەڵام هایمۆنی کوڕی هەڵەشە و بڕیاردەری خێرایە (ئەو لاوەی لەگەڵ ئیسمینی سووروسپی دەدوێ، هایمۆنی کوڕی کریۆن و دەستگیرانی ئەنتیگۆنەیە ئارەزووی بۆ یاری و سەما بەلای ئیسمینیدا ڕایدەکێشێ، ئارەزووی بۆ بەختەوەری و سەرکەوتن، شانازی بە خۆوە کردن)«٨»، لەلایەکی دیکەوە حیکایەتخوان باسی سێ پاسەوانەکە (لای سۆفۆکلیس یەک پاسەوانە) دەکات (لە کۆتاییدا ئەو سێ پیاوە بە دەموچاوی سوورەوە، کە کڵاوەکانیان بەروپشت لەسەر کردووە و یاری پاپەز دەکەن، پاسەوانن، ئەوان لە شەڕانگێزەکان نین، ئەوان هاوسەر و منداڵیان هەیە و وەک هەموو خەڵکانی دیکە خەمی بچووکیان هەیە، .....، ئەمان بۆنی سیر و پێستیان لێدێ........، ئەوان خەڵکی لاوەکین و لە خۆیان و لە عەدالەت ڕازین، ئەوان لەژێر سایەی کریۆندا عەدالەت جێبەجێ دەکەن، تا فەرمانڕەوایەکی شەرعی دێت و فەرمانیان پێ دەکات کریۆن زیندانی بکەن)«٩». ئەمە ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ سوپای وڵاتان کە تەنیا فەرمانی فەرمانڕەوا جێبەجێ دەکەن و گوێ نادەن بەوەی کێ لەسەر هەقە و کێ زۆردارە، ئەمان ئەرکی سەرشانیان ڕاپەڕاندنی فەرمانەکانە.

لێرەوە دەبینین ئانۆی گرنگترین کارەکتەری پشتگوێ خستووە کە (تیریسیاس)ی نابینایە، ئەو نابینایەی لای سۆفۆکلیس کاردانەوەی زۆری لەسەر کریۆن هەیە، بە تایبەت لە پێشبینی کردنی دواڕۆژ و چارەنووس، کە دەبێتە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی پەشیمان بوونەوەی کریۆن لە بڕیارەکەی (لەماوەیەکی نزیکدا ماڵەکەت پڕ دەبێ لە شیوەنی ژن و پیاو، هەموو شارەکانیش قینت لێ هەڵدەگرن، کاتێ سەگ و ئاژەڵە کێوییەکان مەرگیان پیشان دەدەن و باڵندەکان بە خوێنی بۆگەنەوە، پیرۆزیەکانیان لەکەدار دەکەن)«١٠».

لەلایەکی دیکەوە زیادکردنی کارەکتەری (دایەن) کە دەلالەتی پەروەردەی شاهانە و مۆراڵی پاراستنی حورمەتی شازادە ئافرەتەکانە و دەبێ پارێزگارییان لێ بکرێ، کە لە ڕاستیدا بەسەرهاتی ئۆدیب لە سەرەتای چارەنووسی پڕ مەینەتی خانەوادەکەیەوە ئەوە دەسەلمێنێ، کە قەدەر زەلکاوی بێ مۆراڵی و لەهەمان کاتدا خوێناوی، سەرجەم خانەوادەکە دەسەلمێنێ. تەکنیکی نووسینی ئەنتیگۆنە لای ئانۆی، جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ سۆفۆکلیس هەیە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەوڵی داوە لە ڕووبەرە کلاسیکییەکەدا بیهێڵێتەوە و بەهۆی گۆڕانکاری لە کارەکتەرەکاندا ڕای خۆی بسەپێنێ، بەتایبەتیش لەو بەرهەمەدا کە بابەتێکی تێروتەسەلە بۆ بەرەنگار بوونەوە و ڕیسوا کردنی جەنگ.

بەکارهێنانی حیکایەتخوان لە کاتێکدا کە هەموو ئەکتەرەکان پێش نمایش لەسەر شانۆن و پێمان دەڵێن کە ئەمانە ئەکتەرن و ڕۆڵی کارەکتەرەکان دەبینن، بۆ کاتی نووسینی تێکستەکە لە سەرەتای ساڵانی چلی سەدەی ڕابوردووەوە بە داهێنان ئەژمار دەکرێ، لە کاتێکدا کە ئامادەیی هەموو کارەکتەرەکان شێوازێکی کلاسیکی پێ دەبەخشێتەوە، بە تایبەت ئەوێک کە لە چوارچێوەی سێ یەکەی کلاسیک (کردار و کات و شوێن) لای نەداوە و هەوڵی داوە لە بەرگێکی سەردەمانەدا هەمان شاکار بنووسێتەوە، ئەم لە جێی کۆرسی گریکی بە ناساندنی کارەکتەرەکان، حیکایەتخوانی بەکار هێناوە.

لەگەڵ دەستپێکی ڕووداو و هەواڵی شاردنەوەی تەرمەکە، کۆرس دێتەوە ئاراوە، کۆرس بە دیالۆژێکی دوورودرێژ، باسێکی سەردەمیانەی دراما و تراژیدیامان بۆ دەکا (گرنگی تراژیدیا ئەوەیە کە دەزانین هیچ ئومێدێک نییە، ئەو ئومێدە چەپەڵە، ئێمە وەک جرج خراوینەتە تەڵەوە)«١١».

دەبینین لە کاتی دەستگیرکردنی ئەنتیگۆنە و هێنانی بۆ لای کریۆن و لە میانەی گفتوگۆیەکەیاندا، جیاوازی ئانۆی لەگەڵ سۆفۆکلیس دەردەکەوێت، کریۆن وەک فەرمانڕەوایەک فەرمانی دەرکردووە بە مەرگی هەر کەسێک کە جەستەی پۆلینیکس بشارێتەوە، بەڵام کاتێ دەبینێ ئەو ئەنتیگۆنەیەی خوشکەزا و دەسگیرانی هایمۆنی کوڕیەتی و یەکێکە لە خۆشەویستەکانی (من بە دڕندە دەزانیت، تێدەگەم، وادەزانی من زۆر بازاڕی و بێ بەهام، بەڵام من لەگەڵ ڕەفتارە ناجۆرەکانیشتدا، هەر زۆر خۆشم دەوێیت، لەیادیشت نەچێ کە من یەکەم بووکەشووشەم بە دیاری دایتێ)«١٢»، لێرەوە دەبینین سۆز و خۆشەویستی زاڵە بەسەر کریۆندا و وەک ئەو کارەکتەرەی ئانۆیش ڕەنگی بۆ ڕشتووە (ڕۆشنبیرە) دەیەوێ خۆی لەو تەڵەیە بپارێزێ و ئەنتیگۆنە بنێرێتەوە ماڵەوە و پاسەوانەکان لەناو بەرێ و مەسەلەکە دیزە بەدەرخۆنە بکات، بەڵام لەگەڵ سووربوونی ئەنتیگۆنە لەسەر شاردنەوەی تەرمەکە و بەرەنگاربوونەوەی فەرمانەکان، کریۆن ناچار دەبێ حوکمی مردنی بەسەردا

بسەپێنێ.
کریۆن گاڵتەی بە تەرم شاردنەوە و ڕوحی سەرگەردان و وردە ویردی پیاوانی ئایینی دێت، بەلای ئەوەوە بڕیارەکە تەنیا بۆ چاوترساندنی بەرهەڵستکارانە و هیچی دیکە، پۆلینیکس وەک خیانەتکار لەقەڵەم دراوە، بۆیە دەبێ (بەپێی باوەڕی خەڵکی تیبە سزا بدرێ). مەسەلەکە لای ئەم سیاسییە (نامەوێ ڕێگە بدەم لە مەسەلەیەکی سیاسیدا بمریت، تۆ لەوە زیاتر دەهێنیت، چونکە تارمایی ئەو پۆلینیکسەی بۆی دەلاوێنیتەوە و ئەو جەستەیەی لە نێوانی پاسەوانەکاندا بۆگەن دەکات و ئەو کارەساتەی ئاگری تێبەرداوی، تەنیا مەسەلەیەکی سیاسییە)«١٣».
کریۆن لە دوا هەوڵیدا بۆ ڕزگارکردنی ئەنتیگۆنە وێنەی هەردوو براکەی لا ناشیرین دەکات، پێشەکی بەبیری دەهێنێتەوە کە بە منداڵی بووکەشووشەکانیان شکاندووە و گاڵتەیان پێ کردووە و جگەرەیان کێشاوە و بەردەوام بە سەرخۆشی لە بارەکان گەڕاونەتەوە و (کاتێ باوکت نەیویست پارەیەکی زۆری بداتێ کە دۆڕاندبووی، دەستی لە باوکت وەشاند و قسەی ناشیرینی پێ وت)«١٤»، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو چەندجارێک ڕایسپاردووە ئۆدیبی باوکی بکوژن، پاشان دەکەوێتە باسی ئیتۆکلیس، کە وەک پاڵەوان مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و تەرمەکەی بە سروود و تاجەگوڵینە و ڕێوڕەسمی شاهانە بەرێ کراوە، ئەویش هەر خائین و پیلانگێڕ بووە، بەڵام پۆلینیکس بەر لەو بە ئەنجامی گەیاندووە، کریۆنیش بۆ جێگیر کردنی کورسی دەسەڵات پێویستی بە پاڵەوانێک بووە بەرانبەر خائینێک (پێویستم بوو یەکێکیان بکەم بە پاڵەوان، بۆیە داوام کـــــرد لەناو ئەوانی دیکەدا بەدوای تەرمەکانیاندا بگەڕێن و کە دۆزرانەوە بۆ یەکەم جار لە ژیانیاندا دەستیان لە ملی یەکدیدا بوو، لەیەک کاتدا یەکدییان پێکابوو، ئەوەندە ئەسپ و عەرەبانە بەسەریاندا ڕۆیشتبوون، فلیقابوونەوە، ئەنتیگۆنە، نەدەناسرانەوە و لێک جیا نەدەکرانەوە، بۆیە فەرمانم دا بە کۆکردنەوەی ئەو تەرمەی کەمتر تێکچووە بە ڕێوڕەسمی نەتەوەیی بنێژرێ و فەرمانم دەرکرد ئەوی تریان لەجێی خۆی بهێڵرێتەوە تا بۆگەن دەکات، تەنانەت نەشمدەزانی کامیانەو دڵنیاشت دەکەمەوە هەردووکیان لای من وەک یەکن)«١٥»، لێرەدا دەتوانێ ئەنتیگۆنە پەشیمان بکاتەوە و بیر لە خۆ ڕزگارکردن بکاتەوە، تا ئەو کاتەی کریۆن باسی بەختەوەری دەکات، ئەنتیگۆنە هەست دەکات بەختەوەری لەدەست داوە، پاش ئەو کارەساتە ناکرێ بەختەوەر بێت و وەک ئۆدیبی باوکیشی گاڵتەی بەو ئومێدە چەپەڵە دێ کە دەبێتە ڕێگر لە تەواو کردنی هەر کارێک، بۆیە دەگەڕێتەوە سەر کەللەڕەقی خۆی و دەسبەرداری شاردنەوەی تەرمەکە نابێ و کریۆن ناچار دەکات فەرمانی مردنی بەسەردا بسەپێنێ. ئەو دەیەوێ کەس پێ نەزانێ و مەسەلەکە چارەسەر بکات، بەڵام بە سووربوونی ئەنتیگۆنە بۆ مردنی هیچ دەرفەتێکی پێ نادات لەو مردنە ڕزگاری بکات.
ئیدی لێرەوە وەک ڕووداوە سەرەکییەکە دەڕوات، تەنیا ئەوە نەبێ، کە لای سۆفۆکلیس تەرمی هایمۆن دەهێنرێت و تەرمی یۆریداکی شاژنی لە خوێن گەوزاندا دەبینرێ، بەڵام لای ئانۆی تەنیا باس دەکرێن و ناهێنرێنە سەر شانۆ.
ئانۆی هەوڵی داوە شانۆنامەیەکی سەردەم بە چێژی کلاسیک بنووسێت، هەر بۆیە لەپاڵ گۆڕانکاری پێگەو کارەکتەری بەشدار بوواندا، هەر سێ یەکەی کلاسیک (کردار و کات و شوێن)ی پەیڕەو کردووە و دیالۆگیشی وەک سۆفۆکلیس هێناوەتەوە، کە لە هیچ کاتێکدا لە سێ کارەکتەر زیاتر بەشداری ناکەن، بەڵام لە لایەکی دیکەوە ئەو هێرشەی دەکرێتە سەر (تیبە) هێمای داگیرکردنی پاریسە لەلایەن سوپای نازی ئەڵمانییەوە و وشەی (نەء) لەلایەن ئەنتیگۆنەوە وتەی گەلی فەرەنسییە بۆ داگیرکەران.
ئەم شانۆگەرییە لەساڵی ١٩٤٢ لە پاریس پێشکەش کراوە و نازییەکان لەو ڕوانگەیەوە ڕێگەیان پێ داوە نمایش بکرێ، کە کریۆنی دەسەڵاتدار خاوەنی لۆژیکی تایبەتی خۆبەتی و پاساوی ستەمکارییەکانیەتی و سەقامگیری کورسی دەسەڵاتە، دیارە ئەمەش تەفسیرێکە بۆ ئەو بابەتەی، کە دەکرێ لە چەندین لایەنەوە کاری لەسەر بکرێ، چونکە مەسەلەی دەسەڵات و ستەمکاری و بەرگری و بەرەنگار بوونەوە لە خەسڵەتەکانی مرۆڤن و باسکردنیان بۆ هەر قۆناغ و سەردەمێک دەشێت، بۆیە دەبینین هەمان بابەت لای برێخت لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە دادەڕێژرێ و ئەگەر لای ئانۆی هەوڵدان بێ بۆ داگیرکردنی تیبە، ئەوە لای برێخت هەوڵی کریۆنە بۆ داگیرکردنی شاری ئارگۆس بۆ دەست بەسەردا گرتنی سامان و ئاسنەکەیان.
لای برێخت ئاسەواری ڕووداو هەمان ئاسەوارە، بەڵام خودی ڕووداو بەو شێوازەیە کە برێخت مەبەستیەتی بە کۆلۆنیاڵ کردنی شاری ئارگۆس، بەمەبەستی دەست بەسەردا گرتنی سامانیان، کە ئەمە زۆر لە بیری نازیزم نزیکی دەکـــاتەوە و مـــەبەســـتی برێخت (وەک بەرهەڵستکارێکی سەرسەختی ڕاسیزم) دەپێکێ.
برێخت هاتووە سیستمێک شەرمەزار بکات، کە

کریۆنەکان پەروەردە دەکەن، هەر بۆیە لە جێی کۆرس، ئەنجوومەنی پیرانی داناوە، کە دەبنە دینامۆی شێتگیری کریۆن و لەپێناوی بەرژەوەندی خۆیاندا (لەژێر پەردەی نیشتمانپەروەرییەوە) پاساوی یاسایی بۆ کردارەکانی کریۆن دەهێننەوە.

بۆ بەستنەوەی ئەنتیگۆنە بە ڕووداوێکی سەردەمەوە، پێشەکییەکی زۆر جوانی وەک دیمەنێکی دەسپێک نووسیوە، دوو ئافرەت لە بەرەبەیاندا پاش خۆ حەشاردان لە بۆمبارانی هێزی هاوپەیمانی لە دووەمین جەنگی جیهانیدا، لە گەڕانەوەیاندا بۆ ماڵەوە دەبینن دەرگەی ماڵ لەسەرپشتە، پاشان جانتایەک دەبینن کە نان و چەوری تێدایە، لەوێوە دەزانن کە براکەیان لەبەرەی جەنگەوە گەڕاوەتەوە، پرسیار لەخۆیان دەکەن، دەبێ لەکام بەرەی جەنگدا بێ؟ کە گوێیان لە هاواری دەرەوە دەبێت، دەبینن براکەیان بە گوریسی قەساب هەڵواسراوە، ئافرەتی دووەمیان دەچێ چەقۆ بیات و لاشەکەی داگرێ (لەمیانەی باسی ڕووداوەکەدا بۆمان دەردەکەوێ کە براکەیان نەیویستووە بەشێک بێ لە سوپای نازی و بە زۆر بۆ بەرەکانی جەنگ براوە، بۆیە پاشان لە بەرەکانی جەنگ هەڵدێ) کە دەگەنە بەر دەرگە ئەفسەرێکی گستابۆ (سوپای ئاسایشی نهێنی نازییەکان) بەرەو ڕوویان دەبێتەوە و پرسیاریان لێ دەکات، ئەم خائینی وڵات فرۆشە بۆ لەبەر دەرگای ئێوەدا بوو؟ دیارە ئێوە دەیناسن، خوشکی یەکەم وەڵام دەداتەوە و دەڵێ: (نەخێر ئێمە ئەو پیاوە ناناسین)«١٦».

لەم دیمەنە کورتەی پێشەکییەوە بۆمان دەردەکەوێ کە مرۆڤی سەدەی بیستەم چەند سەرکوت کراوە و چۆن بە ئاسانی چۆکی پێ دادەدرێ، چونکە لەلایەکەوە سەرکوت کردنەکە بە سیستەمە و ڕژێمێک ئەنجامی دەدات کە لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردراوە و خەڵکانێکی زۆریش نەک تەنیا دوای کەوتوون، بەڵکو زۆر سەرسەختانە بەرگری لێ دەکەن و ئەوی لەگەڵیان نەبێ، دەیخەنە خانەی دوژمنەوە، لەلایەکی دیکەیشەوە ئەگەر ئەنتیگۆنەی سۆفۆکلیس بەرگری لە پیرۆزی یاسای ئاسمان دەکات و دەیەوێ لەگەڵ مردوواندا نەمر بێت، بۆیە بە ئیسمین دەڵێ (وا بکە کە بە باشی دەزانیت، من ئەو دەنێژم و ئەگەر لە پێناویشیدا بمرم هەر خۆشە، من پێم خۆشە لەگەڵ خۆشەویستەکانم ئارام بگرم)«١٧». ئەوە لای برێخت و لە سەدەی بیستەمدا جێی گومانە، دەڵێین جێی گومان، چونکە خوشکی یەکەم دەڵێ ئەو کابرایە ناناسین و هەڵوێستی دووەمیان نادیار دەمێنێتەوە، ئەمەش وەک تەکنیکی کاری برێخت بۆ وەرگر بەجێ دەمێنێ.

پاش ئەو پێشەکییە دەچێتە سەر ڕووداوی بنەڕەتی کە ئەنتیگۆنەیە، برێخت بەرهەڵستی ئەنتیگۆنە و ڕووبەڕووبوونەوەی کریۆنی وەک دەقە کلاسیکییەکە هێشتووەتەوە، بەڵام گۆڕانکاری لە هۆکاری جەنگەکە و ئاوەژوو کردنەوەی لە دەوری پۆلینیکسدا کردووە، لێرە کریۆن بە بڕیاری خۆی و پشتگیری ئەنجوومەنی پیران هێرش دەکاتە سەر شاری ئارگۆس بۆ دەست بەسەردا گرتنی کانی ئاسن، بە مانای کریۆن داگیرکەرە، هەر لەسەرەتادا بیرۆکەکە ڕوون دەبێتەوە، کاتێ ئەنتیگۆنە بە ئیسمینی خوشکی دەڵێ (کارەسات ماوە خواوەندی زەمین بەسەر ئێمەی نەهێنێ؟ ئیتۆکلیس و پۆلینیکسی برامان لە جەنگێکی درێژخایەنی خوێناویدا مردن، ئیتۆکلیس دوای کریۆنی ستەمکار کەوت و لە هەڕەتی لاویدا گلا، پۆلینیکسی برا بچووک بە ئازارەوە دەینالاند، کە براکەی بینی لەژێر ناڵی ئەسپەکاندا، لە جەنگ هەڵهات، هەڵهاتو بە خێرایی ڕووبار و کەناری بڕی و تا بەر دەروازەکانی (تیبە) نەوەستا، لەوێشدا کریۆن قامچییەکانی لەسەر پشتی خەڵک بوو دەیناردن بۆ بەرەکانی جەنگ، هەر لەوێدا ئەوی گرت و پارچە پارچەی کرد)«١٨». ئەمە سەرەتای چوونە ناو بابەتەکەیە، بەو مانایەی کریۆن لای برێخت داگیرکەرەو پۆلینیکسیش خیانەتکار نییە، بەڵکو لەو جەنگە نەگریسە هەڵهاتووە، کە کریۆن هەڵیگیرساندووە و بە ناوی نیشتمانەوە کە ئەنجوومەنی پیران لەپێناوی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیاندا پشتگیرییان لێ کردووە (کریۆن بە پەلە لەبەرەکانی جەنگەوە هاتووە و سەرکەوتنی هێناوە، ئێمەی ئەنجوومەنی پیرانی بانگ کردووەتە ئەم جێیە، دەیەوێ دەسکەوتەکان دابەش بکات و گەڕانەوەی جەنگاوەرەکان ڕابگەیەنێت)«١٩». بەلای ئەمانەوە گرنگ نییە چەند خوێن ڕژاوە و چەند کەس کوژراون و کێ کوژراوە، ئەوەی لای ئەمان گرنگە دەسکەوتی جەنگ و ڕەزامەندی کریۆنە.

لەپاڵ هەموو ئەمانەشدا برێخت باوەڕ و ئەرکەکانی ئەنتیگۆنەکەی سۆفۆکلیسی هێشتووەتەوە، بەو نیازەی کە چێژە کلاسیکییەکەی بمێنێتەوە، ئەوەتا لەگەڵ کریۆن دەدوێ و جەخت لەسەر پابەندبوونی خۆی بە یاسای خواوەندەکانەوە دەکات (گرنگ نییە پێشوەخت بمرم، مردن باشترە لەم ژیانە پڕ چەرمەسەرییەی خەڵکی لێرە تێدا دەژین، خواوەند ڕازی نابێ جەستەی مردوو بە پارچەکراوی لە چۆڵەوانیدا فڕێ بدرێ و گڵی بەسەرەوە نەبێ، ئەگەر وا بزانی لەوان ناترسم و لە تۆ دەترسم، ئەوە مێشکت لەدەست داوە)«٢٠»، کەواتە مەبەستی

سەرەکی بریخت ریسواکردنی جەنگە لە هەر کوێیەک و بۆ هەر مەبەستێک بێت، نیشتمانپەروەری ئەوە نییە لە پێناوی کەسێکدا خۆت بە کوشت بدەیت (مردنی لە پێناوی تۆدا جیاوازە، لە مردنی بۆ وڵاتەکەی)«٢١»، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هیچ ستەمکارێک ناتوانێ بە تەنیا دەسەڵات بگرێتە دەست ئەگەر پشتگیری و داکۆکی کردنی خەڵک نەبێ، ئەوەتا ئەنتیگۆنە رووی دەمی لە ئەنجوومەنی پیرانە و پێیان دەڵێ دوێنێ براکەم و ئیمڕۆ من و سبەی نۆرەی ئێوەش دێت، بەر لەوەی نۆبەتتان بێت، هەڵوێست وەرگرن، بەڵام ئەنجوومەنێک لەسەر خوانی کریۆن بلەوەڕێ چۆن بەرەنگاری دەبێتەوە و چۆن خۆی لە ترس و بەرژەوەندیش قوتار دەکات. ڕاستە ئەوان بە سۆز لەگەڵ ئەنتیگۆنەن، بەڵام بێ هەڵوێستن، هەر ئەوان نین کە پشتی تێ دەکەن، بەڵکو زۆرینەی دانیشتوانی تیبە شەرابی سەرکەوتن دەنۆشن، پاشان بریختیش هەمان ئەنجامی ئەنتیگۆنەی سۆفۆکلیسی هێناوەتەوە و کۆتایی پێ هێناوە.

لێرەوە دەبینین هەر دەسەڵاتێکی ستەمکار پێویستی بە پاڵەوانە (ئەگەر خۆشی دایانتاشێت) بۆ هاندانی خەڵکی و پێویستی بە خائینیشە (لە دیدی خۆیەوە) بۆ چاوترسێنی دۆست و دوژمن، بۆیە بە ئاشکرا لە هەرسێ دەقدا (بە شێوازی جیاواز و لەدیدی جیاوازەوە) ئەو مەسەلەیە هەڵوێستەی لەسەر کراوە.

ئانۆی و بریخت بەتەواوی پابەندی بنەماکانی تراژیدیای گریکی بوون و بەدەر لە پێشەکییەکەی بریخت، دەبینین لە دیالۆگدا لە سێ کارەکتەر زیاتر پێکەوە نادوێن، هەر چۆن ئەوە بە داهێنانی سۆفۆکلیس دادەنرێت لە دوو کەسایەتییەوە کردوویە بە سێ، هەروەها یەکەی (کردار و کات و شوێن) بە تەواوی ڕەچاو کراوە، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو ڕووداوە سەرەکییەکەش هەر هەمان ڕووداوە، بەڵام شێوازی جەنگ و پێناسەی خائین و پاڵەوان لەمیانەی بنیادنانی کەسایەتییەکانەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و خراوەتە خزمەتی دید و بۆچوونی نووسەرەکەیەوە، چونکە لە ڕاستیدا شانۆنامەی ئەنتیگۆنە زەمینەیەکی شیاوە بۆ دەربڕینی ڕای جیاواز لە بوونی بەرگری و بەرەنگار بوونەوە و کورسی دەسەڵات و زوڵم و ستەم، کە ئەوانە هەموو لە خەسڵەتی مرۆڤن و بەردەوام و لە هەموو قۆناغێکی مێژوودا بوونیان هەیە و دووبارە دەبنەوە، بۆیە دەبنە بابەتی بە برەو بۆ هەر بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەری و نەمری تۆمار دەکەن.

**سەرچاوە:**

**١- تاريخ المسرح في ثلاثة الاف سنة/ تاليف شلدون تشيني/ ترجمة دريني خشبة/ الموسسة المصرية العامة للتاليف و الترجمة والطباعة ١٩٦٤، ل٧٢.**

**٢- نظرية الادب / رينيه ويليك و اوستن وارين ترجمة/ محي الدين صبحي، الموسسة العربية للدراسات والنشر ١٩٨٧، ل٢٣٩**

**٣- افاق التمرد، تاليف فاروق القاضي/ الموسسة العربية للدراسات والنشر، مركز البحوث العربية والافريقية ٢٠٠٤، ل١٢.**

**4- Sophokles Antigone: Übersetzt von / Wilhelm Kuchenmüller Ausgabe 2000 Stuttgart S 58.**

**٥- هەمان سەرچاوە ل٥٨.**

**٦- هەمان سەرچاوە ل٧.**

**٧- انتيجون، تاليف جان انوى / ترجمة: ادوارد الخراط و الفريد فرج، ادارة الثقافة العامة بوزارة التربية والتعليم بمصر ١٩٦٠، ل٥.**

**٨- هەمان سەرچاوە، ل٦.**

**٩- هەمان سەرچاوە، ل٨.**

**10- Sophokles Antigone: Übersetzt von / Wilhelm Kuchenmüller Ausgabe 2000 Stuttgart S 44-48**

**١١- انتيجون، تاليف جان انوى/ ترجمة: ادوارد الخراط والفريد فرج، ادارة الثقافة العامة بوزارة التربية والتعليم بمصر ١٩٦٠، ل٥.**

**١٢- هەمان سەرچاوە، ل٤٨.**

**١٣- هەمان سەرچاوە، ل٥٣.**

**١٤- هەمان سەرچاوە، ل٦١.**

**١٥- هەمان سەرچاوە، ل٦٣.**

**١٦- انتيجون، تاليف ب. بريشت/ ترجمة د. مشهور مصطفى، المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب/ الكويت ٢٠٠٥. ل٩٤.**

**17- Sophokles Antigone : Übersetzt von / Wilhelm Kuchenmüller Ausgabe 2000 Stuttgart S 7.**

**١٨- انتيجون، تاليف ب. بريشت / ترجمة د. مشهور مصطفى، المجلس الوطني للثقافة والفنون و الاداب/ الكويت ٢٠٠٥، ل٥.**

**١٩- هەمان سەرچاوە، ل٥٥.**

**٢٠- هەمان سەرچاوە، ل٦١.**

**٢١- هەمان سەرچاوە، ل٦٢.**

# حەیران

وریا ئەحمەد

وای بۆ دەچم کـە (قـەڵای هەولێـر) و (حـەیران) دوو شـتـی پێکەوە گـرێدراوبن، یان دوو ڕووی یەک دراوبن، شتێکی حاشا هەڵنەگرە کە زێدی یەکەمی شێوە گوتنی حـــەیران قـــەڵای هەولـێــر و دەوروبەری بووە، بۆیە بە پێـویسـتی دەزانم سـەرەتا کورتە مێـژوویەکی پیـرە قەڵای شاری هەولێر بخەمەوە بیر.

بە گـــوێرەی نووســـینی شــارەزایانی بوارەکـە (قـەڵای هەولێـر) تەمـەنی بۆ زیاتر لە (٥٠٠٠) سـاڵ لەمـەوبەر دەگەڕێتەوە، لە مێژوودا لە سەر گۆی ئەم زەمینەمان شار هەبووە زۆر لە قـەڵای هەولـێــر زووتر دروست کــراوە و زۆریش لەوەی هەولێـر کـۆنتـر بووە، بەڵام وەک قـەڵاکـەی هەولێـر تا ئەمـڕۆ ژیانیـان تێدا بەردەوام نەبووە، بگرە ئەمـڕۆ لەسـەر ڕووی نەخشـەی زەوی نەماون و لەبیـریش چوونەتەوە!

(هەولێـر – ئەربیـل) دەکـەوێتـە نێـوان هەردوو (زێ)ی گـەورە و بچـووکـەوە، ناوی شـارەکـە لەسـەردەمـە جـیـا جـیـاکـانی سـۆمـەرییـەکـاندا زۆرجـار هاتووە، یەکـێک لە کـۆنـتـرین ئەو نووسـینانە هی پاشـای سـۆمـەرییـەکـان (شـــولـکی)یە، کـــە بۆ (٢٠٠٠) ســـاڵ پێش زایین دەگـەڕێتـەوە، ناوی شارەکـەشیـان بەو شـێوەیە نووسیـوە (ئۆربیـلم). دیسـان ئەو کـاتەی شـارەکـە بەشـێک بووە لە ئیـمـپـراتۆریەتی (ئووری سێیـەم ٢٠٥٠-١٩٥٠)ی پێش زایین، ناوی شـــارەکـــەیان بە شـــێـــوەی (ئۆربـیـلم) تۆمــارکــردووە. لە تۆمــارەکــانی ســەردەمی (بابـل) و (ئاشوور)یشدا بە (ئەربائیللۆ)(١) تۆمارکراوە، ئەو کاتە شارەکە مەڵبـەندی پەرستنی خوا (عەشـتـار) بووە، بۆیە ئەوسـا شـارەکە بە (عـەشـتـار ئەربیللا)یش ناسـراوە، ئەو سـەردەمـە ناوی پەرستگەکـەی بە نووسینی (بزمـاری) بە

شێوەی (ئی- کشان- کلاما) هاتووە، کە بە واتای (مەکۆی خانمی هەرێم) دێت، ناوچەکە لە کۆندا بە ناوی (ئەربلیست)، واتە (پایتەخت) و لە لای خەڵکی (شام)یش بە (ئەدیاب- حەدیاب) ناسراوە، لە نەخشە تۆمارکراوە (فارسی)یەکانیشدا بە (ئەربیللا) و لای (یۆنان)یەکانیش بە هەمان شێوە بە (ئەربیللا) ناسراوە. (شەڕی ئەربیللا)یش لە نێوان (ئەسکەندەری مەکەدۆنی) و (داریۆسی سێیەم)ی پاشای ئێران ساڵی (٣٣١)ی پێش زایین لە نزیک هەولێر ڕووی داوە و لە ئاکامدا سوپای داریۆس شکاوە و خۆیشی هەڵاتووە. (٢)

بە ڕای (بەشیر فەرەنسیس و گۆرگیس عەواد)یشەوە، وشەی (هەولێر) هەر لە سەرەتاوە لە ئەنجامی گۆڕینی ناوەکە بەو شێوەیە: (ئەربیللا، ئەربیل، ئیرویل، ئەولێر، هەولێر)ـەوە هاتووە. (٣)

بۆیە لێرانەدا پرسیارێک بە زەقی دێتە پێشەوە: شێوەگوتنی (حەیران) کە یەکەم جار لەو پیرە قەڵای هەولێرە داکەوتووە، تۆ بڵێی تەمەنی چەند بێت و بۆ چ سەردەمانێک بگەڕێتەوە؟


زۆرێک لە لێکۆڵەران ڕایان وایە کە: شێوەگوتنی (حەیران) هەر لە سەرەتاوە لە قەڵای هەولێر و دەوروبەری ئەو شارەدا سەری هەڵداوە، هۆنراوە، یان تێکستەکانی حەیران کە پڕن لە ناوی شوێنەوار و شار و دەشت و چیا و گرد و گوند و پیاو ماقووڵ و کیژۆڵەی هەولێر و دەوروبەری، خۆی لە خۆیدا گەواهی ئەو قسەیەن. بۆ نموونە تەنیا لە کاسێتێکی حەیرانبێژی کۆچکردوو (مام ڕەسوول گەردی)دا، کە چەندین حەیرانی لەخۆگرتووە، ئەو ناوانەمان بەدی کردووە: «قەراتی پیرە هەولێر، (٤) سەری سەفین، زوورگەزراو، مەخموور، قەرەچووغ، کەندێناوە، بەحرکە، گومبەتی پیرداود، شێخ حەمەد ئاغای گەردی، کیژۆرە زراری، کیژ و کاری دزەیی، لە بانی بانییان، لە بانی سەربەنێ، دەشتی کاوڵە قەراجی، دارە بزمارە، گردی عەبدولعەزیزی، قەراتی دوین، بەستۆرە، سەری هەیبە سوڵتان و باواجی و کۆیە، پێچەوپێچی خەلیفانێ، زاری گەلی عەلی بەگی، لەسەر پردی ڕواندزێ، هۆردی باڵەکیان، هۆزەکانی هەرکی و خەیلانی و شێخ مەمموودیان، دیانان، هەربر و باتاس، شەقراوە.» و دەیان ناوی دی. شێوەگوتنی حەیران دەگاتە بیتوێن و ناوچەی پشدەر، بگرە لە دەروازەی شاری (سەردەشت)یشەوە تا قوولایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەچێت و لە هەندێک لە ناوچەکانی موکریانیش دەگوترێت.

* هەڵبەت مەقامی (کورد) پلەیەکی تایبەتی و چەسپاوی لە موزیکی ڕۆژهەڵاتدا هەیە، مامۆستا (عوسمان شارباژێڕی) لەو بارەیەوە نووسیویەتی: «مەقامی کورد یەکێکە لە مەقامە ناسراوەکانی مۆسیقای ڕۆژهەڵات و گومان نابەم بێگانەیەکی وا دڵسۆز بە کورد هەڵکەوتبێ و لەبەر چاوی کاڵی کورد ئەو مەقامەی ناو نابێ «کورد»، بەڵکو دەڵێم ئەو (مەقام) و (نەغمە)یە لە پەیژەی مۆسیقای ڕۆژهەڵاتدا لە داهێنانی میللەتی کورد خۆیەتی، چونکە کورد لقێکە لە کۆمەڵەی (ئاری)، بە پێی (شێوە) و (زمان)، (کورد) و (فارس) هاوژین و هاوسنوورن و لە کۆنەوە پێوەندییان پێکەوە هەبووە و لە هەندێ وشەیشدا لێک چوونیان هەیە.)(٥)

* قەشەی گەڕیدەی فەرەنگسایی (تۆما بوا)یش نووسیویەتی: «گۆرانی و هەڵپەڕکێی کوردی بەبێ مۆسیقا ناکرێن و بێ گومان مۆسیقای کوردیش بەشێکە لەو مۆسیقایەی پێی دەڵێن (مۆسیقای ڕۆژهەڵات)، بەڵام مۆسیقای کوردی ناتوانرێ تێکەڵاوی مۆسیقای (عەرەبی) و (ئەرمەنی) و (تورکی) بکرێت! لەگەڵ ئەوەشدا لە کۆندا مۆسیقای کوردی کاری کردووەتە سەر گۆرانی گەلانی دراوسێی، ئەمە لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی (ساسانی)دا، کە کوردەکان مۆسیقایەکی یەکجار پێشکەوتوو و بەرزیان هەبووە و لاسایی کردنەوەش لە ناویاندا بەردەوام بووە» (٦)

بەو پێیە بەڕای من نەک هەر شێوە گوتنی (هەیران - حەیران) بگرە (لاوک)یش و زۆرێک لەو گۆرانییە فۆلکلۆرییانەی کە ئەمڕۆ لەسەر پەیژەی (بەیات) دەگوترێن، سەرەتا لەسەر پەیژەی (کورد) گوتراون، پاشان بە تێپەڕبوونی کات و بە ماوەی دەیان بگرە سەدان، بەڵکو هەزاران ساڵ و لەژێر کاریگەری میللەتانی بالادەست، ئەو گوتنانە لە سەر پەیژەی مەقامی (کورد)ـەوە بۆ مەقامی (بەیات) گۆڕاون. دیارە میللەتی کورد لە کۆندا خاوەنی هیچ دەسەڵاتێکی کوردی سەربەخۆ نەبووە، بۆیە هونەرمەندان و بلیمەتەکانی ئەم بوارەی بۆ ناودەرکردن و بەرەوپێش چوون لەم هونەرەدا لەلایەک، هەروەها پەیدا کردنی بژێوی ژیانیان لەلایەکی دی بەرەو

کۆشک و تەلار و بەڵاتی پاشای میللەتانی باڵادەست چوونە و لە ناو تیپ و جووقی موزیکی ئەو کۆشکانەدا بە بلیمەتی و لێهاتوویی خۆیان شوێنی خۆیان کردووەتەوە، پاشان مانەوەیان لەو شوێنانە بۆ ماوەی دەیان ساڵ کاریگەریی نەرێنی لەسەر هونەر و مەقام و مۆرک و شێوە گوتنەکانی ڕەسەنی میللەتی خۆیان هەبووە و لە هەمان کاتدا کاریشیان کردووەتە سەر هونەری ئەو میللەتانە، بەڵام ئەو کارتێکردنانەیشیان هەر بە ناوی ئەو میللەتە باڵادەستانەوە تۆمارکراون، بۆیە مانەوەیان لەو شوێنانەدا نەک هەر حەیران، بگرە لاوک و بەشێکی زۆری شێوە گوتن و ئاوازە فۆلکلۆرییەکانیش، بەڕای ئێمە سەرەتای هەرە زوو لەسەر پەیژەی (کورد) گوتراون، دواتر لەژێر کاریگەری ئەو کەشوهەوایە نوێیەدا بەرەو پەیژەی (بەیات) براون و گۆڕاون. شایانی باسە مەقامی (کورد) ئەگەر لەسەر نۆتەی بۆ نموونە: (ڕێ) وەربگیرێت، لە دوو (تیتراکۆرد - چواردەنگی) کورد پێکدێت، تیتراکۆردی یەکەم لە نۆتەی (ڕێ) تا نۆتەی (سۆڵ) و هی دووەم لە نۆتەی (لا) تا نۆتەی (ڕێ) واتە ئۆکتاف، یان هەشت دەنگ لە نۆتەی (ڕێ)ی یەکەم بەرزتر دەچێت و لە نێوان هەردوو تیتراکۆردیش مەبەست لە نێوان نۆتەی (سۆڵ) و(لا)یشدا، تۆنێکی تەواو هەیە. (٧)



* وەک خوێندوومانەتەوە مێژووی هاتنی(تورک) بۆ ئەو ناوچەیەی ئەمڕۆ بە (تورکیا) دەناسرێت، ساڵی (١٢٥٨)ی زایین، سوپای (هۆلاکۆ) بەغدای خاپوور کردووە و ئەوەندەی دەستنووسی کتێب فڕێ داوەتە ناو ئاوی رووباری (دیجلە)وە، تا ماوەی چەندین ڕۆژ ئاوی رووبارەکە ڕەنگی گۆڕاوە! لەوەوە بۆمان دەردەکەوێت هەموو مێژووی تورک لە ناوچەکەدا دەوروبەری (٧٥٠) ساڵێکە! کەچی زیرەکانە و هەر لە زووەوە زۆر لە ئاوازەکانی خۆیان لەسەر پەیژەی مەقامی کورد داناوە، دیسان هونەرمەندانی وڵاتی هیندوستان ئەوانیش بەر لە تورکەکان و تا ئەمڕۆیش لەوکارەدا بەردەوامن، تا ئەو ڕادەیەی ئەمڕۆ کە گوێمان لە گۆرانییەک، یان ئاوازێک دەبێت، کە لەسەر پەیژەی (کورد) دانرابێت، یەکسەر، یان ئاواز و گۆرانی میللەتی (هیند)، یان هی میللەتی (تورک)مان بیردەکەوێتەوە. مەبەستم ئەوەیە بڵێم: مەقامی (کورد) بە ناوی میللەتی ئێمەوەیە، وەک مامۆستا شارباژێڕی ئاماژەی پێداوە، ناوی مەقامەکە بە ناوی میللەتی کوردەوەیە، ئێمەش ڕامان لەو بوارە وەک ڕایەکەی مامۆستا عوسمان شارباژێڕییە، واتە بەڕای ئێمەش لە سەرەتاوە ئەو مەقامی کوردە لە داهێنانی هونەرمەندە کوردە بلیمەتەکان بووە، کەچی ئەمڕۆ خەڵکانی دی لێی سوودمەندن!


**حەیران**

هەندێک کەس دوور و نزیک باسی مێژووی حەیرانیان کردووە: ئەوەتانی (ئەحمەد حەیران) لە کتێبی (دیوانی حەیرانبێژان)دا، لەم بارەیەوە گوتوویەتی: «حەیران وێنەیەکی فۆتۆگرافی ئەم شێوە ژیان و بەند و باوەی کێشاوە، کە لە ڕۆژگاری خۆیدا باوبووە، بە تایبەتیش ڕۆژگاری (دەرەبەگایەتی) و کۆڕ و کۆبوونەوەی ناو دیوەخانەکان». هەر بۆ ئەم مەبەستە توێژەر (غەفووری مەخمووری) لە نامیلکەی (حەیران، چەمک ناوەرۆک، سەرهەڵدان)دا، نووسیویەتی: «ئەگەر حەیران پێش قۆناغی دەرەبەگایەتی سەری هەڵدابێ ئەوە لە قۆناغی دەرەبەگایەتیدا بە تەواوی گەشەی سەندووە و خەملیوە». مامۆستا (هۆمەری دزەیی)یش لە نامیلکەی (هەوڵێک بۆ تێگەیشتنی حەیران) لاپەڕە (٢١)دا دەنووسێت: «هەر چۆنێکی بێ لەوانەیە حەیران لەسەردەمێکی زۆر زووتردا لە جیاتی ئەم ناوە عەرەبییە ناوێکی کوردی هەبووبێ، بەڵام تا ئێستا هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی بەدەستەوە نییە کە ناوێکی دیکەی هەبووبێت....تاد».


**(جۆرەکان) یانیش (چینەکان)ی حەیران**

**چین، یان جۆری یەکەمی حەیران:** ئەم چین، یان بەشەی شێوە گوتنی (حەیران) بە (مەجریسی، مەجلیسی، دیوەخانی) ناودەبرێت. بەڕای ئێمە بۆیە بەو جۆرە ناونراوە، چونکە لە شوێنێکی داخراودا، وەک ژوورێک، یان ژێر دەوارێک گوتراوە، بۆیە بەو هۆیەوە حەیرانبێژیش

لەو بەشـەیان پێـویسـتی بە دەنگ هەڵـبڕینی زۆر نەبووە، جا ئەو شوێنە دیوەخانی ئاغایەک، یان کۆشک و تەلاری دەست ڕۆیشتوویەک، یان ماڵی پیاوماقووڵێک، یانیش حـوجـرەی پەرسـتگەیەک، یان شـانشـینی مـیـر، یان ئاغایەکی دەست ڕۆیشـتوو بوو بێت. لەم چینەی حەیراندا حـەیرانبـێـژ لە (نۆتە)، یان (پلە)ی دووەمی مـەقـامی (بەیات)ـەوە دەست بە گوتنی حەیران دەکات و بە (پلەی سێیەم)دا ڕادەبوورێت و بۆ (پلە)، یان (نۆتەی چوارەم) دەچێت، هەندێک حەیرانبێژ بۆ چەند ساتێکیش بێت بە (پلەی پێنجەم)ی مەقامی بەیاتیش دەگەن و دواجار بۆ (نۆتەی یەکـەم)ی مـەقـامـەکـە دەگـەڕێنەوە و لەسـەری دەوەستن.




**چین، یان جۆری دووەمی حەیران:** ئەم چین، یان بەشەی شـێـوە گـوتنی (حـەیران) بە (سـەرچیـایی، هەڵدان، هەوایی، سـوواری) ڕەنگە هی دیکەیش ناو دەبرێت. بەڕای ئێمە بۆیە ئەم بەشەیان بەو جۆرە ناونراوە، چونکە زۆرتر لە ناو سـروشـتـدا گـوتراوە، مـەبەسـتم ڕەنگە بە دەگـمـەن لە شـوێنی داخـراودا گـوترابێت، هەر بۆیەشـە حەیرانبێژ لە گوتنی ئەم چینەیاندا دەنگی بەرز دەکاتەوە، لە (نۆتەی پێنجەم)ی مەقامی بەیاتەوە دەست بە گوتنی حـەیرانەکـە دەکـات و بۆ (نۆتەی شـەشـەم) دەچێت و بۆ (نۆتەی پێنجەم) دەگەڕێتەوە، حەیرانبێژ زیاد لە جارێک ئەم کـارە دووبارە و سێ بارە دەکـاتەوە، دواجـار هەندێک لە حـەیرانبـێـژان تا (نۆتە)، یان (پلەی حـەفـتـەم)ی مـەقـامی بەیاتیش دەڕۆن، بەو پێـیـە لەم چینەدا حەیرانبێژان مەقامی (بەیات) بە هەمـوو پلەکـانییـەوە بەکـاردەبەن، بەر لەوەی پێ بە پێ و بە یاسـای گـوتنی حەیران بگەڕێنەوە و تا دواجار لەسەر (نۆتەی یەکەم)ی مەقامی بەیات دەوەستن. (٨)




پەراوێزەکان:

**١) بە مانای چوار (خوا) هاتووە.**

**٢) کـتـێبی (ابن خلکان) نووسینی (زوبێر بیلال ئیسماعیل) ساڵی (١٩٧٩).**

**٣) گۆڤاری (سۆمەر) ژمارە (٨)ی ساڵی (١٩٥٢).**

**٤) قەرات: واتە قەڵات.**

**٥) کـتـێـبی (گـەنجـینەی گـۆرانی کـوردی) کـۆکـردنەوە و ئامادەکردنی (عوسمان شارباژێڕی) ساڵی (١٩٨٥) لە چاپخانەی (ئەلزەمان) لە (بەغدا) چاپ کراوە.**


**٦) گەڕیدەی فەرەنسایی (تۆما بوا) کتێبی (ژیانی کوردەواری) وەرگێڕانی لە (عەرەبی)یەوە (حەمە سەعید کەریم). ل. (١٨٠).**

**٧) گۆڤاری (چلاواز)ی ژمارە (٤٤)ی ساڵی (٢٠٠٩) لاپەڕە (٢٦).**

**٨) گۆڤاری (چلاواز)ی ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠٠٦). لاپەڕە (١٧، ١٨، ١٩).**

# لەچکەکەی خەیاڵ و گێڕانەوەکانی مەهروبی مردووشۆر

**هاشم سەڕاج**



«لەچکەکەی خەیاڵ» ڕۆمانێکی «عەلی پێنجوێنی»یە. ساڵی ٢٠١٠ نووسراوە و لە چاپخانەی بابان- سلێمانی چاپ کراوە، لە دەسپێکی نووسینەوە، دەنگی دانەر، وەک گێڕەرەوە لە چۆنیەتی ژیانی مچەپیزێ دەدوێت کە ماوەی پازدە ساڵ دەبێت بە ڕۆژ لە ژوورەوە نایەتە دەرەوە و بە شەویش لە دەشتودەر ژیان بەسەر دەبات، دواتر خەسڵەتی گێڕانەوە لە ڕێگەی تەکنیکی دیالۆگەوە بەردەوامی بە ڕووداو و بەسەرهاتەکان دەدات.

دەق لە سەرەتاوە سەرەڕای جەخت کردنی لەسەر ڕەگەزی فەنتازیا، دەیەوێ بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە چەمکی گێڕانەوە بدوێت، گێڕانەوە بە سەرجەم لایەن و ڕەهەندەکانی، وەک هێز و تین و ئامادەیی دواتر بەراورد کردنی بەچەمکی نووسین، یان بەشێوەیەکی تر، کێشەی نێوان ئاخاوتن و نووسین، کە ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کولتووری گریکی و فەلسەفەی ئەفلاتوون، پاشان لای جاک دریدا بە ئامانجی هەڵوەشاندنەوەی سێنترالیزمی کولتووری خۆرئاوا، بایەخ بە زانستی نووسین دەدرێت، دواتر هەوڵ دەدەم تیشک بخەمە سەر ئەم بابەتە، بەڵام ئەوەی جێگەی تێڕامانە دەقی لەچکەکەی خەیاڵ لە بنیادی قووڵدا کاری لەسەر چەمکی مەینەت و تراژیدیایەکی گەورە کردووە، کە لە قووڵایی کۆمەڵگە و خودی کەسەکاندا نیشتەجێیە، سەرەتا هۆکاری مەینەتەکان دەدرێتە پاڵ «مچەپیزێ»وە کە چەشنی مرۆڤێکی یاخی و گومڕا و نەفرەت لێکراو لە کۆمەڵگە دوور دەکەوێتەوە و ڕوودەکاتە دەشتودەر و کێوەکان، لای خەڵکی ئاوایی بە کەسایەتییەکی ڕافزی لە قەڵەم دەدرێت، بەڵام مچەپیزێ لە بنەڕەتدا مرۆڤێکی نیگەران و جوانپەرستە و زۆرتر حەز بە تەنیایی و دوورە پەرێزی دەکات و هاوکات چێژ لە دیمەنەکانی سروشت دەبینێت، دواتر لە شێوەی تارماییەک، لە پانتایی ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت، بۆ نموونە ئەوە مچەپیزێیە کە چڵی درەختەکە دەشکێنێت و تەرمی خەیاڵ لەو بەرزاییەوە دەکەوێتە خوارەوە،

ئەدەبی فەنتازی کە زۆرتر بایەخ بە خەیاڵ و ئەفسوون و بابەتی سەرسوڕمێن ئامێز دەدات، یان تا ڕادەی سەرسوڕمان لە خەیاڵدا نقووم دەبێت، فەنتازیا Fantasia لە زمانی ئیتاڵیدا واتای «خەیاڵ» دەگەیەنێت، بەڵام زۆرجار فەنتازیا ڕەگەزی تری لەگەڵ تێکەڵ دەبێت لەوانە ترس، کەشی خورافی، دیمەنی سەرسوڕمێن، وەهم، خەون...تاد هەروەها بڕێ جار فەنتازیا لە ڕێگەی ڕووداوی زمانییەوە دیتە کایەوە و کۆمەڵێک دەلالەت و میتافۆری جیاجیا دەخاتە ڕوو کە ئاوێتەی جیهانی گێڕانەوە دەکرێن، «دانتی» چەمکی فەنتازیا بە خەونی عەقڵ دەچوێنێت، بەڵام بەکاربردنی ڕەگەزی فەنتازیا لە دنیای ئەدەب بەگشتی و لە دەقی «لەچکەکەی خەیاڵ»دا بە تایبەتی گەڕانە بەدوای دۆزینەوەی لایەنە شاراوەکانی کۆمەڵگە، یان زۆرجار مەینەتە شاراوەکان لە ڕێگەی فەنتازیا و بە شێوازی پارادۆکس دەخرێنە ڕوو، هەروەها فەنتازیا لە واقیعی ئاسایی و چرکە ڕۆژانەییەکانیش دروست دەکرێت، بۆ نموونە هەڵڕژانی ڕەنگ لە لەچکەکەی خەیاڵ، زۆرجار دیمەنی تابلۆیەکی شێوەکاریمان دەخاتە بەرچاو، تابلۆیەک لە ڕەنگە جۆراوجۆرەکانی پەلکەزێڕینە، یان لەو ڕەنگە قودرەتییانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەدا بوونیان نییە کۆمەڵێک ڕەنگی دەگمەن و دانسقە، لە پڕێکدا دەدرەوشێنەوە و ژوورەکە لێوانلێو دەکەن لە ڕووناکی چراخانە جۆراوجۆرەکان، بەڵام لە بنەڕەتدا زۆربەی مەینەت و تراژیدیاکان لە خەونێکەوە سەرچاوە دەگرن، خەونی خورشەی ژنی ئەحە شاپە، کە خەو بە (مچە پیزێ)وە دەبینێت و لە خەوێ پێی دەڵێ ناوی منداڵەکەی لێ بنێ «خەیاڵ».. مچە پیزێی یاخی و دوورە پەرێز بەشێوەیەک بۆتە مرۆڤێکی نەفرەت لێکراو، ئەحە شاپە وادەزانێت، جنە و چۆتە ناو لەشی خورشەی ژنییەوە، ئەگەر خورشە بکوژێت مچە پیزێش دەستوبرد لەنێو دەچێت.

ئەحە شاپە [بەو تلوعی بەیانییە دایکت لە بەتانیەکەوە دەپێچێت و دەمی بە لەچکەیەک دەبەستێت و هەردوو قاچیشی بە لەچکەیەکی تر دەبەستێت، ئینجا لە گونیەیەکی دەهاوێت و دەڕوات و دەیبات لە کێوی «دێوەلێوە»وە لەو ئاسمانەوە بەری دەداتە خوارەوە]، ئەمە قسەی «مچە پیزێ»یە کە لە دەشتودەرەکە بۆ خەیاڵی دەگێڕێتەوە، چونکە ئەحە شاپە پاشان «خەیاڵ»ی کچی لە حسەکەڕی هاوڕێی هاو سونعی خۆی مارە دەکات- لێرەوە مەرگەساتی دووەم دەست پێدەکات. خەیاڵ شەوانە لەلایەن حسە کەڕەوە ئازار و ئەشکەنجە دەدرێت، حسە ڕاوی دەنێت و خەیاڵ شەوانە ئەو دەشتودەر و کێوانە دەبڕێت و شەوێ بە ڕێکەوت چاوی بە مچە پیزێ دەکەوێت. من لێرە بەدوا هەوڵ دەدەم خۆم لە کردەی گێڕانەوە و ڕووداو و بەسەرهاتەکان بە دوور بگرم، زیاتر لە چەمکی فەنتازیا و مەینەتە قووڵەکان بدوێم، ئەگەر لە ڕوویەکەوە لەچکەکەی خەیاڵ بە بزوێنەری ڕووداوەکان دابنرێت، ئەوە لە ڕوویەکی دیکەوە نەگبەتی مچە پیزێ کە بووەتە مرۆڤێکی شەوپەرست و شەوگەڕ و لە خوا یاخی بەشێوەیەکی تر ڕەوتێکی جووڵەئامێزی بە پانتایی دەقەکە بەخشیوە، هەروەها هەردوو لەچکەکەی خورشە، بە تایبەتی دوای هەڵداشتنی لەکێوی «دێوە لێوە»وە، خەڵک بەدوای تەرمەکەیدا دەگەڕان، بەڵام [بێجگە لە دوو لەچکە و کل و کلدانێک کە لەکاتی خستنە خوارەوەیدا، ڕەنگە پەڕیبێ، لەگەڵ تەنیا یەک مەمکی خاتوو خورشە کە بەسەر بەردێکەوە دۆزرایەوە دڵۆپ دڵۆپ شیری لێ تکا بوو]، بەڵام دوای ئەم مەرگەساتە لەچکەکانی خورشە، یەکیان دەکەوێتە لای ئەحە شاپە کە دوای هەست کردنی بە تاوان و گوناه لەچکەکە لەسەری دەبەستێت، لەچکەکەی تریش لای خەیاڵ دەمێنێتەوە و لە بوخچەکەی دەئاخنێ، ئەحە شاپە لە ناو گوناهبارییەکەی هەمیشە لە پڕمەی گریان دەدا و سڵاوات لێ دەدا تا دێ دووچاری جۆرێک لە گۆشەگیری و تەنیایی دێت، دواتر چەشنی مچە پیزێ دەبێتە مرۆڤێکی کێوپەرست، خەڵکی ئاوایی بە نەگبەت و نەفرەت لێکراو لە قەڵەمی دەدەن، سۆفی ئەحمەد، یان ئەحە شاپە خەریکە شێت دەبێت، بەڵام خەیاڵ لە هەمان مەینەت و ئازار و ئەشکەنجەدا دەژیت و شەوانە لە دەست حسەکەڕ ڕا دەکات، بەڵام ئەوەی خەیاڵ لە هێرشە دڕندانەییەکەی حسەکەڕ دەپارێزێت هێزی لەچکەکەیە، چونکە لەچکەکە هەم بۆنوبەرامەی دایکی لێدێ، هەم چەشنی گوللەبەندێک لە هێرش و هەڕەشەکان دەیپارێزێت،

هاوکات لەچکەکەی خورشە جۆرێک لە ئۆقرە و سەبووری بە ئەحە شاپە دەبەخشێت، لەلایەکی دیکەوە دەقی لەچکەکەی خەیاڵ، لە چەمکی حیکایەت و بەحیکایەتبوون دەدوێت، سەرەتا مچە پیزێ وەک مرۆڤێکی یاخی و شەوپەرست دەبێتە حیکایەت و خەڵک لە هەموو شوێنێک نەفرەتی لێ دەکەن، چونکە لە یاساوڕێسا باوەکانی کۆمەڵگە یاخی بووە و سنووری دابونەریتە باوەکانی کۆمەڵگەی بەزاندووە، دواتر خەیاڵ و ئەحە شاپە هەمان چارەنووسی بە حیکایەتبوون چاوەڕوانیان دەکات، بەڵام چەمکی بە حیکایەتبوون ئەگەر ڕێژەیەکی کەمی پێوەندی بە جەربەزەیی مچە پیزێ-وە هەبێت، ئەوە ڕێژە زۆرەکەی پێوەندی بە مەینەت و چەرمەسەرییەوە هەیە، ئەوەتا ئەحە شاپە لە پاشگەزبوونەوەیەکی سەیردا دەژی و هەمیشە بە گوناهێکی گیانی دەکات [لەچکەکەی لەسەری دەکردەوە و لەبەردەمیدا ڕای دەخست و دەیوت خورشە گیان، بێجگە لەسەر ئەم لەچکەیە نەکەی لە هیچ جێگەیەکی تردا نوێژ بکەی، بستێ سەر زەوی نەماوە تا تۆ نوێژەکەتی تیا بکەی]، یان ئەوەتا خەیاڵ دەڵێ: باوکم لەچکەکەی توند لەسەری دەبەستەوە و دڵۆپە فرمێسکەکانیش وەکو جاران وەک دڵۆپەی زیو بەچاو و ڕوومەت و ڕیشیدا دەهاتنە خوارەوە، لە ڕوویەکی دیکەوە دەقی لەچکەکەی خەیاڵ بە زمانێکی تۆکمەی شیعری نووسراوە و لێوانلێوە لە وێنە و دیمەنی جۆراوجۆر، بۆ نموونە.. هەتا هێزم تیا بوو بۆنی لەچکەکەی ناو بوخچەکەم هەڵدەمژی، ئیدی تەواوی ئەو چلوورانەی بەگیانما بەر بوونەوە، دەتوانەوە.. یان ئەو هەموو بۆڵە ترێیە لەو تاریکی شەوەدا ئەوەندە جوان دەهاتنە بەرچاو.. تا باخە ترێکانمان بەجێ هێشت.. ڕەگەزی وەسفگەرایی زۆرجار جۆرێک لە توخمی شیعرگەرایی بە دەقەکە دەبەخشێت، بەڵام تێکست لە بنیادی قوولدا هەڵگری تراژیدیایەکی شاراوەیە کە پەیوەستە بە بوونی مرۆڤەوە، ئەم حاڵەتەش زۆرجار لە ڕێگەی بەکاربردنی تەکنیکی فەنتازیاوە، یان لە ڕێگەی گێڕانەوەکان و دیالۆگەکانەوە گوزارەی لێ دەکرێت- بە تایبەتی ئەوکاتەی ئەحە شاپە خەیاڵی کچی دەباتە ماڵی شێخی شەوناس تا چارەسەری بکات، لەوێ خەیاڵ چاوی بە کۆمەڵێک کەس دەکەوێت کە لە ماڵی شێخ و لە ژوورە بازنەییەکاندا چارەسەر دەکرێن، ئەو کچەی خوێن لە گۆی مەمکەکانییەوە دەهات و لە پڕێکدا دەیدایە قاقای پێکەنین. ئەو کچە جوانە کاتی خۆی سەیگوڵی خۆشەویستی بە تووترک لەسەر گۆی مەمکی چەپی ناوی خۆی نووسیوە.

تا ئەوان بەهێزتر دەفیان دەژەنی، ئەو کچە پازدە ساڵەیە زیاتر لە قاقای دەدا، یان ئەو ژنەی منداڵەکەی باوەشی لەجیاتی تاڵە موو تاڵە گیا لەسەرییەوە هاتبوو، دەق لەم بەشەدا کۆمەڵێک دیمەنی نامۆ ئامێز و غەرائیبی دەخاتە ڕوو کە بەشێکن لە بەکاربردنی چەمکی فەنتازیا، یان هەڵڕژانی ئەو هەموو ڕەنگە لە لەچکەکە بە بریق و باقەوە، بە تایبەتی ئەو دەمەی لەچکەکە دەکەوێتە نێوان خەیاڵ و شێخەوە، [شێخ دەستی دایە لەچکەکە دەستی یەکپارچە بووە ڕەنگی لەچکەکە، دەتوت جووتێک دەسکێشت لەو لەچکەیە دروست کردووە و دەستەکانی شێخت تێهەڵکێشاوە]، بەڵام تا دێ چەمکی ترس لەگەڵ فەنتازیا ئاوێتەی یەکدی دەکرێن، بە تایبەتی لە قووڵی شێری دا، یان ئەو قووڵاییەی تەنیا شێر دەتوانێ تێیدا بژی، یان ئەو شوێنەی کە تەنیا مچە پیزێ توانیویەتی قاچی بگەیەنێتە ئەوێ، ئێستا خەیاڵ ڕوو لەو شوێنە ترسناکە دەکات و بە بەرزترین درەختدا هەڵدەزنێ و بە لەچکەکە خۆی هەڵدەواسێ، یان ڕاستتر بە لەچکەکەی دایکی خۆی دەخنکێنێ، بەڵام لە قووڵی شێری و لەو شەوە ترسناکە ئەحە شاپە تەرمی خەیاڵی کچی لە هەمان لەچک دەپێچێتەوە و لە ئامێزی دەکا و بڕیار دەدا تەرمەکە لە هیچ شوێنێک دانەنێ، ئەم دیمەنە مەرگە ساتییە هەمان دیمەنی تراژیدی زۆراب- سۆهراب-مان بیر دەخاتەوە کە «ڕۆستەم»ی زاڵ بە هەڵە سۆهرابی کوڕی دەکوژێت و ئیتر بڕیار دەدا تەرمی زۆراب لە ئامێز بکا و تا هەتایە داینەبەزێنێتە سەر زەوی، بەڵام تازە ئەحە شاپە، یان سۆفی ئەحمەد دوای مەرگی خەیاڵ بە تەواوەتی ڕوو لە شێتی و پەتیارەیی دەکات، جیهانی دەق دوای مەرگی خەیاڵ و دەرکەوتنی کەسایەتی مەهروویی مردووشۆر خەسڵەتێکی ترسناکتر وەردەگرێت خاتوو

مەهرووب کاتێ تەرمی خەیاڵ دەشوات، ڕەنگی لەچکەکە لە مەمکییەوە فیچقە دەکات، [کە خەیاڵ لەسەر تاتە شۆرەکە خزا و مەمکیم گرت تا نەکەوێتە خوارەوە، ڕەنگی لەچکەکەی ملی لە مەمکییەوە فیچقەی کرد و پەنجەی دەستەکانمی ڕەنگڕێژ کرد] دەق بە شێوازێکی فەنتازی لەسەر کەرنەڤاڵی ترسناکی ڕەنگەکان کار دەکات و هێدی هێدی کەسایەتییەکان لە ڕێگەی گێڕانەوەوە ئالوودەی حیکایەت دەبن و خودی خۆشیان دەبێتە بەشێک لە حیکایەت، مەهرووب لە سەرەتاوە بە مەهرووبی مەلای گەورە بەناوبانگ بوو، مەهرووب لای مەلا گەورەی باوکی چەندین جۆرە زانستی ئایینی و ڕەوانبێژی خوێندووە، باوکیشی وەک مەلایەکی نیگەران هەمیشە بیری لە کردەی نووسین و کردەی ئاخاوتن دەکردەوە، دواجار ئەم حاڵەتی ڕاڕاییە وای لێدەکات سەرجەم نووسینەکانی خۆی بسووتێنێت، لێرەوە دەتوانم بڵێم دەقی لەچکەکەی خەیاڵ ئەگەر لە ڕوویەکەوە کاری لەسەر تاوان و ستەم و نادادپەروەری کردووە، کە لە مەرگی خورشە و بە شوودانی خەیاڵەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەوە لە ڕوویەکی دیکەوە کاری لەسەر هێزی کردەی ئاخاوتن و گێڕانەوە و نووسین کردووە، واتە بوونی ژیان لەسەر کردەی ئاخاوتن و گێڕانەوە بنیاد نراوە، دواتر هەوڵ دەدەم تیشک بخەمە سەر ئەم بۆچوونە ئەفلاتوونییە، چونکە مەهرووب دوای شتنی تەرمی خەیاڵ، حیکایەت زەدە دەبێت، یان بەر زەبروزەنگی حیکایەت دەکەوێت و چەمکی حیکایەت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لێی دەدات، لێرەوە خاتوو مەهرووبی مردووشۆر ئیتر دەبێتە مەهرووبی حیکایەتخوان و ڕەنگەکانی لەچکەکەی خەیاڵ لە پەنجەکانی مەهرووبدا بەرجەستە دەبن و پەنجەکانی لەخۆوە دەدرەوشێنەوە و تیشکی ڕەنگاوڕەنگ دەدەن، ئەم حاڵەتە فەنتازییە دەست و پەنجەی «مووسا»ی پەیامبەرمان بیر دەخاتەوە، دوای هەڵزنانی بەکێوی «توور» و دیداری لەگەڵ هێزی جیهانی باڵا و ڕەها، کاتێک دەستی لەبەر باخەڵی دەردەهێنا سپی دەچۆوە، گواستنەوەی ئەو حاڵەتی پیرۆزگەرایییە بۆ تەرمی خەیاڵ و لەچکە ئەفسووناوییەکەی ڕەنگە تاڕادەیەک پێوەندی بەو ستەمەوە هەبێت کە دەرهەق بە خەیاڵ و خورشەی دایکی کراو، ئەوەی ڕاستی بێت دەقی لەچکەکەی خەیاڵ کۆمەڵێک گرتە و دیمەنی فەنتازی تێدایە، بە ڕەهەندی ئیستێتیکی و ڕەهەندی ترس و تۆقێنەر، من وای بۆ دەچم دەکرێ ئەم دیمەنانە لە پیشەسازی سینەمادا سوودیان لێ وەربگیرێت و کاری فیلمسازییان لەسەر بکرێت، وێڕای دیمەنە سایکۆلۆژی و سێکسییەکان کە بە گرتەی شاراوە و ئاڵۆز خراونەتە بەر دیدەی خوێنەران، بۆ نموونە ئەحە شاپە، کە دوای مەرگەساتەکان بەشێوەیەک دادەڕمێت، بە سۆفی ئەحمەد نێوزەد دەکرێت، چونکە دەبێت بە بارستاییەک لە خەفەت و نائومێدی و هێدی هێدیش ڕوو لە شێتی دەکات، سۆفی ئەحمەد نیوشەوێک ڕوو لە ماڵی مەهرووبی مردووشۆر دەکات و لەوێ پەنجە داگیرساوەکانی مەهرووب هەڵدەمژێ، [هەر دە پەنجەکەمی خستە دەمییەوە، تا خوا هێزی پێدابوو پەنجەکانمی هەڵمژی، پەنجەکانم لەناو دەمیدا دەتوت لەناو کوپێ شەرابی گەرمدا پیاسە دەکەن. هەڵیمژی و هەڵیمژی، کاتێکم زانی هەردوو دەستی لە مەچەکم بەردا و فڕێیدایە دەرەوەی دەمی]

بەڵام دەق لێرە بەدوا تا دێ گێڕانەوەکانی مەهرووب داگیری دەکەن، مەهرووب لە چۆنیەتی بوونی بە مردووشۆر دەدوێت، چۆن خاتوونێکی چاونەترس و بوێر تەرمی هەردوو ئافرەتەکە دەشوا و گێڕانەوەکانی مەهرووب پڕاوپڕن لە هێمای فەنتازی، بۆ نموونە جاجمە ڕەشەکە چۆن ڕۆژی نیوەڕۆی کردە تاریکە شەو، یان ئەو شارە مێروولەیەی لە هەردوو تەرمەکان ئاڵا بوون و ئاو تەرمەکانی تەڕ نەدەکرد، یان بەسەرهاتی نەسیمی ڕێحان، نەسیم مێردمنداڵێکی پازدە ساڵەی زۆر بڵێ بوو، ڕۆژێ لەگەڵ هاوڕێکانی بەرەو دێبەرێک دەچێت کە هەمووی ڕێحانە ڕەشەیە. قولێ ڕێحانە لێدەکاتەوە و دەیخاتە دەمییەوە و تا ڕێحانەکە زیاتر دەجوێ دەموچاوی جوانتر و گەشتر دەردەکەوێ، ئیتر لە پڕێکا نوتقی دەبەسترێ، بەڵام ڕۆژی دوو جەنازەکە کە مەهرووب خەریکی شۆردنیایە، نەسیمی ڕێحان نوتفی دەکرێتەوە و لە مێروولەکان دەدوێت، دەبێ ئەم

میروولانە لە چ ڕێگەیەکەوە خزابنە ئەم ژوورەوە؟ وێڕای بەسەرهاتی سیاکۆی هاوڕێی نەسیم.. بەڵام تێکستی لەچکەکەی خەیاڵ، لەدوابەشدا بابەتێکی گرنگ دەورووژێنێت، کە پێوەندی بە کردەی نووسین و کردەی ئاخاوتن، یان زاربێژییەوە هەیە، دەق زیاتر لە ڕێگەی گەرموگوڕی حیکایەتەکانی مەهرووبەوە ئەم بابەتە دەخاتە ڕوو، یان بەشێوەیەکی تر مرۆڤ لە ڕێگەی هێزی حیکایەت و زاربێژی و ئاخاوتنەوە گرفتار و گیرۆدە دەبێت، واتە هێزی زمان زۆرتر لە ئاخاوتن و زاربێژیدایە. مەبەست لە [ململانێی نێوان مەهرووبی حیکایەتخوان و نووسەری چیرۆکەکان]ـە.. دەڵێ [ئەوە منی نووسەرم دەمەوێت خیانەت بکەم و بە ئارەزووی خۆم حەشوە بدەمە ڕووداو و کارەساتەکان...]

لە هەمان ناوکۆیی گێڕانەوەکاندا جەخت لەسەر مەهرووبی حیکایەت و حیکایەتخوان دەکرێت، بەر لەوەی لەم کێشە ئەفلاتوونییە بدوێم، جارێ با لە چەمکی منی نووسەر و منی نووسین بدوێم، ئەوەی لە سەرەوە ئاماژەی بۆ کراوە منی نووسەرە، کە لایەنی ژیان و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی نووسەر دەگرێتەوە، بەڵام ئەوەی کردەی نووسین ئەنجام دەدات، ئەوە «منی نووسین»ـە کە بریتییە لە خودێکی مەعریفی و لە کەشوهەوای جیاجیادا دنیابینی و چرکەکانی نائاگایی خۆی دەنووسێتەوە، مەبەستم ئەوەیە کە نووسین بەرهەمی منی نووسینە، نەک منی نووسەر کە بوونەوەرێکی ئەقڵانی و خۆپارێز و ئەخلاقپەروەرە، بەڵام منی نووسین زۆرجار لە ڕێگەی نائاگاییەوە چوارچێوەکانی ئیتیک و مۆراڵ تێک دەشکێنێت و پیرۆزگەرایی دابونەریتەکان وەلا دەنێت و جیهانی داخراوی ترادیسیۆنەکان ئاوەڵا دەکات، لە ڕوویەکی دیکەوە دەق لە دەسپێکی نووسینەوە جەخت لەسەر کردەی ئاخاوتن و حیکایەتخوانی دەکات، واتە لایەنی ئاخاوتن و زاربێژی زمان، کە لە کردەی نووسین کاریگەرترە، هەڵبەتە ئەم بابەتە لە فەلسەفەی گریکی، بە تایبەتی لای ئەفلاتوون زۆر جەختی لەسەر کراوە، ئەفلاتوون لە کۆماردا، سەرەڕای گرنگیدان بە ڕەگەزی ئاخاوتن، بەڵام لە بواری پەروەردەکردنی جەنگاوەرەکاندا لایەنی نووسینی فەرامۆش نەکردووە.

لێرەدا هەوڵ دەدەم لە بارەی پەسەندکردنی ئاخاوتن، یان زاربێژی لای ئەفلاتوون بەسەر نووسیندا، چەند هۆکارێک بخەمە ڕوو، چونکە هەمان حاڵەتی پەسەندکردنی ئاخاوتن، یان گێڕانەوە لە دەقی لەچکەکەی خەیاڵدا سەبارەت بە کردەی نووسین جەختی لەسەر کراوە.

لای ئەفلاتوون دەنگ پێوەندییەکی جەوهەری بە ئامادەییەوە هەیە، هاوکات دەتوانێت بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەیەکی تر کە بیروبۆچوونەکانی ڕاست بکاتەوە، هەڵبەتە مەبەست لە دەنگ کردەی ئاخاوتنە- کلام- بەڵام ئەفلاتوون کردەی نووسین بە بیژوو- لقیط- دەچوێنێت کە پێویستی بە باوکە، هەروەها نووسین داڕشتەیەکی مردووە و گیانی تێدا نییە، بەڵام ئاخاوتن، چونکە نیشتەجێی دەروونە بەشێکە لە ژیان و توانایی ئاوێتەبوونی هەیە، لە هەمان کاتدا لە کردەی زاربێژیدا جیاکاری کات و شوێن بوونی نییە، چونکە ئاخێوەر، یان وتەبێژ ئامادەیی هەیە، بەڵام جاک دریدا لە کتێبی «دەرمانخانەی ئەفلاتوون»دا.. کە کازم جیهاد وەری گێڕاوە بۆ سەر زمانی عەرەبی، کاری هەڵوەشانەوەگەرایی بۆ چەمکی سێنترالیزمی دەنگ و میتافیزیکا کردووە، کە خۆی لە لۆگۆسی ئاخاوتنی خوداوەندا بەرجەستە دەکات، هەڵبەتە ئەم هزرە لە یۆنانەوە سەرهەڵدەدا و دواتر لە بیرکردنەوەی خۆرئاواییدا بەرجەستە دەبێت، دریدا دژی پەراوێزخستنی کردەی نووسین دەدوێت و جەخت لەسەر زانستی نووسین دەکات. دریدا پێی وایە نووسین لە بنیاد و بنەڕەتی ئاخاوتندا بوونی هەیە، هەروەها جاک دریدا لە هەمان کتێبی ناوبراودا کاری هەڵوەشانەوەگەرایی لەسەر بنەماکانی زمان و نووسین کردووە، کە ئەفلاتوون بە فارماکون Phar-makon نێوی دەبات، واتە لە یەک کاتدا هەم ژەهرە، هەم دەرمان، یان هەم دەکوژێت و هەم چارەسەریش دەکات، لێرەدا بە پێویستی نازانم لەمە زیاتر لە بارەی ئەم بابەتەوە بدوێم، هەروەها دەکرێ بڵێم دەقی لەچکەکەی خەیاڵ لە ڕوانگەیەکی ئەفلاتوونییەوە مۆرکی هێز و نەفرەت و ئەفسوونکاری بە ئاخاوتن و حیکایەت و حیکایەتخوانی بەخشیوە، چونکە حیکایەت دەبێ

نەنووسرێتەوە، تەنیا بگێڕدرێتەوە، بەو مانایە کە نووسین ئەفسوون و ترسناکی کردەی گێڕانەوە لەنێو دەبات، لە روویەکی دیکەوە مەهرووبی مردووشۆر هەمیشە هەستی مەرگ داگیری دەکات و هاوکات گێڕانەوەکانیشی لێوانلێون لەهەمان هەست، هەروەها ئەفسانەی نەسیمی ڕێحانیش پڕاوپڕە لە جادووی گێڕانەوەکان، یان «مەلای گەورە»ی باوکی مەهرووب لە ڕێگەی بیستنی دەنگێکەوە دەنگێکی لێوانلێو لە سرووش و جادووی گێڕانەوە بڕیار دەدات سەرجەم دەستنووسەکانی خۆی بسووتێنێت، لە کاتێکدا دەستنووسەکانی مەلای گەورە پڕن لە چیرۆک و ڕووداو و پێشبینی و تراژیدیای بوون، بەڵام مەلا نەک تەنیا دەستنووسەکانی دەسووتێنێ، بەڵکو ئاگر بەردەداتە کتێبخانەکەشی، ئیتر دەقی لەچکەکەی خەیاڵ لە ڕێگەی تەکنیکی فەنتازیاوە هەم کاری لەسەر چەمکی تراژیدیا کردووە هەم سزای میتافیزیکی، کە هەمیشە هێزێکی شاراوەی غەیبیانی هەیە و تۆڵە لەو بوونەوەرانە دەکاتەوە کە تاوان و ستەم ئەنجام دەدەن ئەمیش سزایەکی میتافیزیکییە و کاتێک لەپڕێکدا گرفتاری مەینەت و چەرمەسەرییەکی چاوەڕواننەکراو دێن و باجی تاوان و ستەمەکان دەدەنەوە، ڕەنگە ئەم تێکستە چەندین خوێندنەوەی جیاجیا لە خۆی بگرێت، هەروەها دەقی لەچکەکەی خەیاڵ بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ لە گرفت و مەینەت و نائومێدی کردەی نووسین دەدوێت، یان بە دیدێکی هایدگەری کە «زمان ماڵی بوونە» و کردەی نووسینیش بە سەرجەم کایە و کەناڵ و ڕەهەندەکانییەوە بریتییە لە زمان و کردەی داهێنان لە بوونی زماندا نیشتەجێیە، کەواتە دەکرێ بە دنیابینییەکی تر لە خودی نووسین و ڕووداو و جیاوازییەکانی زمان بڕوانین و لە سیستمێک بکۆڵینەوە کە پڕاوپڕە لە هێما و ئاماژە و میتافۆری جۆراوجۆر، مەبەستم ئەوەیە، ئەگەر چەمکی حیکایەت بە فۆرمی «ئاخاوتن» مەینەت و نەفرەت و گرفتاری بخولقێنێت، ئەوە چەمکی کردەی نووسینیش بە هەمان شێوە لە بەرهەمهێنانی نەفرەت و مەینەت و گرفتاری خاڵی نییە، چونکە سەرجەم چەمکەکانی خۆشی و ناخۆشی و مەینەت و شادی و نیگەرانییەکان لە خودی زمانەوە سەرچاوە دەگرن، زمان هەم شوێنگەی ئیستێتیکایە هەم نەفرەت و هەڕەشە، لێرەدا مەبەستم دوالیزمەکەی زمانە.. ئاخاوتن و نووسین، بەپێی یەکێک لە پۆلێنکارییەکانی- سوسێر- یان بەشێوەیەکی تر خودی زمان بە چەمکە گشتییەکەی شوێنگەی ئیستێتیکا و نەفرەت و هەڕەشەیە، چونکە زمان پێوەندییەکی قووڵی بە ئاستی هۆشمەندی و ڕووداوەوە هەیە، یان بە دیدێکی هایدگەری بوون بۆ خۆی ڕووداوە و زمانیش ماڵی بوونە، کەواتە زمان بۆ خۆی ڕووداوە.

**سەرچاوە:**
**ناوی کتێب: لەچکەکەی خەیاڵ.**
**بابەت: ڕۆمان.**
**نووسینی: عەلی پێنجوێنی.**
**ساڵی چاپ: ٢٠١٠.**
**چاپی یەکەم.**
**چاپخانەی -بابان- سلێمانی.**

# نامەیەکی شیعریی مستەفا پاشای یامولکی بۆ شێخ مەحموودی نەمر

## «لە کەشکۆڵی شێخ مەحموودی شاکەلەوە»

ئا: کاروان عوسمان خەیات
(کەلار)

ئەم دوو پارچە شیعرە لە کەشکۆڵی (شێخ مەحموودی شاکەلی)یەوە(*) وەرگیراوە، ئەم دەستنووسە وەک چەند جارێکی دی باسم کردووە کە بەڕێز ساڵح هەلاج کاری ساغکردنەوەی بۆ دەکات، شپرزە بووە و نازانرێت قەوارەکەی چەندە، هەروەها لە لایەن بنەماڵەشەوە چەند دانەیەکی لەبەر گیراوەتەوە، دانەیەکی سکانکراویشی لەلای کاک ساڵح هەلاجە.

ئەم دوو پارچە هۆنراوەیەش کە لەم کەشکۆڵەدایە و دوو نامەی شیعرییە لەلایەن مستەفا پاشای یامولکییەوە بۆ شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستان نێردراوە، مەلیکی کوردستانیش بە پارچە هۆنراوەیەکی جوان وەڵامی مستەفا پاشای یامولکی دەداتەوە.

نامەکەی شێخ مەحموود لە دیوانە شیعرییەکەی کە بەناوی (نووربەخشی)یە، مامۆستا عومەر مەعرووف بەرزنجی لە لاپەڕە (٢٨)دا بڵاوی کردووەتەوە، دەستخۆشی لە هەوڵ و ماندوبوونی مامۆستا عومەر مارف دەکەم و هیوای لەش ساغی بۆ دەخوازم، بەڵام بەداخەوە مامۆستا نازانم دوو نوسخەی لە بەردەستدا بووە، یان تەنیا نوسخەیەکی ئەم هۆنراوەی لەلا بووە، بەڵام نوسخەیەکی دیکەی ئەم هۆنراوەی لە لاپەڕە (١١٨) دا هێناوە و ئاماژەی پێ نەکردووە، ئایا ئەم هۆنراوەیەی لە چ سەرچاوەیەکەوە وەرگرتووە، یان ئەگەر ئەو دوو نوسخەیەی لە بەردەستیدا بووە یەکیان لە لاپەڕە (٢٨) دایە و ئەوی دیکەیان لە لاپەڕە (١١٨) دا هاتووە و جیاوازە، بۆچی و لەبەرچی ئەو دوو هۆنراوەیە بەراورد نەکراون؟ یان بۆچی ئاماژەی پێ نەکراوە کە کامەیان دروستترە؟! ئەوەی جێی ئاماژەیە ئەو دوو نوسخەیەی لە بەردەستی مامۆستادا بووە بەیتەکانیان پاش و پێشی تێدا هەیە، لەسەر نوسخەی دووەم کە لە لاپەڕە (١١٨) دا وێنەکەی هاتووە لە سەری نووسراوە (١٩١٩م) بۆ حاجی مستەفا پاشا، ئەم نوسخەیەی کە لەلای ئێمەیە نوسخەیەکی دروستە و (١٠) بەیتە، بەڵام لە دیوانەکەدا (٧) بەیتی هاتووە و جیاوازی وشەیشی لەگەڵ ئەم دەقەی لای من هەیە.

بەڵام نەوتراوە هۆنراوەکە سەرچاوەکەی کوێیە و چۆن دەست کەوتووە، باشە هۆکاری نووسینی ئەم هۆنراوەیە چییە؟ چۆن وتراوە؟ بۆچی ئەم هۆنراوەیە بۆ مستەفا پاشا نووسراوە؟ دیارە شێخ مەحموود شاعیر نەبووە، بەڵام جار جارە هۆنراوەی بە هۆکار نووسیوە و دەنگ و ڕەنگی باشی هەبووە و جێی دڵخۆشییە کە پیاوی سیاسەتمەداری وەها گەورە، حەزی شیعری هەبێت، بەڵام هەر پارچە هۆنراوەیەک خۆی لە خۆیدا چیرۆکێکی گەورەی پڕ واتای هەیە و ڕووداوگەلێکی هەبووە، یان بەدوایدا دێت.

بێجگە لەوەش مامۆستا عومەر مارف تەنیا دەڵێت: (ئەم شیعرە بۆ مستەفا پاشای یامولکی نووسراوە). ئیدی باسێکی لە ژیانی مستەفا پاشاش نەکردووە،

بەداخەوە هۆنراوەکەی مستەفا پاشاش بڵاونەکراوەتەوە، هۆنراوەکەی شێخ مەحمووودیش کە لە دیوانەکەدا بڵاوکراوەتەوە، زۆر کەموکورتی تێدایە، یەکێک لەوانە بەیتەکان لەگەڵ ئەم دەقەدا جێگۆڕکێیەکی زۆریان بە بەیتەکان کردووە، بێجگە لەوەش بەیتەکان ئەوەندە دەستکاری پێوە دیارە، وەک دوو دەقی جیاواز دێتە بەرچاو.

لەم دوو نامە شیعرییەدا وا دەردەکەوێت کە مستەفا پاشای یامولکی داوا لە شێخ مەحموود دەکات کە ئێمەی کورد و دۆستی ئینگلیزەکانین و لافی ئەوە لێ دەدەین کە ئەمەیە بەرنامە و پرۆگرامان، بەڵکو شێخ نەماندائە دەستی تورک و فارسەوە، وا پێدەچێت ئەم بەیتە ئاماژەبێت بۆ ئەو رووداوەی کە شێخ مەحموود نەیویست لەگەڵ ئینگلیزەکاندا رێک بکەوێت و عوسمانییەکان هاتنە پێشەوە و سنوورەکانی خۆیان بەزاندبوو و ویستوویانە لەگەڵ کورددا رێک بکەونەوە، هەروەها بەپێی ئەو دەقەی لە نامەکەی شێخ مەحموودا هاتووە، ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە رووداوەکە ئەوەی پێشەوەیە کە باسمان کرد.

بە بۆچوونی من ئەم دەقە کە شێخ مەحموود جیاوازیی نێوان تەریقەتی قادری و تەریقەتی نەقشبەندی و ئەو دوو رێبازە دەکات کە هەر یەکەیان سەر بەلایەک بن، بۆ جیاوازی و لایەنگری و دەسەڵاتی سەربەخۆیی و چاکی و ئامانجی تەواو بۆ وڵاتی کوردان، خۆی بداتە پاڵ یەکیان، ئیدی کامەیان باشتر بێت بۆ کورد، تەریقەتی قادری و نەقشبەندی بە تورکەکان و ئینگلیزەکان چواندووە، هەردوو رێبازی (باڵەکەی دیکە) کە (سەهرەوەردی و چەشتی)ش بە عەرەب و کورد چواندووە، ئیدی ئەمانە دەبێ هەر یەکەیان سەر بە لایەک بن، عەرەبەکان سەر بە ئینگلیزییەکان بوون و ئەمیش ویستوویەتی خۆی بداتە پاڵ لایەکیان، ئەم لایەش کامەیان لە قازانجی گەلی کورددا بێت. ئەو ئەوە هەڵدەبژێرێت.

بەپێی دوو بەیتی کۆتایی هۆنراوەکەی مستەفا پاشاش کە باسی مردنی سەربەرزی و ژیانی ملکەچی دەکات، هەروەها باسی جیاوازی نێوان تورک و ئینگلیزەکانیش دەکات، ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی مستەفا پاشا پێی خۆش بووە شێخ مەحموود لەگەڵ ئینگلیزەکاندا رێک بکەوێت نەک لەگەڵ عوسمانییەکاندا، هەر بۆیە دەڵێت: بە سەربەرزی مردن خۆشترە لەوەی کە بە ملکەچی بژین لە دنیادا، مستەفا پاشا وەک ئەوەی شارەزاییەکی تەواوی لە رێباز و سیاسەتی عوسمانییەکاندا هەبووە، بۆیە پێی باش بووە لەگەڵ ئینگلیزدا بێت نەک عوسمانی، چونکە عوسمانییەکان خەڵکیان بە ملکەچ کردن بۆ خۆیان زانیوە و دەڵێت: من کەرامەتی ئەوەم نییە پێت بڵێم ئەم قسە و باسوخواس و پێشنیارەی من زۆر باشە و قسەکانم لەگوێ بگرن، قاز لەکوێ و سیسەرک لەکوێ؟ ئەمەش نیشانەیە بۆ ئەوەی ئینگلیزەکان دەسەڵاتیان زۆرە و عوسمانییەکان دەسەڵاتیان زۆر نییە لەو سەردەمەیشدا ئینگلیزەکان بەهێزی گەورە ناسرابوون، عوسمانییەکانیش بە وڵاتە نەخۆشەکە.

شێخ مەحموودیش لە نامەکەیدا بە مستەفا پاشا دەڵێت: ئەگەر بەخت و ناوچەوانم یارمەتیم بدات، ئەوە دەورێک دەدەمەوە و دەبم بە حاجی و لەم دڵەمدا کە خراپە تێکم نەدات، دەبێت شوێنی سەفا و مەرووە کە جێگەیەکی خوار و خێچە، بە تەواوی سافی بکەم و تەخت و بەختی بکەم، کاتێک کە ئارەزووم بوو روو لە خوای گەورە بکەم، خۆم نەدی و شوکر و ستایشی خوای گەورەم کرد لە سوجدەدا و بە راستی لەو رێگەیەدا تەوافم کرد و درۆم لەگەڵ خوای خۆم و دەور و پشتیشمدا نەکرد. من وەکو ئەوەی بت پەرستی بکەم، خۆشەویستی تۆ دەپەرستم و باوەڕ بکە بە چاوی ئەحمەدی کاکی، لێرەدا جورێکە لە سوێند خواردن بە غەیری خوا و دەچێتە باری شیرکەوە، من راست دەکەم و راز و نیازی خۆم دەکەم، لەکاتی وەرزی راو و شکاردا دڵم ئەگەرچی بەتۆوە بەستراوە و برسییەتی بە خۆشەویستی تۆ، ئێستاکەش من بازێکم و بەبێ درۆ و فێڵ راوی وەتەنێ دەکەم، شێرانە هاورێ دەگرم بۆ مافەکانی گەلی کورد، یان روحی خۆم و ئالوبەیتی پێغەمبەر دەکەمە قوربانیی بۆیان، ئەگەر بۆ مافی گەلی کورد، عەرەب رێگری بکات، ئەوە رەنگە بڵێم نوێژەکانم بە کوردی دەکەم و ئەوەیشی لە پێشتر بە عەرەبی خوێندوومە، ئەوە دووبارە بە کوردی قەزایان دەدەمەوە، ئەم هەواڵەشم لە دەمی برایەکی بەهێزمەوە بیست، من بە جلوبەرگێکی سەوز و ئاڵای سەوز کە نیشانەی برایەتییە بە روحی مستەفا پاشا بڵێ کە ئەو هەر چەندە لەلای ئەم کارە چاکە، خراپە، بەڵام ئەمن کاری چاکتر دەکەم، وەک چۆن تەریقەتی نەقشبەندی کە شێخ محەمەدی شاهی نەقشبەندی دایمەزراند و رێبازی سەهرەوەردی کە شێخ عومەری برازای شێخ عەبدولقەهاری سوورەوەردیی دایمەزراند و رێبازی چەشتی کە لە لایەن خواجە ئەبوو ئەحمەدی ئەبداڵەوە دامەزراوە و

هەردوو خەلیفەکەی پەرەیان پێدا، تەریقەتی قادریش لە لایەن شێخ عەبدولقادری کوڕی مووسای گەیلانییەوە دامەزراوە، هەرچی ئەمریان فەرمووە بە ئەو فەرزەی دەزانم کە خوای گەورە بەسەر بەندەی لەش ساغ و عاقڵەکانیدا داینناوە، دانە دانەیان جێبەجێ دەکەم، بەڵام ئەوەی جیاوازی هەبێت لەنێوان تەریقەتی قادری و نەقشبەندیدا، ئەوەندەیە: کە سۆفییەکانی تەریقەتی قادری لە ورگیان دەدەن، من زرکی پیا دەکەم.

وەک پێشتر باسی جیاوازی هەردوو تەریقەتەکە و دوو ڕێبازەکەشمان خستەڕوو، دووبارەمان نەکردەوە، لێرەشدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە شێخ مەحموودی نەمر ڕێز و خۆشەویستی تەواوی بۆ مستەفا پاشا هەبووە و ڕێزی تەواوی لە پێشنیارەکەی گرتووە، لە هەمان کاتیشدا وتوویەتی ئەو شتەی تۆ دەیڵێیت لە لای هەردووکمان چاکە و خراپیشە، بەڵام من ڕاز و نیازی خۆم دەکەم و لە هەمووی باشتر و چاکتریان جێبەجێ دەکەم.

بۆ ژیانی شێخ مەحموود نەمویست شتێک بنووسم، چونکە لە بارەی ژیانی شێخەوە چەندین کتێب و سەرچاوەی زۆر هەن، زۆر لێکۆڵینەوە لە نامە و ژیان و کار و چالاکییەکانی کراوە، بۆیە بە باشم نەزانی منیش دووبارە شتێکی دیکە بنووسم و دووبارەی بکەمەوە، چونکە شێخ مەحموود وەکو کاریزمایەک بۆ کورد ناسراوە.

### مستەفا پاشای یامولکی

کوڕی عەزیز یامولکی مەلا زادەی بیارەیە، ڕۆژی ٢٥-١-١٨٦٦ لە گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لە دایک بووە، یەکەم جار لەلای مەلا فەتاح لە مزگەوتی حاجی سەید حەسەن خوێندوویەتی، دواتر لە لای عیرفان ئەفەندی درێژەی بەخوێندن داوە، دوای ئەوە قوناغی سەرەتایی و ناوەندی و عەسکەری بەغدا و مەکتەبی حەربییەی ئیستەنبوڵی لە ساڵی ١٨٨٥ دا تەواو کردووە، بە پلەی مولازمی دووەم چووەتە پۆلی ئەرکانی جەنگ و لە ساڵی ١٨٨٦ دا بووە بە مولازمی یەکەم.

لە ساڵی ١٨٨٨ی زایینیدا سەفییە خانی حوسێن پاشای خەندانی وەک هاوسەری خۆی هەڵبژاردووە، هەر لەو ساڵەدا کراوە بە یووزباشی (نەقیب) لە لقی سێیەمی ئەرکانی گشتیی جەنگدا کاری کردووە. لە ساڵی ١٨٨٩ دا بووە بە قول ئاغاسی (ڕائید) و بە داوای خۆی ڕەوانەی ئۆردووی هومایۆنی شەشەم کراوە، بەرودوا هەرسێ قونسوڵخانەی (خۆی و سەڵماس و قارس) کاری تێدا کردووە، دوای ئەمە کە دەکاتە ساڵی ١٨٩٨ی زایینی ڕۆشتووە بۆ ئەرکانی جەنگی ئۆردوو لە شاری بەغدا.

ساڵی ١٩٠٠ پلەی قائیمقامی دراوەتێ و لە ساڵی ١٩٠١ دا کراوە بە سەرۆکی ئەرکانی جەنگی ئۆردوو، هەروەها لە ساڵی ١٩٠٢ دا بووە بە سەرۆکی ئەرکانی جەنگی فیرقەی شازدەمی ڕەدیف لە سیواس، ساڵی ١٩٠٤ بە میرلیوا (میرالای)ی دەستنیشان کراوە، لە ١٩٠٥ دا بوو بە مەئمووری کۆمیسیۆنی سنووری خاقانی و ناوچەکانی سلێمانی و وەزنە و لاجان.

بە ڕاگەیاندنی مەشرییەتی عوسمانی کراوە بە سەرۆکی ئەرکانی جەنگی فیرقەی ئەنقەرە. ڕێکەوتی ١٧-٦-١٩٢١ لە ئیستەنبوڵەوە هەڵگەڕاوەتەوە و لە ڕێکەوتی ٤-١٠-١٩٢١ گەیشتووەتە شاری سلێمانی.

لە ٢١-٧-١٩٢٢ کراوە بە سەرۆکی (جەمعییەتی کوردستان) و لە ٥-٩-١٩٢٢ بووە بە ئەندامی ئەنجوومەنی ئیدارەی شار، دوای ئەوەی ئینگلیزەکان سلێمانی چۆڵ دەکەن، ئەو ڕۆژانە ئیمتیازی ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان)ی وەرگرتووە و خۆیشی وەک مودیری مەسئوول و سەرموحەڕیر بەڕێوەی بردووە و سێزدە ژمارەی لێ دەرکردووە.

لە دووەم حکوومەتی کوردستاندا کراوە بە ڕەئیسی مەعاریف و لە ٣-٣-١٩٢٣ دا لەگەڵ چەند کەسێکی دیدا بە وەفد چوونەتە کەرکووک و بەغدا بۆ گفتوگۆکردن لە دووەم خولی حوکمی ڕاستەوخۆی ئینگلیزدا، ژمارە ١٤ی بانگی کوردستانی بە تەنیا بڵاوکردووەتەوە، لە ڕۆیشتنە عومومییەکەی ١٧-٦-١٩٢٣ دا چووەتە بەغدا و تا کۆتایی ژیانی لەوێ نیشتەجێ بووە.

ساڵی ١٩٢٦ سێ ژمارەی دیکەی لە بانگی کوردستان دەرکردووە، ڕۆژی ٢٥-١-١٩٣٦ لە گەڕەکی عیوازییەی بەغدا کۆچی دوایی کردووە و لەسەر داوای خۆی لە (گردی سەیوان)ی شاری سلێمانی خاکییان کردووە. (**)

کەلامی مستەفا پاشای کورد بۆ شێخ مەحموود:

**ئێمە کوردین، دۆستی ئینگلیزین، ئەگەر گوێ لە ئێمە نەکا**

**ئیدعای ئێمە ئەمەسا، تەسلیمی گورگانمان نەکا**

**بۆ ژیانی کوردەواری گیان ئەدەین عەینی نییە**

**چوون مەرگی باشەرەف چاکترە لە ژینی ملکەچییە**
**من کەراماتم نییە باوکم، قسەم بگرن لە گوێ**
**قاز و سیسارک لە کوێ؟ شاخی هەورامان لە کوێ؟**
جەوابی شێخ مەحموود بۆ مستەفا پاشای یامولکی:

**تالّع ئەگەر مەدەد بدا حاجی تەواف ئەکەم**
**ئەم قەلبە قەلّبمە، بە سەفا و مەروە ساف ئەکەم(١)**
**وەختی نیازی رووم لە خوا کرد و خۆم نەدی**
**حـەمـدی خـوا لە سـوجـدەوە بۆ رێی حـەق تەواف ئەکەم(٢)**
**من وەک سەنەم پەرست، موحیبەت پەرستی تۆم**
**باوەڕ بکە بە چاوی ئەحمەدی کاکی، کە ڕاز ئەکەم(٣)**
**فەسڵی شکارە دڵ بە موحیبەت کە برسییە؟**
**من بازم و شکاری وەتەن، بێ ڕیا ئەکەم(٤)**
**یا وەرئەگرم بە هیممەتی حەیدەر، حوقووقی کورد**
**یا ڕوحی خۆم و ئالی پێغەمبەر فیدا ئەکەم(٥)**
**گەر مانیعی حەققی میللەتی کورد بێ عەرەب**
**ڕەنگە بڵێم: بە کوردی نوێژم ئەدا ئەکەم(٦)**
**بیستم برا لە دەمی هاتیفێکی قودرەتی:**
**من بە بەرگی سەبزی خونچە، بە بەیداخ وا ئەکەم(٧)**
**توخوا بڕۆ بە حەزرەتی پاشا بڵێ: کە ئەو،**
**هەر چەندە چاکە لای خراپە، ئەمن چا ئەکەم(٨)**
**(نەقشی) و (سەهروەردی)، (چەشتی) و (قادری)**
**ئەمـریان بە (فـەرزی عـەین) ئەزانم، یەک یەک ئەدا ئەکەم(٩)**
**فەرقێ ببی لە بەینی قادری و نەقشی، هێندەیە:**
**سۆفی لە هورگی ئەدات و من زرکی پیا ئەکەم(١٠)**

**فەرهەنگۆک:**

ئالی پێغەمبەر: مەبەست لە ئالوبەیتی پێغەمبەرە وەک ئیمامی عەلی و حەسەن و حوسەین و...تاد

ئەحمەدی کاکی: مەبەست لە کاک ئەحمەدی شێخە کە دەکاتە باپیرەی شێخ مەحموودی حەفید.

ئەمر: فەرمان، دەستوور.

ئیدیعا: خۆهەڵکێشان، لاف لێدان.

باز: پەلەوەری ڕاوچی، هەڵۆ.

بەین: نێوان.

تالّع: چارەنووس، ناوچاو، نێوچاو، بەخت، ئاماژەشە بۆ خوای گەورە.

تەسلیم: خۆ بەدەستەوەدان.

تەواف: سووڕخواردنەوە بە دەوری کەعبەی پیرۆزدا.

حەزرەتی پاشا: مەبەست لە مستەفا پاشای یامولکییە.

حەق: ڕاستی.

حەمد: سوپاس و ستایشی خوا.

حەیدەر: مەبەست لە ئیمامی عەلییە و نازناوی ئیمامی عەلییە، واتە: شێر.

حوقووق: ماف.

چەشتی: ڕێبازێکی سۆفیگەرییە و لە لایەن خواجە ئەبوو ئەحمەدی ئەبدالەوە دامەرزاوە، لەسەر دەستی هەردوو خەلیفەی خواجە ئەحمەد کە خەلیفەکانی ناویان (خواجە موعین ئەلدین) و (خواجە نەجیب ئەلدین)ـە پەرەی پێ دراوە و خەڵکی گوندی (چەشتی) بوون لە نزیک شاری (هەرات)ی ئەفغانستان.

ڕاز: ڕاز و نیاز، لێکۆڵینەوە، پێداچوونەوە، ڕاست، لەبەرخۆوە لێکدانەوەی شت.

زرک: سیخێکی تایبەتە بە دەروێشان و لە کاتی حاڵ لێهاتندا دەیکەن بە زگ و گوپ و لاشەی خۆیاندا.

ساف: تەخت.

سەبز: سەوز.

سەنەم: بت، خوای دەستکرد.

سەهروەردی: ڕێبازێکی سۆفیگەرییە و لە لایەن شێخ عومەری برازای شێخ عەبدولقەهاری سوورەوەردییەوە دامەزراوە کە خەڵکی گوندی (سـوهرەوەرد)ـە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نزیک شاری زنجانە.

سوجدە: کڕنۆش بۆ خوا.

سیسارک: سیسەرک، سوڕسوڕ.

شکار: ڕاو.

عەینی: وێنە.

فەرزی عەین: لە زانستی فیقهی ئیسلام و ئوسووڵی فیقهیدا دوو جۆر زاراوە هەیە و بەکاردێت، ئەوانیش: (فەرزی عەین و فەرزی کیفایە)یە، فەرزی عەین ئەو کار و فرمانەیە کە پەروەردگار لەسەر ئەو کەسانەی فەرز کردووە کە ژیر و پێگەیشتوون و نابێ کەسانی تر بۆیان ئەنجام بدات.

فەرق: جیاوازی.

فەسڵ: وەرز.

قادری: مەبەست لە تەریقەتی قادرییە.

قەڵب: خراپ.

قەلب: دڵ.

قودرەت: ئیلاهی.

گورگان: مەبەست لە عوسمانییەکان و حکوومەتی ئێران و عەرەبەکانیش دەگرێتەوە.

مانیع: ڕێگری کردن، بەربەست.

مەدەد: هاوکاری، یارمەتی، کۆمەک، ڕێگەدان.

مەرگی باشەرەف: مردن بە سەربەرزی.

ملکەچی: سەرنەوینەوە بۆ زاڵم و زۆردار، یان بۆ پیاوی داگیرکەر، پیاوی گەورە.

نەقشی: مەبەست لە تەریقەتی نەقشبەندییە.

هاتیف: مەبەست لە کەسێکە کە قسە هاورد و برد بکات لە نێوان دوو کەسدا.

هورگ: ورگ، زگ، سک.

**پەراوێزەکان:**

* شێخ مەحموود کوڕی شێخ سولەیمانی کوڕی شێخ مەحموودی کوڕی شێخ سەعیدە ڕووتەی شاکەلە، لە ساڵی ١٩١٩ لە دایک بووە و لە ساڵی ١٩٤٥ی زایینی وەفاتی کردووە.

** ڕۆژنامەکانی سەردەمی حوکمی شێخ مەحموود: ئا. ڕەفیق ساڵح، لەسەر نووسینی. سدیق ساڵح، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئۆفسێتی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٣، لاپەڕە (١٨).

تێبینی: ئەم ژیاننامەیە کورتکراوەتەوە و بە دەستکارییەوە لێرەدا نووسراوە،پێشتر مامۆستا سدیق ساڵح لە گۆڤاری (هەزارمێرد)ی ژمارە چواری حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٨ دا بلاوی کردووەتەوە.

١- ئەم بەیتە لە دیوانەکەدا بە بەیتی ژمارە چوار هاتووە و نووسراوە:

**حاجی تەواف ئەکەم گەر تالعیش مەدەد بدا**
**ئەم قەلبی قەڵبمە بە سەف و مەروا ساف ئەکەم**

٢- ئەم بەیتە لە دیوانەکەدا نەهاتووە.

٣- دیسانەوە ئەم بەیتەش نەهاتووە.

٤- ئەم بەیتە لە دیوانەکەدا کراوە بە بەیتی یەکەم و بەم شێوە نووسراوە:

**کاتی شکارە دڵ بە موجیبەت کە برسییە**
**من بازم و شکاری وەتەن بێ ڕیبا ئەکەم**

٥- ئەم بەیتە لە دیوانەکەدا بە بەیتی ژمارە دوو هاتووە و نووسراوە:

**پاریز ئەکەم بە هیمەتی حەیدەر حقوقی کورد**
**یا ڕوحی خۆم و ئالی پەیەمبەر فیدا ئەکەم**

٦- ئەم بەیتە لە دیوانەکەدا بە بەیتی ژمارە سێ هاتووە و نووسراوە:

**گەر مانیعی حەققی میللەتی کورد بێ عەرەب**
**بێشک نوێژەکانم بە کوردی قەزا ئەکەم**

٧- ئەم بەیتەش لە دیوانەکەدا نابینرێت.

٨- دیسانەوە لە دیوانەکەدا نەهاتووە.

٩- ئەم بەیتە لە دیوانەکەدا بە بەیتی ژمارە پێنج هاتووە و نووسراوە:


**نەقشی و سوورەوەردی و چەشتی و قادری**
**ئەمریان بە (فەرزی عەین) ئەزانم وەک یەک ئەدا ئەکەم**

لە دوای ئەم بەیتەوە لە دیوانەکەدا بەیتێک هاتووە بە بەیتی ژمارە شەش ئەژمار دەکرێت و لە کەشکۆڵەکەدا نەهاتووە و نووسراوە:

**مەلا عەزیزی موفتی و بابا عەلی بم لە وەرعدا**
**بۆ ئەو غەزالە دڵڕفێنە لەسەر سەر هەرا ئەکەم**

١٠- ئەم بەیتە لە دیوانەکەدا بە بەیتی ژمارە حەوت دانراوە و دوا بەیتی هۆنراوەکەیە و نووسراوە:

**فەرقی بەینی قادری و نەقشی هێندەیە**
**سۆفی لە ورگی ئەدا منیش زەرگی پیا ئەکەم**




**سەرچاوەکان:**

**١- کەشکۆڵی شێخ مەحموود کوڕی شێخ سولەیمانی کوڕی شێخ مەحموودی کوڕی شێخ سەعیدە ڕووتەی شاکەل، لە ساڵی ١٩١٩ لە دایک بووە و لە ساڵی ١٩٤٥ی زایینی وەفاتی کردووە.**

**٢- دیوانی نوربەخشی "شیعرەکانی مەلیکی کوردستان شێخ مەحموودی بەرزنجی": عومەر مەعروف بەرزنجی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٦- سلێمانی، چاپخانەی شڤان.**

**٣- ڕۆژنامەکانی سەردەمی حوکمی شێخ مەحموود: ئا. ڕەفیق ساڵح، لەسەر نووسینی. سدیق ساڵح، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئۆفسێتی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٣، لاپەڕە (١٨).**

به بۆنەی داگیرساندنی مۆمی هەژدە ساڵەی تەمەنی (ڕامان)ەوە

# ڕامان لە هاماج و ئاوازەی ڕۆشنبیریماندا

**د. سەروەر عەبدوڵلا**
**(کۆلێژی پەروەردە - زانکۆی سەلاحەددین)**

گۆڤارە ڕۆشنبیرییە گشتییەکان هەمیشە لە پێکهاتەی هزری و کۆمەڵایەتی میللەتاندا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە، بە تایبەت کاتێک بەو قۆناغانەدا تێدەپەڕن کە وەرچەرخانی سیاسی و کۆمەڵایەتییان بەسەردا دێت. خۆ ئەگەر ئەم جۆرە گۆڤارانە سروشتی بەردەوامبوون بە خۆوە بگرن و دەماودەم بەشێوەیەکی ڕێکوپێک دەربچن و لەنێو خوێنەرانی خۆیاندا دەستاو دەستیان پێ بکرێ، ئەوە بەبێ هیچ گومانێک دەبنە بەشێکی دیار و کاریگەر لە کۆنتێکستی هزری ڕۆشنبیریی میللەت و دەستەبژێرەکانی، تا ئەو ڕادەیەی فاکتەرێکی زیندوویان لێدەردەچێت بۆ ئەو گۆڕانکارییە پێویستانەی کە سەردەم دەیخوازێت، ئا بەم شێوەیەش ئەم چەشنە گۆڤارانە لەوە دەردەچن هەر تەنیا ئامرازێکی ئاسایی بن بۆ گواستنەوەی زانیاری لە ژێدەرێکەوە بۆ وەرگرانی، بەڵکو دەبنە جوولێنەرێکی لەبار بۆ دروستکردنی فاکتە ڕۆشنبیرییەکان و زێدگەیەک بۆ هەڵوەستەی نوێ و بیری قووڵ و ڕامانی تازە.

گۆڤاری ڕامان ئیمڕۆ بەشێکی زۆری لەم خەسڵەتانەی باسمان لێوە کرد تێدایە و توانیویەتی ببێتە بەشێک لە پێکهاتەی کەناڵی زیندوو و بیناساز لە نێوان بەرهەمهێن و وەرگر لە دنیای ڕۆشنبیریی کوردیدا، ئەوەی ئەم ڕاستییە بەهێزتر و تۆکمەتر دەکات ئەوەیە؛ ئەم گۆڤارە زیاتر لە ئەتمۆسفێرێک خۆی نواندووە و تۆڕی هزری و ڕامانی خۆی لە نێوان هەردوو کایەی بەرهەمهێنی ڕۆشنبیری و وەرگرانی دروست کردووە، بە ڕادەیەک دەتوانین بڵێین یەکەمین گۆڤاری گشتگیرە لە ڕۆشنبیریی کوردیدا کە توانیبێتی بەم فرەوانییە بڵاوببێتەوە و کاریگەری کارای بەسەر ڕۆشنبیریی کوردیدا هەبێت. گۆڤاری ڕامان لە سێ ئەتمۆسفێری جیاوازدا چالاکی و کاریگەری ڕاستەوخۆی بە وەرگرانی خۆی گەیاندووە، لێرەدا هەوڵ دەدەم ئاماژە بەم سێ ئەتمۆسفێرە بکەم و لەسەر یەکێکیشیان تۆزێ درێژتر بوەستم.

ئەتمۆسفێری یەکەم: کاریگەری گۆڤاری ڕامانە بەسەر خوێنەرانی بەشی کوردستانی ئازاد کە کوردستانی ناوەندە، یان وەک باوە (باشووری کوردستان)، ئا لەم پانتاییە جوگرافییەشدا دەتوانین بڵێین ئەم گۆڤارە زۆرینەی ستراتیژییەتە ڕۆشنبیرییەکانی خۆی دەپێکێ و دووریش نابێتەوە لە هەموو ئەو سەرنج و تێبینی و بۆچوونانەی کە دەبنە مایەی پێشخستنی گۆڤارەکە و زەنگین کردنی ناواخن و میکانیزمی کارەکانی بە گشتی.

ئەتمۆسفێری دووەم: کاریگەری گۆڤاری ڕامان بەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستان وەک ڕۆژهەڵات و باکوور و ڕۆژئاوا، لەم بەشە جوگرافیانەشدا ئەم گۆڤارە توانیویەتی کۆمەڵێک هێڵ و ڕەهێڵ دروست بکات کە بوونی خۆی تێدا بسەلمێنێت و هەوڵ بدات ئەو ئەرکە بەجێبگەیەنێت کە کورد وەک میللەتێک خاوەن ناسنامەیەکی تایبەت بەخۆیەتی و بەشێکی پاشگر نییە و لە بواری ڕۆشنبیریشدا سەربەخۆیی خۆی هەیە، هەروەها توانیویەتی وەک شەپۆلدەرێکی ڕۆشنبیریی کوردی چالاک و ماندوونەناس خۆی بنوێنێت، بەتایبەت لە بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

ئەمۆسفێری سێیەم: کاریگەری گۆڤاری رامان بەسەر رۆشنبیرانی کورد لە هەندەران، بێ گومان رێژەیەکی زۆر و بەرچاوی رۆشنبیرانی کورد لە هەندەران ژیاون، هێشتاش بەشێکی دیار لێیان لەوێ دەژین، ئەمانەش هەمیشە تامەزرۆ و متووی ئەو ماددە رۆشنبیرییانە بوونە کە لە کوردستاندا بەرهەم دەهات و دەردەچوو.

جا ئەو بەرهەمانە چ لە رێگەی کتێبەوە بووبێت، یان لە رێگەی ئەو گۆڤارانەوە بووبێت کە دەرچوونە.

دوای ئەوەی لە کۆتاییەکانی سالآنی نۆهەت ئەم دەرفەتە رەخسا لە رێگەی ئینتەرنێتەوە بڵاوکراوەکانی کوردستان بگەنە خوێنەر، ئەوە گۆڤاری رامان زوو بەخۆی کەوت و توانی بگاتە فراوانترین پانتایی لە خوێنەرانی خۆی لە هەندەران. خوێنەرانی کورد لە هاندەران وردە وردە توانیان لە رێگەی ئینتەرنێتەوە بە ژمارەکانی رامان بگەشێنەوە و بتوانن وەک یەکێک لە چاوگە سەرەکییەکانی رۆشنبیری کوردیی لێی بروانن. هاوکات رۆڵێکیان هەبێت لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان تێیدا. لە هەندەران هەمیشە روانینێکی تایبەت بۆ گۆڤاری رامان هەبووە، ئەمەیش لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆری نووسەرانی کورد لەوێ جێگیر بوون و چالاکی و رۆشنبیری خۆیان ئەنجام دەدا، ئەوەی ئەم گۆڤارەی لای ئەوان خۆشەویستتر کردبوو، ئەوەبوو خۆی بە بوێرانە دوورەپەرێز دەگرت لەو کێشە حزبی و سیاسییانەی کە درزی کۆمەڵایەتی لەنێو ریزی خوێنەران دڵسۆزی دروستدەکرد و هەمیشە نەیویستووە ببێتە کەناڵێکی نارۆشنبیری، بەڵکو وێرای ئەم هەموو کێشە و گرفت و ساتمانەی هاتووەتە سەر رێگەی توانیویەتی ببێتە ئۆرگانێکی رۆشنبیری واڵا و کارەکانی خۆی پەرەپێبدات.


شانازییەکی دیکەی گۆڤاری رامان دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی؛ هاندەرێکی تۆکمە و بەهێز بووە بۆ ئەو توانستە رۆشنبیرییانەی لە دەرەوەی وڵات بوونە، خولیای ئەوەی لای ئەوان دروست کردووە بکەونە نووسین و دەنگ و گوتاری هزری خۆیان بەخوێنەری کوردەوە بگەیەنن و لە کاروانی بەرهەمهێنان دانەبڕێن تا ئەو رادەیەی بووە سەکۆیەکی بەنرخ بۆ ئەو گەنجە قەڵەم برشت و جددییانەی کە لە دوورەوڵات خۆیان پێگەیاند و دەستیان بە نووسین کرد، هاوکات دەرگایەکی کراوە مایەوە بۆ ئەو گەنجانەی کاتی خۆی لە وڵاتەوە دەستیان بە نووسین کردبوو و لە هەندەرانیش درێژەیان بە کارەکانی خۆیان دا. کاریگەری گۆڤاری رامان بەسەر گەنجانەوە گەلێک لایەنی سەرنجراکێشی تێدایە کە دەکرێت بە وردی باسی لێوە بکرێت، لەوانە زۆرینەی گەنجەکان بڵاوکردنەوە لەو گۆڤارەیان وەک بڕوانامەیەکی ئەدەبی، یان هزری دەبینی، بە واتایەکی دیکە بڵاوکردنەوە لە رامان دەبوو بە دانپێدانانێکی شەرعی بۆ سەرکەوتوویی بەرهەمەکەی ئەوان.

دیسانەوە رامان وەک گۆڤارێکی نزیک لە پرۆسەکانی تازەگەری و گۆرانکارییەکان توانی روحی هەوڵدان بۆ گەشەپێدان و خۆگۆڕین لای چەندین نووسەری خاوەن توانایی دروست بکات، هاوکات ئەم نووسەرانە هەوڵبدەن لە رێگەی گۆڤارەکەشەوە ئەزموونی کارە تازەکانیان بە خوێنەر ئاشنا بکەنەوە و سوود لە پێوانە و پێوەری خوێنەر و روانگەی کراوەی گۆڤارەکە وەربگرن. دەبێ ئەو لایەنەش لەبیر نەکەین کەوا روانگەی کراوەی رامان زۆر جاران- لە ئەنجامی بڵاوکردنەوەی کاری جددی- گەلێک گفتوگۆ و گەنگەشەی درێژی دروستکردووە، بە تایبەت لەو سیمینار و کۆڕە هزری و ئەدەبییانەی کە لە شارە گرنگەکانی وڵاتانی ئەورووپا- وەک بەرلین و هانۆڤەر و ستۆکهۆڵم....- ئەنجام دەدران.

دیوێکی دیکەی گرنگیی ئەم گۆڤارە لەوەدایە کاریگەری بەسەر ئەو لێکۆڵەرە ئەکادیمیانەوە هەبووە کە لە وڵاتانی ئەورووپادا دەژیان، ئەگەرچی ئاراستەی چالاکی ئەم لێکۆڵەرانە بەگشتی بەرەو گۆڤارە ئەکادیمییەکانە، بەڵام مینبەرەکەی رامان هەمیشە شانازییەک بووە بۆیان کە کارەکانی خۆیانی تێیدا بڵاوبکەنەوە، هەر بۆیەش خوێنەر گەورەترین رێژەی ناو لەو نووسەرە ئەکادیمیانەی زۆرینەیان لە دەرەوەی وڵات ژیاون دەبینێت.

پێویستە ئەو لایەنەش هەمیشە لەبەرچاومان بێت کە رامان وەک گۆڤارێکی زیندوو و ئەکتیڤ کراوەترین هاماج بووە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو تێکستانەی لە زمانانی ئەورووپییەوە وەردەگێردرانە سەر زمانی کوردی. لە دوا وشەمدا حەز دەکەم ئەوە بڵێم: ئەگەر بێتو رۆژنامە گرنگەکانی ئەمریکا ببێت بە پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی هزری سیاسی ئەو وڵاتە- وەک چۆن چۆمسکی لەمەدا پێرەوی دەکات- ئەوە بەبێ گومان گۆڤارێکی وەک رامان دەکرێت ببێت بە لایەنێکی گرنگ و دۆکیومێنتێکی بەنرخ بۆ لێوردبوونەوە لە رۆشنبیری کوردی بەگشتی و هەڵسەنگاندنی ئەدەبی تازەی کوردی بە تایبەتی.

مایەوە ئەوەش بڵێم ئەم گۆڤارە بەنرخە نەدەکرا ئاوا بەم سەرکەوتووییە بێتە ژیان و بەردەوام بێت، ئەگەر ستافێکی وەک ئەم ستافە لێهاتووەی خۆی لەپشت نەبا.




# فۆلکلۆر ئاوێنەی گەلە و با بە جیهانیی بکرێت

پ.د. عومەر پەتی



لە سەرەتای سالآنی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو تا کۆتاییەکەی، هەوڵی تاکەکەسی لە بواری کۆکردنەوەی فۆلکلۆر و کەلەپووری کوردی لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە دڵسۆز و خەمخۆرانی ئەم بوارە گەیشتبووە لووتکە، بەڵام لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیدا، هەوڵەکان بە پەنجەی دەست دژمێردران.

بۆ ئێستای کورد دەبێت چاوپێخشاندنێکی زانستی و بابەتیانە بە هەموو ئەو هەوڵانەی پێشوودا بکرێت، بۆ زانینی ئەوەی لە چ شوێنێک و سووچێک و بوارێک کەموکوڕی ماوە لە کۆکۆردنەوەدا، تا بە زووترین کات چەندان گرووپ و تیم و لیژنە پێک بهێنرێن بۆ کۆکردنەوەیان لە هەموو دەڤەرەکانی کوردستان بە مەبەستی ڕزگارکردنیان لە فەوتان، هەروەها بەراوردکردن و پوختەکردنیان بۆ ئەوەی لە ئەرشیڤی ئەم سەردەمەدا نەوەکانی داهاتوو تووشی هەڵە نەبن و سوودی لێ وەربگرن.

دوای تۆمارکردن و ئەرشیڤ کردن و توێژینەوەکردن لەسەریان لەلایەن لایەنی پێوەندیدار لە ئەکادیمیای کوردی/ لیژنەی فۆلکلۆر و کەلەپوور و بەڵگەنامەکان، بە هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆکانی کوردستان لەلایەن بەشە زانستییەکانی زمانی کوردی لە هەموو کۆلێژەکانی زمان و پەروەردە، تەنانەت زۆر تایبەت لە بەشەکانی مێژوو و شوێنەوار و کۆمەڵزانی و دەروونزانی و کاری کۆمەڵایەتی قوتابیانی پۆلی چوارەمی هەموو ئەم بەشانەدا، توێژینەوەکانی دەرچوونیان لەسەر بابەتی فۆلکلۆر و کەلەپووری کوردی بێت. هەر بەوەندەش نەوەستن بگرە نامەی ماستەرەکان و تێزی دکتۆرایان لەسەر وەربگیرێت تا کتێبخانەی کوردییان پێ دەوڵەمەند بکرێت.

وێڕای هەموو ئەمانەش، دەست بە وەرگێڕانی هەندێک بابەتی هەڵبژاردە بکرێت لە پەند و چیرۆک و دابونەریتی ڕەسەنی کوردی بۆ سەر زمانە زیندووەکانی جیهان تاکو لە نزیکەوە شارەزایی ئەم سامانە لەبن نەهاتووەی کورد بن، کە پێناسەی گەلی ئێمەیە بە ڕووی جیهاندا.

نابێت ئەوەش لەبیر بکەین کە پێویستە لە هەموو شارەکانی کوردستان بەگشتی و لە شاری هەولێری خۆشەویست، لە پایتەختی هەرێمی کوردستان، گەورەترین موزەخانەی تایبەت بە هەموو ئەو کەلەپوورانەی کوردی هەر لە دێر زەمانەوە تا ئەم دواییە پۆلێن بکرێن و بە زمانانی جیهانی لەسەریان بنووسرێن و بە پۆستەر و نامیلکەی ڕەنگاوڕەنگ بەسەر گەشتیارانی کوردستاندا دابەش بکرێن.

لە پاڵ ئەمەشدا تازووە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تۆمارکردنی بەڵگەنامەکان لە کوردستان دابمەزرێت و فریای تۆمارکردنیان بکەوین، هەروەها سەردانی هەموو ئەو بیرمەندە بەڕێزانە بکرێ کە تائێستا لە ژیاندا ماون و شارەزا و ئاگاداری ئەم بوارەن و زانیارییەکی زۆریان لە فۆلکلۆردا هەیە، هەروەها بەستنی کۆنفرانسێکی سەرتاسەری کوردستان بۆ ئەم بابەتە لەگەڵ تەرخان کردنی وانەیەکی تایبەت بۆ فۆلکلۆری کوردی بۆ سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن هەر لە باخچەی ساوایانەوە تا دوا قۆناغی خوێندن هەریەکە بەپێی ئاستی خۆی فۆلکلۆری کوردی پێ بناسێنرێت کە ئەمەشیان سامانێکی نەتەوایەتی گرانبەهای کوردە، ئەگەر ئێستا هەستی پێ نەکەین، ئەوە لە دوارۆژێکی نزیکدا هەناسەی پەشیمانی بۆ هەڵدەکێشین، بۆیە لێرەدا ڕوو دەکەمە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئەکادیمیای کوردی و زانکۆکانی کوردستان و تەواوی نووسەران و ڕۆشنبیران و هەموو تاکێکی کورد تا زووە با قۆڵی خۆمانی لێ هەڵماڵین بۆ کۆکردنەوە و تۆمارکردن و ئەرشیڤ کردن و توێژینەوەی ئەم سامانە نەتەوەییە گرانباهایە.